موسوعة الأحاديث النبوية

# «بژاردەیەك لە فەرهەنگی فەرموودە نەبەوییەکان»

المنتقى من موسوعة الأحاديث النبوية

كوردی سۆرانی | كردي (سوراني)

ح جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات ، ١٤٤٦هـ

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي
المنتقى من موسوعة الأحاديث النبوية - كردي سوراني. /
جمعية خدمة المحتوى الإسلامي - ط١. .- الرياض ، ١٤٤٦هـ
٤٦٢ ص ؛ ..سم

رقم الإيداع: ١٤٤٦/١٠٠٣٢
ردمك: ٩٧٨-٦٠٣-٨٤٧٤-٥١-٨

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام　جمعية الربوة　رواد الترجمة　المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع
الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Tel: +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245- 2836
www.islamhouse.com

# المنتقى

# من

# موسوعة الأحاديث النبوية

# بژاردەیەك لە

# فرەفەرهەنگی

# فەرموودە نەبەوییەکان

زمانی: کوردی – سۆرانی

ئامادە کردن: لیژنەی زانستی

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات

جمعية الدعوة
وتوعية الجاليات بالربوة

بسم الله الرحمن الرحيم

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی

الحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أما بعد:

له مەزنترین شتەکان کە واجبە مسوڵمان گرنگی پێبدات ؛ لەڕوانگەی خوێندنەوە وبیرکردنەوە وتێڕامان وتێگەیشتن، وزانست پێ بونی وکردەوە پێکردنی -پاش قورئانی پیرۆز- بریتیە لە سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

**«ئەی خەڵکینە شتانێکم لە نێوانتانا جێهێشتووە؛ ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ئەوا هەرگیز گومڕا نابن: کتێبی خودا-قورئان-، وسوننەتی پێغەمبەرەکەی»**[رواه الإمام مالك].

وخوای باڵادەست دەفەرموێت:

**﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا﴾ واتە: ﴿جا ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی بەخشیوون وەری بگرن، هەر فەرمانێکی پێدان بەگوێی بکەن، قەدەغەی هەر شتێکی لێ کردن لێی دوور کەونەوە﴾[الحشر: ٧]**، بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەت وفەرموودانەدا (کۆڕگەی خزمەتکردنی بڵاوکراوە ئیسلامیەکان - جمعية خدمة المحتوى الإسلامي) و(کۆڕگەی بانگەوازی وڕێنموێنی کۆمەڵگا لە ڕەبوە - جمعية الدعوة وتوعية الجاليات بالربوة) سوربون لەسەر ئامادە کردنی فەرهەنگێك -مەوسوعەیەك- بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ و وەرگێڕانیان بۆ چەندەها زمان.

خوای گەورە -جل وعلا- ئاسانی کرد کۆمەڵێك لە فەرموودەکانی ئەم فەرهەنگە هەڵبژێرین کە مسوڵمان پێویستی پێیانە لە بابەتەکانی ئاین ودونیاییدا لەگەڵ شیکردنەوەیەکی پوخت بۆیان، وڕوونکردنەوەی مانا وئاماژەکانیان وهەندێك لە سوودەکانیان، وڕێکخستنیان لە کتێبێکدا بەناوی:

**«المنتقى من موسوعة الأحاديث النبوية» واتە: «بژاردەیەك لە فەرهەنگی فەرموودە نەبەوییەکان».**

وکارکردن لەسەر وەرگێڕانیان بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان بەردەوامە بۆئەوەی هەموو کەسێك سوودمەند بێت لە ناوەڕۆکیان وسوننەتی پێغەمبەری خودایان پێبگەیەنین ﷺ بە زمانی خۆیان.

داواکارین خوای گەورە ئەم کردەوەمان لێ قبوڵ بکات، وپیرۆز وپڕ بەرەکەتی بکات، وبە دڵسۆزی بۆ ڕووی پیرۆزی ئەو بێت، وپاداشتی خێری هەموو ئەوانە بداتەوە کە یارمەتیدەر بوون بۆ ئامادەکردنی و وەرگێڕان وبڵاوکردنەوەی.

**وسەڵات وسەلام لەسەر پێغەمبەرمان موحەمەد ﷺ**

(١) – عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّةِ، وَإِنَّمَا لِامْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ، فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ».**
وفي لفظ للبخاري: **«إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١) – له عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەموو کار وکردەوەیەک بە پێی نیەت ومەبەستە، وهەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە، بۆیە ئەو کەسەی کۆچکردنی بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەی بێت؛ ئەوا کۆچکردنی بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەیەتی، وئەوەی کۆچکردنی بۆ شتومەکی دونیا بێت بە دەستی بهێنێت یان ئافرەتێک بێت کە مارەیی بکات؛ ئەوا کۆچکردنی بۆ لای ئەو شتانەیە».**
وله گێڕانەوەی [البخاري]دا: **«کردەوەکان بەپێی نیەتەکان ومەبەستەکانە، وهەرکەسێک بەپێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کردەوەکان بەپێی نیەت بەهەند وەردەگیرێت، وئەم حوکمە گشتیە لە هەموو کردەوەکان (پەرستەکان ومامەڵەکان)، هەرکەسێک بە کردەوەکەی تەنها مەبەستی سوودوەرگرتن بێت ؛ تەنها ئەو سوودەی دەستکەوێت وپاداشت نادرێتەوە، وئەوەی مەبەستی بە کردەوەی نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە ؛ ئەوا پەروەردگار پاداشتی دەداتەوە ئەگەرچیش کارێکی ئاسایی بێت وەکو خواردن وخواردنەوە.
پاشان ﷺ نمونەیەکی هێنایەوە بۆئەوەی کاریگەری نیەت ڕوون بکاتەوە لەسەر کردەوەکان ئەگەرچیش لەڕووکەشدا کردەوەکان یەکسان دیارن، ڕوونیکردەوە هەرکەسێک بە کۆچکردنی ودوورکەوتنەوە لە نیشتمانی

مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری بێت؛ ئەوا کۆچکردنەکەی شەرعیە وقبوڵکراوە وپاداشت دەدرێتەوە لەسەر ڕاستگۆیی نیەتی.
وئەوەی بە کۆچکردنەکەی مەبەستی سودێکی دونیایی بێت لە پارە یان ناوبانگ یان بازرگانی یان ژن یان هتد ؛ ئەوا لە کۆچکردنەکەی تەنها ئەو سوودە وەردەگرێت کە لە نیەتیدا بووە، وهیچ پاداشتێکی دەستناکەوێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان وئامۆژگاری بۆ دڵسۆزبوون -ئیخلاص-، چونکە خوای گەورە هیچ کردەوەیەک قبوڵ ناکات مەگەر ئەوەی لەبەر ڕەزامەندی ئەو ئەنجامدراوە.
٢. ئەو کردەوانەی مەبەست لێیان نزیکبوونەوەیە لە اللە -عز وجل- ئەگەر کەسێک ئەنجامی بدات وەکو خوویەک (عادەتێک) ئەوا ئەو کەسە پاداشت نادرێتەوە ئەگەرچیش شێوازی ئەنجامدانەکەی دروست بێت، دەبێت مەبەست ونیەتی : نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە بەم پەرستنە وداواکردنی پاداشت مەبەستی بێت.

(٤٥٦٠)

(٢) – عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ»** متفق عليه.

ولمسلم: **«مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە (داهێنراوە) ڕەت دەکرێتەوە»** [متفق علیه].
وله [مسلم]دا دەفەرموێت: **«هەرکەسێک کردەوەیەک بکات کە لە دینی ئێمە نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوەیە وەرناگیرێت وڕەت دەکرێتەوە».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك شتێك یان کردەوەیەك دابهێنێت لە ئایندا کە هیچ بەڵگەیەکی قوئان وسونەتی لەسەر نەبێت ؛ ئەوا ئەو شتە یان کردەوەیە ڕەت دەکرێتەوە وخوای گەورە قبوڵی ناکات لە بکەرەکەی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پەرستنەکان بنیات نراون لەسەر ئەو دەقانەی لەقورئان وسونەتدا هاتوون، بۆیە خوای گەورە دەپەرستین بەپێی ئەو دەقانەی لەشەریعەتدا هاتوون ؛ نەك بەپێی بیدعە وداهێنراوەکان.
٢. ئاین بە ڕاوبۆچوون و بەباشدانان نییە، بەڵکو بریتیە لەشوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ.
٣. ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر کاملی وتەواوی ئاینی ئیسلام.
٤. بیدعە بریتیە لە هەرشتێك داهێنرا بێت لەئایندا، کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵاندا بوونی نەبووە ؛ ئینجا بیروباوەڕ یان قسە یان کردەوە بێت.
٥. ئەم فەرموودەیە بنچینەیەکە لە بنچینەکانی ئاینی ئیسلام، وەکو تەرازوو وایە بۆ کردەوەکان، هەروەکو چۆن هەرکردەوەیەك لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورە نەکرابێت ؛ ئەوا بکەرەکەی هیچ پاداشتێکی دەست ناکەوێت، بەهەمان شێوە هەر کردەوەیەك بەپێی سونەتی پێغەمبەر ﷺ نەبێت ؛ ڕەت دەکرێتەوە.
٦. مەبەست لە داهێنراوە نەهی لێکراوەکان ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئایندا دەکرێن ؛ نەك داهێنان لە شتی دونیایی.

(٤٧٩٢)

(٣) – عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال: بَيْنَمَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْمٍ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعَرِ، لَا يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ، وَلَا يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ، حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ، وَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ، أَخْبِرْنِي عَنِ الْإِسْلَامِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«الْإِسْلَامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلًا»** قَالَ: صَدَقْتَ، قَالَ: فَعَجِبْنَا لَهُ، يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ، قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِيمَانِ، قَالَ: **«أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»** قَالَ: صَدَقْتَ، قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِحْسَانِ، قَالَ: **«أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ»** قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ، قَالَ: **«مَا الْمَسْؤُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ»** قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَتِهَا، قَالَ: **«أَنْ تَلِدَ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا، وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ»** قَالَ: ثُمَّ انْطَلَقَ، فَلَبِثْتُ مَلِيًّا ثُمَّ قَالَ لِي: **«يَا عُمَرُ، أَتَدْرِي مَنِ السَّائِلُ؟»** قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: **«فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ، أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣) – لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک دانیشتبووین لای پێغەمبەری خودا ﷺ پیاوێک دەرکەوت وهاتە لامان، جلەکەی زۆر سپی وقژی زۆر ڕەش بوو بەشێوازێک وەک کەسی ڕێبواردەرنەدەکەوت وکەسیش لە ئێمە نەی دەناسی هات دانیشت لە بەردەم پێغەمبەر ﷺ وئەژنۆی جووتکرد بەرامبەر بە ئەژنۆی ڕەسول الله، وە ودەستەکانی لە سەر قاچەکانی دانا، و ووتی: ئەی موحەمەد ئیسلام چییە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«ئیسلام بریتیە لەوەی شاهێدی بدەیت بە (لا إله إلا الله ومحمداً رسول الله)، ونوێژ ئەنجام**

**بدەیت وزەکات بدەیت ورۆژووی ڕەمەزان بگریت وحەج بکەیت بۆ ماڵی خودا ئەگەر توانیت»**، ووتی: ڕاست دەکەیت، (عومەر) دەڵێت: سەیر بوو بە لامانەوە، پرسیاری لێدەکرد ودەیووت ڕاست دەکەیت. پاشان پیاوەکە ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە ئیمان؟ ﷺ فەرمووی: **«ئیمان ئەوەیە باوەڕ بهێنیت بە خودا وفریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرانی ورۆژی دوایی، وباوەڕت هەبێت بە قەدەر بە خێر وشەڕی»**، ووتی: ڕاست دەکەیت، هەواڵم پێبدە سەبارەت بە ئیحسان (پلەی چاکەکاری لە پەرستندا)؟ ﷺ فەرمووی: **«خودا بپەرستیت وەکو ئەوە وابێت کە ببینیت، هەرچەندە تۆ ئەو نابینیت بەڵام ئەو تۆ دەبینێت»**، ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە کاتی ڕوودانی قیامەت؟ ﷺ فەرمووی: **«ئەوەی پرسیاری لێکراوە زاناتر نیە لەو کەسەی پرسیار دەکات»**، ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە نیشانەکانی هاتنی قیامەت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«منداڵەکان دەبن بە گەورە وسەردار بە سەر بەخێوکارەکانیانەوە ، وببینیت کە کەسانی پێ پەتی وڕووت وهەژار وشوان بینای بەرز دروست دەکەن»**، پاشان پیاوەکە چوو، وعومەر دەڵێت: بۆ ماوەیەک ماینەوە پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«ئەی عومەر دەزانیت ئەوە کێ بوو پرسیاری دەکرد؟»**، ووتم: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، ﷺ فەرمووی: **«ئەوە جبریل بوو هات بۆ ئەوەی ئاینەکەتان فێر بکات»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە جبریل -علیە السلام- هات بۆ لای هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەسەر وێنەی پیاوێکی نەناسراو لە کاتێکدا کە ئەوان دانیشتبوون لای پێغەمبەر ﷺ، لە سیفەتەکانی: شێوەی جبریل زۆر سپی بوو وقژێکی ڕەشی هەبوو، وشوێنەواری سەفەرکردنی پێوە دیار نەبوو لە خۆڵ وتۆز، وتێکچوونی قژ وڕیش، وپیسبوونی جل، وهیچ یەکێک لەوانەی دانیشتبوون نەیانناسی، دانیشت لە بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ وەکو دانیشتنی کەسێک بیەوێت فێر بێت وداوای ڕێنمایی بکات، پرسیاری ئیسلامی

لێکرد، وەڵامی دایەوە بەم پایانە کە دانتان بە دوو شاهێدیەکەی لە خۆگرتووە، وپارێزگاری لە نوێژەکان، ودانی زەکات بۆ ئەوانەی شایستەن، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بە نیەتێکی ڕاستگۆوە، وبەجێهێنانی فەریزەی حەج بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن.

پرسیارکار -جبریل- ووتی: ڕاست دەکەیت، وهاوەڵان پێیان سەیر بوو کە پرسیار دەکات و وادیارە سەبارەت بە باسەکان نازانێت بەڵام دەڵێت: ڕاست دەکەیت، پاشان پرسیاری ئیمانی لێکرد، وەڵامی دایەوە بەم شەش پایە: باوەڕ بەبوونی خوای گەورە وسیفەتەکانی، و بەتاکدانانی لە کردەوەکانی وەکو خوڵقاندن، و بەتاکدانانی لە پەرستنیدا، و بەتاکدانانی لە ناو وسیفەتەکانیدا، وباوەڕ بە ئەو فریشتانەی خوای گەورە دروستی کردوون بەندەی چاک وبەڕێزن وهەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانی خودا ناکەن، وباوەڕهێنان بە کتێبە دابەزێنراوەکان بۆ پێغەمبەران لەلایەن خوداوە؛ وەکو قورئان وئینجیل وتەورات وزەبور وهتد، وباوەڕهێنان بە هەموو پێغەمبەران کە دینی خودایان گەیاندووە؛ وەکو نوح وئیبراهیم وموسا وعیسا وکۆتایان موحەممەدە -عليهم الصلاة والسلام- وپێغەمبەرانی تر، وباوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی - قیامەت-، کە باوەڕ بە پاش مردن ؛ گۆڕ وژیانی بەرزەخیش دەگرێتەوە، ومرۆڤ پاش مردنی زیندوو دەکرێتەوە ولێپرسینەوەی لە گەڵدا دەکرێت، وچارەنووسی بەرەو دۆزەخ یان بەهەشت دەبێت، وباوەڕ بەوەی خوای گەورە بەپێی زانستی پێشووی وحیکمەتی قەدەری هەموو شتێکی نووسیوە، و ویستی لە ڕودانیان هەیە و خوڵقاندونی، وڕوودانیان بەو شێوەیە کە لە قەدەردا هاتووە.

پاشان پرسیاری دەربارەی ئیحسان کرد، وسەروەرمان جوابی دایەوە وفەرمووی: ئیحسان واتە الله بپەرستیت وەک ئەوەی کە دەی بینیت خۆ ئەگەر بەندە الله نەبینێت ئەوا الله بێگومان بەندەکان دەبینێت.

پاشان پرسیاری لێکرد: کەی قیامەتە؟ پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردەوە کە زانیاری سەبارەت بە قیامەت لای هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان نیە؛ نە پرسیارلێکراو و نە پرسیارکار، وتەنها الله زانستی سەبارەتی هەیە.

پاشان پرسیاری لێکرد سەبارەت بە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەت؟ ڕوونیکردەوە ﷺ کە لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە ئەو ئافرەتانەی لە

جەنگدا دەگیرێن ودەکرێن بە سەراری ومنداڵەکانیان زۆر دەبن وئەم منداڵانە دەبنە پادشا وفەرمانڕەوا، یان بە واتای ئەوە دێت کە خراپەکاری منداڵ بەرامبەر دایک وباوک زۆر دەبێت کە وەکو کەنیزەک مامەڵەیان لە گەڵ دەکەن، وئەوانەی شوانێتی دەکەن وهەژارن لە کۆتایی دونیادا ماڵ وپارەیان زۆر دەبێت ودونیا دەڕژێتە سەریان بۆیە شانازی دەکەن بە ڕازاندنەوەی بیناکان وبەرزکردنەوەیان.
پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ باسی ئەوەیکرد کە پرسیارکار جبریل بوو-علیه السلام- هات بۆئەوەی ئەم ئاینە پاک وبێگەردە فێری هاوەڵان بکات -ڕەزای خوایان لێبێت-.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی ڕەوشت جوانی پێغەمبەرە ﷺ کە لەگەڵ هاوەڵانی دادەنیشت وئەوانیش لە گەڵی دادەنیشتن.
٢. نەرم ونیانی بەرامبەر ئەو کەسەی کە پرسیار دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پرسیارەکەی بکات بە بێ هیچ نارەحەتی وترسێک.

٣. ئەدەب وڕەوشت جوانی بەرامبەر مامۆستا (کەسی فێرکار) وەکو جبریل -علیه السلام- کە دانیشت بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ ؛دانیشتنێک کە ئەدەب وڕەوشت جوانی پێوە دیارە بەرامبەر کەسی فێرکار بۆئەوەی سوودی لێوەربگرێت.

٤. پایەکانی ئیسلام پێنجن، وپایەکانی ئیمان شەشن.

٥. لە کاتی باسکردنی ئیسلام وئیمان پێکەوە ئەوا ئیسلام مەبەست لێی وتە وکردەوە ئاشکراکانە، وئیمان مەبەست لێی وتە وکردەوە شاراوەکانە (وتە وکردەوەکانی دڵە).

٦. ڕوونکردنەوەی جیاوازی پلەکانی ئاین، پلەی یەکەم: ئیسلام، پلەی دووەم: ئیمان، پلەی سێیەم: ئیحسان -ئەمیش بەرزترینیانە-.

٧. بنەڕەت لە کەسی پرسیارکار ئەوەیە کە نازانێت، ونەزانین (جەهل) هۆکاری پرسیارکردنەکەیەتی، بۆیە هاوەڵان بەلایانەوە سەیر بوو ؛ پرسیاری دەکرد و وەڵامەکەی بەڕاست دادەنا.

٨. دەستپێکردن بە گرنگترین بابەت پاشان گرنگترین، چونکە بە شایەتمان دەستی پێکرد لە ڕاڤەی ئیسلامدا، وبە باوەڕهێنان (ئیمان) بە خوای گەورە دەستی پێکرد لە ڕاڤەکردنی ئیماندا.

٩. پرسیارکردن لە زانا سەبارەت بە شتێک کە کەسی پرسیارکار دەیزانێت دروستە، بۆ ئەوەی ئامادەبووان سوود وەربگرن وزانست فێربن.

١٠. کاتی هاتنی قیامەت لەو شتانەیە کە تەنها خوای گەورە دەیزانێت.

(٤٥٦٣)

(٤) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ عُمَر رضي الله عنهما قال: قال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم: **«بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٤) – لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە: شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد عبده ورسوله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە)، و ئەنجامدانی نوێژەکان، و زەکاتدان، و حەجکردن بۆ ماڵی خودا، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئیسلامی چوواند بە بینایەکی پتەو کە لەسەر پێنج پایە دامەزراوە وئەم بینایە لەسەر ئەم پایانە وەستاوە، وتایبەتمەندیەکانی تر لە ئیسلامدا بۆ کامڵتر وچاکترکردنی بیناکەیە.

پایەی یەکەم: شایەتمان؛ شاهێدای دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، ئەم دوو شاهێدی دانە یەك پایەن، و لەیەك جیا نابنەوە، بەندە دەیلێت ودان دەنێت بە وەحدانیەتی -تاكێتی- الله وبەوەی تەنها ئەو شایستەی پەرستنە بێ هیچ هاوبەشێك، وكردەوە بە ئاماژەكانیان دەكات، وباوەڕی بە پەیامی موحەمەد هەیە ﷺ وشوێنی دەكەوێت.
پایەی دووەم: نوێژ ئەنجامدان: ئەمیش بریتیە لە پێنج نوێژە فەرزەكە لە شەو وڕۆژدا؛ بەیانی ونیوەڕۆ وعەسر ومەغریب وعیشا، لەگەڵ جێبەجێكردنی مەرج وپایە و واجبەكانیان.
پایەی سێیەم: زەكاتدان: ئەمیش پەرستنێكە بە پارە وسامان ئەنجامدەدرێت، و واجبە لەسەر هەموو پارە وسامانێك كە گەیشتبێتە بڕێكی دیاریكراو لە شەریعەتدا، ودەدرێت بە ئەوانەی شایستەن زەكاتیان پێبدرێت.
پایەی چوارەم: حەج كردن: بریتیە لە ڕۆیشتن بۆ مەككە بۆ جێبەجێكردنی هەندێك دروشم ومەراسیمی دیاریكراو ؛ كە بۆ پەرستن و بەندایەتی كردن بۆ خوای گەورە ئەنجامدەدرێت -عز وجل-.
پایەی پێنجەم: ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان: بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە وئەو شتانەی ڕۆژوو دەشكێنن بەنیەتی بەندایەتی كردن بۆ الله، لەكاتی دەرچوونی بەرەبەیان هەتاوەكو ئاوابوونی خۆر.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. هەردوو شاهێدی دانەكە پێكەوەن ولێك جیا نابنەوە، شاهێدی دان بە یەكێكیان بە تەنها بەس نییە ؛ دەبێت ئەوی تریشی لەگەڵدا بێت، هەر بۆیە هەردووكیانی بە یەك پایە حسێب كردووە.
٢. هەردوو شاهێدی دانەكە ؛ بنچینە وكرۆكی ئاینن، وپێوەرن بۆ قبوڵ بوونی هەر قسە وكردەوەیەك.

(٦٥٠٠٠)

(٥) – عَنْ مُعَاذٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: كُنْتُ رِدْفَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى حِمَارٍ يُقَالُ لَهُ عُفَيْرٌ، فَقَالَ: **«يَا مُعَاذُ، هَلْ تَدْرِي حَقَّ اللَّهِ عَلَى عِبَادِهِ، وَمَا حَقُّ العِبَادِ عَلَى اللَّهِ؟»**، قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: **«فَإِنَّ حَقَّ اللَّهِ عَلَى العِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَحَقَّ العِبَادِ عَلَى اللَّهِ أَنْ لا يُعَذِّبَ مَنْ لا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا»**، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلاَ أُبَشِّرُ بِهِ النَّاسَ؟ قَالَ: **«لا تُبَشِّرْهُمْ، فَيَتَّكِلُوا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٥) – له موعازەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: له پشتی پێغەمبەرەوە بووم ﷺ لەسەر گوێدرێژێک پێی دەووترێت عوفەیر، فەرمووی: **«ئەی موعاز، ئایا دەزانی مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی چییە؟»**، ووتم: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، فەرمووی: **«مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن و بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، ومافی بەندەکان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نادات»**، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا موژدە بدەم بە خەڵکی؟ فەرمووی: **«نەخێر موژدەیان پێمەدە، چونکە کەمتەرخەمی دەکەن»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ مافی خوای گەورە ڕووندەکاتەوە لەسەر بەندەکانی، ومافی بەندەکان لەلای خوای گەورە، مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکان ئەوەیە کە بیپەرستن وهیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن ، ومافی بەندەکان لە لای خوای گەورە ئەوەیە کە سزای موەحیدەکان -یەک خوا پەرستەکان- نەدات ئەوانەی کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نادەن.

پاشان موعاز ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا موژدە بە خەڵکی نەدەم بۆئەوەی ئاسوودە بن بەم فەزڵە؟ پێغەمبەر ﷺ نەهی لێکرد لەترسی ئەوەی نەک تەنها پشت بەم موژدەیە ببەستن وهیچ کردەوە نەکەن.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی مافی خوای گەورە کە واجبی کردووە لەسەر بەندەکانی، وئەمیش ئەوەیە کە بیپەرستن، وبە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن.
٢. ڕوونکردنەوەی مافی بەندەکان لەلای خوای گەورە کە واجبی کردووە لەلای خۆی وەکو فەزڵ ونیعمەتێک، ئەمیش ئەوەیە هەرکەسێک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدات بیکاتە بەهەشتەوە وسزای نەدات.
٣. موژدەیەکی گەورەیە بۆ ئەو موەحیدانەی کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نادەن وچارەنووسیان چوونە بەهەشتە.
٤. موعاز ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە لە پێش مردنی؛ لە ترسی ئەوەی نەوەکو گوناهبار بێت بەهۆی شاردنەوەی زانست.
٥. ئاماژەیە بۆ بڵاو نەکردنەوەی هەندێک فەرموودە لەلای هەندێک خەڵک لە ترسی ئەوەی نەوەککەسانێک هەبن لێی تێنەگەن؛ بەمەرجێک ئەو فەرموودانە باسی کردەوە و حەددی شەرعی نەبێت.
٦. موەحیدە تاوانبارەکان لەژێر ویستی الله ن ئەگەر بیەوێت سزایان دەدات وئەگەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت، پاشان چارەنووسیان بەرەو بەهەشتە.

(٦٥٠٠٧)

(٦) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمُعَاذٌ رَدِيفُهُ عَلَى الرَّحْلِ قَالَ: **«يَا مُعَاذُ بْنَ جَبَلٍ»**، قَالَ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللهِ وَسَعْدَيْكَ، قَالَ: **«يَا مُعَاذُ»**، قَالَ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللهِ وَسَعْدَيْكَ، ثَلَاثًا، قَالَ: **«مَا مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلَّا حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ»**، قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَفَلَا أُخْبِرُ بِهِ النَّاسَ فَيَسْتَبْشِرُوا؟ قَالَ: **«إِذًا يَتَّكِلُوا»**. وَأَخْبَرَ بِهَا مُعَاذٌ عِنْدَ مَوْتِهِ تَأَثُّمًا. [صحيح] - [متفق عليه]

(٦) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ وموعاز پێکەوە لە سەر پشتی ئاژەڵێک بوون، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

**«ئەی موعاز»**، ئەویش ووتی: **«من لێرەم لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خودا»**، دیسانەوە فەرمووی: **«ئەی موعاز»**، ئەویش هەر ووتی: **«لێرەم لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خودا»**، دیسان هەر فەرمووی: **«ئەی موعاز»**، ئەویش هەر فەرمووی: **«لێرەم لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خودا»**، سێ جار هەردوو لا ئەم قسانەیان دووبارە کردەوە وپاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«هەر بەندەیەک شاهێدی بدات بە (لا إلهَ إلا اللّٰهُ) و بە (مُحَمَّدًا عَبْدُهُ ورسولُهُ) بە ڕاستگۆییەوە لە دڵیەوە؛ ئەوا خوای گەورە دۆزەخ لەسەر ئەو کەسە حەرام دەکات»**، ئەویش (موعاز) ووتی: **«ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا بە خەڵکی نەڵێم بۆ ئەوەی ببێتە هۆی خۆشی وموژدە بۆیان؟»**، ئەویش ﷺ فەرمووی: **«ئەگەر وا بکەیت ئەوا تەنها پشت بەمە دەبەستن (واتا ئیتر ئەوەندە کردەوەی چاک ناکەن)»**، بۆیە موعاز پێش ئەوەی بمرێت ئەمەی گێڕایەوە چونکە ترسا گوناهبار بێت (بەهۆی شاردنەوەی زانست). [صەحیحە]

- [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

موعاز لە پشتی پێغەمبەرەوە سوار بوو ﷺ لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی، فەرمووی: ئەی موعاز؟ وسێ جار بەم شێوەیە بانگی کرد بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەوەی دەیڵێت.

وهەموو جارێک موعاز بەم شێوەیە وەڵامی دەدایەوە: من لێرەم لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خودا، واتا هەموو جارێک وەڵامت دەدەمەوە کە بانگم بکەیت، ولە خزمەت ویارمەتی وجێبەجێکردنی پێویستیەکانتم. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر بەندەیەک شاهێدی بدات بە (لا إلهَ إلا اللّٰهُ)، واتا: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی جگە لە اللّٰه، وشاهێدی بدات بە (مُحَمَّدًا عَبْدُهُ ورسولُهُ)، واتا: موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە، بە ڕاستگۆییەوە لە دڵیەوە؛ واتا درۆ نەکات لەم شاهێدی دانە، ئەگەر بمرێت لەسەر ئەمە خوای گەورە چوونە دۆزەخی لەسەر حەرام دەکات.

موعاز -ڕەزای خوای لێبێت- داوای کرد لە پێغەمبەر ﷺ ڕوخسەتی پێبدات ئەم موژدە خێرە بە خەڵکی بڵێت بۆئەوەی دڵخۆش بن؟
پێغەمبەر ﷺ ترسا لەوەی خەڵکی تەنها پشت بەئەمە ببەستن، وکردەوەیان کەم بێت.
بۆیە موعاز بە کەسی نەووت ؛ هەتا پێش مردنی، ترسا لەوەی تووشی تاوان بێت بەهۆی شاردنەوەی زانست.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاماژەیە بۆ سادەیی پێغەمبەر ﷺ ؛ موعازی لەپشتیەوە سوار کرد لەسەر ئاژەڵەکەی .
٢. ئاماژەیە بۆ شێوازێک لە شێوازەکانی فێرکردنی پێغەمبەر ﷺ، چەندجارێک بەشێوەی بانگکردن ناوی موعازی هێنا ؛ بۆئەوەی سەرنجی ئەوە بدات کە دەیڵێت.
٣. لە مەرجەکانی شاهێدیدان بە (لا إله إلا الله و محمد رسول الله) ئەوەیە کە ئەوکەسەی شاهێدیەکە دەدات ؛ ڕاستگۆ بێت ودرۆزن نەبێت وگومانی نەبێت.
٤. ئەهلی تەوحید (ئەهلی یەک خوا پەرستی) بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخ نامێننەوە، ئەگەر بچنە دۆزەخەوە بە هۆی تاوانەکانیان ؛ ئەوا دەردەچن پاش ئەوەی پاک دەبنەوە لە تاوانەکان.
٥. فەزڵ وپلەو پایەی هەردوو شاهێدیدانەکە بۆ کەسێک بەڕاستگۆییەوە بیڵێت.
٦. لەهەندێک حاڵەتدا وازهێنان لە ووتنی قسەیەک ئەگەر ببێتە هۆی خراپەیەک ؛ ڕێگەپێدراوە.

(١٠٠٩٨)

(٧) – عن طارق بن أشيم الأشجعي رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٧) – له تارقی کوڕی ئەشیەمی ئەشجەعیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلا الله)، وکوفر بکات بەوەی دەپەرسترێت جگە لە خوای گەورە، ئەوا ماڵ وخوێنی حەرامە، ولێپرسینەوەی ئەو کەسە لای خوای گەورەیە».**
[صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک بەزمانی شاهێدی بدات وبڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، واتا: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وکوفر بکات بەپەرستنی جگە لە خوای گەورە، وبەرائەتی خۆی ڕابگەیەنێت لە هەموو ئاینێک جگە لە ئیسلام، ئەوا ماڵ وخوێنی ئەو کەسە حەرامە لەسەر مسوڵمانان، وتەنها کردەوەی ئاشکرای گرنگە بەلای ئێمەوە، بۆیە نابێت سامانەکەی دەستی بەسەردا بگیرێت ونابێت خوێنی بڕژێندرێت، مەگەر کەسێک تاوانێک بکات کە سزادانی واجب دەبێت بەپێی حوکمەکانی ئاینی ئیسلام.
وخوای گەورە لێی دەپرسێتەوە لەڕۆژی قیامەتدا، ئەگەر ڕاستگۆ بێت ؛ پاداشت دەدرێتەوە، وئەگەر مونافیق بێت ؛ سزا دەدرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. وتنی (لا إله إلا الله) وکوفر کردن -بێباوەڕبوون- بەو شتانەی دەپەرسترێن جگە لە خوای گەورە، مەرجە بۆئەوەی بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە.
٢. واتای (لا إله إلا الله) ئەوەیە: بێباوەڕ بیت وکوفر بکەیت بە پەرستنی جگە خوای گەورە وەکو بتەکان وقەبرەکان وجگە لە ئەوانە، بە تاک وتەنها خوای گەورە بپەرسترێت بەبێ بڕیاردانی شەریک وهاوبەش لە پەرستنیدا -سبحانە وتعالی-.

٣. ئەوەی پابەند بوو بە تەوحید (یەک خوا پەرستی)ەوە وبە ئاشکرا پابەندی شەریعەت بوو ئەوا پێویستە دەستی لێ هەڵبگیرێت هەتا کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە هەڵگەڕاوەتەوە.
٤. حەرام بوونی ماڵ وخوێنی مسوڵمان مەگەر بە هەق.
٥. لە دونیادا حوکم وبڕیاردان لە سەر دیوی دەرەوە وئاشکرایە، بەڵام لە قیامەتدا حوکمدان لە سەر نیەت ومەبەستەکانە.

(٦٧٦٥)

(٨) – عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، مَا الْمُوجِبَتَانِ؟ فَقَالَ: **«مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ»** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٨) – لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو دوو شتە مسۆگەرە کامانەن؟ ئەویش فەرمووی: **«هەرکەسێک بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وهەرکەسێک بمرێت وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت ؛ دەچێتە دۆزەخەوە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد سەبارەت بە ئەو دوو شتەی: کە یەکێکیان چوونە بەهەشت واجب دەکات، وئەوی تریان چوونە دۆزەخ واجب دەکات؟ ئەویش ﷺ وەڵامی دایەوە: ئەو شتەی دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت ئەوەیە مرۆڤ بمرێت لەکاتێکدا بەتەنها خوای گەورەی پەرستبێت وهیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدابێت، وئەو شتەی چوونە دۆزەخ واجب دەکات ئەوەیە مرۆڤ بمرێت لەکاتێکدا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت، کەسێک یان شتێکی کردووە بە هاوبەش و هاوتا بۆ خوای گەورە لە خودایەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو و سیفەتەکانی.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلەوپایەی تەوحید وهەرکەسێک بە ئیمانداری بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ الله بڕیار نەدابێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.
٢. مەترسی شیرک وهاوبەشدانان بۆ الله، وهەرکەسێک بمرێت لەکاتێکدا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە.
٣. تاوانبارە موەحیدەکان -یەک خوا پەرستەکان- لە ژێر ویستی خوای گەورەن ئەگەر بیەوێت سزایان دەدات وئەگەر بیەوێت لێیان خۆشدەبێت، پاشان چارەنووسیان بەرەو بەهەشتە.

(٦٥٠٠٨)

(٩) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قال: قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم كَلِمَةً وَقُلْتُ أُخْرَى، قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ»** وَقُلْتُ أَنَا: مَنْ مَاتَ وَهُوَ لَا يَدْعُو لِلهِ نِدًّا دَخَلَ الْجَنَّةَ. [صحيح] - [ متفق عليه]

(٩) – لە عبداللە کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ شتێکی فەرموو ومن شتێکی تر، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«هەرکەسێک بمرێت لە سەر پاڕانەوە لە جگە لە الله ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە»،** ومن ووتم: هەرکەسێك بمرێت لەسەر نەپاڕانەوە لە جگە لە الله ؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێك شتێك بکات بۆ جگە لە خوای گەورە ؛ لەو شتانەی کە واجبە تەنها بۆ الله ئەنجام بدرێن، وەکو پاڕانەوە وداواکردن لە جگە لە الله -سبحانە وتعالی-، یان داوای بەهاناوە هاتن لە جگە لە الله، و لەسەر ئەم حاڵە بمرێت ؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە. وئیبن مەسعودیش -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: هەرکەسێك بمرێت و

بەهیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ ئەوا چارەنووسی بەرەو بەهەشتە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پاڕانەوە پەرستنە، بۆیە نابێت بۆ کەسێك وشتێکی تر ئەنجامبدرێت جگە لە خوای گەورە -سبحانه وتعالى-.
٢. فەزڵ وپلەوپایەی تەوحید -یەك خوا پەرستی-، و هەرکەسێك لەسەر تەوحید بمرێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، ئەگەرچیش سزا بدرێت لەسەر هەندێك لە تاوانەکانی.
٣. مەترسی شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ الله، و هەرکەسێك لەسەر ئەمە بمرێت ؛ دەچێتە دۆزەخەوە.

(٣٤١٩)

(١٠) – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِمُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ، حِينَ بَعَثَهُ إِلَى الْيَمَنِ: **«إِنَّكَ سَتَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَابٍ، فَإِذَا جِئْتَهُمْ فَادْعُهُمْ إِلَى أَنْ يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ، فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ، فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللهِ حِجَابٌ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٠) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر ﷺ موعازی نارد بۆ یەمەن، پێی فەرموو: **«تۆ دەچیت بۆ لای کەسانێک لە ئەهلی کتێب (گاورەکان) با یەکەم شت کە بانگەوازی بۆ دەکەیت بریتی بێت لە شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (شاهێدی دان بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە خودا -الله- وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵ بوون**

**پێیان ڕابگەیەنە کە خودا پێنج فەرزی لە سەریان داناوە لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵ بوون پێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە (زەکات) ی لە سەریان فەرز کردووە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت ودەدرێت بە هەژارەکان، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵ بوون ئاگادار بە لە باشترین وچاکترینی ماڵەکانیان نەبەیت، وئاگاداری نزای ستەملێکراو بە چونکە لە نێوان ئەو وخوادا هیچ پەردەیەک نییە».**

[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

کاتێک پێغەمبەر ﷺ موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن -ڕەزای خوای لێبێت- وەکو بانگخواز ومامۆستا، بۆی ڕوونکردەوە کە ئەو دەڕوات بۆ لای خەڵکانێک گاوڕن؛ بۆئەوەی ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیان، پاشان بۆئەوەی بە گرنگترین بابەتەکان دەستپێبکات لە بانگەوازیدا، سەرەتا بانگیان دەکات بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕیان ؛ ئەمیش بەوەی شایەتمان بهێنن (لا إله إلا الله و محمد رسول الله)؛ چونکە ئەگەر شایەتمان بهێنن دێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵ بوون ئەوا فەرمانی نوێژکردنیان پێدەکرێت؛ چونکە گەورەترین واجبە لەپاش تەوحید -یەک خوا پەرستی-، ئەگەر نوێژیان کرد ئەوا فەرمان بە دەوڵەمەندەکانیان دەکرێت زەکاتی ماڵ وسامانیان بدەن بە هەژارەکان، پاشان ئاگاداری کردەوە وەرگرتنی باشترین سامانی دەوڵەمەندەکان چونکە ئەوەی واجبە بریتیە لە وەرگرتنی مامناوەندی سەروەت وسامان لە کاتی زەکاتداندا پاشان ئامۆژگاری کرد بە دوورکەوتنە لە ستەمکردن؛ بۆئەوەی ستەملێکراو نزای لەسەر نەکات، چونکە بەدڵنیاییەوە نزاکەی وەڵام دەدرێتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واتای شاهێدی دان بە (لا اله إلا الله) ( هیچ کەس شایستەی پەرستن نییە جگە لە خودا (الله) -تەنها الله پەرستراوی هەقە-)، پەرستنی خودایە بێ هیچ هاوبەش وشەریکێک، و وازهێنانە لە پەرستنی هەموو شتێکی تر جگە لە ئەو زاتە.

٢. واتای شاهێدی دان به (محمد رسول الله) (موحەمەد پێغەمبەری خودایە)، باوەڕهێنان پێی وبه ئەوەی هێناویەتی و بەڕاستدانانی وئەو کۆتا پێغەمبەری خودایە بۆ مرۆڤایەتی.
٣. گفتوگۆکردن لە گەڵ زانا نابێت وەکو گفتوگۆکردن بێت لەگەڵ کەسانی نەزان ؛ بۆیە موعازی ئاگادار کردەوە : (إنك تأتي قوما أهل كتاب) (تۆ دەچیت بۆ لای کەسانێک ئەهلی کتێبن).
٤. پێویستە کەسی بانگخواز چاوڕۆشن بێت سەبارەت بە ئاینەکەی، بۆئەوەی وەڵامی گومانەکان بداتەوە، وئەمەیش بە فێربوونی زانستی شەرعی دەبێت
٥. پوچەڵی ئاینی جولەکە وگاورەکان پاش هاتنی پێغەمبەر ﷺ، وئەوان لە ڕزگاربووان نین لە ڕۆژی قیامەتدا هەتاوەکو مسوڵمان دەبن ودێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، وباوەڕ دەهێنن بە پێغەمبەر ﷺ.

(٣٣٩٠)

(١١) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّهُ قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ، مَنْ أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«لَقَدْ ظَنَنْتُ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَنْ لَا يَسْأَلَنِي عَنْ هَذَا الْحَدِيثِ أَحَدٌ أَوَّلُ مِنْكَ؛ لِمَا رَأَيْتُ مِنْ حِرْصِكَ عَلَى الْحَدِيثِ، أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ، مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا کێ دڵخۆشترین کەسە بە شەفاعەتی تۆ؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: **«پێم وابوو ئەی ئەبو هورەیرە کەس پێش تۆ پرسیاری ئەم فەرموودەیەم لێنەکات چونکە دەبینم زۆر بەپەرۆشیت لەسەر بەدەست هێنانی فەرموودە، بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەیە کە بڵێت (لا إله إلا الله)[٨] بەئەوپەڕی دڵسۆزی وئیخلاصی لە دڵ ونەفسیەوە»**. [٨](واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە الله) [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە کە دەڵێت: (لا إله إلا الله) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بە هەق وڕاستی جگە لە الله) ؛ بەدڵسۆزی لە دڵیەوە بێ ئەوەی ڕیا وشیرکی لەگەڵدا بێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دڵنیابوون لە بوونی شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ لە قیامەتدا، وتەنها بۆ موەحیدەکانە -یەک خوا پەرستەکانە-. وبەس

٢. شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ بریتیە لە داواکردنی لە پەروەردگاری دەرهەق بە ئەوانەی شایستەی چوونە دۆزەخن لە موەحیدەکان بۆئەوەی نەچنە نێویەوە، وئەوانەی چوونەتە نێویەوە دەربهێندرێن.

٣. فەزڵ وپلەوپایەی وشەی تەوحید -لا إله إلا الله- کە بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت وگەورەی کاریگەری ئەووشەیە.

٤. بەدیهێنانی مەبەست لە وشەی تەوحید ؛ بە زانست بەماناکەی، وکردەوە کردن بە داواکراو وئاماژەکانی دەبێت.

٥. وفەزڵ وپلەوپایەی ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت-، و بەپەرۆشی لەسەر فێربوونی زانست.

(٣٤١٤)

(١٢) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ -أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ- شُعْبَةً، فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيمَانِ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئیمان (باوەڕ) حەفتا وچەند بەشێکە -لقێکە- یان شەست وچەند بەشێکە -لقێکە- : باشترینیان ووتنی: (لا إله**

**إلا الله) يە، وکەمترینیان: لابردنی ئازارە لە سەر ڕێگاوبان، وشەرمکردن بەشێکە لە ئیمان».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئیمان چەند بەش ولقێکە، بیروباوەڕ وقسە وکردەوەکان دەگرێتەوە.
بەرزترین بەشی ئیمان وباشترینیان ووتنی: (لا إله إلا الله) یە، بەمەرجێک زانا بێت بەماناکەی وکردەوە بەئاماژەکانی بکات، کە بریتیە لەوەی الله تاکە وبێ هاوتا وبێ شەریکە وتەنها ئەو زاتە شایستەی پەرستنە.
وکەمترین کردەوەی ئیمان بریتیە لە لادانی زیان وئازار لەسەر ڕێگای هاتوچۆکردنی خەڵکی.
پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شەرمکردن بەشێکە لە ئیمان، وئەمیش ڕەوشتێکە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وپابەند بوون بەڕەوشتە جوانەکان، ودوورکەوتنەوە لە کردەوە خراپەکان ورەوشتە نارەوا وناشیرینەکان

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئیمان چەندین پلەیە هەندێکی لە سەرەوەی هەندێکی ترە لە ڕووی گرنگییەوە.
٢. ئیمان لای ئەهلی سونە وتەیە ( وکردەوەیە (عمل) وبیروباوەڕە (إعتقاد).
٣. شەرمکردن لە خوای گەورە وادەخوازێت: لە شوێنێک نەتبینێت کە نەهی لێتکردووە تێیدا بیت، وئامادە بیت لەو شوێنەی فەرمانی کردووە تێیدا بیت.
٤. باسکردنی ژمارە مانای ئەوە نییە تەنها پاداشتەکەی ئەوەندەیە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ زۆری کردەوەکانی ئیمان، چونکە عەرەب باسی ژمارەی شتێک دەکات ومەبەستی نکۆڵی کردن لەزیاتر نییە.

(٦٤٦٨)

(١٣) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قال: سَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللهِ؟ قَالَ: **«أَنْ تَجْعَلَ لِلهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ»** قُلْتُ: إِنَّ ذَلِكَ لَعَظِيمٌ، قُلْتُ: ثُمَّ أَيُّ؟ قَالَ: **«وَأَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ؛ تَخَافُ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ»** قُلْتُ: ثُمَّ أَيُّ؟ قَالَ: **«أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٣) – له عبدالله كوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم كرد له پێغەمبەر ﷺ : ئایا چی تاوانێک گەورەترینە لەلای خوای گەورە؟ فەرمووی: **«هاوبەش وهاوتا بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت لەكاتێكدا ئەو تۆی دروستكردووە»**، ووتم: پاش ئەوە چی (واتە: چی تاوانێک گەورەترە)؟ فەرمووی: **«منداڵەكەت بكوژیت لە ترسی ئەوەی لە خواردنەكەت دەخوات»**، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: **«زینا بكەیت لەگەڵ هاوسەری دراوسێكەت»**.
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێكرا سەبارەت بە گەورەترین تاوانەكان، فەرمووی: گەورەترین تاوان ؛ شیرك وهاوبەش بڕیاردانە بۆ الله، ئەمیش بریتیە لەوەی كەسێك یان شتێك بكەیتە هاوتا ویەكسان بە الله؛ لە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو وسیفەتەكانی، خوای گەورە لەم تاوانە خۆش نابێت مەگەر بە تەوبەكردن، وئەگەر بكەری ئەم تاوانە لەسەری بمرێت ئەوا بەهەتاهەتایی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوە.
پاشان تاوانی كوشتنی منداڵ لەترسی ئەوەی لە خواردنەكەی دەخوات، وبەشی خۆی نامێنێت، وكوشتنی هەر نەفسێك بەناهەق حەرامە؛ بەڵام تاوانەكە گەورەترە ئەگەر بكوژ وكوژراو كەسوكاری یەكتر بن.
وهەروەها تاوانەكە گەورەترە ئەگەر مەبەستی بكوژ ئەوە بێت ؛ كوژراو بەشدار دەبێت لەو ڕزقەی خوای گەورە پێی بەخشیووە. پاشان زیناكردنی پیاو لەگەڵ هاوسەری دراوسێكەی؛ ئەمیش لەڕێگای هەوڵدان بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئافرەتی دراوسێكەی هەتاوەكو زینای لەگەڵدا دەكات ودێتە ژێر ڕكێفیەوە.

زینا کردن حەرامە، بەڵام تاوانەکەی گەورەترە ئەگەر زیناکردنەکە لەگەڵ هاوسەری دراوسێ بێت ؛ چونکە شەریعەت فەرمانیکردووە بە چاکەکاربوون وباش هاوەڵی دەرهەق بە دراوسێ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. جیاوازی پلەی تاوانەکان لە گەورەییدا، هەروەکو چۆن کردەوە چاکەکان پلەیان جیاوازە لە فەزڵ وپاداشتدا.
٢. گەورەترین تاوان بریتیە لە: شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە، پاشان کوشتنی منداڵ لەترسی ئەوەی لە خواردنەکەت دەخوات، دواتر زینا کردن لەگەڵ هاوسەری دراوسێکەت.
٣. ڕزق وڕۆزی بەدەستی خوای گەورەیە، وپەروەردگار ڕزقی هەموو خوڵقێنراوەکانی زامن کردووە.
٤. گەورەیی مافی دراوسێ، وتاوانی ئازاردانی گەورەترە لە تاوانی ئازاردانی خەڵکانی تر.
٥. تەنها خوڵقێنەر شایستەی پەرستنە ؛ کە تاکە وبێ هاوتا وبێ هاوبەشە.

(٥٣٥٩)

(١٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«قَالَ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٤) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «الله فەرموویەتی: **«لە هەموو هاوبەش وشەریکەکان؛ من لە هەموویان دەوڵەمەندترم کە دەستهەڵگرم لەو هاوبەش وشەریک بوونە، ئەگەر هەر کەسێک کردەوەیەک ئەنجام بدات وکەسێک بکاتە هاوبەشی من ئەوا من واز لەو کەسە وکردەوەکەی دێنم بە هۆی ئەو هاوبەشدانانەوە کە بۆ من بڕیاری داوە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە لە پەروەردگاری بەرز وشکۆدارەوە -کە بە فەرموودەی قودسی ناسراوە- کە خوای گەورە واز دێنێت وبەریئە لەو کردەوەیەی کە کەسێک کراوە بە هاوبەشی ئەو تیایدا بەهۆی ڕیا یان شتێکی ترەوە، چونکە خوای گەورە پاک وپیرۆزە و دەوڵەمەند وبێ پێویستە لە هەموو شتێک، وئەگەر مرۆڤ کردەوەیەک بکات لە پەرستنەکان وبۆ جگە لە خوای گەورە بێت ؛ ئەوا خوای گەورە وازی لێدێنێت وکردەوەکەی قبوڵ ناکات وڕەتی دەکاتەوە، بۆیە واجبە کردەوەکان بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە بۆ خوای گەورە بن -سبحانە وتعالی- چونکە خوای گەورە هیچ کردەوەیەک قبوڵ ناکات مەگەر ئەوانەی بەتەواوی دڵسۆزیەوە بۆ ئەو ئەنجامدراون.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاگادارکردنەوە لە شیرک بە هەموو شێوەکانی، چونکە دەبێتە ڕێگر لە وەرگرتن وقبوڵکردنی کردەوەکان.
٢. هەستکردن بە دەوڵەمەندی وبێ پێویستی خوای گەورە لە هەموو شتێک ؛ وئەمە دەبێتە هۆی دڵسۆزی بۆ خوای گەورە لە کردەوەدا.

(٣٣٤٢)

(١٥) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى»**، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، وَمَنْ يَأْبَى؟ قَالَ: **«مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٥) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە جگە لەو کەسەی سەرپێچی بکات ونەیەوێت»**. ووتیان: کێ هەیە سەرپێچی بکات ونەیەوێت؟ ﷺ فەرمووی: **«ئەوەی گوێڕایەڵی من بکات دەچێتە بەهەشتەوە، ئەوەی پێچەوانەی فەرمانەکانی من کردەوە بکات؛ ئەوا سەرپێچی کردووە ونایەوێت بچێتە بەهەشتەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەموو ئومەتەکەی دەچێتە بەهەشتەوە مەگەر ئەوانەی نەیانەوێت!

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتیان: ئایا کێ نایەوێت ئەی پێغەمبەری خودا؟!

وەڵامی دانەوە ﷺ: هەرکەسێک شوێنکەوتوو وگوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی سەرپێچی بکات وملکەچی شەریعەت نەبێت ئەوا نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە بەهۆی کردەوە خراپەکانی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر ﷺ وەکو گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە وایە، وسەرپێچیکردنیشی بەهەمان شێوە.

٢. گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر ﷺ چوونە بەهەشت واجب دەکات، وسەرپێچیکردنی فەرمانەکانی چوونە دۆزەخ واجب دەکات.

٣. موژدەیە بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن لەم ئومەتە؛ هەموویان دەچنە بەهەشتەوە، جگە لە ئەوانەیان کە سەرپێچی فەرمانی خودا وپێغەمبەرەکەی دەکەن.

٤. ڕەحمەت وبەزەیی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئومەتەکەی، و بەپەرۆشبوونی لەسەر ئەوەی هیدایەت وەربگرن.

(٤٩٤٧)

(١٦) – عَن عُمَرَ بنِ الخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«لَا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ؛ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ، فَقُولُوا: عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٦) – لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بووە کە دەیفەرموو: **«زیادەڕەوی مەکەن لە وەسفکردنی من هەروەکو چۆن گاورەکان زیادەڕەوییان کرد لە وەسفکردنی کوڕی مەریەم**

**(عیسا)، من تەنها بەندەی خودام، بۆیە بڵێن: بەندەی خودا (عبد الله) وپێغەمبەری خودا».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ نەهی کردووە لە زیادەڕەوی وتێپەڕاندنی سنووری شەرعی لە ستایش و وەسفکردنی بەو سیفەت وکردەوانەی کە تایبەتن بە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وهەروەها نەهی کراوە لەوەی بڵێین غەیب دەزانێت ونابێت لەگەڵ خوای گەورە لە ئەو یان لە هەریەکێکی تر بپاڕێینەوە وەکو کردەوەی گاورەکان دەرهەق بە عیسا کوڕی مەریەم -علیهما السلام-، پاشان ڕوونی کردەوە کە ئەو بەندەیەکە لە بەندەکانی خوای گەورە، وفەرمانی کردووە سەبارەتی بڵێین: بەندە وپێغەمبەری الله.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاگادارکردنەوە لە زیادەڕەوی ولە سنوور دەرچوون لە کاتی ستایشکردندا، چونکە لەوەیە ئەمە ببێتە هۆی شیرک بڕیاردان.
٢. ئەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ هۆشداری سەبارەت دا لەم ئومەتەدا ڕوویدا، کۆمەڵانێک زیادەڕەویان کرد دەرهەق بە پێغەمبەری خودا ﷺ، ودەرهەق بە ئەهلی بەیت، ودەرهەق بە پیاوچاکان، بۆیە تووشی شیرک بوون.
٣. کاتێک پێغەمبەری خودا ﷺ نەفسی خۆی بەو شێوەیە وەسف دەکات کە بەندەی خودایە؛ بۆئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ئەو بەندەیەکی ملکەچی الله یە ونابێت بەهیچ شێوەیەک ئەو وەسف بکرێت بە تایبەتمەندیەک لە تایبەتمەندیەکانی پەروەردگار -سبحانە وتعالی-.
٤. کاتێک پێغەمبەر ﷺ نەفسی خۆی بەو شێوەیە وەسف دەکات کە پێغەمبەری خودایە؛ بۆئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ئەو پێغەمبەرە ونێردراوە لە لایەن الله وە بۆیە واجبە بە ڕاستگۆ دابنرێت وشوێنی بکەوین.

(٣٤٠٦)

(١٧) – عن أنس رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم: **«لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ»**. [صحيح] - [ متفق عليه]

(١٧) – له ئەنەسەوە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی تەواو وكامڵ نابێت؛ هەتا ئەو كاتەی من خۆشەویستتر دەبم لە لای لە باوكی ومنداڵەكەی وهەموو خەڵكی»**. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە مسوڵمان ئیمانی كامڵ نابێت هەتاوەكو خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بخاتە پێش خۆشویستنی دایكی وباوكی ومنداڵەكانی وهەموو خەڵكی، ودەبێت وداواكراوە ئەم خۆشەویستیە گوێڕایەڵیكردنی وسەرخستنی و وازهێنان لەسەرپێچكردنی لەگەڵدا بێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. واجب بوونی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ ودەبێت خۆشەویستی ئەو لە پێش خۆشەویستی هەموو بوونەوەرێكەوە بێت.
٢. لەنیشانەكانی كامڵی خۆشویستنی: سەرخستنی سونەتەكەی ﷺ، وبەخشینی نەفس وسامان لەمەدا.
٣. خۆشەویستنی پێغەمبەر ﷺ دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی گوێڕایەڵی بكرێت لەوەی فەرمانی پێكردووە، و بەڕاستگۆ دابنرێت لەوەی باسیكردووە، ودوور بكەوێتەوە لەوەی نەهی لێكردووە، وشوێنی بكەوێت و دوور بكەوێت لە بیدعە وداهێنان لە ئایندا.
٤. مافی پێغەمبەر ﷺ مەزنترە وزیاتر جەختی لەسەر كراوەتەوە بەبەراود بە مافی خەڵكی؛ چونكە هۆكارە بۆ هیدایەتدان لە گومڕاییەوە ورزگاربوون لە دۆزەخ وبردنەوەی بەهەشت.

(٥٩٥٣)

(١٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعاً: **«دَعُونِي ما تركتكم، إنما أهلك من كان قبلكم كثرة سُؤَالهم واختلافهم على أنبيائهم، فإذا نَهَيتُكم عن شيء فاجتَنِبُوه، وإذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم»** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«واز لە پرسیارکردن بهێنن سەبارەت بە ئەو شتانەی کە فەرمانم پێنەکردوون یان نەهیم لێ نەکردوون، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە زۆر پرسیار کردن وناکۆکیان بوو بەرامبەر پێغەمبەرانیان، ئەگەر نەهیم لێکردن لەسەر شتێک ئەوا خۆتانی لێ بە دوور بگرن، وئەگەر فەرمانم پێکردن بە کردەوەیەک ئەوا ئەنجامی بدەن بە گوێرەی تواناتان».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان سەبارەت بە هەندێک شت دەکرد کە حەرام نەبوو لەوەیە بە پرسیارکردنیان حەرام بکرایە، یان لەوەیە واجب نەبوو بە پرسیارکردنیان واجب ببوایە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێیان کرد کە پرسیار نەکەن سەبارەت بەو شتانەی کە فەرمان ونەهیان پێنەکراوە لەسەری، وهۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەوانەی پێش ئێمە زۆر پرسیاریان دەکرد لە پێغەمبەرانیان، بۆیە لەسەریان قورس وتوند کرا چونکە خۆیان بوونە هۆی ئەوەی لەسەریان قورس بکرێت پاشان پێچەوانەی پێغەمبەران کردەوەیان کرد.

پاشان فەرمانی پێکردین کە واز لە هەر کردەوەیەک بهێنین کە نەهیمان لێکراوە، ئەو فەرمانانەی پێمانکراوە جێبەجێی بکەین بە گوێرەی توانامان، وئەوەی ناتوانین واجب بوون وحەرام بوونی لەسەرمان لادەچێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پێویستە مرۆڤ سەرقاڵی گرنگترین شت بێت کە پێویستی پێیەتی، و واز لەو شتانە بهێنێت کە هێشتا پێویستی پێی نییە، وسەرقاڵ نەبێت بە پرسیارکردن سەبارەت بەو شتانەی کە هێشتا ڕوویان نەداوە.
٢. حەرامێتی پرسیارکردنێك کە لەوەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان، وکردنەوەی دەرگای گومانەکان -شوبهەکان- چونکە ئەمە سەردەکێشێت بۆ زۆربوونی ناکۆکی.
٣. فەرمان بە وازهێنان لە هەموو نەهی لێکراوەکان ؛ چونکە هیچ نارەحەتیەک نیە لە وازهێنان لێیان، بۆیە نەهی کردنەکە بە شێوەیەکی گشتی بوو.
٤. جێبەجێکردنی ئەوەی فەرمانی پێکراوە بەپێی توانایە ؛ چونکە لەوەیە جێبەجێکردنی ببێتە هۆی نارەحەتی یان نەتوانێت ئەنجامی بدات، بۆیە جێبەجێکردنی ئەوەی فەرمانی پێکراوە بە پێی توانایە.
٥. نەهی کراوە لە زۆر پرسیارکردن، زانایان پرسیارکردنیان دابەشکردووە بۆ سەر دوو جۆر: ئەگەر لەڕوانگەی فێربوونەوە بێت ؛ لەو شتانەی پێویستن لە بابەتەکانی ئاین، ئەمەیان فەرمانپێکراوە وپرسیارکردنی هاوەڵان لەم جۆرە بووە، دووەم: ئەگەر لە ڕوانگەی زێدەڕۆیی وهێنانی بارگرانی بێت ؛ ئەم جۆرەیانە کە نەهی لێکراوە.
٦. هۆشداریدان بە ئومەت سەبارەت بە پێچەوانە کردنی پێغەمبەرەکەیان ؛ چونکە لە نێو ئومەتانی پێشوودا ڕوویداوە.
٧. زۆر پرسیارکردن سەبارەت بەو شتانەی کە پێویست نین وناکۆکی لەگەڵ پێغەمبەران ؛ هۆکارە بۆ تیاچوون، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە تێگەیشتنیان مەحاڵە، وەکو: بابەتە غەیبیەکان کە تەنها الله دەیزانێت، وڕووداوەکانی قیامەت.
٨. نەهی کراوە لە پرسیارکردن سەبارەت بە بابەتە قورس ومەزنەکان، ئەوزاعی دەڵێت: خوای گەورە ئەگەر بیەوێت بەندە بێبەش بکات لە پیرۆزی وبەرەکەتی زانست ؛ وایلێدەکات زمانی لە بابەتە بێ سود وبێ کەڵکەکان زۆر بەکار بهێنێت، بۆیە بینیم ئەوانە کەمترین زانستیان هەبوو، وئیبن وەهب

دەڵێت: گوێم لە مالیك بوو دەیووت: مشتومڕ لە زانستدا نور ورۆشنایی زانست ناهێڵێت لە دڵی پیاودا.

(٤٢٩٥)

(١٩) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً، وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا حَرَجَ، وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ**». [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٩) – لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«لە منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێکیش بێت، ولە بەنی ئیسرائیلەوە بیگێڕنەوە وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بکات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرماندەکات بە گەیاندنی زانستی شەرعی لە قورئان وسونەت، ئەگەرچیش شتێکی کەم بێت وەکو ئایەتێک یان فەرموودەیەک، بەمەرجێک زانستی هەبێت سەبارەت بەوەی دەیگەیەنێت وبانگەوازی بۆ دەکات.
پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردەوە کە گێڕانەوە لە بەنی ئیسرائیلەوە ئاساییە لەوەی بەسەریاندا ڕوویداوە بەمەرجێک پێچەوانەی شەریعەتی ئێمە نەبێت.
پاشان هۆشداری دا لە درۆکردن بەناویەوە، وهەرکەسێک بەئەنقەست درۆ بکات بە ناویەوە ﷺ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دیاری بکات لە دۆزەخدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ گەیاندنی شەریعەتی اللە، و لەسەر مرۆڤە بیگەیەنێت ئەوەی لەبەری کردووە ولێی تێگەیشتووە ئەگەرچیش کەم بێت.

٢. واجبێتی فێربوونی زانستی شەرعی بۆ ئەوەی بتوانێت خوای گەورە بپەرستێت و شەریعەتەکەی بگەیەنێت بەشێوەیەکی دروست.
٣. واجبێتی دڵنیابوون لەسەر دروستێتی فەرمووده پێش گەیاندنی یان بڵاوکردنەوەی بۆئەوەی دوور بێت لەم هەڕەشە توندە.
٤. ئامۆژگاری کردن بە ڕاستگۆیی لە قسەکردندا وئاگاداری لە کاتی گفتدا، بۆ ئەوەی تووشی درۆ نەبێت وبەتایبەتیش تووشی درۆکردن نەبێت بە ناوی شەریعەتی خوای گەورە -عز وجل-.

(٣٦٨٦)

(٢٠) – عن المقدام بن معدِيْكَرِب رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «**أَلَا هَلْ عَسَى رَجُلٌ يَبْلُغُهُ الْحَدِيثُ عَنِّي وَهُوَ مُتَّكِئٌ عَلَى أَرِيكَتِهِ فَيَقُولُ: بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللهِ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهِ حَلَالًا اسْتَحْلَلْنَاهُ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ حَرَامًا حَرَّمْنَاهُ، وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَمَا حَرَّمَ اللهُ**».
[صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه]

(٢٠) – لە میقدام کوڕی مەعیدیەکریبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**سەیرە، نزیکە لەوەی پیاوێک فەرموودەیەکی منی پێبگات لە کاتێکدا لەسەر ڕاخەرەکەی پاڵی داوەتەوە ودەڵێت: لە نێوان ئێمە وئێوە کتێبی خودایە (قورئانە)، هەرشتێک حەڵاڵکرابوو؛ ئێمەش بە حەڵاڵی دادەنێین، و هەرشتێک حەرامکرابوو؛ ئێمەش بە حەرامی دادەنێین»**، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «**هەرشتێک پێغەمبەری خودا حەرامی کردبێت هەروەکو ئەوە وایە خوای گەورە حەرامی کردبێت**». [صەحیحە] - [ئەبو داود وتیرمزی وئیبن ماجە - گێراویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە سەردەمانێک نزیک بووەتەوە کە جۆرێک لە خەڵکی لەسەر ڕاخەرەکانیان پاڵیان داوەتەوە، کاتێک فەرموودەیەکی پێغەمبەری بۆ باسدەکرێت ﷺ ؛ دەڵێت: ئەوەی بڕیار لەسەر بابەتەکانی نێوان تۆ و ئێمە دەدات قورئانی پیرۆزە و بۆ ئێمە بەسە، ئەوەی تێیدا حەڵاڵکراوە بە حەڵاڵ دەیبینین، وکرەوەی پێدەکەین، ئەوەی تێیدا حەرامکراوە بە حەرام دەیبینین ولێی دوور دەکەوینەوە. پاشان پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەر شتێک لە سونەتەکەیدا ؛ حەرامی کردووە یان نەهی لێکردووە ئەوا لە حوکمدا وەکو ئەوەیە کە لە قورئاندا حەرامکراوە، چونکە ئەو حوکمەکانی لە پەروەردگاریەوە گەیاندووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەمەزندانانی سونەت هەروەکو قورئان وهەروەها پابەند بوون پێوەی.
٢. گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر ﷺ ؛ گوێڕایەڵکردنی فەرمەکانی خوای گەورەیە، وسەرپێچیکردنی ؛ سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەیە.
٣. ئاماژەیە بۆ ئەوەی سونەت بەڵگەیە ورەدێکە بۆ ئەوانەی سونەت ڕەتی دەکەنەوە یان نکۆڵی لێدەکەن.
٤. هەرکەسێک پشت لە سونەت بکات وبانگەشەی ئەوە بکات تەنها قورئان بەسە؛ ئەوا لەڕاستیدا پشتی لە هەردوویان کردووە وئەو کەسە درۆ دەکات لە بانگەشەکردنی بۆ شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆز.
٥. لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی ﷺ ئەوەیە هەواڵدەدات سەبارەت بە شتێک بۆیە ڕوودەدات لە داهاتوودابەو شێوەیەی باسیکردووە، و لەڕاستیشدا ڕوویدا بەو شێوەی فەرمووی.

(٦٥٠٠٥)

(٢١) – عن عائشة أم المؤمنين وعبد الله بن عباس رضي الله عنهما قالا: لَمَّا نَزَلَ بِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً لَهُ عَلَى وَجْهِهِ، فَإِذَا اغْتَمَّ بِهَا كَشَفَهَا عَنْ وَجْهِهِ، فَقَالَ وَهُوَ كَذَلِكَ: **«لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى اليَهُودِ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ»** يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١) – له عائيشه (دایكی ئیمانداران)وعبد الله كوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: كاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ تووشی نەخۆشیە سەختەكە بوو ؛ پارچە قوماشێكی دا بەسەر ڕوویدا، ئەگەر تووشی هەناسە تەنگی بووایە ؛ لەسەر ڕووی لایدەدا، لەسەر ئەم حاڵەتە ؛ فەرمووی: **«نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەكە وگاورەكان، گۆڕی پێغەمبەرەكانیان كرد بە مزگەوت»**؛ هۆشداری دەدا لە ئەم كارەیان.
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

عائیشە وعبداللّەی كوڕی عەباس -ڕەزایان خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەكەن كە پێغەمبەر ﷺ كاتێك لە كۆتا ساتەكانی ژیانیدا بوو ؛ پارچە قوماشێكی لەسەر ڕووی دادەنا، ئەگەر هەناسەی توند بووایە بەهۆی سەرەمەرگ ؛ لەسەر ڕووی لایدەدا. كاتێك لەم حاڵە سەختەدا بوو فەرمووی: نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەكە وگاورەكان و لەڕەحمەتی خۆی دووریان بخاتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی مزگەوتیان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرەكانیان دروست دەكرد. ئەگەر بابەتەكە زۆر ترسناك نەبووایە ؛ لەم حاڵەتە سەختەدا باسی نەدەكرد، وهەروەها نەهی كردووە لە ئومەتەكەی ئەو كردەوەیە بكەن ؛ چونكە خۆشوبهاندنە بە جولەكە وگاوڕەكان، وهەروەها هۆكارە بۆ شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە -عز وجل-.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕێگرتن لەوەی گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکان بکرێتە مزگەوت کە خەڵکی نوێژی تێدا بکەن بۆ خوای گەورە، چونکە ئەمە کردەوەیەکی حەرامە و هۆکارە بۆ شیرک وهاوبەش بڕیاردان بۆ پەروەردگار.
٢. زۆر گرنگیدانی پێغەمبەر ﷺ بە تەوحید (یەک خوا پەرستی) وترسانی لەوەی کە گۆڕەکەی بەگەورە دابنرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ الله.
٣. نەفرەت کردن لە جولەکە وگاورەکان ؛ ڕێگەپێدراوە، وهەروەها نەفرەت کردن لە ئەوەی وەکو ئەوان بکات لە دروستکردنی بینا لەسەر گۆڕ وکردنی بە مزگەوت.
٤. دروستکردنی بینا لەسەر گۆڕەکان ؛ ڕێگای جولەکە وگاورەکانە، ولە فەرموودەکەدا ئاماژە کراوە بۆ نەهی کردن لەخۆچواندن پێیان.
٥. کەسێك لەلای یان لەبەرامبەر گۆڕ نوێژ بکات ؛ ئەوا ئەو گۆڕەی کردووە بە مزگەوت، ئەگەرچیش مزگەوتی لەسەر دروست نەکردبێت.

(٣٣٣٠)

(٢٢) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم: **«اللهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا، لَعَنَ اللهُ قَوْمًا اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ»**. [صحيح] - [رواه أحمد]

(٢٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«خودایە گۆڕەکەم نەکرێت بە بتێک -کە بپەرسترێت-، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە کەسانێک گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت».**
[صەحیحە] – [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پاڕایەوە لە پەروەردگاری بەوەی گۆڕەکەی وەکو بتی لێ نەیەت کە خەڵکی بیپەرستێت و بەمەزن دابنرێت، وڕووی لێبکرێت بە سوجدە بردن، پاشان پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەی کرد کە خوای گەورە توڕە بووە لە

کەسانێک ولە ڕەحمەتی خۆی دووری خستەوە چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت -شوێنی پەرستن- ودیواریان لەسەر دروستکرد، چونکە کردنی گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکان بە مزگەوت هۆکارە بۆ پەرستنیان وباوەڕبوون پێیان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. تێپەڕاندنی سنووری شەرعی سەبارەت بە گۆڕی پیاوچاکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بپەرسترێن لەگەڵ خوای گەورە، بۆیە پێویستە مسوڵمان ئاگادار بێت لەو هۆکارەی دەبێتە هۆی تووشبوون بە شیرک وهاوبەشدانان بۆ اللە -سبحانە وتعالی-.
٢. مەبەست ونیازبوون بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکان بە مەبەستی بە گەورەدانانیان وئەنجامدانی پەرستن لەلای قەبرەکە ؛ ئەم کارە حەرامە وڕێگەپێدراو نیە، ئەگەرچیش مردووەکە نزیک بێت لە خوای گەورە.
٣. حەرام بوونی دروستکردنی مزگەوت لە سەر گۆڕەکان.
٤. حەرام بوونی نوێژکردن لە لای گۆڕەکان ئەگەر مزگەوتیشی لە سەر دروست نەکرابێت جگە لە نوێژی جەنازە بۆ ئەو کەسەی نوێژی لەسەر مردووەکە نەکردووە.

(٣٣٣٦)

(٢٣) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا، وَصَلُّوا عَلَيَّ؛ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ»**. [حسن] - [رواه أبو داود]

(٢٣) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وگۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی سەردانیکردن (شوێنی کۆبوونەوە وئاهەنگ گێڕان)، وسەڵات بدەن لەسەرم سەڵاتەکانتان پێم دەگات ئەگەر لە هەر شوێنێک بوون».**
[حەسەنە] - [ئەبو داود گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە: ئەنجام نەدانی نوێژە سونەتەکان لە ماڵەوە ونزا نەکردن وقورئان نەخوێندن تێیدا، چونکە ئەگەر هیچ لەمانە لە ماڵدا ئەنجام نەدرێت ئەوا وەکو گۆڕستانی لێدێت، ونەهی کردووە لە زۆر سەردانیکردنی گۆڕەکان وکۆبوونەوە لە سەریان بەشێوەیەکی زۆر ودووبارە کە ببێتە خوو، چونکە ئەمە هۆکارە بۆ ئەنجامدانی شیرک، فەرمانی کردووە بە زۆر سەڵاتدان لە سەری وسەلامکردن لێی لە هەر شوێنێک بوویت لە سەر زەوی، چونکە پێی دەگات ئەگەر نزیک بیت یان دوور بۆیە پێویست ناکات بەزۆری سەردانی قەبرەکەی بکرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی کردن لە ئەنجام نەدانی پەرستنەکان لە ماڵەوە.
٢. قەدەغەکردن ورێگرتن لە سەفەر کردن کە مەبەست تەنها سەردانیکردنی گۆڕی پێغەمبەر بێت ﷺ ؛ چونکە ئەو فەرمانی کردووە بە سەڵاتدان لەسەری وهەواڵیداوە کە پێی دەگات، بەڵکو سەفەری تایبەت دەکرێت بۆ مزگەوتەکە بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژ تێیدا.
٣. حەرام بوونی سەردانیکردنی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بە شێوەیەک کە بەردەوام سەردانی بکرێت ودووبارە ببێتەوە وەکو جەژنی لێبێت، کە بە شێوەیەکی تایبەت بێت لە کاتێکی تایبەت، وبە هەمان شێوە سەردانیکردنی هەموو گۆڕێکیش نابێت بەم شێوەیە بێت.
٤. ڕێز وپلەوپایەی پێغەمبەر ﷺ لەلای پەروەردگاری، ئاماژە بۆی لێرەدا؛ ڕێگەپێدراوە سەڵاتدان لەسەری وسەلامکردن لێی لە هەموو شوێن وکاتێک.
٥. نەهی کردن لە نوێژکردن لە گۆڕستان و لەلای گۆڕەکان زانراوە وجێگیرە لەلای هاوەڵان؛ بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لەوەی ماڵەوە وەکو گۆڕستانی لێبکرێت بەشێوەیەک نوێژ تێیدا ئەنجام نەدرێت.

(٣٣٥٠)

(٢٤) – عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ المؤمنين رضي الله عنها: أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ ذَكَرَتْ لِرَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَنِيسَةً رَأَتْهَا بِأَرْضِ الْحَبَشَةِ، يُقَالُ لَهَا مَارِيَةُ، فَذَكَرَتْ لَهُ مَا رَأَتْ فِيهَا مِنَ الصُّوَرِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«أُولَئِكَ قَوْمٌ إِذَا مَاتَ فِيهِمُ الْعَبْدُ الصَّالِحُ، أَوِ الرَّجُلُ الصَّالِحُ، بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ، أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللهِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤) – له عائيشه (دایکی ئیماندارانەوە) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئوم سەلەمە باسی کڵێسایەکی بە ناوی ماریا کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ لە حەبەشە، وباسی ئەو وێنانەی کرد کە تیایدا بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«ئەوان قەومانێکن ئەگەر بەندە وپیاوی چاك لە ناویاندا بمردایە؛ لە سەر قەبرەکەی شوێنی پەرستنیان دروست دەکرد، وئەو وێنانەیان لەو شوێنانەدا دادەنا، ئەوانە خراپترین بوونەوەرن لەلای خوای گەورە».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

دایکی ئیمانداران ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ کاتێك لە حەبەشە بوو کڵێسایەکی بینی -کە پێی دەووترا ماریە-، وێنە ونەخش وپەیکەری تێدا بوو ؛ وئەمەی پێ سەیر بوو! پێغەمبەر ﷺ هۆکاری دانانی ئەو وێنانەی ڕوونکردەوە، فەرمووی: ئەوانەی باسیان دەکەیت ئەگەر پیاوچاکێك لەنێویان بمردایە ؛ لەسەر گۆڕەکەی شوێنی پەرستنیان دروست دەکرد، وئەو وێنانەیان تێدا دادەنا، وڕوونیکردەوە بکەری ئەم کارانە ؛ خراپترین خوڵقێنراوە لەلای الله -سبحانه وتعالى-، چونکە کردەوەکەی هۆکارە بۆ شیرك وهاوبەش بڕیاداران بۆ الله -سبحانه وتعالى-.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامێتی دروستکردنی مزگەوت لە سەر گۆڕەکان، یان نوێژکردن لەلای گۆڕەکان، یان ناشتنی مردووەکان لە ناو مزگەوتەکان، ئەم حەرامکردنە ؛ بۆ ڕێگرتنە لە هۆکارەکانی شەریک وهاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە.
٢. دروستکردنی مزگەوت لە سەر گۆڕەکان، وهەڵواسینی وێنەی ڕۆح لەبەر تێیاندا لە کردەوەی جولەکە وگاوڕەکانە، وئەوەی ئەم کردەوەیە بکات ئەوا خۆی چواندووە بە ئەوان.
٣. حەرامێتی هەڵواسینی وێنەی ڕۆح لەبەر.
٤. ئەوەی مزگەوت دروست بکات لە سەر گۆڕێک و وێنەی تێدا هەڵبواسێت ؛ ئەوا لە خراپترین بوونەوەرەکانە لای خوای گەورە -سبحانه وتعالى-.
٥. ئاماژەیە بۆ ئەوەی شەریعەت بیروباوەڕی تەوحیدی (یەک خوا پەرستی) پاراستووە بەهەموو بەشەکانییەوە، بەشێوەیەک شەریعەت هەموو ڕێگایەکی داخستووە کە ببێتە هۆی شیرک وهاوبەش بڕیاردان بۆ الله.
٦. نەهی کردن لە زێدەڕۆیی بەرانبەر پیاوچاکان ؛ چونکە هۆکارە بۆ شیرك وهاوبەش بڕیادان بۆ الله.

(١٠٨٨٧)

(٢٥) – عن جندب رضي الله عنه قال: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَبْلَ أَنْ يَمُوتَ بِخَمْسٍ وَهُوَ يَقُولُ **«إِنِّي أَبْرَأُ إِلَى اللهِ أَنْ يَكُونَ لِي مِنْكُمْ خَلِيلٌ فَإِنَّ اللهَ تَعَالَى قَدِ اتَّخَذَنِي خَلِيلًا كَمَا اتَّخَذَ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا، وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا مِنْ أُمَّتِي خَلِيلًا لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلًا؛ أَلَا وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ، أَلَا فَلَا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ؛ إِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٥) – لە جوندوبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو پێنج (شەو) پێش ئەوەی بمرێت فەرمووی: **«من بەڕائەتی خۆم دەکەم لای خوای باڵادەست کە کەسێک بکەم بە خەلیلی خۆم٨، خوای گەورە منی کردووە بە خەلیلی خۆی هەروەکو چۆن ئیبراهیمی کرد بە**

**خەلیلی خۆی، ئەگەر کەسێکم بکردایە بە خەلیلی خۆم لە ئومەتەکەمدا ئەوا ئەبو بەکرم دەکرد بە خەلیلی خۆم، ئەوانەی پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت، ئێوە گۆڕەکان نەکەن بە مزگەوت، من نەهیتان لێ دەکەم لە ئەو کارە».** ^٨(خەلیل: واتە ئەوپەڕی پلەی خۆشەویستی) [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەرﷺ پێش مردنی باسی پلەی خۆی دەکات لای الله، کە گەیشتووەتە بەرزترین پلەکانی خۆشەویستی، هەروەکو چۆن ئیبراهیم -علیه السلام- گەیشت بە ئەو پلەیە، وڕەتی کردەوە لەوەی کە هیچ خەلیلێکی هەبێت جگە لە الله، چونکە دڵی پڕ بووە لە خۆشەویستی الله وبە گەورەدانانی وناسینی، بۆیە دڵی شوێنی کەسێکی تری تیا نابێتەوە جگە لە الله. ئەگەر پێغەمبەر ﷺ کەسێکی بکردایە بە خەلیلی خۆی لە خەڵکیدا ئەوا ئەبوبەکری سدیقی دەکرد بە خەلیلی خۆی -ڕەزای خوای لێبێت-.

پاشان هۆشداری داوە سەبارەت بە تێپەڕاندنی سنووری ڕێگەپێدراو لە خۆشویستن؛ چونکە جولەکە ونەسڕانیەکان تووشی ئەم زیادەڕەویە بوون سەبارەت بە گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکانیان هەتا وایان لێهات کردیانن بە پەرستراو وهاوبەش بۆ الله، و لەسەر گۆڕەکانیان دیوار ومزگەوت وشوێنی پەرستنیان دروستدەکرد، وپێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ئومەتەکەی کە ئەو کارە بکەن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی ئەبوبەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت-، و ئەو باشترینی نێو هاوەڵانە وشایستەترینە بۆ خیلافەت وجێنیشینی پێغەمبەری خودا ﷺ لەپاش وەفات کردنی.

٢. دروستکردنی دیوار وشوێنی پەرستن لەسەر گۆڕەکان ؛ لە کردەوە خراپ وچەوتەکانی ئومەتانی پێشووە.

٣. نەهی کردن لەوەی کە گۆڕەکان وگۆڕستانەکان بکرێنە شوێنی خوا پەرستی بەوەی کە نوێژیان لا بکرێت یان نوێژ بەرامبەریان بکرێت یان مزگەوت وگومەزیان لە سەر دروستبکرێت، چونکە ئەنجامدانی هەر کارێک لەمانە هۆکارە بۆ تووشبوون بە شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە.
٤. ئاگادارکردنەوە وهۆشداری لە زیادەڕەوی کردن بەرانبەر پیاوچاکان چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تووشبون بە شیرک.
٥. مەترسی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ سەبارەتی هۆشداری داوە چونکە زیاتر جەختی لەسەری کردەوە بە پێنج شەو پێش وەفات کردنی.

(٣٣٤٧)

(٢٦) – عن أبي الهيَّاج الأسدي قال: قَالَ لِي عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ: **«أَلَا أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ أَنْ لَا تَدَعَ تِمْثَالًا إِلَّا طَمَسْتَهُ، وَلَا قَبْرًا مُشْرِفًا إِلَّا سَوَّيْتَهُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٦) – لە ئەبی هەیاجی ئەسەدیەوە دەڵێت: عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- پێمی ووت: **«ئایا ڕەوانەت بکەم لە سەر ئەو ڕێنماییانەی کە پێغەمبەر ﷺ منی لەسەر ڕەوانە کرد؟ هەر پەیکەرێک یان وێنەیەکت بینی بیشکێنە وتێکی بدە، وهەر گۆڕێکی بەرزکراوە وڕازێندراوەت بینی تەختی بکە لەگەڵ زەویدا».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی دەنارد بۆئەوەی هیچ پەیکەر وبت و وێنەی ڕۆح لەبەرێک ئەگەر بەرجەستکراو بێت یان نا ؛ نەهێڵنەوە، هەمووی لاببەن وبیشوێنن وتێکیبشکێنن.
وهەروەها واز نەهێنن لە هیچ گۆڕێکی بەرزکراوە ؛ تەختی بکەن لەگەڵ زەوی، وئەوەی لەسەری دروستکراوە لە بینا ودیوار بیڕمێنن، یان تەنها دەبێت بەئەندازەی بستێک بەرز بکرێتەوە لەسەر زەوی.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پەیکەر دروستکردن و وێنەکێشانی ڕۆح لەبەرەکان دروست نیە وحەڕامە ؛ چونکە هۆکارە بۆ شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە.
٢. لابردنی خراپە بەدەست بۆ کەسێک دەسەڵات وتوانای هەبێت.
٣. بەپەرۆشی پێغەمبەر ﷺ لەسەر لابردنی هەرشتێک ئاماژە بێت بۆ جاهیلیەت، لە وێنە وبت وبیناکردن لەسەر گۆڕەکان.

(٥٩٣٤)

(٢٧) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسعودٍ رضي الله عنه عن رَسولِ اللهِ صلى الله عليه وسلم قال: **«الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، -ثلاثًا-»**، وَمَا مِنَّا إِلَّا، وَلَكِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يُذْهِبُهُ بِالتَّوَكُّلِ. [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٢٧) – لە عبداللّەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«شومیەتی شیرکە (هاوەڵدانانە بۆ خوای گەورە)، شومیەتی شیرکە، شومیەتی شیرکە، -سێ جار فەرمووی-»**، -پاشان ئیبن مەسعود دەڵێت-: هیچ یەکێک لە ئێمە نییە کە شتێک لە باوەڕبوون بە (شومیەتی) نەیەتە نێو دڵیەوە، بەڵام خوای گەورە -عز وجل- نایهێڵێت بە تەوەکول وپشت بەستن بە ئەو. [صەحیحە]
- [ئەبو داود وتیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هۆشداری داوە لە شومیەتی، ئەمیش بریتیە لە ڕەشبینی لە هەرشتێکی بیستراو یان بینراو، لە باڵندە وئاژەڵ ونەخۆش وژمارە وڕۆژەکان وهتد، لێرەدا باسی باڵندەی کرد چونکە لە جاهیلیەتدا شومیەتی بە باڵندە بەر بڵاو بوو، باڵندەکەیان هەڵدەدا لەکاتی ویستی سەفەرکردن یان هەر کارێکی تر، ئەگەر باڵندەکە بۆ لای ڕاست بچووایە ؛ گەشبین دەبوون

وكارەكەیان دەكرد، بەڵام ئەگەر باڵندەكە بەرەو لای چەپ بچووایە ؛ ڕەشبین دەبوون وكارەكەیان نەدەكرد.
پێغەمبەر ﷺ هەوڵیداوە بەوەی ئەم كارە شیركە، باوەڕبوون بە شومیەتی شیركە ؛ چونكە هەموو خێرێك تەنها بەدەستی الله یە وهەموو شەڕ وزیانێك تەنها الله ی تاك وبێ هاوتا دەتوانێت دووری بخاتەوە وبەندەی لێ بپارێزێت.
ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە لەوەیە دڵی مسوڵمان تووشی شتێك لە شومیەتی ببێت، بەڵام دەبێت دووری بخاتەوە بە تەوەكول وپشت بەستن بە الله، وجێبەجێكردنی هۆكارەكان لەهەمان كاتدا.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. باوەڕ بە شوومێتی (الطيرة) شیركە؛ چونكە پەیوەست بوونی دڵی تێدایە بە جگە لە خوای گەورە.
٢. گرنگی دووبارەكردنەوەی بابەتە بایەخدارەكان، بۆئەوەی لەبەر بكرێن ولە دڵەكاندا جێگیر بن.
٣. تەوەكول وداواكردنی یارمەتی لە پەروەردگار -سبحانه وتعالى- ؛ شومێتی ناهێڵێت لە دڵی بەندەدا.
٤. فەرمانكردن بە تەوەكول وپشت بەستن تەنها بە الله، وپەیوەست كردنی دڵ تەنها بە ئەو زاتە مەزنە -سبحانه وتعالى-.

(٣٣٨٣)

(٢٨) – عن عمران بن حصين رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«لَيْسَ مِنَّا مَنْ تَطَيَّرَ أَوْ تُطُيِّرَ لَهُ، أَوْ تَكَهَّنَ أَوْ تُكُهِّنَ لَهُ، أَوْ سَحَرَ أَوْ سُحِرَ لَهُ، وَمَنْ عَقَدَ عُقْدَةً، وَمَنْ أَتَى كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».** [حسن] - [رواه البزار]

(٢٨) – لە عیمرانی كوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«لە ئێمە نییە: ئەو كەسەی باوەڕی هەبێت بە شومیەتی لە شتێكدا یان داوا بكات بە پشكنینی شومیەتی لە شتێكدا،**

**وئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان داوا بکات فاڵی بۆ بگیرێتەوە، وئەو کەسەی سیحر بکات یان داوا بکات سیحری بۆ بکرێت، وئەوەی گرێیەك ببەستێت، وهەرکەسێک بچێتە لای کاهینێک وبڕوای پێبکات لەوەی کە دەیڵێت ئەوا کوفری کردووە بەوەی کە دابەزیوە بۆ سەر موحەمەد ﷺ».**

[حەسەنە] - [بەزار گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ کاتێک دەفەرموێت: (لەئێمە نییە)؛ ئەمە هەڕەشەیە لە کەسانێک لە ئومەتەکەی کە هەندێک کردەوە دەکەن، لەو کردەوانەیش:

یەکەم: (ئەو کەسەی باوەڕی هەبێت بە شومیەتی لە شتێکدا یان داوا بکات بە پشکنینی شومیەتی لە شتێکدا)، وبنچینەی وشەکە (الطيرة:شومیەتی) : لە هەڵدانی باڵندەوە هاتووە پێش کردنی کارێک لە سەفەرکردن یان بازرگانی یان هتد، ئەگەر باڵندەکە بەلای ڕاستدا بڕوات بەهیوا دەبێت وکارەکەی دەکات، ئەگەر بەرەو لای چەپ بچێت ئەوا ڕەشبین دەبێت وکارەکە ناکات، ئەمە دروست نییە بەهیچ شێوەیەک ئینجا مرۆڤ خۆی بیکات یان داوا بکات یەکێکی تر ئەمەی بۆ بکات، ونەهی کردن لەم بابەتە هەموو شتێکی بیستراو وبینراو دەگرێتەوە لە باڵندەکان وئاژەڵەکان ونەخۆشەکان وژمارە وڕۆژەکان وهتد.

دووەم: (وئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان داوا بکات فاڵی بۆ بگیرێتەوە)؛ هەرکەسێک بانگەشەی زانینی غەیب بکات بە بەکارهێنانی ئەستێرەکان وشتی تر، یان بچێت بۆ لای کاهین وفاڵگرەوەکان -ئەوانەی بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن-، ئەگەر باوەڕیان پێبکات لەوەی دەیڵێن لە زانینی غەیب، ئەوا کوفری کردووە بە ئەوەی دابەزیووە بۆ سەر موحەمەد ﷺ.

سێیەم: (وئەو کەسەی سیحر بکات یان داوا بکات سیحری بۆ بکرێت)؛ ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خۆیان سیحر دەکەن، یان داوا لەکەسێکی تر دەکەن سیحریان بۆ بکات ؛ بۆ سوود یان زیانگەیاندن بە کەسێک، یان گرێ ببەستێت وسیحری لەسەر بکات بەفووکردن وخوێندنی تەڵەسیم وشتە حەرامکراوەکان.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجب بوونی تەوەکول بە خوای گەورە وباوەڕبوون بە قەزا وقەدەری، وحەرامبوونی شومیەتی وڕەشبینی وسیحر وفاڵگرتنەوە، یان پرسیارکردن لەکەسێک سەبارەتیان.
٢. بانگەشەی زانینی غەیب ؛ شیرکە وپێچەوانەی تەوحیدە.
٣. حەرامبوونی باوەڕکردن بە فاڵگرەوەکان وچوون بۆ لایان، وخوێندنەوەی ناولەپ وکوپ وئەستێرەکان وتێڕوانیان ئەگەرچیش تەنها بۆ خوێندنەوە بێت ؛ هەموو ئەمانە حەرامە.

(٥٩٨١)

(٢٩) – عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«لَا عَدْوَى، وَلَا طِيَرَةَ، وَيُعْجِبُنِي الْفَأْلُ»** قَالَ قِيلَ: وَمَا الْفَأْلُ؟ قَالَ: **«الْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٩) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: **«نەخۆشی بە ویستی خۆی ناگوازرێتەوە، وشومیەتی نییە، وفەئلم پێ خۆشە؟»»،** ووتیان: فەئل چییە؟ فەرمووی: **«وشەی جوان وشیرین».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە بیروباوەڕی خەڵکی جاهیلیەت بەوەی نەخۆشی خۆی دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر ؛ بەبێ قەدەری خوای گەورە، ئەمە بیروباوەڕێکی پوچەڵە. وباوەڕبوون بە شومیەتی پوچەڵە، ئینجا باوەڕ بە شومێتی بێت لە هەرشتێکی بیستراو یان بینراو، لە باڵندە وئاژەڵ ونەخۆش وژمارەکان ورۆژەکان وهتد.
لێرەدا باسی باڵندەی کرد کە بەدەستەواژەی -الطیرة- لە فەرموودەکەدا هاتووە؛ وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەوەی لەلای خەڵکی جاهیلیەت بڵاو بوو، پێش دەستپێکردنی کارێك یان سەفەرێك یان بازرگانیەك باڵندەکەیان هەڵدەدا، ئەگەر بەلای ڕاست بڕۆیشتیایە ؛ بەهیوا بوون وکارەکەیان دەکرد، وئەگەر

باڵندەکە بەرەو لای چەپ بڕۆیشتایە ؛ ڕەشبین دەبوون وکارەکەیان نەدەکرد. پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە -فەئل : قسەی جوان وشیرین-ی پێ خۆشە، ئەمیش ئەو قسانەیە مرۆڤ دەیبیستێت لە وشەی جوان وباش ودەبنە هۆی ئاسوودەبوونی، و وایلێدەکەن گومانی باش ببات بە پەروەردگاری.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. تەوەکول وپشت بەستن تەنها بە الله، وهەموو خێرێك تەنها بەدەستی الله یە، وشەڕ وزیانیش تەنها الله دووری دەخاتەوە -سبحانه وتعالی-.
٢. نەهی کردن لە شومێتی، ئەمیش بریتیە لە باوەڕبوون بە شومێتی لە هەندێك شتدا، و بەهۆیەوە هەندێك کردەوە نەکرێت.
٣. وشەی جوان وشیرین -فەئل- لە شومێتی نییە ؛ کە نەهی لێکراوە، بەڵکو وشەی جوان لە گومان باشییە بە الله -سبحانه وتعالی-.
٤. هەموو شتێك ڕوودەدات بە ئەندازەگیری وقەدەری الله ی تاك وبێ هاوتا وبێ هاوبەش -سبحانه وتعالی-.

(٣٤٢٢)

(٣٠) – عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الجُهَنِيِّ رضي الله عنه أَنَّهُ قَالَ: صَلَّى لَنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ عَلَى إِثْرِ سَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلَةِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ، فَقَالَ: **«هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ؟»** قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: **«أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ، فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ: بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا، فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٠) – لە زەید کوڕی خالید ئەلجوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ پێشنوێژی بۆ کردین لە نوێژی بەیانی لە حودەیبیە پاش ئەوەی شەوەکەی باران باری، کاتێک نوێژەکە تەواو بوو ڕووی لە خەڵکی کرد،

فەرمووی: **«ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟»**، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، -پێیانی فەرموو کە پەروەردگار- فەرموویەتی: **«بەیانی هات بەسەر بەندەکانمدا؛ هەندێکیان ئیمانیان بە من هێنا، وهەندێکیان کافربوون -بێباوەڕبوون بە من-، ئەوەی ووتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی فەزڵ ورەحمەتی الله؛ ئەوەی ئیمانی بە من هێناوە وکافر بووە بە ئەستێرەکان، بەڵام ئەوەی کە ووتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی ئەستێرەی فڵان وفڵانەوە؛ ئەوا کافر -بێباوەڕ- بووە بە من وئیمانی هێناوە بە ئەستێرەکان».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نوێژی بەیانی لە حودەیبیە کرد -ئەمیش لادێیەکە نزیک مەککە- پاش ئەوەی باران باری لەو شەوەدا، کاتێک سەلامی دایەوە ونوێژەکەی تەواو کرد ڕووی لە خەڵکی کرد، پرسیاری لێیان کرد: ئایا دەزانن پەروەردگارتان -عز وجل- ئەمشەو چی فەموو؟ ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: خوای گەورە -سبحانە وتعالى- ڕوونی کردەوە کە خەڵکی لەپاش باران بارین دابەش بوون بەسەر دوو کۆمەڵ: کۆمەڵێک باوەڕیان بە الله هەیە -سبحانە وتعالى-، وکۆمەڵێکی تر کوفریان کرد بە الله -سبحانە وتعالى- ؛ ئەوەی ووتی: بە فەزڵ ورەحمەتی خوای گەورە بارانمان بۆ باری، هۆکاری باران بارینەکەی گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی خوای گەورە؛ ئەمە باوەڕی هەیە بە الله کە پەروەردگاری گەردوونە و بەڕێوەبەریەتی، وبێباوەڕە بە ئەستێرەکان.

بەڵام ئەوەی ووتی: بەهۆی فڵان وفڵان ئەستێرە بارانمان بۆ باری ئەوا کوفری کردووە بە الله، وباوەڕی هەیە بە ئەستێرەکان، وئەمە کوفری بچووکە چونکە هۆکاری باران بارینەکەی گەڕانەوە بۆ ئەستێرەکان؛ واتا باوەڕی وایە خوای گەورە بڕیاری لەسەر هۆکاری شەرعی وقەدەری نەداوە بۆ باران بارین.

بەڵام هەرکەسێک پێی وابێت دابەزینی باران وهتد لە ڕووداوەکانی سەر زەوی هۆکارەکەی جوڵانەوەی ئەستێرەکانە لە دەرچوون ونەمانیان و ئەوان بکەری ڕاستەقینەن ودەسەڵاتیان هەیە بەسەریاندا، ئەوا ئەمە کوفری گەورەیە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە پاش دابەزینی باران بڵێت: (مُطرنا بفضل الله ورحمته) واتە: (بارانمان بۆ باری بە فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورە).

٢. هەرکەسێک پێی وابێت نیعمەتی باران بارین وهتد ئەستێرەکانن دروستی دەکەن ودەیانهێننە بوونەوە ئەوا ئەمە کوفری گەورەیە، وهەرکەسێک پێی وابێت ئەستێرەکان هۆکارن بۆ باران بارین وهتد ئەوا ئەمە کوفری بچووکە چونکە ئەمە هۆکارێکی شەرعی وهەستی نیە.

٣. نیعمەت لەوەیە ببێتە هۆکار بۆ کوفر ئەگەر لەبەرامبەر ئەوەی پێی بەخشراوە سپڵە بێت وکوفر بکات بە پەروەردگاری، ولەوەیە هۆکار بێت بۆ ئیمان ئەگەر لەبەرامبەر ئەوەی پێی بەخشراوە سوپاسگوزار بێت.

٤. نەهی کراوە لەوەی بووترێت: (بارانمان بۆ باری بەهۆی فڵان وفڵان ئەستێرەوە)، ئەگەرچیش مەبەستی کات بێت؛ ئەمیش بۆ داخستنی هۆکارەکانی شیرک بڕیاردان.

٥. واجبێتی بەستنەوەی دڵ بە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لە هێنانی نیعمەت ودوورخستنەوەی ناڕەحەتیەکان.

(٦٥٠١٠)

(٣١) – عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَقْبَلَ إِلَيْهِ رَهْطٌ، فَبَايَعَ تِسْعَةً وَأَمْسَكَ عَنْ وَاحِدٍ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللّٰهِ، بَايَعْتَ تِسْعَةً وَتَرَكْتَ هَذَا؟ قَالَ: **«إِنَّ عَلَيْهِ تَمِيمَةً»**، فَأَدْخَلَ يَدَهُ فَقَطَعَهَا، فَبَايَعَهُ، وَقَالَ: **«مَنْ عَلَّقَ تَمِيمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ»**. [حسن] - [رواه أحمد]

(٣١) – لە عوقبەی کوڕی عامری جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ، نۆ کەسیان بەیعەتیان دا وبەیعەتی لە دەیەم وەرنەگرت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، بەیعەتی نۆیانت وەرگرت و

وازت لە ئەو هێنا؟ فەرمووی: **«تەمیمەی پێوەیە -بەخۆیەوە هەڵیواسیوە-»،** پیاوەکەیش دەستی دایە وپچڕانی، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بەیعەتی لێوەرگرت، وفەرمووی: **«ئەوەی تەمیمەیەک^ هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە».** ^(تەمیمە؛ واتە: کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك یان شتێکە -چاوەزارێکە- لە دەست دەکرێت یان دەکرێتە ملەوە یان هەڵدەواسرێت کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت)
[حەسەنە] - [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

کۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ، دە کەس بوون، نۆیان بەیعەتیان دا لەسەر ئیسلام وشوێنکەوتنی، بەڵام بەیعەتی دەیەمی وەرنەگرت، پرسیاری لێکرا سەبارەت بە هۆکارەکەی؛ ﷺ فەرمووی: تەمیمەی بەخۆیەوە هەڵواسیوە، تەمیمە: پێچراوێکە یان هەڵواسراوێکە لە موروو وشتی تر دروستدەکرێت کە پێیان وایە لە چاوپیسی وزیان دەیانپارێزێت. پیاوەکە دەستی برد بۆ شوێنی تەمیمەکە وپچڕانی وفڕێی دا، پاشان پێغەمبەر ﷺ بەیعەتی لێوەرگرت، وحوکمەکەی ڕوونکردەوە وهۆشداریدا ؛ فەرمووی: «ئەوەی تەمیمەیەک هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە».

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هەرکەسێک تەوەکولی بە جگە لە الله هەبێت، وداوای یارمەتی وبە هانا هاتن لە جگە لە الله بکات؛ ئەوا الله بە پێچەوانەی مەبەستەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.
٢. هەرکەسێك باوەڕی وابێت کە هەڵواسینی تەمیمە هۆکارە بۆ دوورخستنەوەی ئازار وچاوپیسی ؛ ئەمە شیرکی بچووکە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابێت خودی تەمیمەکە سوودی هەیە یان زیان دوور دەخاتەوە ؛ ئەمە شیرکی گەورەیە.

(٦٧٦٢)

(٣٢) – عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«إِنَّ الرُّقَى والتَمائِمَ والتِّوَلَةَ شِرْكٌ»**. [صحيح] - [ رواه أبو داود وابن ماجه وأحمد]

(٣٢) – له عبداللهی كوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«(روقیەکان - الرقی) و(تەمیمەکان - التمائم) و(تیوەلەکان - التولة) شیرکن»**. (روقیەکان - الرقی): هەندێك وتەن ماناکانی نازانرێت کە ناوی شەیتانەکان وهاوشێوەی ئەوانەیە کە ساحیرەکان ئەنجامی دەدەن. (تەمیمەکان - التمائم): کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك یان شتێکە (چاوەزارێکە) لە دەست دەکرێت یان دەکرێتە ملەوە یان هەڵدەواسرێت کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت. (تیوەلەکان - التولة): زۆرجار ساحیرەکان ئەنجامی دەدەن بۆ ئەوەی دووکەس یەکیان خۆش بوێت یان بۆ ئافرەتان ئەنجامی دەدەن بۆ ئەوەی مێردەکانیان خۆشیان بوێن. [صەحیحە] - [ئەبو داود وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بۆمانی ڕووندەکاتەوە کە هەندێک شت کردنیان شیرکە، لەوانەش:

یەکەم: (روقیەکان - الرقی): هەندێك وتەن ماناکانی نازانرێت کە شیرک یان ناوی شەیتانەکان وهاوشێوەی ئەمانەی تێدایە وساحیرەکان بەکاریدەهێنن ؛ ولە جاهیلیەتدا بۆ شیفاوەرگرتن بەکاردەهێنرا.

دووەم: (تەمیمەکان - التمائم): لە موروو وشتی تر دروستدەکرێت دەکرێتە ملی مرۆڤ و ئاژەڵەوە یان هەڵدەواسرێت، یان کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت.

سێیەم: (تیوەلەکان - التولة): زۆرجار ساحیرەکان دەیکەن بۆ ئەوەی دووکەس یەکیان خۆش بوێت.

ئەم شتانە شیركن؛ چونكە كراون بە هۆكار، لەكاتێدا هۆكارێكی شەرعی نین بە بەڵگەوە سەلمێنرا بێت، وهۆكارێكی هەستپێكراو ە بەتاقیكردنەوە سەلمێنرا بێت. بەڵام هۆكارە شەرعیەكان وەكو خوێندنی قورئان، یان هۆكارە هەستپێكراوەكان وەكو دەرمانەكان كە بەتاقیكردنەوە سەلمێنراون، ئەمانە ڕێگەپێدراون ؛ لەگەڵ باوەڕبوون بەوەی تەنها هۆكارن، وسوود وزیان هەمووی بەدەستی الله یە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. پاراستنی تەوحید وبیروباوەڕ لەو شتانەی تووشی كەموكورتی دەكەن.
٢. حەرامبوونی بەكارهێنانی روقیەی شیركی وتەمیمە وتیوەلە.
٣. مرۆڤ ئەگەر باوەڕی وابێت ئەم سێیە تەنها هۆكارن: ئەوا ئەمە شیركی بچووكە؛ چونكە شتێكی كردووە بەهۆكار كە لەڕاستیدا هۆكار نییە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابێت خودی خۆیان سوود وزیان دەگەیەنن؛ ئەمە شیركی گەورەیە.
٤. هۆشداری لە كردنی هۆكارە شیركیە حەرامكراوەكان.
٥. حەرامبوونی روقیەكان وشیركن مەگەر ئەوانەیان نەبێت كە ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا.
٦. دەبێت بەندە دڵی تەنها پەیوەست بێت بە الله، سوود وزیان لەلایەن خودای تاكی بێ هاوبەش وبێ هاوتاوە دێت بەپێی حیكمەتی خۆی -سبحانه وتعالى-، تەنها خوای گەورە خێر دەهێنێت وتەنها ئەویش شەڕ وزیان لە بەندە دوور دەخاتەوە.
٧. ئەو ڕوقیەی ڕێگەپێدراوە دەبێت سێ مەرجی تێدا بێت:
١- دەبێت باوەڕ وابێت تەنها هۆكارە وسوودی نابێت مەگەر پاش ئیزنی الله -سبحانه وتعالى-.
٢- دەبێت بەقورئان وناوەكانی الله وسیفەتەكانی ونزا ڕێگەپێدراوەكان بێت.
٣- دەبێت بە زمانێک بێت مرۆڤ لێی تێبگات وهیچ تەڵسیم وجادووی تێدا نەبێت.

(٥٢٧٣)

(٣٣) – عن بعض أزواج النبي صلى الله عليه وسلم عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٣) – له یەکێک له هاوسەرەکانی پێغەمبەرەوە که پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێکی لێبکات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناکرێت»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هۆشداری دەدات سەبارەت بەچوون بۆ لای فاڵگرەوەکان -ئەمیش هەموو کاهین وئەستێرەناس وهتد دەگرێتەوە؛ لەئەوانەی بانگەشەی زاینی غەیب دەکەن بەهۆی ئەو شتانەی بەکاریدەهێنن-، وتەنها داواکردنی شتێک لێیان سەبارەت بە غەیب ؛ خوای گەورە لە پاداشتی نوێژکردنی چل ڕۆژ بێبەشی دەکات، وئەمە سزای ئەم تاوانە گەورەیە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی فاڵگرتنەوە، وچوون بۆ لایان وپرسیارکردن لێیان سەبارەت بە غەیب ؛ هەمووی حەرامە.
٢. لەوەیە مرۆڤ بێبەش بکرێت لە پاداشتی پەرستنەکان وەکو سزایەک بۆی لەسەر کردنی تاوان.
٣. فەرموودەکە؛ تێڕوانینی ئەستێرەکان وکوپیش دەگرێتەوە -ئەگەرچیش تەنها بۆ خوێندنەوە بێت-، چونکە هەموو ئەمانە فاڵگرتنەوە وکیهانەتن وبانگەشەکردنی زانینی غەیبە.
٤. ئەگەر ئەمە سزای ئەو کەسە بێت کە دەچێت بۆ لای فاڵگرەوەکان، ئەی دەبێت سزای فاڵگرەوەکە چۆن بێت؟!
٥. ئەگەر ئەو چل ڕۆژە نوێژ ئەنجامبدات ؛ فەرزێتی ئەم نوێژانەی لەسەر لادەچێت و واجب نیە لەسەری قەزایان بکاتەوە، بەڵام هیچ پاداشتێکی دەستناکەوێت لەسەر ئەنجامدانیان.

(٥٩٨٦)

(٣٤) – عن ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما أنه سَمِعَ رَجُلًا يَقُولُ: لَا وَالْكَعْبَةِ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: لَا يُحْلَفُ بِغَيْرِ اللَّهِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ»**. [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

(٣٤) – له ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە گوێی لە پیاوێک بوو دەیووت: نەخێر سوێند بە کەعبە، ئیبن عومەر ووتی: نابێت سوێند بخورێت بە جگە لە الله، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو کە دەیفەرموو: **«ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە»**. [صەحیحە] – [ئەبو داود وتیرمزی وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک سوێند بخوات بە جگە لە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی ئەوا کوفری کردووە بە خوا وهاوەڵی بۆ بڕیار داوە؛ چونکە سوێند خواردن بەمەزندانانی سوێند پێخوراوە، و بەمەزندانان تەنها مافی خوای گەورەیە ؛ بۆیە دەبێت مرۆڤ بەتەنها سوێند بە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی بخوات، وئەم سوێند خواردنە بە جگە لە الله شیرکی بچووکە؛ بەڵام ئەگەر سوێندخۆر ئەوەندە سوێندپێخوراو بەمەزن دابنێت وەکو بەمەزندانانی الله یان زیاتر ؛ ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێتە شیرکی گەورە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بە مەزندانان و بە گەورەکردنی کەسێک یان شتێک بە سوێند خواردن تەنها بۆ خوای گەورە دەبێت؛ بۆیە نابێت سوێند بە کەسێک یان شتێکی تر بخورێت جگە لە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی.

٢. بەپەرۆشی هاوەڵان لەسەر فەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە، بەتایبەت ئەگەر ئەو خراپەیە پەیوەندی بە شیرک یان کوفرەوە هەبێت.

(٣٣٥٩)

(٣٥) – عن بريدة رضي الله عنه : أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال:
**«من حَلَفَ بالأَمَانة فليس مِنَّا».** [صحيح] - [رواه أبو داود وأحمد]

(٣٥) – له بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی سوێند بە سپاردە (ئەمانەت) بخوات؛ ئەوا لە ئێمە نییە».** [صەحیحە] – [ئەبو داود وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

واتای فەرموودەکە: ئاگاداری کردنەوە وهەڕەشە سەبارەت بە سوێندخوادرن بە سپاردە (ئەمانەت)؛ چونکە سوێندخواردن بە سپاردە سوێندخواردنە بە جگە لە خوای گەورە، وسوێندخواردن بە جگە لە خوای گەورە شیرک وهاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك) (رواه الترمذي) واتا: (ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات؛ ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە)، ومەبەست لە شیرک لێرەدا شیرکی بچووکە، ئەگەر ئەو کەسەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە دەخوات باوەڕی وابێت کە ئەم کەسە یان شتەی سوێندی لەسەر دەخوات لە ئاست وپلەوپایەی خودایە لە بەمەزنداىان وپەرستندا وهاوشێوەی ئەمانە؛ ئەوا ئەم کەسە شیرکی گەورە کردووە کە هۆکاری هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام، پەنا بە خودا.

ومسوڵمان دەبێت سوێند تەنها بە الله (خودا) بخوات یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی، ولێرەدا سپاردە (ئەمانەت) مەبەست پێی فەرمان وفەرزەکانی خودایە لەسەر مرۆڤەکان وەکو نوێژ وڕۆژوو وحەج کردن وئەوانی تر، وئەمانەیش لە سیفەتی خودا نین بۆیە نابێت سوێندیان پێبخورێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی سوێند خواردن بە جگە لە خوای گەورە؛ ولەوانەش بە ئەمانەت -سپاردە-، وئەمە شیرکی بچووکە.
٢. ئەمانەت -سپاردە-؛ ئەم شتانە دەگرێتەوە: گوێڕایەڵیەکان وپەرستنەکان وشتی ئەسپاردە وپارە -سامان- وئاسایش.

٣. سوێندخواردن دانامەزرێت وجێبەجێ نابێت مەگەر سوێندخواردنێک بێت بە خوای گەورە یان بە ناوێك لە ناوەکانی یان سیفەتێك لە سیفەتەکانی.
٤. خەتابی دەڵێت: وا دەردەکەوێت کە مەکروهیەتی لەوەدایە کە ئەو فەرمانی کردووە بە سوێند خواردن بە الله وسیفەتەکانی، بەڵام ئەمانەت -سپاردە- لە سیفەتەکانی خودا نییە، بەڵکو فەرمانێکە لە فەرمانەکانی، وفەرزێکە لە فەرزەکانی، بۆیە نەهی کراوە لە سوێند خواردن پێی چونکە یەکسان کردنیەتی بە ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە -عز وجل-.

(٨٩٦٤)

(٣٦) – عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم -: **«إِنِّي والله -إنْ شاء الله- لا أَحلف على يمين، فأرى غيرها خيراً منها إلاَّ أَتيتُ الَّذِي هو خير، وتحلَّلْتُهَا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٦) – لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«من والله بە ویستی خوای گەورە، سوێند بخۆم لە سەر شتێک، کە ببینم جگە لەوە باشترە؛ ئەوا ئەوەیان کە باشترە جێبەجێی دەکەم، وکەفارەتی سوێندەکەم دەدەم».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی خۆی دەکات کە ئەگەر سوێندێک بخوات پاش ئەوە ببینێت کە خێر لەوەیە کە بەردەوام نەبێت لە سەر ئەم سوێندە؛ ئەوا واز لە سوێندەکەی دەهێنێت وکەفارەتی سوێندەکەی دەدات، وپابەند دەبێت بەوەی کە خێرترە لە کردەوە کردن بێت یان لە وازهێنان لە کردەوەیەک.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕێگەپێدراوە سوێند خواردن بە بێ ئەوەی داوای لێبکرێت کە سوێند بخوات، ئەمیش بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەواڵەکە ئەگەرچیش لە داهاتوودا ڕووبدات.

٢. دروستێتی جیاکاری (الاستثناء) ئەمیش بە ووتنی: (إن شاء الله) لە پاش سوێندخواردن، وئەگەر نیەتی لەم جیاکاریە هەبوو لەگەڵ سوێندەکەدا ئەوا ئەگەر سوێندەکەی جێبەجێ نەکرد؛ واجب نییە لەسەری کەفارەتی سوێندەکەی بدات.
٣. هاندان بۆ شکاندنی سوێند ئەگەر پێی وابوو شتێکی تر خێری زیاترە لەوەی سوێندی لەسەر خواردووە، ودەبێت کەفارەتی سوێندەکەی بدات.

(٢٩٦١)

(٣٧) – عَنْ حُذَيْفَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«لَا تَقُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ وَشَاءَ فُلَانٌ، وَلَكِنْ قُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ ثُمَّ شَاءَ فُلَانٌ».**

[صحيح بمجموع طرقه] - [رواه أبو داود والنسائي في الكبرى وأحمد]

(٣٧) – لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«مەڵێن: خوای گەورە بیەوێت وفڵان کەس بیەوێت، بەڵکو بڵێن: خوای گەورە بیەوێت پاشان فڵان کەس بیەوێت».**

[صەحیحە؛ بە کۆی ڕێگاکانی] - [ئەبوداود ونەسانی (لە -الکبری) وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لەوەی مسوڵمان بڵێت: (خوای گەورە بیەوێت وفڵان کەس بیەوێت)، یان بڵێت: (خوای گەورە وفڵان کەس بیانەوێت) ؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی ویست وئیرادەی -خواستی- خوای گەورە ڕەهایە وهیچ یەکێك هاوبەشی نییە لەمەدا، بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (و) ئاماژەیە بۆ هەستکردن بەوەی یەکێك هاوبەشی خوای گەورەیە ویەکسانن. بەڵکو دەبێت بڵێت: (خوای گەورە بیەوێت، پاشان فڵان کەس بیەوێت)، دان دەنێت بەوەی ویستی بەندە ملکەچی ویستی الله یە و لەژێر ویستی ئەودایە -سبحانه وتعالى- ؛ بە ووتنی: (پاشان) لەجیاتی (و)، چونکە (پاشان) بۆ بەدوای یەکدا هاتن و بەیەك نەبەستنەوە بەکاردێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی ووتنی: (ما شاء الله وشئت) واتە: (خوای گەورە وتۆ ویستتان لەسەر بێت)، وئەو ڕستانەیشی هاوشێوەی ئەمەن چونکە پیتی (و) ئاماژەیە بۆ بەراوردکردن وهاوتا بوون ؛ ئەمیش لە شیرک وهاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە لە دەربڕین وقسەدا.

٢. دروستێتی ووتنی: (ما شاء الله ثم شئت) واتە: (خوای گەورە ویستی لەسەر بێت پاشان تۆ ویستت لەسەر بێت)، وئەو ڕستانەی هاوشێوەی ئەمەن کە دەستەواژەی (ثم:پاشان)ی لەگەڵدا بەکارهاتووە ؛ چونکە نەهی لێنەکراوە وئاماژە نییە بۆ بەراوردکردن وهاوتا بوون بۆیە ئاساییە.

٣. جەختکردنەوە لەسەر سیفەتی (مشيئة : ویست) بۆ خوای گەورە، وجەختکردنەوە لەسەر بوونی (مشيئة:ویست) بۆ بەندە، و ویستی بەندە لە ژێر ویستی خوای گەورە دەرناچێت بەڵکو ویستی بەندە لە ژێر دەسەڵات وتوانای خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی-.

٤. نەهی کردن لە شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ الله تەنانەت ئەگەر لە دەربڕین وقسەیشدا بێت.

٥. ئەو کەسەی ئەم دەستەواژە نەهی لێکراوە دەڵێت: ئەگەر باوەڕی وابێت کە ویستی بەندە وەکو ویستی الله یە -عز وجل- ویەکسانن لە گشتگیری وڕەهایی، یان باوەڕی وابێت ویستی بەندە سەربەخۆیە ؛ ئەمە شیرکی گەورەیە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابێت ویستی بەندە لە خوار ویستی خوای گەورەیە ؛ ئەمە شیرکی بچووکە.

(٣٣٥٢)

(٣٨) – عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ»** قَالُوا: وَمَا الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: **«الرِّيَاءُ، يَقُولُ اللّٰهُ عز وجل لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِذَا جُزِيَ النَّاسُ بِأَعْمَالِهِمْ: اذْهَبُوا إِلَى الَّذِينَ كُنْتُمْ تُرَاؤُونَ فِي الدُّنْيَا، فَانْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً؟»**. [حسن] - [رواه أحمد]

(٣٨) – له مەحمودی كوڕی لەبیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەو شتەی (تاوانەی) كە زۆر لەسەرتان دەترسم بیكەن: شیركی بچووكە»**، ووتیان: شیركی بچووك چییە، ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: **«ڕیا (ڕوپامایی)، لەڕۆژی قیامەتدا كاتێك خەڵكی لەسەر كردەوەكانیان پاداشت دەدرێنەوە ؛ خوای گەورە -عز وجل- پێیان دەفەرموێت: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی ڕیابازیتان بۆیان دەكرد لە دونیادا، بڕوانن ئایا پاداشتتان دەستدەكەوێت لەلای ئەوان؟»**. [حەسەنە] – [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات ئەو شتەی زۆر دەترسێت ئومەتەكەی تووشی بین: شیركی بچووكە ئەمیش بریتیە لە ڕیا -ڕوپامایی-؛ پێناسەكەی ئەوەیە كەسێك كردەوەی چاك دەكات بۆئەوەی خەڵكی ببینن. پاشان باسی سزای ڕیابازەكانی كرد لە ڕۆژی قیامەتدا، پێیان دەووترێت: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی كردەوەتان بۆیان دەكرد، بڕوانن ئایا پاداشتتان دەدەنەوە لەسەر ئەو كردەوانە؟!

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. واجبێتی دڵسۆزبوون لە كردەوە بۆ الله -عز وجل-، وئاگاداربوون لە ڕیا.
٢. بەزەیی وسۆز وگرنگیدانی پێغەمبەر ﷺ بە ئومەتەكەی، و بەپەرۆشی لەسەر ئەوەی كە ڕێنموێنی وئامۆژگاریان بكات.

٣. ئەگەر ئەمە ترسی پێغەمبەر بێت ﷺ بێت لەسەر هاوەڵان ؛ لەکاتێکدا ئەوان گەورەی پیاوچاکانن، ترس لەسەر ئەوانەی لەپاش هاوەڵان دێن ؛ زیاترە.

(٣٣٨١)

(٣٩) – عن أبي ذر رضي الله عنه أنه سمع النبي صلى الله عليه وسلم يقول: **«لا يَرْمِي رَجُل رَجُلًا بِالفِسْقِ أو الكُفْر إلا ارْتَدَّتْ عليه، إن لم يَكُنْ صَاحبه كذلك»**.

[صحيح] - [رواه البخاري]

(٣٩) – لە ئەبى زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بووە ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەگەر هەرکەسێک تۆمەتی تاوان (فاسقێتی) یان کوفر بۆ هەرکەسێکی تر هەڵبواسێت، ئەوا تۆمەتەکە بۆ دژی خۆی دەگەڕێتەوە؛ ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ حەرامی کردووە کە مسوڵمانێک بە برای مسوڵمانی بڵێت: ئەی فاسق یان ئەی کافر، چونکە ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت، ئەوا ئەم وشە وتۆمەتە بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە وتوویەتی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی تەکفیر یان تەفسیق کردنی خەڵکی، بە بێ ئەوەی بەڵگەی شەرعی لەسەری هەبێت.
٢. واجبێتی دڵنیابوون لەکاتی حوکمدان بەسەر خەڵکیدا.
٣. ئیبن دەقیق ئەلعید دەڵێت: ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئەو کەسەی یەکێك لە مسوڵمانان تەکفیر دەکات؛ لەکاتێکدا بەو شێوەیە نییە، و بەڕاستی گرفتێکی مەزنە.
٤. ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێت: لەڕاستیدا مەرج نییە بەو قسانە کە پێی دەڵێت: کافریت یان فاسقیت یان گوناهباریت؛ دەستبەجێ خۆیشی بگرێتەوە،

لەم شێوازە ووتنە وردەکاری هەیە: ئەگەر مەبەستی ئامۆژگاری کردنی یان ئامۆژگاری کردنی کەسێکی تر بێت بە ڕوونکردنەوەی حاڵی؛ ئەوا لێرەدا دروستە وای پێ بڵێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی عەیبدار کردن وناوزڕاندن وئازاردانی بێت؛ ئەوا دروست نییە، چونکە فەرمانکراوە بە پۆشینی وفێرکردنی وئامۆژگاری کردنی بە چاکە، ئەوەی دەکرێت بە نەرمونیانی نابێت بە توندی جێبەجێ بکرێت؛ چونکە دەبێتە هۆی سەرکێشی وبەردەوامبوونی لەسەر ئەو کارە، هەروەکو لە سروشتی زۆرێك لە خەڵکیدایە کە خۆیان بەرز ڕادەگرن لەئاست جێبەجێکردنی فەرمانەکان، بەتایبەت ئەگەر فەرمانکار پلەی لە خوارەوەی فەرمانپێکراو بێت.

(٨٨٨٣)

(٤٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال، قال: رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«اثنتان في الناس هما بهم كفر: الطعن في النسب، والنياحة على الميت».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٤٠) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«دوو شت هەیە نیشانەی کوفرن لە هەرکەسێکدا ئەگەر ئەنجامیان بدات: تانەدان لە ڕەچەڵەک، هاوار وشیوەن کردن لەسەر مردوو».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەوە دەدات کە دوو سیفەتی کوفر لە ناو خەڵکیدا بەردەوام دەبن، مەگەر کەسێک خوای گەورە بیپارێزێت:

١/ تانەدان وڕەخنەگرتن لە ڕەچەڵەک وبە کەمدانانی.

٢/ هاوار وشیوەن کردن ودەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی ڕووداوی ناخۆشدا کە ئەمە نیشانەی تورەیی ونارازەیی دەربڕینە بەرامبەر قەدەر.

وئەمانە کوفری بچووکن، ئەوەی کوفری بچووک بکات لە ئیسلام دەرناچێت مەگەر باوەڕی وابێت کە ئەم کردەوانە حەڵاڵن وشەریعەت ڕێگەی پێداوە ئەگەر باوەڕی بەم شێوەیە بوو ئەوا پێویستە بۆی ڕوون بکرێتەوە، کردنی کوفری گەورە هۆکاری دەرچوون وهەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ سادەیی و خۆبەگەورە نەزانین بەسەر خەڵکیدا.
٢. واجبێتی ئارامگرتن لەسەر بەڵا ونارەحەتیەکان ونارەزایی دەرنەبڕین.
٣. ئەم کردەوانە کوفری بچووکن، وئەوەی لقێك لە لقەکانی کوفر بکات ئەوا کافر نییە ؛ چونکە کوفرێك نییە کە لە ئیسلام دەری بکات، هەتاوەکو تووشی کوفری گەورە دەبێت.
٤. ئاینی ئیسلام نەهی کردووە لە هەرشتێك کە ببێتە هۆی ناکۆکی وپەرتەوازەیی لە نێو مسوڵمانانیدا ؛ وەکو تانەدان لە ڕەچەڵەك وهتد.

(٦٣٦١)

(٤١) – عن أبي مَرْثَدٍ الغَنَوِيّ رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«لَا تَجْلِسُوا عَلَى الْقُبُورِ، وَلَا تُصَلُّوا إِلَيْهَا»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٤١) – لە ئەبی مەرسەدی غەنەویەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«لەسەر گۆڕەکان دامەنیشن، وبەرامبەریان نوێژ مەکەن»**. [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە دانیشتن لەسەر گۆڕەکان.
وهەروەها نەهی کردووە لە نوێژکردن بەرامبەر گۆڕەکان، ئەمیش بەوەی گۆڕەکە لەئاراستەی قیبلەی نوێژخوێن بێت؛ چونکە ئەمە هۆکارە بۆ هاوبەش وشیرک بڕیادار دان بۆ الله -سبحانه وتعالى-.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی کردن لە نوێژکردن لەنێو گۆڕستانەکان، یان لەنێو گۆڕەکان، یان لەبەرامبەریان، جگە لە نوێژی جەنازە نەبێت ؛ هەروەکو لە سونەتدا هاتووە.
٢. نەهی کردن لە نوێژکردن بەرامبەر گۆڕەکان ئەمیش بۆ داخستنی ئەو دەرگایەی ڕێگایە بۆ شیرک وهاوبەشدانان بۆ الله.

٣. ئاینی ئیسلام نەهی کردووە لە زیادەڕەوی کردن لە گۆڕەکان ونەهی کردووە لە پێڕێزی کردن بەرامبەریان، بۆیە نابێت زیادەڕەوی وکورتڕەوی کردن هەبێت.
٤. ڕێز وپلەوپایەی مسوڵمان دەمێنێت تەنانەت لە پاش مردنیشی، وسەبارەت بە ئەمەیش پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (کسر عظم الميت ككسره حيًا)، واتە: (شکاندنی ئێسکی مردوو وەکو شکاندنی وایە لە کاتی زیندوویەتیدا).

(١٠٦٤٧)

(٤٢) – عن أبي طلحة رضي الله عنه : أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«لا تدخل الملائكة بَيْتًا فيه كلب ولا صُورة»**.

عن ابن عمر رضي الله عنهما ، قال: وعد رسول الله صلى الله عليه وسلم جبريل أن يَأتِيَهُ، فَرَاثَ عليه حتى اشْتَدَّ على رسول الله صلى الله عليه وسلم فخرج فَلَقِيَهُ جبريل فَشَكَا إليه، فقال: إنا لا نَدْخُل بَيْتًا فيه كلب ولا صُورة.
عن عائشة رضي الله عنها ، قالت: واعد رسول الله صلى الله عليه وسلم جبريل عليه السلام، في ساعة أن يأتيه، فجاءت تلك الساعة ولم يَأْتِهِ! قالت: وكان بِيَدِه عصا، فَطَرَحَها من يَدِهِ وهو يقول: **«ما يُخْلِفُ الله وَعْدَهُ ولا رُسُلُهُ»** ثم التَفَتَ، فإذا جَرْوُ كلب تحت سريره. فقال: **«متى دخل هذا الكلب؟»** فقلت: والله ما دَرَيْتُ به، فأمر به فأخرج، فجاءه جبريل -عليه السلام- فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : **«وعَدْتَنِي، فَجَلَسْتُ لك ولم تَأْتِنِي»** فقال: مَنَعَنِي الكلب الذي كان في بيتك، إنا لا نَدْخُل بَيْتًا فيه كلب ولا صورة. [صحيح] - [حديث أبي طلحة متفق عليه. حديث ابن عمر رواه البخاري. حديث عائشة رواه مسلم]

(٤٢) – لە ئەبی تەڵحەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە ماڵێکەوە ئەگەر سەگ یان وێنەی تێدا بێت»**.

وله ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جبریل -علیه السلام پەیمانیدا بە پێغەمبەر ﷺ کە سەردانی بکات، بەڵام لە سەردانیەکەی دواکەوت وئەمیش بووە هۆی نارەحەتی بە لای پێغەمبەرەوە ﷺ، کاتێک هاتە دەرەوەی ماڵەکەی گەیشت بە جبریل، وپێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرد سەبارەت بە هۆکاری دواکەوتنی، وئەویش (جبریل) وەڵامی دایەوە وفەرمووی: **«ئێمە ناچینە ماڵێکەوە ئەگەر ئەگەر سەگ یان وێنەی تێدا بێت»**.

وله عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جبریل -علیه السلام- پەیمانیدا بە پێغەمبەر ﷺ کە سەردانی بکات لە کاتێکی دیاریکراودا، کاتەکە هات وجبریل سەردانی نەکرد! و(عائیشە) دەڵێت: گۆچانێک بە دەستیەوە بوو، فڕێی دا وﷺ فەرمووی: **«خودا پەیمان خۆی ناشکێنێت ونێردراوانیشی بەهەمان شێوە»**، پاشان پێغەمبەر ﷺ ئاوڕی دایەوە بینی تولە سەگێک لە ژێر قەروێڵەکەیەتی. فەرمووی: **«کەی ئەم سەگە هاتە ژوورەوە؟»**، (عائیشە دەڵێت:) ووتم: واللە، نازانم، پاشان فەرمانیکرد ودەرکرا، دەستبەجێ پاش ئەوەی سەگەکە دەرکرا؛ جبریل -علیه السلام- هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«پەیمانت پێدام، دانیشتم بەڵام تۆ نەهاتیت»**، (جبریل) ووتی: **«ئەو سەگە ڕێگر بوو لەوەی بێمە ژوورەوە، ئێمە ناچینە ماڵێکەوە کە سەگ یان وێنەی تێدا بێت»**. [صەحیحە] - [فەرموودەکەی ئەبی تەڵحە (بوخاری و موسلیم) هاوڕان لەسەری - فەرموودەکەی ئیبن عومەر (بوخاری) گێڕاویەتیەوە - فەرموودەکەی عائیشە (موسلیم) گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

واتای فەرموودەکە: فریشتەکان بوونەوەری پاک وچاکەکارن، وبەندەی ڕێزدار وهەڵبژێردراون، ناچنە ماڵێکەوە ئەگەر ماڵەکە سەگ یان وێنەی مرۆڤ وئاژەڵی تێدا بێت (وێنەی ڕۆح لەبەر)، بەڵام ئەو سەگانەی کە بۆ ڕاوکردن یان کشتوکاڵ یان پاسەوانی مەڕوماڵات بەکاردێن ڕاگرتنیان حەرام

نییە، وهەروەها ئەو وێنانەی کە هەڵنەواسراون ورێزلێگراو نین وەکو ئەوانەی سەر جێگا وڕاخەر وجگە لەمانە نابنە هۆی ئەوەی کە فریشتەکان نەچنە نێو ماڵەکانەوە، ئەم فەرموودەیە تەنها سەبارەت بە ئەو فریشتانەیە کە پێیان دەووترێت فریشتەی ڕەحمەت کە هۆکاری هێنانی ڕەحمەت وسەکینەت وئارامین بۆ ماڵەکان.
ئەو فریشتانە ناگرێتەوە: کە بەردەوام لەگەڵ مرۆڤەکانن وکردەوەکان دەنووسن یان ئەوانەی مرۆڤەکان دەپارێزن یان ئەوانەی سزا دەهێنن بۆ سەر مرۆڤەکان یان ئەوانەی دەچنە نێو ماڵەکانەوە بۆ کێشانی ڕۆحی مرۆڤ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامێتی ڕاگرتنی سەگ مەگەر سەگی ڕاوکردن یان مەڕومالاَت یان کشتوکاڵ نەبێت.
٢. هەڵواسینی وێنەی ڕۆح لەبەر لە کردەوە خراپەکانە کە هۆکارە بۆ دووربوونەوەی فریشتەی ڕەحمەت لە ماڵ، وبوونی لە ماڵدا هۆکارە بۆ بێبەشبوونی ئەو ماڵە لە ڕەحمەت، بەهەمان شێوە بوونی سەگ هەروایە.
٣. ئەو فریشتانەی نارۆنە ماڵێك کە سەگ یان وێنەی ڕۆح لەبەری تێدا بێت ؛ فریشتەی ڕەحمەتن، ئەمە فریشتەکانی تر ناگرێتەوە وەکو: ئەو فریشتانەی مرۆڤ دەپارێزن، وئەو فریشتانەی کردەوەکان دەنووسن، وئەوانی تر کە فەرمانێکی دیاریکراویان هەیە، ولە نێویاندا فریشتەی ڕۆح کێشان (ملک الموت) ؛ ئەمانە دەچنە نێو هەموو ماڵێکەوە.
٤. حەرامبوونی هەڵواسینی وێنەی ڕۆح لەبەر لەسەر دیوارەکان وهەر شوێنێکی تری نێو ماڵدا.
٥. خەتابی دەڵێت: ئەو فریشتانە نارۆنە ماڵێك کە سەگ یان وێنەی ڕۆح لەبەری تێدا بێت ؛ ئەوانەیان دەگرێتەوە کە حەرامە ڕاگرتن وهەڵواسینیان لە سەگ و وێنەی ڕۆح لەبەرەکان، بەڵام ئەوانەی کە حەرام نین وەکو سەگی ڕاوکردن وکشتوکاڵ ومەڕومالاَت وئەو وێنانەی کە ڕێزلێنراو نین وەکو وێنەی سەر ڕاخەر وسەرین وهتد ؛ ئەمانە نابنە هۆی نەهاتنە ژوورەوەی فریشتەی ڕەحمەت.

(٨٩٥٠)

(٤٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«لَا تَصْحَبُ الْمَلَائِكَةُ رُفْقَةً فِيهَا كَلْبٌ وَلَا جَرَسٌ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٤٣) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«فریشتەکان هاوەڵی کۆمەڵێک نابن ئەگەر سەگ یان زەنگیان تێدا بێت»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە فریشتەكان هاوەڵی كۆمەڵێک نابن لە سەفەردا ئەگەر سەگ یان زەنگیان لەگەڵدا بێت، ئەم زەنگانە هەندێك جار بە ئاژەڵانەوە هەڵدەواسرێن وكاتێك ئاژەڵەكان دەجووڵێن ؛ دەنگیان هەیە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی كردن لە ڕاگرتنی سەگ وكردنی بەهاوڕێ، جگە لە سەگی ڕاو یان پاسەوانی نەبێت ؛ كە ڕاگرتنیان ڕێگەپێدراوە.
٢. ئەو فریشتانەی لەو كۆمەڵە دوور دەكەونەوە؛ فریشتەی ڕەحمەتن، بەڵام ئەو فریشتانەی بەندەكان دەپارێزن وئەوانەی كردەوەكان دەنووسن لە هەموو كاتێكدا لەگەڵ مرۆڤدان ؛ لەكاتی نیشتەجێبوون وسەفەریان ولە هەموو حاڵەتێكدا.
٣. نەهی كردن لەبەكارهێنانی زەنگ ؛ چونكە مۆسیقای -میزماری- شەیتانە، وخۆچواندنە بە گاوڕەكان لەبەكارهێنانیدا.
٤. دەبێت مسوڵمان بەردەوام هەوڵبدات دوور بكەوێتەوە لەو شتانەی كە دەبنە هۆی دووركەوتنەوەی فریشتەكان لێی.

(٨٩٥١)

(٤٤) – عَن أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«يَأْتِي الشَّيْطَانُ أَحَدَكُمْ فَيَقُولُ: مَنْ خَلَقَ كَذَا؟ مَنْ خَلَقَ كَذَا؟ حَتَّى يَقُولَ: مَنْ خَلَقَ رَبَّكَ؟ فَإِذَا بَلَغَهُ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ وَلْيَنْتَهِ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٤٤) – لە ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«شەیتان دێت بۆ لای یەکێکتان دەڵێت: کێ ئەو شتەی دروستکردووە، کێ ئەو شتەی دروستکردووە، هەتاوەکو دەڵێت: کێ پەروەردگارتی دروستکردووە؟ ئەگەر گەیشت بەمە با پەنا بە خوای گەورە بکرێت و واز بهێنێت».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ باسی چارەسەری بەسوود وکاریگەر دەکات بۆ ئەو وەسوەسانەی شەیتان تووشی ئیمانداری دەکات، شەیتان دەڵێت: کێ ئەوەی دروستکردووە؟ کێ ئەوەی دروستکردووە؟ کێ ئاسمانی دروستکردووە؟ وکێ زەوی دروستکردووە؟ ئیماندار وەڵامی دەداتەوە لەڕوانگەی ئاین وفیترەت وئەقڵەوە، بەوەی دەڵێت خوای گەورە هەموو شتێکی دروستکردووە، بەڵام شەیتان لەم سنوورە ناوەستێت لە وەسوەسە کردن، بەڵکو بەردەوام دەبێت هەتاوەکو دەڵێت: کێ پەروەردگارتی دروستکردووە؟ لەم حاڵەتەدا ئیماندار دەبێت ئەم وەسوەسانە دوور بخاتەوە بەسێ ڕێکار:

- ئیمان هێنان بە الله.
- و پەناگرتن بە خوای گەورە لە شەیتان.
- و وەستان وبەردەوام نەبوون لە بیرکردنەوە لە وەسوەسەکانی شەیتان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پشتکردن لە وەسوەسەکانی شەیتان وئەوەی دەیهێنێت بەسەر نەفسی مرۆڤدا وبیر نەکردنەوە لێی، وپەنا گرتن وهانا بردن بۆ خوای گەورە بۆئەوەی وەسوەسەی شەیتانی لێ دوور بخاتەوە.

٢. ئەوەی تووشی دڵی مرۆڤ دەبێت لە وەسوەسە کە پێچەوانەی شەریعەتە لە شەیتانەوەیە.
٣. نەهی کردن لە بیرکردنەوە لە زاتی پیرۆزی الله -سبحانه وتعالی-، وئامۆژگاری بۆ بیرکردنەوە لە خوڵقێنراو وئایەتەکانی.

(٦٥٠١٣)

(٤٥) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**إِنَّ اللَّهَ قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ: كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ، وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ المُؤْمِنِ، يَكْرَهُ المَوْتَ وَأَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ**». [صحيح] - [رواه البخاري]

(٤٥) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: خوای گەورە فەرموویەتی: «**ئەوەی دژایەتی دۆستێکی (وەلیەکی) من بکات؛ ئەوا من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، وبەندەکەم بە هیچ شتێک لە من نزیک نابێتەوە کە خۆشەویست بێت لە لام ؛ هێندەی نزیکبوونەوەی لێم بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەری فەرزم کردووە، وبەندەکەم بەردەوام لێم نزیک دەبێتەوە بە ئەنجامدانی نافیلەکان^ هەتاوەکو خۆشم دەوێت، ئەگەر خۆشم ویست؛ ئەوا پارێزەری ئەو بیستنەی دەبم کە پێی دەبیستێت، وئەو بینینەی کە پێی دەبینێت، وئەو دەستەی کە شتی پێ وەردەگرێت، وئەو پێیەی کە پێی ڕێدەکات، ئەگەر داوام لێبکات ئەوا پێی دەبەخشم، وئەگەر پەنام پێبگرێت ئەوا پەنای دەدەم، لەسەر ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەک بە گومان نەبووم وەکو گومانم لە کێشانی ڕۆحی ئیماندار، حەز لە مردن ناکات، ومنیش حەز ناکەم ئازاری بدەم**». ^(نافیلە؛ واتە: ئەو وتە وکردەوانەی کە فەرز نین بەڵام بەندە ئەنجامیان دەدات بۆ بەرزبوونەوەی

پلە ونزیکبوونەوەی لە خوای گەورە، پێشی دەووترێت: سونەت یان موستەحەب یان خۆبەخش) [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە لە فەرموودەیەکی قودسیدا کە خوای گەورە -عز وجل- فەرموویەتی: ئەوەی ئازاری دۆستێکی -وەلیەکی- من بدات وتورەی بکات ورقی لێبێت ئەوا من دژایەتیکردنی ڕادەگەیەنم.

دۆستی -وەلی- خوای گەورە: بریتیە لە ئیمانداری تەقوادار، هەتا بەندە ئیمان وتەقوای زیاتر بێت ئەوا دۆستایەتی خوای گەورە بۆی زیاتر دەبێت. وبەندە بە هیچ شتێک لە پەروەردگاری نزیك نابێتەوە کە خۆشەویست بێت لە لای پەروەردگاری؛ هێندەی نزیکبوونەوە لێی بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەری فەرز و واجبی کردووە، ئەمیش ئەنجامدانی پەرستنەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان دەگرێتەوە، ومسوڵمان بەردەوام نزیک دەبێتەوە لە پەروەردگاری بە ئەنجامدانی کردەوە سونەتەکان لەگەڵ فەرزەکان؛ هەتاوەکو خوای گەورە خۆشی دەوێت. ئەگەر الله خۆشی بوێت؛ ئەوا ڕێنموێنی دەکات لە چوار ئەندامیدا:

ڕێنموێنی دەکات لە بیستنیدا، بۆیە تەنها شتانە دەبیستێت کە خوای گەورە لێی ڕازیە.

وڕێنموێنی دەکات لە بینینیدا، بۆیە تەنها سەیری ئەو شتانە دەکات کە خوای گەورە پێی خۆشە سەیری بکات وپێی ڕازیە.

وڕێنموێنی دەکات لە دەستیدا، بۆیە تەنها ئەو کردەوانە دەکات بەدەستی کە خوای گەورە پێی ڕازیە.

وڕێنموێنی دەکات لە پێیدا، بۆیە تەنها بۆ ئەو شوێنانە دەڕوات کە خوای گەورە لێی ڕازیە، وتەنها بۆ خێر وچاکە هەوڵدەدات.

لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەگەر داوای هەرشتێك لە خوای گەورە بکات ؛ پێی دەبەخشێت، ونزاکانی وەڵام دەدرێتەوە، وئەگەر پەنا بە الله بگرێت وداوای پاراستنی لێبکات؛ ئەوا الله -سبحانە وتعالی- دەیپارێزێت وپەنای دەدات لەو شتەی لێی دەترسێت.

پاشان خوای گەورە -سبحانە وتعالی- فەرمووی: لەسەر ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەک بە گومان نەبووم وەکو گومانم لە کێشانی ڕۆحی ئیماندار ؛

وەکو ڕەحمەتێك بەرامبەری، چونکە حەز لە مردن ناکات بەهۆی ئێش وئازارەکەی، وخودایش حەزی بەو شتە نییە کە ئیماندار ئازار دەدات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم فەرموودە لەوانەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەیگێڕێتەوە لە پەروەردگارییەوە، بە (فەرموودەی قودسی) یان (فەرموودەی خودایی) ناودەبرێت، ووتن وماناکەی لە الله وەیە، بەڵام تایبەتمەندیەکانی قورئانی پیرۆزی نییە کە جیای دەکاتەوە لە قسەی تر؛ لەوانەیش: خوێندنەوەی پەرستنە ودەستنوێژگرتن بۆ خوێندنەوەی وتەحەدا وموعجیزە، وهتد.

٢. نەهی کردن لە ئازاردانی دۆستانی الله وهاندان بۆ خۆشویستنیان، ودانپێدانان بە فەزڵ وچاکەیان.

٣. فەرمانکردن بە دژایەتیکردنی دوژمنانی الله، وحەرامێتی دۆستایەتی کردنیان.

٤. هەرکەسێك بانگەشەی دۆستایەتی الله بکات بەبێ شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی ؛ درۆ دەکات لە بانگەشەکەیدا.

٥. مرۆڤ دەبێتە دۆستی الله ؛ بەجێبەجێکردنی فەرزەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان.

٦. لەو شتانەی دەبنە هۆی ئەوەی الله بەندەی خۆشبوێت و وەڵامی نزاکانی بداتەوە ؛ ئەنجامدانی کردەوە سونەتەکانە لەپاش جێبەجێکردنی واجبەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان.

٧. ئاماژەکردن بۆ ڕێزداری وشەرەفمەندی دۆستانی الله وبەرزی پلەوپایەیان.

(٦٣٣٧)

(٤٦) – عن العِرْباضِ بن ساريةَ رضي الله عنه قال: قام فينا رسول الله صلى الله عليه وسلم ذات يوم، فوَعَظَنا مَوعظةً بليغةً وَجِلتْ منها القلوبُ، وذَرَفتْ منها العيونُ، فقيل: يا رسول الله، وعظتَنَا موعظةَ مُودِّعٍ فاعهد إلينا بعهد. فقال: **«عليكم بتقوى الله، والسمع والطاعة، وإن عبدًا حبشيًّا، وسترون من بعدي اختلافًا شديدًا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين، عَضُّوا عليها بالنواجِذ، وإياكم والأمور المحدثات، فإن كل بدعة ضلالة».** [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٤٦) – له عیرباز کوڕی ساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ ئامۆژگاریەکی کردین کە دڵەکانی ترساند وچاوەکان فرمێسکیان کرد، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا وەکو ئەوە وابێت ئامۆژگاری کەسێکە ماڵئاوایی بکات بۆیە وەسیەتمان بۆ بکە، ئەویش فەرمووی: **«تەقوای خوای گەورە بکەن، وگوێڕایەڵ بن وفەرمانەکان جێبەجێ بکەن، وئەگەرچیش بەندەیەکی حەبەشی بێت، و لەپاش من ناکۆکی زۆر دەبینن، بۆیە دەستبگرن بە سونەتی من وسونەتی خەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان، خۆتانی پێوە بگرن بە ددانە خرێکان، و وریای شتە داهێنراوەکان -بیدعەکان- بن، چونکە هەموو بیدعەیەک گومڕاییە».** [صەحیحە] – [ئەبو داود وتیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاریەکی هاوەڵانی کرد کە دڵەکانی ترساند وچاوەکان فرمێسکیان پێدا هاتە خوارەوە؛ ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا وەکو ئەوە وابێت ئامۆژگاری کەسێکە ماڵئاوایی بکات ؛ چونکە زۆر جەختی دەکردەوە لەسەر شتەکان لەم ئامۆژگاریەدا، وداوای وەسیەتیان لێکرد بۆئەوەی لەپاش ئەو دەستی پێوە بگرن، فەرمووی: وەسیەتتان دەکەم بە تەقوای خوای گەورە -عز وجل-، وئەمیش دێتە دی بە جێبەجێکردنی واجبەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان، وگوێڕایەڵ بوون وجێبەجێکردنی

فەرمانەکان ؛ واتا دەرهەق بە کاربەدەستەکان، ئەگەرچیش بەندەیەک ببێتە کاربەدەست یان خۆی بکات بە فەرمانڕەوا، واتا تەنانەت ئەگەر مرۆڤێك کە کەمترین پلەی هەیە لەلای خەڵکی بوو بە فەرمانڕەواتان ؛ ئەوا نابێت خۆتان بەگەورە بزانن لەئاستی ودەبێت گوێڕایەڵی بن، لەترسی نانەوەی فیتنە، وئەوەی لە ژیاندا بمێنێت؛ ناکۆکی زۆر دەبینێت، پاشان ڕێبازی ڕزگاربونی ڕوونکردەوە لەم فیتنە وناکۆکیانە، ئەویش بەدەستگرتنە بە سونەت وسونەتی خەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان لەپاش ئەو، ئەبوبەکری سدیق، وعومەری کوڕی خەتاب، وعوسمانی کوڕی عەفان، وعەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوایان لێبێت-، وخۆگرتن بە سونەتەوە بە ددانە خرێکان ؛ ئەمیش بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر دەستگرتن بە سونەت بە ئەوپەڕی توانا وجدی وپتەوی وچەسپاویەوە، وئاگاداری کردنەوە لە شتە داهێنراوەکان لەئایندا، چونکە هەموو داهێنراوێك لە ئایندا گومڕاییە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگی دەستگرتن بە سونەت وشوێنکەوتنی.
٢. گرنگیدان بە ئامۆژگاری ونەرمکردنی دڵەکان.
٣. فەرمان بە شوێنکەوتنی خەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان لەپاش پێغەمبەر ﷺ ؛ ئەوانیش چوار خەلیفەن: ئەبوبەکر وعومەر وعوسمان وعەلی -ڕەزای خوایان لێبێت-.
٤. نەهی کردن لە بیدعە وداهێنان لە ئایندا، وهەموو بیدعەیەك لە ئایندا گومڕاییە.
٥. گوێڕایەڵی وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو کەسەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیمانداران ؛ بەمەرجێک فەرمان بە تاوان وسەرپێچی نەکات.
٦. گرنگێتی تەقواداری وترسان لە خوای گەورە لە هەموو کات وحاڵێکدا.
٧. ناکۆکی ڕوو دەدات لەنێو ئەم ئومەتە وبەردەوامە، و لەکاتی ڕوودانی واجبە مسوڵمان پابەند بێت بە سونەتی پێغەمبەری خودا ﷺ وخەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان.

(٦٥٠٥٧)

(٤٧) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال: **«مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ، وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ فَمَاتَ، مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً، وَمَنْ قَاتَلَ تَحْتَ رَايَةٍ عِمِّيَّةٍ، يَغْضَبُ لِعَصَبَةٍ، أَوْ يَدْعُو إِلَى عَصَبَةٍ، أَوْ يَنْصُرُ عَصَبَةً، فَقُتِلَ، فَقِتْلَةٌ جَاهِلِيَّةٌ، وَمَنْ خَرَجَ عَلَى أُمَّتِي، يَضْرِبُ بَرَّهَا وَفَاجِرَهَا، وَلَا يَتَحَاشَى مِنْ مُؤْمِنِهَا، وَلَا يَفِي لِذِي عَهْدٍ عَهْدَهُ، فَلَيْسَ مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُ»**. [صحيح] - [ رواه مسلم]

(٤٧) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک لە گوێڕایەڵی دەربچێت، وخۆی جیابکاتەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان (پەرتەوازەیی دروست بکات) وبمرێت، ئەوا مردنەکەی مردنێکی جاهیلیەتە، وهەرکەسێک جەنگ بکات لە ژێر ئاڵای کوێرایەتی کە بۆ دەمارگیری تورە دەبێت، یان بانگەشە بۆ دەمارگیری دەکات، یان دەمارگیری سەردەخات، ئەگەر بکوژرێت ئەوا کوشتنەکەی کوشتنی جاهیلیەتە، وهەرکەسێک لە دژی ئومەتەکەم دەربچێت، و لە چاک وخراپیان بدات، وخۆی نەپارێزێت لە ئیماندارانیان (لە ماف وخوێن وماڵیان)، وپەیمانی نەباتە سەر لەگەڵ ئەوانەی پەیمانیان پێدراوە، ئەوا ئەو کەسە لە من نییە ومنیش لە ئەو نییم»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەكاتەوە هەركەسێك دەربچێت لەگوێڕایەڵی فەرمانڕەوای مسوڵمان، وخۆی جیا بكاتەوە لە كۆمەڵی مسوڵمانان كە یەكدەنگن لەسەر بەیعەتدان بەو فەرمانڕەوایە، و لەسەر ئەم حاڵە بمرێت ؛ لە خۆ جیاكردنەوە وگوێڕایەڵ نەبوون، ئەوا وەكو خەڵكی سەردەمی جاهیلیەت مردووە ؛ كە گوێڕایەڵ نەدەبوون بۆ هیچ فەرمانڕەوایەك و نەدەبوون بە یەك كۆمەڵ ودەست، بەڵكو چەندەها كۆمەڵ وهۆز بوون ودژی یەكتر جەنگیان دەكرد.

پێغەمبەر ﷺ ئاماژە بۆ ئەوە دەكات هەركەسێك لەژێر ئاڵایەك بجەنگێت ؛ وگوێ بە ڕاست وپوچەڵ نەدات، بەبێ زانست وچاوڕۆشنی ؛ تورە دەبێت ودەجەنگێت

لەسەر دەمارگیری بۆ گەل یان هۆزەکەی یان هتد، نەك بۆ سەرخستنی هەق وڕاستی تورە بێت وبجەنگێت، ئەگەر لەسەر ئەم حاڵەتە بکوژرێت ؛ ئەوا وەکو مردنی سەردەمی جاهیلیەتە.
هەرکەسێك دەربچێت دژی ئومەتەکەی ﷺ ؛ ئازاری چاك وخراپ بدات، وگوێ نەدات بەوەی دەیکات لە تاوان ولە سزای کوشتنی ئیماندار نەترسێت، وپەیمانەکانی هەڵبوەشێنێتەوە ؛ لەگەڵ خاوەن پەیمانەکان لە کافرەکان یان لەگەڵ فەرمانڕەواکان بە بەیعەتدان، ئەمە لە تاوانە گەورەکانە، وئەوەی بیکات ؛ شایستەی ئەم هەڕەشە توندەیە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گوێڕایەڵی کاربەدەست واجبە لە کارێک کە سەرپێچیکردنی فەرمانی خوای گەورە نەبێت.
٢. هۆشداریەکی توندی تێدایە دژی ئەوانەی دەردەچن لە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا وخۆیان جیا دەکەنەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان، ئەو کەسەی دەرچووە ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بمرێت ئەوا لە سەر ڕێبازی ئەهلی نەفامی وجاهیلیەت مردووە (کە مەبەست پێی مردنێکی باش نییە -عاقیبەت خێری نییە-).
٣. نەهی کردن لە جەنگ وشەڕ لەپێناو دەمارگیری.
٤. واجبێتی بەجێ گەیاندنی پەیمانەکان.
٥. لەگوێڕایەڵی پێشەوا وپابەندبوون بەکۆمەڵی مسوڵمانان ؛ خێری گەورەی تێدایە، لەوانەیش: ئاسایش وهێمنی وچاکبوونی حاڵ وگوزەران.
٦. نەهی کردن لەخۆچواندان بە ڕێبازی خەڵکی جاهیلیەت.
٧. فەرمانکردن بە پابەندبوون بەکۆمەڵی مسوڵمانان.

(٥٨٢١٨)

(٤٨) – عن مَعقِلِ بن يَسار المُزَنِيِّ رضي الله عنه قال: إني سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللهُ رَعِيَّةً، يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ، إِلَّا حَرَّمَ اللهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٤٨) – له مەعقیلی کوڕی یەساری موزەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«هەر بەندەیەک کە خوای گەورە بیکاتە دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵێکەوە، وبمرێت لە ڕۆژێکدا کە فێڵی کردبێت لە ژێر دەستەکانی؛ ئەوا خوای گەورە بەهەشت لەسەر ئەو کەسە حەرام دەکات»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەریەکێک خوای گەورە کردبێتی بە فەرمانڕەوا یان بەرپرسیار لەسەر خەڵکی، ئەگەر بەرپرسیارێتیەکە گشتی بێت وەکو ئەمیر، یان تایبەت بێت وەکو پیاو یان ئافرەت لەماڵی خۆیدا، ولەم بەرپرسیارێتیە کەمتەرخەمی بکات، وفێڵیان لێبکات وئامۆژگاریان نەکات، ومافە ئاینی ودونیاییەکانیان پشتگوێ بخات وبەفیرۆی بدات، ئەوا شایستەی ئەم سزا توندەیە لەڕۆژی قیامەتدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم فەرموودەیە تەنها تایبەت نیە بە پێشەوای گەورە وجێگرەکانی، بەڵکو گشتییە هەموو کەسێک دەگرێتەوە کە سەرپەرشتیار وبەرپرسیارە لە سەر کۆمەڵێک کەس کە لە ژێر دەستی ئەوداں وەکو: باوک ومامۆستا وجگە لەوانە.
٢. واجبە لەسەر هەرکەسێک کرا بە بەرپرسیار لەسەر کاروباری مسوڵمانان ؛ ئامۆژگاریان بکات، وکۆشش بکات لەجێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتیەکە بەچاکترین شێوە، ودەبێت ئاگاداربێت لە خیانەت کردن.
٣. گەورەیی بەرپرسیاریەتی لەسەر ئەستۆی ئەو کەسەی دەکرێت بە بەرپرسیار وفەرماندار جا گشتی یان تایبەت، گەورە یان بچووک بێت.

(٥٣٣٥)

(٤٩) – عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ أُمِّ المُؤمنين رضي الله عنها: أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: **«سَتَكُونُ أُمَرَاءُ فَتَعْرِفُونَ وَتُنْكِرُونَ، فَمَنْ عَرَفَ بَرِئَ، وَمَنْ أَنْكَرَ سَلِمَ، وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ»** قَالُوا: أَفَلَا نُقَاتِلُهُمْ؟ قَالَ: **«لَا، مَا صَلَّوْا».**

[صحيح] - [رواه مسلم]

(٤٩) – له ئوم سەلەمەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«کاربەدەستانێك (دێن) ؛ ڕازی دەبن لە هەندێک لە کردەوەکانیان وهەندێک لەکردەوەکانیان ڕەت دەکەنەوە، هەرکەسێک (کارە خراپەکانیان) بناسێتەوە ئەوا بەخشراوە (بەریئە لە هەڵگرتنی تاوانەکان)، وئەوەی نکۆڵی بکات (لە کارە خراپەکانیان) ئەوا سەلامەتە وپارێزراوە، جگە لە ئەوانە نەبێت کە ڕازی بوون بەو کردەوانە وجێبەجێیان کرد»**، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا دژیان نەجەنگین؟ فەرمووی: **«نەخێر، هەتا ئەو کاتەی نوێژ ئەنجام دەدەن».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەندێك کاربەدەست دەکرێن بە بەرپرس لەسەرمان، هەندێك لە کردەوەکانیان پەسەندن بەلامانەوە چونکە بەپێی شەریعەتە، ونکۆڵی دەکەین لە هەندێك لە کردەوەکانیان ؛ چونکە پێچەوانەی شەریعەتن.

هەرکەسێك لەدڵیەوە ڕقی بێت لە کردەوە خراپەکانیان ونەتوانێت نکۆڵییان لێبکات ؛ ئەوا ڕزگاری بووە لە تاوان ودووڕوویی، وهەرکەسێك بتوانێت بەدەست یان بە زمان نکۆڵی لەو خراپانە بکات ئەوا سەلامەت بووە وپارێزراوە لە تاوان وبەشداری کردن تێیدا، بەڵام ئەوەی ڕازی بێت بەو کردەوە خراپانە وشوێنی ئەوان بکەوێت ؛ وەکو ئەوان تیا دەچێت.

پاشان هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد ﷺ : ئایا بجەنگین دژی ئەو کاربەدەستانە کە ئەمە سیفەتیانە؟ ﷺ نەهی کرد لە جەنگان دژیان،

وفەرمووی: نەخێر، هەتا ئەو کاتەی نوێژ ئەنجام دەدەن (دەرچوون لە دژیان ڕێگەپێدراو نییە).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی ﷺ: هەواڵدانییەتی سەبارەت بەوەی ڕوو دەدات، وڕوویدا بەو شێوەیەی ئەو باسیکرد.
٢. ڕازیبوون بە خراپە وبەشداری کردن تێیدا؛ ڕێگەپێدراو نییە، و واجبە نکۆڵی لێبکرێت.
٣. ئەگەر فەرمانڕەوایان کارێکی ناشەرعیان کرد، ئەوا ئەو کاربەدەستانەی لەژێر دەستیاندان وهەروەها زانایان ومسوڵمانان؛ نابێت لەو کارە ناشەرعییانەدا گوێڕایەڵیان بن.
٤. دەرچوون دژی فەرمانڕەوای مسوڵمان ؛ ڕێگەپێدراو نییە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی خراپە وخوێن ڕشتن ونەمانی ئاسایش، بۆیە خۆڕاگرتن لەسەر خراپەی فەرمانڕەوا تاوانبارەکان، وئارامگرتن لەسەر ئازاردانیان ؛ خراپەیەکی کەمترە بەبەراورد لەگەڵ سەرەنجامەکانی دەرچوون لەدژیان.
٥. نوێژکردن بابەتێکی زۆر مەزنە، وجیاوازیکارە لە نێوان کوفر وئیسلام.

(٣٤٨١)

(٥٠) – عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«سَتَكُونُ أَثَرَةٌ وَأُمُورٌ تُنْكِرُونَهَا»** قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: **«تُؤَدُّونَ الحَقَّ الَّذِي عَلَيْكُمْ، وَتَسْأَلُونَ اللَّهَ الَّذِي لَكُمْ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٥٠) – لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«لە دوای وەفاتم کۆمەڵێک ڕووداو دێتە پێش و ونارەحەتی وستەم بڵاو دەبێتەوە وشتانێک ڕوودەدات کە لاتان خراپە وپەسەند کراو نیە»**، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمانی چیمان پێدەکەیت (واتە: ئەگەر گەیشتینە ئەو سەردەمە چی بکەین لەو حاڵەتەدا؟)، فەرمووی: **«ئەو مافەی کە لە سەر ئێوەیە جێبەجێی دەکەن،**

**وئەو مافەیشی کە دەبێت بۆ ئێوە جێبەجێ بکرێت لە خوای گەورە داوا بکەن».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەندێك کاربەدەست دەکرێن بە فەرمانڕەوای مسوڵمانان ؛ پارە وسامانی مسوڵمانان وشتە دونیاییەکان بۆ خۆیان دەبەن وبەشی مسوڵمانان نادەن، وبەو شێوەیەی بیانەوێت خەرجی دەکەن ومافی مسوڵمانان نادەن.
وئەم کاربەدەستانە هەندێك شت دەکەن لە دیندا؛ کە نکۆڵی لێ کراوە وڕێگە پێ نەدراوە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان کرد: لەم حاڵەتەدا چی بکەن؟ پێغەمبەر ﷺ پێیانی فەرموو کە بێبەشکردنتان لە سامان ومافەکانتان نابێت ببێتە ڕێگر لەجێبەجێکردنی ئەوەی لەسەرتانە لە گوێڕایەڵی وپابەندبوون، بەڵکو ئارام بگرن وگوێڕایەڵ بن وململانێ مەکەن دژ بە کاربەدەستان، وداوای مافی خۆتان لە خوای گەورە بکەن، ونزا بکەن بۆئەوەی چاك بن وشەڕ وستەمیان لە ئێوە دوور بێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرموودەکە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی موحەمەد ﷺ چونکە هەواڵی دا سەبارەت بەو شتانەی ڕوودەدەن لە ئومەتەکەیدا، وبەو شێوەیە ڕوویدا کە ئەو باسیکرد.
٢. هەواڵدان بە کەسێک کە پێشبینی دەکرێت لەوەیە تووشی تاقیکردنەوە ببێت ؛ ڕێگەپێدراوە، بۆئەوەی خۆی ئامادە بکات، وئەگەر ئەو تاقیکردنەوە ڕوویدا ئارامگر بێت وداوای پاداشت لە خوای گەورە بکات.
٣. دەستگرتن بە قورئان وسوننەت هۆکارە بۆ دەرچوون لە فیتنە وناکۆکییەکان.
٤. ئامۆژگاری کردن بە گوێڕایەڵی وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی کاربەدەست لە چاکەدا، ودەرنەچوون لە دژیان ئەگەرچیش ستەمیان کرد.
٥. بەکارهێنانی دانایی وشوێنکەوتنی سوننەت لەکاتی فیتنەدا.

٦. دەبێت مرۆڤ ئەو مافەی لەسەریەتی جێبەجێی بکات؛ ئەگەرچیش ستەمی لێبکرێت.
٧. بەڵگەیە بۆ بنچینەی: هەڵبژاردنی کەمترین خراپە وشەڕ.

(٣١٥٦)

(٥١) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بنِ عُمرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُما أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«كُلُّكُمْ رَاعٍ فَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا وَوَلَدِهِ وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَالعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلاَ فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٥١) – لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«هەمووتان سەرپەرشتیار وبەرپرسیارن، وهەریەکێکتان بەرپرسیارە بەرامبەر ژێردەستەکەی: دەسەڵاتدار بەرپرسیارە بەسەر خەڵکیەوە وبەرپرسە لەسەریان، وپیاو بەرپرسیارە لەسەر خێزانەکەی وبەرپرسە لەسەریان، وئافرەت بەرپرسیارە لەسەر ماڵی مێردەکەی ومنداڵەکانی وبەرپرسە لەسەریان، وبەندە -کۆیلە- بەرپرسیارە لەسەر ماڵی گەورەکەی وبەرپرسە لەسەریان، وهەمووتان بەرپرسیارن وبەرپرسن لەسەر ژێردەستەکانتان».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەموو مسوڵمانێك بەرپرسیارە وئەرکی لەسەر شانە دەبێت ڕەچاویان بکات و لەئەستۆیان بگرێت: پێشەوا وکاربەدەست بەرپرسیار وسەرپەشتیارە لەسەر ئەوانەی خوای گەورە کردوویەتی بە بەرپرسیار لەسەریان، دەبێت شەریعەتەکەیان بپارێزێت وجێبەجێی بکات، وبیانپارێزێت لەوانەی ستەمیان لێدەکەن، ودەبێت جیهاد بکات دژی دوژمنەکانیان، ونابێت مافەکانیان

پشتگوێ بخات. پیاو بەرپرسیارە لەسەر خێزان ومنداڵەکانی لە جێبەجێکردنی مافەکانیان، وجوانی مامەڵەکردن لەگەڵیان، وفێرکردنیان وپەروەردەکردنیان. ئافرەت بەرپرسیارە لەسەر ماڵی مێردەکەی ومنداڵەکانی ئەمیش بە جوان بەڕێوەبردنی ماڵەکە، وپەروەردەکردنی منداڵەکانی، ئەم بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆی ئەودایە. بەندە -کۆیلە- بەرپرسیارە لەسەر ماڵی گەورەکەی لە پاراستنی ئەوەی لەنێو دەستیدایە، وخزمەتکردنی، ئەم بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆی ئەودایە. هەموو یەکێك بەرپرسیارە دەرهەق بەئەوەی لەژێر دەستیدایە، ولێپرسینەوەی لێدەکرێت لەسەریان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەرپرسیارێتی لە کۆمەڵگای مسوڵمانانندا گشتیە، وهەرکەسێک بە پێی پلە وزانست وتوانای ؛ بەرپرسیارێتی لەسەرە.
٢. بەرپرسیارێتی ئافرەت گەورەیە؛ ئەمیش بە جێبەجێکردنی مافەکانی مێردەکەی و مافە واجبەکانی ئەستۆی بەرامبەر منداڵەکانی.

(٥٨١٩)

(٥٢) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: سمعتُ من رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول في بيتي هذا: **«اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيْهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ، وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٥٢) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم پێغەمبەری خودا بوو ﷺ لەم ماڵەی مندا دەیفەرموو: **«ئەی خودایە، هەر کەسێک کرایە کاربەدەست لە سەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وکاری لەسەریان قورس کرد؛ ئەوا تۆیش کاری لەسەر قورس بکە، هەر کەسێک کرایە کاربەدەست لە سەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وکاری لەسەریان ئاسان کرد؛ ئەوا تۆیش کاری لەسەر ئاسان بکە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

هەرکەسێک کرا بە کاربەدەست لەسەر کاروباری مسوڵمانان، ئینجا فەرمانڕەوایەتیەکە گەورە یان بچووک بێت، گشتی یان بچووک -تایبەت- بێت، ئەگەر کاری لەسەریان قورس کرد ونەرمونیان نەبوو بەرامبەریان؛ پێغەمبەر ﷺ نزای کردووە لەسەری بەوەی خوای گەورەیش کاری لەسەر قورس بکات بەهاوشێوەی کردەوەکەی،

و هەرکەسێک کرایە کاربەدەست لەسەر کاروباری مسوڵمانان، وکاری لەسەریان ئاسان کرد ونەرمونیان بوو بەرامبەریان؛ ﷺ نزای بۆ کردووە بەوەی خوای گەورەیش کاری لەسەر ئاسان بکات ورەحمی پێبکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە کاری مسوڵمانانی گرتە دەست ؛ نەرم ونیان بێت بەرامبەریان بەگوێرەی توانای.

٢. پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە.

٣. ئەو پێوەرەی بەهەند وەردەگیرێت لەبابەتی نەرمونیانی یان توندبووندا ئەوەیە کە پێچەوانەی قورئان وسونەت نەبێت.

(٥٣٣٠)

(٥٣) – عن تميم الداري رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«الدِّينُ النَّصِيحَةُ»** قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: **«لِلهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٥٣) – لە تەمیمی دارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئاین ئامۆژگارییە»،** (تەمیم) دەڵێت: ووتمان: بۆ کێ؟ (واتا ئاین ئامۆژگارییە بۆ کێ؟)، ئەویش ﷺ فەرمووی: **«بۆ خودا، وبۆ کتێبەکەی، وبۆ پێغەمبەرەکەی، وبۆ پێشەوای مسوڵمانان وتێکڕای مسوڵمانان».**

[صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئاین لەسەر دڵسۆزی وڕاستگۆیی دامەزراوە، بۆئەوەی بەندە ئەوەی واجبە لەسەری جێبەجێی بکات بەتەواوی، بەبێ فێڵ وکەموکورتی.

بە پێغەمبەر ﷺ ووترا: ئامۆژگاری دەبێت بۆ کێ بێت؟ فەرمووی:

یەکەم: ئامۆژگاری بۆ خوای گەورە -سبحانه وتعالی- : بە دڵسۆزبوون لە کردەوەدا بۆ ئەو زاتە مەزنە، وهاوبەش بڕیار نەدان لە هیچ کردەوە وپەرستنێکدا، وباوەڕمان بە تاکبوونی خودا هەبێت لە پەروەدگارێتی وخودایەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانی، و بەمەزندانانی فەرمانەکانی، وبانگەوازی کردن بۆ باوەڕهێنان پێی.

دووەم: ئامۆژگاری بۆ کتێبەکەی واتا قورئانی پیرۆز: بەوەی باوەڕمان وابێت قسەی خودایە، وکۆتا کتێبی ئاسمانیە، وهەڵوەشێنەرەوەی هەموو شەریعەتەکانی پێشووە، و بەمەزنی دابنێین، وبیخوێنینەوە بەو شێوەی هاتووە، وکردەوە بکەین بەوەی ڕوونە تێیدا، وملکەچ بین لەوەیاندا کە ڕوون نیە، وبەرگری لێبکەین کاتێک گومڕاکان بەئارەزووی خۆیان شیدەکەنەوە، وپەند لە ئامۆژگارییەکانی وەربگرین، وزانستەکانی بڵاو بکەینەوە، وبانگەوازی بۆ لا بکەین.

سێیەم: ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەرەکەی (موحەمەد ﷺ): بەوەی باوەڕمان وابێت کە کۆتا پێغەمبەرە، وباوەڕمان هەبێت بەوەی پێی هاتووە، وفەرمانەکانی جێبەجێ بکەین،وخۆمان بەدوور بگرین لەوەی نەهی لێکردووە، وبەو شێوەیە خودا بپەرستین کە ئەو پێی هاتووە، ومافەکانی بەگەورە دابنێین، وڕێزی لێبگرین، وشەریعەت وبانگەوازیەکەی بڵاو بکەینەوە، وبەرگری لێبکەین لەو تۆمەتانەی بۆی هەڵواسراوە.

چوارەم: ئامۆژگاری بۆ فەرمانڕەوای مسوڵمانان: بەیارمەتیدانیان لەسەر هەق وڕاستی، وململانێ نەکردنیان لەسەر دەسەڵات، وگوێڕایەڵیکردنیان لەشتێک کە سەرپێچی فەرمانی الله نەبێت.

پێنجەم: ئامۆژگاری بۆ مسوڵمانان: بەچاکەکار بوون بەرامبەریان، ودوورخستنەوەی زیان لێیان، وخۆشویستنی خێر بۆیان، وبانگەواز کردنیان بۆ پابەندبوون بە ڕێبازی ڕاست ویارمەتیدانیان لەسەر چاکەکاری وتەقواداری.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرمان بە ئامۆژگاری کردنی هەمووان.
٢. مەزنی پلەی ئامۆژگاری کردن لە ئیندا، بۆیە ئامۆژگاری کردن بە دین (ئاین) ناوبراوە.
٣. ئایین بیروباوەڕەکان و وتەکان و کردەوەکان دەگرێتەوە.
٤. بەشێک لەئامۆژگاری بریتیە لە پاککردنەوەی نەفس لە فێڵکردن بەرامبەر ئەو کەسەی ئامۆژگاری دەکرێت ودەبێت خواستی خێر وچاکەی بۆ هەبێت.
٥. جوانی فێرکاری پێغەمبەر ﷺ کە شتێک بە گشتی باس دەکات پاشان شیدەکاتەوە و وردەکارییەکانی ڕووندەکاتەوە.
٦. دەستپێکردن بە گرنگترین پاشان گرنگترین بە پلەیەکی کەمتر، چونکە پێغەمبەر ﷺ بە ئامۆژگاری کردن بۆ خودا دەستیپێکرد، پاشان بۆ -لەبەر- کتێبەکەی، پاشان بۆ -لەبەر- پێغەمبەرەکەی ﷺ، پاشان بۆ پێشەوای مسوڵمانان، پاشان بۆ هەموو خەڵکی.

(٤٣٠٩)

(٥٤) – عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: تَلَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَذِهِ الْآيَةَ: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ، وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ، وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} [آل عمران: ٧]. قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«فَإِذَا رَأَيْتِ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ سَمَّى اللهُ، فَاحْذَرُوهُمْ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٥٤) – له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} [آل عمران: ٧] واتە:{ئەو خوایە ناردوویەتی خوارەوە بۆت قورئان هەندێکی لە ئایەتەکانی (مەبەستەکانیان) ڕۆشنن ئەو ئایەتانە بنەڕەتی قورئانن وە ئەوانی تر (کۆمەڵە ئایەتێکن کە مەبەستەکانیان) ڕۆشن نین ئەمجا ئەوکەسانەی کە لە دڵیاندا لادان و چەوتی هەیە دوای ئەو ئایەتانە دەکەون کە لە قورئاندا موتەشابیهن (هاوشێوەن، واتاکانی ڕۆشن نین) بۆ تێکدانی بیروباوەڕی موسوڵمانان وە بۆ ڕاڤەکردنی بە ئارەزووی ناپاکی خۆیان لە حاڵەتێکدا کەس ڕاڤە کردنی نازانێت تەنیا خوا نەبێت وە زانایان و ئەوانەی دامەزراون لە زانینی عیلمی شەرعیدا ئەڵێن ئێمە بڕوامان هێناوە بە (موتەشابیهەکان) هەمووی لە پەروەردگارمانەوەن بیر لە قورئان ناکەنەوە تەنها خاوەنانی ژیریی و بیر وهۆش نەبێت}، دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: «ئەگەر ئەوانەت بینی کە شوێنی -ئەو ئایەتانە دەکەون- کە ڕوون نین -لە قورئاندا-، ئەوانەن کە خوای گەورە ناویانی**

**هێناوە (کە لایانداوە لە هەق وڕاستی)؛ بۆیە ئاگادار بن لێیان».** [صەحیحە]

– [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} [آل عمران: ٧] واتە:{ئەو خوایە ناردوویەتی خوارەوە بۆت قورئان هەندێکی لە ئایەتەکانی (مەبەستەکانیان) ڕۆشنن ئەو ئایەتانە بنەڕەتی قورئانن وە ئەوانی تر (کۆمەڵە ئایەتێکن کە مەبەستەکانیان) ڕۆشن نین ئەمجا ئەوکەسانەی کە لە دڵیاندا لادان و چەوتی هەیە دوای ئەو ئایەتانە دەکەون کە لە قورئاندا موتەشابیهن (هاوشێوەن، واتاکانی ڕۆشن نین) بۆ تێکدانی بیروباوەڕی موسوڵمانان وە بۆ ڕاڤەکردنی بە ئارەزووی ناپاکی خۆیان لە حاڵەتێکدا کەس ڕاڤە کردنی نازانێت تەنیا خوا نەبێت وە زانایان و ئەوانەی دامەزراون لە زانینی عیلمی شەرعیدا ئەڵێن ئێمە بڕوامان هێناوە بە (موتەشابیهەکان) هەمووی لە پەروەردگارمانەوەن بیر لە قورئان ناکەنەوە تەنها خاوەنانی ژیری و بیر وهۆش نەبێت}.

لەم ئایەتەدا خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە قورئانی دابەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی، چەندەها ئایەتی ئاماژەی ڕوونی تێدایە وحوکمەکانی زانراوە وهیچ گومانێکی تێدا نیە، ئەمە بنچینە وسەرچاوەیە، ودەبێت بۆی بگەڕێینەوە لەکاتی ناکۆکی، وهەروەها چەند ئایەتێکی تێدایە کە ماناکەی ڕوون نیە لای هەندێک خەڵک، یان پێیان وایە لەنێوان ئەو ئایەتانە وئایەتی تر دژیەکی هەیە، پاشان خوای گەورە مامەڵەی خەڵکی لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا ڕوون کردووەتەوە، ئەوانەی دڵیان لادانی تێدایە لە هەق؛واز لەوە دێنن کە ڕوونە وهیچ گومانی تێدا نیە، ودەست بە ئەو ئایەتانەوە دەگرن کە ئەگەری زیاتر لە مانایەکی تێدایە، مەبەستیان لەم کارە دروستکردنی گومان وگومڕاکردنی خەڵکیە، یان بەو شێوەیە لێکی دەدەنەوە کە لەگەڵ هەوا وئارەزوویان دەگونجێت.

بەڵام ئەوانەی خاوەن زانستن ودامەزراون تێیدا دەزانن سەبارەت بە ئەم ئایەتە ناڕوونە، ودەیگێڕێنەوە بۆ سەر ئەو ئایەتەی ڕوون وئاشکرایە، وباوەڕیان پێی هەیە کە لە لایەن الله وە دابەزێندراوە -سبحانە وتعالی-، وناکرێت گومان ودژیەکی تێدا بێت، بەڵام تەنها ئەوانەی خاوەن ئەقڵی سەلامەتن پەند وئامۆژگاری لەم بابەتە وەردەگرن، پاشان پێغەمبەر ﷺ بە دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت-ی فەرموو : ئەگەر ئەوانەی بینی کە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەن کە ناڕوونە ؛ ئەوانەن کە خوای گەورە ناویانی هێناوە کاتێک دەفەرموێت: { فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ } واتە: { ئەو کەسانەی کە لە دڵیاندا لادان و چەوتی هەیە } ؛ ئاگادار بن لێیان وگوێیان لێمەگرن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. (موحکەم) لە ئایەتەکانی قورئان: ئەو ئایەتانەن کە ئاماژە ومەبەستیان ڕوونە ومانایان دیارە، و(موتەشابیهـ) : ئەو ئایەتانەن کەزیاتر لە یەک مانا لە خۆ دەگرن وپێویستی بە تێڕوانین وتێگەیشتن هەیە.

٢. هۆشداری لە تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەوانەی لاڕێ بوون یان بیدعەچیەکان، یان ئەوانەی هەندێک گومان وپرسیار فڕێدەدەن بۆ گومڕاکردنی خەڵکی وگومان دروستکردن لەلایان.

٣. لە کۆتایی ئایەتەکەدا ئەم ڕستەیە هاتووە: {وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} واتە: {بیر لە قورئان ناکەنەوە تەنها خاوەنانی ژیریی و بیر وهۆش نەبێت}، سەرزەنشت کردنی گومڕاکان و وەسفکردنی خاوەن بیر وهۆشەکانی تێدایە ئەوانەی زانان سەبارەت بە زانستی شەرعی، واتای ئایەتەکەیش ئەمە دەگەیەنێت: گومڕاکان وئەوانەی بێئاگان بیر ناکەنەوە وپەند وەرناگرن وشوێنی هەوا وئارەزوو دەکەون بۆیە خاوەنی بیرو هۆش وژیرمەندی نیین.

٤. شوێنکەوتنی ناڕوون هۆکارە بۆ لادانی دڵ.

٥. ئەو ئایەتەی ناڕوونە -موتەشابیهە- و لەوەیە لێی تێنەگات ؛ واجبە بۆ لێکدانەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایەتەی مەبەستەکەی ڕوونە -موحکەمە-.

٦. خوای گەورە -سبحانە وتعالى- وایکردووە قورئان ئایەتی مەبەست ڕوونی تێدا بێت وهەروەها هەندێک ئایەتی تێدایە کە ڕوون نیە؛ بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکی وهەروەها بۆئەوەی ئیمانداران لە گومڕاکان جیا بنەوە.
٧. بوونی ئایەتی ناڕوون لە قورئاندا : فەزڵ وپلەوپایەی زانایان دەردەخات لەسەر خەڵکی تر، وئاماژەیە بۆ لاوازی درککردنی ئەقڵەکان؛ بۆئەوەی ملکەچی پەروەردگاریان بن ودان بنێن بە بێ توانایيان.
٨. فەزڵی دامەزراوی وقووڵی لە زانستدا وگرنگی جێگیر بوون لەسەر ئەم ڕێبازە.
٩. ئەهلی تەفسیر لە ڕاوەستان لەسەر وشەی {الله} لە ئایەتە پیرۆزەکەدا {وما يعلم تأويله إلا الله والراسخون في العلم} دوو بۆ چونیان هەیە:
أ. ئەوەی لەسەر وشەی {الله} وەستا واتای (تأويل) لە ئایەتەکەدا زانستی حەقیقی وڕاستی تەواوی شتەکەیە و ئەوەی کە مرۆڤ پەی پێ نابات وەک حەقیقەتی ڕۆح وکاتی هاتنی قیامەت وئەوشتانەی کە زانستی تەنها لای الله یە، لێرەدا ئەهلی زانست وعلم ئیمان دەهێنن وزانستی حەقیقیەتی دەگێڕنەوە بۆ لای الله وملکەچ دەبن.
ب. ئەوەی لەسەر وشەی {الله} نەوەستا لەکاتی خوێندنەوەی ئەوا واتای (تأويل) لە ئایەتەکەدا بریتیە لە تەفسیر وڕونکردنەوەی واتای ئایەتەکە، کەواتە لەسەر ئەم جۆرە خوێندنەوەیە زانستی شتەکە لای الله یە وزانايانيش علميان پێ هەیە وئیمانیان پێی هێناوەو واتاکەی دەگێڕنەوە بۆ ئایەتە موحکەمەکە

(٦٥٠٦٢)

(٥٥) – عن أبي سعيد الخُدْريِّ رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٥٥) – لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«هەرکەسێک لە ئێوە هەر خراپەیەکی بینی؛ ئەوا با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی (بە دەستی بیگۆڕێت)؛ ئەوا**

**با بە زمانی بیگۆڕێت، وئەگەر نەیتوانی (بە زمانی بیگۆڕێت)؛ ئەوا با بە دڵی (ئینکاری لەو خراپەیە بکات)، وئەمیش (ئینکارکردنی خراپە لە دڵدا) لاوازترینی ئیمانە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرماندەکات بە گۆڕینی خراپە بەپێی توانا -مەبەست لە خراپە هەموو شتێکە کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی نەهیان لێکردووە-، ئەگەر خراپەیەکی بینی واجبە لەسەری بیگۆڕێت بە دەستی ئەگەر توانای هەبوو، ئەگەر نا با بەزمانی بیگۆڕێت بەوەی نەهی بکات لەو خراپەیە وزیانەکەی ڕوون بکاتەوە وڕێنمونی بکات بۆ خێر لەجیاتی ئەم شەڕ وخراپەیە، ئەگەر لەم پلەدا توانای نەبوو ئەوا با بە دڵی بیگۆڕێت ئەمیش بەوە دەبێت حەز بەم خراپەیە نەکات وپێداگیر بێت لەسەرئەوەی ئەگەر توانای هەبوایە دەیگۆڕی، وگۆڕین بە دڵ لاوازترین پلەی ئیمانە لە گۆڕینی خراپە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرموودەکە بنچینە وئەسڵە لە پلەکانی گۆڕینی خراپەدا.
٢. فەرمانکردن بە پلەبەندی لە نەهی کردن لە خراپە، هەرکەسەو بە پێی توانای.
٣. نەهی کردن لە خراپە بابەتێکی گەورەیە لە ئایندا ولە سەر هیچ کەسێک لاناچێت، وئەرکە لەسەرە هەموو مسوڵمانێک ؛ هەرکەسەو بەپێی توانای.
٤. فەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە لە تایبەتمەندیەکانی ئیمانە، وئیمان زیاد وکەم دەکات.
٥. مەرجە لە گۆڕینی خراپە: ئەو کەسەی نەهی لە خراپەکە دەکات؛ زانستی هەبێت بەوەی کە ئەو کارە خراپەیە.
٦. مەرجە لە گۆڕینی خراپە: کە ئەو نەهی کردنە نەبێتە هۆی کردنی خراپەیەکی گەورەتر.
٧. نەهی کردن لە خراپە چەند ڕێنمایی ومەرجێکی هەیە کە پێویستە مسوڵمان بیزانێت.
٨. نکۆڵی کردن لە خراپە پێویستی بە سیاسەتی شەرعی و زانست وچاوڕۆشنی هەیە.

٩. نکۆڵی نەکردن لە خراپە بە دڵ بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئیمان.

(٦٥٠٠١)

(٥٦) – عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«مَثَلُ القَائِمِ عَلَى حُدُودِ اللَّهِ وَالوَاقِعِ فِيهَا، كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سَفِينَةٍ، فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلاَهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا، فَكَانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنَ المَاءِ مَرُّوا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ، فَقَالُوا: لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا وَلَمْ نُؤْذِ مَنْ فَوْقَنَا، فَإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا، وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا، وَنَجَوْا جَمِيعًا».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(٥٦) – لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: **«نموونەی ئەو کەسەی کە سنوورەکانی خوای گەورە تێپەڕ ناکات (خۆی لە تاوانەکان بەدوور دەگرێت)، وئەو کەسەی کە تاوانەکان دەکات، وەکو کەسانێک وان کە تیروپشک دەکەن لە سەر کەشتیەک، هەندێکیان دەچنە سەرەوەی کەشتیەکە وهەندێکیان دەچنە خوارەوەی کەشتیەکە، ئەوانەی لە خوارەوەی کەشتیەکەن ئەگەر ئاویان بهێنایە بەلای ئەوانەی سەرەوەی خۆیان تێدەپەڕ دەبون، ودەیانووت: ئەگەر بە گوێرەی بەشی خۆمان کەشتیەکە کون بکەین لە خوارەوە ئەوا ئازاری ئەوانەی سەرەوە نادەین، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وازیان لێبهێنن ئەو کارە بکەن ئەوا هەموویان تیا دەچن، وئەگەر دەستیان بگرن (کە کەشتیەکە کون نەکەن) ئەوا هەموویان ڕزگاریان دەبێت».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نموونەی هێنایەوە لەسەر ئەوکەسانەی کە پابەندی سنوورەکانی خوای گەورەن، ودامەزراون لەسەر فەرمانی الله، وفەرمان بە چاکە دەکەن ونەهی لە خراپە دەکەن، وهەروەها نموونەی هێنایەوە لەسەر ئەوکەسانەی کە وازیان لە چاکە هێناوە وخراپە دەکەن، کاریگەری ئەم دوو کۆمەڵە لەسەر ڕزگاربوونی کۆمەڵگا ؛ وەکو نموونەی

خەڵكانێك وان كە سواری كەشتی بوون، وتیروپشكیان كردووە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن كێ لەسەرەوەی كەشتیەكە بێت وكێ لە خوارەوەی بێت، هەندێكیان چوونە سەرەوە، وهەندێكی تر چوونە خوارەوە، ئەوانەی لە خوارەوە بوون كاتێك بیانویستایە ئاو بهێنن ؛ تێپەڕ دەبوون بەلای ئەوانەی سەرەوەدا ودەیانووت: ئەگەر شوێنێك كون بكەین لە خوارەوە وئاو بۆ خۆمان بهێنین، چیتر ئازاری ئەوانەی سەرەوە نادەین، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وازیان لێبهێنن؛ وئەم كارە بكەن، ئەوا هەموو كەشتیەكە نقوم دەبێت بەهەموویانەوە، بەڵام ئەگەر نەهی وڕێگریان لێبكەن لەم كارە؛ هەموویان ڕزگاریان دەبێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. گرنگی فەرمان بە چاكە ونەهی لە خراپە ؛ بۆ پاراستنی كۆمەڵگا وڕزگاربوونی.

٢. لەشێوازەكانی فێركردن؛ هێنانەوەی نمونەكان، ئەمیش بۆ نزیك كردنەوەی تێگەیشتن ماناكان لە ئەقڵ بە وێنەی هەستپێكراو.

٣. كردنی خراپە بە ئاشكرا لەگەڵ نەهی لێنەكردنی؛ زیان وشەڕێكە كە سەرەنجام زیانی بۆ هەمووان هەیە.

٤. تیاچوونی كۆمەڵگا سەرەنجامی وازهێنانە لە خراپەكاران چونكە بە ئارەزووی خۆیان خراپە وفەساد لەسەر زەوی بڵاو دەكەنەوە.

٥. هەڵسوكەوتی هەڵە ونیەتی باش؛ بەس نین بۆ قبوڵكردنی وەكو كردەوەیەكی چاك.

٦. بەرپرسیارێتی لە كۆمەڵگای مسوڵماندا هاوبەشە وتایبەت نییە بە تاكێكی دیاریكراو.

٧. سزادانی گشتی بەتاوانی تاكەكان؛ ئەگەر نكۆڵییان لێنەكەن.

٨. خراپەكاران شەڕ وخراپەكەیان لەڕواڵەتی چاكەدا پیشان دەدەن بە كۆمەڵگا هەروەكو دووڕووەكان.

(٣٣٤١)

(٥٧) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا، وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلَالَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٥٧) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئەوەی بانگەشە بکات بۆ هیدایەت وچاکەکاریەک، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوانە وایە کە شوێنی دەکەون -کردەوەی پێ دەکەن-، وئەمەیش هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ناکاتەوە، وئەوەی بانگەشە بکات بۆ گومڕاییەک، ئەوا تاوانی لە سەرە بە هێندەی تاوانی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون، وئەمەیش هیچ لە تاوانی ئەوان کەم ناکاتەوە».** [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەوەی بە قسە وکردەوە ڕێنموێنیکار ورێنیشاندەر وهاندەری خەڵکی بێت بۆ سەر ڕێگایەك کە هەق وخێری تێدایە، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوانەیە کە شوێنی دەکەون بەبێ ئەوەی هیچ لەپاداشتی شوێنکەوتووان کەم بێتەوە.

وئەوەی بە قسە وکردەوە ڕێنموێنیکار ورێنیشاندەر بێت بۆ ڕێگایەك کە پوچەڵ وخراپەی تێدایە لە شەڕ و تاوان وگوناه یان شتێك حەڵاڵ نەبێت، ئەوا تاوانی لەسەر دەنووسرێت هێندەی تاوانی ئەوانەی شوێنی دەکەون بەبێ ئەوەی هیچ لە تاوانی شوێنکەوتووانی کەم بێتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلە وپایەی بانگەوازی کردن بۆ هیدایەت ورێگای ڕاست، ئەگەر زۆر یان کەم بێت، وئەوەی بانگەوازی دەکات پاداشتی وەکو ئەو کەسەیە کە کردەوەکە دەکات، وئەمیش فەزڵێکی مەزن وئەوپەڕی بەخشندەییە لەلایەن خوداوە.

٢. ترسناکی بانگەوازی کردن بۆ گومڕایی، ئەگەر زۆر یان کەم بێت، وئەوەی بانگەواز دەکات بۆ گومڕایی ؛ وەکو تاوانی ئەو کەسەی لەسەر دەنووسرێت کە کردەوەکە دەکات.
٣. پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە، ئەوەی بانگەوازی بکات بۆ خێر وچاکە ؛ پاداشتی وەکو ئەو کەسەیە کە کردەوەکە دەکات، وئەوەی بانگەوازی بکات بۆ شەڕ وخراپە ؛ وەکو تاوانی ئەو کەسەی لەسەر دەنووسرێت کە کردەوەکە دەکات.
٤. دەبێت مسوڵمان ئاگادار بێت کەسانێک چاوی لێ نەکەن کاتێك بەئاشکرا تاوان دەکات وخەڵکی دەیبینن، چونکە تاوانی زیاتری لەسەر دەنووسرێت ئەگەر کەسێك چاوی لێبکات ؛ هەرچەندە ئەو هانی نەدابێت بۆ کردنی تاوانەکەیش.

(٣٣٧٣)

(٥٨) – عن أبي مسعود الأنصاري رضي الله عنه قال: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: إِنِّي أُبْدِعَ بِي فَاحْمِلْنِي، فَقَالَ: **«مَا عِنْدِي»**، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَنَا أَدُلُّهُ عَلَى مَنْ يَحْمِلُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٥٨) – لە ئەبی مەسعودی ئەنسارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: من ئاژەڵەکەم -سواریەکەم- مرد ؛ -ئاژەڵێکم- پێبدە بۆئەوەی هەڵمبگرێت -بۆ سەفەرکردن-، فەرمووی: **«هیچم لەلا نیە»**، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ڕێنیشاندەری دەبم بۆ لای کەسێک کە هەڵی بگرێت، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: **«پاداشتی کەسی ڕێنیشاندەر بۆ کاری خێر وەکو پاداشتی کەسی ئەنجامدەری کارە خێرەکە وایە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: من ئاژەڵەکەم -سواریەکەم- مرد ؛ -ئاژەڵێکم- پێبدە بۆئەوەی هەڵمبگرێت -بۆ سەفەرکردن-، پێغەمبەر ﷺ داوای

لێبووردنی کرد بەوەی هیچ شتێکی لەلا نیە بۆئەوەی وەکو سواری پێیبدات، پیاوێک لەوانەی ئامادەبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ڕێنیشاندەری دەبم بۆ لای کەسێک کە هەڵی بگرێت.

پێغەمبەری خودا ﷺ ڕایگەیاند کە ئەو کەسە بەشدارە لە پاداشتی ئەنجامدەری کارە خێرەکە چونکە ڕێنیشاندەری کاری چاکە بوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەپاداشتی دووەم کەم بکاتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری کردن بۆ ڕێنیشاندانی کارە خێر وچاکەکان.

٢. هاندان بۆ ئەنجامدانی کاری خێر وچاکە هۆکارە بۆ کامڵی وپتەوبوونی کۆمەک وهاوکاری لەنێو کۆمەڵگای مسوڵمان.

٣. فراوانی فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.

٤. فەرموودەکە بنچینەیەکی گشتیە بۆیە هەموو کارە خێرەکان دەگرێتەوە.

٥. مرۆڤ ئەگەر نەیتوانی داوای پرسیارکار جێبەجێ بکات، ئەوا ڕێنیشاندەری دەبێت بۆ کەسێکی تر ؛ کە لەوەیە داواکەی بۆ جێبەجێ بکات.

(٥٣٥٤)

(٥٩) – عَنْ سَهْلُ بْنُ سَعْدٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ يَوْمَ خَيْبَرَ: «**لَأُعْطِيَنَّ هَذِهِ الرَّايَةَ غَدًا رَجُلًا يَفْتَحُ اللَّهُ عَلَى يَدَيْهِ، يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيُحِبُّهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ**»، قَالَ: فَبَاتَ النَّاسُ يَدُوكُونَ لَيْلَتَهُمْ أَيُّهُمْ يُعْطَاهَا، فَلَمَّا أَصْبَحَ النَّاسُ غَدَوْا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كُلُّهُمْ يَرْجُو أَنْ يُعْطَاهَا، فَقَالَ: «**أَيْنَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ؟**» فَقِيلَ: هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ يَشْتَكِي عَيْنَيْهِ، قَالَ: «**فَأَرْسِلُوا إِلَيْهِ**»، فَأُتِيَ بِهِ فَبَصَقَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي عَيْنَيْهِ وَدَعَا لَهُ، فَبَرَأَ حَتَّى كَأَنْ لَمْ يَكُنْ بِهِ وَجَعٌ، فَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ، فَقَالَ عَلِيٌّ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أُقَاتِلُهُمْ حَتَّى يَكُونُوا مِثْلَنَا؟ فَقَالَ: «**انْفُذْ عَلَى رِسْلِكَ حَتَّى تَنْزِلَ بِسَاحَتِهِمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلاَمِ، وَأَخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عَلَيْهِمْ مِنْ حَقِّ اللَّهِ فِيهِ، فَوَاللَّهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا، خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ يَكُونَ لَكَ حُمْرُ النَّعَمِ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٥٩) – لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «**سبەینێ ئاڵاکە دەدەمە دەستی پیاوێک کە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو سەرکەوتن دەبەخشێت، خوای گەورە وپێغەمبەری خۆش دەوێت، وخوای گەورە وپێغەمبەریش ئەویان خۆش دەوێت**»، سەهل دەڵێت: کاتێك بەیانیان بەسەردا هات ؛ هەموویان ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەریەکێکیان هیوای وابوو ئاڵاکە بە ئەو بدرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «**کوا عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب؟**»، ووترا: ئەو چاوی ئێش وئازاری هەیە، بۆیە ناردیان بە دوایدا وهێنایان، وپێغەمبەری خودا ﷺ تفێکی کردە نێو چاوەکانییەوە ونزای بۆ کرد؛ بۆیە باش بوو وەکو ئەوە وابێت کە هەرگیز ئێش وئازاری نەبوو بێت، وئاڵاکەی پێدا، وپێی فەرمووی: «**لە سەرخۆ بڕۆ هەتا دەچیتە نزیک خاکی ئەوان، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام، وهەواڵیان پێ بدە سەبارەت بە مافەکانی خوای گەورە لە ئیسلامدا، واللە ئەگەر خوای گەورە بە هۆی تۆوە**

**هیدایەتی یەک کەس بدات باشترە بۆ تۆ لە وشترە سوورەکان».** [صەحیحە]

- [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەواڵیدا سەبارەت بەوەی بەیانی مسوڵمانان سەردەکەون بەسەر جولەکەی خەیبەردا، ئەمیش لەسەر دەستی پیاوێك كە ئاڵاکەی پێدەدات ؛ مەبەست لە ئاڵا ئەو دروشم ونیشانەیە کە سوپا وەکو دروشمی خۆی بەرزی دەکاتەوە.

ئەم پیاوە لە سیفەتەکانی ئەوەیە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت، وخوای گەورە وپێغەمبەرەکەیشی خۆشیان دەوێت، هاوەڵان لە شەودا قسە وگفتوگۆیان دەکرد سەبارەت بەوەی ئاڵاکە بە کێ دەدات؟

وەکو هیوایەك بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕێزلێنانە مەزنە، کاتێك بەیانی هات ؛ ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، هەموویان هیوایان وابوو ئەم ڕێزلێنانە بەدەستبهێنن، پێغەمبەر ﷺ پرسیاری کرد: عەلی کوڕی ئەبی تاڵب لە کوێیە -ڕەزای خوای لێبێت-؟

ووترا: ئەو نەخۆشە وچاوی ئازاری هەیە.

پێغەمبەر ﷺ ناردی بەدوایدا، وهێنایان، بە ئاوی پیرۆزی نێو دەمی تفی کردە نێو چاوەکانی، ونزای بۆ کرد، خوای گەورە شیفای پێبەخشی لە نەخۆشیەکەی هەروەکو ئەوە وابێت نەخۆش نەبوو بێت، وئاڵاکەی پێدا، وفەرمانیپێکرد بەوەی لەسەرخۆ بڕوات هەتاوەکو نزیك دەبێتەوە لە قەڵای دوژمن، پاشان هاتنە نێو ئیسلام بخاتە پێشیان وبانگەوازیان بکات بۆ ئەم ئاینە، ئەگەر وەڵامیان دایەوە؛ ئەوەی واجبە لەسەریان بۆیان ڕوون بکەرەوە.

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەزڵی بانگەوازی کردن بۆ لای الله ی ڕوونکردەوە بۆ عەلی، وبانگخواز ئەگەر هۆکار بێت بۆ هیدایەتدانی پیاوێك ئەوا ئەمە خێرترە بۆی لەوەی وشتری سووری هەبێت کە لە گرانبەهاترین سامانەکانی عەرەبە، وخاوەنی بێت وبیکاتە خێر.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلە وپایەی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب -ڕەزای خوای لێبێت- دەردەخات، وشاهێدی دانی پێغەمبەر ﷺ بۆی ؛ ئەو خودا وپێغەمبەری خۆشدەوێت، وخودا وپێغەمبەرەکەیشی ئەویان خۆشدەوێت.

٢. بەپەرۆشی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەسەر خێر وچاکەکردن، وکێبڕکێ کردنیان لەسەر ئەنجامدانی.

٣. دروستێتی ڕەچاوکردنی ئەدەبە جوانەکان لەکاتی جەنگدا، ودوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی وسەرەڕۆیی ودەنگی بێزارکەر کە هیچ پێویست نین.

٤. لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی موحەمەدە ﷺ ؛ چونکە هەواڵیدا سەبارەت بە سەرکەوتنیان بەسەر جولەکەدا، وڕوویدا بەو شێوەیەی ئەو باسیکرد، وخوای گەورە بە ئیزنی خۆی شیفای بەخشی بە چاوەکانی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب لەسەر دەستی پێغەمبەر ﷺ.

٥. مەبەستی مەزن لە جیهاد بریتیە لەوەی خەڵکی بێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە وپابەندی ئەم ئاینە مەزنە بن.

٦. بانگەوازی کردن بە پلە وقۆناغ دەبێت سەرەتا داوا لە کافر دەکرێت کە مسوڵمان بێت ودوو شاهێدیەکە بڵێت، وپاشان فەرمانی پێدەکرێت فەرزەکانی ئیسلام جێبەجێ بکات.

٧. فەزڵ وپلە وپایەی بانگەوازی کردن بۆ ئاینی ئیسلام وئەو خێرەی تێیدایە بۆ ئەو کەسەی بانگەوازی بۆ دەکرێت وبۆ بانگخواز، ئەوەی بانگەوازی بۆ دەکرێت وئامۆژگاری دەکرێت؛ لەوەیە هیدایەت وەربگرێت وببێتە مسوڵمان، وبانگخواز پاداشتێکی زۆر گەورە وەردەگرێت بەهۆی ئەم کردەوە چاکە.

(٣٤٠٩)

(٦٠) – عن ابنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قال: قال رسولُ الله صلَّى الله عليه وسلم: **«مَن تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ»**. [حسن] - [رواه أبو داود وأحمد]

(٦٠) – لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک خۆی بە خەڵکانێک بچوێنێت؛ ئەوا**

**به یەکێک لە ئەوان دادەنرێت»**. [حەسەنە] - [ئەبو داود وئەحمەد - گێراویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک خۆی بە خەڵکانێک بچوێنێت لە کافرەکان یان فاسقەکان یان چاکەکاران -بەوەی شتێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوان پەیڕەو بکات لە بیروباوەڕەکان یان پەرستنەکان یان نەریتەکان- ؛ ئەوا بە یەکێک لە ئەوان دادەنرێت، چونکە خۆچواندن پێیان دەبێتە هۆی خۆچواندن بەئەوان لەناخدا، وبێگومان خۆچواندن بەکەسانێک ئاماژەیە بۆ سەرسامبوون پێیان، ولەوەیە ببێتە هۆی خۆشویستنیان و بەگەورەدانانیان و مەیل بۆیان ودۆستایەتی کردنیان، وئەمە سەرەنجام لەوەیە ببێتە هۆی خۆچواندن بەئەوان لەدڵ وپەرستندا -پەنا بە اللە-.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هۆشداری وئاگادار کردنەوە لە خۆشوبهاندن بە کافر وفاسقەکان.
٢. ئامۆژگاری کردن بۆ خۆچواندن بە پیاوچاکان وئەوان قودوە وسەرمەشق بن.
٣. خۆچواندن لە ڕووکەشدا دەبێتە هۆی خۆشویستن لە ناخدا.
٤. مرۆڤ تووشی هەڕەشە وتاوان دەبێت بەپێی جۆری خۆچواندنەکە.
٥. نەهی کردن لە خۆچواندن بە کافرەکان مەبەست لێی نەهی کردنە لە خۆچواندن پێیان لە پەرستنەکان وخوو ونەریتە تایبەتەکانیان، بەڵام ئەگەر شتێک لەمانە نەبێت وەکو فێربوونە پیشەسازییەکان وهاوشێوەکانی کە سوودی بۆ ئیسلام ومسوڵمانان هەیە ئەوا ئەمە ناچێتە ژێر خانەی نەهی کردنەوە.

(٥٣٥٣)

(٦١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أَن النبيَّ -صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم- قَالَ: **«الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُر أَحَدُكُم مَنْ يُخَالِل»**. [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

(٦١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«مرۆڤ لە سەر ئاینی هاوڕێکەیەتی؛ بۆیە با هەریەکێکتان**

**سەیر بکات وبزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات».** [حەسەنە] - [تیرمذی وئەبو داود و ئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە هەواڵی ئەوە دەدات کە مرۆڤ لە سەر خوو وڕێگای هاوڕێکەیەتی؛ بۆیە بۆ پاراستنی ئاینی ورەوشتی دەبێت بزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات، بۆیە ئەوەی ڕازیە لە سەر ئاینی ورەوشتی ئەوا با هاوڕێیەتی بکات، وئەوەش بەو شێوەیە نەبێت ئەوا با لێی بە دوور بێت، چونکە خوو دەدزرێت وهاوڕێیەتی کاریگەری هەیە لە چاک بوونی حاڵ یان خراپ بوونی.

بۆیە بە پوختی فەرموودەکە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ پێویستە هاوڕێیەتی کەسانی چاک بکات؛ چونکە ئەمە خێری زۆری تێدایە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرمانکردن بە هاوەڵایەتی کردنی چاکەکاران وهەڵبژاردنیان، ونەهی کردن لە هاوەڵایەتی خراپەکاران.

٢. بەتایبەتی باسی هاوڕێی کرد نەك خزم وکەسی نزیك؛ چونکە هاوڕێ تۆ هەڵیدەبژێریت، بەڵام هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ برا وخزم خۆ لێ لادانی نییە ولەمەدا هیچ بژاردەیەك لەدەستی تۆ نییە.

٣. بڕیاردانی بوونی هاوڕێ دەبێت لە دوای بیرکردنەوە وتێ فکرین بێت

٤. مرۆڤ دینداری بەهێز دەبێت بەهۆی هاوەڵایەتی لەگەڵ ئیمانداران، ومرۆڤ دینداری لاواز دەبێت بەهۆی هاوەڵایەتی لەگەڵ خراپەکاران.

(٣١٢٢)

(٦٢) – عن تَميم الداري رضي الله عنه ، قال: سمعتُ رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: «**لَيَبْلغنَّ هذا الأمرُ ما بلغ الليلُ والنهارُ، ولا يترك اللهُ بيت مَدَر ولا وَبَر إلا أدخله الله هذا الدين، بعِزِّ عزيز أو بذُلِّ ذليل، عزا يُعِزُّ الله به الإسلام، وذُلا يُذل الله به الكفر**»، وكان تميم الداري، يقول: قد عرفتُ ذلك في أهل بيتي، لقد أصاب مَن أسلم منهم الخير والشرف والعز، ولقد أصاب من كان منهم كافرا الذل والصَّغَار والجِزية. [صحيح] - [رواه أحمد]

(٦٢) – له تەمیمی دارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**ئەم ئاینە دەگاتە هەرشوێنێک کە شەو ورۆژی پێبگات، وخوای گەورە ئەم ئاینە دەگەیەنێت بە هەموو شوێنێکی نیشتەجێبوو وهەموو شوێنێکی چۆڵ وبیابان، هۆکاری شکۆداربوونی شکۆدارانە یان هۆکاری سەرشۆڕبوونی سەرشۆڕانە، شکۆدارییەک کە خوای گەورە بەهۆی دەستگرتن بە ئیسلامەوە دەیبەخشێت، وسەرشۆڕییەک کە الله بەهۆی کوفر وڕەتدانەوەی ئیسلامەوە دەیسەپێنێت**».

تەمیم دەڵێت: ئەمەم بینی لە نێو ئەندامانی خێزانەکەم، ئەوانەی مسوڵمان بوون تووشی خێر وڕێزداری وشکۆداری بوون، وئەوانەی کافر بوون تووشی سەرشۆڕی وبچووکی وباجدان بوون. [صەحیحە] – [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەوە دەدات کە ئەم ئاینە دەکاتە هەموو شوێنێکی سەر زەوی، هەرشوێنێک شەو ورۆژی پێبگات بانگەوازی ئەم ئاینە پێی دەگات، وخوای گەورە ئەم ئاینە دەخاتە نێو هەموو ماڵێک جار لە هەرشار وگوند ودەشتایی وبیابانێکدا بێت، ئەوەی ئەم ئاینە قبوڵ بکات وباوەڕی پێبهێنێت ئەوا شکۆدار دەبێت بەهۆی شکۆداری ئیسلامەوە کە ئاینی پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەکانە.

وئەوەی ئیسلام ڕەت بکاتەوە وکوفر بکات ئەوا زەلیل وسەرشۆڕ دەبێت چونکە ئاینی خودای ڕەتکردەوە، ولەم فەرموودەیەدا هاوەڵی بەڕێز تەمیمی

داری باسی ئەوە دەكات كە ئەو ئاماژەكان وڕاستیەكانی ئەم فەرموودەیەی بە چاوی خۆی بینی لە نێو بنەماڵە وخێزانەكەیدا، هەركەسێكیان مسوڵمان بوو تووشی خێر وڕێز وشكۆداری بوو، وئەوەی كافر بوو تووشی سەرشۆڕی وزەلیلی وباجدان بوو بە دەوڵەت بەهۆی كوفر وبێباوەڕ بوونیەوە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. موژدەیە بۆ مسوڵمانان كە ئاینەكەیان لە هەموو شوێنێكی سەر زەوی بڵاو دەبێتەوە.

٢. عیزەت وشكۆداری بۆ ئیسلام ومسوڵمانانە، وسەرشۆڕی وزەلیلی بۆ كوفر وكافرەكانە.

٣. یەكێك لە بەڵگە ونیشانەكانی پێغەمبەرایەتی تێدایە ؛ چونكە بەو شێوەیە ڕوویدا كە پێغەمبەر ﷺ باسیكرد.

(١١٢٢٠)

(٦٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنْ رَسُولِ اللهِ صلى الله عليه وسلم أنه قال: «وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ». [صحيح] - [رواه مسلم]

(٦٣) – لە ئەبی هورەیرەوە كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«سوێند بە ئەوەی كە نەفسی موحەممەدی بە دەستە، هیچ كەسێک نییە لەم ئومەتە لە جولەكەیەک یان نەسرانیەک سەبارەت بە من ببیسێت، پاشان بمرێت لە سەر باوەڕ نەهێنان بەو پەیامەی كە من پێی نێردراوم؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ سوێند دەخوات كە هەركەسێك لەم ئومەتە* سەبارەت بە ئەو ببیستێت، ئینجا جولەكە یان گاوڕ یان هەریەكێكی تر كە پەیامی پێغەمبەری پێدەگات ﷺ، پاشان بمرێت وباوەڕ نەهێنێت بە پەیامی ئیسلام ؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە و بەهەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە. *(ئومەت: لێرەدا مەبەست لێی ئومەتی

بانگەوازە هەروەکو زانایان فەرموویانە، چونکە ئومەت دوو جۆرە: ئومەتی بانگەواز وئومەتی وەڵامدانەوە، ئومەتی بانگەواز هەموو خەڵکی سەر زەوی دەگرێتەوە، وئومەتی وەڵامدانەوە تەنها مەبەست لێی ئومەتی ئیسلامە کە باوەڕیان بە هەموو پێغەمبەران هێناوە).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گشتگیری پەیامی پێغەمبەر ﷺ بۆ هەموو جیهان، و واجبێتی شوێنکەوتنی، وهەموو شەریعەتەکانی پێشوو ؛ بە شەریعەتەکەی ئەو هەڵوەشێنرانەوە.

٢. هەرکەسێك بێباوەڕ بێت بە پێغەمبەر ﷺ ؛ ئەوا باوەڕهێنانی بە پێغەمبەرانی تر سوودی بۆی نابێت -عليهم الصلاة والسلام-.

٣. ئەوەی سەبارەت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-ی نەبیستبێت، وبانگەوازی ئاینی ئیسلامی پێ نەگەیشتبێت ئەوا ئەو کەسە پۆزش(عوزر)ی هەیە، وچارەنووسی لەقیامەتدا لەلای خوای گەورەیە.

٤. مرۆڤ دەتوانێت مسوڵمان بێت ؛ هەرچەندە ماوەیەکی کەمیش بێت پێش مردن، تەنانەت ئەگەر لە نەخۆشیەکی سەختیشدا بێت، هەتا ئەو کاتەی ڕۆح دەگاتە گەروو (هەتا مردن دەبینێت).

٥. بە باشدانان وهەوڵدان بۆ چاك پیشاندانی ئاینی کافرەکان -لەوانەش جولەکە وگاورەکان- ؛ ئەمە کوفرە.

٦. باسکردنی جولەکە وگاورەکان -لەم فەرموودەیەدا- ؛ هۆشداریە بۆ شوێنکەوتووانی ئاینەکانی تر، چونکە ئەگەر جولەکە وگاورەکان -کە کتێبی ئاسمانیان بۆ دابەزێندراوە- ؛ ئەمە حاڵیان بێت، ئەوانی تر کە کتێبیان نییە ؛ هەرەشەکە زیاتر دەیانگرێتەوە، بۆیە واجبە هەموویان شوێنی ئاینەکەی بکەون وگوێڕایەڵی بن ﷺ.

(٣٢٧٢)

(٦٤) – عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَدَاةَ الْعَقَبَةِ وَهُوَ عَلَى نَاقَتِهِ: **«الْقُطْ لِي حَصًى»** فَلَقَطْتُ لَهُ سَبْعَ حَصَيَاتٍ، هُنَّ حَصَى الْخَذْفِ، فَجَعَلَ يَنْفُضُهُنَّ فِي كَفِّهِ وَيَقُولُ: **«أَمْثَالَ هَؤُلَاءِ فَارْمُوا»** ثُمَّ قَالَ: **«أَيُّهَا النَّاسُ، إِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِي الدِّينِ، فَإِنَّما أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ الْغُلُوُّ فِي الدِّينِ»**. [صحيح] - [رواه ابن ماجه والنسائي وأحمد]

(٦٤) – له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ سەر لەبەیانی عەقەبە بەسەر وشترەکەیەوە ؛ پێمی فەرموو: **«بەردم بۆ هەڵبگرە (بیهێنە بۆم)»**، منیش حەوت بەردی بچووکم بۆ هێنا، لە بەردی پەلەپیتکەن ، لەنێو دەستیدا هەڵیدەگێڕانەوە وفەرمووی: **«با وەکو ئەمانە بێت (ئەو بەردانەی) دەیهاوێژن»**، پاشان فەرمووی: **«ئەی خەڵکینە، وریا وئاگاداری زیادەڕەوی وسنوور تێپەڕاندن بن لە ئاییندا، هۆکاری تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە ؛ زیادەڕەوی کردن بوو لە ئاییندا»**. [صەحیحە] – [ئیبن ماجە ونەسائی وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی قوربانی ئەو لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو ﷺ سەر لەبەیانی ڕۆژی هاویشتنی بەردەکان لە عەقەبە لە حەجی ماڵئاواییدا، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیپێکرد بەوەی بەردی بۆ بهێنێت بۆ هاویشتن، ئەویش حەوت بەردی هێنا، هەردانەیەکیان بەقەد دەنکە نۆکێك یان بوندوقێك دەبوو، ﷺ بەردەکانی لەنێو دەستی دانا پاشان جوڵاندنی، وفەرمووی: لە قەبارەدا با وەکو ئەمانە بێت ئەو بەردانەی دەیهاوێژن.

پاشان پێغەمبەر ﷺ هۆشداریانی کردەوە لە زیادەڕەوی وتوندەڕەوی وتێپەڕاندنی سنوورەکان لە بابەتەکانی ئاین، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی ئومەتانی پێشوو بریتی بوو لە تێپەڕاندنی سنوورەکان وزیادەڕەوی وتوندڕەوی لە ئاییندا

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی کردن لە زیادەڕەوی لە ئایندا، وڕوونکردنەوەی خراپی سەرەنجامی، وهۆکاری تیاچوونە.
٢. پەند وئامۆژگاری وەرگرتن لە ئومەتانی پێش ئێمە، بۆئەوەی خۆمان بپارێزین ودوور بین لەو هەڵە وتاوانانەی تووشی بوون.
٣. ئامۆژگاری کردن بە شوێنکەوتنی سونەت.

(٣٣٩٥)

(٦٥) – عن عبد الله بن مسعود قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

**«هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُون»** قالها ثلاثًا. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٦٥) – لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«توندڕەوەکان تیاچوون^»**. (ئەمەی سێ جار فەرموو)، ^(توندڕەوەکان -المُتَنَطِّعُون- : ئەوانەن کە زیادەڕۆیی دەکەن لە خواپەرستیدا وکردەوەکە لەسنوری شەرع دەردەکەن وزۆر لە خۆیان دەکەن). [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەکاتەوە کە توندڕەوەکان بێهیوا وخەسارۆمەندن -بێ هیدایەت وزانست-ن لە دونیا ودینیاندا، ولە قسە وکردەوەیاندا، سنووریی ئەو شەرعەیان تێپەڕاندووە کە پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی توندڕەوی وزۆر لە خۆکردن -ئەرکی نارەحەت خستنە سەر نەفس- لە هەموو شتێکدا، وئامۆژگاری وهاندان بۆ دوورکەوتنەوە لەم سیفەتە لە هەموو شتێکدا ؛ و بەتایبەتی لە پەرستنەکان ولە بەگەورەدانانی پیاوچاکان.
٢. گەڕان بەدوای کامڵترین لە پەرستنەکان وهتد؛ ئەمە شتێکی باشە، وبەدەست دێت بە پابەندبوون بە شەریعەتەوە.

٣. سونەتە کە بابەتێکی گرنگ دووپاتی لە سەر بکرێتەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەم ڕستەیەی سێ جار دووبارە کردەوە.
٤. لێبووردەیی ئاینی ئیسلام، وئاسانی ئەو فەرمان وشەریعەت ویاسایانەی کە تێیدا دانراوە.

(٣٤٢٠)

(٦٦) – عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«الْيَهُودُ مَغْضُوبٌ عَلَيْهِمْ، وَالنَّصَارَى ضُلَّالٌ»**. [صحيح] - [رواه الترمذي]

(٦٦) – لە عەدی کوڕی حاتمەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«جولەکەکان؛ خوای گەورە توڕەیە لێیان، وگاوڕەکان گومڕان».**
[صەحیحە] - [تیرمذی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە جولەکەکان قەومێکن خوای گەورە توڕەیە لێیان ؛ چونکە هەق وڕاستیان زانی وکردەوەیان پێنەکرد. وگاوڕەکان قەومێکی گومڕان؛ چونکە کردەوەیان کرد بەبێ زانست.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. زانست وکردەوە پێکەوە هۆکاری ڕزگاربوونن لە ڕێبازی ئەوانەی الله توڕەیە لێیان -جولەکەکان- وئەوانەی گومڕان -گاوڕەکان-.
٢. هۆشداری لە ڕێبازی جولەکە وگاوڕەکان، وپابەندبوون بە ڕێبازی ڕاست کە ڕێبازی ئاینی ئیسلامە.
٣. جولەکە وگاوڕەکان خوای گەورە توڕەیە لێیان وگومڕان، بەڵام تایبەتترین سیفەتی جولەکەکان ؛ خوای گەورە توڕەیە لێیان، وتایبەتترین سیفەتی گاوڕەکان ؛ گومڕان.

(٦٥٠٦١)

(٦٧) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رضي الله عنهما قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «**كَتَبَ اللهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، قَالَ: وَعَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(٦٧) – لە عبداللە کوڕی عەمرو کوڕی ئەلعاس دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**خوای گەورە قەدەری (چارەنووسی) دروستکراوەکانی نووسیووە پێش ئەوەی ئاسمانەکان وزەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ، وعەرشەکەی لەسەر ئاوە**». [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە اللە قەدەری هەموو شتێکی نووسیوە کە ڕوودەدات لە گەردووندا بە وردەکاریەوە لە ژیان ومردن وڕزق وهتد، هەمووی لە -تابلۆ پارێزراوەکەدایە - پێش ئەوەی ئاسمانەکان وزەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ، وهەمووی ڕوودەدات بەپێی قەزا وقەدەری خوای گەورە -عز وجل-، هەموو شتێک ڕوودەدات بەقەزا وقەدەری خوای گەورەیە، هەرشتێک تووشی بەندە بێت ئەوا نەدەبوایە تووشی نەبێت، وهەرشتێک تووشی نەبووە نەئەبوایە تووشی ببێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبێتی باوەڕبوون بە قەزا وقەدەر.
٢. قەدەر: بریتیە لە زانستی اللە بە شتەکان ونووسینیان و ویستی لەسەریان وخوڵقاندنیان.
٣. ئیمان بەوەی قەدەرەکان نووسراون پێش ئەوەی ئاسمانەکان وزەوی دروست بکرێت ؛ ئەمە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی وتەسلیم بوون بۆ پەروەردگار.
٤. عەرشی اللە لەسەر ئاو بووە پێش ئەوەی ئاسمانەکان وزەوی دروست بکات.

(٦٥٠٣٨)

(٦٨) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ الصَّادِقُ المَصْدُوقُ: «**أَنَّ خَلْقَ أَحَدِكُمْ يُجْمَعُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا وَأَرْبَعِينَ لَيْلَةً، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَهُ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَهُ، ثُمَّ يُبْعَثُ إِلَيْهِ المَلَكُ، فَيُؤْذَنُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ، فَيَكْتُبُ: رِزْقَهُ وَأَجَلَهُ وَعَمَلَهُ وَشَقِيٌّ أَمْ سَعِيدٌ، ثُمَّ يَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الجَنَّةِ حَتَّى لاَ يَكُونُ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ إِلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُ النَّارَ، وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ إِلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ، فَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٦٨) – له عبدالله كوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ بۆمانی گێڕایەوە لەکاتێکدا ئەو ڕاستگۆیە و بەڕاستگۆ دانراوە، فەرمووی: «**هەر یەکێکتان لەکاتی دروستکردنی کۆدەکرێتەوە لە سکی دایکیدا چل ڕۆژ وشەو ، پاشان دەبێتە خوێنێکی چڕی کوڵۆ بۆ هەمان ماوە، پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێک بۆ هەمان ماوە، پاشان فریشتەیەکی بۆ دەنێردرێت وفەرمانی پێدەکرێت بە چوار شت: ڕزقی وتەمەنی وکردەوەی، وبەدبەخت -چارەڕەش- یان ئاسوودەیە، وبە دڵنیاییەوە یەکێکتان کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت هەتاوەکو لەنێوان ئەو وبەهەشت -دووری- باڵێک دەمێنێتەوە؛ دوواجار کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ بۆیە دەچێتە نێویەوە، ویەکێکتان کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتاوەکو لەنێوان ئەو ودۆزەخ -دووری- باڵێک- دەمێنێتەوە؛ دوواجار کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت بۆیە دەچێتە نێویەوە**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بۆمانی گێڕایەوە لەکاتێکدا ئەو ڕاستگۆیە لە فەرموودەکانی، و بەڕاستگۆ دانراوە لایەن خوای گەورەوە -سبحانه وتعالى-.

فەرمووی: یەکێکتان خوڵقاندنی کۆدەکرێتەوە، ئەمیش پاش ئەوەی پیاو لەگەڵ خێزانەکەی جووت دەبێت ومەنی پیاو وئافرەتەکە کۆدەبێتەوە لە ڕەحمی ئافرەتەکە پاش چل ڕۆژ دەبێتە دڵۆپەیەک -نوتفەیەک- لە مەنی پیاو وئافرەت.

پاشان دەبێتە پارچە خوێنێک ئەمیش پارچە خوێنێکی چڕی کوڵۆیە، ئەمە لە چل ڕۆژی دووەم.

پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێک بەقەبارەی ئەوەندەی بتوانرێت قووت بدرێت، ئەمە لە چل ڕۆژی سێیەم.

پاشان خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت، بۆیە ڕۆح دەکات بەبەریدا پاش تەواوبوونی چل ڕۆی سێیەم، وفەرمانی پێدەکرێت بەنووسینی چوار شت : ڕزقەکەی، ئەمیش ئەو نیعمەتانەیە کە دەستی دەکەوێت لە تەمەنیدا، وئەجەلەکەی، ئەمیش ماوەی مانەوەیەتی لەدونیادا، وکردەوەی، ئایا چۆن کردەوە دەکات؟ ئایا خراپەکار -چارەڕەش- یان چاکەکارە -بەختەوەرە-.

پاشان پێغەمبەر ﷺ سوێندنی خوارد : یەکێکتان کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت، وکردەوەکانی لە پێش چاوی خەڵکی چاکەکارییە، وبەردەوامە لەسەری هەتاوەکو لەنێوان ئەو وبەهەشت -دووری- باڵێک دەمێنێتەوە، واتا: دووری ئەو کەسە لە بەهەشت هێندەی دووری کەسێکە لەشتێکەوە لە سەر زەوی بەدووری باڵێک، بەڵام قەدەر دێتە پێشی وئەوەی لەسەری نووسراوە جێبەجێ دەبێت، بۆیە کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ و کۆتا کردەوەکانی بەم شێوەیە دەبێت ودەچێتە نێویەوە.

چونکە مەرجی قبوڵبوونی کردەوە ئەوەیە کە لەسەری جێگیر بێت ونەگۆڕێت، وکەسێکی تر کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتاوەکو نزیک دەبێت لەوەی بچێتە دۆزەخەوە، واتا: دووری ئەو کەسە لە دۆزەخ هێندەی دووری کەسێکە لەشتێکەوە لە سەر زەوی بەدووری باڵێک،

بەڵام قەدەر دێتە پێشی وئەوەی لەسەری نووسراوە جێبەجێ دەبێت، بۆیە کردەوە دەکات بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت و کۆتا کردەوەکانی بەم شێوەیە دەبێت ودەچێتە نێویەوە،

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چارەنووسی شتەکان لەسەرەنجامدا بەو شێوەیە دەبێت کە لە قەزا وقەدەردا هاتووە.
٢. هۆشداری لە سەرسامبوون بەڕووکەشی کردوەکان؛ چونکە پەند لە کۆتا کردەوەکانە.

(٦٥٠٣٧)

(٦٩) – عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم: **«الْجَنَّةُ أَقْرَبُ إِلَى أَحَدِكُمْ مِنْ شِرَاكِ نَعْلِهِ، وَالنَّارُ مِثْلُ ذَلِكَ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٦٩) – لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«بەهەشت نزیکترە لە یەکێک لە ئێوە زیاتر لە بەستەی نەعلەکانی ودۆزەخیش بە هەمان شێوە»**. [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە بەهەشت ودۆزەخ نزیکن لە مرۆڤەوە وەکو نزیکی بەستەی (قەیتانی) نەعلەکانی.

مرۆڤ لەوەیە پەرستنێک ئەنجام بدات و ببێتە هۆی ڕازی بوونی خوای گەورە و بەهۆیەوە دەچێتە بەهەشتەوە، ولەوەیە مرۆڤ تاوانێک بکات و ببێتە هۆی توڕەیی خوای گەورە و بەهۆیەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ ئەنجامدانی خێر وچاکە ئەگەر بچووک وکەمیش بێت، وترساندن وهۆشداری لە شەڕ وخراپە ئەگەر بچووک وکەمیش بێت.

٢. دەبێت مسوڵمان لەژیانیدا لە نێوان هیوا و ترس دا بێت، وبەردەوام داوا لە خوای گەورە بکات بۆئەوەی جێگیر ودامەزراو بێت لەسەر هەق ورێگای ڕاست؛ چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوا سەلامەت وپارێزراو دەبێت و تووشی لەخۆبایی ولوتبەرزی نابێت بە حاڵی خۆی.

(٣٥٨١)

(٧٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال:

«حُجِبَتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ، وَحُجِبَتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ». [صحيح] - [رواه البخاري]

(٧٠) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:

**«دۆزەخ دەوردراوە بە شەهوەت وئارەزووەکان، وبەهەشت دەوردراوە بە ناڕەحەتی وتاقیکردنەوەکان».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەکاتەوە کە دۆزەخ دەوردراوە بەو شتانەی نەفسی مرۆڤ ئارەزووی دەکات لە کردەوە حەرامکراوەکان یان کەمتەرخەمی لە واجبەکان؛ هەرکەسێک شوێن هەوا وئارەزووی نەفسی بکەوێت ئەوا شایستەی چوونە دۆزەخە، وبەهەشت دەوردراوە بەو شتانەی کە نەفس حەزی پێناکات؛ وەکو پەیڕەوکردنی فەرمانپێکراوەکان و وازهێنان لە حەرامکراوەکان وئارامگرتن لەسەر ئەمە، ئەگەر گوێڕایەڵ بێت وجیهادی نەفسی بکات ئەوا شایستەی چوونە بەهەشتە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هۆکاری تووشبوون بە شەهوەت وئارەزووەکان بریتیە لە ڕازاندنەوەی شەیتان بۆ شەڕ وخراپە وشتە ناشرینەکان، کە ئەمەش وا دەکات لای نەفس جوان بێت وبۆی بچێت وئەنجامی بدات.

٢. فەرمانکردن بە دوورکەوتنەوە لە شەهوەتە حەرامکراوەکان؛ چونکە ڕێگایە بەرەو دۆزەخ، وئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتی وناخۆشیەکان ؛ چونکە ڕێگایە بەرەو بەهەشت.

٣. فەزڵ وپلەوپایەی جیهادکردن دژ بە نەفس وکۆشش کردن لە پەرستنەکاندا وئارام گرتن لەسەر ئەو بارگرانی ونارەحەتیانەی پەیوەستن بە پەرستنەکانەوە.

(٣٧٠٢)

(٧١) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «**لَمَّا خَلَقَ اللَّهُ الْجَنَّةَ وَالنَّارَ أَرْسَلَ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَامُ إِلَى الْجَنَّةِ، فَقَالَ: انْظُرْ إِلَيْهَا وَإِلَى مَا أَعْدَدْتُ لِأَهْلِهَا فِيهَا. فَنَظَرَ إِلَيْهَا فَرَجَعَ، فَقَالَ: وَعِزَّتِكَ لَا يَسْمَعُ بِهَا أَحَدٌ إِلَّا دَخَلَهَا. فَأَمَرَ بِهَا فَحُفَّتْ بِالْمَكَارِهِ، فَقَالَ: اذْهَبْ إِلَيْهَا فَانْظُرْ إِلَيْهَا وَإِلَى مَا أَعْدَدْتُ لِأَهْلِهَا فِيهَا. فَنَظَرَ إِلَيْهَا، فَإِذَا هِيَ قَدْ حُفَّتْ بِالْمَكَارِهِ، فَقَالَ: وَعِزَّتِكَ لَقَدْ خَشِيتُ أَنْ لَا يَدْخُلَهَا أَحَدٌ. قَالَ: اذْهَبْ فَانْظُرْ إِلَى النَّارِ وَإِلَى مَا أَعْدَدْتُ لِأَهْلِهَا فِيهَا. فَنَظَرَ إِلَيْهَا فَإِذَا هِيَ يَرْكَبُ بَعْضُهَا بَعْضًا، فَرَجَعَ فَقَالَ: وَعِزَّتِكَ لَا يَدْخُلُهَا أَحَدٌ. فَأَمَرَ بِهَا فَحُفَّتْ بِالشَّهَوَاتِ، فَقَالَ: ارْجِعْ فَانْظُرْ إِلَيْهَا. فَنَظَرَ إِلَيْهَا فَإِذَا هِيَ قَدْ حُفَّتْ بِالشَّهَوَاتِ، فَرَجَعَ وَقَالَ: وَعِزَّتِكَ لَقَدْ خَشِيتُ أَنْ لَا يَنْجُوَ مِنْهَا أَحَدٌ إِلَّا دَخَلَهَا**». [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي والنسائي]

(٧١) – لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**کاتێک خوای گەورە بەهەشت ودۆزەخی دروستکرد جبریلی نارد -علیه السلام- بۆ بەهەشت، فەرمووی: تەماشای بکە چیم ئامادە کردووە بۆ ئەوانەی تێیدا -دەمێننەوە-، ئەویش تەماشای کرد؛ گەڕایەوە، -جبریل- فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت هەرکەسێک سەبارەتی ببیستێت ئەوا دەچێتە نێویەوە، -پەروەردگار- فەرمانیکرد کە دەور بدرێت بە نارەحەتیەکان، فەرمووی: بڕۆ تەماشای بکە چیم ئامادەکردووە بۆ ئەوانەی تێیدا -دەمێننەوە-، -جبریل- تەماشای کرد، سەیری کرد دەور دراوە بە نارەحەتیەکان، فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی کەس نەچێتە نێویەوە، -پەروەردگار- فەرمووی: بڕۆ سەیری دۆزەخ بکە چیم ئامادەکردووە بۆ ئەوانەی تێیدا -دەمێننەوە-، ئەویش -جبریل- سەیری کرد بینی بەشێکی چووەتە سەر بەشێکی تری،**

**گەڕایەوە فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت کەس نییە سەبارەتی ببیستێت پاشان بچێتە نێویەوە، -پەروەردگار- فەرمانیکرد دەور بدرێت بە شەهوەت وئارەزووەکان، وفەرمووی: بگەڕێوە تەماشای بکە، ئەویش تەماشای کرد بینی دەور دراوە بە شەهوەت وئارەزووەکان، گەڕایەوە فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی هیچ کەسێک ڕزگاری نابێت لێی -بۆیە- دەچێتە نێویەوە».** [حەسەنە] - [ئەبو داود وتیرمزی ونەسائی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کاتێک خوای گەورە بەهەشت ودۆزەخی دروستکرد، بە جبریلی فەرموو -علیه السلام-: بڕۆ بۆ بەهەشت و تەماشای بکە، ئەویش چوو و تەماشای کرد پاشان گەڕایەوە، جبریل فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت هەرکەسێک سەبارەتی ببیستێت وئەوەی تێیدایە لە نیعمەت وخێر وڕێزلێنان ئەوا حەز دەکات بچێتە نێویەوە، وکردەوەی بۆ دەکات، پەروەردگار فەرمانیکرد کە دەور بدرێت بە شتە ناخۆش وناڕەحەتەکان لەسەر نەفسی مرۆڤ، ئەمیش واجبەکان ونەهی لێکراوەکان دەگرێتەوە؛ ئەوەی بیەوێت بچێتە بەهەشتەوە پێویستە ئەم ناڕەحەتیانە تێبپەڕێنێت.

پاشان خوای گەورە -عز وجل- فەرمووی: ئەی جبریل! بڕۆ تەماشای بەهەشت بکە، پاش ئەوەی دەوردرا بە ناڕەحەتیەکان، ئەویش چوو وتەماشای کرد، پاشان هات و فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی کەس نەچێتە نێویەوە، بەهۆی ئەو سەختی وناڕەحەتیانەی کە هەیە لەسەر ڕێگاکەی.

کاتێک خوای گەورە دۆزەخی دروستکرد، فەرمووی: ئەی جبریل ! بڕۆ وسەیری بکە، ئەویش چوو وسەیری کرد، پاشان جبریل هات وفەرمووی: پەروەردگار، بە شکۆداریت هەرکەسێک سەبارەتی ببیستێت لەوەی تێدایە لە سزا وناڕەحەتی وئازاردان ئەوا حەز ناکات بچێتە نێویەوە ولە هۆکارەکانی چوونە نێوی دوور دەکەوێتەوە.

پاشان پەروەردگار -عز وجل- فەرمانیکرد بۆیە دەور درا بە شەهوەت وئارەزووەکان، پاشان فەرمووی: بگەڕێوە تەماشای بکە، ئەویش گەڕایەوە تەماشای کرد، فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی هیچ کەسێک ڕزگاری نابێت لێی -بۆیە- دەچێتە نێویەوە؛ چونکە دەوردراوە بە خۆشی وئارەزووەکان.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. باوەڕبوون بەوەی بەهەشت ودۆزەخ ئێستا بوونیان هەیە.
٢. واجبێتی باوەڕبوون بە غەیب وبە هەموو ئەوەی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموویانە و ئەوەی هاتووە سەبارەتیان.
٣. گرنگی ئارامگرتن لەسەر ناخۆشیەکان چونکە ڕێگای گەیشتنە بە بەهەشت.
٤. گرنگی خۆبەدوورگرتن لەسەر حەرامکراوەکان؛ چونکە کردنی حەرامکراو ڕێگای گەیشتنە بە دۆزەخ.
٥. بەهەشت دەوردراوە بە ناڕەحەتیەکان، ودۆزەخ دەوردراوە بە خۆشی وچێژەکان، ئەمە مەبەستە لە تاقیکردنەوە وناخۆشیەکان لە ژیانی دونیا.
٦. ڕێگای گەیشتن بۆ بەهەشت سەخت وناڕەحەتە، وپێویستی بە ئیمان وئارامگرتن هەیە وهەروەها ناڕەحەتی لەگەڵدایە، وڕێگای دۆزەخ پڕە لە خۆشی وشەهوەتەکانی دونیا.

(٦٥٠٣٤)

(٧٢) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«نَارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ»** قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً. قَالَ: **«فُضِّلَتْ عَلَيْهِنَّ بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٧٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەو ئاگرەی بەکاری دێنن بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ»**، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، تەنها ئەوە بەس بوو، فەرمووی: **«شەست ونۆ هێندەی ئاگری (دونیا گەرمە) هەربەشێکی وەکو گەرمی (ئاگری دونیایە)»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە ئاگری دونیا بەشێکە لە حەفتا بەش لە ئاگری دۆزەخ، ئاگری قیامەت تین وهێزی گەرمی زیاترە لە ئاگری دونیا بە شەست ونۆ پلە، هەربەشێکی هێندەی گەرمی ئاگری دونیایە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئاگری

دونيا بەسە بۆ سزادانی ئەوانەی لەنێو دۆزەخن، فەرمووی: شەست ونۆ هێندەی ئاگری دونیا گەرمە، هەربەشێکی وەکو گەرمی ئاگری دونیایە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هۆشداریدان سەبارەت بە دۆزەخ بۆئەوەی خەڵکی دوور بکەونەوە لەو کردەوانەی دەبنە هۆی چوونە دۆزەخ.
٢. مەزنێتی ئاگری دۆزەخ وسزای نێوی، وسەختی وتوندی گەرمیەکەی.

(٦٥٠٣٦)

(٧٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «**يَقْبِضُ اللَّهُ الأَرْضَ، وَيَطْوِي السَّمَوَاتِ بِيَمِينِهِ، ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا المَلِكُ، أَيْنَ مُلُوكُ الأَرْضِ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٧٣) – لە ئەبی هورەیرەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**خوای گەورە زەوی دەگرێت، وئاسمانەکان دەپێچێتەوە بە -دەستی- ڕاستی، پاشان دەفەرموێت: من پادشام، کوان پادشاکانی زەوی**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە -سبحانە وتعالی- لەڕۆژی قیامەتدا زەوی دەگرێت ودەیپێچێتەوە، وئاسمان دەپێچێتەوە بە -دەستی- ڕاستی، بەسەریەکەوە دەیانپێچێتەوە و لەناویان دەبات، پاشان پەروەردگار -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت: من پادشام، کوان پادشاکانی زەوی ؟!

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بیرهێنانەوە بەوەی تەنها موڵکی الله دەمێنێتەوە، وموڵکی جگە لە ئەو ؛ نامێنێت.

٢. ئاماژەیە بۆ شکۆداری پەروەردگار -سبحانه وتعالی- ومەزنی توانا ودەسەڵاتی وئەوە خاوەنی هەموو شتێک.

(٦٥٠٢٨)

(٧٤) – عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ المُؤمنينَ رضي الله عنها قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَقَدْ سَتَرْتُ سَهْوَةً لِي بِقِرَامٍ فِيهِ تَمَاثِيلُ، فَلَمَّا رَآهُ هَتَكَهُ وَتَلَوَّنَ وَجْهُهُ وَقَالَ: **«يَا عَائِشَةُ، أَشَدُّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الَّذِينَ يُضَاهُونَ بِخَلْقِ اللهِ»** قَالَتْ عَائِشَةُ: **«فَقَطَعْنَاهُ فَجَعَلْنَا مِنْهُ وِسَادَةً أَوْ وِسَادَتَيْنِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٧٤) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ هاتە ژوورەوە بۆ لام، ومن دۆڵابێکم بە پەردەیەك داپۆشی بوو ؛ کە وێنەی لەسەر کێشرا بوو، کاتێك بینی پچڕانی ورەنگی گۆڕا، وفەرمووی: **«ئەی عائیشە، توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە الله لە خوڵقاندندا»**، عائیشە دەڵێت: **«دڕیمان وکردمان بە سەرینێك یان دووان»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ چووە نێو ماڵەکەی بۆ لای عائیشە، دۆڵابێکی بچووکی هەبوو کە هەندێك شتومەکی تێدا دادەنا؛ پێغەمبەر ﷺ بینی بە قوماشێك ئەم دۆڵابەی داپۆشیووە کە وێنەی ڕۆح لەبەری لەسەرە، بەهۆی تورەبوونی لەپێناو الله ؛ ڕەنگی گۆڕا ولایبرد، وفەرمووی: توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە الله لە خوڵقاندندا. عائیشە دەڵێت: بۆیە ئێمە کردمان بە سەرینێك یان دووان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نکۆڵی کردن لە خراپە لەکاتی بینینی ودوانەکەوتن لەمەدا، بەتایبەت ئەگەر بزانێت تووشی خراپەیەکی گەورەتر نابێت.

٢. سزا له ڕۆژی قیامەتدا جیاوازە بە پێی گەورەیی تاوان.
٣. وێنەکێشانی ڕۆح لەبەر گوناهە گەورەکانە، ویەکێکە لە تاوانە گەورەکان.
٤. لە حیکمەتەکانی حەرامێتی وێنەکێشانی ڕۆح لەبەر: ئەو کەسانە خۆیان دەچوێنن بە الله -سبحانه وتعالی- لە خوڵقاندنی ڕۆح لەبەردا، ئینجا ئەگەر وێنەکێش بەمەبەست یان بێ مەبەست بیکات.
٥. بەپەرۆشی شەریعەت لەسەر پاراستنی موڵك وسامانەکان ؛ بە سوود وەرگرتن لێیان، پاش دوورخستنەوەیان لە بەکارهێنانیان لە حەرامدا.
٦. قەدەغەکردنی کێشانی وێنەی ڕۆح لەبەر لەسەر هەرشت وشێوەیەك بێت، ئەگەرچیش شتەکە ڕێزلێگیراو نەبێت.

(٥٩٣١)

(٧٥) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَيُوشِكَنَّ أَنْ يَنْزِلَ فِيكُمْ ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا مُقْسِطًا، فَيَكْسِرَ الصَّلِيبَ، وَيَقْتُلَ الخِنْزِيرَ، وَيَضَعَ الجِزْيَةَ، وَيَفِيضَ المَالُ حَتَّى لاَ يَقْبَلَهُ أَحَدٌ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٧٥) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، نزیکە دابەزینی کوڕی مەریەم لە نێوانتان فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر، خاچ دەشکێنێت، وبەراز دەکوژێت، وسەرانە -جزیە- هەڵدەگرێت -نامێنێت-، وپارە وسامان زۆر دەبێت هەتاوەکو کەس پێویستی پێی نابێت».** [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ سوێند دەخوات لەسەر ئەوەی دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم -علیهما السلام- نزیکە، و بەدادپەروەری حوکم دەکات لەنێو خەڵکی بە شەریعەتی موحەمەدی، ئەو خاچە دەشکێنێت کە گاوڕەکان بەمەزنی دادەنێن، وعیسا -علیه السلام- بەراز دەکوژێت، وسەرانە -جزیە-

هەڵدەگرێت -نامێنێت-، وهانی خەڵکی دەدات بۆ مسوڵمان بوون وهاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە.
پارە وسامان زۆر دەبێت هەتاوەکو کەس وەری ناگرێت ؛ چونکە هێندە زۆرە خەڵك پێویستی پێی نیە وبەشی خۆیان هەیە، وبەرەکەت وخێری زۆر دادەبەزێتە نێو هەموو سامانەکان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. جەختکردنەوە لەسەر دابەزینی عیسا -علیه السلام- لە کۆتایی دونیادا، ولە نیشانەکانی قیامەتە.
٢. شەریعەتی پێغەمبەر ﷺ هیچ شەریعەتێکی تر لە پاشی نایەت بۆیە هەرگیز هەڵناوەشێتەوە -نەسخ ناکرێتەوە- بە شەریعەتێکی تر.
٣. دابەزینی بەرەکەت بۆ نێو پارە وسامانەکان لە کۆتایی دونیادا، وخەڵکی گرنگی پێنادەن.
٤. موژدەدان بەوەی ئاینی ئیسلام دەمێنێتەوە هەتاوەکو پێغەمبەر عیسایش -علیه السلام- حوکمی پێدەکات لەکۆتایی دونیادا.

(٦٥٠٢٥)

(٧٦) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِعَمِّهِ: **«قُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، أَشْهَدُ لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ»**، قَالَ: لَوْلَا أَنْ تُعَيِّرَنِي قُرَيْشٌ، يَقُولُونَ: إِنَّمَا حَمَلَهُ عَلَى ذَلِكَ الْجَزَعُ لَأَقْرَرْتُ بِهَا عَيْنَكَ. فَأَنْزَلَ اللهُ: {إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ} [القصص: ٥٦]. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٧٦) – لە لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ بە مامی فەرمووی: **«بڵێ: لا إله إلا الله، بەهۆیەوە شاهێدیت بۆ دەدەم لە ڕۆژی قیامەتدا»**، -مامی- ووتی: ئەگەر قورەیش لۆمەیان نەکردمایە، دەڵێن: ترسی مردن بووە هۆی ئەوەی بیڵێت؛ ئەوا چاوی تۆم پێی دەگەشاندەوە، (بۆیە) خوای گەورە -ئەم ئایەتەی دابەزاند- : {إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ} [القصص: ٥٦] واتە: {بەڕاستی

(ئەی پێغەمبەر ﷺ) تۆ ناتوانیت ئەو کەسەی خۆشت بوێ هیدایەتی بدەیت بەڵام خوا هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات}. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ داوای لە ئەبو تاڵیبی مامی کرد لەکاتێکدا ئەو لە سەرەمەرگدا بوو کە شایەتمان بڵێت (بڵێت: لا إله إلا الله)، بۆئەوەی لەقیامەت شەفاعەتی بۆ بکات، وشاهێدی ئیسلامەتی بۆ بدات، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە شایەتمان بڵێت لەترسی جوێن وسەرزەنشتی قورەیش ودوواجار بڵێن: ئەو مسوڵمان بوو لەترسی مردن ولاوازی! بەپێغەمبەری فەرموو ﷺ: ئەگەر ئەوە نەبووایە ئەوا دڵخۆشم دەکردیت بە ووتنی شایەتمان، وهیواکەتم دەهێنایە دی هەتاوەکو ڕازی دەبوویت! خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ئایەتێکی دابەزاند کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پێغەمبەر ﷺ توانای هیدایەتدانی خەڵکی نیە، ئەمە تەنها بەدەستی خوای گەورەیە -عز وجل- هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات بۆ قبوڵکردنی ئیسلام ومسوڵمان بوون، وپێغەمبەر ﷺ هیدایەتی خەڵکی دەدات بە ئاراستە کردن وڕێنیشانداان وڕوونکردنەوەی هەق وبانگەوازی بۆ ڕێبازی ڕاست.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نابێت واز لە هەق بهێندرێت لەترسی قسەی خەڵکی.

٢. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- توانای هیدایەتدانی ڕێنموێنی کردنی هەیە نەک توانای هیدایەتی قبوڵکردنی هەق.

٣. سەردانیکردنی کافر ڕێگەپێدراوە بۆ بانگەوازی کردنی بۆ ئیسلام.

٤. بەپەرۆشی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر بانگەوازی بۆ لای الله لەهەموو حاڵەتێکدا.

(٦٥٠٦٩)

(٧٧) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما قَالَ: قالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«حَوْضِي مَسِيرَةُ شَهْرٍ، مَاؤُهُ أَبْيَضُ مِنَ اللَّبَنِ، وَرِيحُهُ أَطْيَبُ مِنَ المِسْكِ، وَكِيزَانُهُ كَنُجُومِ السَّمَاءِ، مَنْ شَرِبَ مِنْهَا فَلاَ يَظْمَأُ أَبَدًا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٧٧) – له عبد الله كوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«كانیەكەم (حەوزەكەم) دووری مانگێكە لەڕۆشتن (درێژییەكەی)، ئاوەكەی سپیترە لە شیر، وبۆنەكەی خۆشترە لە میسک، ودۆلكەكانی هێندەی ئەستێرەكانی ئاسمانن، هەركەسێک لێی بخواتەوە هەرگیز تێنووی نابێت»**. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەكات كە لە ڕۆژی قیامەتدا كانیاوێكی هەیە، درێژیەكەی هێندەی دووری مانگێكە لە ڕۆشتن وپانیەكەی بەهەمان شێوە، وئاوەكەی سپیترە لە شیر، وبۆنەكەی خۆشترە لە بۆنی میسک، وپەرداخەكانی -دۆلكەكانی- هێندەی ژمارەی ئەستێرەكانە هەركەسێک لەم كانیاوە بخواتەوە بەو پەرداخانە هەرگیز تینوی نابێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. كانیاوەكەی -حەوزەكەی- پێغەمبەر ﷺ شوێنی كۆبوونەوەی ئاوێكی زۆرە كە ئیمانداران لە ئومەتەكەی دەڕۆن بۆ لای ئەو لەلای ئەو كانیاوە لە ڕۆژی قیامەتدا.

٢. نیعمەت دەبەخشرێت بەئەوەی لەكانیاوەكە دەخواتەوە بۆیە هەرگیز تینوی نابێت.

(٦٥٠٣٠)

(٧٨) – عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**يُؤْتَى بِالْمَوْتِ كَهَيْئَةِ كَبْشٍ أَمْلَحَ، فَيُنَادِي مُنَادٍ: يَا أَهْلَ الجَنَّةِ، فَيَشْرَئِبُّونَ وَيَنْظُرُونَ، فَيَقُولُ: هَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا؟ فَيَقُولُونَ: نَعَمْ، هَذَا المَوْتُ، وَكُلُّهُمْ قَدْ رَآهُ، ثُمَّ يُنَادِي: يَا أَهْلَ النَّارِ، فَيَشْرَئِبُّونَ وَيَنْظُرُونَ، فَيَقُولُ: وهَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا؟ فَيَقُولُونَ: نَعَمْ، هَذَا المَوْتُ، وَكُلُّهُمْ قَدْ رَآهُ، فَيُذْبَحُ ثُمَّ يَقُولُ: يَا أَهْلَ الجَنَّةِ خُلُودٌ فَلاَ مَوْتَ، وَيَا أَهْلَ النَّارِ خُلُودٌ فَلاَ مَوْتَ، ثُمَّ قَرَأَ: {وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ} [مريم: ٣٩]، وَهَؤُلاَءِ فِي غَفْلَةٍ أَهْلُ الدُّنْيَا {وَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ} [مريم: ٣٩]**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٧٨) – لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**مردن دەهێنرێت لەسەر شێوەی بەرانێک -کە ڕەنگی- سپیە و-هەندێکی کەم ڕەنگی- ڕەشیشی تێدایە، بانگارێک بانگ دەکات: ئەی خەڵکی بەهەشت، سەریان بەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، دەڵێت: ئایا ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ، ئەمە مردنە، وهەموویان بینیوویانە، پاشان بانگ دەکات: ئەی خەڵکی دۆزەخ، سەریان بەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، دەڵێت: ئایا ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ، ئەمە مردنە، وهەموویان بینیوویانە، پاشان سەری دەبڕدرێت، پاشان دەڵێت: ئەی خەڵکی بەهەشت ژیانی بێ کۆتایی وبێ مردن بۆتان بۆیە هەرگیز نامرن، ئەی خەڵکی دۆزەخ ژیانی بێ کۆتایی وبێ مردن بۆتان بۆیە هەرگیز نامرن، پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: {وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ} [مريم: ٣٩] واتە: {ئەو (ستەمکارانە) لەڕۆژی داخ و خەفەت بترسێنە کاتێک کاروباری (خەڵکی) کۆتایی پێدەهێنرێت لە کاتێکدا ئەوانە غافڵن}، وخەڵکی دونیا لە غەفڵەت وبێ ئاگاییدان: {وَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ} [مريم: ٣٩] واتە: {وباوەڕیش ناهێنن (بەڕۆژی دوایی)}**».
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە مردن دەهێندرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، لە شێوەی بەرانێکی ڕەش وسپی، بانگ دەکرێت: ئەی خەڵکی بەهەشت ! ئەوانیش سەر وملیان درێژ وبەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، پێیان دەووترێت: ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ ئەمە مردنە، وهەموو پێشتر بینیویانە بۆیە دەیناسن.

پاشان بانگکارێک بانگ دەکات: ئەی ئەهلی دۆزەخ، ئەوانیش سەر وملیان درێژ وبەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، پێیان دەووترێت: ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ ئەمە مردنە، وهەموو پێشتر بینیویانە بۆیە دەی ناسنەوە، سەردەبڕدرێت، پاشان بانگکارێک دەڵێت: ئەی ئەهلی بەهەشت مانەوەی هەتاهەتایی بۆ ئێوەیە بۆیە هەرگیز نامرن، وئەی ئەهلی دۆزەخ مانەوەی هەتاهەتایی بۆ ئێوەیە بۆیە هەرگیز نامرن، وئەمیش نیعمەت وبەختەوەریەکی زیاترە کە دەبەخشرێت بە ئیمانداران، وهەروەها سزا وئازاردانی زیاترە لەسەر کافرەکان.

پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندنەوە: ﴿وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: ﴿ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ستەمکاران ئاگادار بکە لە ڕۆژی ئاهو ناڵە و پەشیمانی کاتێک کار لە کار ترازاوە، لەکاتێکدا ئەوانە لە غەفڵەتدان و باوارِ ناهێنن﴾ لەڕۆژی قیامەتدا ئەهلی بەهەشت جیا دەکرێنەوە لە ئەهلی دۆزەخ، وهەموویان دەچنە ئەو شوێنەی کە بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە، بۆیە خراپەکار پەشیمان دەبێتەوە کە چاکەکار نەبووە، وئەوەی کەمتەرخەم بووە پەشیمان دەبێتەوە چونکە چاکەی زیاتری ئەنجام نەداوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چارەنووسی مرۆڤ لە قیامەتدا مانەوەی هەتاهەتاییە یان لە بەهەشت یان لە دۆزەخ.

٢. هۆشداریەکی توند سەبارەت بە نارەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەت وئەو ڕۆژە ڕۆژی حەسرەت وپەشیمانیە.

٣. ڕوونکردنەوەی بەردەوامی بەختەوەری ئەهلی بەهەشت، وبەردەوامی خەفەت ونارەحەتبوونی ئەهلی دۆزەخ.

(٦٥٠٣٥)

(٧٩) – عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال: إنه سمع نبي الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«لَو أَنَّكُمْ تَتَوَكَّلُونَ عَلَى اللهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُو خِمَاصًا وَتَرُوحُ بِطَانًا»**. [صحيح] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٧٩) – لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەگەر ئێوە تەوەکولتان بە خوای گەورە وەکو پێویست بێت، ئەوا ڕزقتان دەدات هەروەکو چۆن ڕزقی باڵندەکان دەدات، بەیانیان بە سکی بەتاڵ دەچنە دەرەوە وئێواران بە سکی تێر دێنەوە»**. [صەحیحە] - [تیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاریمان دەکات بۆئەوەی تەنها پشت بەخوای گەورە ببەستین -عز وجل- بۆ هێنانی سوود ولابردنی زیان لەبابەتی ئاینی ودونیایی، چونکە ئەوەی دەبەخشێت وسوود دەگەیەنێت وزیانت توش دەکات تەنها الله یە -سبحانە وتعالی- بەپێی حیکمەتی خۆی، ودەبێت ئێمە ئەو هۆکارانە جێبەجێ بکەین کە دەبنە هۆی هێنانی سوود ودوورخستنەوەی زیان لەگەڵ پشت بەستن بە الله، هەرکاتێک بەم شێوەیە بووین ئەوا خوای گەورە ڕزقمان پێدەبەخشێت هەروەکو چۆن ڕزق دەبەخشیت بە باڵندەکان بەیانیان بە برسێتیەوە لە شوێنی خۆیان دەردەچن، پاشان ئێوارە بەسکی تێرەوە دەگەڕێنەوە، وئەم کردارە لەلایەن باڵندەوە جۆرێکە لە بەکارهێنانی هۆکارەکان کە هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ڕزق بەبێ تەمەڵی ودواکەوتن.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. فەزڵی تەوەكول (پشت بەستن بە خودا)، كە یەكێكە لە گەورەترین هۆكارەكانی هێنانی ڕزق.
٢. تەوەكول بە الله واتای ئەوە نییە كە هیچ هۆكارێک نەگیرێتە بەر، چونكە پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەی كردووە كە تەوەكولی ڕاستەقینە پێچەوانەی دەرچوونی بەیانیان وئێوارانی مرۆڤ نییە بۆ داوای ڕزق.
٣. گرنگیدانی شەریعەت بە كردەوەكانی دڵ، چونكە تەوەكول بە خودای گەورە كرداری دڵە.
٤. پەیوەست بوون تەنها بە هۆكارەكان كەموكورتیە لە ئایندا، و وازهێنان لە هۆكارەكان كەموكورتیە لە ئەقڵدا.

(٤٧٢١)

(٨٠) – عن عبد الله بن عباس رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فيهما كثيرٌ من الناس: الصحةُ، والفراغُ**». [صحيح] - [رواه البخاري]

(٨٠) – لە عبداللەی كوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**دوو نیعمەت خەڵكی تێیاندا دۆڕاون: لەش ساغی، وكاتی سەرقاڵ نەبوون**». [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

دوو نیعمەتی خوای گەورە هەیە لەسەر هەموو مرۆڤەكان كە نرخی نازانن، وزۆر تێیاندا دۆڕاون، ئەوانیش بریتین لە لەش ساغی وكاتی سەرقاڵ نەبوون (كاتی دەستبەتاڵی).
مرۆڤ ناتوانێت بە تەواوەتی خۆی یەكلایی بكاتەوە بۆ پەرستنی خودا ئەگەر لە ڕووی دارایی وتەندروستیەوە حاڵی باش نەبێت، لەوەیە كەسێک لە ڕووی داراییەوە حاڵی باش بێت بەڵام لەش ساغ نەبێت، ولەوەیە لەش ساغ بێت بەڵام لە ڕووی داراییەوە حاڵی باش نەبێت، وئەم دوو حاڵەتە وا لە مرۆڤ دەكەن كە نەتوانێت خۆی یەكلایی بكاتەوە بۆ پەرستن وخوێندنی زانستی

شەرعی وچاکەکاری بە شێوەیەکی تەواو، بەڵام ئەگەر کەسێک هەردوو نیعمەتەکەی پێبەخشرا بوو (لەش ساغی وسەرقاڵ نەبوون بە هۆی بوونی داهاتی پێویست) بەڵام خۆی تەمەڵ بوو؛ ئەوا ئەم کەسە دۆڕاوە لەم بازرگانیە چاکەدا بۆ بەدەستهێنانی پاداشتەکانی قیامەت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چواندنی ئەو کەسەی ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر واجبە (موکەلەفە) بە بازرگان، وچواندنی لەش ساغی ودەست بەتاڵی بە سەرمایە؛ هەرکەسێک بە چاکی سەرمایەکەی بەکاربهێنێت ئەوا سەرفراز وسەرکەوتووە، وهەرکەسێک بە فیڕۆی بدات ئەوا دۆڕاو وپەشیمانە.

٢. ئیبن خازین دەڵێت: نیعمەت ئەو شتەیە کە لای مرۆڤ تام وچێژی هەیە، وخەسارۆمەندی (یان زیان وفێڵ) ئەوەیە شتێك بکڕێت بە چەندەها جار زیاتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی، یان خەسارۆمەندی ئەوەیە شتێك بفرۆشێت بە زۆر کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی، بۆیە هەرکەسێك لاشەی ساغ بێت وسەرقاڵ نەبێت بە ئەرکی قورس؛ سەرەڕای ئەمەیش هەوڵ نەدات بۆ چاککردنی قیامەتی ئەوا وەکو کەسی دۆڕاو وزیانلێکەوتوو وایە لە کڕین وفرۆشتنندا.

٣. بەپەرۆشی لەسەر سوود وەرگرتن لە لەش ساغی ودەست بەتاڵی بۆئەوەی بەندە لە خوای گەورە نزیک بێتەوە، وکردەوە چاکەکان ئەنجام بدات پێش ئەوەی کاتی نەخۆشی وسەرقاڵبوون بێت.

٤. سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی بەوە دەبێت کە لە ئەنجامدانی کردەوەی چاکە وپەرستنی خوای گەورەدا نیعمەتەکان بەکاربهێنێت.

٥. قازی عیاز وئەبو بەکر ئیبن عەرەبی دەڵێن: ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە یەکەم نیعمەتی الله لەسەر بەندە، ووتراوە: ئیمان -باوەڕ-، ووتراوە: ژیان، ووتراوە: لەش ساغی، یەکەم پەسەندترە چونکە نیعمەتێکی ڕەهایە، ژیان ولەش ساغی؛ نیعمەتی دونیایین، ونابنە نیعمەتێکی ڕاستەقینە مەگەر ئیمانیان لەگەڵدا بێت، ولێرەدا زۆرێك لە خەڵکی خەسارۆمەندن سەبارەت بەم نیعمەتانە، واتا دۆڕاون وبەرهەمیان نییە، بۆیە هەرکەسێك گوێڕایەڵی نەفسی بکات کە

فەرمانکارە بە خراپە وحەز دەکات پاڵی لێبداتەوە ومرۆڤ هەوڵ نەدات؛ لە ئەنجامدا واز بهێنێت لە پاراستنی سنوورەکان، ودوور بکەوێتەوە لە گوێڕایەڵی پەروەدگاری؛ ئەوا بەڕاستی کەسێکی خەسارۆمەندە، هەروەها ئەگەر دەست بەتاڵیش بێت، چونکە کەسی سەرقاڵ لەوەیە پۆزشێکی هەبێت بە پێچەوانەی دەست بەتاڵیەوە؛ کە پۆزشی نییە ودەبێتە بارگرانی بەسەریەوە.

(٥٤٤٩)

(٨١) – عَن أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**يُسَلِّمُ الرَّاكِبُ عَلَى المَاشِي، وَالمَاشِي عَلَى القَاعِدِ، وَالقَلِيلُ عَلَى الكَثِيرِ**».

وَلِلبُخَارِي: «**يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الكَبِيرِ، وَالمَارُّ عَلَى القَاعِدِ، وَالقَلِيلُ عَلَى الكَثِيرِ**».

[صحيح] - [متفق عليه]

(٨١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئەو کەسەی بە سواری دەڕوات سەلام لە پیادە دەکات، وئەوەی پیادەیە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وکەم سەلام لە زۆر دەکات»**. ولە (بوخاری)دا هاتووە: **«بچووك سەلام لە گەورە دەکات، وپیادە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وکەم سەلام لە زۆر دەکات»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی کردووە بۆ ئەدەبی سەلامکردن لەنێو خەڵکی، ئەوەی بچووکە لە تەمەندا سەلام دەکات لە ئەوەی گەورەیە لە تەمەندا، سواری سەلام لە پیادە دەکات، وئەوەی پیادەیە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وژمارەیەکی کەم لە خەڵکی سەلام لە ژمارەی زۆر دەکەن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سەلامکردن سونەتە بەو شێوەیەی فەرموودەکە باسیکردووە، ئەگەر پیادە سەلامی لە سواری کرد یان ئەوانی تر بەشێوەیەکی تر ؛ هەمووی ڕێگەپێدراوە، بەڵام پێچەوانەی باشترینە.

٢. بڵاوکردنەوەی سەلامکردن بەو چۆنیەتیەی لە فەرموودەکەدا هاتووە؛ هۆکاری خۆشەویستی وتەبایی ویەکڕیزییە لەنێوان مسوڵمانان.

٣. ئەگەر هاوتا بن لەوانەی باسکرا، خێرترینیان ئەوەیە سەرەتا سەلام دەکات.

٤. کامڵێتی ئەم شەریعەتە لەڕوانگەی ڕوونکردنەوەی ئەوەی خەڵکی پێویستی پێیەتی.

٥. فێربوونی ئادابەکانی سەلامکردن، وەدەبێت هەموو خاوەن مافێک؛ مافی خۆی پێبدرێت.

(٤٢٤٣)

(٨٢) – عن أبي ذر رضي الله عنه: عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِيمَا رَوَى عَنِ اللهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَّهُ قَالَ: **«يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ، يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٨٢) – له ئەبو زەری غەفارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ لە پەروەردگارییەوە دەیگێڕێتەوە کە پەروەردگار -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت : **«ئەی بەندەکانم، من ستەمم لە سەر نەفسی خۆم حەرامکردووە، ولەنێوان ئێوەشدا بەحەڕامم داناوە، بۆیە ستەم لە یەکتری مەکەن، ئەی بەندەکانم، هەمووتان گومڕان جگە لە ئەوانە نەبێت کە من هیدایەتم داون بۆیە داوای هیدایەت لە من بکەن؛ هیدایەتتان دەدەم. ئەی بەندەکانم، هەمووتان برسین جگە لە ئەوانەی من تێرم کردوون، بۆیە**

**داوای ڕزق لە من بکەن؛ ڕزقتان دەدەم، ئەی بەندەکانم، هەمووتان ڕووتن وعەیبە وکەموکورتیتان دیارە جگە لە ئەوانە نەبێت کە من پۆشیومن، بۆیە داوای پۆشین لە من بکەن؛ دەتان پۆشم. ئەی بەندەکانم، ئێوە بە شەو وڕۆژ گوناھ وتاوان دەکەن، ومن لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبم، بۆیە داوای لێخۆشبوون لە من بکەن؛ لێتان خۆش دەبم. ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە لە سەر دڵی تەقوادارترین کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من زیاد ناکات. ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە لە سەر دڵی خراپەکارترین کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات، ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە بە هەمووتانەوە لە یەك شوێن بووەستن و داوا لە من بکەن، ئەوا من داواکاری هەمووی جێبەجێ دەکەم ئەوەندە لە موڵکی من کەم دەکات هەروەکو چۆن دەرزییەک لە ئاوی دەریا کەم دەکاتەوە کاتێك دەخرێتە ناو دەریاکە ودەهێندرێتە دەرەوە، ئەی بەندەکانم، ئەوە تەنها کردەوەکانتانە من بۆتان دەبژێرم، وپاشان پاداشتتان دەدەمەوە (بە چاکە وخراپە)، جا بۆیە ئەوەی خێر وخۆشی بینی؛ ئەوا با سوپاس وحەمدی خودا بکات، وئەوەش جگە لە ئەوەی بینی؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕونی دەکاتەوە کە خوای گەورە -سبحانه وتعالی- ستەمی حەرام کردووە لەسەر نەفسی خۆی، وهەروەها ستەمی حەرامکردووە لەنێوان خوڵقێنراوەکانی؛ بۆیە نابێت هیچ یەکێک ستەم لەئەوی تر بکات، وبەندەکان هەموویان گومڕان لە ڕێگای هەق وڕاستی مەگەر بەهیدایەت وسەرخستنی خوای گەورە، وئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێتەوە؛ سەرکەوتووی دەکات وهیدایەتی دەدات، وبەندەکان هەموویان هەژارن بۆ لای الله وپێویستیان بە ئەو زاتەیە لە هەموو پێداویستیەکانیاندا، وئەوەی داوا لە خوای گەورە بکات؛ پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ دەکات.

وئەوان بە شەو ورۆژ تاوان دەکەن، وخوای گەورە دایان دەپۆشێت ولێیان خۆشدەبێت ئەگەر بەندە داوای لێخۆشبوون بکات، وئەوان ناتوانن هیچ سوود وزیانێک بگەیەنن بە خوای گەورە، وئەگەر هەموویان لەسەر دڵی تەقوادارترین بن ؛ ئەم تەقوایە هیچ شتێک بۆ موڵکی الله زیاد ناکات، وئەگەر هەموویان لەسەر دڵی تاوانبارترین بن ؛ ئەمە هیچ شتێک لە موڵکی الله کەم ناکات، چونکە هەموویان هەژارن بۆ لای الله، وپێویستیان بە ئەو زاتەیە لە هەموو حاڵ وشوێن وکاتێک، وئەو زاتە دەوڵەمەند وبێ پێویستە -سبحانه وتعالی-، وئەگەر هەموویان لە یەک شوێن بوەستن بەمرۆڤ وجنۆکەیانەوە، لەیەکەمەوە بۆ کۆتایان وداوا لە خوای گەورە بکەن؛ ئەوا بەپێی داواکەیان بەهەموویان دەبەخشێت، وئەمە هیچ شتێک لە موڵکی خودا کەم ناکاتەوە؛ هەروەکو چۆن دەرزی ئەگەر بخرێتە نێو دەریاوە ودەربکرێت هیچ شتێک لەئاوی دەریاکە کەم ناکاتەوە، ئەمیش کامڵی وتەواوی دەوڵەمەندی وبێ پێویستی ئەو زاتە مەزنەیە -سبحانه وتعالی-، وخوای گەورە کردەوەی بەندەکان دەبژێرێت ودەیپارێزێت.

پاشان لەسەر کردنیان ؛ پاداشتیان دەداتەوە لەڕۆژی قیامەتدا، هەرکەسێک بەرامبەر کردەوەکانی خێر وچاکەی پێبەخشرا ؛ ئەوا با حەمد وستایشی پەروەرگاری بکات چونکە سەرکەوتووی کردن بۆ گوێڕایەڵیکردنی، وئەوەی بەرامبەر کردەوەکانی تووشی سزا بوو ؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات کە فەرمانیپێکرد بە خراپە وبەرەو شکست ودۆڕان بردی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم فەرموودە لەوانەیە کە پێغەمبەر ﷺ لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە، وپێی دەووترێت: فەرموودەی قودسی یان خودایی -ئیلاهی-، ووێژە -لەفز- وماناکەی لە خوداوەیە، بەڵام تایبەتمەندیەکانی قورئانی تێدا نیە ؛کە بەهۆیانەوە قورئان جیاوازە لە هەرقسەیەکی تر، لە پەرستن ئەنجامدان بەخوێندنەوەی ودەستنوێژگرتن لەکاتی خوێندنی وتەحەدا کردن پێی و موئعجیزەئاسا وهتد.

٢. ئەوەی بەندە پێی دەبەخشرێت لەزانست وهیدایەت، بەهۆی هیدایەت وفێرکردنی الله وەیە.

٣. ئەوەی تووشی بەندە دەبێت لە خێر ؛ لە فەزڵی خودایەوە -سبحانه وتعالى-، وئەوەی تووشی دەبێت لە شەڕ وناخۆشی بەهۆی خراپە وهەوا وئارەزووی نەفسی خۆیەتی.
٤. هەرکەسێک چاکەکار بوو بەهۆی ئەوەیە کە خودا سەرکەوتووی کردووە بۆ ئەنجامدانی، وپاداشتدانەوەیشی فەزڵ وبەخشینە لەلایەن خوداوە ؛ بۆیە حەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە، و هەرکەسێک خراپەکار بێت ؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات.

(٤٨١٠)

(٨٣) – عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رضي الله عنهما أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَاتَّقُوا الشُّحَّ، فَإِنَّ الشُّحَّ أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، حَمَلَهُمْ عَلَى أَنْ سَفَكُوا دِمَاءَهُمْ وَاسْتَحَلُّوا مَحَارِمَهُمْ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٨٣) – لە جابری کوڕی عبداللهوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خۆتان لە ستەمکردن بپارێزن، چونکە ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخۆتان لە ڕەزیلی بپارێزن؛ چونکە ڕەزیلی بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە، وای لێیان کرد کە خوێنی یەکتر بڕێژن، وحەرامی یەکتر حەلاڵ بکەن».** [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هۆشداری داوە لە ستەمکردن، لەوانەش: ستەمکردن لە خەڵکی، وستەمکردن لە نەفس، وستەمکردن لە مافەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ستەمکردن بریتیە لەوەی هەموو خاوەن مافێك ؛ مافی شایستەی خۆی پێنەدرێت، وستەمکردن تاریکارییە لەسەر خاوەنەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ چونکە تووشی نارەحەتی وسەختی دەبێت، هەروەها نەهی کردووە لە ڕەزیلی ئەمیش بریتیە لە دەستگرتنەوە بەپەرۆشیەوە، ولەوانەش کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی مافە داراییەکان وزۆر بەپەرۆشی لەسەر دونیا، ئەم جۆرە لە ستەمکردن بووە

هۆی تیاچوونی ئومەتانی پێشوو، چونکە لەسەری یەکتریان کوشت، وئەوەی اللە حەرامی کردبوو ؛ حەڵاڵیان کرد.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەخشینی پارە وسامان ودڵدانەوە لەنێوان مسوڵمانان ؛ هۆکارە بۆ خۆشەویستی وپتەوبوونی پەیوەندییەکان.
٢. ڕەزیلی وچرووکی سەردەکێشێت بۆ تاوان وخراپە وگوناهەکان.
٣. پەند وئامۆژگاری وەرگرتن لە حاڵی ئومەتەکانی پێشوو.

(٥٧٨٧)

(٨٤) – عن أبي موسى رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ، حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ»** قَالَ: ثُمَّ قَرَأَ: **«{وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ}[هود: ١٠٢]»** [صحيح] - [متفق عليه]

(٨٤) – لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی زاڵم وستەمکار؛ بەڵام کە گرتی ئەوا بەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە».** پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: **«{وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ} [هود: ١٠٢] واتە: {ئا بەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێک خەڵکی شارەکان سزا دەدات لە کاتێکدا ستەمکاربوون بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازاردەر وبەتینە}».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هۆشداری دەدات سەبارەت بە زێدەڕۆیی کردن لە ستەم کردن بە تاوان وشیرک وستەمکردن لە خەڵکی بە پێشێل کردنی مافەکانیان، خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی ستەمکار وسزای دوادەخات وتەمەنی درێژ دەکات وسامانی پێدەدات ودەستبەجێ سزای نادات؛ ئەگەر تەوبە نەکات

ئەوا دەیگرێت وبەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە لەسەر ئەو ستەمە زۆرانەی کردوویەتی.
پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ} [هود: ١٠٢] واتە: {ئا بەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێک خەڵکی شارەکان سزا دەدات لە کاتێکدا ستەمکاربوون بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازاردەر وبەتینە}.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. کەسی ژیر دەبێت ئەگەر ستەم وتاوانی کرد ؛ دەستبەجێ تەوبە بکات، ونابێت بێباک بێت لە پیلانی خوای گەورە ئەگەر لەسەر ستەم وتاوانەکەی بەردەوام بوو.
٢. خوای گەورە -عز وجل- مۆڵەت دەدات بە ستەمکاران ویەکسەر سزایان نادات ؛ بۆئەوەی وردەوردە بەرەو تۆڵەلێسەندنەوە بیانبات وسزایان چەندەها جار لەسەر قورس بکات ئەگەر تەوبە نەکەن.
٣. ستەمکردن لە هۆکارەکانی سزای خوای گەورەیە بۆ سەر ئومەتەکان.
٤. ئەگەر الله شوێنێک یان شارێک لەناو ببات وچاکەکارانی تێدا بێت، ئەمان لەڕۆژی قیامەتدا لەسەر چاکەکاربوونیان زیندوو دەکرێنەوە، هەرچەندە سزاکە ئەوانیشی گرتووەتەوە ؛ ئەمە هیچ زیانێکی بۆیان نابێت لەڕۆژی قیامەتدا.
(٥٨١١)

(٨٥) – عن ابن عباس رضي الله عنهما عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِيمَا يَرْوِي عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: قَالَ: «إِنَّ اللهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ، ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ، فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، فَإِنْ هُوَ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ لَهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ، إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، فَإِنْ هُوَ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ لَهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً». [صحيح] - [متفق عليه]

(٨٥) – لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە پەروەردگارییەوە دەیگێڕێتەوە کە پەروەردگار دەفەرموێت: **«خوای گەورە چاکەکان وخراپەکانی نووسی پاشان ڕوونی کردەوە، ئەوەی مەبەستی بوو چاکەیەک ئەنجام بدات بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا خوای گەورە یەک چاکەی تەواوی بۆ دەنووسێت، وئەوەی مەبەستی بوو چاکەکە ئەنجام بدات وئەنجامی دا؛ ئەوا خوای گەورە دە چاکەی بۆ دەنووسێت هەتا حەوت سەد چاکە وهەتا زیاتر لەم ڕێژەیە بەچەند قات، وئەگەر کەسێک مەبەستی ئەنجامدانی خراپەیەک بوو بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا خوای گەورە چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەنجامدانی خراپەیەک بوو وئەنجامی دا؛ ئەوا خوای گەورە یەک خراپەی بۆ دەنووسێت».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە بڕیاری قەدەری دا لەسەر چاکە وخراپە پاشان چۆنیەتی نووسینیانی ڕوونکردەوە بۆ ئەو دوو فریشتەی سپێردراوی نوسینی کردەوەی خەڵکین.
هەرکەسێک مەبەست و خواستی لەسەر کردنی چاکەیەک بێت ونەیکات ؛ یەک چاکەی بۆ دەنووسرێت، وئەگەر بیکات بە دە هێندە بۆی دەنووسرێت

هەتاوەکو حەوت سەد هێندە وزیاتریش، و زیادکردنەکە بەپێی ئەوەی لەدڵی بەندەدایە لە دڵسۆزی وسوود گەیاندن وهتد.
وهەرکەسێک مەبەست و خواستی لەسەر کردنی خراپەیەک بێت ونەیکات لەپێناو خوای گەورە؛ چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، وە ئەگەر نەیکات بەهۆی نەبونی دەرفەتێک؛ ئەوا هیچی بۆ نانووسرێت، وئەگەر نەیکات بەهۆی بێ تواناییەوە بەڵام نیەتی وابوو کە بیکات ؛ ئەوا نیەتەکەی لەسەری دەنووسرێت، وئەگەر خراپەکە بکات ؛ یەک خراپەی لەسەر دەنووسرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وچاکەکاری خوای گەورە بەسەر ئەم ئومەتە لە چەندەها جارکردنی چاکەکان ونووسینیان لەلای خۆی، وزیاد نەکردنی تاوانی خراپەکان لەسەریان.
٢. گرنگی نیەت لە کردەوە وشوێنەوارەکانی.
٣. فەزڵ وچاکەکاری الله بەرامبەر بەندەکانی، هەرکەسێک مەبەست وهەمی کردنی چاکەیەکی هەبێت ونەیکات ؛ الله چاکەیەکی بۆ دەنووسێت.

(٤٣٢٢)

(٨٦) – عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَنُؤَاخَذُ بِمَا عَمِلْنَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ؟ قَالَ: **«مَنْ أَحْسَنَ فِي الْإِسْلَامِ لَمْ يُؤَاخَذْ بِمَا عَمِلَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، وَمَنْ أَسَاءَ فِي الْإِسْلَامِ أُخِذَ بِالْأَوَّلِ وَالْآخِرِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٨٦) – لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئێمە لێپرسینەوەمان لێدەکرێت سەبارەت بەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا (پێش مسوڵمان بوونمان) کردوومانە؟ ئەویش فەرمووی: **«هەرکەسێک پاش ئیسلامەتی (پاش مسوڵمان بوونی) چاکەکاری ئەنجامبدات؛ ئەوا بەرپرسیار نابێت لەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا کردوویەتی، و هەرکەسێک خراپەکاری بکات لە پاش ئیسلامەتی؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی پێشووتر ودواتر»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەزڵ وپلەوپایەی بوون بە مسوڵمان وهاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە ڕوون دەکاتەوە، وهەرکەسێک مسوڵمان بێت وئیسلامەتیەکەی چاک بێت ودڵسۆز وڕاستگۆ بێت؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێناکرێت لەسەر کردەوەکانی پێشووی کە لە جاهیلیەتدا کردوویەتی، وهەرکەسێک خراپەکار بێت لە ئیسلامدا ئەمیش بەوەی مونافیق بێت یان هەڵگەڕێتەوە لە ئاینەکەی؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت لەسەر ئەو کردەوانەی کردوویەتی لە کوفردا وئەو کردەوانەی کردوویەتی لە ئیسلامدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگیدانی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بە کردەوەکان وقبوڵ بوونیان (لە لایەن خوای گەورەوە)، ترسیان لە لێپرسینەوە بەهۆی ئەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا کردوویانە.
٢. هاندان وئامۆژگاری بۆ پابەندبوون بە ئاینی ئیسلام.
٣. فەزڵ وپلەوپایەی بوون بە مسوڵمان وهاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، ودەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە کردەوەکانی پێشوو.
٤. مورتەد -هەڵگەڕاوە لە ئیسلام- ومونافیق لێپرسینەوەیان لێدەکرێت لەسەر هەر کردەوەیەک کردبێتیان لە جاهیلیەتدا، ولەسەر هەموو گوناهێک کە کردبێتیان لە ئیسلامەتیدا.

(٦٥٠٠٢)

(٨٧) – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: «أَنَّ نَاسًا مِنْ أَهْلِ الشِّرْكِ، كَانُوا قَدْ قَتَلُوا وَأَكْثَرُوا، وَزَنَوْا وَأَكْثَرُوا، فَأَتَوْا مُحَمَّدًا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالُوا: إِنَّ الَّذِي تَقُولُ وَتَدْعُو إِلَيْهِ لَحَسَنٌ، لَوْ تُخْبِرُنَا أَنَّ لِمَا عَمِلْنَا كَفَّارَةً، فَنَزَلَ {وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللهِ إِلَهًا آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إِلا بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ}[الفرقان: ٦٨]، وَنَزَلَت: {قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللهِ} [الزمر: ٥٣]». [صحيح] - [متفق عليه]

(٨٧) – له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: **«خەڵكانێک لە موشریکەکان ؛ زۆریان کوشتبوو وزۆر زینایان کردبوو، هاتن بۆ لای موحەمەد ﷺ ووتیان: ئەوەی دەیڵێیت وبانگەوازی بۆ دەکەیت باش وچاکە، ئەگەر پێمان بڵێیت ئەوەی کردوومانە لێخۆشبوونی بۆ هەیە، -ئەم ئایەتە دابەزی-:**
**{وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ} [الفرقان: ٦٨] واتە: {وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا هانا نابەن ناپاڕێنەوە لە پەرستراوێکی تر (لەگەڵ الله کەس وشتی تر ناپەرستن) وناکوژن هیچ کەسێک کە خوا کوشتنی ئەوی حەرام کردووە مەگەر بەهەق و ڕەوا نەبێت وە زینا و داوێن پیسی ناکەن}، و -ئەم ئایەتەیش- دابەزی: {قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ} [الزمر: ٥٣] واتە: {(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە زۆر گوناھ وتاوانتان کردووە نائومێد مەبن لەمیهرەبانی وبەزەیی خوا}».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

چەند پیاوێك لە موشریکەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وزۆر خەڵکیان کوشتبوو وزینایان کردبوو، بە پێغەمبەریان ووت: ئەوەی بانگەوازی بۆ دەکەیت لە بنەما ورێنماییەکانی ئاینی ئیسلام ؛ شتێکی جوان وچاکە، بەڵام

حاڵی ئێمە چیە لەکاتێکدا شیرك وتاوانی گەورەمان کردووە، ئایا هیچ کەفارەتێك هەیە بۆ تاوانەکانمان؟
ئەم دوو ئایەتە دابەزی، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی الله تەوبەکردنی خەڵکی قبوڵ دەکات هەرچەندە تاوانەکانیان زۆر وگەورە بێت، ئەگەر وا نەبووایە لەسەر کوفر وستەمیان بەردەوام دەبوون ونەدەهاتنە نێو ئەم ئاینەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلەو پایەی ئاینی ئیسلام ومەزنێتی، ومسوڵمان بوون دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەموو تاوانەکانی پێشوو.
٢. فراوانی ڕەحمەت ولێخۆشبوون ولێبووردنی الله بەرامبەر بە بەندەکانی.
٣. حەرامێتی ئەم تاوانە گەورانە: شیرك وهاوبەشدانان بۆ الله، وکوشتنی نەفسێك بەناهەق، وزینا کردن، وهەڕەشەی توند لەسەر ئەوانەی ئەم تاوانانە دەکەن.
٤. تەوبەی ڕاستگۆیانە ئەگەر دڵسۆزی وکردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت؛ هۆکاری لێخۆشبوونە لە هەموو تاوانە گەورەکان بە کوفرکردنیشەوە.
٥. حەرامێتی نائومێدی وبێ هیوابوون بە ڕەحمەتی الله -سبحانە وتعالى-.

(٦٥٠٧١)

(٨٨) – عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ أَشْيَاءَ كُنْتُ أَتَحَنَّثُ بِهَا فِي الجَاهِلِيَّةِ مِنْ صَدَقَةٍ أَوْ عَتَاقَةٍ، وَصِلَةِ رَحِمٍ، فَهَلْ فِيهَا مِنْ أَجْرٍ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«أَسْلَمْتَ عَلَى مَا سَلَفَ مِنْ خَيْرٍ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٨٨) – لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، پێم بڵێ سەبارەت بە هەندێک کردەوە وەکو پەرستن ئەنجامم دەدا لە جاهیلیەتدا وەکو خێرکردن وئازادکردنی کۆیلە وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، ئایا هیچ پاداشتێکم دەدرێمەوە (لەسەر ئەنجامدانیان)؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«مسوڵمان بوویت لەگەڵ هەموو ئەو کردەوە چاکانەی پێشووتر ئەنجامتداوە»**. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کافر ئەگەر مسوڵمان بێت ئەوا پاداشت دەدرێتەوە لەسەر ئەو کردەوە چاکانەی لە جاهیلیەتدا کردوویەتی پێش موسوڵمان بوونی وەکو خێر کردن وئازادکردنی بەندە وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. کافر لە قیامەتدا پاداشت نادرێتەوە لەسەر ئەنجامدانی کردەوەی چاك لە دونیادا، چونکە لەسەر بە بێ باوەڕی مردووە.

(٦٥٠١٦)

(٨٩) – عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«إِنَّ اللهَ لَا يَظْلِمُ مُؤْمِنًا حَسَنَةً، يُعْطَى بِهَا فِي الدُّنْيَا وَيُجْزَى بِهَا فِي الْآخِرَةِ، وَأَمَّا الْكَافِرُ فَيُطْعَمُ بِحَسَنَاتِ مَا عَمِلَ بِهَا لِلَّهِ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا أَفْضَى إِلَى الْآخِرَةِ، لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَةٌ يُجْزَى بِهَا»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٨٩) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە -هێندەی- چاکەیەک ستەم لە ئیماندار ناکات، بەهۆیەوە پێی دەبەخشێت لە دونیادا و لەسەری پاداشت دەدرێتەوە لە قیامەتدا، وبەڵام کافر پاداشت دەدرێتەوە بەهۆی ئەو چاکانەی کردوویەتی لە پێناو خوای گەورە لە دونیادا، هەتاوەکو ئەگەر بگاتە قیامەت هیچ چاکەیەکی نیە کە بەهۆیەوە پاداشت بدرێتەوە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەزڵی خوای گەورە لەسەر ئیمانداران ودادپەروەری بەرامبەر کافرەکان ڕوون دەکاتەوە.

سەبارەت بە ئیماندار پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کەم ناکرێتەوە کە کردوویەتی؛ بەڵکو لە دونیادا چاکەی پێدەبەخشرێت بەهۆی گوێڕایەڵی بۆ الله، وهەروەها پاداشت دەدرێتەوە لە قیامەتدا؛ ولەوەیە لە قیامەتدا هەموو پاداشتەکان وەربگرێت ولە دونیادا وەری نەگرێت.
وسەبارەت بە کافر ئەوا خوای گەورە لەسەر کردەوە چاکەکانی پاداشتی دەداتەوە لە دونیادا، هەتاوەکو کاتێک دەگاتە قیامەت هیچ پاداشتێک وەرناگرێت؛ چونکە کردەوەی چاک کە سوودی هەیە لە هەردوو دونیادا دەبێت ئەنجامدەرەکەی ئیماندار بێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هەرکەسێک لەسەر کوفر بمرێت ئەوا کردەوە چاکەکانی سوودی پێناگەیەنێت.

(٦٥٠١٥)

(٩٠) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم يقول: **«قال الله تعالى يا بن آدم، إنك ما دعوتني ورجوتني غفرت لك على ما كان منك ولا أبالي، يا ابن آدم لو بلغت ذنوبك عَنان السماء ثم استغفرتني غفرت لك، يا ابن آدم لو أتيتني بقُراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئاً لأتيتك بقُرابها مغفرة»**. [حسن] - [رواه الترمذي وأحمد والدارمي]

(٩٠) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وآله وسلم- کە دەیفەرموو: خوای گەورە دەفەرموێت: **«ئەی نەوەی ئادەم، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوە وڕەجا وتکام لێبکەیت من لێت خۆش دەبم وسەیری زۆری تاوانەکانت ناکەم. ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر زۆری تاوانەکانت بگاتە لای هەورەکانی ئاسمان وپاشان داوای لێخۆشبوون لە من بکەیت؛ ئەوا من لێت خۆش دەبم. ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر تاوانەکانت بە هێندەی زەوی بێت وبێیت بۆ لام پاشان بگەیتە لام وهیچ هاوبەش وشەریکێکت بۆ من بڕیار نەدا بێت؛ ئەوا من بە هێندەی ئەوە**

**لێخۆشبوونم بۆت ئامادە کردووە».** [حەسەنە] - [تیرمذی وئەحمەد ودارەمی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فراوانی ڕەحمەت ومیهرەبانی وبەخشینی خوای گەورە، وئەو هۆکارانەی ڕوونکردووتەوە کە دەبنە هۆکاری لێخۆشبوون لە بەندە، ئەمیش نزا وداوای لێخۆشبوون کردنە (ئیستیغفار کردنە)، وئەم دوو هۆکارەی بە یەک خوا پەرستی (تەوحیدەوە) بەستەوە، ئەوەی بگاتە لای خوای گەورە بە موەحیدی کە بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ خودا بڕیار نەدابێت، ئەوا نزا وئیستیغفارەکەی سوودی بۆی دەبێت، و لەگەڵ شیرک وهاوبەش بڕیاردانادا هیچ شتێک سوودی نییە نە نزا کردن ونە وتە وکردەوەیەکی تر.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فراوانی ڕەحمەت ولێخۆشبوون وفەزڵی خوای گەورە -سبحانه وتعالی-.
٢. فەزڵ وپلە وپایەی تەوحید -یەکخواپەرستی-، وخوای گەورە لە گوناهـ وتاوانی یەکخواپەرستەکان -موەحیدەکان- خۆشدەبێت.
٣. ترسناکی شیرك وخوای گەورە لە موشریکەکان خۆش نابێت.
٤. ئیبن ڕەجەب دەڵێت: ئەم فەرموودەیە سێ هۆکاری تێدایە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکان، یەکەم: نزا کردن بە هیواوە، دووەم: داوای لێخۆشبوون وتەوبە کردن، سێیەم: مردن لەسەر تەوحید.
٥. ئەم فەرموودە لەوانەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە، وپێی دەووترێت: فەرموودەی قودسی یان خودایی -ئیلاهی-، وپێژە -لەفز- وماناکەی لە خوداوەیە، بەڵام تایبەتمەندیەکانی قورئانی تێدا نیە ؛ کە بەهۆیانەوە قورئان جیاوازە لە هەرقسەیەکی تر، وەکو خوێندنەوەی پەرستنە ودەبێت دەستنوێژی هەبێت لەکاتی هەڵگرتنی وتەحەدا کردن پێی و موعجیزە ئاسا وهتد.
٦. تاوانەکان سێ جۆرن:

یەکەم: هاوبەشدانان بۆ الله؛ ئەم تاوانە خوای گەورە لێی خۆش نابێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ﴾ واتە: ﴿هەر کەس هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لێ حەرام کردووە﴾.
دووەم: ستەمکردنی بەندە لە نەفسی خۆی بە کردنی گوناهەکان ؛ لەنێوان خۆی وپەروەردگاری، خوای گەورە -عز وجل- بە ویستی خۆی ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت.
سێیەم: ئەو تاوانانەی ستەمکردنی بەندەکانە لە یەکتر، خوای گەورە لەم تاوانانە خۆش نابێت هەتاوەکو تۆڵەسەندنەوە ودادپەروەری دێتە دی.

(٥٤٥٦)

(٩١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فِيمَا يَحْكِي عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: «**أَذْنَبَ عَبْدٌ ذَنْبًا، فَقَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَذْنَبَ عَبْدِي ذَنْبًا، فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ، وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ، ثُمَّ عَادَ فَأَذْنَبَ، فَقَالَ: أَيْ رَبِّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: عَبْدِي أَذْنَبَ ذَنْبًا، فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ، وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ، ثُمَّ عَادَ فَأَذْنَبَ، فَقَالَ: أَيْ رَبِّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَذْنَبَ عَبْدِي ذَنْبًا، فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ، وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ، اعْمَلْ مَا شِئْتَ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكَ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٩١) – لە ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**بەندەیەک تاوانێکی کرد، و ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز ەرمووی: «بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وسزا دەدات لە سەر تاوان»، پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: «بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وسزا دەدات لە سەر تاوان»، پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی**

**کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: «بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وسزا دەدات لە سەر تاوان، هەرچییەکت دەوێت بیکە ؛ من لێت ۆشبووم».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پەروەردگاریەوە کە بەندەیەک تاوانێکی کرد، و ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وبەندە دادەپۆشێت، یان سزای دەدات لە سەر تاوانەکە، ئەوا من لەو بەندەیەم خۆشبووم.
پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وبەندە دادەپۆشێت، یان سزای دەدات لە سەر تاوانەکە، ئەوا من لەو بەندەیەم خۆشبووم.
پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وبەندە دادەپۆشێت، یان سزای دەدات لە سەر تاوانەکە، ئەوا من لەو بەندەیەم خۆشبووم، هەرچیەکی دەوێت با بیکات هەتا ئەو کاتەی بەردەوامە لەسەر تەوبەکردن وپەشیمانی وپێداگیری لەسەر نەگەڕانەوە بۆ تاوانەکە ؛ بەڵام بەهۆی لاوازی نەفسی دیسانەوە تووشی دەبێت، ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر ئەم حاڵەتە ودەستبەجێ تەوبەی کرد وداوای لێخۆشبوونی کرد، ئەوا منیش لێی خۆش دەبم، وتەوبەکردن دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەمو تاوانەکانی پێشوو.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فراوانی ڕەحمەتی خوای گەورە بەبەندەکانی ومرۆڤ هەرچەندە گوناهـ وتاوان بکات، ئەگەر تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای الله ؛ خوای گەورەیش تەوبەکەی قبوڵ دەکات.
٢. ئیماندار بە الله -سبحانە وتعالى- هیوای بە لێخۆشبوونی خودا هەیە، ولە سزای ئەو زاتە مەزنە دەترسێت، بۆیە دەستبەجێ تەوبە دەکات وبەردەوام نابێت لەسەر گوناهـ وتاوانکردن.
٣. مەرجەکانی تەوبەکردنی دروست: وازهێنان لە گوناهەکە، پەشیمان بوون لەسەر کردنی، وپێداگیری لەسەر نەگەڕانەوە بۆی، وئەگەر تەوبەکردن بێت لە ستەمکردن لەمافەکانی بەندەکان پەیوەست بە ماڵ یان ناوبانگ -شەرەف- یان نەفس، ئەمە مەرجی چوارەم زیاد دەکات، بریتیە لە : داوای لێبووردن لە خاوەن مافەکە وگێڕانەوەی مافەکە بۆی.
٤. گرنگی زانست بە الله کە وا لەبەندە دەکات زانا بێت سەبارەت بە بابەتەکانی ئاینەکەی، بۆیە هەرجارێک هەڵە بکات؛ بێ هیوا نابێت وسنوور تێناپەڕێنێت.

(٤٨١٧)

(٩٢) – عن عَلِيٍّ قَالَ: إِنِّي كُنْتُ رَجُلًا إِذَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَدِيثًا نَفَعَنِي اللهُ مِنْهُ بِمَا شَاءَ أَنْ يَنْفَعَنِي بِهِ، وَإِذَا حَدَّثَنِي رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ اسْتَحْلَفْتُهُ، فَإِذَا حَلَفَ لِي صَدَّقْتُهُ، وَإِنَّهُ حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرٍ، وَصَدَقَ أَبُو بَكْرٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«مَا مِنْ رَجُلٍ يُذْنِبُ ذَنْبًا، ثُمَّ يَقُومُ فَيَتَطَهَّرُ، ثُمَّ يُصَلِّي، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللهَ، إِلَّا غَفَرَ اللهُ لَهُ»**، ثُمَّ قَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ: **{وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} [آل عمران: ١٣٥].**

[صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي والنسائي في الكبرى وابن ماجه وأحمد]

(٩٢) – لە عەلیەوە دەڵێت: من پیاوێک بووم ئەگەر فەرموودەیەکم ببیستایە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ؛ خوای گەورە (بەهۆیەوە) سوودی پێ دەگەیاندم

به ویستی خۆی، وئەگەر یەکێک لە هاوەڵانی فەرموودەیەکی بۆم باس کردایە سوێندم دەدا، ئەگەر سوێندی بخواردایە ئەوا باوەڕم پێی دەکرد، وئەبوبەکر -فەرموودەیەکی- بۆم گێڕایەوە، وئەبوبەکر ڕاستی فەرموو، فەرمووی: بیستوومە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: **«هەرکەسێک گوناهێک بکات، پاشان هەستێت ودەستنوێژ بگرێت، دواتر نوێژ بکات، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت»،** پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: **{وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} واتە: {وە ئەوانەی کە کاتێک کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یان ستەم لەخۆیان دەکەن کە یادی خوایان کردەوە داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان} [سورەتی آل عمران: ١٣٥].** [صەحیحە]

- [ئەبو داود وتیرمزی ونەسائی (لە -الکبری-) وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەربەندەیەك گوناهێک بکات، پاشان هەستێت و بەرێکی وجوانی دەستنوێژ بگرێت، دواتر دوو ڕکات نوێژ بکات بەنیەتی تەوبەکردن لەم گوناهە، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت. پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ} واتە: {وە ئەوانەی کە کاتێک کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یان ستەم لەخۆیان دەکەن کە یادی خوایان کردەوە داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان} [آل عمران: ١٣٥].

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پاش کردنی گوناهـ ؛ مسوڵمان ئامۆژگاری کراوە بە نوێژکردن پاشان داواکردنی لێخۆشبوون لە خوای گەورە.
٢. فراوانی لێخۆشبوونی خوای گەورە -عز وجل-، وتەوبە وداوای لێخۆشبوون قبوڵ دەکات.

(٦٥٠٦٣)

(٩٣) – عن أبي موسى عبد الله بن قيس الأشعري رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«إنَّ الله تعالى يَبْسُطُ يدَه بالليلِ ليتوبَ مسيءُ النَّهارِ، ويَبْسُطُ يدَه بالنَّهارِ ليتوبَ مسيءُ الليلِ، حتى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٩٣) – له ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە دەستی ڕادەخات بە شەوان بۆ ئەوەی گوناهکارانی ڕۆژ تەوبە بکەن، ودەستی ڕا دەخات بە ڕۆژ بۆ ئەوەی گوناهکارانی شەو تەوبە بکەن؛ هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت».**
[صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

خوای گەورە تەوبەی بەندەکەی قبوڵ دەکات ئەگەرچیش تەوبەکە دوابکەوێت، بۆیە ئەگەر مرۆڤ تاوانێک بکات لە ڕۆژدا؛ ئەوا خودا تەوبەکەی قبوڵ دەکات ئەگەرچیش لە شەودا تەوبە بکات، وئەگەر مرۆڤ تاوانێک بکات لە شەودا؛ ئەوا خودا تەوبەکەی قبوڵ دەکات ئەگەرچیش لە ڕۆژدا تەوبە بکات، ئەمە هەتا ئەو کاتەیە کە خۆر لە ڕۆژئاواوە دەردەچێت کە ئەمیش لە نیشانە گەورەکانی ڕوودانی قیامەتە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. قبوڵکردنی تەوبە بەردەوامە هەتاوەکو دەرگای تەوبە کردن کراوە بێت، دەرگای تەوبە کردن دادەخرێت بە دەرچوونی خۆر لە ڕۆژئاواوە، ودادەخرێت لە پێش سەرەمەرگ ؛ ئەمیش کاتێکە کە ڕۆح دەگاتە گەروو.
٢. بێ هیوا نەبوون بەهۆی تاوانەکانەوە، چونکە لێبووردەیی خوای گەورە وڕەحمەتی فراوانە، ودەرگای تەوبە کردن کراوەیە.
٣. مەرجەکانی تەوبە کردن:
یەکەم: وازهێنان لە گوناهەکە.
دووەم: پەشیمان بوونەوە لەسەر کردنی.

سێیەم: پێداگیری لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەو گوناهە. ئەم مەرجانە لەخۆ دەگرێت ئەگەر گوناهەکە لە مافەکانی خوای گەورە بوو. ئەگەر گوناهەکە دەرهەق بە مافی بەندەکان بێت ؛ ئەوا مەرجە بۆ دروستێتی تەوبەکە مافەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، یان خاوەن مافەکە لێی خۆش بێت.

(٤٣١٨)

(٩٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه: أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: «**يَنْزِلُ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الْآخِرُ، يَقُولُ: «مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ؟ مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ؟ مَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ؟**»». [صحيح] - [متفق عليه]

(٩٤) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«پەروەردگاری بەرز وپیرۆزمان هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، ودەفەرموێت: «کێ لێم دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە؟ کێ داوام لێدەکات بۆ ئەوەی پێی ببەخشم؟ کێ داوای لێخۆشبوونم لێدەکات بۆ ئەوەی لێی خۆش ببم؟».**

[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە -تبارک وتعالی- هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، وئامۆژگاری بەندەکانی دەکات بۆئەوەی نزا بکەن ولێی بپاڕێنەوە، ووەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لێی دەپاڕێنەوە، وهەروەها ئامۆژگاریان دەکات ؛ داوای ئەو شتانەی لێبکەن کە دەیانەوێت بۆیان جێبەجێ بێت، چونکە ئەو دەبەخشێت بە ئەوەی داوا دەکات، وهەروەها هانیان دەدات بۆئەوەی داوای لێخۆشبوون بکەن لە گوناهەکانیان چونکە ئەو زاتە میهرەبانە لە بەندە ئیماندارەکانی خۆشدەبێت ئەگەر لێی بپاڕێنەوە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. فەزڵی سێیەكی كۆتایی شەو ؛ بۆ نوێژ و نزا وئیستغفار كردن لەو كاتەدا.
٢. دەبێت مرۆڤ لەپاش بیستنی ئەم فەرموودەیە زۆر بەپەرۆش بێت لەسەر بەهەلزانینی كاتەكانی قبوڵبوونی نزا.

(١٠٤١٢)

(٩٥) – عن النُّعمان بن بَشير رضي الله عنه قال: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ -وَأَهْوَى النُّعْمَانُ بِإِصْبَعَيْهِ إِلَى أُذُنَيْهِ-: «**إِنَّ الْحَلَالَ بَيِّنٌ وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مُشْتَبِهَاتٌ لَا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ، أَلَا وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلَا وَإِنَّ حِمَى اللهِ مَحَارِمُهُ، أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً، إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٩٥) – له نوعمانی كوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ كه دەیفەرموو (ونوعمان به پەنجەكانی ئاماژەی بۆ گوێیەكانی كرد): «**حەڵاڵ ئاشكرایە وحەرام ئاشكرایە، له نێوانیان هەندێک شتی گوماناوی هەن كه زۆر له خەڵكی نایزانێت، ئەوەی خۆی له گومانەكان بپارێزێت ئەوا دین وكەسایەتی سەلامەت بووە، وئەوەی بكەوێتە ناو گومانەكان (شوبهەكان)؛ ئەوا تووشی حەرام بووە، وەكو شوانێک كه مەڕەكانی له دەوری خاكێكی قەدەغەكراودا دەلەوەڕێنێت لەوەدایە كه مەڕەكان بچنە ناو خاكه قەدەغەكراوەكەوە، وهەموو پادشایەک سنووری خۆی هەیە، وسنوورەكانی خوای گەورە بریتیە له حەرامكراوەكان، وله لاشەدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر چاک بوو؛ ئەوا هەموو لاشە چاک دەبێت، وئەگەر خراپ بوو ؛ ئەوا هەموو لاشە خراپ دەبێت ،ئەویش بریتیە له دڵ**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بنچینەیەکی گشتی ڕووندەکاتەوە لە شتەکاندا، کە لەشەریعەتدا بۆ سێ جۆر دابەش دەبن: حەڵاڵێکی ڕوون، وحەرامێکی ڕوون، وشتانێک کە گوماناوین وڕوون نین لە حوکمدا لەڕوانگەی حەڵاڵ وحەرامیەوە، وزۆرێک لە خەڵکی حوکمەکانیان نازانن.
هەرکەسێک واز لە شتە گوماناویەکان بهێنێت ئەوا دینداریەکەی پارێزراو دەبێت بەهۆی دوورکەوتنەوە لە تووشبوون بە حەرام، وکەسایەتی -ناوبانگی- پارێزراو دەبێت لە قسەی خەڵکی چونکە ڕەخنەی لێدەگرن لەکاتی کردنی ئەم شتە گوماناویەدا. بۆیە ئەوەی دوور نەکەوێتەوە لە شتە گوماناویەکان ئەوا خۆی تووشی یەکێک لەم دوو شتە یان هەردوویان دەکات: یان ئەوەتا تووشی حەرام دەبێت، یان ئەوەتا خەڵکی ڕەخنەی لێدەگرن وتانەی لێدەدەن.
وپێغەمبەر ﷺ نمونەیەکی هێنایەوە بۆئەوەی حاڵی ئەو کەسە ڕوونبکاتەوە کە شتە گوماناویەکان دەکات وەکو شوانێک وایە کە مەڕەکانی لە دەوری خاکێکی سنورداردا بلەوەڕێنێت، نزیکە لەوەی مەڕو ماڵاتەکەی لەم لەوەڕگا سنوردارە بخۆن ؛ بەهۆی نزیکبوونەوەیان لێی، بەهەمان شێوە ئەوەی شتێکی گوماناوی دەکات ؛ نزیک دەبێتەوە لە حەرام وڕەنگە تووشی ببێت.
پاشان پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەی کرد کە لەلاشەدا پارچە گۆشتێک هەیە (ئەویش دڵە) ئەگەر چاک بێت ؛ ئەوا لاشەیش چاک دەبێت، وئەگەر خراپ بێت ؛ ئەوا لاشەیش خراپ دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لەو شتەی گوماناوییە، وحوکمەکەی ڕوون نییە.

(٤٣١٤)

(٩٦) – عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم : **«لا تَسُبُّوا أصحابي، فلو أنَّ أحدَكم أَنْفَقَ مثل أُحُد، ذهَبًا ما بَلَغَ مُدَّ أحدهم، ولا نَصِيفَه»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٩٦) – له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، ئەگەر یەكێكتان هێندەی ئوحود ئاڵتون ببەخشێت؛ ئەوا ناگات بە هێندەی بەخشینی چنگێك یان نیو چنگی ئەوان»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە لە جوێندان بە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت-، وەهەواڵی ئەوەی داوە كە ئەگەر كەسێك هێندەی چیای ئوحود ئاڵتون ببەخشێت ئەوا پاداشتی بەخشینەكە لای خوای گەورە ناگاتە پاداشتی بەخشینی یەكێك لە هاوەڵان ئەگەر ئەم هاوەڵە هێندەی چنگێكی دەست خۆراك ببەخشێت وتەنانەت ناگاتە نیوەی چنگێكی دەستیش؛ وهۆكارەكەی ئەوەیە كە هاوەڵان هەموویان باشتر وچاكترن لە هەموو ئەو كەسانەی لە پاش ئەوانەوە دێن، وهۆكاری بەرزی پلەوپایەی بەخشینیان ئەوەیە كە لە كاتی تەنگانە وگرنگیدا بووە، وچونكە بەخشینەكەیان بۆ سەرخستنی پێغەمبەر ﷺ وپاراستنی بووە.

وئەم فەزڵەش لە پاش ئەوان نییە و بەهەمان شێوە جیهاد وتێكۆشان وهەموو پەرستەكانی تریان، لەگەڵ ئەوەی لە نەفس ودەروونیاندا بوو لە ڕەحمەت وخۆشەویستی وخشوع وتەقواداری ولە خودا ترسی وسادە بوون -التواضع- وبەخشین وجیهاد وتێكۆشان لە پێناو خوای گەورە وجگە لەمانە لە كردەوە چاكەكان، وهەموو ژیانیان بەخشی بۆ سەرخستنی ئەم ئاینە پیرۆزە -ڕەزا وڕەحمەتی خوایان لێبێت- وهەروەها فەزڵی هاوەڵ بوون لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ پاداشت پلەوپایەی خۆی هەیە ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت وهیچ كردەوەیەك ناگات بە پاداشت وفەزڵی ئەم هاوەڵبوونە،

وفەزڵەکانیان هەرگیز ناتوانرێت بپێورێت وبەراورد بکرێت، وئەمیش فەزڵ وبەخشینی خودایە بۆ هەرکەسێک بیەویت دەیبەخشێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. جوێندان بە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- حەرامە، ولە تاوانە گەورەکانە.

(١١٠٠٠)

(٩٧) – عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: كُنْتُ خَلْفَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمًا، فَقَالَ: **«يَا غُلَامُ، إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ، احْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ اللهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ، لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ لَكَ، وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ، لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الْأَقْلَامُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ»**. [صحيح] - [رواه الترمذي]

(٩٧) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: من ڕۆژێکیان بە سواری وڵاخێک لە پشتی پێغەمبەری خوا بووم ﷺ و بە منی فەرموو: **«ئەی کوڕ (ئەی غوڵام)، هەندێک وشەت فێر دەکەم، سنوورەکانی شەریعەتی خودا بپارێزە؛ ئەوا خودا دەتپارێزێت، سنوورەکانی شەریعەتی خودا بپارێزە؛ ئەوا دەبینیت خودا لە پێشەوە لە گەڵ تۆدا دەبێت، ئەگەر داوات کرد؛ ئەوا تەنها داوا لە خودا بکە، وئەگەر داوای یارمەتی وپشتیوانیت کرد؛ ئەوا تەنها داوای یارمەتی وپشتیوانی لە خودا بکە، وبزانە بەڕاستی ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك سوودت پێ بگەیەنن؛ ئەوا سوودت پێ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خودا بۆتی نووسیووە، وئەگەر کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك زەرەر وزیانت پێ بگەیەنن؛ ئەوا زەرەر و زیانت پێ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خودا لە سەرتی نووسیووە، قەڵەمەکانی نووسینی قەدەر**

**هەڵگیراون وپەڕەکانیش وشك بوونەتەوە».** [صەحیحە] - [تیرمذی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

ئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک منداڵ بوو لەپشتی پێغەمبەر ﷺ بوو بەسواری وڵاخێک، ﷺ پێی فەرموو: من هەندێک وشەت فێر دەکەم کە بەهۆیانەوە خوای گەورە سوودت پێدەگەیەنێت:
فەرمانەکانی خودا بپارێزە وخۆت بەدوور بگرە لە نەهی لێکراوەکان، بەشێوەیەک تەنها لە عیبادەت وپەرستشدا ببینرێیت ولەتاوان وگوناحدا بونت نەبێت ، ئەگەر بەم شێوەیە بیت ئەوا پاداشتی تۆ ئەوەیە خودا دەتپارێزێت لە ناخۆشی وناڕەحەتیەکانی دونیا وقیامەت، وسەرت دەخات لە ئەرکەکانت لە هەرشوێنێک بیت.
وئەگەر ویستت داوای شتێک بکەیت ؛ بەتەنها داوا لە الله بکە کە وەڵامی داواکاران دەداتەوە.
وئەگەر ویستت داوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن بکەیت ؛ ئەوا تەنها لە الله داوای بکە.
ودڵنیابە لەوەی ئەگەر هەموو سەر زەوی کۆببنەوە بۆئەوەی سوودێکت پێبگەیەنن؛ ئەوا ناتوانن ئەو سوودە بە تۆ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە ئەو سوودەی بۆ تۆ نووسیبێت، وهیچ زیانێک تووشت نابێت ئەگەرچیش هەموو خەڵکی سەر زەوی کۆ ببنەوە لەسەر زیانگەیاندن بە تۆ مەگەر خوای گەورە ئەو زیانەی لەسەر تۆ نووسیبێت.
وئەمانە هەمووی خوای گەورە -عز وجل- نووسیویەتی لە قەدەردا بەپێی زانست وحیکمەتی، وئەوەی خودا نووسیویەتی ناگۆڕێت، ودەبێت چاک بزانین کە پەروەردگار هەرگیز ستەم لە بەندەکانی ناکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگە بابەتەکانی ئاین لە تەوحید -یەک خوا پەرستی- وئادابەکان وهتد ؛ فێری منداڵان بکرێت.

٢. پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە.
٣. فەرمان بە پشت بەستن بە خوای گەورە، وتەوەکول بەستن تەنها بە ئەو زاتە بەبێ هیچ کەسێکی تر، وئەو باشترینە کە مرۆڤ تەوەکولی پێی هەبێت.
٤. باوەڕ بە قەزا وقەدەر وڕازیبوون پێی، وخوای گەورە بڕیاری لەسەر قەدەری هەموو شتێک داوە، وپەروەردگار ستەم لە هیچ یەکێک ناکات -سبحانه وتعالى-.
٥. هەرکەسێک فەرمانەکانی خوای گەورە پشتگوێ بخات؛ ئەوا خوای گەورەیش وەکو ئیهمالکراو و لەبیرچوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ونایپارێزێت.

(٤٨١١)

(٩٨) – عَنْ سُفْيان بنِ عَبْدِ اللهِ الثَّقَفِيِّ رضي الله عنه قال: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، قُلْ لِي فِي الْإِسْلَامِ قَوْلًا لَا أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا غَيْرَكَ، قَالَ: **«قُلْ: آمَنْتُ بِاللهِ، ثُمَّ اسْتَقِمْ»**.

[صحيح] - [رواه مسلم وأحمد]

(٩٨) – لە سوفیانی کوڕی عبد اللهی سەقەفیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕستەیەکم پێ بڵێ لە ئیسلامدا؛ کە پرسیار لە هیچ یەکێك نەکەم سەبارەتی جگە لە تۆ نەبێت، فەرمووی: **«بڵێ: ئیمانم بە الله هێنا پاشان پابەندی ڕێگای ڕاست بە (ئیستیقامەتت هەبێت)».** [صەحیحە] - [موسلیم وئەحمەد -گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

هاوەڵێك بەناوی سوفیانی کوڕی عبد الله -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد؛ بۆ ئەوەی قسەیەکی فێر بکات کە هەموو ماناکانی ئیسلامی لەخۆگرتبێت، وئەویش دەستی پێوە بگرێت وپرسیار لە کەسی تر نەکات سەبارەتی.
پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: بڵێ: باوەڕم بە الله هێنا، واتا باوەڕم هەیە بەوەی تەنها ئەو پەروەردگار وخوا وخوڵقێنەر وپەرستراوی هەقە وتاکە وبێ هاوتا وبێ هاوبەشە، پاشان ملکەچ بێت بۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە ئەمیش بە

ئەنجامدانی فەرزەکانی الله ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان، وبەردەوام وپابەند بێت لەسەر ئەم ڕێبازە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بنچینەی ئاین بریتیە لە باوەڕهێنان بە الله ؛ بە پەروەردگارێتی وئولوهیەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانی -سبحانە وتعالی-.
٢. گرنگی پابەند بوون لەسەر ڕێگای ڕاست -ئیستیقامەت- ؛ لەپاش ئیمان هێنان، وبەردەوامبوون لەسەر پەرستنەکان، وجێگیر بوون لەسەر ئەمە.
٣. ئیمان (باوەڕ هێنان) مەرجە بۆ قبوڵ بوونی کردەوەکان.
٤. باوەڕ هێنان بە الله، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەبێت مسوڵمان باوەڕی پێیان هەبێت لە بیروباوەڕەکان وبنچینەکانیان، وئەوەیشی پەیوەستە پێیان لە کردەوەکانی دڵ، وملکەچبوون بۆ الله لە ناخ وئاشکرادا.
٥. -ئیستیقامەت- بریتیە لە پابەندبوون بە ڕێگای ڕاست، ئەمیش بە جێبەجێکردنی واجبەکان ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان.

(٦٥٠١٨)

(٩٩) – عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ، إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٩٩) – لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**نمونەی ئیمانداران لە پەیوەندی وبەزەیی وسۆزیان بەرامبەر یەکتر ؛ وەکو نمونەی لاشەیەک وان، ئەگەر ئەندامێکی تووشی ئازار ونارەحەتی بێت ؛ ئەوا سەرجەم ئەندامەکانی تریش کاردانەوەیان دەبێت (لەم نارەحەتی وئازارە ودەناڵێنن) بە شەونخونی و تا دایان دەگرێت**».
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە واجبە حاڵی مسوڵمانان لەگەڵ یەکتردا لەڕوانگەی ویستنی خێر ورەحمەت ویارمەتی وسەرخستن، وئازار چەشتن بەهۆی ئەو زیانەی تووشیان بووە ؛ دەبێت وەکو یەك لاشە وابن، ئەگەر ئەندامێکی نەخۆش بێت، هەموو ئەندامەکانی تر کاردانەوەیان دەبێت بە شەونخونی وتا دایان دەگرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دەبێت مافی مسوڵمانان بەگەورە دابنرێت، وئامۆژگاری کردن بە هاوکاری لە نێوانیان وسۆز ونەرمونیان بوونیان بەرامبەر یەکتر.
٢. دەبێت پەیوەندی خۆشویستن وسەرخستن هەبێت لەنێوان ئیمانداراندا.

(٤٩٦٩)

(١٠٠) – عن عثمان بن عفان رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ خَرَجَتْ خَطَايَاهُ مِنْ جَسَدِهِ حَتَّى تَخْرُجَ مِنْ تَحْتِ أَظْفَارِهِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٠٠) – لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت؛ ئەوا هەموو گوناهەکان لە لاشەیدا دەردەچن هەتاوەکو لە ژێر نینۆکەکانەوە دەردەچن»**. [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک بەجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت؛ لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئاداب وسونەتەکانی، ئەمە هۆکارە بۆئەوەی خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش بێت، هەتاوەکو گوناهەکان لەلاشەیدا دەردەچن لەژێر نینۆکەکانی دەست وپێیەوە.

## له سووده‌كانی فه‌رمووده‌كه:

١. ئامۆژگاری بۆ گرنگیدان به‌ فێربوونی ئادابه‌كانی ده‌ستنوێژگرتن ومه‌رج وسونه‌ته‌كانی، وكرده‌وه‌ كردن پێی.

٢. فه‌زڵ وپاداشتی ده‌ستنوێژگرتن، وهۆكاره‌ بۆ لێخۆشبوون له‌ گوناهه‌ بچووكه‌كان، به‌ڵام گوناهه‌ گه‌وره‌كان ده‌بێت ته‌وبه‌یان لێبكرێت به‌مه‌رجه‌كانیه‌وه‌.

٣. مه‌رجی ده‌رچوونی تاوان وگوناهه‌كان له‌ لاشه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ به‌ جوانی ورێكی ده‌ستنوێژ بگرێت وبه‌و شێوه‌یه‌ بێت كه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ڕوونی كردووه‌ته‌وه‌ بۆ ئومه‌ته‌كه‌ی.

٤. لێخۆشبوونی گوناهه‌كان له‌م فه‌رمووده‌یه‌دا به‌ستراوه‌ته‌وه‌ به‌ دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌ گوناهه‌ گه‌وره‌كان وته‌وبه‌كردن لێیان، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ...﴾ [النساء:٣١] واته‌: ﴿ئه‌گه‌ر خۆتان بپارێزن له‌و تاوانه‌ گه‌ورانه‌ی قه‌ده‌غه‌ كراوه‌ لێتان، ئه‌وه‌ له‌ گوناهه‌كانی ترتان خۆشده‌بین...﴾.

(٦٢٦٣)

(١٠١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سأل رجل النبي صلى الله عليه وسلم فقال: يا رسول الله، إنا نركب البحر، ونحمل معنا القليل من الماء، فإن توضأنا به عطشنا، أفنتوضأ بماء البحر؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«هو الطَّهُورُ ماؤه الْحِلُّ مَيْتَتُهُ»**.

[صحيح] - [أخرجه أبو داود والترمذي وابن ماجه والنسائي ومالك والدارمي وأحمد]

(١٠١) – له‌ ئه‌بی هوره‌یره‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: پیاوێک پرسیاری له‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ كرد، ووتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا، ئێمه‌ سواری كه‌شتی ده‌بین له‌سه‌ر ده‌ریا، وهه‌ندێک ئاو له‌گه‌ڵ خۆمان ده‌به‌ین، ئه‌گه‌ر ده‌ستنوێژ بگرین به‌م ئاوه‌ تینوومان ده‌بێت، ئایا ده‌كرێت به‌ ئاوی ده‌ریا ده‌ستنوێژ بگرین؟ پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ فه‌رمووی: **«ئاوی ده‌ریا ئاوێكی پاكه‌ وپاككه‌ره‌وه‌یه‌، ومرداره‌وه‌ بووی ده‌ریایش حه‌ڵاڵه‌»**. [صه‌حیحه‌] - [ئیبنو ماجه‌ وتیرمذی ونه‌سائی وئه‌بو داود وئه‌حمه‌د ومالیك وداره‌می - گێڕاویانه‌ته‌وه‌]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەک پاکوخاوێنی ئاوی دەریا ڕووندەکاتەوە کە لە هەمان کاتدا پاککەرەوەیە؛ بۆ دەستنوێژگرتن وپاککردنەوەی شتی تریش دەکرێت بەکاربهێنرێت، وهەر ئاژەڵێکی دەریایی بمرێت لە ناو دەریادا حەڵاڵە خواردنی؛ ئەگەرچیش مردارەوە بووبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاژەڵی مردووی نێو دەریا حەڵاڵە، ئاژەڵی مردووی نێو دەریا: مەبەست ئەو ئاژەڵانەیە کە تەنها لە نێو ئاودا دەژین ئەگەر بمرن ئەوا خواردنیان حەڵاڵە.
٢. وەڵامدانەوەی پرسیارکار بە زیاتر لەوەی پرسیاری سەبارەتی کردووە بۆئەوەی بە کامڵترین شێوە سوودی پێبگەیەنێت.
٣. ئەو ئاوەی تامی یان بۆنی یان ڕەنگی بە شتێکی پاک دەگۆڕێت، ئەوا لەسەر پاکێتی خۆی دەمێنێت چونکە لەسەر حەقیقەتەکەی ماوە کە پاکە، ئەگەرچیش سوێرتر یان گەرمتر یان ساردتر بێت.
٤. ئاوی دەریا بێ دەست نوێژی ولەش گرانی لادەبات، وپیسی ناهێڵێت لەسەر شتێکی پاک وەکو لاشە وجل وپارچەیەک یان جگە لەمانە.

(٨٣٥٥)

(١٠٢) – عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما قال: سُئِلَ رسول الله صلى الله عليه وسلم عن الماء وما يَنُوبُهُ من الدواب والسِّبَاعِ، فقال صلى الله عليه وسلم: **«إذا كان الماء قُلَّتين لم يحمل الخَبَثَ»**. [صحيح] - [رواه أبو داود وابن ماجه والترمذي والنسائي والدارمي وأحمد]

(١٠٢) – لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئاو وبەکارهێنانی لە لایەن ئاژەڵەکانەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«ئەگەر ئاو بە ئەندازەی دوو قولە* بوو؛ ئەوا پیسی هەڵناگرێت (پیس نابێت)»**. *( دوو قولە: -قولە-

ئەندازەیەکی ئەو سەردەمە بووە، کە بە پێوەری ئێستا نزیکەی دەکاتە ١٠٥ لیتر. بەڵام -دوو قولە- دەکاتە: ٢١٠ لیتر ونیو؛ ئەمیش ئەو بڕەیە وا لە ئاو دەکات کە پیسی هەڵنەگرێت). [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وتیرمذی ونەسائی وئەبو داود وئەحمەد ودارەمی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاوی زۆر پیس نابێت بەهۆی بەرکەوتنی پیسیەوە ئەگەر یەکێک لە سیفەتەکانی نەگۆڕێت (سیفەتەکان: تام، ڕەنگ، بۆن)، بە پێچەوانەی ئاوی کەم کە زۆر جار پیس دەبێت بەهۆی بەرکەوتنی پیسیەوە کە بێگومان سیفەتەکانیشی دەگۆڕێت، بۆیە ئەگەر ئاو زۆر بێت وسیفەتەکانی بگۆڕێت بەهۆی پیسیەکەوە ئەوا سیفەتی پاککردنەوەی تێدا نامێنێت ونابێت وەکو پاککەرەوە بەکاربهێنرێت بۆ دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن چونکە پیس بووە ئەگەرچی دوو قولەیش بێت، وئەو ئەندازەیەی ڕوون کردەوە لە پرسیاری بەکارهێنانی ئاوی بەرکاهێنراو لە لایەن ئاژەڵەکانەوە جا بۆ خواردنەوە بێت یان هەر شتێکی تر؛ ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زۆر جار ئاوی بەجێماوە وبەکارهێنراوی ئاژەڵان پیسە، مەگەر ئاوەکە زۆر بێت وسیفەتەکانی نەگۆڕێت بەهۆی بەکارهێنانی ئاژەڵەکەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاو پیس دەبێت ئەگەر یەکێك لە سێ سیفەتەکەی بەهۆی پیسیەوە بگۆڕێت؛ ڕەنگی یان تامی یان بۆنی، وفەرموودەکە زۆرینەی حاڵەتەکان دەگرێتەوە؛ نەك بۆ حاڵەتێکی تایبەت بێت.
٢. زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەگەر پیسی یەکێک لە سیفەتەکانی ئاو بگۆڕێت ئەوا ئاوەکە پیس دەبێت وبە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، ئەگەر ئاوەکە زۆر یان کەم بێت.

(٨٣٥٧)

(١٠٣) – عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ رضي الله عنه أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«إِذَا أَتَيْتُمُ الغَائِطَ فَلاَ تَسْتَقْبِلُوا القِبْلَةَ، وَلاَ تَسْتَدْبِرُوهَا وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا»** قَالَ أَبُو أَيُّوبَ: فَقَدِمْنَا الشَّأْمَ فَوَجَدْنَا مَرَاحِيضَ بُنِيَتْ قِبَلَ القِبْلَةِ فَنَنْحَرِفُ، وَنَسْتَغْفِرُ اللَّهَ تَعَالَى. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٠٣) – له ئەبی ئەیوبی ئەنسارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر چوونە سەرئاوكردن ؛ ڕوو لە قیبلە مەكەن وپشتی تێمەكەن، بەڵكو ڕوو لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا بكەن».** ئەبو ئەیوب دەڵێت: «کاتێک هاتین بۆ شام، بینیمان سەرئاوەکان بەرەو ڕووی کەعبە دروستکراوە، بۆیە خۆمان لە ڕووکردنە قیبلە لادەدا، وداوای لێخۆشبوونمان لە خوای گەورە دەكرد». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئەو کەسەی دەیەوێت سەرئاو بکات بۆ میز یان پیسی کردن؛ پێغەمبەر ﷺ نەهی لێکردووە ڕوو بکاتە ئاراستەی قیبلە وڕووی لە ئاراستەی کەعبە بێت، و نەهی لێکردووە پشت لە قیبلە بکات بەشێوەیەك لە ئاراستەی پشتیەوە بێت ؛ بەڵکو دەبێت ئاراستەی ڕووی بگۆڕێت بەرەو ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا ئەگەر ئاراستەی قیبلە لەلای ئەو وەکو ئاراستەی قیبلەی خەڵکی مەدینە بوو. پاشان ئەبو ئەیوب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی کرد کاتێك هاتن بۆ شام بینیان سەرئاوەکان بەرەو ئاراستەی کەعبە دروستکراون، بۆیە ئەوانیش ئاراستەی لاشەیان لە ئاراستەی قیبلە لادەدا ؛ لەگەڵ ئەمەیشدا داوای لێخۆشبوونیان دەکرد لە الله.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دانایی لەمەدا بۆ بەگەورەدانانی کەعبەی پیرۆز وڕێز لێگرتنیەتی.
٢. ئیستیغفار کردن -ووتنی: أستغفر الله- لە پاش دەرچوون لەشوێنی سەرئاوکردن.

٣. جوانی فێرکاری پێغەمبەر ﷺ ؛ چونکە کاتێک شتێکی قەدەغەکراوی باسکرد ئاماژەی کردووە بۆ شێکی ڕێگەپێ دراو کەشوێنی قەدەغەکراوەکە بگرێتەوە.

(٣٠٧٨)

(١٠٤) – عَنْ أَبِي قَتَادَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«لَا يُمْسِكَنَّ أَحَدُكُمْ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَهُوَ يَبُولُ، وَلَا يَتَمَسَّحْ مِنَ الْخَلَاءِ بِيَمِينِهِ، وَلَا يَتَنَفَّسْ فِي الْإِنَاءِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٠٤) – لە ئەبی قەتادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«با هیچ یەکێکتان شەرمگەی (عەورەتی) نەگرێت بە دەستی ڕاستی لەکاتی میزکردندا، وبا خۆی پاک نەکاتەوە بە دەستی ڕاستی لە کاتی سەرئاوکردندا، وبا هەناسە نەدات لە ناو پەرداخی خواردنەوەیدا»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەندێك لە ئەدەبەکانی ڕوونکردووەتەوە، لەوانەیش: نەهی کردووە لەوەی پیاو ئەندامی نێرینەی بەدەستی ڕاستی بگرێت لەکاتی میزکردندا، ونەهی کردووە لەوەی پیسی پێشەوە وپاشەوە لاببرێت بەدەستی ڕاست؛ چونکە دەستی ڕاست بۆ شتی ڕێزلێنراو دانراوە، ونەهی کردووە لەوەی مرۆڤ هەناسە بدات لەو پەرداخەی خواردنەوەی تێدا دەخواتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی پێشەنگی ئیسلام لە پاك وخاوێنی وئەدەبە جوانەکان.
٢. دوورکەوتنەوە لە شتە پیس وبۆگەنەکان، ئەگەر ناچار بوو ڕاستەوخۆ دەستی لێبدات ؛ ئەوا دەبێت بە دەستی چەپ بێت.
٣. ڕوونکردنەوەی ڕێزداری ڕاست وفەزڵی بەسەر چەپەوە.
٤. کاملێتی شەریعەتی ئیسلام وگشتیگری ڕێنمایی وفێرکاریەکانی.

(٣٠٧٩)

(١٠٥) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : «إذا اسْتَيقظَ أحدُكم من منامه فتوضأَ فليَستنثرْ ثلاثا، فإن الشيطان يبيت على خَيشُومه». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٠٥) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەركەسێكتان لە خەو هەستا ودەستنوێژی گرت ئەوا با سێ جار ئاو ڕاداتە نێو لووتی (بە هەناسە هەڵی بمژێت) ودەری بكات، چونكە شەیتان بە درێژایی شەو لەسەر لووتی دەمێنێتەوە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (هەركەسێكتان لە خەو هەستا ودەستنوێژی گرت): واتا ویستی دەستنوێژ بگرێت.

(ئەوا با سێ جار ئاو ڕاداتە نێو لووتی (بە هەناسە هەڵی بمژێت) ودەری بكات): واتا با ناوەوەی لووتی پاك بكاتەوە وئەوەی تێیدایە دەریبكات، ئەم كردەوەیە سێ جار ئەنجامبدات، واتە ئاوەكە هەڵمژێت ودەری بكات -فن بكات- وبا زیاد لە پێویست ئەم كردەوەیە بكات مەگەر بە ڕۆژوو بێت لە ترسی چوونە ژوورەوەی ئاو بۆ نێو قوڕگ.

(چونكە شەیتان بە درێژایی شەو لەسەر لووتی دەمێنێتەوە): هۆی ئەنجامدانی ئەم كردەوەیە ڕوونكراوەتەوە بۆ كەسێك هەستا بێت لە خەو ئەویش ئەوەیە كە شەیتانەكان بە درێژایی شەو لەسەر لووتی مرۆڤەكان دەمێننەوە بۆ ئەوەی ئەگەر نەیانتوانی لە خەودا وەسوەسە وخەوی ناخۆشیان بۆ بهێنن ئەوا لەسەر لووتیان دەمێننەوە بۆ ئەوەی خەوی ناخۆشیان بۆ بهێنن وبیخەنە مێشكیەوە مێشكیانەوە، وبێبەشیان بكەن لە خەو بنینی خۆش، چونكە مێشك شوێنی بینینی ئەو خەونانەن، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمانیكرد بە شۆردنی ناوەوەی لووتەكان بۆ لابردنی پیسی وچڵكی شەیتان، لووت یەكێكە لە ڕێگاكان بەرەو دڵ وهیچ دەرگایەكی لەسەر

نییه هەروەکو گوێیەکان، ولە فەرموودەی تردا هاتووە: شەیتان ناتوانێت شتی داخراو بکاتەوە، بۆیە فەرمانکراوە بە داخستنی دەم لە کاتی باوێشکدا بۆ ئەوەی شەیتان نەچێتە ژوورەوەی دەم.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دروستە ئاو بکاتە -هەڵبمژێتە- نێو لووتی ودەریبکات بۆ ئەو کەسەی تازە لە خەو هەستاوە؛ ئەمیش بۆ لابردنی شوێنەواری شەیتان لە نێو لووتیدا، وئەگەر دەستنوێژ بگرێت؛ ئەوا فەرمان بە ئاو هەڵمژینە نێو لووت ودەرکردنی زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە.

٢. دەرکردنی ئاوی نێو لووت (الاستنثار) سوودی ئاو هەڵمژینە نێو لووت (الاستنشاق) تەواو دەکات؛ چونکە ئاو هەڵمژینە نێو لووت بۆ پاککردنەوەی ناو لووتە، وبە دەرکردنی ئاوەکە پیسیەکانی نێو لووتیش دەردەچن.

٣. بەستنەوەی باسەکە بە خەوی شەو لە وشەی (یبیت)ەوە وەرمانگرتووە؛ چونکە ئەم وشەیە تەنها بۆ خەوتن لە شەودا بەکاردێت، هەروەها خەوی شەو درێژ وقووڵە.

٤. فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتان دەچێتە نێو لاشەی مرۆڤەوە وتێکەڵی دەبێت لەکاتێکدا ئەو هەستی پێناکات.

(٨٣٧٧)

(١٠٦) – عن أنس رضي الله عنه قال: **«كان النبي صلى الله عليه وسلم يغسل، أو كان يغْتَسِل، بالصَّاع إلى خَمْسة أمداد، ويَتَوضأ بالمُدِّ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٠٦) – لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ خۆی دەشۆرد بە ئاوێک کە بە ئەندازەی صاعێک* بێت هەتا لەوەیە بە ئەندازەی پێنج مود** بووایە، وبە یەک مود دەستنوێژی دەگرت».** *(صاع: ئەندازەی پێوانەی ئەو سەردەمە بوو کە ئێستا بە ئەندازەی ٣ لیتر ئاو دەکات)، **(مود: ئەندازەیەکی پێوانەی ئەو سەردەمە بووە کە ئێستا بە ئەندازەی ٧٥٠ ملی لیتر دەکات، واتە پێنج مودەکە بە ئەندازەی ٣ لیتر و ٧٥٠ میلی لیتر دەکات).

[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

(پێغەمبەر ﷺ خۆی دەشۆرد بە ئاوێک کە بە ئەندازەی صاعێک* بێت هەتا لەوەیە بە ئەندازەی پێنج مود** بووایە، وبە یەک مود دەستنوێژی دەگرت)؛ واتە: پێغەمبەر ﷺ ئابووری دەکرد لەو ئاوەی کە بەکاریدەهێنا بۆ دەستنوێژ وخۆشۆردن، زۆر جار بە ئاوێک کە هێندەی صاعێک بێت خۆی دەشۆرد، ئەمیش بریتیە لە چوار مود، یان لەوەیە هەندێک زیاتری بەکاربهێنایە وزیادی بکردایە بۆ پێنج مود بە پێی پێویستی لاشەی. *(صاع: ئەندازەی پێوانەی ئەو سەردەمە بوو کە ئێستا بە ئەندازەی ٣ لیتر ئاو دەکات)، **(مود: ئەندازەیەکی پێوانەی ئەو سەردەمە بووە کە ئێستا بە ئەندازەی ٧٥٠ ملی لیتر دەکات، واتە پێنج مودەکە بە ئەندازەی ٣ لیتر و ٧٥٠ میلی لیتر دەکات).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاماژەیە بۆ ڕێگەپێدراوی دەست پێوە گرتن لە بەکارهێنانی ئاودا تەنانەت لەکاتی دەستنوێژ وخۆشۆردنیشدا، وزیادەڕەوی -ئیسراف- نەکردن ئەگەرچیش ئاوی زۆر هەبێت.

٢. کەم بەکارهێنانی ئاو لە کاتی دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن ؛ سوننەتە، وئەمە ڕێبازی پێغەمبەرە ﷺ.

٣. مەبەست ماف پێدانی شایستەیە لە دەستنوێژگرتن وخۆشۆردندا لەگەڵ ڕەچاوکردنی سوننەت وئەدەبەکان بەبێ زیادەڕەوی و بەبێ کورتڕەوی، ودەبێت ڕەچاوی کات وزۆری وکەمی ئاو وشتی تر بکات.

٤. لە زمانی عەرەبیدا بە لەشگرانی دەووترێت (جەنابەت:الجنابة) وبە ئەو کەسە دەووترێت کە مەنی لێوە دەردەچێت یان جووت دەبێت، وبەم ناوە (جەنابەت) ناونراوە چونکە ئەو کەسەی تووشی دەبێت ؛ دوور دەکەوێتەوە لە نوێژکردن وپەرستنەکان هەتاوەکو خۆی دەشوات.

٥. صاع: ئەندازەیەکی کێشانی ناسراوە، ومەبەست لێی صاعی نەبەوییە، وکێشەکەی (٤٨٠) میسقالە لە گەنمی باش، وبە لیتر (٣ لیتر) دەکات.

٦. مود: یەکەیەکی کێشانی شەرعییە، هێندەی قەبارەی هەردوو چنگی دەستەکانی مرۆڤێکی قەبارە مامناوەندە ؛ ئەگەر پڕیان بکات ودەستەکانی ڕا بخات، ومودێك چارەکی صاعێکە بە یەکدەنگی زانایان، وبە ئەندازەی (٧٥٠) میلی لیتر دەکات.

(٨٣٨٧)

(١٠٧) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ: **«لَا يَقْبَلُ اللهُ صَلَاةَ أَحَدِكُمْ إِذَا أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٠٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە نوێژی یەکێک لە ئێوە قبوڵ ناکات ئەگەر دەستنوێژی شکا -تووشی ڕوودان (الحدث) بوو-؛ هەتاوەکو دەستنوێژ دەگرێتەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە لە مەرجەکانی دروستێتی نوێژ، بریتیە لە: دەستنوێژ، واجبە لەسەر ئەو کەسەی دەیەوێت نوێژ بکات لەپێشیدا دەستنوێژ بگرێت ؛ ئەگەر دەستنوێژی شکا بێت بەهۆی یەکێك لەو شتانەی دەستنوێژ دەشکێنن وەکو: پیسی ومیز وخەوتن وهتد.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نوێژی کەسێک قبوڵ ناکرێت کە دەستنوێژی شکا بێت -تووشی ڕووداو (الحدث) بوو بێت-، هەتاوەکو پاك دەبێتەوە لە ڕووداوی گەورە (بۆ نمونە: لەشگرانی) ؛ بە خۆشۆردن، وپاك دەبێتەوە لە ڕووداوی بچووک (بۆ نمونە: با لێ دەرچوون، وخەو) ؛ بە دەستنوێژگرتن.
٢. دەستنوێژگرتن بریتیە لە هێنانی ئاو بەچنگی دەست وجوڵانەوەی لە دەمدا پاشان دەرکردنی، دواتر ئاو هەڵمژینە نێو لووت ودەرکردنی، پاشان شۆردنی ڕوو ؛ سێ جار، دواتر شۆردنی دەستەکان هەتاوەکو ئانیشکەکان -ئانیشکەکانیش دەشوات- ؛ سێ جار، پاشان مەسحکردن بەسەر هەموو سەر -گوێیەکانیش

دەگرێتەوە- ؛ یەك جار، پاشان شۆردنی پێیەکان هەتاوەکو گوێزنگەکان -گوێزنگەکانیش دەشوات- ؛ سێ جار.

(٣٥٣٤)

(١٠٨) – عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه قال: أَخْبَرَنِي عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: أَنَّ رَجُلًا تَوَضَّأَ فَتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ عَلَى قَدَمِهِ فَأَبْصَرَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: **«ارْجِعْ فَأَحْسِنْ وُضُوءَكَ»** فَرَجَعَ، ثُمَّ صَلَّى. [صحيح بشواهده] - [رواه مسلم]

(١٠٨) – لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب پێمی فەرموو: پیاوێک دەستنوێژی گرت وبە هێندەی شوێنی نینۆکێک لە پێیەکانی نەشۆردبوو، پێغەمبەر ﷺ ئەم پیاوەی بینی، وپێی فەرموو: **«بگەڕێوە بە ڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرە»**، بۆیە گەڕایەوە (دەستنوێژی گرت)، پاشان نوێژی کرد.
[صەحیحە بە ڕێگاکانی تر] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی بینی کە دەستنوێژگرتنی تەواو کردبوو، وبە هێندەی شوێنی نینۆکێک لە پێیەکانی ئاوی دەستنوێژ پێی نەگەیشبوو، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئەو شوێنە کە نەیشۆردبوو، فەرمووی: بگەڕێوە بە ڕێکی وتەواوی دەستنوێژ بگرە، وئەندامەکانی دەست نوێژ بە جوانی بشۆرە پیاوەکەیش گەڕایەوە ودەستنوێژی بەکاملی گرت، پاشان نوێژی کرد.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پێیەکان لە ئەندامەکانی دەستنوێژگرتنن، وتەنها مەسحکردنیان بەس نییە، بەڵکو دەبێت بشۆردرێن.
٢. واجبێتی پەلەکردن لە فەرمان بە چاکە، وڕێنموێنی کردنی کەسی نەزان وبێ ئاگا؛ بەتایبەت ئەگەر هەڵە ونەزانین وخراپەکەی ببێتە هۆی پوچەڵبوونەوەی پەرستنەکەی.

٣. واجبێتی شۆردنی هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن بە ئاو؛ وهەرکەسێک بەشێک لە ئەندامەکان نەشوات ئەگەرچیش کەم بێت ئەوا دەستنوێژەکەی دروست نییە، ودەبێت دەستنوێژەکەی دووبارە بکاتەوە لە سەرەتاوە ئەگەر کاتی بینینی ئەو شوێنە نەشۆردراوە دوور بێت لەکاتی تەواوبوونی دەستنوێژەکە.
٤. ڕێنموێنیکردن بۆ دەستنوێژگرتن بە ڕێکی وجوانی، ئەمیش بەوە دەبێت بە کامڵی وجوانی هەموو ئەندامەکانی بشوات بەو شێوەیەی لە شەریعەتدا فەرمانی پێکراوە.
٥. واجبێتی شۆردنی ئەندامەکانی دەستنوێژ لە پاش یەکتر بە بێ بوونی ماوە لە نێوانیان ؛ بەشێوەیەک دەبێت هەموو ئەندامێك بشوات پێش ئەوەی ئەندامە شۆراوەکەی پێشی وشك بێتەوە.
٦. نەزانین ولەبیرچوون نابنە هۆی لاچوونی واجبێتی، بەڵکو دەبنە هۆی گوناهبار نەبوون؛ ئەم پیاوە بە جوانی دەستنوێژی نەگرت لە کاتێکدا زانستی نەبوو بەو بابەتە، لەگەڵ ئەمەیشدا پێغەمبەر ﷺ واجبێتی دەستنوێژگرتنەوەی لەسەری لانەبرد، وفەرمانی پێیکرد بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێتەوە.

(٨٣٨٦)

(١٠٩) – عن عَمْرُو بْنُ عَامِرٍ عَنْ أَنَس بن مالك قَالَ: **«كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ»**، قُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ؟ قَالَ: **«يُجْزِئُ أَحَدَنَا الْوُضُوءُ مَا لَمْ يُحْدِثْ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٠٩) – لە عەمرو کوڕی عامر کە ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ لەکاتی هەموو نوێژێکدا دەستنوێژی دەگرت»**، (عەمرو دەڵێت) ووتم: ئەی ئێوە چیتان دەکرد؟ (ئەنەس) ووتی: **«یەك دەستنوێژگرتن بەس (ڕەوا) بوو بۆ کەسێکمان؛ ئەگەر دەستنوێژەکەی نەشکایە»**. [صەحیحە]- [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شيكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بۆ هەموو نوێژێکی فەرز دەستنوێژێکی نوێی دەگرت ئەگەرچیش دەستنوێژەکەی نەشکا بێت ؛ ئەمیش بۆ بەدەستهێنانی پاداشت وفەزڵ. ئەنجامدانی زیاتر لە یەك نوێژ بە یەك دەستنوێژ؛ ڕێگەپێدراوە بەمەرجێك دەستنوێژەکەی نەشکا بێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. زۆرینەی کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بریتی بوو لە دەستنوێژگرتن بۆ هەموو نوێژێک ؛ ئەمیش بۆ ئەنجامدانی چاکترین وکامڵترین.
٢. سونەتە -موستەحەبە- بۆ هەموو نوێژێک دەستنوێژ نوێ بکرێتەوە.
٣. ئەنجامدانی زیاتر لە یەک نوێژ بە یەک دەستنوێژ ؛ ڕێگەپێدراوە.

(٦٥٠٨٠)

(١١٠) – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: **«تَوَضَّأَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَرَّةً مَرَّةً».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(١١٠) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ دەستنوێژی گرت و(ئەندامەکانی دەستنوێژگرتنی) یەك جار شۆرد».**
[صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شيكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەندێجار ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە ؛ ئەندامەکانی دەستنوێژگرتنی یەك جار دەشۆرد، یەك جار ڕووی دەشۆرد ویەك جار ئاوی ڕادەدایە نێو دەمی ودەری دەکرد، ویەك جار ئاوی هەڵدەمژیە نێو لووتی وپەرشی دەکرد-، یەك جار دەست وپێیەکانی دەشۆرد، وشۆردنیان یەك جار واجبە.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. شۆردنی ئەندامەكانی دەستنوێژگرتن یەك جار ؛ واجبە، وزیاتر لە یەك جار ؛ سونەتە.
٢. هەندێجار شۆردنی ئەندامەكانی دەستنوێژگرتن یەك جار ؛ ڕێگەپێدراوە.
٣. ئەوەی ڕێگەپێدراوە سەبارەت بە جارەكانی مەسحكردنی سەر ؛ بریتیە لە یەك جار.

(٦٥٠٨١)

(١١١) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ زَيْدٍ رضي الله عنه: **«أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأَ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(١١١) – لە عبداللە كوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ دەستنوێژی گرت و(ئەندامەكانی دەستنوێژگرتنی) دوو جار شۆرد».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ هەندێجار ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە ؛ ئەندامەكانی دەستنوێژگرتنی دوو جار دەشۆرد، دوو جار ڕووی دەشۆرد -ودوو جار ئاوی ڕادەدایە نێو دەمی ودەری دەكرد، ودوو جار ئاوی هەڵدەمژیە نێو لووتی وپەرشی دەكرد-، ودوو جار دەستەكانی وپێیەكانی دەشۆرد.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. شۆردنی ئەندامەكانی دەستنوێژگرتن یەك جار ؛ واجبە، وزیاتر لە یەك جار ؛ سونەتە.
٢. هەندێجار شۆردنی ئەندامەكانی دەستنوێژگرتن دوو جار ؛ ڕێگەپێدراوە.
٣. ئەوەی ڕێگەپێدراوە سەبارەت بە جارەكانی مەسحكردنی سەر ؛ بریتیە لە یەك جار.

(٦٥٠٨٢)

(١١٢) – عَنْ حُمْرَانَ مَوْلَى عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رضي الله عنه: أَنَّهُ رَأَى عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ دَعَا بِوَضُوءٍ، فَأَفْرَغَ عَلَى يَدَيْهِ مِنْ إِنَائِهِ، فَغَسَلَهُمَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ أَدْخَلَ يَمِينَهُ فِي الْوَضُوءِ، ثُمَّ تَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَاسْتَنْثَرَ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثًا، وَيَدَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ ثَلَاثًا، ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ، ثُمَّ غَسَلَ كُلَّ رِجْلٍ ثَلَاثًا، ثُمَّ قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَوَضَّأُ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، وَقَالَ: **«مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غَفَرَ اللهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١١٢) – له حومڕان (بەندەی ئازادکراو لەلایەن عوثمانەوە) دەڵێت: عوثمانم بینی داوای ئاوی کرد بۆ ئەوەی دەستنوێژ بگرێت، لە دۆلکەکەوە ئاوی کردە سەر دەستی وسێ جار شۆردی، پاشان دەستی ڕاستی کردە نێو ئاوەکەوە وئاوی ڕادایە ناو دەمیەوە و دەری کرد (تمضمض) وپاشان ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی (استنشق) و دەری کرد -فنی کرد- (استنثر)، پاشان سێ جار دەموچاوی شۆرد، وهەردوو دەستی شۆرد هەتاوەکو ئانیشکی (ئانیشیکشی شۆرد) ؛ سێ جار، پاشان دەستی تەڕکرد وسەری مەسح کرد (هەردوو گوێشی مەسحکرد بەو ئاوەی کە مەسحی سەری پێکرد هەروەکو لە فەرموودەدی تردا هاتووە)، پاشان هەر پێیەکی سێ جار شۆرد، پاشان ووتی: پێغەمبەرم بینی ﷺ بەم شێوەیەی من ئەنجامم دا دەستنوێژی دەگرت وپێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت بەم شێوەیەی کە من دەستنوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت»**. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر ﷺی فێرکرد بەشێوەیەکی کرداری ؛ بۆئەوەی ڕوونتر بێت بۆ تێگەیشتن، بانگی کرد کە دۆلکەیەک ئاوی بۆ بهێندرێت ؛ سێ جار ئاوی کردە سەر دەستی، پاشان

دەستی ڕاستی کردە نێو دۆلکەکە وئاوی بەچنگی دەستی هێنا وخستیە نێو دەمی -ئەملاوئەولای پێکرد (غەرغەرەی بەئاوەکە کرد)- ودەری کرد، دواتر بەهەناسە ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی وپەرشی کرد، پاشان سێ جار ڕووی شۆرد، ئینجا دەستەکانی شۆرد هەتاوەکو ئانیشکی (ئانیشکیشی شۆرد)، پاشان بە دەستە تەڕەکانی سەری مەسحکرد ؛ یەك جار، پاشان پێیەکانی شۆرد هەتاوەکو گوێزنگەکان (گوێزنگەکانیشی شۆرد).

کاتێك دەستنوێژگرتنی تەواو کرد ؛ پێیانی ووت کە ئەو پێغەمبەری بینیووە ﷺ بەم شێوەیە دەستنوێژی گرتووە، وپێغەمبەر ﷺ موژدەی پێیاندا کە هەرکەسێك وەکو ئەو دەستنوێژ بگرێت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات ؛ بە خشوع وئامادەبوونی دڵ لەپێش پەروەردگار، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەم دەستنوێژە ڕێك ونوێژە دڵسۆزە بە لێخۆشبوون لە هەموو گوناهەکانی پێشووی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. موستەحەبە (سونەتە) هەردوو دەستەکان بشۆردرێن پێش ئەوی بخرێنە ناو دۆلکەکەوە لە سەرەتای دەستنوێژدا ؛ ئەگەر لە خەویش هەڵنەستا بوو، بەڵام ئەگەر تازە لە خەو هەستا بوو ئەوا واجبە کە هەردوو دەستی بشوات پێش ئەوەی دەستی بخاتە ناو دۆلکەکەوە (یان تەشتەکەوە یان هەرشتێکی تر کە ئاوی تێدا دەردەهێنێت).

٢. پێویستە کەسی فێرکار چاکترین وئاسانترین ڕێگا بگرێتە بەر بۆ فێرکردن کە ببێتە هۆی تێگەیشتن وجێگیر بوونی زانست لە دڵ ومێشکی فێرخوازدا، لەو ڕێگایانەش: فێرکردن بە کردەوە.

٣. ئەوەی دەیەوێت پەرستنێک لە پەرستنەکان ئەنجامبدات ؛ دەبێت پێش ئەنجامدانی ئەوپەڕی هەوڵبدات ئەو باسانە لە خۆی دوور بخاتەوە کە پەیوەندیان بە دونیاوە هەیە، کاملی وچاکی نوێژ لەوەدایە دڵ تێیدا ئامادە بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتوانێت هەموو بیرکردنەوەیەك لەخۆی دووربخاتەوە، بۆیە دەبێت جیهاد وکۆششی نەفسی خۆی بکات وبەردەوام نەبێت لەسەر خەیاڵ ڕۆیشتن لەگەڵ ئەو بیرکردنەوانە.

٤. سونەتە کە بەلای ڕاست دەستپێبکرێت لە کاتی دەستنوێژگرتن وشۆردنی ئەندامەکاندا.

٥. شوێنکەوتنی ئەوەی ڕێگەپێدراوە سەبارەت بە ڕیزبەندی کردن، کە بەم شێوەیە:

١/(التمضمض): ئاو ڕدانە دەم بەدەستی ڕاست وئەملاوئەولا پێکردنی ئاوەکە لەدەمدا بۆئەوەی پاشماوەکانی نێو دەم بێتە دەرەوە؛ پاشان هێنانە دەرەوەی ئاوەکە.

٢/(الاستنشاق): ئاو هەڵمژینە نێو لووت بۆئەوەی پیسیەکان بێتە دەرەوە.

٣/(الاستنثار) هێنانە دەرەوەی ئەو ئاوەی هەڵیمژیە نێو لووتی بە دوو پەنجەی دەست.

٦. سونەتە ؛ ڕوو ودەستەکان وپێیەکان سێ جار بشوات، وشۆردنیان یەك جار ؛ واجبە.

٧. لێخۆشبوون لەگوناهەکانی پێشوو ؛ سەرەنجامی کۆی هەردوو کردەوەکەیە، ئەوانیش: دەستنوێژگرتن ونوێژکردن بەو سیفەت وشێوەی کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە.

٨. هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژ سنووریان هەیە، سنووری ڕوو بریتیە لە: شوێنی دەرچوونی موو لەسەرەوەی نێوچەوان لەکەسی ئاسایی هەتاوەکو شوێنی درێژبوونەوەی ڕیش ؛ بەدرێژی، ولە گوێ بۆ گوێیەکەی تر ؛ بەپانی، وسنووری دەستەکان بریتیە لە: سەرەپەنجەکانەوە هەتاوەکو ئانیشکەکان -ئانیشکەکانیش دەگرێتەوە-، وسنووری سەر بریتیە لە: شوێنی دەرچوونی موو لەسەرەوەی نێوچەوان و لەلایەکانی ڕوو لەکەسی ئاسایی ؛ هەتاوەکو سەرەوەی مل لەپشتەوە، وهەروەها مەسحکردنی گوێیەکان بەشێکە لەمەسحکردنی سەر، وسنووری پێیەکان بریتیە لە: هەموو پێ لەگەڵ قاپەڕەکەکانیش کە دەکەوێت نێوان پێ ولاق -دەبێت قاپەڕەقەکانیش بشوات-.

(٣٣١٣)

(١١٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «**إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ ثُمَّ لِيَنْثُرْ، وَمَنِ اسْتَجْمَرَ فَلْيُوتِرْ، وَإِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ فَلْيَغْسِلْ يَدَهُ قَبْلَ أَنْ يُدْخِلَهَا فِي وَضُوئِهِ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لاَ يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ**».

ولفظ مسلم: «**إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ فَلَا يَغْمِسْ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلَاثًا، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(١١٣) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**ئەگەر یەكێک لە ئێوە دەستنوێژی گرت؛ ئەوا با ئاو بكاتە (هەڵبمژێتە) نێو لوتیەوە وپاشان دەری بكات، وئەگەر بەردی بەكارهێنا بۆ خۆ پاككردنەوە؛ ئەوا با (ژمارەی بەردەكان) تاک بێت، وئەگەر یەكێک لە ئێوە هەستا لە خەو؛ ئەوا با دەستی بشوات پێش ئەوەی بیخاتە نێو (دۆلكەی) ئاوی دەستنوێژگرتن، چونكە یەكێک لە ئێوە نازانێت شەو دەستی لە كوێ بووە**».

ولە گێڕانەوەی [مسلم]دا هاتووە: «**ئەگەر یەكێک لە ئێوە هەستا لە خەو، با دەستی نەخاتە نێو دۆلكەی ئاوەكە ؛ هەتاوەكو سێ جار دەیشوات، چونكە نازانێت شەو دەستی لە كوێ بووە**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەندێك لە حوكمەكانی پاكوخاوێنی (الطهارة) ڕوونكردەوە، لەوانەیش:

١- هەركەسێك دەستنوێژ بگرێت دەبێت ئاو هەڵبمژێتە نێو لوتیەوە بە هەناسە، پاشان هەر بە هەناسە دەری بكات.

٢- ئەوەی دەیەوێت خۆی پاك بكاتەوە پاش سەرئاو كردن بە جگە لە ئاو وەكو بەرد وشتی تر؛ دەبێت ژمارەی تاك بەكاربێنێت، كەمترینیان سێ دانەیە وزۆرترینیان هێندەی ئەوەیە كە پیسیەكە دەبڕێت وشوێنەواری نامێنێت.

٣- ئەوەی لە خەو هەستێت ؛ نابێت دەستی بخاتە نێو ئەو دۆلکە ئاوەی دەستنوێژی پێ دەگیرێت هەتاوەکو دەستی سێ جار دەشوات لە دەرەوەی دۆلکەکە، چونکە شەو نازانێت دەستی لە کوێ بووە، بۆیە دوور نیە لەوەی پیسی بەسەرەوە بێت، یان لەوەیە شەیتان یاری پێکردبێت وشتێکی بۆ سەر هێنا بێت کە زیانی بۆ مرۆڤ هەیە یان ئاوەکە پیس دەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاو هەڵمژینە نێو لوت بەهەناسە لەکاتی دەستنوێژدا ؛ واجبە، کە پێی دەووترێت (الاستنشاق)، وهەروەها پەرشکردنی ئاوەکە ودەرکردنی بە هەناسە ؛ بەهەمان شێوە واجبە، پێی دەووترێت (الاستنثار).
٢. لەکاتی خۆ پاکردنەوە بە غەیری ئاو سوننەتە ئەوشتەی بەکاری دەهێنیت چەند جارێکی تاک بێت
٣. فەرمانکراوە بەشۆردنی دەستەکان سێ جار ؛ لەپاش هەستان لە خەو.

(٣٠٣٣)

(١١٤) – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِقَبْرَيْنِ، فَقَالَ: **«إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ، وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ، أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لاَ يَسْتَتِرُ مِنَ البَوْلِ، وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ»** ثُمَّ أَخَذَ جَرِيدَةً رَطْبَةً، فَشَقَّهَا نِصْفَيْنِ، فَغَرَزَ فِي كُلِّ قَبْرٍ وَاحِدَةً، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لِمَ فَعَلْتَ هَذَا؟ قَالَ: **«لَعَلَّهُ يُخَفِّفُ عَنْهُمَا مَا لَمْ يَيْبَسَا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١١٤) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بە لای دوو گۆڕدا تێپەڕی، فەرمووی: **«هەردووکیان ئازار دەدرێن، و لەسەر تاوانی گەورە ئازار نادرێن؛ یەکێکیان: خۆی نەدەپاراست (لەپرشی میز) لە کاتی میز کردن، وئەوی تریان: کاری دوو زمانی کردن (نەمیمە کردن) بوو (لە نێو خەڵکیدا)»**، پاشان لقە دارخورمایەکی سەوزی برد، وکردی بە دوو بەش، و هەریەکێکی لەنێو گۆڕێکدا چەقاند، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆچی وات کرد؟ فەرمووی: **«بەڵکو سزایان لەسەر کەم بکرێتەوە**

**هەتاوەکو وشک بوونی ئەم دوو لقە دار خومایە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بە لای دوو گۆڕدا تێپەڕ بوو، فەرمووی: ئەم دوو کەسەی لەنێو ئەم دوو گۆڕەدان ؛ ئازار دەدرێن، و لەسەر تاوانی گەورە ئازار نادرێن لەتێڕوانینی ئێوەدا ؛ بەڵام لای خوای گەورە تاوانی گەورەن. یەکێکیان: گوێی نەئەدا بە پاراستنی لاشە وجلی لەکاتی میزکردنیدا. وکەسی دووەم: کاری دوو زمانی کردن (نەمیمە کردن) بوو لەنێو خەڵکیدا، قسەی دەهێنا ودەی برد بەمەبەستی زیان پێگەیاندن ودووبەرەکی وناکۆکی نانەوە لەنێوان خەڵکیدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دوو زمانی کردن -نەمیمە- وخۆ پاکڕانەگرتن لە میز ؛ ئەمانە لە تاوانە گەورەکانن، وهۆکارن بۆ سزای گۆڕ.
٢. خوای گەورە هەندێك لە شتە غەیبیەکانی -وەکو سزای گۆڕ- پیشانداوە بە پێغەمبەر ﷺ؛ وەکو بەڵگە ونیشانەیەك لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتی ئەو.
٣. ئەم کردەوەیە لە بڕینی دارێك بۆ دوو نیوە وچەقاندنیان لەسەر گۆڕەکان ؛ تایبەتە بە پێغەمبەر ﷺ، چونکە خوای گەورە حاڵی خاوەن گۆڕەکانی پێی نیشاندا، بۆیە ئەمە ناکرێت بەپێوەر بۆ خەڵکی تر هەتاوەکو هەمان کردەوە بکات ؛ چونکە حاڵی خاوەن گۆڕەکان نازانێت.

(٣٠١٠)

(١١٥) – عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ الخَلَاءَ قَالَ: **«اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبُثِ وَالخَبَائِثِ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١١٥) – لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک بچوایە بۆ دەست بە ئاو گەیاندن دەیووت: **«اللَّهُمَّ**

**إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبُثِ وَالخَبَائِثِ»، واته: «خوایه پەنا بە تۆ دەگرم لە شەڕ وخراپەی هەموو شەیتانێکی نێر ومێ».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە بچێتە شوێنی دەست بەئاوگەیاندن، پەنای بە خوای گەورە دەگرت بۆئەوەی بیپارێزێت لە شەڕی شەیتانە نێر ومێیەکان، وهەروەها (الخُبُثِ وَالخَبَائِثِ) وا شیکراوەتەوە کە لەوەیە مەبەست لێیان شەڕ وخراپە وپیسیەکان بێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ووتنی ئەم نزایە لەکاتی ویستی چوونە شوێنی دەست بە ئاوگەیاندن ؛ سونەتە.
٢. هەموو خوڵقێنراوەکان هەژارن بۆ لای پەروەردگاریان لەهەموو حاڵەتێکیان ؛ بۆئەوەی ئەو شتەی ئازار وزیانیان پێدەگەیەنێت لێیان دووری بخاتەوە.

(٣١٥٠)

(١١٦) – عن عائشة قالت : **«كان النبي صلى الله عليه وسلم إذا خرج من الغائط قال: "غُفْرَانَكَ"».**

وعن ابن مسعود قال: **«أتى النبي صلى الله عليه وسلم الغائط فأمرني أن آتيه بثلاثة أحجار، فوجدت حجرين، والتمست الثالث فلم أجده، فأخذت رَوْثَةً فأتيته بها، فأخذ الحجرين وألقى الروثة»**. وقال: **«هذا رِكْسٌ»**.

[حديث عائشة صحيح. وحديث ابن مسعود صحيح] - [حديث عائشة: رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه والدارمي وأحمد. وحديث ابن مسعود: رواه البخاري]

(١١٦) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لە سەرئاوکردن دەربچووایە، دەیفەرموو: (غُفْرَانَكَ)*».**

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ سەرئاو کردن، فەرمانی پێم کرد بەوەی سێ بەردی بۆ بهێنم (بۆئەوەی**

**خۆی پاک بکاتەوە)، دوو بەردم دۆزیەوە، وبە دوای سێیەمدا گەڕام؛ بەڵام نەمدۆزیەوە، تەپاڵەیەکم (تەپاڵەیەکی وشکم) هەڵگرت وهێنام، دوو بەردەکەی برد وتەپاڵەکەی فڕێدا»، فەرمووی: «ئەمە پیسە».**
*(واتە: خودایە، لێم خۆش بە) [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وبوخاری وتیرمذی وئەبو داود وئەحمەد ودارەمی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لە سەرئاوکردن دەربچووایە، دەیفەرموو: (غفرانك)*، واتا لە پاش دەرچوون لەسەر ئاو داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە دەکرد، خودا زاناترە؛ لەوەیە حیکمەت ئەوە بێت چونکە ئازار وناڕەحەتی هەستپێکراو لەسەر لاشە لادەچێت؛ بۆیە باشتر وایە مرۆڤ داوا لە خوای گەورە بکات کە قورسی وناڕەحەتی واتایی -تاوان وگوناهەکانی- لەسەر لابدات ئەمیش بە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە.
ولە گێڕانەوەی ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ سەرئاو کردن، فەرمانی پێم کرد بەوەی سێ بەردی بۆ بهێنم (بۆئەوەی خۆی پاک بکاتەوە)، دوو بەردی دۆزیەوە، وسێیەمی نەدۆزیەوە، تەپاڵەیەکی ئاژەڵی (تەپاڵەیەکی وشکی) هەڵگرت وهێنای، گومانی وابوو کە ئەمەش دەبێت، پێغەمبەر ﷺ دوو بەردەکەی برد وخۆی پێیان پاککردەوە وتەپاڵەکەی فڕێدا، وهۆکارەکەی ڕوونکردەوە، ئەویش ئەوەیە تەپاڵە پیسە، ونابێت مرۆڤ خۆی پێ پاکبکاتەوە، چونکە پیس وبۆگەنە، ئەگەرچیش تەپاڵەکە هی ئاژەڵێک بێت کە گۆشتی حەڵاڵە؛ چونکە تەپاڵە خۆراکی ئاژەڵی جنۆکەکانە. *(واتە: خودایە، لێم خۆش بە)

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سوننەتە بڵێت: (غفرانك) واتە: (خوایە لێم خۆش بە)؛ پاش دەرچوون لە شوێنی سەرئاوکردن.
٢. پێغەمبەر ﷺ لە هەموو حاڵەتێکیدا داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە دەکرد.

٣. ووتراوه: چەند هۆكارێك هەیە بۆ داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە لەپاش سەرئاوكردن، لەوانەیش: كەمتەرخەمی لە سوپاسگوزاری بەرامبەر نیعمەتە زۆرەكانی خوای گەورە، وئاسانكردنی دەرچوونی شتی ئازاردەر، ولەكاتی سەرئاوكردن سەرقاڵ دەبێت ویادی خوای گەورە ناكات.

(١٠٠٤٦)

(١١٧) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ»**. [صحيح] - [رواه النسائي وأحمد]

(١١٧) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«سیواک پاككەرەوەیە بۆ دەم وهۆكاری ڕازی بوونی خوای گەورەیە».**

[صەحیحە] – [نەسائی وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە پاككردنەوەی ددان دێتە جێ بە سیواک وهەموو ئەوشتانەی دەم پاک دەكەنەوە لە پاشماوەی خواردن و لابردنی بۆنی ناخۆش ئەمە لە هۆكارەكانی ڕازیبوونی خوای گەورەیە لە بەندە؛ چونكە گوێڕایەڵی الله یە وجێبەجێكردنی فەرمانێتی، وهەروەها پاكوخاوێنیە كە خوای گەورە -سبحانە وتعالى- پێی خۆشە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. فەزڵ وپاداشتی سیواک كردن، وهاندانی پێغەمبەر -صلى الله علیە وسلم- بۆ ئومەتەكەی بەوەی كە زۆر سیواک بكەن.
٢. باشترین لە سیواک كردن بەكارهێنانی سیواكی داری ئاراكە، و بەكارهێنانی فڵچە ومەعجون بۆ پاككردنەوەی ددان شوێنی دەگرێتەوە.

(٣٥٨٨)

(١١٨) – عن حذيفة بن اليمان رضي الله عنهما قال: **«كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إِذَا قَام من اللَّيل يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاك»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١١٨) – له حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ ئەگەر شەو هەڵبستایە؛ ئەوا سیواکی دەکرد»**. [صەحیحە]

– [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

لە خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ بۆ پاکژی ورق لێبوونی لە بۆنی ناخۆش ئەوە بووە ئەگەر شەو هەڵبستایە پاش خەوێکی درێژ کە بۆنی دەمی دەگۆڕا؛ ئەوا سیواکی دەکرد ودەیهێنایە سەر ددانەکانی بۆ ئەوەی بۆنی گۆڕاوی ناو دەمی نەمێنێت، وچالاک ببێتەوە بۆ ئەوەی هەڵبسێت بۆ شەو نوێژ کردن، ویەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سیواک ئەوەیە هەستی وریایی وئاگاداری بەهێز دەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. جەختکردنەوە لەسەر ڕێگەپێدراوی سیواک کردن لە پاش هەستان لە خەوی شەو، چونکە خەوتن هۆکارە بۆ گۆڕینی بۆنی دەم، وسیواک هۆکارێکە بۆ پاککردنەوە.

٢. جەختکردنەوە لەسەر ڕێگەپێدراوی سیواک کردن لە کاتی گۆڕینی بۆنی دەم بۆ بۆنێکی ناخۆش، ئەمیش بە سوود وەرگرتن لە لێکدانەوەی پێشووتر.

٣. ڕێگەپێدراوی ڕەچاوکردنی پاک وخاوێنی بە شێوەیەکی گشتی، وپاک وخاوێنی لە سونەتی پێغەمبەرە ﷺ، ولە ئاکار ونەریتە بەرز وبڵندەکانە.

٤. سیواک کردن هەموو ناو دەم دەگرێتەوە: ددانەکان، وپووک، وزمان.

٥. سیواك ؛ لقە دارێکی بچووکە لە داری ئاراك یان داری تر، بۆ پاککردنەوەی دەم وددانەکان بەکاردێت، وبۆنی ناو دەم خۆشدەکات، وبۆنی ناخۆشی نێو دەم ناهێڵێت.

(٣٠٦٣)

(١١٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم :
**«لولاَ أن أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي؛ لَأَمَرتُهُم بِالسِّوَاك عِندَ كُلِّ صَلاَة».** [صحيح] - [متفق عليه]
(١١٩) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئەگەر قورس ونارەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو نوێژێکدا».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

لە ئامۆژگاری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئومەتەکەی وخۆشویستنی خێر بۆیان، وهەوڵی داوە کە ئەو کردەوانە بکەن کە سوودی دەبێت بۆیان، بۆ ئەوەی خۆشبەخت بن ئامۆژگاریانی کردووە بە سیواک کردن، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوودە زۆرەکانی زانی؛ لەوەدا بوو کە ئومەتەکەی پابەند بکات بەوەی لەگەڵ هەموو دەستنوێژ ونوێژێک سیواک بکەن، بەڵام بە هۆی ڕەحمەت وبەزەیی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرامبەر ئومەتەکەی ترسا لەوەی کە خوای گەورە فەرزی بکات لەسەریان، ولەوەیە ئەنجامی نەدەن وتاوانبار بن، بۆیە فەرزی نەکرد وەکو ترسێک لە سەریان وبەزەییەک بەرامبەریان، ولەگەڵ ئەمەشدا هانیانی دا وئامۆژگاریانی کرد بە سیواک کردن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەرمونیانی وبەزەیی پێغەمبەر ﷺ بە ئومەتەکەی، وترسی لەوەی ئەرکەکانیان لەسەر قورس بێت.
٢. بنچینە لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ واجبێتیە، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت لەسەر ئەوەی سوننەتە.
٣. فەزڵ وسوننەتی سیواک کردن لەپێش دەستپێکردنی هەموو نوێژێك.

٤. ئیبن دەقیقی عید دەڵێت: دانایی لە سوننەتی سیواك كردن لەكاتی هەستان بۆ دەستپێكردنی نوێژ؛ چونكە حاڵەتی نزیكبوونەوەیە لە الله، بۆیە دەبێت رێك وپاك بێت ورێزداری پەرستن دەربخات.
٥. فەرموودەكە بەشێوەیەكی گشتی سیواك كردن بۆ ڕۆژووگریش دەگرێتەوە، ئەگەرچیش لەپاش كاتی زەوال -ناوەڕاستی نیوەڕۆ- بێت؛ بۆ نوێژەكانی: نیوەڕۆ وعەسر.

(٣٣٦٤)

(١٢٠) – عن أبي هريرة قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ أَنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ يَوْمًا، يَغْسِلُ فِيهِ رَأْسَهُ وَجَسَدَهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢٠) – لە ئەبی هورەیرەوە كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«مافە لەسەر هەموو مسوڵمانێک جارێک خۆی بشوات لە هەموو حەوت ڕۆژێكدا ؛ كە سەر ولاشەی تێدا دەشوات»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە ماف وئەركە لەسەر هەموو مسوڵمانێكی باڵغ وئاقڵ ؛ یەك جار خۆی بشوات لەهەموو حەوت ڕۆژێكدا، لەم ڕۆژەدا سەر ولاشەی دەشوات بۆئەوەی پاك بێتەوە، وڕۆژی هەینی باشترین ڕۆژە بۆ خۆشۆردن؛ بەپێی تێگەیشتن لەفەرموودەكان وخۆشۆردن لەڕۆژی هەینی لەپێش ئەنجامدانی نوێژەكە؛ سونەتێكە جەختی لەسەر كراوەتەوە، ئەگەرچیش لەڕۆژی پێنج شەمەدا خۆی شۆردبێت، وخۆشۆردن بۆ ڕۆژی هەینی واجب نییە بەپێی ئەم بەڵگەیە ؛ عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (كان الناسُ مَهَنَةَ أنفسهم، وكانوا إذا راحوا إلى الجمعة راحوا في هيئتهم: فقيل لهم: لو اغتسلتم) [رواه البخاري] واتە: (خەڵكی ئیشیان دەكرد، وئەگەر بڕۆیشتنایە بۆ نوێژی هەینی ؛ لەسەر هەمان حاڵەت دەڕۆیشتن، پێیان ووترا: ئەگەر خۆتان بشۆردایە -باشتر بوو-).

ولە گێڕانەوەیەکدا: (بۆنیان دەهات) واتا بۆنی ئارەق ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێیان ووترا: (ئەگەر خۆتان بشۆردایە -باشتر بوو-)، بۆیە ئەمە جێبەجێ دەبێت بەسەر خەڵکی تریش ؛ ئەگەر هۆیەکی بەهێزتر هەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕەچاوکردن وگرنگیدانی ئاینی ئیسلام بە پاکوخاوێنی.
٢. خۆشۆردن بۆ نوێژی جومعە سونەتە وجەختی لەسەر کراوە.
٣. لێرەدا باسی سەر کراوە لەگەڵ لاشە هەرچەندە باسکردنی لاشە سەریش دەگرێتەوە؛ بەڵام بەجیا باسیکراوە ئەمیش بۆ گرنگیدان پێی لەکاتی شۆردنی.
٤. خۆشۆردن واجبە لەسەر کەسێك کە بۆنێکی ناخۆشی لێوە بێت وخەڵکی ئازار بدات.
٥. جەخت کراوە لەسەر خۆشۆردن لەڕۆژی هەینی ؛ بەهۆی فەزڵ وپلەوپایەی ئەو ڕۆژە.

(٦٥٠٨٤)

(١٢١) – عن أَبِي هريرة رضي اللَّه عنه: سمعتُ النبِيّ صلى الله عليه وسلم يقول: **«الفِطْرَةُ خمسٌ: الخِتَانُ والاستحدادُ وقصُّ الشَّارِبِ وتقليمُ الأظفارِ وَنَتْفُ الآبَاطِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«پێنج شت لە فیترەتەوەیە (فیترەت: واتا کردەوە سروشتیە پاکەکان کە خۆشەویستن لای مرۆڤی باوەڕدار): خەتەنەکردن، و لابردنی موی دامێن، وکورتکردنەوەی سمێڵ، وبڕینی نینۆکەکان، ولابردنی مووی بن باڵ»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتە پێنج کردەوە لە ئاینی ئیسلامە وسونەتی پێغەمبەرانە:

یەکەم: خەتەنەکردن، بریتیە لەبڕینی پێستی زیادە لەسەر چووکی نێر، وبڕینی پێستی زیادەیە لەسەرەوەی ئەندامی مێینە ؛ لەبەشی سەرەوەی میتکە.
دووەم: لابردنی مووی دامێن.
سێیەم: کورتکرنەوە وبڕینی سمێڵ، بریتیە لە کورتکردنەوەی ئەو مووەی بەشی سەرەوەی لێوی پیاو دادەپۆشیت ؛ کورتکردنەوەی بەشێوەیەك لێو دەربکەوێت.
چوارەم: بڕین وکورتکرنەوەی نینۆکەکان.
پێنجەم: لابردنی مووی بن باڵ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتەکانی پێغەمبەران کە خوای گەورە خۆشی دەوێت ولێی ڕازیە وفەرمانی پێدەکات ؛ بانگەشە دەکات بۆ کامڵی وپاکژی وجوانی.
٢. بەردەوام بوون لە سەر ئەنجامدانی ئەم کارانە وبێ ئاگا نەبێت لە ئەنجامدانیان.
٣. ئەم کردەوانە سوودی ئاینی ودونیاییان هەیە، لەوانەیش:
جوانکردنی ڕواڵەت، وپاککردنەوەی لاشە، وبایەخدان بەپاکوخاوێنی، وپێچەوانەبوونەوەی کافرەکان، وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی الله، وهتد.
٤. لەفەرموودەی تردا سونەتی تر باسکراوە لەگەڵ ئەم پێنج کردەوەیە، لەوانەیش: ڕیش هێشتنەوە، وسیواك کردن، وهتد.

(٣١٤٤)

(١٢٢) – عَنْ عَلِيٍّ رضي الله عنه قَالَ: كُنْتُ رَجُلًا مَذَّاءً وَكُنْتُ أَسْتَحْيِي أَنْ أَسْأَلَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِمَكَانِ ابْنَتِهِ فَأَمَرْتُ الْمِقْدَادَ بْنَ الْأَسْوَدِ فَسَأَلَهُ فَقَالَ: «**يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ**».

وَلِلبُخَارِيِّ: فَقَالَ: «**تَوَضَّأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢٢) – لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێك بووم مەزیم زۆر لێدەردەچوو، وشەرمم کرد پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەم بەهۆی ئەوەی کە کچەکەی هاوسەرم بوو، بۆیە داوام لە میقدادی کوڕی

ئەسوەد کرد کە پرسیاری لێبکات، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: **«تەنها چووکی -ئەندامی زاوزێی- دەشۆرێت، ودەستنوێژ دەگرێت».**
ولە گێڕانەوەی [بخاري]دا، فەرمووی: **«دەستنوێژ بگرە وچووکت بشۆ».**
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە مەزی زۆری لێدەردەچوو، ئەمیش ئاوێکی سپی تەنك ولینجە لە چوکی پیاو دەردەچێت لەکاتی شەهوەت یان پێش جووتبوون، ونەیدەزانی چی بکات لەکاتی دەرچوونی، وشەرمی کرد پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ بکات ؛ چونکە فاتیمەی کچی هاوسەری بوو بۆیە داوای لە میقدادی کوڕی ئەسوەد کرد بۆئەوەی پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ بکات سەبارەت بەم حاڵەتە، پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دایەوە بەوەی: دەبێت چوکی بشوات پاشان دەستنوێژ بگرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی عەلی کوڕی تاڵب -ڕەزای خوای لێبێت- ؛ چونکە شەرم ڕێگری لێنەکرد لەوەی پرسیار بکات لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە.
٢. نوێنەرایەتی لە داواکردنی فەتوا ؛ ڕێگەپێدراوە.
٣. ڕێگەپێدراوە مرۆڤ باسی شتێک بکات کە شەرم دەکرێت لە باسکردنی ؛ بەمەرجێک بۆ بەرژەوەندیەکی پێویست بێت.
٤. پیسی (مەزی)، و واجبێتی لابردنی وشۆردنی شوێنەواری لەسەر لاشە وجل وبەرگ
٥. دەرچوونی (مەزی) دەستنوێژ دەشکێنێت.
٦. واجبێتی شۆردنی چووک(زەکەر) بەتەواوی ؛ چونکە لە فەرموودەی تر دا هاتووە.

(٣٣٤٨)

(١٢٣) – عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ المؤمنين رضي الله عنها قَالَتْ: **«كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الجَنَابَةِ، غَسَلَ يَدَيْهِ، وَتَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ اغْتَسَلَ، ثُمَّ يُخَلِّلُ بِيَدِهِ شَعَرَهُ، حَتَّى إِذَا ظَنَّ أَنَّهُ قَدْ أَرْوَى بَشَرَتَهُ، أَفَاضَ عَلَيْهِ المَاءَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ سَائِرَ جَسَدِهِ، وَقَالَتْ: كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ، نَغْرِفُ مِنْهُ جَمِيعًا».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٢٣) – له عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر خۆی بشۆردایە بەهۆی لەشگران بوونیەوە، سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکو شێوازی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ، دواتر خۆی دەشۆرد، پاشان پەنجە تەڕەکانی دەهێنا بە ناو مووەکانیدا، هەتا دڵنیا دەبوو کە پێستی تەڕ بووە، سێ جار ئاوی دەکرد بەسەر سەریدا، پاشان هەموو لاشەی دەشۆرد، وعائیشە دەڵێت: من وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە یەک تەشت خۆمان دەشۆرد، هەردووکمان ئاومان لێی دەردەهێنا».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە خۆی بشوات بەهۆی لەشگران بوونی ؛ سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکو شێوازی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ، دواتر ئاوی دەهێنا ودەیکرد بەسەر هەموو لاشەیدا، پەنجە تەڕەکانی دەهێنا بە ناو قژ وموەکانیدا، هەتا دڵنیا دەبوو کە ئاو گەیشتووەتە بنی مووەکان، وپێستی تەڕ بووە، دواتر سێ جار ئاوی دەکرد بەسەر سەریدا، پاشان هەموو لاشەی دەشۆرد.

وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: من وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە یەک تەشت خۆمان دەشۆرد، هەردووکمان ئاومان لێی دەردەهێنا.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خۆشۆردن -غوسڵ- بۆ لابردنی لەشگرانی دوو جۆرە: دروست وکامڵ، خۆشۆردنی دروست ئەوەیە مرۆڤ نیەتی پاکبوونەوە بهێنێت، پاشان ئاو بکات بەسەر هەموو لاشەیدا ؛ لەگەڵ ئاو ڕادانە نێو دەم ودەرکردنی وئاو هەڵمژینە نێو لووت ودەرکردنی، بەڵام خۆشۆردنی کامڵ ئەوەیە وەکو شێوازی پێغەمبەر ﷺ خۆی بشوات بۆ لابردنی لەشگرانی.

٢. لەشگران -جەنابە- ئاماژەیە بۆ هەرکەسێك مەنی دەرچوو بێت یان جووت بووبێت ئەگەرچیش مەنی دانەبەزی بێت لەپاش جووتبوونەکە.

٣. دروستێتی سەیرکردنی عەورەتی -شەرمگەی- هاوسەر، وخۆشۆردنیان بە یەک تەشت ئاو.

(٣٣١٦)

(١٢٤) – عَنْ عَمَّارِ بنِ ياسِرٍ رضي الله عنه قال: بَعَثَنِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي حَاجَةٍ، فَأَجْنَبْتُ فَلَمْ أَجِدِ الْمَاءَ، فَتَمَرَّغْتُ فِي الصَّعِيدِ كَمَا تَمَرَّغُ الدَّابَّةُ ثُمَّ أَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ: **«إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَقُولَ بِيَدَيْكَ هَكَذَا»** ثُمَّ ضَرَبَ بِيَدَيْهِ الْأَرْضَ ضَرْبَةً وَاحِدَةً، ثُمَّ مَسَحَ الشِّمَالَ عَلَى الْيَمِينِ، وَظَاهِرَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢٤) – لە عەماری کوڕی یاسرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناردمی بۆ پێویستیەک ، لە ڕێگادا تووشی لەشگرانی بووم، وئاوم دەست نەکەوت بۆئەوەی خۆم بشۆرم، بۆیە ئەملاو ئەولام کرد بە خۆم لە ناو خۆڵدا هەروەکو چۆن ئاژەڵ ئەملاو ئەولا دەکات لە سەر خۆڵدا، پاشان هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەم بۆی باسکرد، فەرمووی: **«بەس بوو بۆت کە بە دەستەکانت تەنها ئەمە ئەنجام بدەیت»،** پاشان: یەک جار دەستەکانی (ناو لەپەکانی) دا بە سەر زەویدا، دواتر ناو لەپی چەپی مەسحکرد بەسەر پشتی دەستی ڕاستی،

هەروەها دیوی سەرەوەی هەردوو دەستەکانی وڕووی پێ مەسح کرد.
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عەماری کوڕی یاسری نارد لەسەفەرێکدا -ڕەزای خوای لێبێت- بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەك، بەڵام ئەو تووشی لەشگرانی بوو ؛ بەهۆی جووتبوون یان دابەزینی مەنی بەشەهوەت، وئاوی دەست نەکەوت بۆ خۆشۆردن، وحوکمی تەیەمومی نەدەزانی بۆ حاڵەتی لەشگران بوون، تەنها حوکمەکەی دەزانی بۆ دەستنوێژگرتن.
ئیجتیهادی کرد وگومانی وابوو ؛ هەروەکو چۆن بۆ ڕووداوی بچووك هەندێك لە ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن مەسح دەکرێت بە خۆڵ، بەهەمان شێوە بۆ تەیەموم کردن لە لەشگرانی دەبێت خۆڵ هەموو لاشە بگرێتەوە؛ ئەمیش بەپێوان -قیاس- لەسەر ئاو، خۆی هەڵگێڕا لەنێو خۆڵەکە هەتاوەکو هەموو لاشەی بوو بە خۆڵ ونوێژی کرد، کاتێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی باسکرد، بۆئەوەی بزانێت ئایا کارەکەی دروستە یان نا؟ پێغەمبەر ﷺ چۆنیەتی تەیەموم کردنی بۆ ڕوونکردەوە بۆ ڕووداوی بچووك، وبۆ ڕووداوی گەورە وەکو لەشگرانی، ئەویش ئەوەیە یەك جار ؛ دەستەکانی بدات بەسەر خۆڵی سەر زەوی، پاشان دەستی چەپ مەسح بکات بەسەر دەستی ڕاست، ودیوی سەرەوەی دەستەکان وڕووی مەسح بکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گەڕان بەدوای ئاودا واجبە ؛ پێش تەیەموم کردن.
٢. تەیەموم کردن بۆ کەسێك لەشگران بێت وئاوی دەستنەکەوێت؛ ڕێگەپێدراوە.
٣. تەیەموم کردن بۆ ڕووداوی گەورە (بۆ نمونە: لەشگرانی) وەکو تەیەموم کردن وایە بۆ ڕوودوای بچووک (بۆ نمونە: خەوتن).
(٣٤٦١)

(١٢٥) – عَنْ المُغِيرَةِ رضي الله عنه قَالَ: كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ، فَأَهْوَيْتُ لِأَنْزِعَ خُفَّيْهِ، فَقَالَ: **«دَعْهُمَا، فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ»** فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢٥) – له موغيرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر بووم ﷺ لەسەفەرێكدا، چووم بۆ ئەوەی خوفەكەی دابنێم، فەرمووی: **«وازیان لێبێنە؛ چونكە من بە دەستنوێژەوە لە پێم كردوون»**، ومەسحی لەسەریان كرد. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەیەكێك لە سەفەرەكانیدا ؛ دەستنوێژی گرت، كاتێك گەیشتە شۆردنی پێیەكانی ؛ موغیرەی كوڕی شوعبە -ڕەزای خوای لێبێت- دەستەكانی درێژكرد بۆئەوەی خوفەكان لەپێی پێغەمبەر ﷺ دابكەنێت، وئەویش پێی بشوات.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: وازیان لێبهێنە ودایان مەكەنە، چونكە من بە دەستنوێژەوە خوفەكانم لە پێ كردووە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ مەسحی كرد لەسەر خوفەكانی لەجێی شۆردنی پێیەكانی.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. ڕێگەپێدراوی مەسح كردن لەسەر خوفەكان وهاوشێوەكانی بەمەرجێك كاتێك لەپێی كردوون دەستنوێژی هەبوو بێت، مەسحكردنەكە تەنها بۆ پاش -ڕووداني بچووك- دەبێت وەكو: با دەرچوون، وخەوتن، هتد، بەڵام سەبارەت بە ڕووداني [دەستنوێژشكانی] گەورە وەكو: لەشگرانی، وهتد ؛ پاش ئەوەی ئەمانە ڕوویاندا دەبێت خۆی بشوات لەگەڵ شۆردنی پێیەكانیشی.

٢. مەسح كردن یەك جار دەبێت لە دیوی سەرەوەی خوفەكان نەك دیوی ژێرەوەی ؛ هەروەكو لە دەقەكاندا هاتووە.

٣. چەند مەرجێك هەیە بۆ دروستێتی مەسحکردن لەسەر خوفەکان وهاشێوەکانی: دەبێت کاتێك لەپێی کردوون دەستنوێژی تەواوی هەبوو بێت، ودەبێت خوفەکە پاك بێت، ودەبێت خوفەکە ئەو شوێنانەی پێی داپۆشێت کە لەدەستنوێژگرتندا دەشۆردرێن، ومەسحکردنەکە تەنها بۆ پاش -ڕوودانی [دەستنوێژشکانی] بچووك- دەبێت وەکو: با دەرچوون، وخەوتن، هتد، بەڵام سەبارەت بە ڕوودانی گەورە وەکو: لەشگرانی، وهتد ؛ پاش ئەوەی ئەمانە ڕوویاندا دەبێت خۆی بشوات لەگەڵ شۆردنی پێیەکانیشی، ودەبێت مەسحکردن لەو ماوەیەدا بێت کە لە شەریعەتدا دیارکراوە: شەو وڕۆژێك بۆ نیشتەجێبوو، وسێ ڕۆژ وشەوەکانی بۆ ڕێبوار.

٤. بەپێچواندن -قیاس- لەسەر خوفەکان ؛ هەموو شتێکی تر دەگرێتەوە کە پێیەکان داپۆشێت وەکو گۆرەوییەکان وشتی تر، وڕێگەپێدراوە وەکو خوف مەسحیان لەسەر بکرێت.

٥. ڕەوشت جوانی پێغەمبەر ﷺ وجوانی شێوازی فێرکردنی، کاتێک نەیهێشت موغیرە خوفەکانی دابکەنێت، پاشان هۆکارەکەی ڕوونکردەوە: ئەو پاش دەستنوێژگرتن لە پێی کردووە؛ ئەمیش بۆئەوەی دڵنیا وئارام بێت، وحوکمەکە بزانێت وهەست بە دڵ شکاندن نەکات.

(٣٠١٤)

(١٢٦) – عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ المؤمنين رضي الله عنها أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْشٍ سَأَلَتِ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَتْ: إِنِّي أُسْتَحَاضُ فَلاَ أَطْهُرُ، أَفَأَدَعُ الصَّلاَةَ؟ فَقَالَ: **«لَا، إِنَّ ذَلِكِ عِرْقٌ، وَلَكِنْ دَعِي الصَّلاَةَ قَدْرَ الأَيَّامِ الَّتِي كُنْتِ تَحِيضِينَ فِيهَا، ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٢٦) – لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیش پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ووتی: تووشی سوڕی مانگانە (حەیز) دەبم بە بەردەوامی، وپاك نابمەوە، ئایا واز لە نوێژ کردن بهێنم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«نەخێر، ئەوە تەنها دەمارێکە (خوێنی لێوە**

**دەردەچێت)، واز لە نوێژکردن بهێنە بەپێی -ماوەی- ئەو ڕۆژانەی تووشی سوڕی مانگانە دەبوویت تێیاندا، پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە».** [صەحیحە]

- [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

فاتیمەی کچی حوبەیش پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ووتی: من تووشی سوڕی مانگانە دەبم بەبەردەوامی ولێم ناپچڕێت، تەنانەت لەدەرەوەی ماوەی سوڕی مانگانەی ئاسایی، ئایا ئەمە حوکمی وەکو حوکمی سوڕی مانگانەیە ؛ دەبێت واز لە نوێژکردن بهێنم؟

پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ئەمە خوێنی ئیستیحازەیە، کە خوێنێکە بەهۆی پچڕانی دەمار لەمندالْدانی ئافرەت؛ تووشی دەبێت، وخوێنی سوڕی مانگانە نیە، ئەگەر کاتی سوڕی مانگانە هات ؛ کە لەو ماوەیەدا تووشی سوڕی مانگانە دەبوویت پێش ئەوەی تووشی ئیستیحازە بیت، ئەوا واز لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن وکردەوەکانی تر بهێنە ؛ کە دەبێت ئافرەتی حەیزدار ئەنجامیان نەدات لەکاتی سوڕی مانگانە. ئەگەر ماوەی سوڕی مانگانەی ئاسایی تەواو بوو، وپاك بوویتەوە لە حەیز، شوێنی خوێنەکە بشۆ، پاشان هەموو لاشەت بشۆ بۆ لابردنی ئەم ناپاکیە، پاشان نوێژەکانت ئەنجام بدە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبێتی خۆشۆردن لەسەر ئەو ئافرەتەی ڕۆژەکانی -ماوەی- سووڕی مانگانەی تەواو بووە.

٢. واجبێتی نوێژ کردن لەسەر ئەو ئافرەتەی تووشی ئیستیحازە* بووە. *(ئیستیحازە: ئەو خوێنەیە کە تووشی هەندێک ئافرەت دەبێت ولە پاش تەواوبوونی کاتی سوڕی مانگانەوە -کاتی حەیزەوە- هەر بەردەوام دەردەچێت، واتا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە سووڕی مانگانەوە)

٣. سوڕی مانگانە -حەیز-: خوێنێکی ئاساییە لە ئەندامی زاوزێی ئافرەتی بالْغەوە دەردەچێت، مانگانە لەچەند ڕۆژێکی دیاریکراو تووشی دەبێت.

٤. ئیستیحازە: ئەو خوێنەیە لە ئەندامی زاوزێی ئافرەتەوە دەردەچێت لەکاتی تر ؛ جگە لەکاتی سوڕی مانگانەی ئاسایی، وئەم خوێنە لەنزیکترین شوێنەوە دەردەچێت نەك لە قوڵی ئەندامی زاوزێوە.

٥. جیاوازی نێوان خوێنی سوڕی مانگانە وخوێنی ئیستیحازە: خوێنی سوڕی مانگە ڕەش وچڕە وبۆنێکی ناخۆشی هەیە، بەڵام خوێنی ئیستیحازە تەنکە وبۆنی ناخۆش نییە.

(٣٠٢٩)

(١٢٧) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ فِي بَطْنِهِ شَيْئًا، فَأَشْكَلَ عَلَيْهِ أَخَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ أَمْ لَا، فَلَا يَخْرُجَنَّ مِنَ الْمَسْجِدِ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا، أَوْ يَجِدَ رِيحًا**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٢٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات**». [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر نوێژخوێن هەستی بەشتێك کرد لەسکیدا، وگومانی لا دروست بوو ؛ ئایا هەوای لێ دەرچووە یان نا؟ نابێت نوێژەکەی ببڕێت ودەستنوێژ بگرێتەوە ؛ هەتاوەکو دڵنیا دەبێت کە دەستنوێژەکەی شکاوە، ئەمیش بەوەی دەنگ ببیستێت یان بۆن بکات، چونکە گومان دڵنیایی هەڵناوەشێنێتەوە، ئەو دڵنیایە کە دەستنوێژی گرتووە وشکانی دەستنوێژەکەی جێی گومانە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە بنچینەکانی ئاینی ئیسلام وبنەمایەکە لە بنەما فیقهیەکان، ئەمیش بریتیە لە: دڵنیایی بەگومان لاناچێت، وبنچینە ئەوەیە شتەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە هەتاوەکو شتێکی جیاواز دەردەکەوێت.
٢. گومان هیچ کاریگەری نیە لەسەر دەستنوێژ، ونوێژخوێن لەسەر دەستنوێژەکەی ماوە مەگەر دڵنیا بێت لەوەی کە دەستنوێژەکەی شکاوە.

(٦٥٠٨٣)

(١٢٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال:«**إذا شَرِب الكلب في إناء أَحَدِكُم فَلْيَغسِلهُ سبعًا**».

ولمسلم: «**أولاهُنَّ بالتُّراب**».

عن عبد الله بن مغفل رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**إذا وَلَغ الكلب في الإناء فاغسلوه سبعًا وعفِّرُوه الثَّامِنَة بالتُّراب**». [صحيح] - [حديث أبي هريرة -رضي الله عنه-: متفق عليه. حديث عبد الله بن مغفل -رضي الله عنهما-: رواه مسلم]

(١٢٨) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «**ئەگەر سەگ لە پەرداخی (کەرەستەی خواردن وخواردنەوەی) یەکێک لە ئێوە ئاوی خواردەوە؛ ئەوا با حەوت جار بیشۆرێت**».
لە ریوایەتەکەی (مسلم)دا: «**یەکەم جار بە خۆڵ بیشۆن**».
لە عبداللهی کوڕی موغەفەلەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «**ئەگەر سەگ بە لێواری زمانی ئاوی (یان هەر شتێکی تری) لە پەرداخی یەکێک لە ئێوە خواردەوە، ئەوا حەوت جار بیشۆن، وهەشتەم جار لە ناو قوڕدا بیشۆن**». [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

چونکە سەگ یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە مرۆڤ حەزی لێناکات، وزۆر پیسی ونەخۆشی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە شەریعەت فەرمانی کردووە بە شۆردنی ئەو پەرداخەی (کەرەستەی خواردن وخواردنەوەی) کە سەگ زمانی تێوەرداوە - حەوت جار-، یەک جار بە خۆڵ (قوڕ) پاش ئەوە پەرداخەکە بە ئاو دەشۆردرێت، وئەمەش وا دەکات کە دەفرەکە پاک ببێتەوە لە پیسی وزیانەکان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. لیکی سەگ پیسە لە شەرعدا.
٢. ئەگەر سەگ زمانی دا لە دەوریەک -دەفرێک-، ئەوا دەفرەکە پیس دەبێت، وئەو ئاوەی کە ماوەتەوە بەهەمان شێوە پیس بووە.
٣. پاککردنەوە بە خۆڵ -قوڕ- ودووبارە شۆردنەوەی حەوت جار ؛ ئەمە تایبەتە بە شتێک کە سەگ دەم وزمانی لێدا بێت، بەڵام شتێک میز یان پاشەڕۆ یان هەر پیسیەکی تری سەگی بەسەرەوە بێت ؛ ئەم شێوازە پاککردنەوە نایگرێتەوە.
٤. چۆنیەتی شۆدنی دەوری -دەفر:پەرداخ- بە خۆڵ: ئاو دەکاتە نێو دەفرەکە وخۆڵ دەکات بەسەریدا، پاشان دەفرەکە بەم تێکەڵەیە لە خۆڵ وئاو -قوڕ- دەشوات.
٥. ڕووکەشی فەرموودەکە گشتیە وهەموو سەگەکان دەگرێتەوە، تەنانەت ئەو سەگانەیشی کە شەریعەت ڕێگەی بە ڕاگرتنیان داوە، وەکو سەگی ڕاوکردن وپاسەوانی وسەگی شوانی.
٦. سابون وڕووەکی ئەشنان جێگای خۆڵ -قوڕ- ناگرێتەوە بۆ پاککردنەوە؛ چونکە پێغەمبەر ﷺ بەدەق باسی خۆڵی کردووە.

(٣١٤٣)

(١٢٩) – عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، فَقَالَ أَحَدُكُمْ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، قَالَ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، قَالَ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، ثُمَّ قَالَ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، قَالَ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ». [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٢٩) – لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر بانگبێژ بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، ویەکێکتان بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله)، (ئەویش) بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (أشهد أن محمدا رسول الله)، (ئەویش) بڵێت: (أشهد أن محمدا رسول الله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (حي على الصلاة)، (ئەویش) بڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (حي على الفلاح)، (ئەویش) بڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، (ئەویش) بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (لا إله إلا الله)، (ئەویش) بڵێت: (لا إله إلا الله) ؛ لە دڵیەوە ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

بانگدان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکیە کە کاتی نوێژکردن هاتووە، و ڕستەکانی بانگدان ؛ ڕستەکانی بیروباوەڕی لەخۆگرتووە لەئاینی ئیسلامدا.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر ﷺ ئەوەی ڕێگەپێدراوە لەکاتی بیستنی بانگدا ؛ ڕوونیدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بیسەر وەکو بانگبێژ بڵێت، ئەگەر بانگبێژ ووتی: (الله أكبر الله أكبر)، ئەوا بیسەریش دەڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، بەم شێوە لەپاش بانگبێژ ڕستەکان دووبارە دەکاتەوە هەتا بانگبێژ دەگاتە ئەوەی

دەڵێت: (حي على الصلاة) ، (حي على الفلاح)، لەم کاتەدا بیستەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله).
پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەرکەسێك بەدڵسۆزی لەدڵیەوە بانگەکە دووبارە بکاتەوە لەپاش بانگبێژ ؛ دەچێتە بەهەشتەوە.
مانای ڕستەکانی بانگدان: (الله أكبر): واتا خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لەهەموو شتێك گەورەتر وشکۆدارترە.
(أشهد أن لا إله إلا الله): واتا هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله.
(أشهد أن محمدا رسول الله): واتا دانیپێدا دەنێم وشاهێدی دەدەم بە زمان ودڵم کە موحەمەد پێغەمبەری خودایە، خوای گەورە ناردوویەتی، وگوێڕایەڵیکردنی واجبە.
(حي على الصلاة): واتا وەرن بۆ ئەنجامدانی نوێژ، وکاتێك بیسەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله): واتا هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ دەربازبوون لەڕێگریەکانی پەرستشەکان وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە لەسەر کردنی هەرشتێك مەگەر بە یارمەتیدانی خوای گەورە نەبێت.
(حي على الفلاح): واتا وەرن بۆ هۆکارەکانی بردنەوە وسەرکەوتن وسەرفرازی، ئەویش بردنەوەی بەهەشت وڕزگاربوونە لە دۆزەخ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپاداشتی دووبارە ووتنەوەی ئەوەی بانگبێژ دەیڵێت لەبانگەکەدا، بەڵام لە : (حي على الصلاة) و (حي على الفلاح) ؛ لەجیاتی دووبارە ووتنەوەیان دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله).

(٦٥٠٨٦)

(١٣٠) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رضي الله عنها أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ، ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا، ثُمَّ سَلُوا اللهَ لِيَ الْوَسِيلَةَ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ، لَا تَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ لِيَ الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٣٠) – له عبدالله كوڕى عەمرو -ڕەزاى خواى لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەر ﷺ بووه که دەیفەرموو: **«ئەگەر گوێ بیستی بانگبێژ بوون ئەوا ئەوە بڵێن که ئەو دەیڵێت پاشان سەڵاتم لەسەر بدەن، هەرکەسێک سەڵاتێک لەسەر من بدات ئەوا خوای گەورە بەهۆیەوە دە سەڵاتی لەسەر دەدات، پاشان داوا له خوای گەورە بکەن وەسیلەت -ببەخشێت- بە من، چونکه ئەوە پلەیەکە له بەهەشتدا، تەنها بۆ یەک بەندەیە له بەندەکانی الله، وهیوام ئەوەیە ئەو کەسە من بم، هەرکەسێک داوای وەسیلەتم بۆ بکات ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی کردووه بۆ ئەوەی هەرکەسێك گوێی له بانگبێژ بێت لەکاتی بانگدان ئەوا پێویستە لەپاش ئەو ؛ ڕستەکانی بانگەکە دووبارە بکاتەوە، جگه له (حي على الصلاة ، حي على الفلاح) نەبێت ؛ بیسەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله) واتە: (هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ دەربازبوون لەڕێگریەکانی پەرستشەکان وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە لەسەر کردنی هەرشتێك مەگەر بە یارمەتیدانی خوای گەورە نەبێت)، دواتر سەڵات دەدات لەسەر پێغەمبەر ﷺ پاش تەواوبوونی بانگەکە، هەرکەسێك یەك سەڵات بدات لەسەر پێغەمبەر ﷺ ؛ خوای گەورە دە سەڵاتی لەسەر دەدات، ومانای سەڵاتی خوای گەورە لەسەر بەندە ئەوەیە: خوای گەورە ستایشی دەکات لەلای فریشتەکان.

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمانیکرد بە نزاکردن بۆئەوەی پەروەردگار وەسیلەت بە ئەو ببەخشێت ، ئەمیش بەرزترین پلەیە لە بەهەشتدا، تەنها بۆ یەك بەندە دەبێت لەنێو هەمووبەندەکانی الله -سبحانه وتعالى-، وهیوای خواست بۆ ئەو بێت، وپێغەمبەر ﷺ سادە وبێ فیز بوو بۆیە وای فەرموو ؛ چونکە ئەگەر ئەو پلە بەرزە بۆ یەك کەس بێت ئەوا تەنها بۆ ئەوە ﷺ، لەبەرئەوەی ئەو چاکترین خوڵقێنراوی خودایە.
پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە هەرکەسێك نزای وەسیلەت بکات بۆ ئەو ؛ ئەوا شەفاعەت کردنی بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دووبارە ووتنەوەی بانگ لە پاش بانگبێژەوە ؛ ئامۆژگاری پێکراوە.
٢. ڕوونکردنەوەی فەزڵ وپاداشتی سەڵاتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەپاش دووبارە ووتنەوەی بانگ.
٣. ئامۆژگاری بۆ داواکردن لە خوای گەورە بۆئەوەی وەسیلەت ببەخشێت بە پێغەمبەر ﷺ ؛ پاش سەڵاتدان لەسەری.
٤. ڕوونکردنەوەی مانای وەسیلەت وبەرزی پلە وباسی، وتەنها بۆ یەک بەندە دەبێت.
٥. ڕوونکردنەوەی فەزڵ وڕێزداری پێغەمبەر ﷺ چونکە تایبەتکراوە بەو پلە بەرز وبڵندە.
٦. هەرکەسێک داوا لە خوای گەورە بکات کە وەسیلەت ببەخشێت بە پێغەمبەر ﷺ ؛ ئەوا شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت.
٧. ڕوونکردنەوەی سادەیی وبێ فیزی پێغەمبەر ﷺ چونکە داوای لە ئومەتەکەی کردووە کە نزای بۆ بکەن بۆئەوەی بگات بەو پلەیە، هەرچەندە ئەو پلەیە بۆ ئەو دەبێت.
٨. چاکەکردن بە دە هێندە دەنووسرێت ئەمیش لە فراوانی فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورەیە.

(٦٥٠٨٧)

(١٣١) – عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ رضي الله عنه عَنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: **«مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٣١) – له سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا)[٨]، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت».** [٨](واتە: شاهێدی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە، وڕازی بووم بەوەی کە الله پەروەردگارم بێت، وڕازی بووم بەوەی موحەمەد ﷺ پێغەمبەرم بێت، وڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام ئاینم بێت). [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ : شاهێدی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە): واتا دان دەنێم وجەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی هیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە بپەرسترێت جگە لە الله، وپەرستراو وپەرستنی جگە لە الله پوچەڵە.

(وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە): واتا ئەو بەندەیە وناپەرسترێت، وپێغەمبەرە بەدرۆ ناخرێتەوە.

(رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا : ڕازی بووم بەوەی کە الله پەروەردگارم بێت): ڕازیم بە پەروەردگارێتی وئولوهیەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانی. (وَبِمُحَمَّدٍ

رَسُولًا : ورِازی بووم بەوەی موحەمەد ﷺ پێغەمبەرم بێت): واتا ڕازیم بە هەموو ئەو پەیامەی پێی نێردراوە، وپێمانی گەیاندووە. (وَبِالْإِسْلَامِ : ورِازی بووم بەوەی کە ئیسلام): واتا بە هەموو حوکمەکانی ئاینی ئیسلام لە فەرمانپێکراوەکان ونەهی لێکراوەکان. (دِينًا : ئاینم بێت): واتا لە بیروباوەڕ وملکەچم وفەرمانبەردارم بۆی. (ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت): تەنها لێخۆشبوونی گوناهە بچووکەکان دەگرێتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خوێندنی ئەم نزایە لە کاتی بیستنی بانگ هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکان.

(٦٢٧٢)

(١٣٢) – عن جابر رضي الله عنه مرفوعًا: **«من قال حين يَسْمَع النِّدَاء: اللَّهُم ربِّ هذه الدَّعْوَة التَّامة، والصَّلاة القَائمة، آتِ محمدا الوَسِيلَة والفَضِيلة، وابْعَثْه مَقَامًا محمودًا الَّذي وعَدْتَه، حلَّت له شَفَاعَتِي يوم القيامة».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٣٢) – لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگ دەبێت وبڵێت: (اللهم رب هذه الدعوة التامة، والصلاة القائمة، آت محمدا الوسيلة والفضيلة، وابعثه مقاما محمودا الذي وعدته)*؛ ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا».** *(واتە: خودایە، ئەی پەروەردگاری ئەم بانگ ونوێژە کامڵ ودامەزراو ومەزنە؛ -الوسيلة: بەرزترین شوێن لە بەهەشتدا- و -الفضيلة: گەورەترین پلەی فەزڵ ورێزلێنان- ببەخشە بە موحەمەد ﷺ، وزیندووی بکەرەوە وپلەی ستایشکردنی خۆتی پێببەخشە کە پەیمانت پێداوە لە ڕۆژی قیامەتدا) [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگ دەبێت وبڵێت: -اللهم رب هذه الدعوة التامة-، واتە: خودایە، ئەی

پەروەردگاری ئەم بانگە کامڵ ومەزنە): واتا هەرکەسێک ئەم نزایە بخوێنێت بەم شێوەیەی کە لە سونەتدا هاتووە پاش ئەوەی بانگیێژ تەواو دەبێت لە بانگدان، ولە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إذَا سمعتم المؤذِّن، فقولوا مثل ما يقول، ثمَّ صَلُّوا عليَّ، ثمَّ سَلُوا اللهَ لي الوسيلة) [رواه مسلم]، واتە: (ئەگەر گوێتان لە بانگیێژ بوو؛ ئەوا ئێوە هەمان شت بڵێنەوە وەکو ئەوەی بانگیێژ دەیڵێت، پاشان سەڵاوات لەسەر من بدەن، وپاش ئەوە داوای -پلەی وەسیلەت- بۆ من بکەن).

ئەم نزاکردنە لە پاش تەواوبوونی بانگەکەیە، وناونراوە بە -الدعوة التامة، واتا بانگە کامڵ ومەزنەکە- چونکە بانگکردنی خەڵکی تێدایە بۆ ئەنجامدانی نوێژ، و-التامة- واتا کامڵ وتەواو چونکە عەقیدە وبیروباوەڕەکانی ئیمان هێنانی تێدایە لە تەوحید -یەک خودا پەرستی- وبە ڕاستدانان ودانپێدانان بە ڕاستی پەیامی موحەمەد ﷺ، وبانگەکە بە تەکبیر کردن دەستپێدەکات، ودوو شاهێدی دانەکەی تێدایە کە ئەم دووانە پایەی یەکەمی ئیسلامن، وپاشان بانگکردنی تێدایە بۆ ئەنجامدانی نوێژکردن، وپاشان کۆتایی پێدەهێندرێت بە تەکبیر کردن -ووتنی: الله أكبر- ودانپێدانان بە تەوحید -یەک خودا پەرستی بە ووتنی: لا إله إلا الله-. (والصلاة القائمة، واتە: نوێژە دامەزراو ومەزنەکە): دوو واتای هەیە:

١. دادەمەزرێت -واتا قامەتی بۆ دەکرێت-.

٢. واتا ئەم نوێژە دەگۆڕدرێت وبەردەوام دەبێت وئەنجامدەدرێت هەتا ئاسمانەکان وزەوی مابن.

(آت محمدا، واتە: ببەخشە بە موحەمەد ﷺ): واتا ئەم شتانەی پێببەخشە کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە کە دوانیان پەیوەستن بە ڕۆژی قیامەتەوە -الوسيلة ومقام المحمود-، ودانەیەکیان بۆ هەموو سەردەمێکە -الفضيلة-. (الوسيلة، واتا: بەرزترین شوێن لە بەهەشتدا): -الوسيلة : وەسیلەت- خۆی لە بنەڕەتدا ئەو شتەیە کە بەهۆیەوە لە کەسێکی تر نزیک دەبیتەوە وپلەت بەرز دەبێتەوە، بۆیە وەسیلەت بۆ نزیکبوونە لە خودا وبۆ بەرزبوونەوەی پلەی بەندە بریتیە لە کردەوەی چاک لە فەرز وسونەت وجێبەجێکردنی فەرمانەکان ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکانی شەریعەت و

هەرکردەوەیەک خودا پێی خۆش بێت کە بەهۆیانەوە بەندە لە خودا نزیک دەبێتەوە، بەڵام لێرەدا -الوسیلة : وەسیلەت- بە مانای بەرزترین پلە دێت لە بەهەشتدا، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إذا سمعتم المؤذن، فقولوا... ثم سَلُوا الله لي الوَسِيلَة؛ فإنها مَنْزِلة في الجنَّة لا تَنبغي إلا لعِبد من عباد الله ، وأرجو أن أكون أنا هو) [رواه مسلم]، واتە: (ئەگەر گوێتان لە بانگبێژ بوو، ئەوا بڵێن.... پاشان داوای -الوسیلة : وەسیلەت- بۆ من بکەن؛ چونکە ئەو شوێن وپلەیەکە لە بەهەشتدا بە هیچ کەسێک لە بەندەکانی خودا نادرێت مەگەر یەک بەندە نەبێت، وهیوادارم کە ئەو بەندەیە من بم).

(والفضیلة، واتا: گەورەترین پلەی فەزڵ ورێزلێنان): واتا بەرزترین پلەی فەزڵ ورێزلێنان ببەخشە بە موحەمەد ﷺ لە نێو هەموو بوونەوەرەکان.

(وابعثه مقاما محمودا الذي وعدته، واتا: زیندووی بکەرەوە وپلەی ستایشکردنی خۆتی پێببەخشە کە پەیمانت پێداوە لە ڕۆژی قیامەتدا): واتا کاتێک خەڵکی زیندوو دەبنەوە لە نێو گۆڕەکانیان ئەو پلە بەرزەی پێ ببەخشە کە شەفاعەت کردنە و بەهۆیەوە سوپاسی دەکەن، وبە -مقام المحمود- ناودەنرێت چونکە بەهۆی ئەو پلەوپایەوە سوپاس وستایش دەکرێت ومەبەستیش لێرەدا شەفاعەتە مەزنەکەیە بۆ بەرپابوونی لێپرسینەوە لە ڕۆژی قیامەت، کە هەموو بوونەوەرەکان لە یەکەمەوە بۆ کۆتا سوپاسی دەکەن پاش ئەوەی وەستان لە خاکی مەحشەردا زۆر زۆر درێژەی کێشا ونارەحەت بوون، وخەڵکی دەچن بۆ لای ئادەم -علیه السلام- بۆ ئەوەی شەفاعەتیان بۆ بکات بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەیان بەڵام ئەو دەڵێت کە ناتوانێت ئەو داوایە جێبەجێ بکات، ودەچن بۆ لای نوح وئیبراهیم وموسا وعیسا -علیهم الصلاة والسلام- بەهەمان شێوە دەڵێن ناتوانین ئەو داوایە جێبەجێ بکەین.

وپاشان دەچن بۆ لای موحەمەد ﷺ ودەڵێت: (أنا لها) واتە: (من ئەم داوایەتان بۆ جێبەجێ دەکەم)، پاشان سوجدە دەبات لە ژێر عەرشی پەروەردگاردا وئیلهامی حەمد وسوپاسکردنی خودای پێدەبەخشرێت بەشێوەیەک کە بەهیچ کەسێک نەبەخشراوە لە پێش ئەو، وپاشان پێی

دەووترێت: سەرت بەرز بکەرەوە، وداوا بکە داواکەت جێبەجێدەکرێت، بۆیە داوای شەفاعەت دەکات، وئەو نارەحەتیەیان لەسەر لادەچێت بەهۆی شەفاعەتی پێغەمبەرمانەوە ﷺ.
(الذي وعدته، واته: کە پەیمانت پێداوە): واتا خودا پەیمانی داوە بە بەخشینی شەفاعەتە مەزنەکە -الشفاعة العظمى- بە پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی لێپرسینەوە بەرپا ببێت لە نێوان بوونەوەرەکاندا، وخوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَكَ عَسَى أَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَحْمُودًا﴾ [الإسراء: ٧٩]، واتە: ﴿(ئەی (پێغەمبەر ﷺ) ولە بەشێکی شەودا هەستە شەونوێژ بکە بە قورئان خوێندن تێیدا ئەو زیادە نوێژی تایبەت بە تۆیە ئومێدەوار بە بەوەی کە پەروەردگارت بتگەیەنێت بە پلە وجێگایەکی پەسەندکراو -کە شەفاعەتی گەورەیە بۆ خەڵکی لە قیامەتدا-﴾، وشەی -عسى- لێرەدا بە مانای ئەوە دێت ئەگەر ئەو کردەوەیە ئەنجامبدەیت ئەو پلەیە بە تۆ دەبەخشرێت کە پلەی: -الشفاعة العظمى، شەفاعەتە مەزنەکەیە-.
(ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت): واتا شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو کەسە واجب وجێگیر دەبێت وشایەنی دەبێت بەهۆی ئەم نزایەوە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ شەفاعەت بۆ ئەو کەسە دەکات بۆئەوەی بچێتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە وسزا یان پلەی بەرز بێتەوە لە بەهەشتدا یان ڕزگاری ببێت لە دۆزەخ.
(لە ڕۆژی قیامەتدا): ڕۆژی دوایی -قیامەت- بەم ناوە ناونراوە چونکە لە وشەی -قیام- بە مانای هەستان وڕوودان وبەرزبوونەوە دێت وگەلێک ڕووداوی مەزنی تێیدا ڕوودەدات، لەوانەش: زیندووبونەوەی بوونەوەرەکان، وشاهێدی دانەکان لەسەر بەندەکان، و وەستانی بوونەوەرەکان لە خاکی مەحشەردا وزۆر ڕووداوی تر.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ووتنی ئەم نزایە لە پاش تەواوبوون لە وتنەوەی بانگ لەپاش بانگبێژەوە؛ ڕێگەپێدراوە، وئەوەی گوێبیستی بانگ نەبێت ؛ نایخوێنێت.
٢. فەزڵ وپلە وپایەی پێغەمبەر ﷺ چونکە وەسیلەت* وفەزیلەت**وپلەی ستایشکراو وشەفاعەتی مەزنی پێبەخشراوە بۆ ئەوەی حوکم بکرێت لەنێوان

بەندەکاندا. *(وەیسلەت -الوسيلة-: بەرزترین شوێن لە بەهەشتدا)، **(فەزیڵەت -الفضيلة-: گەورەترین پلەی فەزڵ ورێزلێنان)

٣. جەختکردنەوە لەسەر شەفاعەت کردنی پێغەمبەر ﷺ چونکە دەفەرموێت: (حلَّت له شفاعتي يوم القيامة) واتە: (شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا).

٤. شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو کەسانەیە کە تاوانە گەورەکانیان کردووە لە ئومەتەکەی؛ بۆئەوەی نەچنە دۆزەخەوە یان ئەوانەی چوونەتە نێویەوە دەربچن، یان شەفاعەتی بۆ مسوڵمانانی تر بۆ ئەوەیە بچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە، یان بۆئەوەی پلەکانیان بەرز بکرێتەوە لە بەهەشتدا.

٥. تەیبی دەڵێت: -لەکاتی بانگدا- لەسەرەتاوە هەتاوەکو ووتنی: (محمدًا رسول الله) ئەمە بانگکردنێکی گشتی وتەواوە، ووتنی: (حي على الصلاة وحي على الفلاح)؛ ئاماژەیە بۆ نوێژە دامەزراوەکە -نوێژی فەرز- هەروەکو پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ﴾ واتە: ﴿ئەوانەن کە بەڕاستی نوێژەکانیان بەجێ دەهێنن﴾، لەوەیە مەبەست لە نوێژکردن؛ نزا کردن بێت، ولەوەیە مەبەست لە دامەزراو؛ بەردەوامی بێت چونکە ئەگەر کەسێك لەسەر شتێك دابمەزرێت ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانی، بۆیە کاتێك دەفەرموێت: (والصلاة القائمة:نوێژە دامەزراوەکە)؛ ڕوونکردنەوەی بانگەوازیەکی گشتی وتەواوە، ولەوەیە مەبەست لە نوێژ -الصلاة-؛ نوێژێکی تایبەت ودامەزراو بێت کە لەو کاتەدا بانگی بۆ دەکرێت وئەمە نزیکترینە لە ڕاستیەوە.

٦. موهەلەب دەڵێت: فەرموودەکە هاندانی تێدایە بۆ نزاکردن لەکاتی نوێژەکاندا؛ چونکە حاڵەتێکە تێیدا هیوا هەیە بە وەڵامدانەوەی نزاکان.

(١٠٦٣٥)

(١٣٣) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«الدعاء بين الأذان والإقامة لا يرد»**. [صحيح] - [رواه النسائي وابن حبان]

(١٣٣) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«نزا کردن لە نێوان بانگدان وقامەت کردن ڕەت ناکرێتەوە»**. [صەحیحە] - [ئیبنو حیبان ونەسائی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر فەزڵی نزا کردن لە نێوان بانگدان وقامەت کردن، ئەوەی سەرکەوتوو کرا بۆ نزا کردن لەو ماوەیەدا ئەوا خوای گەورە خێری بۆ دەوێت ودەیەوێت نزاکانی وەڵام بداتەوە. وسونەتە (موستەحەبە) نزا کردن لەم ماوەیەدا چونکە کاتێك مرۆڤ چاوەڕوانی نوێژ دەکات ئەوا لە نوێژدایە، ونوێژ کردن شوێنی وەڵامدانەوەی نزاکانە، بۆیە پێویستە مسوڵمان کۆشش بکات بۆ نزا کردن لەم ماوەیەدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی ئەم کاتە بۆ نزا کردن تێیدا.
٢. ئەگەر نزاکار ئەدەب وڕێساکانی نزا کردن جێبەجێ بکات، وهەوڵبدات لە باشترین کات وشوێنەکاندا نزا بکات، ودوور بێت لە سەرپێچی فەرمانەکانی الله، وخۆی بپارێزێت لە تووشبوون بە شتە گوماناوییەکان، وگومانی باشی هەبێت بە الله؛ ئەوا شایستەیە وەڵامی بدرێتەوە بە ئیزنی الله.
٣. موناوی سەبارەت بە وەڵامدانەوەی نزا؛ دەڵێت: پاش جێبەجێکردنی مەرج وپایە وئەدەبەکانی؛ نزا کردن دێتە دی، ئەگەر کەمتەرخەم بوو لە ئەنجامدانی یەکێك لەمانە ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات.
٤. وەڵامدانەوەی نزا: یان ئەوەتا لە ماوەیەکی نزیکدا وەڵامی دەدرێتەوە، یان شەڕ وخراپەیەکی هاوشێوەی لێی دوور دەخرێتەوە، یان بۆی هەڵدەگیرێت بۆ قیامەت؛ ئەمیش بە پێی حیکمەت وڕەحمەتی الله.

(٥٤٧٩)

(١٣٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ أَعْمَى، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّهُ لَيْسَ لِي قَائِدٌ يَقُودُنِي إِلَى الْمَسْجِدِ، فَسَأَلَ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُرَخِّصَ لَهُ فَيُصَلِّيَ فِي بَيْتِهِ، فَرَخَّصَ لَهُ، فَلَمَّا وَلَّى دَعَاهُ، فَقَالَ: **«هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلَاةِ؟»** فَقَالَ: نَعَمْ، قَالَ: **«فَأَجِبْ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٣٤) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێکی نابینا هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من کەسێکم نییە کە دەستم بگرێت بەرەو مزگەوت، پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ڕوخسەت پێدانی بەوەی لەماڵەوە نوێژ بکات، ئەویش ڕوخسەتی پێدا، کاتێک پیاوەکە هەندێک دوور کەوتەوە؛ پێغەمبەر ﷺ بانگی کرد، وفەرمووی: **«ئایا گوێت لە بانگ دەبێت؟»**. ئەویش ووتی: بەڵێ، فەرمووی: **«کەواتە وەڵامی بدەرەوە»**. [صەحیحە]–[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پیاوێکی نابینا هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا کەسێک نییە یارمەتیم بدات ودەستم بگرێت بەرەو مزگەوت لە پێنج نوێژە فەرزەکەدا، دەیویست پێغەمبەر ﷺ ڕوخسەتی پێبدات بۆ وازهێنان لە نوێژی جەماعەت، ئەویش ڕوخسەتی پێدا، کاتێک پیاوەکە دوور کەوتەوە، پێغەمبەر ﷺ بانگیکرد، وفەرمووی: ئایا گوێت لە بانگەکە دەبێت؟ ووتی: بەڵێ، فەرمووی: وەڵامی بانگیێژ بدەرەوە بۆ نوێژی جەماعەت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجب بوونی نوێژی جەماعەت؛ چونکە ڕوخسەت تەنها بۆ کارێکی واجب وەردە گیرێت.
٢. کاتێک فەرمووی: (أجب) واتە: (وەڵام بدەرەوە)، بۆئەوەی دەیبیستێت ؛ نوێژی جەماعەت لەسەری واجبە، چونکە ئەسل بنچینە لە فەرمان بۆ واجب بوونە.

(١١٢٨٧)

(١٣٥) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَنَّ نَهَرًا بِبَابِ أَحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ فِيهِ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسًا، مَا تَقُولُ ذَلِكَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ؟» قَالُوا: لَا يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ شَيْئًا، قَالَ: «فَذَلِكَ مِثْلُ الصَّلَوَاتِ الخَمْسِ، يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الخَطَايَا». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٣٥) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا ﷺ بوو كە دەیفەرموو: «ئەگەر ڕووبارێک له پێش دەرگای یەکێک له ئێوە بێت، وڕۆژانە پێنج جار خۆی تێدا بشوات، ئایا هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی دەمێنێت؟». ووتیان: هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی نامێنێت؟ فەرمووی: «ئەوە نمونەی پێنج نوێژەکەیە ؛ كە بە هۆیانەوە خوای گەورە له تاوانەکان خۆش دەبێت». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پێنج نوێژە فەرزەکەی لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا لەڕوانگەی سڕینەوەیان بۆ گوناهەکان چواندووە بە ڕووبارێك لە پێش دەرگای ماڵی هەرکەسێک، وڕۆژی پێنج جار خۆی تێدا بشوات، بۆیە هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی نامێنێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم فەزڵ وپاداشتە ؛ تایبەتە بە لێخۆشبوون لە گوناهە بچووکەکان، سەبارەت بە تاوانە گەورەکان دەبێت تەوبەیان لێبکرێت.
٢. فەزڵ وپلە وپایەی ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە وبەردەوامبوون لەسەریان ؛ بە فەزڵ وپلە وپایەی ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە وبەردەوامبوون لەسەریان ؛ بە مەرج و پایە و واجب و سونەتەکانیان.

(٤٩٦٨)

(١٣٦) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَيُّ العَمَلِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ؟ قَالَ: **«الصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا»**، قَالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: **«ثُمَّ بِرُّ الوَالِدَيْنِ»** قَالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: **«الجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ»** قَالَ: حَدَّثَنِي بِهِنَّ، وَلَوِ اسْتَزَدْتُهُ لَزَادَنِي. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٣٦) – له عبداللّٰهی كوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كرد: چی كردەوەیەک خۆشەویستترینە لای اللە؟ فەرمووی: **«نوێژ كردن لەكاتی خۆی»**، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: **«چاكەكاری بەرامبەر دایک وباوک»**، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: **«جیهاد وتێكۆشان لە پێناو اللە»**، (ئیبن مەسعود) دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوانەی بۆم باسكرد، ئەگەر پرسیاری زیاترم لێكردایە ئەوا وەڵامی زیاتری دەدامەوە. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێكرا: چی كردەوەیەك خۆشەویسترینە لەلای خوای گەورە؟ فەرمووی: نوێژە فەرزەكان لەكاتەكانی خۆیاندا ؛ كە لەشەریعەتدا دیاریكراون، پاشان چاكەكاری بەرامبەر دایك وباوك، وجێبەجێكردنی مافەكانیان، وخراپەكار نەبوون بەرامبەریان، پاشان جیهاد لەپێناو خوای گەورە بۆ بەرزكردنەوەی وشەی اللە -عز وجل-، وبەرگری كردن لە ئاینی ئیسلام ومسوڵمانان، ودەرخستنی دروشمەكانی، وهەستان بەمە بە نەفس وماڵ.

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەم كردەوانەی فەرموو؛ ئەگەر پێم بوتایە: پاشان چی كردەویەكی تر؟ ئەوا زیاتری باسدەكرد.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. كردەوەكان پلەیان جیاوازە بەپێی خۆشەویستی خوای گەورە بۆیان.
٢. هاندانی مسوڵمان بۆ ئەوەی بەپەرۆش بێت لەسەر ئەنجامدانی چاكترین لەنێو كردەوەكان.

٣. جیاوازی وەڵامەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ سەبارەت بە چاکترین و باشترین کردەوەکان ؛ بەپێی جیاوازی کەسەکان وحاڵیان وچی شتێك بەسوودترینە بۆ هەریەکێکیان.

(٣٣٦٥)

(١٣٧) – عَنْ عُثْمَانَ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«مَا مِنَ امْرِئٍ مُسْلِمٍ تَحْضُرُهُ صَلَاةٌ مَكْتُوبَةٌ فَيُحْسِنُ وُضُوءَهَا وَخُشُوعَهَا وَرُكُوعَهَا، إِلَّا كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا قَبْلَهَا مِنَ الذُّنُوبِ، مَا لَمْ يُؤْتِ كَبِيرَةً، وَذَلِكَ الدَّهْرَ كُلَّهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٣٧) – لە عوسمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«هەر مسوڵمانێک کاتێک ساتی نوێژی فەرز دێت، بە جوانی وڕێکی: دەستنوێژ بگرێت وخشوعی هەبێت وڕکوع ببات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی ئەگەر تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت، وئەمیش بۆ هەموو کاتێکە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە هەر مسوڵمانێك کاتی نوێژی فەرز بێت، و بەکاملی وجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، پاشان خشوعی هەبێت لە نوێژەکەدا، وبە دڵ وئەندامەکانی ملکەچی خوای گەورە بێت وبیر لە مەزنی پەروەردگاری بکاتەوە، وکردەوەکانی ناو نوێژ وەکو ڕکوع وسوجدە وهتد؛ بەجوانی وکاملی ئەنجام بدات، ئەوا ئەم نوێژە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە گوناهە بچووکەکانی پێشووی، بەڵام لێخۆشبوون لە تاوانە گەورەکان ناگرێتەوە، وئەم فەزڵ وپاداشتە لە هەموو نوێژێکدایە و بۆ هەموو کاتێك.

**له سوودەکانی فەرموودەکە:**

١. ئەو نوێژکردنەی دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوان وگوناهەکان ئەوەیە کە بەندە بەجوانی دەستنوێژی بۆی گرتووە، وبە خشوع وئامادەیی دڵ ئەنجامی داوە، وتەنها مەبەست ونیەتی خوای گەورە بووە.
٢. فەزڵ وپاداشتی بەردەوامی لەسەر پەرستنەکان، وهۆکارن بۆ لێخۆشبوون لە گوناهە بچووکەکان.
٣. فەزڵ وپادشتی دەستنوێژگرتن بەشێوەیەکی ڕێك وچاك، هەروەها نوێژ ئەنجامدان بە جوانی وچاکی وخشوع بوون تێیدا.
٤. خۆ بەدوورگرتن لە گوناهە گەورەکان گرنگە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهە بچووکەکان.
٥. گوناهە گەورەکان تەنها بە تەوبەکردنی ڕاستگۆیانە خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت.

(٦٢٥٤)

(١٣٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم كان يقول: **«الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُنَّ إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٣٨) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«پێنج نوێژەکە، و هەینی بۆ هەینی، و ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، هەموویان دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکانی نێوانیان، ئەگەر هاتوو (موسڵمان) خۆی بەدوور گرت لە تاوانە گەورەکان».**
[صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

**شیکردنەوە:**

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێنج نوێژە فەرزەکە لە شەو وڕۆژێکدا، ونوێژی هەینی لە هەموو هەفتەیەک، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان هەموو ساڵێک، ئەم پەرستنانە دەبنە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکانی

نێوانیان بەمەرجی خۆ بەدوورگرتن لە تاوانە گەورەکان، چونکە تاوانە گەورەکان وەکو زینا وخواردنەوەی سەرخۆشکەر ؛ ئەمانە تەنها بە تەوبەکردن خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دابەشبوونی تاوانەکان بۆ سەر تاوانە بچووکەکان وتاوانە گەورەکان.
٢. مەرجە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهە بچووکەکان کە خۆی بە دوور بگرێت لە تاوانە گەورەکان.
٣. تاوانە گەورەکان ئەو تاوانەن کە حەددی -سزای- شەرعی لەسەر کردنیان هەیە لە دونیادا، یان هەڕەشەی لەسەر هاتووە لە قیامەتدا؛ بە سزادان یان توڕەیی یان هەڕەشە یان نەفرەت لە بکەرەکەی کراوە، وەکو زینا وخواردنەوەی سەرخۆشکەر.

(٣٥٩١)

(١٣٩) – عن عمرو بن شُعيب عن أبيه عن جدِّه قال: قال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم: **«مُرُوا أولادكم بالصلاةِ وهم أبناءُ سبع سِنينَ، واضرِبوهم عليها وهم أبناءُ عَشرٍ، وفرِّقوا بينهم في المَضاجِعِ»**. [حسن] - [رواه أبو داود]

(١٣٩) – لە عەمرو کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەمیش لە باپیریەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، ولێیان بدەن لەسەر نوێژنەکردن لە تەمەنی دە ساڵیدا، وجێگاکانیان جیا بکەنەوە»**. [حەسەنە] – [ئەبو داود گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە دەبێت باوك فەرمان بە منداڵەکانی بکات -بە کوڕ وکچ- بە نوێژکردن لەکاتێکدا تەمەنیان حەوت ساڵە، وچۆنیەتی نوێژ ئەنجامدانیان فێر بکات. وئەگەر گەیشتنە دە ساڵی ؛ دەبێت زیاتر فەرمانیان

پێبكات، ولێیان بدات لەسەر كەمتەرخەمی لە نوێژكردندا، وهەروەها دەبێت جێگایانیان لە یەكتر جیا بكاتەوە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. دەبێت بابەتە واجبەكان لە ئیسلامدا فێری منداڵان بكرێت ؛ لەپێش باڵغ بوونیان، ولە گرنگترینیان بریتیە لە نوێژ ئەنجامدان.
٢. لێدان بۆ پەروەردە كردنە، نەك بۆ ئازاردان، بۆیە بەلێدانێك لێی دەدرێت ؛ كە گونجاوە بۆ حاڵەتەكەی.
٣. گرنگیدانی شەریعەت بە پاراستنی كەسایەتی وشەرەف، وداخستنی هەموو دەرگایەك كە ببێتە تووشبوون بە خراپە كاری.

(٥٢٧٢)

(١٤٠) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عنه سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَقُولُ: **«قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ: {الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: حَمِدَنِي عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ}، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ}، قَالَ: مَجَّدَنِي عَبْدِي، -وَقَالَ مَرَّةً: فَوَّضَ إِلَيَّ عَبْدِي-، فَإِذَا قَالَ: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ}، قَالَ: هَذَا بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ: {اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ}، قَالَ: هَذَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٤٠) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ كە دەیفەرموو: **«پەروەردگاری مەزن دەفەرموێت: نوێژم لە نێوان خۆم وبەندەكەم دابەشكردووە بۆ دوو بەش، وئەگەر بەندەكەم داوای هەرشتێكم لێبكات ؛ پێی دەبەخشم، ئەگەر بڵێت: {الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} واتا: {سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان}؛ ئەوا خودا**

**دەفەرموێت: بەندەکەم سوپاس وحەمدم دەکات، وئەگەر بڵێت: {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} واتا: {بەخشندەی میهرەبان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم ستایشی کردم، وئەگەر بڵێت: {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ} واتا: {پادشا وخاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە بە شکۆدانانی منە لە لایەن بەندەکەمەوە -وجارێک فەرمووی: هەموو غەم وشتێک کە پەیری لایەنی بە منی سپارد-، وئەگەر بڵێت: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتا: {تەنها تۆ دەپەرستین وتەنها پشت بە تۆ دەبەستین -تەنها لە تۆ دەپاڕێینەوە-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە لە نێوان من وبەندەکەمە، وئەوەی بەندەکەم داوای بکات ؛ پێی دەبەخشم، ئەگەر بڵێت: {اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّينَ} واتا: {هیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتت هەیە بەسەریانەوە نەک ڕێبازی ئەوانەی خودا لێیان تووڕەیە -نەک ڕێبازی جولەکەکان وهاوڕێبازەکانیان کە زانستیان هەیە بەڵام کردەوەی پێناکەن-، ونە ڕێبازی ئەوانەی گومڕان -نەک ڕێبازی گاوڕەکان وهاوڕێبازەکانیان کە کردەوە دەکەن بە نەزانین وبێ زانست-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە بۆ بەندەکەمە، وئەوەی بەندەکەم داوای دەکات ؛ پێی دەبەخشم».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: سورەتی -الفاتحة-م دابەشکردووە لەنێوان خۆم وبەندەکەم بۆ دوو نیوە، نیوەی بۆ منە، ونیوەی بۆ ئەوە:

نیوەی یەکەم: حەمد وسوپاس وستایشکردنی الله یە، کە لەسەر ئەمە بەچاکترین شێوە پاداشتی دەدەمەوە.

نیوەی دووەم: پاڕانەوە ونزایە، و وەڵامی دەدەمەوە وئەوەی داوای دەکات پێی دەبەخشم.

ئەگەر نوێژخوێن بڵێت: {الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} واتا: {سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم سوپاس وحەمدم دەکات، وئەگەر بڵێت: {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} واتا: {بەخشندەی

میهرەبان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم ستایشی کردم ودانینا بە هەموو نیعمەتەکانم لەسەر خوڵقێنراوەکانم، وئەگەر بڵێت: {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ} واتا: {پادشا وخاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە بە شکۆدانانی منە لە لایەن بەندەکەمەوە، ئەمیش ئەوپەڕی ڕێزداری وشکۆمەندییە.
وئەگەر بڵێت: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتا: {تەنها تۆ دەپەرستین وتەنها پشت بە تۆ دەبەستین -تەنها لە تۆ دەپاڕێینەوە-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە لە نێوان من وبەندەکەمە.
نیوەی یەکەمی ئەم ئایەتە بۆ الله یە، ئەمیش بریتیە لە ووتنی: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ} واتا: {تەنها تۆ دەپەرستین} ؛ ودانپێدانانە بە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- الله، و وەڵامدانەوەیەتی بە پەرستنی، لێرەدا ئەم نیوەی کە بۆ الله یە ؛ کۆتایی دێت.
نیوەی دووەمی ئەم ئایەتە بۆ بەندەیە: {إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتا: {تەنها پشت بە تۆ دەبەستین -تەنها لە تۆ دەپاڕێینەوە-} ؛ داواکردنی یارمەتیە لە الله، وداواکردنی پەیمانی خودا بەوەی یارمەتی بەندە بدات.
ئەگەر بڵێت: {اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّينَ} واتا: {هیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتت هەیە بەسەریانەوە نەک ڕێبازی ئەوانەی خودا لێیان تورەیە -نەک ڕێبازی جولەکەکان وهاوڕێبازەکانیان کە زانستیان هەیە بەڵام کردەوەی پێناکەن-، ونە ڕێبازی ئەوانەی گومڕان -نەک ڕێبازی گاوڕەکان وهاوڕێبازەکانیان کە کردەوە دەکەن بە نەزانین وبێ زانست-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە پاڕانەوە ونزای بەندەکەمە، وئەوەی بەندەکەم داوای دەکات ؛ پێی دەبەخشم، ونزاکەیم وەڵامدایەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی مەزنێتی سورەتی -الفاتحة- چونکە خوای گەورە بە -نوێژ:الصلاة- ناوی هێناوە.
٢. ڕوونکردنەوەی گرنگیدانی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- بە بەندەکەی، چونکە ستایشی کرد بەهۆی ئەوەی بەندە حەمد وستایشی پەروەردگاری کرد و بەشکۆدار وەسفی کرد، وپەیمانی پێیدا ؛ ئەوەی دەیەوێت پێی ببەخشێت.

٣. ئەم سورەتە پیرۆزە ؛ ستایش و بەشکۆدانان و حەمد و سوپاسکردنی خوای گەورەی تێدایە، لەگەڵ باسکردنی ڕۆژی گەڕانەوەیە بۆ لای الله -ڕۆژی قیامەت-، وپاڕانەوەیە لە خوای گەورە ودڵسۆزیە لە پەرستنیدا، وداوای هیدایەتدانی تێدایە بۆ سەر ڕێگای ڕاست -الصراط المستقیم-، وهۆشداری دەدات لە ڕێگاکانی گومڕایی وپوچەڵی.
٤. ئەگەر مرۆڤ ئەم فەرموودەیە بەبیری خۆیدا بهێنێتەوە -کاتێك سورەتی الفاتحة دەخوێنێت- ؛ خشوعی لەنوێژدا زیاد دەکات.

(٦٥٠٩٩)

(١٤١) – عن بريدة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

**«إِنَّ الْعَهْدَ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلَاةُ، فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ».** [صحيح] - [رواه الترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد]

(١٤١) – لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:
**«ئەو پەیمانەی (جیاکارەوەی) لە نێوان ئێمەی (موسڵمان) و ئەوانی (کافردا) هەیە ؛ نوێژ کردنە، جا هەرکەسێک واز لە نوێژکردن بهێنێت؛ ئەوا کافرە».**
[صەحیحە] – [تیرمزی ونەسائی وئیبن ماجە وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەو پەیمانەی -جیاکارەی- لەنێوان مسوڵمانان وئەوانی تر هەیە لە کافر ومونافیقەکان ؛ نوێژکردنە، بۆیە هەرکەسێك واز لە نوێژ ئەنجامدان بهێنێت ؛ کافرە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگی بابەتی نوێژکردن، چونکە جیاوازیکارە لەنێوان ئیماندار وکافر.
٢. حوکمەکانی ئیسلام دادەمەزرێت بە ڕوانین بۆ حاڵی ڕواڵەتی مرۆڤ ؛ بەبێ گوێدان بە ناخی.

(٦٥٠٩٤)

(١٤٢) – عن جابر قال: سمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول: «إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلَاةِ». [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٤٢) – له جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «بێگومان (ئەو سنوورەی وەستاوە) لەنێوان مرۆڤ -و- کوفر وشیرك ؛ وازهێنانە لە نوێژکردن». [صەحیحە]-[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ هۆشداری داوە سەبارەت بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی فەرز، وفەرموویەتی ئەو سنوورەی وەستاوە لەنێوان مرۆڤ -و- کوفر وشیرك؛ بریتیە لە وازهێنان لە نوێژکردن، پایەی دووەمی ئاینی ئیسلام؛ نوێژکردنە.
وبابەتێکی زۆر مەزنە لە ئیسلامدا، هەرکەسێك نکۆڵی لەواجب بوونی نوێژ بکات؛ کافرە بەیەکدەنگی زانایان، وهەرکەسێك بەهۆی تەمەڵیەوە بەتەواوی واز لەنوێژکردن بهێنێت؛ کافرە، ویەکدەنگی هاوەڵان لەسەر ئەم بابەتە باسکراوە، وئەگەر جاروبار نوێژ بکات وجاری تر وازی لێبهێنێت ئەوا خۆی تووشی ئەم هەڕەشە توندە کردووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگی نوێژە فەرزەکان وبەردەوامبوون لە ئەنجامدانیان لە کاتەکانی خۆیاندا، چونکە جیاوازیکارە لە نێوان ئیمان وکوفر.
٢. هۆشداری توند سەبارەت بە وازهێنان لەنوێژکردن وفەوتاندنی.

(٦٥٠٩٣)

(١٤٣) – عن سالم بن أبي الجَعْدِ قال: قال رجل: ليتني صَلَّيتُ فاسترحْتُ، فكأنّهم عابُوا ذلك عليه، فقال: سمعتُ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم يقول: «يا بلالُ، أَقِمِ الصَّلاةَ، أَرِحْنا بها». [صحيح] - [رواه أبو داود]

(١٤٣) – لە سالم کوڕی ئەبی جەعدەوە دەڵێت: پیاوێک ووتی: خۆزگایە نوێژم بکردایە وخەمڕەوێن بوومایە، خەڵکی بەهۆی ئەم قسەیەوە

سەرزەنشیتان کرد، ئەویش ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەی بیلال، هەستە قامەت بکە بۆ نوێژ، خەمرەوێنمان بکە بەهۆیەوە».** [صەحیحە] - [ئەبو وداود گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پیاوێك لە هاوەڵان ووتی: خۆزگایە نوێژم بکردایە وخەمرەوێن بووما یە (ئیسراحەتم ئەکرد)، ئەوانەی لەدەوروپشتی بوون ؛ ڕەخنەیان لێگرت لەسەر ئەم قسەیە، ئەویش ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: ئەی بیلال! بانگ بدە وقامەت بکە؛ بۆئەوەی بەهۆیەوە خەمرەوێن بین. ﷺ ئەمەی فەرموو چونکە نوێژکردن یادی خوای گەورەی تێدایە وپاڕانەوەیە لەپەروەدگار، وهەروەها هێمنی ودڵنیاییە بۆ ڕۆح ودڵ ودەروون.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاسوودەیی وهێوربوونەوەی دڵ بە نوێژکردنە ؛ چونکە پاڕانەوەی تێدایە لە خوای گەورە.

٢. نکۆڵی کردن لەو کەسەی پەرستنی بەلاوە قورسە ودەیەوێت لەکۆڵی خۆی بکاتەوە.

٣. هەرکەسێك واجبی سەرشانی ئەنجام بدات، ولێپرساوێتی ئەستۆی جێبەجێ بکات ؛ ئەمە دەبێتە هۆی هێوری وهەستکردن بەدڵ ئارامی.

(٦٥٠٩٥)

(١٤٤) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِذَا كَبَّرَ فِي الصَّلَاةِ، سَكَتَ هُنَيَّةً قَبْلَ أَنْ يَقْرَأَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي أَرَأَيْتَ سُكُوتَكَ بَيْنَ التَّكْبِيرِ وَالْقِرَاءَةِ، مَا تَقُولُ؟ قَالَ **«أَقُولُ: اللهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الْأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالْبَرَدِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٤٤) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر تەکبیری^ بکردایە بۆ دەستپێکردنی نوێژ هەندێک بێدەنگ دەبوو، پێش ئەوەی قورئان بخوێنێت، بۆیە منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دایک وباوکم بە فیدات بن، لە کاتی بێدەنگ بوونت لە نێوان تەکبیرکردن وخوێندنەوەدا: چی دەڵێیت؟ فەرمووی: دەڵێم: **«اللَّهُمَّ باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب. اللهم نَقِّنِي من خطاياي كما يُنَقَّى الثوب الأبيض من الدَّنَسِ. اللهم اغسلني من خطاياي بالماء والثَّلْجِ وَالْبَرَدِ»، واته: «خوای گەورە دووری بخەرە نێوان من وگوناهەکانم هەروەکو چۆن دووریت خستووەتە نێوان ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا، خوای گەورە لە گوناهەکانم پاکم بکەرەوە هەروەکو چۆن جلی سپی لە چڵک و پیسی پاک دەکرێتەوە، خودایە پاکم بکەرەوە وبم شۆرەوە لە گوناهەکانم بە ئاو وبەفر وتەرزە».** ^(تەکبیرە: مەبەست لێی یەکەم -الله أكبر- ە کە دەووترێت بۆ دەستپێکردن بە نوێژکردن) [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر تەکبیری بکردایە بۆ نوێژکردن ؛ بۆ ماوەیەکی کەم بێدەنگ دەبوو پێش ئەوەی سورەتی -الفاتحة- بخوێنێت، نوێژەکەی دەستپێدەکرد بە خوێندنی هەندێك نزا، لەو نزایانەش کە لە سوننەتدا هاتووە:

«اللَّهُمَّ باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب، اللهم نَقِّنِي من خطاياي كما يُنَقَّى الثوب الأبيض من الدَّنَسِ، اللهم اغسلني من خطاياي بالماء

والثَّلْجِ وَالْبَرَدِ»، واته: «خوای گەورە دووری بخەرە نێوان من وگوناهەکانم هەروەکو چۆن دووریت خستووەتە نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، خوای گەورە لە گوناهەکانم پاکم بکەرەوە هەروەکو چۆن جلی سپی لە چڵک وپیسی پاک دەکرێتەوە، خودایە پاکم بکەرەوە وبم شۆرەوە لە گوناهەکانم بە ئاو وبەفر وتەرزە»، داوا لە خوای گەورە دەکات -عز وجل- بەوەی دووری بخاتە نێوان ئەو وگوناهەکان؛ بۆئەوەی تووشیان نەبێت، دوورخستنەوەیەك کە هیچ بەیەکگەیشتنێکی تێدا نەبێت، هەروەکو چۆن ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا هەرگیز بە یەك ناگەن، وئەگەر تووشی گوناهەکان بوو؛ پاکی بکاتەوە لێیان ولاییبات لەسەری هەروەکو چۆن پیسی لادەبرێت لەسەر پۆشاکی سپی، وبیشوات لە گوناهەکانی وگڕ وتینی لەسەر سارد بکاتەوە بەم پاککەرەوە ساردانە: ئاو وبەفر وتەرزە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خوێندنی نزای ئیستیفتاح بە بێدەنگی ؛ ئەگەرچیش نوێژەکە بە دەنگی ئاشکرا قورئانی تێدا بخوێندرێت.

٢. بەپەرۆشی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بۆ زانینی حاڵی پێغەمبەر ﷺ لەکاتی جوڵە وبێدەنگ بوونیدا ؛ بۆئەوەی بیزانن و وەکو ئەو کردەوە بکەن.

٣. شێوازی تر هاتووە بۆ ووتنی نزای ئیستیفتاح، باشتر وایە مرۆڤ ئەو نزا ئیستیفتاحانە بخوێنێت کە لە پێغەمبەرەوە بە سەحیحی هاتووە ﷺ، وهەرجارەی یەکێکیان بخوێنێت.

(٣١٠٤)

(١٤٥) – عَن ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَرْفَعُ يَدَيْهِ حَذْوَ مَنْكِبَيْهِ إِذَا افْتَتَحَ الصَّلَاةَ، وَإِذَا كَبَّرَ لِلرُّكُوعِ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ، رَفَعَهُمَا كَذَلِكَ أَيْضًا، وَقَالَ: **«سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ»**، وَكَانَ لاَ يَفْعَلُ ذَلِكَ فِي السُّجُودِ. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٤٥) – له ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا ﷺ هەردوو دەستەکانی هەتاوەکو ئاستی شانەکانی بەرزدەکردەوە: ئەگەر نوێژی دابەستایە (دەستی بە نوێژ بکردایە -تەکبیرەی ئیحرامی^ بکردایە-)، وئەگەر تەکبیرەی بکردایە بۆ ڕکوع بردن، وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە ؛ بە هەمان شێوە دەستەکانی بەرز دەکردەوە، ودەیفەرموو: **«(سَمِعَ الله لمن حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ)^^»**، ولە کاتی سوجدە بردندا ئەمەی نەدەکرد». ^(تەکبیرەی ئیحرام: یەکەم -الله أکبر-ە کە دەووترێت بۆ دەستپێکردن بە نوێژ)، ^^(خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە حەمد وسوپاسی دەکەن، ئەی خودایە حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆیە)
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەکاتی نوێژدا دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتاوەکو ئاستی شانەکانی ؛ لە سێ شوێندا:
شوێنی یەکەم: ئەگەر دەستی بە نوێژ بکردایە لەکاتی ووتنی تەکبیرەی ئیحرامدا.
شوێنی دووەم: ئەگەر تەکبیری بکردایە بۆ ڕکوع بردن.
شوێنی سێیەم: ئەگەر سەری بەرز بکردایەتەوە لە ڕکوع بردن وبیوتایە: (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد).
دەستەکانی بەرز نەدەکردەوە ؛ نە لەسەرەتای سوجدە بردن ونە لەکاتی بەرزبوونەوە لە سوجدە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. له حیکمەتەکانی بەرزکردنەوەی دەستەکان لەکاتی نوێژدا : ڕازاندنەوەی نوێژه و بەمەزندانانی الله يه -سبحانه وتعالى-.

٢. له گێڕانەوەی تر هاتووه وەکو له (ئەبی حومەیدی ساعیدیەوه) لەلای (ئەبی داود وئەوانی تر) ؛ کە پێغەمبەر ﷺ دەستەکانی بەرز کردۆتەوه له شوێنی چوارەم، ئەمیش لەکاتی هەستانه له تەحیاتی -تەشەهودی- یەکەم له نوێژه سێ یان چوار ڕکاتیەکاندا.

٣. له گێڕانەوەی تر هاتووه کە پێغەمبەر ﷺ دەستەکانی بەرز کردۆتەوه هەتاوەکو ئاستی گوێیەکانی بەبێ دەستدان لێیان؛ وەکو له گێڕانەوەی (مالیك کوڕی حوەیریس) له هەردوو سەحیحدا: «أن رسول الله صلى الله عليه وسلم كان إذا كبر رفع يديه حتى يحاذي بهما أذنيه» واته: «پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر تەکبیری بکردایە دەستی هەتاوەکو ئاستی گوێیەکانی بەرز دەکردەوه».

٤. ووتنی: (سَمِعَ الله لمن حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ) ؛ تایبەته بە ئیمام وئەو کەسەی بە تەنها نوێژ دەکات، بەڵام ئەوانەی لەپشتی ئیمامەوه نوێژ دەکەن تەنها دەڵێن: (رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ).

٥. ووتنی: (رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ) ؛ لەپاش ڕکوع بردن بە سەحیحی هاتووه له پێغەمبەرەوه ﷺ وچوار شێوازی هەیه، ئەمە دانەیەکیانە، وباشتر وایە مرۆڤ هەرجارەی شێوازێکیان بڵێت.

(٣٠٩٥)

(١٤٦) – عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٤٦) – له عوبادەی کوڕی سامتەوه -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک له نوێژدا (له هەموو ڕکاتێکدا) سورەتی -الفاتحة- نەخوێنێت؛ ئەوا نوێژەکەی دروست نییە (قبوڵ ناکرێت)».**

[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە نوێژکردن دروست نییە مەگەر بە خوێندنی سورەتی -الفاتحة- نەبێت لە هەموو ڕکاتەکاندا، ئەمە پایەیەکە لە پایەکانی نوێژ ودەبێت لە هەموو ڕکاتێکدا بخوێندرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خوێندنی هەر سورەتێک یان زیکرێکی تر شوێنی سورەتی -الفاتحة- ناگرێتەوە ؛ ئەگەر بتوانێت سورەتی -الفاتحة- بخوێنێت.
٢. پوچەڵی ونادروستی ئەو ڕکاتەی کە سورەتی -الفاتحة-ی تێدا نەخوێندراوە، ئەگەر بە ئەنقەست یان بە نەزانین یان لە بیری بچێت، چونکە خوێندنی پایەیەکە لە پایەکانی نوێژ، وفەرزێتی پایە هەرگیز لاناچێت.
٣. خوێندنی سورەتی -الفاتحة- لەسەر نوێژخوێنی پشتی ئیمام لادەچێت؛ ئەگەر نوێژخوێنەکە گەیشتە نوێژی بەکۆمەڵ وئیمامەکە لەکاتی ڕکوع بردن بوو.

(٥٣٧٨)

(١٤٧) – عن أبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: «**أنَّ النبي صلى الله عليه وسلم دخل المسجد، فدخل رجل فصلَّى، ثم جاء فسلَّم على النبي صلى الله عليه وسلم فقال: ارجع فصلِّ، فإنك لم تُصَلِّ، فرجع فصلَّى كما صلَّى، ثم جاء فسلَّم على النبي -صلى الله عليه وسلَّم- فقال: ارجع فصلِّ، فإنك لم تُصَلِّ -ثلاثا- فقال: والذي بعثك بالحق لا أُحْسِنُ غيره، فَعَلِّمْنِي، فقال: إذا قُمْتَ إلى الصلاة فَكَبِّرْ، ثم اقرأ ما تيسر من القرآن، ثم اركع حتى تَطْمَئِنَّ راكعا، ثم ارفع حتى تعتدل قائما، ثم اسجد حتى تَطْمَئِنَّ ساجدا، ثم ارفع حتى تطمئن جالسا، وافعل ذلك في صلاتك كلها**». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٤٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «**پێغەمبەر ﷺ هاتە نێو مزگەوتەوە، ولە پاشان پیاوێک هاتە نێو مزگەوتەوە ونوێژی کرد، وپاشان هات وسەلامی لە پێغەمبەر ﷺ کرد، پێی فەرموو: «بگەڕێوە**

**نوێژەکە ئەنجام بدەرەوە (دووبارەی بکەرەوە)، چونکە تۆ نوێژت ئەنجام نەدا»، پیاوەکە چوو ونوێژی کرد وەکو جاری پێشوو، ودیسانەوە هاتەوە وسەڵامی کرد وپێغەمبەر ﷺ جارێکی تر پێی فەرموو: «بگەڕێوە نوێژەکە ئەنجام بدەرەوە (دووبارەی بکەرەوە)، چونکە تۆ نوێژت ئەنجام نەدا»، کاتێک پیاوەکە سێ جار ئەمەی ئەنجامدا، ووتی: سوێند بە ئەوەی کە تۆی بە هەق ناردووە، ناتوانم لەوە باشتر ئەنجام بدەم، فێرم بکە، ئەویش ﷺ فەرمووی: «ئەگەر هەستایت بۆ نوێژکردن تەکبیر بکە (بڵێ: الله أكبر)، وپاشان ئەوەندەی بۆت دەگونجێت قورئان بخوێنە، پاشان بڕۆ بەرەو ڕکوع بردن هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت (لەم حاڵەتەدا)، پاشان هەستەرەوە هەتاوەکو بە ڕێکی دەوەستیت، پاشان بەرەو سوجدە بردن بڕۆ هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت (لەم حاڵەتەدا)، وپاشان هەستەرەوە هەتاوەکو دادەنیشیت بە دڵنیایی وهێوریەوە، وهەموو نوێژەکە بەم شێوەیە ئەنجام بدە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

کاتێک پێغەمبەری خودا ﷺ لە مزگەوتدا دانیشتبوو پیاوێک لە هاوەڵان بە ناوی (خەلادی کوڕی ڕافیع) هاتە نێو مزگەوتەوە ونوێژێکی کورتی کرد کە ناکامڵی تێدابوو لە وتە وکردەوەکاندا، وکاتێک تەواو بوو؛ هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وسەلامی لێیکرد وئەویش وەڵامی دایەوە وپێی فەرموو:
بگەڕێوە نوێژەکەت دووبارە بکەرەوە، چونکە تۆ نوێژت نەکرد، وئەویش دیسانەوە چوو وجارێکی تر نوێژی کرد بەهەمان شێوەی نوێژی یەکەم، وسێ جار ئەمە ڕوویدا، ولە کۆتا جاردا پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەو خودایەی کە بە هەق تۆی ناردووە لەمە باشتر نازانم؛ بۆیە فێرم بکە.
کاتێک حەزی کرد وئامادە بوو فێربوونی زانستی شەرعی ببێت؛ ئەگەری ئەوە نەما کە لەوەیە لەبیری چوو بێت، وپاشان پێغەمبەر پێی فەرموو (کە ئەم مانایە دەگەیەنێت):
ئەگەر هەستایت بۆ ئەنجامدانی نوێژ ئەوا تەکبیری ئیحرام بکە (بڵێ: الله أكبر).
وپاشان ئەوەندەی بۆت دەگونجێت قورئان بخوێنە کە کەمترینیان خوێندنی سورەتی -الفاتحة-یە کە واجبە بخوێندرێت، ولە پاشان سورەتی -الفاتحة-

هەرچی ئایەتێک یان سورەتێک بخوێنێت لە قورئان بە پێی ئەوەندەی دەگونجێت دروستە، وپاشان بڕۆ بەرەو ڕکوع بردن هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت لە ڕکوع بردندا، وپاشان هەستەرەوە لە ڕکوع بردن هەتاوەکو بە ڕێکی دەوەستیت وهێور ودڵنیا دەبیت لە ڕکوعەکەدا، وپاشان بەرەو سوجدە بردن بڕۆ هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت لە سوجدەدا وپاشان سەرت بەرز بکەرەوە ودابنیشە بە لەسەرخۆیی ودڵنیاییەوە، ئەم وتانە بڵێ وکردەوەکانیش ئەنجام بدە لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژەکەدا.

(٣١٨٥)

(١٤٨) – عن أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: **«أنه كَانَ يُكَبِّرُ فِي كُلِّ صَلَاةٍ مِنَ الْمَكْتُوبَةِ وَغَيْرِهَا، فِي رَمَضَانَ وَغَيْرِهِ، فَيُكَبِّرُ حِينَ يَقُومُ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْكَعُ، ثُمَّ يَقُولُ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، ثُمَّ يَقُولُ: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ، قَبْلَ أَنْ يَسْجُدَ، ثُمَّ يَقُولُ: اللهُ أَكْبَرُ حِينَ يَهْوِي سَاجِدًا، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ مِنَ السُّجُودِ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَسْجُدُ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ مِنَ السُّجُودِ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَقُومُ مِنَ الْجُلُوسِ فِي الِاثْنَتَيْنِ، وَيَفْعَلُ ذَلِكَ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ، حَتَّى يَفْرُغَ مِنَ الصَّلَاةِ، ثُمَّ يَقُولُ حِينَ يَنْصَرِفُ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنِّي لَأَقْرَبُكُمْ شَبَهًا بِصَلَاةِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِنْ كَانَتْ هَذِهِ لَصَلَاتَهُ حَتَّى فَارَقَ الدُّنْيَا».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٤٨) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە : **«لە هەموو نوێژێکدا تەکبیری دەووت (تەکبیر واتە: ووتنی -الله أکبر-)، جا فەرز بێت یان فەرز نەبێت، کاتێک دەوەستا تەکبیری دەووت، وکاتێک ڕکوعی ببردایە تەکبیری دەووت، پاشان دەیووت: (سمع الله لمن حمده) واتە: (خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- کە حەمد وستایشی دەکات)، پاشان دەیووت: (ربنا ولك الحمد) واتە: (پەروەردگارمان، حەمد وستایش تەنها بۆ تۆ بێت)، پێش ئەوەی سوجدە ببات، پاشان کاتێک بەرەو سوجدە بردن دەچوو دەیووت: (الله أکبر)، پاشان تەکبیری دەووت کاتێک سەری**

**بەرز دەکردەوە لە سوجدە بردن، دواتر تەکبیری دەووت کاتێک سوجدەی دەبرد، پاشان تەکبیری دەووت کاتێک سەری دیسانەوە لە سوجدە بردن بەرز دەکردەوە، پاشان تەکبیری دەووت کاتێک هەڵدەستایەوە لە پاش دانیشتن بۆ خوێندنی تەحیات -تەشەهود-، ولە هەموو ڕکاتێکدا ئەمانەی ئەنجامدەدا هەتا نوێژەکەی تەواو دەکرد، پاشان لە دوای تەواوبوونی نوێژەکە -ئەبو هورەیرە- ووتی: «سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بەدەستە، لەنێوتان من نزیکترینم -لە شێوازی- ئەنجامدانی نوێژی پێغەمبەری خودا ﷺ ؛ ئەمە چۆنیەتی نوێژکردنی بوو هەتا دونیای بەجێهێشت».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئەبو هورەیرە بەشێك لە شێوازی نوێژكردنی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە ﷺ، ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەموو نوێژێكدا بوەستایە بەمەبەستی نوێژ ئەنجامدان تەكبیری ئیحرامی دەووت (تەكبیری ئیحرام واتە: ووتنی یەكەم - الله أكبر- كە نوێژی پێ دادەبەستێت)، لەم كاتانەدا تەكبیری دەكرد -دەیووت: الله أكبر- : كاتێک بەرەو ڕکوع بردن دەچوو، و لەكاتی چوون بۆ سوجدە بردن، وكاتێک سەری بەرز دەكردەوە لە سوجدە بردن، وكاتێك دەچوو بۆ سوجدەی دووەم، و لەكاتی سەربەرزكردنەوە لە سوجدەی دووەم وهەستان بۆ ڕكاتی دواتر، و لەساتی هەستان لە خوێندنی تەشەهود -تەحیات- (لەو نوێژانەی سێ یان چوار ڕكاتن).
بەڵام لەكاتی سەر بەزركردنەوە لە ڕكوع بردن دەیووت: (سمع الله لمن حمده) واتە: (خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- كە حەمد وستایشی دەكات)، پاشان هەر بەوەستانەوە دەیووت: (ربنا ولك الحمد) واتە: (پەروەردگارمان، حەمد وستایش تەنها بۆ تۆ بێت)، هەموو ڕكاتەكانی نوێژەكەی بەم شێوەیە ئەنجامدەدا ؛ هەتاوەكو سەلامی دەدایەوە.
كاتێك ئەبو هوڕەیرە نوێژەكەی تەواو كرد، ووتی: سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، شێوازی نوێژكردنی من نزیكترینە لە شێوازی نوێژكردنی پێغەمبەر ﷺ ، ئەمە چۆنیەتی نوێژكردنی بوو هەتاوەكو دونیای بەجێهێشت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. جەختکردنەوە لەسەر تەکبیر کردن -ووتنی: الله أكبر- لەکاتی هەموو بەرزبوونەوە ونزمبوونەوەیەک جگە لە بەرزبوونەوە نەبێت لە ڕکوع بردن چونکە لێرەدا دەڵێت: (سمع الله لمن حمده).
٢. بەپەرۆشی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەسەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ سەرمەشقیان بێت ؛ و لەسەر پاراستن و لەبەرکردنی سوننەتەکەی.

(٦٥٠٩٨)

(١٤٩) – عن ابنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما عن النبيِّ صلى الله عليه وسلم قال: **«أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ: عَلَى الْجَبْهَةِ وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ، وَالْيَدَيْنِ، وَالرُّكْبَتَيْنِ، وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ، وَلَا نَكْفِتَ الثِّيَابَ وَالشَّعَرَ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٤٩) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«فەرمانم پێکراوە کە لە سەر حەوت ئێسک سوجدە بەرم: لەسەر نێوچەوان وبەدەستی ئاماژەی بۆ لووتی کرد (واتا نێوچاوان ولووت یەکەم ئەندامە)، وهەردوو دەستەکان، وهەردوو ئەژنۆکان، وسەرە پەنجەکانی پێیەکان، وجلەکان وقژم کۆ نەکەمەوە (لەکاتی نوێژکردندا)».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لەسەر حەوت ئەندامی لاشە سوجدە ببات؛ ئەوانیش بریتین لە:
ئەندامی یەکەم: نێوچەوان؛ کە ئەمیش بەشی سەرەوەی ڕووە لەسەرووی لووت وچاوەکان، وپێغەمبەر ﷺ بەدەستی ئاماژەی بۆ لووتی کرد، وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەوەی نێوچەوان ولووت بەیەك ئەندام هەژمار دەکرێن لە حەوت ئەندامەکە، وبۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی دەبێت سوجدەبەر لووتی بدات لەسەر زەوی.
ئەندامی دووەم وسێیەم: هەردوو دەستەکان.

ئەندامی چوارەم وپێنجەم: ئەژنۆکان.
ئەندامی شەشەم وحەوتەم: پەنجەکانی پێیەکان.
وفەرمانی پێمان کردووە بەوەی قژ نەبەستینەوە، وجلەکانمان کۆ نەکەینەوە بەسەر یەکتر لەکاتی سوجدە بردن ؛ بەمەبەستی پاراستنی، بەڵکو وەکو خۆی وازی لێدەهێنن بۆ ئەوەی بکەونە سەر زەوی، و لەگەڵ ئەندامەکانی تر سوجدە ببەن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبێتی سوجدە بردن لەسەر حەوت ئەندام لە نوێژدا.
٢. کۆکردنەوە وبەستنەوەی جل وقژ لەکاتی نوێژدا ؛ مەکروهە.
٣. واجبە نوێژخوێن دڵنیا وئارام بێت لەنوێژەکەیدا، ئەمیش بەوەی هەر حەوت ئەندامەکە لەسەر زەوی دابنێت، وهێمن بێت هەتاوەکو زیکری ئەو پایە دەڵێت.
٤. نەهی کردن لە کۆکردنەوە وبەستنەوەی قژ لەنوێژدا ؛ تایبەتە بە پیاوان، چونکە ئافرەت لەکاتی نوێژدا ؛ فەرمانپێکراوە خۆی دابپۆشێت.

(١٠٩٢٥)

(١٥٠) – عن أبي أمامة رضي الله عنه مرفوعاً: قيل لرسول الله صلى الله عليه وسلم : أيُّ الدعاء أسمع؟ قال: **«جَوْفَ الليل الآخِرِ، ودُبُر الصلوات المكتوبات»**. [حسن] - [رواه الترمذي]

(١٥٠) – لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بە پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- ووترا: چ نزایەک هیوا ورەجا وایە کە وەڵام بدرێتەوە؟ ئەویش -صلی اللە علیه وسلم- فەرمووی: **«نزاکردن لە ناوەڕاستی کۆتایی شەو، ولە پاش نوێژە فەرزەکان»**. [حەسەنە] – [تیرمذی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- پرسیاری لێکرا: کام نزا نزیکترە لەوەی وەڵام بدرێتەوە، فەرمووی: نزای کۆتایی شەو، ونزاکانی پاش نوێژە فەرزەکان (دوای سەڵاواتدانی ئیبراهیمی وپێش سەلامدانەوە) هەرچەندە ناکۆکی هەیە سەبارەت بەمەیان، بەڵام ڕای پەسەند ئەمەیە چونکە پاش سەلامدانەوە

زیكر كردن هەیە وپێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- لە نێوان تەشەهود -تەحیات- وسەلامدانەوە نزای كردووە.
وبەردەوام بوون لە سەر نزا كردن لە پاش نوێژە فەرزەكان سونەت نیە بەڵكو بیدعەیە وداهێنراوە لە ئاین، چونكە بەردەوام بوون لە سەریان دەیكات بە بەشێک لە سونەت وەكو زیكرەكانی پاش نوێژ ونوێژە راتیبەكان وئەمیش هیچ بەڵگەی لە سەر نیە، بەڵام نزا كردن هەندێک جار ئاساییە، ئەگەرچیش وازهێنان لێی باشترە، چونكە خوای گەورە لە پاش نوێژ تەنها زیكر كردنی لە شەریعەتدا داناوە كە دەفەرموێت: {فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلاةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ}[النساء: ١٠٣]، واتە: {ئەمجا كاتێک نوێژەكانتان بەجێهێنا ئەوسا یادی خودا بكەن}، وپێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- رێنموێنی نەكردووە بە نزا كردن لە پاش نوێژەكان، بەڵكو رێنموێنی كردووە بە نزا كردن پاش خوێنی تەشەهود -تەحیات- وپێش سەلامدانەوە لە نوێژ، وئەمە لە بەڵگەكاندا هاتووە وشیاوترە چونكە نوێژخوێن نزا دەكات لە كاتی نوێژدا كە هەمووی پاڕانەوەیە پێش دەرچوونی لە نوێژ.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. ئامۆژگاری وهاندانی مسوڵمان بۆ یاد كردنی خوا گەورە لە كۆتایی شەودا.
٢. فەزڵی كاتەكان جیاوازە بۆ زیكر ونزا ونوێژ كردن.

(٣٢٣٦)

(١٥١) – عن جَرِيْر بِنِ عبدِ الله رضي الله عنه قال: كُنَّا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَنَظَرَ إِلَى الْقَمَرِ لَيْلَةً -يَعْنِي الْبَدْرَ- فَقَالَ: «**إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا الْقَمَرَ، لَا تُضَامُونَ فِي رُؤْيَتِهِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ لَا تُغْلَبُوا عَلَى صَلَاةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا فَافْعَلُوا**» ثُمَّ قَرَأَ: «**{وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ}**» [صحيح] - [متفق عليه]

(١٥١) – لە جەریری كوڕی عبداللهوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەلای پێغەمبەر ﷺ بووین وسەیری مانگی كرد لە شەوی چواردەدا (شەوی بەدردا)، وفەرمووی: «**ئێوە پەروەردگارتان دەبینن هەروەكو چۆن ئەم مانگە دەبینن،**

**بۆ بینینی تووشی هیچ نارەحەتیەک نابن، هەتا دەتوانن هیچ شتێک نەبێتە ڕێگر لەئەنجامدانی نوێژ لە پێش دەرچوونی خۆر (نوێژی بەیانی) ولە پێش ئاوابوونی خۆر (نوێژی عەسر)؛ ئەوا ئەنجامیان بدەن».** پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: **«{وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ} واتە: {و بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە پێش هەڵهاتنی خۆر وپێش ئاوا بوونیشی}».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بوون لەشەوێکی مانگی چواردەدا ؛ ﷺ سەیری مانگەکەی کرد، وفەرمووی: ئیمانداران بەڕوونی وئاسانی وئاسوودەیی پەروەردگاریان دەبینن بە چاوەکانیان، وبۆ بینینی الله -سبحانه وتعالى- تووشی هیچ نارەحەتی وپاڵەپەستۆ وماندووبوونێک نابن.

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەتا دەتوانن ئەو ڕێگرانە مەهێڵن کە دەبنە هۆی بەربەست لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر، ئەو نوێژانە ئەنجام بدەن بەرێك وپێکی وتەواوی لەگەڵ کۆمەڵدا، چونکە ئەمە هۆکارە بۆ بینینی خوای گەورە -عز وجل-. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ} واتە: {و بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە پێش هەڵهاتنی خۆر وپێش ئاوا بوونیشی}.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. موژدەیە بۆ ئیمانداران کە ئەوان خوای گەورەی بەرز وپیرۆز دەبینن لە بەهەشتدا.

٢. لە شێوازەکانی بانگەوازی کردن: دووپاتکردنەوە وهاندان وهێنانەوەی نمونەکان.

(٥٦٥٧)

**(١٥٢) – عن أبي هريرة رضي الله عنه : أن النبي صلى الله عليه وسلم قرأ في ركعتي الفجر: ﴿قل يا أيها الكافرون﴾ و﴿قل هو الله أحد﴾.** [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٥٢) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ له دوو ڕكاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانیدا: ﴿قل يا أيها الكافرون -سورەتی الكافرون-﴾ و﴿قل هو الله أحد -سورەتی الإخلاص-﴾ی دەخوێند».**
[صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

ئەم فەرموودەیە سونەت وڕێبازی پێغەمبەر ﷺ ڕووندەكاتەوە سەبارەت بە خوێندنی سورەتەكانی پاش -سورەتی الفاتحة- لە دوو ڕكاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی، بە شێوەیەک كە لە پاش خوێندنی -سورەتی الفاتحة- لە ڕكاتی یەكەمدا -سورەتی الكافرون- دەخوێندرێت، لە پاش خوێندنی -سورەتی الفاتحة- لە ڕكاتی دووەمدا -سورەتی الإخلاص- دەخوێندرێت.
وله گێڕانەوەكەدا باسی -سورەتی الفاتحة- نەكراوە لە هەردوو ڕكاتەدا چونكە ئاشكرایە وهەمووی دەیزانێت كە دەبێت بخوێندرێت، وله زۆر فەرموودەدا هاتووە كە سورەتەكانی تر باسكراوە بە بێ باسكردنی -سورەتی الفاتحة-؛ چونكە ئاشكرایە وناسراوە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر واجب بوونی خوێندنی -سورەتی الفاتحة- لە هەموو ڕكاتێكی نوێژدا ورِوونكردنەوەی زیاتر دراوە لەسەر ئەم بابەتە لە فەرموودەكانی تردا. (قرأ في ركعتي الفجر) واتە: (لە دوو ڕكاتی نوێژی بەیانیدا ئەم سورەتانەی دەخوێند) ومەبەست لێرەدا دوو ڕكاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانیە نەک دوو ڕكاتە فەرزەكە، وئەم دوو ڕكاتە سونەتە بە ناوی (ركعتي الفجر) ناسراوە.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. سوننەتە ئەم دوو سورەتە بخوێندرێت لە پاش سورەتی -الفاتحة-؛ لە دوو ڕكاتی سوننەتی پێش نوێژی بەیانی.
٢. ئەم دوو سورەتە پێیان دەووترێت دوو سورەتی -الإخلاص-؛ چونكە سورەتی -الكافرون- خۆدابڕان وبەرائەتی تێدایە لە هەموو شتێك كە موشریكەكان دەیپەرستن

جگە لە خوای گەورە، وئەوان بەندەی الله نین چونکە شیرك وهاوبەش بڕیاردانیان دەبێتە هۆی پوچەڵبوونەوەی کردەوەکانیان، والله -سبحانه وتعالى- تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، هەروەها سورەتی -الإخلاص- وەکو ڕوونە تەوحیدی -بەتاکدانانی- الله ودڵسۆزبوون بۆ ئەوی تێدا باسکراوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی سیفەتەکانی.

(١١٢٥٦)

(١٥٣) – عن أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: **«مَنْ صَلَّى الْبَرْدَيْنِ دَخَلَ الْجَنَّةَ»** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٥٣) – لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئەوەی پارێزگاری لە ئەنجامدانی (نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر -بەردەین:البردين-) بکات؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هانیداوە ورێنموێنی کردووە بۆ بەپەرۆشبوون لەسەر ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر (کە پێیان دەووترێت: (-بەردەین:فێنکەکان-)، ئەوەی ئەنجامیان دەدات ومافەکانیان جێبەجێ دەکات ؛ لە ئەنجامدانیان لەکاتەکانی خۆیاندا و بەکۆمەڵ وهتد، موژدەی پێدراوە بەوەی هۆکار دەبن بۆ چوونە بەهەشتی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلە وپایەی بەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانی نوێژی بەیانی وعەسر ؛ چونکە نوێژی بەیانی لەکاتی لوتکەی چێژوەرگرتنە لە خەوتن، ونوێژی عەسر لەکاتی سەرقاڵبوونی مرۆڤە بە کاروباری، بۆیە هەرکەسێك بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی ئەم نوێژانە ؛ ئەوا لەپێشترە کە نوێژەکانی تریش ئەنجام بدات.
٢. نوێژی بەیانی وعەسر بە (البردين:فێنکەکان) ناوبراون؛ چونکە نوێژی بەیانی فێنکی وساردی شەوی لەگەڵدایە، ونوێژی عەسر فێنکی وساردی ڕۆژی لەگەڵدایە ئەگەرچیش لەکاتی گەرمادا بێت بەڵام گەرمیەکەی کەمترە لەکاتەکانی پێشتری،

یان ئەوەتا بە زۆرینە و بەهۆی نوێژی بەیانی ؛ نوێژی عەسریش وای پێدەووترێت، هەروەکو دەووترێت: (القمرين:مانگەکان) لە زمانی عەرەبیدا بە خۆر ومانگ.

(٤١٩٨)

(١٥٤) – عن جُندب بن عبد الله القَسْرِي رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ صَلَّى صَلَاةَ الصُّبْحِ فَهُوَ فِي ذِمَّةِ اللهِ، فَلَا يَطْلُبَنَّكُمُ اللهُ مِنْ ذِمَّتِهِ بِشَيْءٍ، فَإِنَّهُ مَنْ يَطْلُبْهُ مِنْ ذِمَّتِهِ بِشَيْءٍ يُدْرِكْهُ، ثُمَّ يَكُبَّهُ عَلَى وَجْهِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٥٤) – لە جوندوبی کوڕی عبداللّٰهی قەسریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک نوێژی بەیانی بکات؛ ئەوا لە ژێر -پەیمان و- پاراستنی خودایە، بترسن وهۆشداربن لەوەی خوای گەورە بانگتان نەکات لەسەر شکاندنی شتێک لە پەیمانەکانی، هەرکەسێک خوای گەورە بانگی بکات بۆ لێپرسینەوە لەسەر پەیمانەکانی ؛ پێی دەگات وسزای دەدات، پاشان لەسەر ڕووی فڕێی دەداتە ئاگری دۆزەخەوە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک نوێژی بەیانی ئەنجامبدات ئەوا لەژێر پاراستنی خودایە، وبەرگری لێدەکات وسەریدەخات.
پاشان ﷺ هۆشداری دا سەبارەت بە هەڵوەشاندنە وپوچەڵکردنەوەی پەیمانی اللّٰه، ئەمیش بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، یان ئازاردانی ئەو نوێژخوێنەی نوێژی بەیانی کردووە، هەرکەسێک وابکات هەوڵیداوە ئەم پەیمانە هەڵبوەشێنێتەوە، وشایستەی هەڕەشەی توندە بەوەی خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات لەسەر پشتگوێخستنی مافەکانی، وئەوەی لەسەر ئەم بابەتە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت ؛ تووشی سزا دەبێت، بۆیە سەرەنجام لەسەر ڕووی فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخ.

## له سوودەکانی فەرمووده‌كه:

١. ڕوونکردنەوەی گرنگی نوێژی بەیانی وفەزڵ وپاداشتی ئەم نوێژە.
٢. ئاگادارکردنەوەیەکی توند بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئازار بگەیەنن یان زیان بدەن لە کەسێک کە نوێژی بەیانی کردووە.
٣. تۆڵەسەندنەوەی خوای گەورە لە ئەوانەی دەیانەوێت زیان بگەیەنن بە بەندە چاکەکانی.

(٥٤٣٥)

(١٥٥) – عن بريدة بن الحصيب رضي الله عنه أنه قال: بَكِّرُوا بِصَلَاةِ الْعَصْرِ، فَإِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«مَنْ تَرَكَ صَلَاةَ الْعَصْرِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٥٥) – لە بورەیدەی کوڕی حوصەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: زوو نوێژی عەسر ئەنجامبدەن، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی واز لە نوێژی عەسر بهێنێت؛ ئەوا کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە»**.
[صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هۆشداری داوە لە دواخستنی نوێژی عەسر لەکاتەکەی خۆی بەئەنقەستەوە، وئەوەی ئەمە بکات کردەوەکەی پوچەڵ دەبێتەوە وپاداشتی لەدەست دەچێت.

## له سوودەکانی فەرمووده‌كه:

١. ئامۆژگاری بۆ پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی نوێژی عەسر لەسەرەتای کاتەکەیدا وزوو ئەنجام بدرێت ودوانەخرێت.
٢. هەڕەشەی توند لەسەر ئەوانەی واز لەئەنجامدانی نوێژی عەسر دەهێنن، ونەکردنی نوێژەکە هەتاوەکو کاتەکەی دەردەچێت ؛ تاوانی لە تاوانی نەکردنی نوێژەکانی تر گەورەترە لەکاتەکانی خۆیاندا، نوێژی ناوەڕاست بەتایبەت فەرمانپێکراوە لەلایەن الله

وه، كه ده‌فه‌رموێت: ﴿حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى﴾ [البقرة: ٢٣٨] واته: ﴿پارێزگاری له نوێژه‌كان بكه‌ن وهه‌روه‌ها نوێژی ناوه‌ڕاست -عه‌سر-﴾.

(٦٢٦١)

(١٥٦) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «مَنْ نَسِيَ صَلَاةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا، لَا كَفَّارَةَ لَهَا إِلَّا ذَلِكَ: {وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي} [طه: ١٤]». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٥٦) – له‌ ئه‌نه‌سی كوڕی مالیكه‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت: «هه‌ركه‌سێک نوێژێكی له‌بیرچوو ؛ ئه‌وا با نوێژه‌كه‌ ئه‌نجامبدات ئه‌گه‌ر بیری كه‌وته‌وه‌، وهیچ كه‌فاره‌تێكی نیه‌ مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ نه‌بێت : {وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي} [طه: ١٤] {و به‌چاكی نوێژ ئه‌نجام بده‌ بۆئه‌وه‌ی هه‌میشه‌ منت له‌ یاد بێت}». [صه‌حیحه‌] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

## شیكردنه‌وه‌:

پێغه‌مبه‌ر ﷺ ڕوونیده‌كاته‌وه‌ هه‌ركه‌سێك ئه‌نجامدانی نوێژێكی فه‌رزی له‌بیرچوو ؛ هه‌تاوه‌كو كاته‌ی نه‌ما، ئه‌وا ده‌بێت ده‌ستبه‌جێ نوێژه‌كه‌ ئه‌نجام بدات ؛ هه‌ركاتێك بیری كه‌وته‌وه‌ كه‌ ئه‌و نوێژه‌ی نه‌كردووه‌، هیچ شتێك تاوانی وازهێنان له‌و نوێژه‌ ناسڕێته‌وه‌ ودایناپۆشێت مه‌گه‌ر ئه‌نجامدانه‌وه‌ی نه‌بێت كاتێك بیری ده‌كه‌وێته‌وه‌، خوای گه‌وره‌ له‌قورئانی پیرۆزدا ده‌فه‌رموێت: {وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي} [طه: ١٤] {و به‌چاكی نوێژ ئه‌نجام بده‌ بۆئه‌وه‌ی هه‌میشه‌ منت له‌ یاد بێت}؛ ڕاڤه‌یه‌ك بۆ ئه‌م ئایه‌ته‌ ئه‌وه‌یه‌ نوێژ به‌ڕێكی وته‌واوی ئه‌نجام بده‌ هه‌ركاتێك بیرت كه‌وته‌وه‌ كه‌ له‌بیرت چووه‌ ؛ ئینجا كاتی نوێژ مابێت یان نه‌ما بێت.

## له‌ سووده‌كانی فه‌رمووده‌كه‌:

١. ڕوونكردنه‌وه‌ی گرنگی نوێژه‌ فه‌رزه‌كان وكه‌مته‌رخه‌م نه‌بوون له‌ ئه‌نجامدانیان وقه‌زاكردنه‌وه‌یان.
٢. دواخستنی نوێژ له‌كاته‌كه‌ی خۆی به‌بێ بیانوو -به‌بێ عوزر-؛ ڕێگه‌پێدراو نییه‌.

٣. واجبێتی قەزاکردنەوە وئەنجامدانی نوێژ لەسەر: - ئەو کەسەی لەبیری چووە ئەگەر بیری کەوتەوە. - کەسی خەوتوو ئەگەر هەستا لە خەو.
٤. واجبێتی پەلەکردن لە قەزاکردنەوە وئەنجامدانی نوێژەکان ودوا نەخستنیان؛ ئەگەرچیش لە کاتی نەهی لێکراودا بێت، بەڵام مەبەست ئەوە نییە نوێژەکان بەخێرایی ئەنجام بدات.

(٦٥٠٨٨)

(١٥٧) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«إِنَّ أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ، ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ، فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٥٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«قورسترین نوێژ لەسەر دووڕووەکان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیە، جا ئەگەر بیانزانیایە ئەو دوو نوێژە چەندێک خێر وفەزڵی گەورەیان تێدایە ؛ هەر بە گاگۆڵکێ بۆی دەهاتن، وام نیاز کرد کە فەرمان بکەم بە نوێژکردن وقامەت بکرێت، پاشان فەرمان بکەم بەکەسێک نوێژ بۆ خەڵکی بکات، دواتر خۆم لەگەڵ چەند پیاوێکدا چەند کۆڵە دارێکی سوتەمەنی ببەین ؛ بۆ سەر ئەو پیاوانەی کە ئامادەی نوێژی کۆمەڵ (جەماعەت) نابن، وماڵەکانیان بەسەریاندا بسوتێنم»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی حاڵی مونافیقەکانمان بۆ دەکات لە تەمەڵەییان لەئامادەبوونی نوێژەکان، بەتایبەتی نوێژی بەیانی وعیشا، وئەوان ئەگەر بیانزانیایە چی پاداشتێکی گەورە هەیە لەسەر ئامادەبوونی نوێژی بەکۆمەڵ

لەگەڵ مسوڵمانانندا ؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر بە گاگۆڵکێش بووایە لەسەر دەست وئەژنۆکان وەکو منداڵ.
وپێغەمبەر ﷺ وا نیازی کرد کە فەرمان بکات بەقامەت کردن بۆ نوێژ، وفەرمان بە کەسێك بکات بۆ پێشنوێژکردن بۆ خەڵکی، دواتر ئەو بڕوات لەگەڵ چەند پیاوێکدا بە چەند کۆڵەدارێکی سوتەمەنی؛ بۆ سەر ئەو پیاوانەی کە ئامادەی نوێژی کۆمەڵ (جەماعەت) نابن، وماڵەکانیان بەسەریاندا بسوتێنێت.
ئەمیش بەهۆی گەورەیی ئەو تاوانەی کردوویانە، -بەڵام ئەمەی نەکرد- چونکە ماڵەکان منداڵ وئافرەت وکەسی تری تێدایە لەوانەی بیانوویان هەیە ؛ وهیچ تاوانێکیان نەکردووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ترسناکی دواکەوتن لە نوێژی کۆمەڵ لەمزگەوتدا.
٢. دووڕووەکان مەبەستیان لەپەرستنەکانیان تەنها ڕیا وناوبانگە، بۆیە تەنها ئەو کاتانە دێن بۆ مزگەوت کە خەڵکی دەیانبینن.
٣. گەورەیی پاداشتی نوێژی بەیانی وعیشا لەگەڵ کۆمەڵدا، وشایەنی ئەوەن بەکۆمەڵ ئەنجام بدرێن ئەگەر بە گاگۆڵکێش بچێت بۆ نوێژ.
٤. پارێزگاری کردن وبەردەوامبوون لە ئەنجامدانی نوێژی عیشا وبەیانی؛ سەلامەتیە لە دووڕوویی، ودواکەوتن لێیان لەسیفەتی دووڕووەکانە.

(٣٣٦٦)

(١٥٨) – عَنِ ابْنِ أَبِي أَوْفَى رضي الله عنه قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا رَفَعَ ظَهْرَهُ مِنَ الرُّكُوعِ قَالَ: **«سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، مِلْءَ السَّمَاوَاتِ وَمِلْءَ الْأَرْضِ وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]
(١٥٨) – لە عبد الله کوڕی ئەبی ئەوفاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، دەیووت : **«(سمع الله لمن حمده، اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد) واتە: (خوای گەورە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە**

**-دەیانبیستێت- کە سوپاس وحەمدی دەکەن، خودایە ؛ پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ، پڕ بە ئاسمانەکان و پڕ بە زەوی، و پڕ بە ئەوەی تۆ بتەوێت لە پاش ئەمانە)».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لەنوێژدا پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، دەیووت : (سمع الله لمن حمده * خوای گەورە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- کە سوپاس وحەمدی دەکەن): واتا هەرکەسێك حەمد وستایشی الله بکات ؛ خوای گەورە نزاکانی وەڵامدەداتەوە، وحەمد وستایشەکەی قبوڵ دەکات و لەسەر ووتنی ؛ پاداشتی دەداتەوە، پاشان حەمد وستایشی خودای کرد بە ووتنی: (اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد * خودایە ؛ پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ، و پڕ بە ئاسمانەکان و پڕ بە زەوی، و پڕ بە ئەوەی تۆ بتەوێت لە پاش ئەمانە).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی ئەو زیکرەی سونەتە بووترێت لەپاش ئەوەی نوێژخوێن سەری بەرزدەکاتەوە لە ڕکوع بردن.
٢. ڕێکبوونەوەی پشت لە کاتی ڕکوع بردندا ودڵنیایی لەپاش بەرزبوونەوە لێی ؛ ئەمە فەرمانپێکراوە لە شەریعەتدا، چونکە ناکرێت ئەم زیکرە بڵێت مەگەر پاش ڕێکبوونەوەی پشت ودڵنیایی نەبێت.
٣. ڕێگەپێدراوە ئەم زیکرە بڵێت لە هەموو نوێژەکان ؛ فەرز یان سونەت بێت.

(٦٥١٠١)

(١٥٩) – عن حُذَيْفَةَ رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ: «رَبِّ اغْفِرْ لِي، رَبِّ اغْفِرْ لِي». [صحيح] - [رواه أبو داود والنسائي وابن ماجه وأحمد]

**(١٥٩) – لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر ﷺ لە نێوان دوو سوجدەکەدا دەیووت: (رب اغفر لي، رب اغفر لي) واتە:**

**(پەروەردگارم لێم خۆش بە، پەروەردگارم لێم خۆشبە)».** [صەحیحە] - [ئەبو داود ونەسائی وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەکاتی دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکە دەیووت: (رب اغفر لي، رب اغفر لي ) واتە: (پەروەردگارم لێم خۆش بە، پەروەردگارم لێم خۆش بە)، ودووبارەی دەکردەوە.
ومانای (رب اغفر لي * پەروەردگارم لێم خۆش بە) ئەوەیە: بەندە داوا لە پەروەردگاری دەکات کە گوناهەکانی بسڕێتەوە وعەیب وکەموکورتیەکانی داپۆشێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ووتنی ئەم نزایە لەنێوان دوو سوجدەکە لەنوێژی فەرز وسونەتدا ؛ فەرمانیپێکراوە لەشەریعەتدا.
٢. دووبارە ووتنەوەی زیکری: (رب اغفر لي) ؛ ڕێگەپێدراوە، و واجب ئەوەیە یەك جار بووترێت.

(٦٥١٠٤)

(١٦٠) – عن ابن عباس رضي الله عنهما: كان النبي صلى الله عليه وسلم يقول بين السجدتين: **«اللَّهمَّ اغْفِرْ لي، وارْحَمْنِي، وعافِنِي، واهْدِنِي، وارزقْنِي»**. [حسن بشواهده] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(١٦٠) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە نێوان دوو سوژدەکەدا دەیووت: **«اللهم اغفر لي، وارحمني، وعافني، واهدني، وارزقني» واتە: «خودایە لێم خۆش ببە، ورەحمم پێبکە، وسەلامەت وتەندروست باشم بکە، وهیدایەتم بدە، ورزقم پێ ببەخشە».** [حەسەنە بە ڕێگاکانی ترا] - [ئەبو داود وتیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لە نێوان دوو سوژدەکەدا ئەم نزایەی دەکرد کە پێنج داوای لەخۆگرتووە، ومسوڵمان زۆر پێویستی پێیانە، وئەم نزایە هەموو خێرەکانی دونیا وقیامەتی لەخۆگرتووە، لە داواکردنی لێخۆشبوون وداپۆشین، وڕەحم پێکردن، وعافیەت وسەلامەتی لە گومانەکان وشەهوەتەکان ونەخۆشیەکان، وداواکردنی هیدایەت لە خوای گەورە وجێگیر بوون لەسەری، ورزق ورۆزی لە ئیمان وزانست وکردەوەی چاک، وپارە وسامانی حەڵاڵ وپاک.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ووتنی ئەم نزایە لەدانیشتنی نێوان سوجدەکان ؛ ڕێگەپێدراوە.
٢. فەزڵی ئەم نزایە چونکە خێرەکانی دونیا وقیامەتی تێدایە.

(١٠٩٣٠)

(١٦١) – عَنْ حِطَّانَ بْنِ عَبْدِ اللهِ الرَّقَاشِيِّ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ صَلَاةً، فَلَمَّا كَانَ عِنْدَ الْقَعْدَةِ قَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: أُقِرَّتِ الصَّلَاةُ بِالْبِرِّ وَالزَّكَاةِ، قَالَ: فَلَمَّا قَضَى أَبُو مُوسَى الصَّلَاةَ وَسَلَّمَ انْصَرَفَ فَقَالَ: أَيُّكُمُ الْقَائِلُ كَلِمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ قَالَ: فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّكُمُ الْقَائِلُ كَلِمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، فَقَالَ: لَعَلَّكَ يَا حِطَّانُ قُلْتَهَا؟ قَالَ: مَا قُلْتُهَا، وَلَقَدْ رَهِبْتُ أَنْ تَبْكَعَنِي بِهَا، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: أَنَا قُلْتُهَا، وَلَمْ أُرِدْ بِهَا إِلَّا الْخَيْرَ، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: أَمَا تَعْلَمُونَ كَيْفَ تَقُولُونَ فِي صَلَاتِكُمْ؟ إِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطَبَنَا فَبَيَّنَ لَنَا سُنَّتَنَا وَعَلَّمَنَا صَلَاتَنَا، فَقَالَ:

**«إِذَا صَلَّيْتُمْ فَأَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ، ثُمَّ لِيَؤُمَّكُمْ أَحَدُكُمْ فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذْ قَالَ: {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ} [الفاتحة: ٧]، فَقُولُوا: آمِينَ، يُجِبْكُمُ اللهُ، فَإِذَا كَبَّرَ وَرَكَعَ فَكَبِّرُوا وَارْكَعُوا، فَإِنَّ الْإِمَامَ يَرْكَعُ قَبْلَكُمْ، وَيَرْفَعُ قَبْلَكُمْ»** فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«فَتِلْكَ بِتِلْكَ، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقُولُوا: اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، يَسْمَعِ اللهُ لَكُمْ، فَإِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، وَإِذَا كَبَّرَ وَسَجَدَ فَكَبِّرُوا وَاسْجُدُوا، فَإِنَّ الْإِمَامَ يَسْجُدُ قَبْلَكُمْ وَيَرْفَعُ قَبْلَكُمْ»**، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«فَتِلْكَ بِتِلْكَ، وَإِذَا كَانَ عِنْدَ الْقَعْدَةِ فَلْيَكُنْ مِنْ أَوَّلِ قَوْلِ أَحَدِكُمُ: التَّحِيَّاتُ الطَّيِّبَاتُ الصَّلَوَاتُ لِلهِ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٦١) – له حیتان كوڕی عبدالله ئەلرەقاشیەوە دەڵێت: نوێژێكم كرد لەگەڵ ئەبی موسای ئەشعەری، كاتێک لە تەشەهود -تەحیات خوێندن- بوو ؛ پیاوێک لە نێو خەڵكیدا ووتی: نوێژكردن هاوتا كراوە (فەرزكراوە) لەگەڵ

چاکەکاری وزەکاتدا، کاتێک ئەبو موسا نوێژەکەی تەواو کرد، ووتی: کێ بوو لەئێوە وشەی ئاوا وئاوای ووت؟ دەڵێت: خەڵکی بێدەنگ بوون، پاشان ووتی: کێ بوو لەئێوە وشەی ئاوا وئاوای ووت؟ دەڵێت: خەڵکی بێدەنگ بوون، پاشان ووتی: لەوەیە حیتان تۆ ئەوەت وتبێت؟ ووتی: من ئەوەم نەوتووە، وترسام لەوەی ڕەخنەم لێبگرێت بەهۆیەوە، پیاوێک ووتی: من ئەوەم ووت، وتەنها خێرم ویست، ئەبو موسا ووتی: ئایا نازانن دەبێت چی بڵێن لەناو نوێژەکانتان؟ پێغەمبەری خودا ﷺ وتاری بۆمان دا سونەتەکان ونوێژکردنی ڕوون کردەوە، فەرمووی: **«ئەگەر نوێژتان کرد؛ ڕیزەکانتان ڕێک بکەن پاشان با یەکێکتان پێشنوێژیتان بۆ بکات، ئەگەر -ئیمام- تەکبیرەی کرد (ووتی: -الله أكبر- بۆ دابەستنی نوێژ) ؛ ئێوەش تەکبیر بکەن، ئەگەر ووتی: {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ} [الفاتحة: ٧] واتە: {نەك (ڕێگای) ئەوانەی خەشمی (تۆیان) لێگیراوە (وەک جولەکە وهاوکردەوەکانیان) وە نەك (ڕێگای) گومڕایان وەك (گاورەکان وهاوکردەوەکانیان)}، بڵێن: ئامین، خوای گەورە وەڵامتان دەداتەوە، ئەگەر تەکبیرەی کرد وچوو بۆ ڕکوع بردن ؛ ئێوەیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ ڕکوع بردن، چونکە ئیمام لەپێش ئێوە دەڕوات بۆ ڕکوع بردن ولەپێش ئێوە -لەڕکوع بردن- بەرز دەبێتەوە»** -پاشان- پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: **«ئەمە یەکسانە بە ئەوە، وئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده) واتا: (خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -ئەوانە دەبیستێت- کە حەمد وسوپاستی دەکەن)، بڵێن: (اللهم ربنا لك الحمد) واتا: (ئەی خودایە پەروەردگارمان حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆیە)، خوای گەورە وەڵامتان دەداتەوە، چونکە خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموویەتی: (سمع الله لمن حمده)، ئەگەر تەکبیرەی کرد وچوو بۆ سوجدە بردن؛ ئێوەیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ سوجدە بردن، چونکە ئیمام لەپێش ئێوە سوجدە دەبات و لەپێش ئێوەش بەرز دەبێتەوە -لە سوجدە بردن-»** -دواتر- پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: **«ئەمە یەکسانە بە ئەوە، ئەگەر لە تەشەهود -تەحیات خوێندن- بوو ؛ با**

**يەکەمینی ئەو وشانەی یەکێکتان دەیڵێت -ئەمە بێت-: (التحيات الطيبات الصلوات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله) واتە:(هەموو ستایشێکی گەورە و مەزنێتی بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە، وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت، سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە، شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەڕاست وهەق جگە لە الله، وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە)».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

هاوەڵی بەڕێز ئەبی موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- یەکێك لە نوێژەکانی ئەنجامدەدا، کاتێک لەدانیشتنی تەشەهود -تەحیات خوێندن- بوو ؛ پیاوێک لە پشتیەوە لەنێو خەڵکیدا ووتی: نوێژکردن هاوتا وبەراورد کراوە (فەرزکراوە) لەگەڵ چاکەکاری وزەکاتدا، کاتێک ئەبو موسا نوێژەکەی تەواو کرد، ڕووی لە نوێژخوێنەکان کرد وپرسیاری لێیان کرد: کێ بوو ئەو وشانەی ووت؟ خەڵکی بێدەنگ بوون، وهیچ یەکێکیان قسەیان نەکرد، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، کاتێك هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە، ئەبو موسا -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەی حیتان دیارە تۆ وتت ! ئەمیش بەهۆی بوێری ونزیکی وپەیوەندی پێوەی، وتۆمەتەکە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت، و بۆئەوەی هانی بکەرە ڕاستەقینەکە بدات بۆ دانپێدانان، حیتان نکۆڵی کرد، ووتی: ترسام لەوەی سەرزەنشتم بکەیت ؛ بەگومانی ئەوەی من وتوومە، لەم کاتەدا پیاوێك لەنێو خەڵکی ووتی: من ووتم، وتەنها مەبەستم خێر بوو، ئەبو موسا بۆ فێرکردنی ووتی: ئایا نازانن دەبێت چی بڵێن لەنێو نوێژەکانتان؟ ئەمیش وەکو نکۆڵیەك لەسەر ئەم کردەوەیە، پاشان ئەبو

موسا ووتی: پێغەمبەری خودا ﷺ جارێکیان وتاری بۆیان دەدا، ورێنماییەکانی شەریعەتی بۆیان ڕوون دەکردەوە، وفێری نوێژیانی کرد، وفەرمووی:
ئەگەر ویستتان نوێژ ئەنجام بدەن ؛ ڕیزەکانتان ڕێک بکەن و ڕاست وجوان بوەستن، پاشان با یەکێکتان پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، ئەگەر -ئیمام- تەکبیرەی کرد (ووتی: -الله أكبر- بۆ دابەستنی نوێژ) ؛ ئێوەش تەکبیر بکەن، ئەگەر سورەتی -الفاتحة-ی خوێند وگەیشتە: {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ} [الفاتحة: ٧] واتە: {نەك (ڕێگای) ئەوانەی خەشمی (تۆیان) لێگیراوە (وەک جولەکە وهاوکردەوەکانیان) وە نەك (ڕێگای) گومڕایان وەك (گاورەکان وهاوکردەوەکانیان)}، ئێوە بڵێن: ئامین، ئەگەر بیڵێن ؛ خوای گەورە وەڵامی نزاکانتان دەداتەوە.
ئەگەر تەکبیرەی کرد وچوو بۆ ڕکوع بردن ؛ ئێوەیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ ڕکوع بردن، ئیمام لەپێش ئێوە دەڕوات بۆ ڕکوع بردن ولەپێش ئێوە -لەڕکوع بردن- بەرز دەبێتەوە؛ بۆیە پێشی مەکەون، ئەو ساتە کەمەی ئیمام پێشی ئێوە چوو بۆ ڕکوع بردن، پڕ دەبێتەوە بۆتان بەهۆی دواکەوتنتان بۆ هەستانەوە لەڕکوع بردن ؛ چونکە ئێوە دوای ساتێکی کەم لەپاش ئیمام هەڵدەستنەوە لە ڕکوع بردن، ئەو ساتە یەکسانە بە ئەو ساتە، وماوەی ڕکوع بردنتان وەکو ماوەی ڕکوع بردنی ئیمامە.
ئەگەر ئیمام ووتی: (سمع الله لمن حمده) واتا: (خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -ئەوانە دەبیستێت- کە حەمد وسوپاستی دەکەن)، بڵێن: (اللهم ربنا لك الحمد) واتا: (ئەی خودایە پەروەردگارمان حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆیە)، ئەگەر نوێژخوێنان ئەمە بڵێن خوای گەورە دەیان بیستێت و وەڵامی نزاکانیان دەداتەوە، چونکە خوای گەورە -تبارك وتعالى- لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموویەتی: (سمع الله لمن حمده).
پاشان ئەگەر ئیمام تەکبیرەی کرد وچوو بۆ سوجدە بردن؛ ئەوا دەبێت نوێژخوێنانیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ سوجدە بردن، چونکە ئیمام لەپێش ئەوان سوجدە دەبات و لەپێش ئەوان بەرز دەبێتەوە -لە سوجدە بردن-، ئەو ساتە یەکسانە بە ئەو ساتە، ماوەی سوجدەبردنی نوێژخوێنەکان یەکسانە وەکو ماوەی سوجدەبردنی ئیمام.
وئەگەر ئیمام لە دانیشتن بوو بۆ خوێندنی تەشەهود -تەحیات- ؛ یەکەم شت کە نوێژخوێن دەیڵێت بریتیە لە: (التحيات الطيبات الصلوات لله *

هەموو ستایشێکی گەورە و مەزنێتی تەنها بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە): مەزنێتی ومانەوە وهەموو موڵکێك تەنها بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژەکان -لەسەرووی هەموویانەوە نوێژە فەرزەکان- ؛ هەمووی بۆ پەروەردگار ئەنجامدەدرێت.
(السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين * سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، سەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە): -مانای سەلام کردن واتا- لە خوای گەورە داوای سەلامەتی ودووریم دەکەم لە هەموو عەیب وکەموکورتی وخراپەیەك، و بەتایبەت سەلام دەکەین لەسەر پێغەمبەر ﷺ، پاشان سەلام دەکەین لە نەفسی خۆمان، دواتر لە بەندە چاکەکانی خوای گەورە ؛ ئەوانەی کە مافەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ومافەکانی خەڵکی جێبەجێ دەکەن، پاشان دەڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله * شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەڕاست وهەق جگە لە الله، وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی شێوازێک لە شێوازەکانی ووتنی تەشەهود -تەحیات.
٢. ئەوەی دەووترێت یان دەکرێت لەناو نوێژدا ؛ دەبێت سەلمێنرا بێت کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی نوێژکردنی وتوویەتی یان کردوویەتی، بۆیە دروست نییە کەسێک لەخۆیەوە قسەیەک یان کردەوەیەک دابهێنێت لە ناو نوێژدا ؛ کە لە سونەتەدا نەهاتبێت.
٣. دروست نییە کەس پێشی ئیمام بکەوێت یان لەگەڵ ئەودا بچێت بۆ حاڵەتەکان یان پاش بکەوێت، وڕێگەپێدراو ئەوەیە شوێنی بکەوێت لە کردەوەکاندا.
٤. ڕوونکردنەوەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لەسەری بوو لە گرنگیدان بە گەیاندنی پەیامەکانی ئاینی ئیسلام، وفێرکردنی حوکمەکانی ئاین بە ئومەتەکەی.
٥. ئیمام سەرمەشقە بۆ نوێژخوێنەکانی پشتەوەی، بۆیە دروست نییە کێبڕکێی لەگەڵدا بکرێت لە کردەوەکانی نوێژدا ونابێت لەگەڵ ئەودا بچێت بۆ حاڵەتەکان

ونابێت دوا بکەوێت، بەڵکو ساتێکی کەم پاش ئەوەی ئیمام چوو بۆ حاڵەتێکی نێو نوێژ ؛ دەبێت نوێژخوێنیش ڕاستەوخۆ شوێنی بکەوێت، وئەگەر دڵنیابوو کە ئەو چووە بۆ ئەو حاڵەتە ئەوسا دروستە ئەویش بچێت بۆ ئەو حاڵەتە بەبێ دواکەوتن، وسونەت ئەوەیە لە هەموو حاڵەتەکاندا شوێنکەوتووی بێت.
٦. ڕێکخستنی ڕیزەکان لەکاتی نوێژدا ؛ فەرمانپێکراوە لەشەریعەتدا.

(٦٥٠٩٧)

(١٦٢) – عَنِ ابْنَ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قَالَ: عَلَّمَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَكَفِّي بَيْنَ كَفَّيْهِ، التَّشَهُّدَ، كَمَا يُعَلِّمُنِي السُّورَةَ مِنَ القُرْآنِ: **«التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ»**.

وفي لفظ لهما: **«إِنَّ اللهَ هُوَ السَّلَامُ، فَإِذَا قَعَدَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلَاةِ فَلْيَقُلْ: التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ، فَإِذَا قَالَهَا أَصَابَتْ كُلَّ عَبْدٍ لِلَّهِ صَالِحٍ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، ثُمَّ يَتَخَيَّرُ مِنَ الْمَسْأَلَةِ مَا شَاءَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٦٢) – عبداللەی کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فێری تەشەهود (تەحیات)ی کردم هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردم، وناو لەپم لە ناو لەپی ئەو بوو، و(تەحیاتەکە بەم شێوەیە بوو): **«التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ»[٨].**

ولە گێڕانەوەیەکی تردا: **«خوای گەورە بەخشەری سەلامەتی وئاسایشە -ئەلسەلام:السلام-ە، ئەگەر یەکێکتان دانیشت لەنوێژدا (بۆ خوێندنی تەشەهود) با بڵێت: «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ»، ئەگەر**

**ئەمە بڵێت سوودی هەیە بۆ هەموو بەندە چاکەکانی خوای گەورە لە ئاسمان وزەوی، (دوای ئەمە دەڵێت): «أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ»، پاشان دەتوانێت بەویستی خۆی هەر نزایەکی تر بڵێت».** ^(واتە: هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان تەنها بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە، وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت، سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە، شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وموحەمەد ﷺ پێغەمبەر ونێردراوی خودایە). [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەو تەشەهودەی -تەحیاتەی- فێری عبداللەی کوڕی مەسعود کرد -ڕەزای خوای لێبێت- کە لە نوێژدا دەووترێت، دەستەکانی عبداللەی کردە نێو دەستەکانی خۆی بۆئەوەی سەرنجی ئیبن مەسعود ڕابکێشێت. بەو شێوەیە فێری کرد هەروەکو چۆن سورەتێکی قورئانی فێر دەکرد، ئەمیش ئاماژەیە بۆ گرنگیدانی پێغەمبەر ﷺ بەم تەشەهودە لەڕوانگەی چۆنیەتی ووتن وماناکەی. فەرمووی: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ : هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان تەنها بۆ خوای گەورەیە): ئەمیش ئاماژەیە بۆ هەموو قسە وکردەوەیەك کە بەگەورەدانانی تێدا بێت، هەمووی تەنها شایستەیە بۆ خوای گەورە -عز وجل-.
(وَالصَّلَوَاتُ : وهەموو نوێژکردنێک): ئەمیش هەموو نوێژێکی زانراو دەگرێتەوە ؛ نوێژە فەرز وسونەتەکان هەمووی بەتەنها بۆ پەروەردگار ئەنجامدەدرێت -سبحانە وتعالی-. (وَالطَّيِّبَاتُ : وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت): هەموو قسە وکردەوە وسیفەتێکی پاك وچاك دەگرێتەوە کە ئاماژەن بۆ کامڵێتی، هەموویان تەنها شایستەن بۆ پەروەردگار -سبحانە وتعالی-.

(السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ : سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە): نزاکردن بۆ سەلامەت بوون لە هەموو بەڵا وخراپە وناخۆشییەك، ونزاکردن بۆ زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەك.
(السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ : وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە): نزا کردن بۆ سەلامەت بوونی نوێژخوێنان وهەموو بەندەیەکی چاك لە ئاسمانەکان وزەوی.
(أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ : شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله): بەدڵنیایی وچەسپاوی جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەم شاهێدی دانە.
(وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : وشاهێدی دەدەم کە موحەمەد ﷺ پێغەمبەر ونێردراوی خودایە): دان دەنێم بەوەی بەندەی خودایە وکۆتا پەیامبەرە.
پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی نوێژخوێنی کردووە بۆ ووتنی هەر نزایەك کە دەیەوێت بیڵێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. شوێنی ووتنی ئەم تەشەهودە -تەحیاتە- لەکاتی دانیشتنە پاش کۆتا سوجدە ؛ لە هەموو نوێژێکدا، وهەروەها دەووترێت لەکۆتایی ڕکاتی دووەمی هەموو نوێژێکی سێ ڕکاتی وچوار ڕکاتی.
٢. واجبێتی ووتنی تەحیات -تەشەهود-، ورێگەپێدراوە بە هەرشێوازێك شایەتمان بهێنێت لەو شێوازانەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە ﷺ.
٣. ڕێگەپێدراوە نزاکردن لە ناو نوێژدا بەو شێوەیەی پێی خۆشە ؛ بەمەرجێک تاوانی تێدا نەبێت.
٤. سونەتە لە نزاکردندا ؛ سەرەتا مرۆڤ بە نزاکردن بۆ نەفسی خۆی دەست پێبکات.

(٣٠٩٦)

(١٦٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدْعُو وَيَقُولُ: «**اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَحْيَا وَالمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَسِيحِ الدَّجَّالِ**».

وفِي لَفْظٍ لِمُسْلِمٍ: «**إِذَا فَرَغَ أَحَدُكُمْ مِنَ التَّشَهُّدِ الْآخِرِ، فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ أَرْبَعٍ: مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٦٣) – له ئه‌بی هوره‌یره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ر ﷺ نزای ده‌کرد وده‌یفه‌رموو: «**اللَّهُمَّ إِني أعوذ بك من عذاب القبر، وعذاب النار، ومن فتنة الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، ومن فتنة الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ**»، واته: «**خودایه من په‌نات پێده‌گرم له سزای گۆڕ، په‌نات پێده‌گرم له سزای دۆزه‌خ، په‌نات پێده‌گرم له فیتنه‌ی ژیان وفیتنه‌ی مردن، وپه‌نات پێده‌گرم له فیتنه‌ی مه‌سیحی ده‌جال**».

وله گێڕانه‌وه‌ی [مسلم]دا: «**ئه‌گه‌ر یه‌کێکتان ته‌حیاتی کۆتایی ته‌واو کرد، با په‌نا به خوای گه‌وره بگرێت له چوار شت: له سزای دۆزه‌خ، وله سزای گۆڕ، وله فیتنه‌ی ژیان وفیتنه‌ی مردن، وله شه‌ڕی مه‌سیحی ده‌جال**». [صه‌حیحه] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

## شیکردنه‌وه:

پێغه‌مبه‌ر ﷺ په‌نای به خوای گه‌وره ده‌گرت له چوار شت، له‌پاش ته‌شه‌هودی -ته‌حیاتی- کۆتایی و له‌پێش سه‌لامدانه‌وه له نوێژ، وه فه‌رمانی پێمان کردووه که په‌نا به خوای گه‌وره بگرین له چوار شت:

یه‌که‌م: له سزای گۆڕ.

دووه‌م: له سزای ئاگری دۆزه‌خ وئه‌مه له ڕۆژی قیامه‌تدا ڕووده‌دات.

سێیه‌م: له فیتنه‌ی ژیان : که هه‌موو شه‌هوه‌ت وئاره‌زووه حه‌رامه‌کان وگومانه گومڕاکه‌ره‌کان ده‌گرێته‌وه، وله فیتنه‌ی مردن : واتا ساتی مردن

وسەرەمەرگ؛ لە لادان لە ئیسلام یان سوننەت، یان فیتنەی گۆڕ وەکو پرسیارکردنی فریشتەکان.
چوارەم: فیتنەی دەجال؛ کە لە کۆتایی دونیا دەردەچێت، واللە بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە؛ و بەتایبەت باسی فیتنەی دەجال کراوە چونکە فیتنە وگومڕاییەکەی زۆر گەورەیە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم پەناگرتنە لە نزا گرنگ وگشتگیرەکانە؛ چونکە پەناگرتنی تێدایە بە خوای گەورە لە شەڕ وزیانەکانی دونیا وقیامەت.
٢. جەختکردنەوە لەسەر بوونی سزای گۆڕ ؛ وە بێ گومان هەق وڕاستیە.
٣. ترسناکی فیتنەکان، وگرنگی پەناگرتن بە خوای گەورە وپاڕانەوە لێی بۆئەوەی بەندە پارێزراو ودوور بێت لە فیتنەکان.
٤. جەختکردنەوە لەسەر دەرچوونی دەج دەجال وگەورەیی فیتنەکەی.
٥. ووتنی ئەم نزایە لەپاش تەشەهودی -تەحیاتی- کۆتایی ؛ سونەتە.
٦. نزاکردن لەپاش کردەوەی چاك ؛ سونەتە.

(٣١٠٣)

(١٦٤) – عَنْ مَعْدَانَ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ الْيَعْمَرِيُّ قَالَ: لَقِيتُ ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ أَعْمَلُهُ يُدْخِلُنِي اللهُ بِهِ الْجَنَّةَ؟ أَوْ قَالَ قُلْتُ: بِأَحَبِّ الْأَعْمَالِ إِلَى اللهِ، فَسَكَتَ. ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَسَكَتَ. ثُمَّ سَأَلْتُهُ الثَّالِثَةَ فَقَالَ: سَأَلْتُ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: **«عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ لِلَّهِ، فَإِنَّكَ لَا تَسْجُدُ لِلَّهِ سَجْدَةً، إِلَّا رَفَعَكَ اللهُ بِهَا دَرَجَةً، وَحَطَّ عَنْكَ بِهَا خَطِيئَةً»** قَالَ مَعْدَانُ: ثُمَّ لَقِيتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ فَسَأَلْتُهُ فَقَالَ لِي: مِثْلَ مَا قَالَ لِي: ثَوْبَانُ. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٦٤) – لە مەعدان کوڕی ئەبی تەڵحەی ئەلیعمریەوە دەڵێت: گەیشتم بە سەوبان (بەندەی ئازاد کراو لەلایەن) پێغەمبەری خوداوە -صلی اللە علیە

وسلم-، ووتم: کردەوەیەکم پێ بڵێ ئەگەر بیکەم خوای گەورە بەهۆیەوە دەمخاتە بەهەشت؟ یان دەڵێت -ووتم-: خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە، (سەوبان) بێدەنگ بوو. پاشان پرسیارم لێکرد، هەر بێدەنگ بوو، پاشان سێیەم جار پرسیارم لێکرد، ووتی: ئەم پرسیارەم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ ؛ فەرمووی: **«سوور بە لەسەر زۆر سوجدە بردن بۆ خوای گەورە؛ چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات».** مەعدان دەڵێت: پاشان گەیشتم بە ئەبو دەرداڎ هەمان پرسیارم لێکرد، ئەویش وەکو سەوبان وەڵامی دامەوە. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئەو کردەوەی کە دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت یان پرسیاری لێکرا سەبارەت بە خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە؟ پێغەمبەر ﷺ بە پرسیارکاری فەرموو: زۆر سوجدە ببە بۆ خوای گەورە ئەمیش بە زۆر ئەنجامدانی نوێژ، چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندانی مسوڵمان بۆ پەرۆشبوون لەسەر ئەنجامدانی نوێژە فەرز وسونەتەکان، چونکە هەتا مسوڵمان نوێژ زیاتر ئەنجام بدات ؛ سوجدەی زیاتر دەبات وپلەی زیاتر بەرز دەبێتەوە.
٢. ڕوونکردنەوەی تێگەیشتوویی هاوەڵان وزانستیان سەبارەت بەوەی ناتوانن بگەن بە بەهەشت مەگەر بە ڕەحمەتی خوای گەورە نەبێت پاشان ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان.
٣. سوجدە بردنی نێو نوێژ لە گەورەترین هۆکارەکانە بۆ بەرزبوونەوەی پلەکان ولێخۆشبوون لە گوناهەکان.

(٣٧٣٢)

(١٦٥) – عن عَائِشَةَ رضيَ الله عنها قالت: إِنِّي سمعْتُ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم يقول: «**لَا صَلَاةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ، وَلَا هُوَ يُدَافِعُهُ الْأَخْبَثَانِ**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٦٥) – له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ كه دەیفەرموو: «**نوێژ دروست نیە ؛ كاتێک خواردن ئامادەبێت، یان كاتێک تەنگەتاو بێت بە یەكێک لە پیسیەكان**». [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە له نوێژكردن لەكاتێكدا خواردن ئامادەیە ونوێژخوێن دڵی لەلایەتی و بەپەرۆشیەتی ؛ بەهۆی برسێتیەوە.
وهەروەها نەهی كردووە لە نوێژكردن لەكاتێكدا تەنگاوە، چونكە نوێژخوێن بیری لەلای چۆنیەتی خۆ دەربازكردنە لەم ناڕەحەتیە ؛ بۆیە بە ڕێكی نوێژەكەی ئەنجام نادات.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. دەبێت نوێژ خوێن پێش ئەوەی دەست بەنوێژەكەی بكات ؛ هەموو شتێك لەخۆی دوور بخاتەوە كە دەبێتە هۆی سەرقاڵبوونی.

(٣٠٨٨)

(١٦٦) – عن عُثْمَانَ بْنَ أَبِي الْعَاصِ رضي الله عنه: أنه أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ حَالَ بَيْنِي وَبَيْنَ صَلَاتِي وَقِرَاءَتِي يَلْبِسُهَا عَلَيَّ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خِنْزَبٌ، فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْهُ، وَاتْفُلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلَاثًا**»، قَالَ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ فَأَذْهَبَهُ اللهُ عَنِّي. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٦٦) – له عوسمانی كوڕی ئەبی ئەلعاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، شەیتان دێتە نێوان من ونوێژەكەم وخوێندنەوەم لێ تێكدەدات، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: «**ئەوە شەیتانێكە پێی دەووترێت خینزەب، ئەگەر هەستت پێ**

**کرد پەنا بە خوای گەورە بگرە لێی، وسێ جار تف بکە بە لای چەپتدا»،** دەڵێت: منیش ئەوەم ئەنجامدا بۆیە خوای گەورە ئەوەی لەسەرم نەهێشت.
[صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

عوسمان کوڕی ئەبی ئەلعاس -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا شەیتان دێتە نێوان من ونوێژەکەم، ودەبێتە هۆی ئەوەی خشوعم نەمێنێت لەنوێژدا، وخوێندنەوەم لێ تێکەڵ دەکات وتووشی گومان دەبم، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموو: ئەوە شەیتانێکە پێی دەووترێت خینزەب، ئەگەر هەستت بەمە کرد ؛ داوای یارمەتی لە الله بکە وپەنای پێ بگرە، وسێ جار تف* بکە بە لای چەپدا، دەڵێت: منیش ئەوەم ئەنجامدا کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی، خوای گەورە ئەوەی لەسەرم نەهێشت. *(تف: مەبەست لێی تف کردنێکە تەنها هەواکە بێت لەگەڵ چەند تەڕیەکی کەم لە ئاوی تفەکە -تفێکی کەم بەسەر زمان-)

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگی خشوع وئامادەبوونی دڵ لەنوێژدا، وشەیتان کۆشش دەکات بۆئەوەی نوێژ تێکبدات لە نوێژخوێن وگومانی لەلا دروست بکات.
٢. پەناگرتن بە خوای گەورە لە شەیتان لەکاتی نوێژدا ؛ سونەتە، وئەمیش بە ووتنی: (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) وزیکرەکانی تر کە -پەناگرتن:تعويذ-یان تێدایە، لەگەڵ تفکردن بە لای چەپدا سێ جار بەڵام بەشێوەیەک بێت لەکاتی نوێژی جەماعەتدا کەسی تەنیشتی ئازار نەدات، وبڕێکی زۆر کەم تف بکات بەسەری زمانی.
٣. ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەی هاوەڵان لەسەری بوون -ڕەزای خوایان لێبێت- ؛ کاتێک تووشی کێشە دەبوون دەگەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆئەوەی چارەسەری بکات بۆیان.
٤. زیندوویی دڵی هاوەڵان، وهیمەت وهەوڵدانیان بۆ قیامەت.

(٦٥١٠٥)

(١٦٧) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«أَسْوَأُ النَّاسِ سَرَقَةً الَّذِي يَسْرِقُ صَلَاتَهُ»** قَالَ: وَكَيْفَ يَسْرِقُ صَلَاتَهُ؟ قال: **«لَا يُتِمُّ رُكُوعَهَا، وَلَا سُجُودَهَا»**. [صحيح] - [رواه ابن حبان]

(١٦٧) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەو كەسەی خراپترین دزی دەكات ئەوەیە كە لە نوێژەكەی دەدزێت»**، ووتیان: چۆن لە نوێژەكەی دەدزێت؟ فەرمووی: **«بەباشی ڕكوع وسوجدە نابات»**. [صەحیحە] – [ئیبنو حیبان – گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەكاتەوە خراپترین جۆری دز ؛ ئەو كەسەیە كە لە نوێژەكەی دەدزێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی بردنی سامانی خەڵكی ؛ دزینی ئەو شتانەیە كە سوودی هەیە لەدونیایەكی كاتی، بەڵام ئەم جۆرە دزە ؛ مافی نەفسی خۆی دەدزێت لەپاداشتی نەبڕاوە و لەدەستی دەدات، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن لەنوێژەكەی دەدزێت؟ فەرمووی: ڕكوع وسوجدە بردن بەڕێكی وباشی ئەنجام نادات ؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی پەلە دەكات لەكاتی ڕكوع وسوجدە بردن بۆیە بەشێوەیەكی تەواو جێبەجێیان ناكات.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. گرنگێتی ئەنجامدانی نوێژ بەشێوەیەكی جوان وكامڵ، وجێبەجێكردنی پایەكانی بە هێمنی ودڵنیایی وخشوعەوە.

٢. وەسفی ئەو كەسەی كە بەباشی ڕكوع وسوجدە نابات بەوەی وەكو دز وایە، ئەمیش بۆ ئاگاداركردنەوە وترساندن لەم كارە ؛ وئاماژەیە بۆ حەرامبوونی ئەم جۆرە هەڵسوكەوتە لەنوێژدا.

٣. واجبێتی ڕكوع وسوجدە بردن بەشێوەكی تەواو وجوان، ورێك بوونەوە تێیاندا.

(٦٥١٠٠)

(١٦٨) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«أَمَا يَخْشَى أَحَدُكُمْ - أَوْ: لاَ يَخْشَى أَحَدُكُمْ - إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ قَبْلَ الإِمَامِ، أَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ رَأْسَهُ رَأْسَ حِمَارٍ، أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ صُورَتَهُ صُورَةَ حِمَارٍ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٦٨) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئایا ئەوەی لەپێش ئیمام سەری بەرز دەکاتەوە ؛ ناترسێت لەوەی کە خوای گەورە سەری وەکو سەری گوێ درێژ لێبکات، یان شێوەی وەکو شێوەی گوێدرێژ لێبکات».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەیەکی توند دەکات لەسەر ئەو کەسەی کە سەری لەپێش سەری ئیمام بەرز دەکاتەوە لەکاتی نوێژدا؛ بەوەی خوای گەورە لەوەیە سەری وەکو سەری گوێ درێژ لێبکات، یان شێوەی وەکو شێوەی گوێدرێژ لێبکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چوار حاڵەت هەیە لە پەیوەندی نێوان نوێژخوێنەکان لەگەڵ ئیمام، سیانیان نەهی لێکراوە، کە ئەمانەن: پێشبڕکێ کردن لەگەڵ ئیمام، جوڵەکردن لەگەڵ ئیمام، ودواکەوتن لێی، ئەوەی ڕێگەپێدراوە: بریتیە لە شوێنکەوتنی.
٢. واجبە نوێژخوێن شوێنی ئیمام بکەوێت لە حاڵەتەکانی ناو نوێژدا.
٣. ئەو کەسەی سەری لە پێش ئیمام بەرز دەکاتەوە ؛ هەڕەشەی لێکراوە بەوەی لەوەیە لەڕاستیدا شێوەی بگۆڕدرێت بۆ شێوەی گوێدرێژ، وئەمیش جۆرێکە لەتێکچوونی شێوە -مەسخ-.

(٣٠٨٦)

(١٦٩) – عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم : **«إذا شك أَحَدُكم في صلاته، فلم يَدْرِ كم صلى ثلاثا أم أربعا؟ فَلْيَطْرَحِ الشك وَلْيَبْنِ على ما اسْتَيْقَنَ، ثم يسجد سجدتين قبل أن يُسَلِّمَ، فإن كان صلى خمسا شَفَعْنَ له صَلَاته، وإن كان صلى إِتْمَاماً لِأُرْبَعٍ؛ كانتا تَرْغِيمًا للشيطان».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٦٩) – له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر یەکێکتان گومانی لە نوێژەکەی هەبوو، نەزانێت چەند ڕکاتی ئەنجامداوە سێ یان چوار؟ با گومانەکەی دووربخاتەوە وبنچینەی نوێژەکەی لەسەر ئەوە دابمەزرێنێت کە لێی دڵنیایە، پاشان با دوو سوجدە ببات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە، ئەگەر پێنج ڕکاتی ئەنجامبدابێت؛ ئەوا نوێژەکەی بە ڕکاتی جووت دەبێت، وئەگەر هەر چوار ڕکاتەکەی ئەنجامدا بێت؛ ئەوا ئەمە سەرشۆڕکردنە بۆ شەیتان».** [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ ئەو گومانانەی ناو نوێژ ڕووندەکاتەوە کە تووشی مسوڵمان دەبێت، وپێویستە لەسەر یەقین ودڵنیایی دابمەزرێت، وئەگەر گومان هەبوو لە ژمارەی ڕکاتەکان ئەوا یەقین ودڵنیایی پێویستە لەسەر کەمترین ژمارەی ڕکات بێت، وپاشان دوو (سوجدەی سەهو) دەبات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە، وسەبارەت بە بابەتی (سوجدەی سەهو) ڕوونکردنەوەی زۆر هاتووە. شیکردنەوەی فەرموودەکە: (ئەگەر یەکێکتان گومانی لە نوێژەکەی هەبوو): واتا گومانی هەبوو ودوو دڵ بوو بە بێ ئەوەی لایەنێکیان بە پەسەند دابنێت وبڕیارەکەی لەسەر دابمەزرێنێت. (نەزانێت چەند ڕکاتی ئەنجامداوە سێ یان چوار؟): وئەمیش بۆ نمونە هێنانەوەیە. (با گومانەکەی دووربخاتەوە): ئەوا ئەو ڕکاتەی گومانی لێی هەیە بۆ نمونە لێرەدا ڕکاتی چوارەمە.
(وبنچینەی نوێژەکەی لەسەر ئەوە دابمەزرێنێت کە لێی دڵنیایە): واتا بە زانینەوە دڵنیایە لەسەر ئەنجامدانی کە بۆ نمونە لێرەدا سێ ڕکاتە. (پاشان با دوو

سوجده ببات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە): ئەمە باشترینە کە پێش سەلامدانەوە -سوجدەی سەهو- ببات. (ئەگەر پێنج ڕکاتی ئەنجامبدا بێت): ئەمیش هۆکاری ئەوەیە بۆچی مسوڵمان فەرمانی پێکراوە کە -سوجدەی سەهو- ببات، ئەگەر لە نوێژەکەدا چوار ڕکاتی ئەنجامدابێت وڕکاتێکی تری بۆ زیاد بکات. (ئەوا نوێژەکەی بە ڕکاتی جووت دەبێت): واتا دوو -سوجدەی سەهو- دەبنە هۆی ئەوەی نوێژەکە بە ڕکاتی جووت کۆتایی پێبهێندرێت، چونکە ئەو دوو -سوجدەی سەهوە- لە شوێنی ڕکاتێکن، وئەو نوێژەی ئەنجامدەدرێت بۆ نمونە نوێژێکی فەرزی چوار ڕکاتیە لە بنچینەدا بە ژمارەی جووتە نەک ژمارەی تاک. (وئەگەر هەر چوار ڕکاتەکەی ئەنجامدابێت): ئەو لێرەدا ئەوەی واجب وپێویست بووە لەسەری ئەنجامیداوە بە بێ زیادکردن وکەمکردن. (ئەوا ئەمە سەرشۆڕکردنە بۆ شەیتان): ئەگەر بەهۆی ئەو ڕکاتەوە -بەهۆی سوجدەی سەهو- ببێتە چوار ڕکات ئەوا ئەمە زەلیلکردن وسەرشۆڕکردنی شەیتانە، وخودا زاناترە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نوێژخوێن ئەگەر گومانی لە نوێژەکەی هەبوو ودڵنیا نەبوو ؛ ئەوا گومانەکەی پشتگوێ دەخات وکردەوە بە دڵنیایی دەکات، ونوێژەکەی جێگیر دەکات لەسەر کەمترین ڕکات کە ئەنجامیداوە، دواتر نوێژەکەی تەواو دەکات وسوجدەی سەهو دەبات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە پاشان سەلام دەداتەوە.

٢. ئەم دوو سوجدەیە کەموکورتی نوێژ چاک دەکاتەوە، وشەیتان بە زەلیلی وسەرشۆڕی دوور دەکەوێتە کە ئامانجی خۆی نەپێکاوە.

٣. ئەو گومانەی لە فەرموودەکە باسکراوە ؛ مەبەست لێی دوو دڵیە بەبێ ئەوەی دڵنیا بێت لە لایەنێکیان، بەڵام ئەگەر گومانی هەبوو ودڵنیا نەبوو لە لایەنێکیان ؛ ئەوا کاری پێدەکرێت، وبەو شێوەی باسکرا سوجدەی سەهو دەبات.

٤. هاندان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی وەسوەسە ودوورخستنەوەی؛ ئەمیش لەڕێگای پابەندبوون بە فەرمانەکانی شەریعەت.

(١١٢٣١)

(١٧٠) – عن وابِصَة بن مَعْبَد الجُهني رضي الله عنه: **أن رسول الله صلى الله عليه وسلم رأى رَجُلا يصلِّي خلف الصَّف وحْدَه، فأمَرَه أن يُعِيد الصلاة.** [حسن] - [رواه أبو داود وأحمد والترمذي]

(١٧٠) – لە وابیسەی کوری مەعبەدی جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەری خودا ﷺ پیاوێکی بینی لە پشت ڕیزێکەوە بە تەنها نوێژ دەکات، فەرمانی پێکرد کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە».** [حەسەنە] - [تیرمذی وئەبو داود وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نوێژەکەی تەواو کرد بینی پیاوێک لە پشت ڕیزەکانەوە بە تەنها نوێژ دەکات، بۆیە فەرمانی پێکرد بەوەی کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە، وئەمیش ڕوونە بەوەی نوێژی کەسێک بە تەنها لە پشتی ڕیزەوە دروست نییە، چونکە فەرمانی پێکرد بە دووبارە کردنەوەی نوێژەکە وفەرمان بە دووبارە کردنەوە ناکرێت بۆ کارێکی سونەت (مەندوب یان موستەحەب)، وئەوەی لە گێڕانەوەی ئەبی بەکرەدا -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە پیاوەکە ڕکوعی برد بە تەنها پاشان چووە پاڵ ڕیزەکەوە؛ پێچەوانەوەی ئەم گێڕانەوەیە نییە چونکە بە تەنها نوێژی نەکردووە، چونکە ڕکاتێکی لە پشت پێغەمبەرەوە ﷺ ئەنجامدا، و بەهۆی ئەوەی تەکبیرەی ئیحرام وبەشێک لە ڕکوعەکەی بە تەنها ئەنجامدا مانای ئەوە نییە کە بە تەنها نوێژی کردووە، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە ڕکاتێک یان زیاتری بە تەنها ئەنجامدا بێت؛ ئەم کەسە بە تەنها نوێژی کردووە جا ئەگەر ڕیزەکە کامڵ بێت یان کامڵ نەبێت، ئەگەر کەسێک بۆشاییەکی لە ڕیزێکدا بینی دەتوانێت بچێتە پاڵ ئەو ڕیزەوە ونابێت بە تەنها نوێژ بکات؛ ئەگەر بەم شێوەیە نەکات ئەوا نوێژەکەی دروست نییە، وئەگەر هیچ بۆشاییەکی نەدۆزییەوە ئەوا لە پشتی ڕیزەکانەوە نوێژ دەکات ونابێت واز لە نوێژی جەماعەت بهێنێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ زوو چوون بۆ نوێژی بەکۆمەڵ وئامادەبوون لە ڕیزی پێشەوە، ونابێت بە تەنها لە پشت ڕیزەکانەوە نوێژ بکرێت بۆئەوەی نوێژەکەی پوچەڵ نەبێتەوە.
٢. ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەوەی بەتەنها دەستی بە نوێژ کرد لە پشت ڕیزەکانەوە پاشان چووە نێو ڕیزەکانەوە پێش بەرزبوونەوەی ئیمام لە ڕکوع بردن؛ ئەوا واجب نییە ئەو ڕکاتە دووبارە بکاتەوە، هەروەکو لە فەرموودەکەی ئەبو بەکرەدا هاتووە، ئەگەرنا واجبە ڕکاتەکە دووبارە بکاتەوە بەپێی ئاماژەی گشتی فەرموودەکەی وابیسە.

(١١٣٠٣)

(١٧١) – عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: ذُكِرَ عند النبي صلى الله عليه وسلم رجل نام ليلة حتى أصبح، قال: **«ذاك رجل بال الشيطان في أُذُنَيْهِ - أو قال: في أُذُنِه»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٧١) – لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک باسکرا لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە شەو خەوت هەتاوەکو بەیانی خۆر هەڵهات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: **«ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

واتای فەرموودەکە: ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی پیاوێک کرا کە هەتا ئاسۆی بەیان دەرکەوت، واتا: هەڵنەستا بۆ شەونوێژ هەتا بانگی بەیانی دا یان هەڵنەستا بۆ نوێژی بەیانی هەتا خۆر دەرکەوت.
پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەوە کەسێکە شەیتانی میزی کردووەتە ناو گوێیەکانی) وئەمەش لەسەر واتا ئاشکراکەیەتی، چونکە هاتووە کە شەیتان دەخوات ودەخواتەوە وجیماع دەکات، بۆیە میزیش دەکات، وئەمەش ئەوپەڕی زەلیلکردن وئیهانەکردنە بۆ ئەو کەسە کە شەیتان دەیکاتە شوێنی میزکردنی خۆی.

وباسی گوێ کراوە چونکە قورسی خەو بەهۆی قورسی گوێیەکانەوەیە، وگوێ شوێنی ئاگادارکردنەوەیە وبۆیە تایبەتی کرد بە میزکردن، چونکە ئاسانتر دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو لاشە ودەمارەکان وئەمەش دەبێتە هۆی تەمەڵبوونی هەموو ئەندامەکان لە کاتی هەستان لە خەودا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. مەکروهیەتی وازهێنان لە شەونوێژ وهۆکاری ئەم وازهێنانە شەیتانە.
٢. هۆشداریدان سەبارەت بە شەیتان کە دادەنیشێت بۆ مرۆڤ لەسەر هەموو ڕێگایەك؛ بۆئەوەی بێتە نێوان ئەو وگوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار -عز وجل- .
٣. ئیبن حەجەر دەڵێت: کاتێك دەفەرموێت: (هەڵنەسا بۆ نوێژ) مەبەست لێی نوێژکردنە بەشێوەیەکی گشتی، یان مەبەستی لێی نوێژێکی دیاری کراوە، واتا شەونوێژ یان نوێژی فەرز.
٤. تەیبی دەڵێت: بەتایبەت باسی گوێی کرد، ئەگەرچیش چاو گونجاوترە باس بکرێت وەکو ئاماژەکردنێك بۆ قورسی خەو، بەڵام لەڕاستیدا گوێیەکان سەرچاوەی یەکەمی ئاگا وهۆشن، و بەتایبەت باسی میزی کرد؛ چونکە ئاسانتر دەچێتە نێو بۆشاییەکان ودەمارەکانەوە، بۆیە دەبێتە هۆی تەمەڵبوونی هەموو ئەندامەکان.

(٣٧١٤)

(١٧٢) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا، وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٧٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«خێرترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینیە ؛ لەو ڕۆژەدا ئادەم خوڵقێنرا، ولەو ڕۆژەدا کرایە بەهەشتەوە، ولەو ڕۆژەدا لێی دەرکرا، وقیامەت لە هیچ ڕۆژێکدا بەرپا نابێت جگە لە ڕۆژی هەینی نەبێت»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات خێرترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینیە، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕۆژە: الله ئادەمی لەم ڕۆژەدا خوڵقاند -علیه السلام-، ولەم ڕۆژەدا کرایە بەهەشتەوە، ولەم ڕۆژەدا لێی دەرکرا ودابەزی بۆ سەر زەوی، وقیامەت لە هیچ ڕۆژێکدا بەرپا نابێت جگە لە ڕۆژی هەینی نەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلە وپایەی ڕۆژی هەینی بەسەر ڕۆژەکانی تری هەفتەوە.

٢. هاندان بۆ بە زۆری ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان لە ڕۆژی هەینیدا، بۆئەوەی خوای گەورە ڕەحم بە بەندە بکات، وخۆی بپارێزێت لە توڕەیی پەروەردگار.

٣. ئەم تایبەتمەندیانەی ڕۆژی هەینی کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە، ووتراوە: بۆ باسکردنی فەزڵی وپلەوپایەی ڕۆژی هەینی نییە ؛ چونکە دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت وبەرپابوونی قیامەت ئەمانە فەزڵ نین، هەروەها ووتراوە: بەڵکو هەموویان فەزڵن، دەرچوونی ئادەم لە بەهەشت هۆکار بوو بۆ بوونی نەوەکانی لە پێغەمبەران وپیاوچاکان، وبەرپابوونی قیامەت هۆکارە بۆ نزیکبوونەوەی پاداشتی چاکەکاران وئەوەی خودا بۆیانی ئامادە کردووە بەدەستی دەهێنن لە ڕێزلێنانی جۆراوجۆر.

٤. تایبەتمەندی تری ڕۆژی هەینی باسکراوە لە گێڕانەوەی تردا، لەوانەیش: لەو ڕۆژەدا خوای گەورە تەوبەی ئادەمی قبوڵ کرد، ولەو ڕۆژەدا وەفاتی کرد، ولە هەینیدا کاتێک هەیە ؛ هەر بەندەیەکی ئیماندار داوای هەرشتێك لە پەروەردگاری بکات پێی دەبەخشێت.

٥. باشترین ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژی عەفەرەیە، ووتراوە: ڕۆژی قوربانیکردنە، وباشترین ڕۆژەکانی هەفتە ڕۆژی هەینیە، وباشترین شەو شەوی قەدرە.

(٣٧١١)

(١٧٣) – عن أبي هُرَيْرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«من اغتسل يوم الْجُمُعَةِ غسل الجنابة، ثم راح في الساعة الأولى فكأنما قرّب بَدَنَة، ومن راح في الساعة الثانية فكأنما قرَّب بقرة، ومن راح في الساعة الثالثة فكأنما قرَّب كَبْشا، ومن راح في الساعة الرابعة فكأنما قرَّب دَجَاجَةً، ومن راح في الساعة الخامسة فكأنما قرَّب بَيْضة، فإذا خرج الإمام حضرت الملائكة يستمعون الذِّكْرَ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٧٣) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئەوەی ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وەکو خۆشۆردنی بۆ پاکبوونەوە لە لەشگرانی، پاشان لە ماوەی یەکەم بچێت وەکو ئەوە وایە وشترێکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی دووەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە مانگایەکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی سێیەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە بەرانێکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی چوارەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە مریشکێکی کردبێتە خێر، وئەوەی لە ماوەی پێنجەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە هێلکەیەکی کردبێتە خێر، ئەگەر ئیمام دەرچوو (سەلامی کرد)؛ ئەوا فریشتەکان ئامادە دەبن وگوێ لە وتار و زیکرەکە دەگرن».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەزڵی خۆشۆردن وزوو چوون بۆ نوێژی جومعە ڕووندەکاتەوە، وپلەکانی فەزڵ وپاداشت لەسەر ئەم کردەوەیە باسدەکات، باسی ئەوە دەکات ئەو کەسەی خۆی بشوات پێش چوون بۆ نوێژی جومعە؛ ئەگەر لە ماوەی یەکەمدا بڕوات ئەوا پاداشتی خێری قوربانیکردنی وشترێکی بۆ هەیە کە لە پێناو خوای گەورە سەری بڕیوە، وئەوەی لە ماوەی دووەمدا بڕوات ئەوا پاداشتی خێری قوربانیکردنی مانگایەکی بۆ هەیە، وئەوەی لە ماوەی سێیەمدا بڕوات ئەوا پاداشتی خێری قوربانیکردنی بەرانێکی دوو قۆچی بۆ هەیە کە زۆر جار باشترین جۆریانن.

وئەوەی لە ماوەی چوارەمدا بڕوات ئەوا پاداشتی خێری سەربڕینی مریشێکی بۆ هەیە، وئەوەی لە ماوەی پێنجەمدا بڕوات ئەوا پاداشتی خێری بەخشینی هێلکەیەکی بۆ هەیە، ئەگەر ئیمام دەربچێت وسەلام بکات بۆ وتاردان، ئەو فریشتانەی ناوی ئامادەبووان دەنووسن؛ دێن ودادەنیشن وگوێ لە وتار دەگرن، بۆیە ئەوەی لە دوای ئەوان بێت واتا لە پاش سەلامکردنی ئیمام بێت بۆ مزگەوت ئەوا لە ئەوانە نابێت کە خێری پاداشتی قوربانیکردن وبەخشینیان بۆ دەنووسرێت. وسەبارەت بە ماوەکان پەسەندترین ڕا ئەوەیە کە ماوەکان دەکرێتە پێنج بەشەوە لە کاتی دەرچوونی خۆرەوەیە هەتا سەلامکردنی ئیمام، بۆیە خێرتر ئەوەیە زووتر ئامادە بێت بۆ ئەوەی پاداشتی زیاتری بنووسرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان وئامۆژگاری بۆ خۆشۆردن لە ڕۆژی جومعەدا، ودەبێت پێش چوون بۆ نوێژی جومعە بێت.

٢. فەزڵ وپلە وپایەی زوو چوون بۆ نوێژی جومعە لە کاتە سەرەتاکانی ڕۆژدا.

٣. هاندان وئامۆژگاری بۆ دەست پێشخەری کردن لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان.

٤. فریشتەکان ئامادەی نوێژی جومعە دەبن وگوێ لە وتارەکە دەگرن.

٥. فریشتەکان وەستاون لە لای دەرگای مزگەوتەکان، یەک لە دوای یەک ناوی ئەوانە دەنووسن کە دێن بۆ نوێژی هەینی.

٦. ئیبن ڕەجەب دەڵێت: کاتێك دەفەرموێت: (ئەوەی ڕۆژی جومعە خۆی بشوات پاشان بچێت) ؛ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خۆشۆردن بۆ نوێژی هەینی سونەتە لەسەرەتای دەرچوونی خۆرەوە هەتاوەکو کۆتا کاتی چوون بۆ نوێژی هەینی.

(٥٣٩٣)

(١٧٤) – عن ثَوْبَانَ رضي الله عنه قال: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلَاتِهِ اسْتَغْفَرَ ثَلَاثًا، وَقَالَ: **«اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ، وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ»**، قَالَ الْوَلِيدُ: فَقُلْتُ لِلْأَوْزَاعِيِّ: كَيْفَ الْاسْتِغْفَارُ؟ قَالَ: تَقُولُ: أَسْتَغْفِرُ اللهَ، أَسْتَغْفِرُ اللهَ. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٧٤) – لە سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەر ﷺ نوێژی تەواو بکردایە (سەلامی بدایەتەوە) سێ جار (ئیستیغفاری)ی دەکرد، وپاشان دەیووت: **«اللهُمَّ أنت السَّلام ومِنك السَّلام، تَبَارَكْتَ يا ذا الجَلال والإكْرَام»**[٨]، وەلید دەڵێت: ووتم بە ئەوزاعی: ئیستیغفار کردن چۆنە؟ ووتی: دەڵێت: أستغفر الله ، أستغفر الله. [٨](واتە: خودایە لە تۆ دوورە هەموو کەم وکورتی وعەیبێک وهەروەها سەلامەتی وکامڵ بوون تەنها لە لایەن تۆوە دێت -تۆ دەیبەخشیت-، تۆ پیرۆزیت وتۆش خاوەنی شەرەف وڕێز وشکۆیت). [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر نوێژەکەی تەواو بکردایە، سێ جار دەیووت: أستغفر الله، أستغفر الله، أستغفر الله؛ (أستغفر الله، واتا: داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم).

پاشان زیکری بەمەزندانانی پەروەردگاری دەووت: (اللهُمَّ أنت السَّلام ومِنك السَّلام، تَبَارَكْتَ يا ذا الجَلال والإكْرَام) واتە: (خودایە هەموو کەموکورتی وعەیبێک لە تۆوە دوورە وهەروەها سەلامەتی وکامڵ بوون تەنها لە لایەن تۆوە دێت -تۆ دەیبەخشیت-، تۆ پیرۆزیت وتۆش خاوەن شەرەف وڕێز وشکۆیت).

خوای گەورە کامڵە وسەلامەتە لە هەموو سیفەتەکانیدا، وسەلامەتە لە هەموو عەیبێک وگشت کەموکورتیەک لە ئەو زاتە دوورە، وئەم نزایە داواکردنە لە پەروەدگار -سبحانه وتعالى- بۆئەوەی سەلامەتی بە بەندە ببەخشێت ودووری

بخاتەوە لە شەڕ وزیانەکانی دونیا وقیامەت، وخوای گەورە -سبحانە وتعالی- مەزنە وچاکەکارە وخاوەن خێر وبەرەکەتی زۆری دونیا وقیامەتە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئیستیغفار کردن لەپاش تەواوبوونی نوێژ وبەردەوامبوون لەسەر ئەمە ؛ سونەتە.
٢. ئیستیغفار کردن لەپاش تەواوبوونی نوێژ ؛ سونەتە، بۆ پڕکردنەوە وچاککردنەوەی کەموکورتی لەپەرستندا.

(١٠٩٤٧)

(١٧٥) – عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ قَالَ: كَانَ ابْنُ الزُّبَيْرِ يَقُولُ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ حِينَ يُسَلِّمُ: **«لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَلَا نَعْبُدُ إِلَّا إِيَّاهُ، لَهُ النِّعْمَةُ وَلَهُ الْفَضْلُ وَلَهُ الثَّنَاءُ الْحَسَنُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ»** وَقَالَ: **«كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُهَلِّلُ بِهِنَّ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٧٥) – لە ئەبی زوبەیرەوە دەڵێت: ئیبن زوبەیر لەدوای هەموو نوێژێک پاش ئەوەی سەلامی دەدایەوە، دەیووت: **«لا إله إلا الله وحده لا شريكَ له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيءٍ قديرٌ، لا حولَ ولا قوةَ إلا بالله، لا إله إلا الله، ولا نعبد إلا إيَّاه، له النِّعمة وله الفضل، وله الثَّناء الحَسَن، لا إله إلا الله مخلصين له الدِّين ولو كَرِه الكافرون»**^. ودەیووت: **«پێغەمبەر ﷺ لەپاش هەموو نوێژێک ئەم تەهلیلەی دەووت»**. (تەهلیل: واتە زیکرێک -لا إله إلا الله-ی تێدا بێت)، ^(واتە: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وتەنها خۆی شایەنی پەرستنە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو موڵک وسوپاسێک تەنها هەر بۆ ئەوە، وئەو تواناداره لە سەر هەموو کارێک، هیچ هێز وتوانایەکمان نییە تەنها ئەوە نەبێت لای ئەوەوە دێت، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، بە تەنها ئەو دەپەرستین وهەموو نیعمەت وفەزڵێک هی ئەوە وموڵکی ئەوە، وهەموو

وەسفێکی جوان هەر بۆ ئەوە، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، دینداریمان بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە هەر تەنها بۆ ئەوە ئەگەرچی کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت). [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەپاش هەموو سەلامدانەوەیەکی نوێژی فەرز ؛ تەهلیلی دەووت -تەهلیل: واتا زیکرێت [لا إله إلا الله]ی تێدا بێت-، واتای:
(لا إله إلا الله)، واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله.
(وحده لا شريكَ له) واتا: تەنها خۆی شایەنی پەرستنە وهیچ شەریک و هاوبەشێکی نییە لە خودایەتی -پەرستراوێتی- وپەروەردگارێتی وناو وسیفەتەکانیدا.
(له الملك) واتا: هەموو شتێک لە گەردووندا وئەوەی لەنێوان ئاسمانەکان وزەویە بەگشتی وبەرەهایی تەنها موڵکی ئەوە.
(وله الحمد) واتا: هەموو حەمد وسوپاسێک تەنها هەر بۆ ئەوە، لەگەڵ کامڵی خۆشویستن و بەمەزنданان لە هەموو کاتێکدا لەخۆشی وناخۆشیدا.
(وهو على كل شيءٍ قديرٌ)، واتا: وئەو تواناداره لە سەر هەموو کارێک، توانا وهێز ودەسەڵاتی کامڵە لەهەموو ڕوویەکەوە، وهیچ شتێک نییە کە بێ توانا بێت لەسەر کردنی، وهیچ شێک لەژێر دەسەڵاتی دەرناچێت.
(لا حولَ ولا قوةَ إلا بالله)، واتا: هیچ هێز وتوانایەکمان نییە تەنها ئەوە نەبێت لای ئەوەوە دێت، وناتوانین لە حاڵێکەوە بگۆڕێین بۆ حاڵێکی تر، یان لە سەرپێچیەوە بڕۆین بەرەو گوێڕایەڵی ؛ هیچ هێز وتوانایەکمان لەسەر ئەم کارە نییە مەگەر بە یارمەتی پەروەردگار وتەوەکول بە ئەو زاتە نەبێت.
(لا إله إلا الله، ولا نعبد إلا إيَّاه)، واتا: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وبە تەنها ئەو دەپەرستین، ئەم زیکرە جەختکردنەوەیە لەسەر خودایەتی -پەرستراوێتی- الله، ونکۆڵیکردنە لە شیرک، وتەنها ئەو شایستەی پەرستنە.

(له النِّعمة وله الفضل)، واتا: وهەموو نیعمەت وفەزڵێک هی ئەوە وموڵکی ئەوە، تەنها ئەو نیعمەتەکان دەخوڵقێنێت وخاوەنیانە، وبە فەزڵی خۆی دەیبەخشێت بە هەریەکێک بیەوێت لە بەندەکانی.
(وله الثَّناء الحَسَن)، واتا: وهەموو وەسفێکی جوان هەر بۆ ئەوە، لە زاتی مەزنی وسیفەتەکانی وکردەوە ونیعمەتەکانی، ولە هەموو حاڵەتێکدا.
(لا إله إلا الله مخلصين له الدِّين)، واتا: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، دینداریمان بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە هەر تەنها بۆ ئەوە، واتا موەحیدین -یەک خوا پەرستین- لە گوێڕایەڵی خوای گەورە ؛ نەک بۆ ڕیایی وناوبانگ بێت.
(ولو كَرِهِ الكافرون)، واتا: ئەگەرچیش کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت ئێمە جێگیر ودامەزراوین لەسەر تەوحید -یەک خوا پەرستی- وپەرستنی الله.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. موستەحەبە (سونەتە) لە پاش هەموو نوێژە فەرزەکان پارێزگاری لە وتنی ئەم زیکرانە بکرێت.
٢. مسوڵمان شانازی بە ئاینەکەی دەکات ودروشمەکانی دەردەخات ئەگەرچیش کافرەکان پێیان ناخۆش بێت.
٣. ئەگەر لە فەرموودەدا وشەی (دُبر الصلاة:پاش نوێژ) هات، ئەگەر ئەوەی لە فەرموودەکەدا هاتووە ؛ زیکر بێت ئەوا لەپاش سەلامدانەوە دەووترێت، بەڵام ئەگەر نزا بێت ؛ ئەوا لەپێش سەلامدانەوە لە نوێژ دەووترێت.

(٦٢٠٣)

(١٧٦) – عَنْ وَرَّادٍ كَاتِبِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ قَالَ: أَمْلَى عَلَيَّ الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ فِي كِتَابٍ إِلَى مُعَاوِيَةَ: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ: **«لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٧٦) – لە وەرادەوە نووسەری موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت: موغیرەی کوڕی شوعبە پێمی ووت کە پەیامێک بنوسم بۆ موعاویە: پێغەمبەر ﷺ لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت: **«(لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە الله کە تەنها وتاکە وبێ هاوتایە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو موڵکێک ئەو خاوەنداریەتی وهەموو حەمد وسوپاسکردنێک تەنها بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک توانادارە، خودایە ؛ هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک ببەخشێت ئەگەر تۆ بیگریتەوە ونەیبەخشیت، خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت)»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە الله کە تەنها وتاکە وبێ هاوتایە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو موڵکێک ئەو خاوەنداریەتی وهەموو حەمد وسوپاسکردنێک تەنها بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک توانادارە، خودایە ؛ هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ

بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک ببەخشێت ئەگەر تۆ بیگریتەوە ونەیبەخشیت، خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت): واتا دان دەنێم بە وشەی تەوحید -یەك خوا پەرستی- ئەویش (لا إله إلا الله) یە، بەندایەتی وپەرستن بەهەق تەنها دەبێت بۆ الله بێت، ونکۆڵی دەکەم بۆ هیچ یەکێك بەندایەتی وپەرستن بکرێت جگە لە الله، بۆیە هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە الله.

ودان دەنێم بەوەی بەتەواوی هەموو شتێك موڵکی الله یە وئەو خاوەنی هەموو شتێکە، وهەموو حەمد وستایشێك دەووترێت لەئاسمانەکان وزەویدا ؛ تەنها شایستەیە بۆ الله بێت، ئەو لەسەر کردنی هەموو شتێك تواناداره، وئەوەی قەدەری خودایە لە بەخشین یان نەبەخشین؛ ڕەتدانەوەی نییە، و لەلای ئەو زاتە ؛ دەوڵەمەند دەوڵەمەندیەکەی سوودی بۆی نابێت بەڵکو تەنها کردەوەی چاك سوودی هەیە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە ئەم زیکرە بووترێت لە پاش نوێژە فەرزەکان چونکە دەستەواژەکانی تەوحید -یەک خوا پەرستی- وحەمد وستایشکردنی تێدایە.

٢. پەلەکردن بۆ جێبەجێکردنی سونەت وبڵاوکردنەوەی.

(٦٥١٠٢)

(١٧٧) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«مَن سبَّح الله دُبُر كل صلاة ثلاثا وثلاثين، وحَمِد الله ثلاثا وثلاثين، وكَبَّر الله ثلاثا وثلاثين، فتِلك تِسْعَةٌ وتِسْعُونَ، وقال تَمَام المائة: لا إلَه إلا الله وحْدَه لا شريك له، له المُلك، وله الحَمد، وهو على كلِّ شيءِ قَدِير، غُفِرَت خَطَايَاه، وإن كانت مثل زَبَدِ البَحْرِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٧٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک پاش هەموو نوێژێک (نوێژێکی فەرز): سی وسێ جار بڵێت (سبحان الله)، وسی وسێ جار بڵێت (الحمد لله)، وسی وسێ جار بڵێت (الله أكبر)، ئەمە نەوەد ونۆ وسەدەهەم تەواو بکات بە ووتنی: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له, له الملك, وله الحمد, وهو على**

**كل شيء قدير)*؛ ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر گوناهەکانی وەکو کەفی سەر دەریاش بن (لە زۆریدا)». ***(واتە: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره). [صەحیحە]

- [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا باسی فەزڵی تەسبیح کردن وتەحمید کرد وتەکبیر کردن وتەهلیل کردن دەکات لە پاش نوێژە فەرزەکاندا، وبەستنەوەی وتنی ئەم زیکرانە بەم شێوە وژمارەیە بەستراوە بە وتنیان لە پاش نوێژە فەرزەکان.

وتەسبیح کردن: واتا وتنی -سبحان اللە- کە ئەمیش بە مانای دانپێدانانە بەوەی هەموو کەموکورتیەک لە خودا دوورە وبێگەردە وپاکە لە هەموو عەیبێک، خودا خاوەنی ئەوپەڕی کامڵبوونە لە هەموو شتێکدا، کامڵە لە ناوەکانی وسیفاتەکانی وکردەوەکانی. تەحمید کردن: واتا وتنی -الحمد للە- وئەمیش وەسف وستایشکردنی خودایە -سبحانە وتعالی- بە سیفەتەکانی کامڵبوون. وتەکبیرکردن: واتا وتنی -اللە أکبر-، وئەمیش ستایشکردنی خودایە بەوەی لە هەموو شتێک گەورەترە وخاوەنی شکۆداری ومەزنێتیە لە ئاسمانەکان وزەویدا وئەویش شکۆدار -العزیز-ە ودانایە -الحکیم-ە.

وئەم فەزڵەی باسکراوە بریتیە لە لێخۆشبوون لە تاوانەکان چونکە ووتنی ئەم زیکرانە هۆکاری لێخۆشبوونە لە تاوانەکان وسڕینەوەیان، ومەبەستیش: تاوانە بچوکەکانە نەک تاوانە گەورەکان، چونکە تەنها تەوبەی نەسوح دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانە گەورەکان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ﴾ [النساء: ٣١]، واتە: ﴿ئەگەر دوور بکەونەوە لەو تاوانە گەورانەی کە لێتان قەدەغە کراوە ئەوا تاوانە بچووکەکانتان بۆ دەپۆشین ودەتانکەینە شوێنێکی چاک و ڕێزدارەوە﴾.

ئەوەی ئەم زیکرانە بخوێنێت بەو شێوە وبڕەی کە باسکراوە جا ئەگەر پاش ماوەیەکی کەم بێت لە تەواو بوونی نوێژەکە یان بە دانیشتنەوە یان بە پێوە یان بە ڕێکردنەوە یان ڕووی لە قیبلە بێت یان پشتی لە قیبلە بێت یان لە ناو مزگەوت بێت یان لە دەرەوەی مزگەوت بێت؛ ئەوا پاداشتی تەواوی بۆ دەنووسرێت وخودا ستەم لە کەس ناکات، وئەگەر پاش ماوەیەکی زۆر ئەنجامی بدات ئەوا ئەم فەزڵەی لە دەستچووە کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە بەڵام پاداشتی زیکر کردنی بۆ هەیە بە شێوەیەکی گشتی.
ولە جوانی فەزڵەکانی خودا ئەوەیە کە لێخۆشبوون لە هەموو تاوانەکان دەگرێتەوە چەندێک زۆریش بن، وئاماژە بۆ زۆری تاوانەکان لەم فەرموودەیەدا دەستنیشانکراوە کە ﷺ دەفەرموێت: (وإن كانت مثل زبد البحر) واتە: (ئەگەر گوناهەکانی وەکو کەفی سەر دەریاش بن -لە زۆریدا-)، وئەو بڕە ژمارەیەی لێرەدا باسکراوە بۆ ووتنی: (سبحان الله والحمد لله والله أكبر) سی وسێ جارە بۆ هەریەکێک لەم زیکرانە؛ کە دەووترێن بەهەر شێوەیەک بیەوێت، وپاشان یەک جار دەڵێت: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له, له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير)*.
*(واتە: هیچ پەرستراوێک حەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە -موستەحەبە- ئەم زیکرە بڵێت لە پاش نوێژە فەرزەکان.
٢. ووتنی ئەم زیکرە هۆکارە بۆ لێخۆشبوون.
٣. مەزنی فەزڵ وڕەحمەت ولێخۆشبوونی پەروەردگار -سبحانه وتعالى-.
٤. ووتنی ئەم زیکردە هۆکارە بۆ لێخۆشبوون ؛ مەبەست: لێخۆشبوونە لە گوناهە بچووکەکان، بەڵام گوناهە گەورەکان بە تەوبە کردن پەروەردگار لێی خۆشدەبێت.

(١٠٩٤٨)

(١٧٨) – عن أبي أمامة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : «**من قرأ آية الكرسي في دبر كل صلاة مكتوبة لم يمنعه من دخول الجنة إلا أن يموت**». وفي رواية: «**وقل هو الله أحد**». [صحيح] - [رواه النسائي، والرواية الأخرى أخرجها الطبراني]

(١٧٨) – له ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**هەرکەسێک (ئایەتی کورسی) بخوێنێت لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز؛ ئەوا هیچ شتێک ڕێگر نابێت لەوەی بچێتە بەهەشتەوە جگە لە مردن نەبێت**».
وله گێڕانەوەیەکدا: «**و(قل هو الله أحد -سورەتی الإخلاص-)؛ بخوێنێت**».
[صەحیحە] – [تەبەرانی و نەسائی گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە فەزڵ ومەزنی خوێندنەوەی (ئایەتی الكرسي) ڕووندەکاتەوە کە لە (سورەتی البقرة)دا هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ} [البقرة: ٢٥٥] واتە: {الله ئەو خودایەیە کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، هەمیشە زیندووە وتەدبیرکار وڕاگری (بوونەوەرەکانە)، و وەنەوز نایگرێت وناخەوێت، هەرچی لە ئاسمانەکان وزەویدایە موڵکی ئەوە، کێ هەیە لەو ڕۆژەدا بتوانێت تکا وشەفاعەت لە لای ئەو بکات مەگەر بە ڕێگاپێدان وئیزنی ئەو زاتە مەزنە نەبێت، ئاگادارە بە ئەوەی لە پێشەوەی (ئادەمی) یە و(ئەوەی لە دونیا لە بەردەستیاندایە) وئەوەی لە پاشەوەیەتی (لە ڕۆژی دوایی بۆیان ئامادەکراوە)، وکەس ئاگای نییە لە هیچ شتێک لە زانین وزانیاری ئەو (خودا) یە مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت (بیبەخشێت پێیان)، کورسیەکەی* خودا هەموو

ئاسمانەکان وزەوی گرتۆتەوە، وپارێزگاری کردنی ئاسمانەکان وزەوی بۆ خودا ئاسانە و(گران نییە) وهەر ئەو بڵندە پلەوپایەی مەزن وگەورەیە}.
لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز ئەم ئایەتە سونەتە بخوێندرێت، وفەزڵەکەش بریتیە لە چوونە بەهەشت یان ئەگەر لە ماوەیەک پاش ووتنی ئەو ئایەتە بمرێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە. *(کورسی: دروستکراوێکی مەزنی خودایە وعەرش لە کورسی گەورەترە، وکورسی ئەو شوێنەیە خودا پێیەکانی -لەسەری یان لە نێوی دادەنێت-)

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی ئەم ئایەتە مەزنە؛ بەهۆکاری ئەو ناو وسیفاتە بەرز وبڵندانەی پەروەردگارمان کە لەم ئایەتەدا باسکراوە.
٢. سونەتە ئەم ئایەتە مەزنە -ئایەتی کورسی- بخوێندرێت لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز.
٣. کردەوە چاکەکان هۆکاری چوونە بەهەشتن.

(١٠٩٥٠)

(١٧٩) – عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: حَفِظْتُ مِنَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَشْرَ رَكَعَاتٍ: رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ المَغْرِبِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ العِشَاءِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلاَةِ الصُّبْحِ، وَكَانَتْ سَاعَةً لاَ يُدْخَلُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِيهَا، حَدَّثَتْنِي حَفْصَةُ أَنَّهُ كَانَ إِذَا أَذَّنَ المُؤَذِّنُ وَطَلَعَ الفَجْرُ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ، وَفِي لَفْظٍ: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُصَلِّي بَعْدَ الجُمُعَةِ رَكْعَتَيْنِ. [صحيح] - [متفق عليه بجميع رواياته]

(١٧٩) – لە عبداللهی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: دە ڕکاتم لەبەرکرد لە پێغەمبەرەوە ﷺ (لە نوێژە سونەتەکان): دوو ڕکات پێش نوێژی نیوەڕۆ ودوو ڕکات پاشی، ودوو ڕکات پاش نوێژی مەغریب لەماڵەکەیدا، ودوو ڕکات پاش نوێژی عیشا لەماڵەکەیدا، ودوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی، کاتێکی دیاریکراو کەس نەدەچوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ؛ حەفسە پێمی ووت: ئەگەر

بانگیژ بانگی بدایە بەرەبەیان دەربکەوتایە ؛ پێغەمبەر ﷺ دوو ڕکاتی دەکرد، ولەگێڕانەوەیەکدا: پێغەمبەر ﷺ لەپاش نوێژی هەینی دوو ڕکاتی دەکرد. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەموو ریوایەتەکانی]

## شیکردنەوە:

عبداللهی کوڕی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ڕوونیدەکاتەوە کە دە ڕکات نوێژی سونەتی لەبەرکردووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ، وپێیان دەووترێت سونەتە راتیبەکان، کە بەم شێوەیە: دوو ڕکات لەپێش نوێژی نیوەڕۆ، ودوو ڕکات لەپاشی، دوو ڕکات لەپاش نوێژی مەغریب لەماڵەکەیدا، دوو ڕکات لەپاش نوێژی عیشا لەماڵەکەیدا، دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی، بەم شێوەیە دە ڕکاتەکە. سەبارەت بە نوێژی هەینی ؛ دوو ڕکات لەپاشی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەنجامدانی ئەم نوێژە سونەتە راتیبانە وبەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانیان ؛ سونەتە.
٢. ئەنجامدانی نوێژە سونەتەکان لەماڵەوە ؛ ڕێگەپێدراوە.

(٣٠٦٢)

(١٨٠) – عن عائشة رضي الله عنها أن النبي صلى الله عليه وسلم كان لا يَدع أربعا قَبل الظهر وركعتين قبل الغَدَاة. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٨٠) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر ﷺ هەرگیز وازی نەدەهێنا لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ودوو ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی بەیانی». [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بەردەوام بوو لەسەر ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت پێش نوێژی نیوەڕۆ، وئەمیش پێچەوانەی گێڕانەوەکەی ئیبن عومەر نییە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: (صَلَّيْتُ مع رَسولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الظُّهْرِ...)

[البخاري] واته: (دوو ڕكاتی سونەتم پێش نوێژی نیوەڕۆ ئەنجامدا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ...)، وكۆكردنەوەی ئەم دوو گێڕانەوە بەم شێوەیە دەبێت هەندێک جار چوار ڕكات وهەندێک جار دوو ڕكاتی ئەنجامدەدا لە پێش نوێژی نیوەڕۆ، وهەردوو گێڕەرەوەكە باسی هەردووكیان كردووە، وئەمیش لە زۆربەی پەرستنە سونەتەكان هەن.

چوار ڕكات نوێژی سونەت ئەنجامدەدرێت بە دوو سەلامدانەوە واتا دوو ڕكات دوو ڕكات، وئەگەر هەرچوار ڕكاتەكە پێكەوە بكات بە یەک سەلامدانەوە ئەوا دروستە. وپێغەمبەر ﷺ بەردەوام بوو لەسەر ئەنجامدانی دوو ڕكاتی سونەت پێش نوێژی بەیانی ولە هەندێک گێڕانەوەدا تەنانەت لە سەفەریشدا ئەنجامی دەدا.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. سوننەتە بەردەوامبوون لەئەنجامدانی چوار ڕكات لە پێش نوێژی نیوەڕۆ، ودوو ڕكات لە پێش نوێژی بەیانی.

٢. نوێژە سوننەتە ڕاتیبەكان باشتر وایە لە ماڵەوە ئەنجامبدرێن، بۆیە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- بەم شێوەیە باسی كردووە.

(١١٢٤٩)

(١٨١) – عَنْ أَبِي قَتَادَةَ السَّلَمِيِّ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يَجْلِسَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨١) – لە ئەبی قەتادەی سەلەمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر یەكێكتان چووە نێو مزگەوتەوە ؛ با دوو ڕكات ئەنجامبدات پێش ئەوەی دابنیشێت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری كردووە كە هەركەسێك چووە نێو مزگەوتەوە ؛ لە هەركاتێك و بۆ هەرمەبەستێك بێت، دەبێت دوو ڕكات نوێژ بكات پێش ئەوەی دابنیشێت وئەمیش پێی دەووترێت دوو ڕكاتی (تەحیەت ئەلمەسجید:تحیة المسجد:سڵاوكردن لە مزگەوت).

**له سوودەكانی فەرموودەكە:**

١. ئەنجامدانی دوو ڕكات سونەتە ؛ لەكاتی چوونە نێو مزگەوت وپێش دانیشتن، پێی دەووترێت:
دوو ڕكاتی (تەحیەت ئەلمەسجید:تحية المسجد).
٢. ئەم فەرمانە لەسەر ئەو كەسەیە كە دەیەوێت دابنیشێت لە نێو مزگەوتدا، بۆیە هەركەسێک بچێتە نێو مزگەوتەوە ودەربچێت ودانەنیشتێت؛ فەرمانەكە نایگرێتەوە.
٣. ئەگەر نوێژخوێن بچێتە نێو مزگەوتەوە وخەڵكی لەنوێژی بەكۆمەڵدا بن، وئەویش لەگەڵیان بچێتە نێو ڕیزەوە ؛ ئەمە شوێنی ئەو دوو ڕكاتە دەگرێتەوە وپێویست ناكات ئەنجامی بداتەوە.

(٦٥٠٩١)

(١٨٢) – عن أَبِي هُرَيرةَ رضي الله عنه أنَّ رسول الله صلى الله عليه وسلمَ قال: **«إذا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ: أَنْصِتْ، يومَ الجمعةِ، والْإِمامُ يَخْطُبُ، فَقَدْ لَغَوْتَ»**.

[صحيح] - [متفق عليه]

(١٨٢) – لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر بە هاوڕێكەت بڵێیت: بێدەنگ بە لە ڕۆژی هەینی لە كاتێكدا وتار خوێن وتار دەدات؛ ئەوا تۆ قسەیەكی پوچ وبەتاڵت وتووە».** [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

**شیكردنەوە:**

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەكاتەوە كە یەكێك لە ئەدەبە واجبەكان لەسەر ئەوانەی ئامادەی نوێژی هەینی دەبن بریتیە لە: بەجوانی گوێگرتن بۆ وتارێژ ؛ بۆئەوەی بیر لە ئامۆژگاریەكان بكاتەوە، و هەركەسێك قسەیەك بكات ؛ لەكاتێكدا ئیمام وتار دەدات -ئەگەرچیش قسەیەكی كەم بێت- ؛ وەكو بەیەكێكی تر بڵێت: (بێدەنگ بە) و (گوێبگرە)، ئەوا فەزڵی نوێژی هەینی لەدەستچووە.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. حەرامبوونی قسەكردن لەكاتی وتاردا، ئەگەرچیش بۆ نەهی كردن بێت لە هەڵە یان وەڵامدانەوەی سەلام یان وەڵامدانەوەی ئەوەی دەپژمێت.
٢. ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە قسە لە گەڵ ئیمام دەكەن یان ئیمام قسەیان لە گەڵدا دەكات.
٣. قسەكردن لەنێوان دوو وتارەكە لەكاتی پێویستیدا ؛ ڕێگەپێدراوە.
٤. ئەگەر پێغەمبەر ﷺ باسكرا لەكاتی وتاردا وئیمام خەریكی وتاردان بوو ؛ ئەوا بەنهێنی سەڵاتی لەسەر دەدەیت وسەلامی لێدەكەیت، و ووتنی (ئامین) لەپاش نزاكردنیش بەهەمان شێوە.

(٣١٠٧)

(١٨٣) – عن عمران بن حصين رضي الله عنه قال: كَانَتْ بِي بَوَاسِيرُ، فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الصَّلَاةِ، فَقَالَ: **«صَلِّ قَائِمًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٨٣) – لە عیمران كوڕی حوصەینەوە دەڵێت: تووشی مایەسیری هاتبووم، پرسیارم لە پێغەمبەر ﷺ كرد دەربارەی نوێژكردن (بەم حاڵەتەوە)، فەرمووی: **«بە پێوە نوێژ بكە، ئەگەر ناتوانیت ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدە، خۆ ئەگەر هەر ناتوانیت ئەوا بە پاڵكەوتنەوە نوێژ بكە»**. [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەكاتەوە كە بنچینە لە نوێژكردن ئەوەیە بەپێوە ئەنجامبدرێت، مەگەر لەحاڵەتی بێ تواناییدا؛ ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی دەدات، وئەگەر بەم حاڵەتەوە نەتوانێت ئەوا بەپاڵكەوتنەوە نوێژ دەكات.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. فەرزێتی نوێژكردن لەسەر مرۆڤ لاناچێت؛ هەتا ئەقڵی جێگیر بێت، وئەنجامدانی بە حاڵەتێک یان بەحاڵەتێكی تر بەپێی تواناyەتی.

٢. لێبوردەیی وئاسانی شەریعەتەکانی (یاساکانی) ئاینی ئیسلام ؛ بەندە هێندە پەرستن ئەنجامدەدات کە دەتوانێت.

(١٠٩٥١)

(١٨٤) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«صَلَاةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨٤) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«نوێژکردن لەم مزگەوتەی من خێری زیاترە لە هەزار نوێژکردن لەمزگەوتەکانی تر، جگە لەمزگەوتی حەرام نەبێت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەزڵ وپاداشتی نوێژکردن ڕووندەکاتەوە لە مزگەوتەکەی ئەودا، کە پاداشتی زیاترە لە هەزار نوێژکردن لە مزگەوتێکی تر لە مزگەوتەکانی سەر زەوی، جگە لە مزگەوتی حەرام نەبێت لە مەککەی پیرۆز ؛ کە پاداشتی نوێژ کردن تێیدا زیاترە لە پاداشتی نوێژکردن لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چەندەها جاربوونی پاداشتی نوێژکردن لە مزگەوتی حەرام ومزگەوتی نەبەوی.
٢. نوێژکردن لەمزگەوتی حەرام خێرترە لە نوێژکردن لە مزگەوتەکانی تر ؛ بە سەد هەزار جار.

(٦٥٠٩٠)

(١٨٥) – عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ رضي الله عنه: أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ أَرَادَ بِنَاءَ الْمَسْجِدِ فَكَرِهَ النَّاسُ ذَلِكَ، وَأَحَبُّوا أَنْ يَدَعَهُ عَلَى هَيْئَتِهِ، فَقَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«مَنْ بَنَى مَسْجِدًا لِلهِ بَنَى اللهُ لَهُ فِي الْجَنَّةِ مِثْلَهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨٥) – له مەحمودی کوڕی لەبیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عوسمانی کوڕی عەفان ویستی مزگەوتەکە جارێکی دروست بکاتەوە وخەڵکیش پێیان ناخۆش بوو، وحەزیان کرد مزگەوتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەویش ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە ﷺ کە دەیفەرموو: **«هەرکەسێک مزگەوتێک لە پێناو خوای گەورە دروست بکات؛ ئەوا خوای گەورە (خانوویەکی) بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا وەکو ئەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عوسمانی کوڕی عەفان -ڕەزای خوای لێبێت- ویستی مزگەوتەکەی پێغەمبەر ﷺ دروست بکاتەوە بە شێوەیەکی چاکتر لەوەی لەسەری دروستکراوە، خەڵکی حەزیان بەمە نەکرد ؛ چونکە گۆڕینی مزگەوتە لەو شێوەی لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ بنیات نرابوو، لە خشتی قوڕ دروستکرابوو وسەقفی لە لقی دارخورما بوو، بەڵام عوسمان ویستی بە بەرد وگەچ دروستی بکاتەوە، عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- پێیانی ووت ئەو گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بووە کە فەرموویەتی: ئەوەی مزگەوتێك دروست بکات لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورە نەك بۆ ڕیا وناوبانگی بێت، خوای گەورە بەهاوشێوەی کردەوەکەی پاداشتی دەداتەوە، وئەم پاداشتە بریتیە لەوەی: خوای گەورە وەکو ئەوە ماڵێکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری کردن بۆ دروست کردنی مزگەوت، وڕوونکردنەوەی فەزڵ وپاداشتی ئەم کردەوە مەزنە.

٢. فەزڵ وپاداشتی دروستکردنی مزگەوت؛ نوێکردنەوە وفراوانکردنی مزگەوتیش دەگرێتەوە.
٣. ڕوونکردنەوەی گرنگی دڵسۆزی -ئیخلاص- بۆ خوای گەورە -سبحانە وتعالی- لە هەموو کردەوەکانی بەندەدا.

(٦٥٠٨٩)

(١٨٦) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «ما مِن صاحب ذَهب، ولا فِضَّة، لا يُؤَدِّي منها حقَّها إلا إذا كان يوم القيامة صُفِّحَتْ له صَفَائِحُ من نار، فَأُحْمِيَ عليها في نار جهنَّم، فيُكْوى بها جَنبُه، وجَبينُه، وظهرُه، كلَّما بَرَدَت أُعِيْدَت له في يوم كان مِقداره خمسين ألف سنة، حتى يُقْضَى بين العِباد فَيَرى سَبِيلَه، إما إلى الجنة، وإما إلى النار». قيل: يا رسول الله، فالإبْل؟

قال: «ولا صَاحِبِ إِبل لا يُؤَدِّي منها حَقَها، ومن حقِّها حَلْبُهَا يوم وِرْدِهَا، إلا إذا كان يوم القيامة بُطِح لها بِقَاعٍ قَرْقَرٍ. أوْفَرَ ما كانت، لا يَفْقِد منها فَصِيلا واحِدَا، تَطَؤُهُ بِأَخْفَافِهَا، وتَعَضُّه بِأَفْوَاهِهَا، كلما مَرَّ عليه أُولاَها، رَدَّ عليه أُخْرَاها، في يوم كان مِقْداره خمسين ألف سنة، حتى يُقضى بين العباد، فَيَرَى سَبِيلَه، إما إلى الجنة، وإما إلى النار». قيل: يا رسول الله، فالبقر والغنم؟

قال: «ولا صاحب بقر ولا غَنَم لاَ يُؤَدِّي منها حقها، إلا إذا كان يوم القيامة، بُطِح لها بِقَاعٍ قَرْقَرٍ، لا يَفْقِد منها شيئا، ليس فيها عَقْصَاء، ولا جَلْحَاء، ولا عَضْبَاءُ، تَنْطَحُهُ بِقُرُونِها، وتَطَؤُهُ بِأَظْلاَفِهَا، كلَّمَا مَرَّ عليه أُولاَها، رَدَّ عليه أُخْرَاها، في يوم كان مِقداره خمسين ألف سنة حتى يُقضى بين العِباد، فَيَرَى سَبيلَه، إما إلى الجنة، وإما إلى النار». قيل: يا رسول الله فالخيل؟

قال: «الخَيل ثلاثة: هي لرَجُلٍ وِزْرٌ، وهي لرَجُل سِتْر، وهي لِرَجُلٍ أجْرٌ. فأمَّا التي هي له وِزْرٌ فَرَجُلٌ ربَطَهَا رِيَاءً وَفَخْرًا وَنِوَاءً على أهل الإسلام، فهي له وِزْرٌ، وأما التي

هي له سِتْرٌ، فرَجُل ربَطَها في سبيل الله، ثم لم يَنْس حَقَّ الله في ظُهورها، ولا رقَابِها، فهي له سِتْرٌ، وأما التي هي له أَجْرٌ، فرَجُل ربَطَها في سبيل الله لأهل الإسلام في مَرْج، أو رَوْضَةٍ فما أكلت من ذلك المَرْجِ أو الرَّوْضَةِ من شيء إلا كُتِبَ له عَدَدَ ما أكَلَتْ حسنات وكتب له عَدَد أرْوَاثِهَا وَأبْوَالِهَا حسنات، ولا تَقْطَعُ طِوَلَهَا فَاسْتَنَّتْ شَرَفا أو شَرَفَيْنِ إلا كَتَب الله له عَدَد آثَارِهَا، وَأرْوَاثِهَا حسنات، ولا مَرَّ بها صَاحِبُها على نَهْر، فشَربَت منه، ولا يُريد أن يَسْقِيهَا إلا كَتَب الله له عَدَد ما شَرَبت حسنات». قيل: يا رسول الله فالحُمُرُ؟ قال: «ما أُنْزِل عليَّ في الحُمُر شيء إلا هذه الآية الفَاذَّة الجامعة: (فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يره * ومن يعمل مثقال ذرة شرا يره) [الزلزلة: ٧ - ٨]». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨٦) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەر خاوەنی زێڕ وزیوێك مافەكەی (زەكاتەكەی) نەدات لە ڕۆژی قیامەتدا پلێتی ئاگرینی بۆ ئامادە دەكرێت كە لە ئاگری دۆزەخدا سوور كراوەتەوە، لاتەنیشت و نێوچاوان وپشتی پێ داخ دەكرێت، هەر كاتێک (پلێتەكان) سارد بوونەوە دووبارە گەرم دەكرێنەوە، لە ڕۆژێكدا كە ماوەكەی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا دادوەری لەنێوان هەموو بەندەكاندا تەواو دەكرێت، پاشان ڕێگەی پێنیشان دەدرێت یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ»**،
ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە وشتر؟
فەرمووی: **«خاوەنی وشتریش هەندێ لە مافەكەی ئەوەیە لە ڕۆژی هێنانیدا بۆ سەر ئاو بۆ دۆشین دەبێت بەشی نەدارانی لێبدرێت؛ ئەگەر نا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو كەسەی (كە زەكاتی لە وشترەكان نەداوە) لەسەر ڕووی فرێ دەدرێتە سەر بیابانێكی تەختی ساف، وشترەكان دێن قەڵەوتر وگەورەترە دەبن تەنانەت بێچووەكانیشیان لەگەڵدایە، پێی پێدەنێن وگازی لێدەگرن، كاتێک ئەوانەی سەرەتا تەواو دەبن ودێنە كۆتایی سەر لە نوێ دەستپێدەكەنەوە بە درێژایی ڕۆژێک كە ماوەكەی پەنجا هەزار ساڵە هەتا**

**دادوەری لە نێوان هەموو بەندەکاندا تەواو دەبێت، پاشان (ئەو کەسەی ئەمەی بەسەردا هات بەهۆی زەکات نەدان لە وشتردا) ڕێگەی خۆی پێنیشان دەدرێت، یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ»**، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە گاگەل (گا ومانگا) وپەز (مەڕو بزن)؟

فەرمووی: **«هەر خاوەنێکی ئەمانە ئەوەی کە لەسەری پێویستە نەیبەخشێت، کاتێک ڕۆژی قیامەت دێت، لە سەر ڕووی فڕێدەدرێتە سەر بیابانێکی تەختی ساف، هیچیان قۆچ کەوانەیی یان کۆل یان شاخ شکاو نین، بە قۆچ لە خاوەنەکانیان دەدەن، کاتێک ئەوانەی سەرەتا تەواو دەبن ودێنە کۆتایی سەر لە نوێ دەستپێدەکەنەوە بۆ ماوەی درێژایی ڕۆژێک کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە هەتا دادوەری لە نێوان هەموو بەندەکاندا تەواو دەکرێت، پاشان (ئەو کەسەی ئەمەی بەسەردا هات بەهۆی زەکات نەدان لە گاگەل وپەزدا) ڕێگەی خۆی پێنیشان دەدرێت، یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ»**،

ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە ئەسپ؟

فەرمووی: **«ئەسپ سێ جۆرە: بۆ هەندێک کەس هۆی توشبوونە بە تاوان، بۆ هەندێکیش هۆی پاراستن وپۆشینە، بۆ هەندێکی تریش هۆی دەستکەوت وپاداشتە، جا ئەوەی کە تاوانە بۆی: پیاوێکە بۆ خۆدەرخستن وشانازی ودژایەتی موسڵمانان ڕایگرتووە، ئەوە بۆ ئەو تاوانە. ئەوەش بۆی دەبێتە قەڵغان وهۆی پاراستنی لە ئاگر: کەسێکە لە پێناو خودا ڕایگرتبێت، مافی خودا فەرامۆش ناکات لە بەکارهێنانیدا بۆ سواری وبەخشینی بۆ جیهاد، ئەمە بۆی دەبێتە قەڵغان، بەڵام ئەوەی کە بووە هۆی پاداشت بۆی: ئەوە کەسێکە لە پێناو خودا ڕایگرتبێت بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان، لە دەشتێکی فراوانی سەوزاییدا، هەموو ئەو گژوگیایانەی لەو دەشتە فراوانە سەوزەدا دەیخوات بۆی دەنووسرێن بە چاکە بە ئەندازەی ئەوەی خواردوویەتی، تەنانەت هەموو پاشەڕۆ ومیزەکەیشی بە چاکە بۆی دەنووسرێت، ئەگەر پەتەکەی بپچڕێت تەپۆڵکەیەك یان دوو تەپۆڵکە سەرکەوت خودا بە قەدەر جێی پێکانی وپاشەڕۆکانی چاکەی بۆ تۆمار دەکات، کاتێک خاوەنەکەی دەیباتە سەر هەر چەم وڕووبارێك بۆ ئەوەی ئاوی**

**بدات، خودا بە ئەندازەی ئەو ئاوەی دەیخواتەوە چاکەی بۆ دەنوسێت»،**
ئینجاو ووترا: ئەی چی سەبارەت بە گوێدرێژ؟
فەرمووی: **«دەربارەی گوێدرێژ هیچم بۆ دانەبەزیوە بەڵام ئەم ئایەتە هەیە کە ناوازەیە و گشتگیرە، {فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (٨)}[الزلزلة]، واتە:{ئەمجا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەکی هەرە ورد چاکە وخێری کردبێت دەیبینێتەوە (٧) ئەمجا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەکی هەرە ورد خراپە وشەڕی کردبێت دەیبینێتەوە (٨)}.** [صحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

هەر خاوەنێکی ئاڵتون وزیو کە زەکاتەکەیان دەرنەکات ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا پلێتی ئاگرین دەکرێتە سەر لاشەی لە دۆزەخدا، بۆیە بەم پلێتانە تەنیشتەکانی ولاکانی وناوچەوانی وپشتی داخ دەکرێت، هەرکاتێک ئەم پلێتانە سارد ببنەوە دیسانەوە گەرم دەکرێنەوە لە ڕۆژێکدا کە ماوەکەی هێندەی پەنجا هەزار ساڵە هەتا خوای گەورە دادوەری جێبەجی دەکات (تەواو دەکات) لە نێوان بەندەکاندا، پاشان ڕێگای پێنیشاندەرێت بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ، ئاڵتون وزیو واجبە زەکاتیان لێدەربکرێت لە هەموو حاڵەتێکدا بەو شێوەیەی لە شەریعەتدا باسکراوە، هەرکەسێک زەکاتەکەیان دەرنەکات ئەوا ئەو سزایەی بۆ هەیە کە پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا باسی دەکات.
هەروەها ﷺ دەفەرموێت: (لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەی -کە زەکاتی لە وشترەکان نەداوە-): مەبەست ئەوەیە ئەگەر خاوەنی وشتر زەکات نەدات بەو شێوەیەی خوای گەورە لەسەری واجبی کردووە لە وشترەکان، یان لە ڕۆژی دۆشینیان وبردنیان بۆ ئاودان بەشی نەداران وڕێبوارانی لێنەدات.
(لە سەر ڕووی فرێ دەدەرێتە سەر بیابانێکی تەختی ساف، وشترەکان دێن قەڵەوتر وگەورەترە دەبن تەنانەت بێچووەکانیشیان لەگەڵدایە، پێی پێدەنێن وگازی لێدەگرن): لە گێڕانەوەی -مسلم- دا: ((وشترەکان گەورەتر دەبنەوە))، گەورەتر وزۆرتر وبەهێزتر بوونی لاشەیان بۆ زیادکردنی سزایە لەسەر ئەو کەسەی زەکاتی لێیان نەداوە وبەشی نەدارانی نەداوە، وئەم بەهێزی وگەورەبوونە وا

دەکەن پێ خستنە سەر خاوەنەکەیان بەئازارتر بێت هەرکاتێک پێ بخەنە سەری وبەسەریدا تێپەڕ ببن هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە.
(کاتێک ئەوانەی سەرەتا تەواو دەبن ودێنە کۆتایی سەر لە نوێ دەستپێدەکەنەوە بۆ ماوەی درێژایی ڕۆژێک کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە هەتا دادوەری لە نێوان هەموو بەندەکاندا تەواو دەکرێت، پاشان -ئەو کەسەی ئەمە بەسەردا هات بەهۆی زەکات نەدان لە وشتردا- ڕێگەی خۆی پێنیشان دەدرێت، یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ): واتا سزادانی ئەم کەسە بەردەوام دەبێت هەر کە کۆتا وشتر تەواو بوو لە پێ خستنە سەر خاوەنەکانیان کە زەکاتی نەداوە لە دونیادا لە مافی ئەو وشترانە؛ دیسانەوە وشتری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پێ خستنە سەر لاشەی ئەمیش بۆ ڕۆژێک بەردەوام دەبێت کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە.
(ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە گاگەل -گا ومانگا- وپەز -مەڕو بزن-؟ فەرمووی: (هەر خاوەنێکی ئەمانە ئەوەی کە لەسەری پێویستە نەیبەخشێت، کاتێک ڕۆژی قیامەت دێت، لە سەر ڕووی فڕێدەدرێتە سەر بیابانێکی تەختی ساف،، هەتا کۆتایی بەم بەشە): ئەوانەی زەکاتی گاگەل وپەز دەرناکەن هەمان سزای ئەوانەیان هەیە کە زەکاتی وشتر دەرناکەن، ئەو ئاژەڵانەی قۆچیان هەیە بە قۆچ لە خاوەنەکەیان دەدەن بۆ ئەوەی ئازار ولێدانەکە بەئێشتر بێت.
(ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە ئەسپ؟ فەرمووی: ئەسپ سێ جۆرە: بۆ هەندێک کەس هۆی توشبوونە بە تاوان، بۆ هەندێکیش هۆی پاراستن وپۆشینە، بۆ هەندێکی تریش هۆی دەستکەوت وپاداشتە): واتا سەبارەت بە ئەسپ سێ جۆرە:
جۆری یەکەم/ (جا ئەوەی کە تاوانە بۆی: پیاوێکە بۆ خۆدەرخستن وشانازی ودژایەتی موسڵمانان ڕایگرتووە، ئەوە بۆ ئەو تاوانە): ئەم پیاوە ئەسپی ڕاگرتووە بۆ ڕیا وشانازی کردن وخۆبەرزکردنەوە بەسەر خەڵکی ودژایەتیکردنی ئیسلام، بۆ ئەم کەسە تاوان دەنووسرێت وسزاکەی وەردەگرێت لە قیامەتدا.
جۆری دووەم/ (ئەوەش بۆی دەبێتە قەڵغان وهۆی پاراستنی لە ئاگر: کەسێکە لە پێناو خودا ڕایگرتبێت، مافی خودا فەرامۆش ناکات لە

بەکارهێنانیدا بۆ سواری وبەخشینی بۆ جیهاد، ئەمە بۆی دەبێتە قەڵغان): واتا ئەو ئەسپەی خاوەنەکەی بەکاریدەهێنێت بۆ پێداویستی خۆی، بۆئەوەی بەهۆی بەرهەمەکانی وشیری وشتومەک هەڵگرتن لەسەری؛ خۆی بپارێزێت لە پرسیارکردن لە خەڵکی، ئەگەر ئەم کردەوەیەی لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا بێت ئەوا لێرەدا ئەم بەکارهێنانە دەبێتە هۆی پۆشین وپاراستن بۆی چونکە پرسیارکردن لە خەڵکی لە کاتی هەبوونی داراییدا حەرامە، وهەروەها ﷺ دەفەرموێت: (مافی خودا فەرامۆش ناکات لە بەکارهێنانیدا بۆ سواری وبەخشینی بۆ جیهاد): واتا لە کاتی پێویستیدا سواری ئەسپەکە بێت لە پێناو خودا -بۆ جیهادکردن- یان شتومەکێک نەخاتە سەر پشتی ئەسپەکە کە لە ئەسپەکە لە توانایدا نەبێت، وگرنگی پێبدات وزیانی لێ دووربخاتەوە ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوا ئەسپەکە دەبێتە هۆکارێک بۆ دوورخستنەوەی هەژاری لەسەر خاوەنەکەی.

جۆری سێیەم/ (بەڵام ئەوەی کە بووە هۆی پاداشت بۆی: ئەوە کەسێکە لە پێناو خودا ڕایگرتبێت بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان، لە دەشتێکی فراوانی سەوزاییدا، هەموو ئەو گژوگیایانەی لەو دەشتە فراوانە سەوزەدا دەیخوات بۆی دەنووسرێن بە چاکە بە ئەندازەی ئەوەی خواردوویەتی، تەنانەت هەموو پاشەڕۆ ومیزەکەشی بە چاکە بۆی دەنووسرێت): واتا بۆ جیهاد کردن ئامادەی کرد لە پێناو خوای گەورە جا خۆی بۆ جیهاد بەکاریبهێنێت یان بیبەخشێت بە مسوڵمانان بۆ ئەوەی بۆ جیهاد کردن بەکاریبهێنن لە پێناو خوای گەورە بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خوای گەورە -بۆ سەرخستنی ئیسلام-، ئەگەر بەم شێوەیە بیبەخشێت ئەوا هەرشتێک ئەسپەکە دەیخوات لە گژوگیا لە زەویدا و میزەکەی وپاشەڕۆکەی هەموو ئەمانە بە پاداشت بۆ خاوەنی ئەسپەکە دەنووسرێت، {وَلَا يَظۡلِمُ رَبُّكَ أَحَدٗا} واتە: {وپەروەردگارت ستەم لە هیچ کەسێک ناکات}.

(ئەگەر پەتەکەی بپچڕێت تەپۆڵکەیەك یان دوو تەپۆڵکە سەرکەوت خودا بە قەدەر جێی پێکانی وپاشەڕۆکانی چاکەی بۆ تۆمار دەکات): واتا ئەگەر پەتی ملی ئەسپەکە بچڕێت کە پێوەی دەبەسترێت لە شوێنی لەوەڕگاکەی وبچێت

بۆ شوێنێکی تر گژوگیا بخوات، ئەوا خاوەنەکەی پاداشتی بۆ دەنووسرێت بە پێی هەنگاوەکانی بۆ شوێنەکەی تر وبەهەمان شێوە میز وپاشەڕۆکانی.
(کاتێک خاوەنەکەی دەیباتە سەر هەر چەم ورووبارێك بۆ ئەوەی ئاوی بدات، خودا بە ئەندازەی ئەو ئاوەی دەیخواتەوە چاکەی بۆ دەنوسێت): واتا خاوەنی ئەسپەکە پاداشتی بۆ دەنووسرێت بەهۆی خواردنەوەی ئەسپەکە لە ڕووبار ئەگەرچیش مەبەستی ئاو پێدانی نەبێت، وبە هەموو خواردنەوەیەک چاکە بۆ خاوەنەکەی بۆ دەنووسرێت، هەرچەندە خاوەنەکەیشی نەیدەویست ئاوی پێبدات، ئەمیش بەهۆی بوونی نیەتی یەکەمەوە، نیەتی ڕاگرتنی لە پێناو خوای گەورە، واتا مەرج نییە نیەت هەبێت لە هەموو کردەوەکەدا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، مەگەر نیەتەکە هەڵبوەشێتەوە ئەویش نیاز ومەبەستی دەرچوون لە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە.
(ئینجاو وترا: ئەی چی سەبارەت بە گوێدرێژ؟): واتا حوکمی چییە، ئایا هەمان حوکمی گاگەل وپەزی هەیە لە زەکاتدا یان حوکمی ئەسپی هەیە؟. (فەرمووی: دەربارەی گوێدرێژ هیچم بۆ دانەبەزیوە): واتا سەبارەت بە زەکاتدان لە گوێدرێژ هیچ دەقێک دانەبەزیوە. (بەڵام ئەم ئایەتە هەیە کە ناوازەیە و گشتگیرە، {فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (٨)}[الزلزلة]، واتە:{ئەمجا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەکی هەر ورد چاکە وخێری کردبێت دەیبینێتەوە (٧) ئەمجا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەکی هەر ورد خراپە وشەڕی کردبێت دەیبینێتەوە (٨)} ): واتا ئەم ئایەتە گشتگیرە بۆ هەموو خێر وچاکەیەک وهەروەها بۆ هەموو شەڕ وخراپەیەک؛ چونکە مرۆڤ ئەگەر بە ئەندازەی کێشی گەردیلەک چاکە بکات لە قیامەتدا دەیبینێتەوە وپاداشتی دەدرێتەوە بۆیە ئەگەر چاکە لە سەرەوەی ئەم کێشی گەردیلەیە بێت بێ هیچ دوو دڵی وگومانێک دەیبینێتەوە وزیاتر پاداشتی دەدرێتەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {يَوۡمَ تَجِدُ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ مِنۡ خَيۡرٖ مُّحۡضَرٗا وَمَا عَمِلَتۡ مِن سُوٓءٖ تَوَدُّ لَوۡ أَنَّ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَهُۥٓ أَمَدَۢا بَعِيدٗا} واتە: {(بترسن) لەو ڕۆژەی هەموو کەسێک هەرکارێکی باشی کردبێت دەیبینێت وئامادەیە، و هەرکارێکی خراپی کردبێت ئاوات دەخوازێت

كه لە نێوان ئەو و كارە خراپەكەیدا ماوەیەكی زۆر دوور ببووایە وخودا دەتان ترسێنێت لە سزای خۆی وخودا میهرەبانە بە بەندەكانی خۆی}.

**لە سوودەكانی فەرموودەكە:**

١. واجبێتی زەكاتدان، وهەڕەشەی توند كراوە لە ئەو كەسەی زەكات نادات.
٢. ئەو كەسەی بەهۆی تەمەڵی زەكات نادات؛ كافر نابێت، بەڵام لە مەترسییەكی گەورەدایە.
٣. مرۆڤ پاداشت دەدرێتەوە لەسەر وردەكاری ئەو شتانەی كە ڕوودەدات لە پەرستندا، ئەگەر مەبەستی بنچینەكەی بێت، ئەگەرچیش مەبەستی ئەو وردەكاریانە نەبێت.
٤. لە ماڵ وسامانداما فی تر هەیە جگە لە زەكاتدان.
٥. لەو مافانەی لە وشتردا هەیە: دۆشینیان وبەخشینی شیرەكان بەو هەژارانەی ئامادەن لە شوێنی ئاودانی وشترەكان؛ چونكە ئاسانترە لەسەریان وباشترە لەوەی داوا لە ماڵەكان بكەن، هەروەها نەرمونیانیە بەرامبەر ئاژەڵەكان، ئیبن بەتاڵ دەڵێت: لە ساماندا دوو ماف هەیە: فەرز لەسەر هەموو كەسێك وجۆرێكی تر، دۆشین لەو مافانەیە كە بەشێكە لە ڕەوشتە جوانەكان.
٦. لەو مافانەی واجبە لە وشتر ومانگا وپەزدا: پێدانی نێرەكان بۆ زاوزێ كردن ئەگەر داوا بكرێن.
٧. ڕوونكردنەوەی حوكم لە گوێدرێژ وهەموو شتێک كە دەق سەبارەتی نەهاتووە، ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە: ﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (٨)﴾ [الزلزلة] واتە:﴿جا هەركەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەكی هەر ورد چاكە وخێری كردبێت دەیبینێتەوە (٧) وجا هەركەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەكی هەر ورد خراپە وشەڕی كردبێت دەیبینێتەوە (٨)﴾.
٨. ئایەتەكە هاندانە بۆ چاكە وخێركردن ئەگەرچیش كەم بێت، وترساندنە لە كردنی شەڕ وخراپە ئەگەرچیش كەم بێت.

(٦٦١١)

(١٨٧) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ، وَمَا زَادَ اللهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا، وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٨٧) – له ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- كه پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خێركردن له سامان كەم ناكاتەوە، وبەندە بە لێخۆشبوون له خەڵكی پەروەردگار شكۆدارتری دەكات، وئەوەی لەبەر الله سادە بێت،^ ئەوا خوای گەورە بەرزی دەكاتەوە»**. ^(لەبەر الله سادە بێت، واتە: متواضع بێت وخۆی بە گەورە نەزانێت) [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەكاتەوە كە خێركردن له سامان كەم ناكاتەوە، بەڵكو دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی ناخۆشیەكان، وخوای گەورە لەشوێنی ئەم خێركردنە؛ زۆر بە بەندە دەبەخشێت وشوێنی بۆ دەگرێتەوە بەزیاتریش، بۆیە خێركردن دەبێتە هۆی زیادبوونی سامان وموڵك نەک كەمبوونی.
ولێخۆشبوون لەگەڵ بوونی هێز وتوانای تۆڵەسەندنەوە؛ پلەی بەندە بەرز دەكاتەوە لەلای پەروەردگاری بۆیە شكۆدارتر وبەهێزتر دەبێت.
هەربەندەیەک لەپێناو الله سادە بێت،^ وخۆی بە گەورەنەزانێت، نەک بەهۆی ترس وبەرژەوەندی بێت، پاداشتەكەی ئەوەیە خوای گەورە بەرزی وشەرەفمەندی پێدەبەخشێت. ^(لەبەر الله سادە بێت، واتە: متواضع بێت وخۆی بە گەورە نەزانێت)

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. خێر وسەركەوتن له پابەندبوون بە شەریعەت وئەنجامدانی خێرە ئەگەرچیش كۆمەڵێک خەڵكی گومانیان پێچەوانەی ئەمە بێت.

(٥٥١٢)

(١٨٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«قَالَ اللهُ: أَنْفِقْ يَا ابْنَ آدَمَ أُنْفِقْ عَلَيْكَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨٨) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: خوای گەورە دەفەرموێت: **«ئەی نەوەی ئادەم ببەخشە؛ پێت دەبەخشم»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە خوای گەورە -تبارک وتعالی- دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم خەرجی بكە وببەخشە -لە بەخشینە واجب وسونەتەكان- ؛ منیش ڕزق وڕۆزیت فراوان دەكەم وجێگای ئەوە دەگرنەوە كە بەخشیووتە وبەرەكەت دار دەبێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. ئامۆژگاری بە بەخشین وخەرجكردن لەپێناو خوای گەورە.

٢. خەرجكردن لە دەرگاكانی خێردا لە گەورەترین هۆكارەكانە بۆ بوونی بەرەكەت لە ڕزق و چەندجار كردنی، وخوای گەورە دەبەخشێت بە بەندە لەشوێنی ئەوەی بەخشیویەتی.

٣. ئەم فەرموودە لەوانەیە كە پێغەمبەر ﷺ لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە، وپێی دەووترێت: فەرموودەی قودسی یان خودایی -ئیلاهی-، وپێژە -لەفز- وماناكەی لە خوداوەیە، بەڵام تایبەتمەندیەكانی قورئانی تێدا نیە ؛ كە بەهۆیانەوە قورئان جیاوازە لە هەرقسەیەكی تر، لە پەرستن ئەنجامدان بەخوێندنەوەی ودەستنوێژگرتن لەكاتی خوێندنی وتەحەداكردن پێی و موعجیزەئاسا وهتد.

(٥٨٠٥)

(١٨٩) – عن أبي مسعود رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«إِذَا أَنْفَقَ الرَّجُلُ عَلَى أَهْلِهِ يَحْتَسِبُهَا فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٨٩) – له ئەبی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر پیاو خەرجی بکات لەسەر خێزانەکەی و لەسەر ئەمە چاوەڕێی پاداشت بێت ؛ ئەوا ئەمە چاکەیە (خێرکردنە) بۆی».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەگەر پیاو خەرجیەک بکات لەسەر خاوخێزانەکەی ؛ لەوانەی کە خەرجیەکانیان لەسەری واجبە وەکو هاوسەرەکەی ودایک وباوکی ومنداڵەکانی وهتد، وبەمە نیەتی نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە وچاوەڕێی پاداشت بێت ئەوا ئەوەی خەرجی دەکات بەخێر وچاکە بۆی دەنووسرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. مرۆڤ بە خەرجکردن لەسەر خێزان ومنداڵەکانی پاداشتی دەستدەکەوێت.
٢. ئیماندار بە کردەوەکانی هیوای ڕەزامەندی خوای گەورەیە وئەوەی ئامادەی کردووە لە فەزڵ وپاداشت.
٣. دەبێت نیەتی چاک ئامادە بێت لەپێش هەموو کردەوەیەک، ولەوانەش خەرجکردن لەسەر خاوخێزان.

(٦٤٦٠)

(١٩٠) – عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه مرفوعاً: **«الذهب بالذهب رِباً، إلا هَاءَ وَهَاءَ، والفضة بالفضة ربا، إلا هَاءَ وهَاءَ، والبُرُّ بالبُرِّ ربا، إلا هاء وهاء. والشعير بالشعير ربا، إلا هاء وهاء»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(١٩٠) – لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«گۆڕینەوەی ئاڵتون بە ئاڵتون ڕیبایە مەگەر دەست بە**

**دەست بێت لەو شوێنەدا، گۆڕینەوەی زیو بە زیو ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا، گۆڕینەوەی گەنم بە گەنم ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا، گۆڕینەوەی جۆ بە جۆ ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

**شیکردنەوە:**

پێغەمبەر ﷺ جۆرێکی دروستی کڕین وفرۆشتن ڕووندەکاتەوە لە نێو هەموو جۆرەکانی کڕین وفرۆشتن کە ڕیبا (سوو)یان تێدایە، هەرکەسێک شتومەکێکی فرۆشت بە ڕەگەزی شتومەکەکە، وەکو بۆ نمونە ئاڵتون بە ئاڵتون، وگەنم بە گەنم؛ ئەوا لێرەدا دوو مەرج هەیە بۆ دروستی گۆڕینەوەی ئەم ڕەگەزانە بە ڕەگەزی خۆیان:

١/پێویستە هەردوویان هاوسەنگ بن (هاوکێش بن)، مەرج نییە هەمان کوالیتی وچۆنیەتیان هەبێت.

٢/ لە هەمان شوێندا گۆڕینەوەکە ئەنجامبدرێت (دەست بە دەست بێت) بە بێ پاشخستن.

ئەو شتومەکانەیش کە ئەم مەرجانەیان بەسەردا جێبەجێدەبێت ئەمانەن: (ئاڵتون، زیو، گەنم، جۆ، خورما، خوێ)؛ ئەگەر لەم ڕەگەزانە بوون وئەم دوو مەرجەی پێشوویان تێدا نەبێت ئەوا ئەم جۆرە مامەڵەیە دروست نییە وڕیبای تێدایە جا هەر کام لە مەرجەکان بێت.

ئەگەر ڕەگەزی شتومەکەکان جیاواز بێت بۆ نمونە گۆڕینەوەی ئاڵتون بە زیو یان جۆ بە گەنم؛ ئەوا لێرەدا دەبێت مەرجی دووەم جێبەجێبکرێت ئەگەر نا ئەو مامەڵەیە ڕیبای تێدایە ودروست نییە، بەڵام هاوسەنگ بوون (یەکسان بوونی کێش) مەرج نییە بۆ دروستی مامەڵەی گۆڕینەوەی شتومەکە ڕەگەز جیاوازەکان. بە پوختی: ئەگەر ڕەگەزی شتومەکەکان وەکو یەک بوون؛ ئەوا دەبێت مەرجی یەکەم (هاوسەنگی - هاوکێشی) ومەرجی دووەم (گۆڕینەوەیان دەست بە دەست لەو شوێنەدا) جێبەجێ بکرێن، ئەگەرچیش کوالیتی وچۆنیەتی هەردوو شتە هەمان ڕەگەزەکە جیاواز بێت.

وئەگەر ڕەگەزی هەردوو شتومەکەکە جیاواز بن بەڵام مەرجێکی حەرامکردن هەر ماوە ئەمیش بریتیە لە گۆڕینەوەی شتومەکەکان لەو شوێنەدا (دەست بە دەست)؛ بەڵام مەرج نییە (هاوسەنگ - هاوکێش) بن وەکو بۆ نمونە گۆڕینەی ئاڵتون بە دراوەکان. ئەگەر مەرجی حەرامکردن جیاواز بێت یان هەردوو شتومەکەکە لەوانە نەبن کە مەرجی ڕیبایان بەسەردا جێبەجێ دەبێت وەکو (ئاڵتون، زیو، گەنم، جۆ، خورما، خوێ)؛ ئەوا لێرەدا هیچ مەرجێکی حەرام جێبەجێ نابێت وەکو دواخستنی گۆڕینەوە وجیاوازی لە (هاوسەنگی یان هاوکێشی) ونرخدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەو جۆرانەی لەم فەرموودەکەدا باسکراون پێنجن: ئاڵتون وزیو وگەنم وجۆر وخورما، ئەگەر کڕین وفرۆشتن ئەنجامدرا لە هەمان جۆردا بۆئەوەی دروست بێت ؛ دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت: گۆڕینەوە لە شوێنی گرێبەستەکە، ویەکسانی لە کێشدا وەکو یەکسانی کێشی ئاڵتون بەرامبەر ئاڵتون، ئەگەرنا دەبێتە ڕیبای زیادە (ربا الفضل)، ئەگەر جۆرەکە جیاواز بوو بۆ نمونە وەکو گۆڕینەوەی زیو بەرامبەر بە گەنم ئەوا دەبێت یەك مەرجی تێدا بێت؛ ئەویش بریتیە لە گۆڕینەوە بەرامبەر بە نرخ لە شوێنی گرێبەستەکە، ئەگەرنا دەبێتە ڕیبای نرخی دواخراو (ربا النسيئة).

٢. مەبەست لە شوێنی گرێبەست: ئەو شوێنەیە کە مامەڵەی گۆڕینەوەکەی تێدا ئەنجامدەدەن، ئەگەر بە دانیشتنەوە بن یان بە پێوە بن یان ڕێ بکەن یان بە سواری بن، ومەبەست لە جیابوونەوە: واتا جێهێشتنی یەکتر بە پێی نەریت وخوو وپێناسەی خەڵکی.

٣. نەهی کردن لە فەرموودەکەدا هەموو جۆرەکانی ئاڵتون دەگرێتەوە؛ نەخشێندراو وئەوانی تریش، وهەموو جۆرەکانی زیو دەگرێتەوە؛ نەخشێندراو ئەوانی دیکەیش.

٤. ئەو حوکمانەی جێبەجێ دەبن لەکاتی کڕین وفرۆشتنی زیو بەرامبەر ئاڵتون؛ جێبەجێیش دەبن بەسەر دراوەکانی ئەمڕۆ، واتا ئەگەر بتەوێت دراوێك بەرامبەر دراوێکی تر وەکو ریال بەرامبەر درهەم بگۆڕیتەوە؛ ئەوا ئاساییە یەکێکیان زیاتر بێت لە ئەوی تر بەپێی ڕەزامەندی هەردوولا، بەڵام

دەبێت لە شوێنی گرێبەستەکە بیانگۆڕنەوە، ئەگەرنا مامەڵەکە پوچەڵە، ودەبێتە مامەڵەی ڕیبایی وحەرامکراو.
٥. مامەڵە ڕیباییەکان ڕێگەپێدراو نین، وگرێبەستەکانیان پوچەڵە ئەگەرچیش هەردوولا ڕازی بن؛ چونکە ئاینی ئیسلام مافی مرۆڤ وکۆمەڵگا دەپارێزێت ئەگەرچیش ئەوان دەستبەرداری بن.
٦. نەهی کردن لە خراپە ورێگرتن لێی بۆ هەرکەسێك توانای هەبێت ئەمە ئەنجام بدات.
٧. باسکردنی بەڵگە لەکاتی نکۆڵی کردن لە خراپە، وەکو ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب ئەنجامیدا -ڕەزای خوای لێبێت-.

(٥٨٨٩)

(١٩١) – عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما قال: **«فَرَضَ رسول الله صلى الله عليه وسلم صَدَقَةَ الفطر -أو قال رمضان- على الذَّكر والأنثى والحُرِّ والمملوك: صاعا من تمر، أو صاعا من شعير، قال: فَعَدَل الناس به نِصْفَ صَاعٍ مِنْ بُرٍّ، على الصغير والكبير».**

وفي لفظ: **«أن تُؤدَّى قبل خروج الناس إلى الصلاة».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٩١) – لە عبداللهی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ (زەکاتی سەرفیترە)ی فەرز کرد لەسەر نێر ومێ وئازاد وکۆیلە، صاعێک (چوار گوێل) لە خورما، یان صاعێک (چوار گوێل) لە جۆ، ئیبن عومەر دەڵێت: بۆیە خەڵکی لە پاشدا بە گوێرەی نیو صاع (دوو گوێل) لە گەنم زەکاتی سەرفیترەیان دەردەکرد، لەسەر بچووک وگەورە (واجبە)».**
ولە ڕیوایەتێکدا: **«پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژن دەبێت (زەکاتی سەرفیترە) دەربکرێت».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ زەکاتی سەرفیترەی واجب کرد لەسەر هەموو مسوڵمانان (بەخشینی ڕۆژووشکاندنی -بەخشینی ڕەمەزانی- واجب کرد): لەسەر ئەوانەی زیاد لە پێویستی خۆیان هەیە لە ڕۆژی جەژندا وبڕەکەی صاعێکە (چوار گوێڵ -دوو کیلۆ ونیو بۆ سێ کیلۆ-) بۆ یەک کەس، بەخشینی زەکاتی سەرفیترە واجبە لەسەر بچووک وگەورە ونێر ومێ وئازاد وبەندە، کە صاعێک لە خورما یان صاعێک لە جۆ یان هەر خواردنێکی تر لە خواردنی خەڵکی ئەو شارە.

بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە دڵدانەوە لە لایەن دەوڵەمەندانەوە بەرامبەر هەژاران لە نێو کۆمەڵگەی مسوڵماندا، ئەمە یەکێکە لە سوودەکانی واجبێتی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە، بەخشینی زەکاتی سەرفیترە واجبە لەسەر گەورەی خێزان یان سەرپەرشتیاری خێزان کە ئەوانەی لە ژێر دەستیدان سەرپەرشتیاریان دەکات وبەخێویان دەکات لە ژن ومنداڵ وخزمەتکار وکۆیلەکان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. زەکاتی سەرفیترە لە ڕەمەزاندا واجبە دەربکرێت لەجیاتی بچووك وگەورە، وئازاد وبەندە، وفەرمانکردن بە دەرکردنی ئاڕاستەی سەرپەرشتیار -وەلی- وگەورە دەکرێت، وپیاو دەریدەکات بۆ خۆی و لەجیاتی خێزان ومنداڵەکانی وئەوانەی خەرجیان لەسەری واجبە.

٢. دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە لەجیاتی منداڵی نێو سک؛ واجب نییە، بەڵکو کارێکی باش وپەسەندە.

٣. ڕوونکردنەوەی جۆری ئەو خواردنانەی کە زەکاتی سەرفیترەیان لێ دەردەکرێت، وبریتین لە خواردنی ئاسایی وباوی خەڵکی.

٤. واجبێتی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە لە پێش نوێژی جەژن، وباشتر وایە لە بەیانی ڕۆژی جەژندا بێت، ودەرکردنی لەپێش جەژن بە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ؛ ڕێگەپێدراوە.

(٤٥٢٠)

(١٩٢) – عن عبد الله بن سلام رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: «**يَا أَيُّهَا النَّاسُ، أَفْشُوا السَّلَامَ وَصِلُوا الْأَرْحَامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ**». [صحيح] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد والدارمي]

(١٩٢) – له عبداللهى كوڕى سەلامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**ئەی خەڵکینە، سەلام لە یەکتر بکەن، وپەیوەندی خزمایەتی بگەیەنن، وخواردن ببەخشن، وشەونوێژ بکەن لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون؛ ئەگەر ئەم کردەوانە بکەن ئەوا بە سەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە**». [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە و تیرمذی وئەحمەد ودارەمی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

فەرموودەکە ئامۆژگاری تێدایە بە چوار سیفەتی جوان وچاک ئەگەر لە هەرکەسێکدا هەبێت دەچێتەوە بەهەشتەوە. سیفەتەکان: بڵاوکردنەوەی سەلامکردن، وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، وبەخشینی خواردن، ونوێژکردن بە شەو لە کاتێکدا کە خەڵکی نووستون.
بڵاوکردنەوەی سەلامکردن: واتە زۆر سەلام لە یەکتری بکەن وئاشکرای بکەن وبڵاوی بکەنەوە، وخواردن ببەخشن بە ئەوانەی پێویستن، وەکو خێزانت ومنداڵەکانت وئەوانەی لە ماڵەکەتدان، وئەگەر مرۆڤ شەو هەستێت وشەونوێژ بکات ئەوا بە خوێندنی وتەکانی خودا (قورئان) وزیکر کردن ونزا کردن بە کزۆڵی وزەلیلەوە ئەمانە هەمووی هۆکاری نزیکبوونەوەن لە پەروەردگار.
ئەمە لە کاتێکدایە زۆربەی خەڵکی خەوتوون بۆیە لە باشترین کردەوەکانە کە دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت بە بێ سزا وئازاردان، بەڵام ئەگەر خەڵکی ئەو شارەش زۆربەی شەونوێژ بکەن هەمان پاداشتی بۆ هەیە بەڵام ئەم باسە لەسەر زۆرینەیە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بڵاوکردنەوەی سەلامکردن لە نێو مسوڵمانانـدا ؛ سوننەتە، بەڵام نامسوڵمان نابێت سەرەتا سەلامی لێبکرێت، وئەگەر ئەو سەلامی کرد بە ووتنی: (سلام علیکم)، وەڵامی دەدەینەوە ودەڵێین: (وعلیکم).

(٥٥٢٠)

(١٩٣) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**إِنَّ اللهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ، فَقَالَ: {يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا، إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ} [المؤمنون: ٥١] وَقَالَ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ} [البقرة: ١٧٢] ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ، يَا رَبِّ، يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ؟**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(١٩٣) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**خودای گەورە پاک وپیرۆزە وهیچ شتێک قبوڵ ناکات مەگەر پاک نەبێت، وفەرمانی کردووە بە ئیمانداران هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرانیش، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا، إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ} [المؤمنون: ٥١]، {ئەی نێردراوانی خودا لە خۆراکی پاک و(حەڵاڵ) بخۆن وکردەوەی چاک بکەن، چونکە بەڕاستی من بەوەی ئێوە دەیکەن ئاگادارم}، وفەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ} [البقرة: ١٧٢]، واتە: {ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە بخۆن لەو خواردەمەنیە پاکانەی کردوومانە بە ڕۆزیتان}، پاشان پێغەمبەر ﷺ باسی پیاوێکی کرد کە قژی گڤ وتێکچووە بە سەریەکدا وجلەکەی خۆڵ وتۆزاویە، ودەستی بەرز دەکاتەوە بەرەو ئاسمان، ودەڵێت: ئەی پەروەردگار (یا رب)، ئەی پەروەردگار (یا رب)، وخواردنەکەی حەرامە، وخواردنەوەکەی حەرامە، وجلەکەی بە پارە حەرام کڕیویەتی ولە**

**بەریدایە، وخواردنی حەرامی پێدراوە، چۆن وەڵامی ئەو جۆرە کەسە دەدرێتەوە؟».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

خوای گەورە پاکە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک، وهەموو سیفەتێکی شکۆداری وجوانی وکەماڵ تەنها بۆ ئەوە، بۆیە نابێت هەوڵی نزیکبوونەوە بدرێت لە خوای گەورە بە خێرکردنی حەرام یان شتێک گومانی تێدا بێت یان خۆراکێک بە کەڵک نەیەت، وخوای گەورە خواردنە پاکەکانی بۆ ئیمانداران حەڵاڵ کردووە هەروەکو چۆن بۆ پێغەمبەرانی حەڵاڵ کردووە لەگەڵ کردەوەی چاک وسوپاسگوزاری بەرامبەر ئەم نیعمەتانە.
پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەوەی ڕوونکردەوە کە خوای گەورە پێی خۆشە لە شتی پاک ببەخشین، وخوای گەورە تەنها کردەوە پاکەکان قبوڵ دەکات، وکردەوەکان پاک نابێت هەتا دڵسۆزی (ئیخلاص) وشوێنکەوتن (الإتباع)ی تێدا نەبێت.
پاشان ئومەتەکەی ئاگادار کردەوە لە حەرام، باسی پیاوێکی کرد کە سەفەرێکی درێژ دەکات، واتە: لەوەیە بۆ پەرستن بێت وەکو حەج وجیهاد وبەدەستهێنانی خەرجی ژیان، وقژی تێکچووە بەسەریەکدا وڕەنگی گۆڕاوە بە هۆی سەفەرکردنی لە پەرستندا، ودەستی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان بە پاڕانەوە لە خوای گەورە وخۆ زەلیل نواندن، بەڵام بە هۆی ئەوەی پارەکەی بە ڕێگایەکی حەرام بە دەستیهێناوە؛ بۆیە خواردن وخواردنەوەکەی حەرامن، ئەمیش هۆکارە بۆ ئەوەی خوای گەورە نزاکانی وەڵام نەداتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. کامڵی خوای گەورە لە زاتی، وسیفەتەکانی، وکردەوەکانی، وحوکمەکانی.
٢. فەرمانکردن بەوەی کردەوە بە دڵسۆزیەوە بۆ خوای گەورە -عز وجل- ئەنجام بدرێت، و بەپێی سونەتی پێغەمبەر ﷺ بێت.
٣. بەکارهێنانی هاندەر بۆ کردەوەکردن، کاتێک پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (خوای گەورە فەرمانی کردووە بە ئیمانداران هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە پێغەمبەران)، ئەگەر ئیماندار بزانێت کە پێغەمبەران هەمان ئەم

فەرمانانەیان پێکراوە ئەوا بەهێز دەبێت ودەبێتە هاندەر بۆی لە ئەنجامدانی کردەوەی چاک وجێبەجێکردنی فەرمانەکان.

٤. لە هۆکارەکانی وەڵام نەدانەوەی نزا: خواردنی حەرامە.

٥. هۆکارەکانی وەڵامدانەوەی نزاکان پێنج شتن:

١- درێژی سەفەرکردن دەبێتە هۆی شکاندنەوەی نەفس وئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ وەڵامدانەوەی نزاکان.

٢- حاڵەتی لێقەومان وکارەسات وناچاربوون.

٣- دەست بەرزکردنەوە بەرەو ئاسمان.

٤- پاڕانەوە لە نزاکردن ئەمیش بە باسکردنی پەروەردگارێتی خوای گەورە، وئەمە گەورەترین هۆکارە بۆ وەڵامدانەوەی نزاکان.

٥- پاکی وحەڵاڵی خواردن وخواردنەوەکان.

٦. خواردنی پاك وحەڵاڵ لە هۆکارە یارمەتیدەرەکانە بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان.

٧. قازی دەڵێت: پاك دژی پیسە، ئەگەر خوای گەورە -سبحانه وتعالى- بە پاك وپیرۆز وەسف بکرێت مەبەست ئەوەیە هەموو عەیب وکەموکورتیەك لە ئەو دوورە، وئەگەر بەندە بە پاك وەسف بکرێت مەبەست ئەوەیە دوورە لە هەموو ڕەوشت وکردەوەیەکی ناشیرین وخۆی ڕازاندنەوەیە بە پێچەوانەکانیان -بە ڕەوشتە جوانەکان-، وئەگەر پارە وسامان بە پاك وەسف بکرێت مەبەست ئەوەیە حەڵاڵە ولە باشترین پارە وسامانەکانە.

(٤٣١٦)

(١٩٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا، أَوْ وَضَعَ لَهُ، أَظَلَّهُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تَحْتَ ظِلِّ عَرْشِهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ»**. [صحيح] - [رواه الترمذي وأحمد]

(١٩٤) – لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی دەرفەت بدات بەکەسێک کە نارەحەتی لەسەرە (بەهۆی قەرزەوە)، یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەم**

**بکاتەوە؛ ئەوا الله دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێک نییە جگە لە سێبەری ئەو نەبێت».** [صەحیحە] - [تیرمذی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک دەرفەت وماوەی زیاتر بدات بە قەرزدار یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەمبکاتەوە، ئەوا پاداشتەکەی: خوای گەورە دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لەڕۆژی قیامەتدا ؛ لەو ڕۆژەی کە خۆر نزیک دەبێتەوە لەسەری بەندەکان وگەرمیەکی زۆر بەتین تووشیان دەبێت. بۆیە هیچ یەکێک سێبەر نادۆزێتەوە مەگەر ئەو کەسەی خوای گەورە بیخاتە ژێر عەرشی خۆی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلەوپایەی ئاسانکاری لەسەر بەندەکانی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وهۆکارە بۆ ڕزگاربوون لە نارەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەت.
٢. پاداشت بەهاوشێوەی کردەوەیە.

(٤١٨٦)

(١٩٥) – عن جابر رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«رَحِمَ اللهُ رَجُلًا سَمْحًا إِذَا بَاعَ، وَإِذَا اشْتَرَى، وَإِذَا اقْتَضَى»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٩٥) – لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ڕەحمەتی خودا لە پیاوێک لێبوردە -ئاسان- وبەخشندە بێت کاتێک دەفرۆشێت وکاتێک دەکڕێت وکاتێک داوای قەرزەکەی دەکات».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نزای ڕەحمەتی کردووە بۆ هەرکەسێک ئاسان وبەخشندە وسەخی بێت لەکاتی فرۆشتندا؛ بۆیە توند نابێت لەسەر کڕیار لە نرخدا وبە

ڕەوشتی جوان مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئاسان وسەخی وبەخشندەیە ئەگەر بکڕێت؛ بۆیە شتومەکەکە بە بێ بەها سەیر ناکات ونرخەکەی کەم ناکاتەوە، ئاسان وبەخشندە وسەخیە ئەگەر داوای قەرزەکەی بکات؛ بۆیە توند نابێت لەسەر هەژار، بەڵکو بە نەرمونیانی داوای قەرزەکەی دەکات، وئەوەی نیەتی ماوەی زیاتری پێ دەدات یان قەرزەکەی لەسەر کەم دەکاتەوە وخێرترین ئەوەیە لێی خۆش بێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. لە مەبەستەکانی شەریعەت پاراستنی ئەو شتانەی دەبێتە هۆی چاککردنی پەیوەندی نێوان خەڵکی.
٢. هاندان بۆ پەیڕەوکردنی ڕەوشتە بەرزەکان لە مامەڵەکردنەکانی نێوان خەڵکی وەکو کڕین وفرۆشتن وهتد.

(٣٧١٦)

(١٩٦) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«كان رجلٌ يُدَايِنُ الناسَ، فكان يقول لفتاه: إذا أتيتَ مُعسِرًا فتجاوز عنه، لعل اللهَ يَتجاوزُ عنا، فلقي اللهَ فتجاوز عنه».** [صحيح] - [متفق عليه]

(١٩٦) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«پیاوێک هەبوو قەرزی دەدا بە خەڵکی، ودەیووت بەو گەنجەی کە لای کاری دەکرد: ئەگەر ڕۆیشتیت بۆ لای کەسێک کە حاڵی نالەبار وقورس بوو (لە ڕووی داراییەوە)، ئەوا چاوپۆشی لێبکە، بەڵکو خوای گەورە لە ئێمەش خۆش بێت، وکاتێک کە وەفاتی کرد وگەیشتەوە بە پەروەردگار ئەویش لێی خۆش بوو».** [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

**شیکردنەوە:**

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات پیاوێک بە قەرزپێدان مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد، یان بە نرخ وەرگرتنی دواخراو شتی پێیان دەفرۆشت، وبە ئەو کوڕەی دەووت کە لەلای کاری دەکرد وقەرزەکانی خەڵکی بۆی وەردەگرتەوە: ئەگەر چویت بۆ لای قەرزدارێک وئەوەندەی نەبوو قەرزەکەی پێبداتەوە بەهۆی نەبوونی: (ئەوا چاوپۆشی لێبکە)؛ ئەمیش بە ماوەپێدانی زیاتر وزۆر نەکردن لێی بۆ دانەوەی قەرزەکە، یان بە قبوڵکردنی ئەوەی هەیەتی ئەگەرچیش کەموکورتی تێدا بێت، وئەمیش بەهیوای ئەوەی خوای گەورە لەبەرامبەر ئەم کردەوەیە لە گوناهەکانی خۆش بێت، کاتێک پیاوەکە مرد ؛ خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش بوو.

**لە سوودەکانی فەرموودەکە:**

١. چاکەکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ولێبووردەیی بەرامبەریان وچاوپۆشی لەوانەی حاڵیان سەخت وناڕەحەتە ؛ ئەمانە لە هۆکارەکانی ڕزگاربوونی بەندەن لە ڕۆژی قیامەتدا.

٢. چاکەکاری بەرامبەر خەلکی ودڵسۆزی بۆ الله و بەهیوابوون بە ڕەحمەتی ئەو زاتە مەزنە ؛ ئەمانە لە هۆکارەکانی لێخۆشبوونن لە تاوانەکان.

(٣٧٥٣)

(١٩٧) – عن خَولة الأنصاريةِ رضي الله عنها قالت: سمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول: «**إِنَّ رِجَالًا يَتَخَوَّضُونَ فِي مَالِ اللهِ بِغَيْرِ حَقٍّ، فَلَهُمُ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**». [صحيح] - [رواه البخاري]

(١٩٧) – لە خەولەی ئەنصارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**پیاوانێک موڵکی خوای گەورە بە ناهەق بەکاردەهێنن (بە فیڕۆی دەدەن ومافی خۆی پێنادەن)؛ ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوانەیە لە ڕۆژی قیامەتدا**». [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەسانێک لەپوچەڵدا ماڵ وسامانی مسوڵمانان بەکاردەهێنن، وبە ناهەق وەریدەگرن، ئەمیش مانایەکی گشتیە سەبارەت بە سامانەکان لەڕوانگەی کۆکردنەوەیان و بەدەستهێنانیان لەرێگایەکەوە کە حەڵاڵ نەبێت، وهەروەها خەرج نەکردنیان لە شوێنە دروستەکانی خۆیان، ئەمیش هەموو سامانەکان دەگرێتەوە لەماڵی هەتیو و وەقف ونکۆڵی لە سپاردەکان و بردنی سامانێک بێ ئەوەی شایستە بێت لە سامانە گشتیەکان.

پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە پاداشتی ئەوان دۆزەخە لەڕۆژی قیامەتدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەو ماڵ وپارەیەی لە نێو دەستی مسوڵمانان وکاربەدەستانە لە ڕاستیدا هەمووی موڵکی خودایە ئەوانی کردووە بە بەرپرس بەسەریەوە بۆئەوەی خەرجی بکەن بەپێی ڕێگەپێدراو، بۆیە خەرجکردنی ئەو سامانە لە شتی پوچەڵ وبەتاڵ وزیادەڕۆیی وکورترەوی کردن تێیدا کارێکی حەرامە، وئەمە گشتییە کاربەدەستان وهەموو خەڵکیش دەگرێتەوە.

٢. زۆر جەختکردنەوەی شەریعەت لەسەر ماڵ وسامانی گشتی، وهەرکەسێک بکرێتە بەرپرسیار لەسەر شتێک ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا لێپسرینەوەی لێدەکرێت لەسەر چۆنیەتی دەست خستنی وخەرجکردنی.

٣. ئەوەی بەشێوەیەکی ناشەرعی سامانەکەی یان سامانی خەڵکی تر بەکاربهێنێت ومامەڵەی پێوە بکات ؛ ئەم هەڕەشەیە دەیگرێتەوە.

(٥٣٣١)

(١٩٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «قال الله عز وجل: كُلُّ عَمَل ابن آدَم له إلا الصيام، فإنه لي وأنا أجْزِي به، والصيام جُنَّة، فإذا كان يوم صوم أحدِكُم فلا يَرْفُثْ ولا يَصْخَبْ فإن سَابَّهُ أحَدٌ أو قَاتَلَهُ فليَقل: إنِّي صائم، والذي نفس محمد بيده لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِم أطيب عند الله من رِيح المِسْكِ، للصائم فرحتان يَفْرَحُهُمَا: إذا أفطر فَرِح بفطره، وإذا لَقِي ربَّه فَرِح بِصَوْمه». وهذا لفظ رواية البخاري.

وفي رواية له: «يَتْرُك طَعَامه، وشَرَابه، وشَهوته من أجلي، الصيام لي وأنا أَجْزِي به، والحسنة بعشر أمثالها».

وفي رواية لمسلم: «كُلُّ عَمَل ابن آدم يُضَاعَف، الحَسَنة بِعَشر أمْثَالها إلى سَبْعِمِئَة ضِعْف، قال الله تعالى: إلا الصَّوم فإنه لي وأنا أجْزِي به؛ يَدَع شَهَوته وطَعَامه من أجلي، للصائم فرحتان: فَرْحَة عند فِطْره، وفَرْحَة عند لقِاء ربِّه، ولَخُلُوف فيه أطْيَب عند الله من رِيحِ المِسْكِ». [صحيح] - [الرواية الأولى: متفق عليها. الرواية الثانية: رواه البخاري. الرواية الثالثة: رواه مسلم]

(١٩٨) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: خوای گەورەی بەرز وشكۆدار دەفەرموێت: «هەموو كردەوەكانی نەوەی ئادەم بۆ خۆیەتی؛ جگە لە ڕۆژووگرتن نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ منە ومن پاداشتی لە سەر دەدەمەوە»، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ڕۆژووگرتن قەڵغانە (پارێزەرە)، بۆیە ئەگەر كەسێكتان بە ڕۆژوو بێت ئەوا با قسەی ناشیرین ونارەوا نەكات ودەنگی بەرز نەكاتەوە بە هاوار، وئەگەر كەسێک جوێنی پێدا یان دەیویست شەڕی لە گەڵ بكات، ئەوا با بڵێت: من بە ڕۆژووم، سوێند بە ئەو زاتەی كە نەفسی موحەمەدی بە دەستە؛ بۆنی گۆڕاوی دەمی ڕۆژووگر لای خوای گەورە لە

**بۆنی میسک خۆشترە، ورۆژووگر دوو خۆشی وئاسوودەیی بۆ هەیە کە پێیان دڵخۆش وئاسوودە دەبێت: ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێت ئەوا دڵخۆش دەبێت بە ڕۆژوو شکاندنی، وئەگەر بگاتە لای پەروەردگاری ئەوا دڵخۆشە بە ڕۆژووگرتنی»** ئەمە لە (بوخاریدا) هاتووە.

ولە ریوایەتێکدا: **«واز لە خواردن وخواردنەوە وشەهوەتی (ئارەزووی) دەهێنێت لە بەر من، ڕۆژوو گرتن بۆ منە وتەنها خۆم پاداشتی دەدەمەوە، وچاکە کردن بە دە ئەوەندەیە».**

ولە ریوایەتەکەی (مسلم) دا: **«هەموو کردەوەیەکی نەوەی ئادەم چەند جار دەبێتەوە، وچاکە بە دە ئەوەندەیە هەتا حەوت سەد ئەوەندە، خوای گەورە فەرمووی: «جگە لە ڕۆژووگرتن چونکە ئەوە بە دڵنیاییەوە بۆ منە ومن پاداشتی لە سەر دەدەمەوە؛ لە بەر من واز لە شەهوەتەکەی (ئارەزووەکەی) وخواردنەکەی دەهێنێت، ڕۆژووگر دوو خۆشی بۆ هەیە کە پێیان دڵخۆش وئاسوودە دەبێت: ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێت ئەوا دڵخۆش دەبێت بە ڕۆژوو شکاندنی، وئەگەر بگاتە لای پەروەردگاری ئەوا دڵخۆشە بە ڕۆژووگرتنی، بۆنی گۆڕاوی دەمی ڕۆژووگر لای خوای گەورە لە بۆنی میسک خۆشترە».** [صەحیحە] - [ریوایەتی یەکەم: (بوخاری وموسلیم) هاوڕان لەسەری - ریوایەتی دووەم: (بوخاری) گێڕاویەتیەوە - وریوایەتی سێیەم: (موسلیم) گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودە قودسیەدا باسی ئەوە دەکات: کە هەموو چاکەکان لە وتەکان وکردەکان، لە نهێنی وئاشکرادا، ئەگەر مافی خوای گەورە بێت یان مافی بەندەکان ئەوا کردەوە چاکەکە چەند جار دەکرێت لەوەیە بگاتە حەوت سەد جار یان زیاتر. وئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لە سەر فراوانی فەزڵی خوای گەورە وچاکەکاری بەرامبەر بەندە ئیماندارەکانی، چونکە یەك خراپە وتاوانەکان بە یەک سزا دەنووسرێت، ولێخۆشبوونی خوای گەورە لە سەرووی هەموو ئەوانەوەیە. وئەم

فەرموودەیە باسی پاداشتی ڕۆژووگرتنی تێدا نیە، چونکە ڕۆژووگر پاداشت دەدرێتەوە بە بێ شومار واتا پاداشتی چەند جار دەبێت؛ ڕۆژووگرتن سێ جۆر لە ئارام گرتن (سەبر)ی تێدایە:

١/ ئارام گرتن لە سەر پەرستنی خودا.

٢/ ئارام گرتن لە سەر تاوان نەکردن وسەرپێچی نەکردنی فەرمانەکانی خودا.

٣/ئارام گرتن لە سەر قەدەرەکانی خوای گەورە.

١/ ئارام گرتن لە سەر پەرستنی خودا: مرۆڤ زۆر لە خۆی دەکات بە ڕۆژوو بێت هەرچەندە نەفسی حەز بەمە ناکات ونارەحەتە بە لایەوە، نەک بە هۆی ئەوەی کە خودا فەرزی کردووە بەڵکو ئەگەر لە بەر ئەمە بێت ئەوا کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە، بەڵام نارەحەتە بە لایەوە چونکە قورسی تێدایە وئارام گرتنی زۆری دەوێت لە سەر نەخواردن ونەخواردنەوە وجیماع نەکردن لە پێناو خوای گەورە، بۆیە خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: (واز لە خواردن وخواردنەوە وشەهوەتەکەی دێنێت لە پێناوی من).

٢/ ئارام گرتن لە سەر تاوان نەکردن وسەرپێچی نەکردنی فەرمانەکانی خودا: ڕۆژووگر نەفسی خۆی دەگرێتەوە لە تاوان وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە؛ بۆیە خۆی دوور دەخاتەوە لە قسەی پوچ وشایەتیدانی درۆ وگفتوگۆی ڕقاوی وجگە لەمانە لە تاوانە حەرامکراوەکان.

٣/ ئارام گرتن لە سەر قەدەرەکانی خوای گەورە: مرۆڤ لە ڕۆژانی درێژ وگەرمدا تووشی نارەحەتی زۆر لە تەمەڵی وبێزاری وتینوێتی دەبێت بەڵام ئارام دەگرێت ئەمیش لە پێناو بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە.

بۆیە کاتێک ڕۆژووگرتن هەر سێ جۆرە ئارام گرتنەکەی تێدایە ئەمە وایکردووە کە پاداشتی بێ سنوور وچەند جار بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ}[الزمر: ١٠] واتە: {تەنها ئارامگران ئەجرو پاداشتی خۆیان وەرئەگرن بەبێ ژمارە، واتە: ئەجرو پاداشتێکی یەکجار زۆر لە بەهەشتدا}. وئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ڕۆژووی تەواو وکامڵ ئەوەیە کە بەندە واز لە دوو شت بهێنێت:

١/ ڕۆژوو شکێنرە هەستپێکراوەکان: خواردن وخواردنەوە وجیماع کردن وئەوانەی پەیوەندیان بەمانەوە هەیە.
٢/ تاوان وسەرپێچیە کرداریەکان: وەکو قسەی پوچ وهاوار وتوڕەیی وشایەتیدانی درۆ وسەرجەم تاوانەکانی تر.
بۆیە فەرمووی: (فلا يَرْفُثْ): واتە: قسەی ناڕەوا وناشیرین نەکات، (ولا يَصْخَبْ): واتە: قسەیەک نەکات کە ببێتە هۆی فیتنە ودووبەرەکی نانەوە، هەرکەسێک ئەم دوو مەرجە بهێنێتە دی: وازهێنان لە ڕۆژوو شکێنەرەکان، و وازهێنان لە نەهی لێکراوەکان؛ ئەوا پاداشتی ڕۆژووگرتنی بۆ دەنووسرێت، وئەوەی سەرپێچیە کرداریەکان ئەنجام بدات ئەوا پاداشتی ڕۆژووگرتنەکەی کەم دەکات بە پێی تاوانەکە، پاشان ڕێنموێنی کرد بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بە ڕۆژوو بوو ویەکێکی تر جوێنی پێدا ئەوا با پێی بڵێت: (من بە ڕۆژووم). واتا: ئەم قسەیە بکات و وەڵامی جوێنەکە نەداتەوە، بۆ ئەوەی جوێندەر خۆی بە گەورە نەزانێت بەرامبەری وبزانێت ئەو کەسە پارێزگاری لە کامڵی ڕۆژووەکەی دەکات، وگوێڕایەڵی فەرمانی خودا وفەرمانی پێغەمبەرەکەیەتی، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (الصيام جُنة)، واتە: (ڕۆژووگرتن قەڵغانە)، واتە: پارێزگارە چونکە بەهۆیەوە بەندە خۆی دەپارێزێت لە تاوانەکان وخۆی دووردەخاتەوە لە دۆزەخ.
پاداشتی ئێستا: ئەوەیە ڕۆژووگر لە پاش خۆرئاوا بوون ڕۆژووەکەی دەشکێنێت ودڵی خۆشە بە پەرستنەکەی، وهەروەها دڵی خۆشە بەوەی ئارەزووە حەڵاڵەکانی جێبەجێ بکات پاش ئەوەی قەدەغەی لێکرا بوو بە درێژایی ئەو ڕۆژە. وپاداشتی دواتر: دڵی خۆشە بە گەیشتن بە پەروەردگاری وبە دەستهێنانی ڕازی بوونی وبەخشینەکانی لە قیامەتدا، وئەم پاداشتەی ئێستا نمونەیەکە بۆ بیرهێنانەوەی پاداشتی قیامەت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد بەوەی کە بۆنی ناو دەمی ڕۆژووگر لای خودا لە بۆنی میسک خۆشترە، و لە ریوایەتێکدا: (أطيب عند الله يوم القيامة)، واتە: (بۆنەکەی خۆشترە لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا).

وخوای گەورە پاداشتی ڕۆژووگران دەداتەوە لە قیامەتدا بە خۆشبوونی بۆنی دەمیان لە قیامەتدا بە بۆنێک خۆشتر لە بۆنی میسک پاش ئەوەی بۆنی ناو دەمیان گۆڕا بە هۆی ڕۆژووگرتنەوە لە پێناو خوای گەورە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی فەزڵ وپلە وپایەی ڕۆژووگرتن کە دەبێتە هۆی پاراستنی بەندە لە شەهوەتە حەرامکراوەکانی دونیا، ودەبێتە هۆی پاراستنی لە سزای دۆزەخ لە قیامەتدا.
٢. لە ئادابەکانی ڕۆژووگرتن: وازهێنان لە قسەی ناڕەوا وخراپ، ئارام گرتن لەسەر ئازاردانی خەڵکی، وچاکەکار بوون بەرامبەر بە خراپەیان.
٣. ڕۆژوگر یان خوا پەرست ئەگەر ئاسوودە بێت بەهۆی تەواوکردنی پەرستنەکەی؛ ئەمە لە پاداشتی کەم ناکاتەوە لە قیامەتدا.
٤. ئاسوودەیی تەواو وکامڵ لە کاتی گەیشتنە بە پەروەردگار -سبحانە وتعالی- ، لەو کاتەدا ئارامگران وڕۆژوگران پاداشت وەردەگرن بە بێ ژماردن.
٥. ڕێگەپێدراوە کەسێک پەرستنەکان وکردەوە چاکەکانی خۆی بۆ خەڵکی باس بکات، ئەگەر پێویستیەك یان بەرژەوەندیەکی تێدا بێت وئەمە ڕیا نییە کاتێك دەڵێت: (من بە ڕۆژووم).
٦. ئەو ڕۆژووگرەی کە ڕۆژووەکەی کامڵ وتۆکمەیە ئەو کەسەیە کە ئەندامەکانی بە دوور دەگرێت لە گوناهەکان وتاوانەکان، وزمانی بە دوور دەگرێت لە درۆکردن وقسەی ناڕەوا وشاهێدانی درۆ، وسکی بە دوور دەگرێت لە خواردن وخواردنەوە.
٧. جەختکردنەوە لەسەر نەهی کردن لە غەڵبەغەڵب ودەمەقاڵێ وهاوارکردن لەکاتی بەڕۆژووبووندا، ئەگەر نا جگە لە ڕۆژووەوانیش لەم شتانەدا نەهی لێکراوە.
٨. ئەم فەرموودە لەوانەیە کە پێغەمبەر ﷺ لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە، وپێی دەووترێت: فەرموودەی قودسی یان خودایی -ئیلاهی-، وبێژە -لەفز- وماناکەی لە خوداوەیە، بەڵام تایبەتمەندیەکانی قورئانی تێدا نیە ؛ کە بەهۆیانەوە قورئان جیاوازە لە هەرقسەیەکی تر، لە پەرستن ئەنجامدان بەخوێندنەوەی ودەستنوێژگرتن لەکاتی خوێندنی وتەحەدا کردن پێی و موعجیزەئاسا وهتد.

(٣٥٤٦)

(١٩٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ». [صحيح] - [متفق عليه]

(١٩٩) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «ئەوەی مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت بە باوەڕەوە، وباوەڕی بە فەرزێتی ڕۆژووگرتن هەبێت وئەو پاداشتە زۆرەی خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ ڕۆژووگران، ومەبەستی لەم پەرستنەی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت نەک بۆ ڕیا وڕووپامایی بێت ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووتری خۆش دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلەوپایەی دڵسۆزبوون -ئیخلاص- لە ڕۆژووگرتن وهەموو پەرستن وکردەوە چاکەکاندا.

(٤١٩٦)

(٢٠٠) – عن سهل بن سعد رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «إن في الجنة بابا يقال له: الرَّيَّانُ، يدخل منه الصائمون يوم القيامة، لا يدخل منه أحد غيرهم، يقال: أين الصائمون؟ فيقومون لا يدخل منه أحد غيرهم، فإذا دخلوا أغلق فلم يدخل منه أحد». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٠) – لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «لە بەهەشتدا دەرگایەک هەیە، پێی دەووترێت: ڕەیان، ڕۆژووگرەکان لەێوە دەچنە ژوورەوە (بۆ نێو بەهەشت) لە ڕۆژی قیامەتدا،

**جگە لە ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە، دەووترێت: لە کوێن ڕۆژووگرەکان؟ هەڵدەستن وبەرەو دەرگاکە پێش دەکەون، جگە لە ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە، ئەگەر هەموویان چوونە ژوورەوە؛ دەرگاکە دادەخرێت وکەسی تر (لەو دەرگایەوە) ناچێتە ژوورەوە».** [صەحیحە]

- [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

واتای فەرموودەکە: لە پێشەوەی بەهەشتدا دەرگایەک هەیە ناوی ڕەیانە، تایبەت بە ڕۆژووگران، جگە لە ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتەوە ژوورەوە، ئەوەی پارێزگاری بکات لە ڕۆژووگرتنی فەرزەکان وسونەتەکان، ئەوا فریشتەکان لەو دەرگایەوە بانگی دەکەن بۆئەوەی بچێتە نێو بەهەشتەوە، وئەگەر ڕۆژووگران چوونە ژوورەوە ئەوا دەرگاکە دادەخرێت وکەسی تر لەو دەرگایە ناچێتە نێو بەهەشتەوە.

(٣٧٣٨)

(٢٠١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه : أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ، فُتِحَتْ أَبْوَاب الجَنَّةِ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ، وَصفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر ڕەمەزان هات؛ دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، وشەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن».**
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

واتای فەرموودەکە: (ئەگەر ڕەمەزان هات؛ دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، وشەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن): ئەم سێ شتە ڕوودەدات لە ڕەمەزاندا:

١/ دەرگاكانی بەهەشت دەكرێتەوە؛ ئەمیش بۆ هاندانی ئەوانەی پەرستن وكردەوەی چاك ئەنجامدەدەن وەكو نوێژكردن ورۆژووگرتن وخێركردن وزیكركردن وقورئان خوێندن وكردەوەی زۆری تر.

٢/ دەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن؛ ئەمیش بەهۆی كەمی تاوان وگوناهی ئیمانداران لە مانگەدا.

٣/ شەیتانەكان زنجیر دەكرێن، لە گێڕانەوەیەكی متمانەپێكراوی باشدا لە (سنن النسائي) و (مسند أحمد) تردا وشەی هاتووە: (المَرَدة) هاتووە، واتا: (شەیتانە ملهوڕە بەهێزەكان)، وهەروەها لە گێڕانەوەیەكی سەحیحدا لە (الترمذي) و(النسائي) و(ابن ماجه) ئەم دەقە هاتووە: (ومردة الجن)، واتا: (جنۆكە ملهوڕە بەهێزەكان)، لە جنۆكەكان ئەوانەی كە پێیان دەووترێت: (المَرَدة:ئەلمەرەدە)؛ ئەو شەیتانانەن كە زۆر زۆر دژایەتی نەوەكانی ئادەم دەكەن، وزنجیر دەكرێن بە واتای ئەوەی دەستیان دەبەسترێتەوە بۆ ئەوەی ئەو زیانانە نەدەن وئەو ئازارانە نەگەیەنن كە لە جگە لە ڕەمەزاندا دەیانكرد، وهەموو ئەمەی كە پێغەمبەر ﷺ باسیكردووە هەق وڕاستیە وبۆ ئومەتەكەی وەكو ئامۆژگاری باسیكردووە بۆیان، بۆ ئەوەی چاكە وخێر ئەنجامبدەن وئاگادار بن لە شەڕ وخراپە.

(١٠١٠٧)

(٢٠٢) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ فأَكل أو شَرِب، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ، فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەركەسێك بە ڕۆژوو بێت وبە هۆی لە بیرچوونەوە بخوات یان بخواتەوە؛ ئەوا با ڕۆژووەكەی تەواو بكات (نەیشكێنێت)، چونكە ئەوە خوای گەورە ڕزقی خواردن وخواردنەوەی پێ بەخشیووە».**

[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

شەریعەتی ئیسلامی بنیاتنراوە لەسەر ئاسانکاری، وئەرک خستنە سەر مرۆڤەکان بە گوێرەی توانایان، ورەخنە لێنەگرتن لە کاتی نەبوونی توانا یان نەبوونی بژاردە. ولەوانەیش: ئەوەی بخوات وبخواتەوە، یان شتێکی تر ئەنجامبدات کە ڕۆژووەکەی بشکێنێت لە ڕۆژی ڕەمەزاندا یان هەر ڕۆژووگرتنێکی تر، ئەوا با ڕۆژووەکەی بەردەوام بکات، چونکە ئەمە بە ئەنقەست وبە بژاردەی خۆی نەبووە، بۆیە هەر کردەوەیەک مرۆڤ بیکات پێش نیەت هێنانی لەسەر ئەم کارە ئەوا کاریگەری نابێت لەسەر ڕۆژووەکەی، بەڵکو ئەمە وەکو بەخشینێکە لە لایەن خوای گەورە کە ڕزقی خواردن وخواردنەوەی پێ بەخشیوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دروستێتی ڕۆژووی ئەو کەسەی بخوات یان بخواتەوە بەهۆی لەبیرچوونەوە.
٢. هیچ گوناهێک نییە لەسەر ئەو ڕۆژووگرەی کە دەخوات یان دەخواتەوە بەهۆی لەبیرچوونەوەوە؛ چونکە ئەمە بە ویستی خۆی نەبووە.
٣. میهرەبانی خوای گەورە بەرامبەر بەندەکانی وئاسانکاری بۆیان، وهەڵگرتنی بارگرانی وناڕەحەتی لە ئەستۆیان.
٤. ڕۆژووگر ڕۆژووەکەی ناشکێت بەو شتانەی ڕۆژوو پوچەڵ دەکەنەوە؛ مەگەر ئەم سێ مەرجەی تێدا بێت:

١- دەبێت زانا وبەئاگا بێت، ئەگەر بە نەزانینەوە بێت ئەوا ڕۆژووەکەی ناشکێت.

٢- دەبێت لەبیری بێت کە بەڕۆژووە، ئەگەر بەهۆی لەبیرچوونەوە بێت؛ ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە وقەزا کردنەوەی لەسەر نییە.

٣- دەبێت بە بژاردەی خۆی بێت نەك ناچار کرابێت بە خواردن یان خواردنەوەی شتێك لەوانەی ڕۆژوو دەشکێنن.

(٤٥٢٥)

(٢٠٣) – عن عائشة رضي الله عنها : «**أن رسول الله صلى الله عليه وسلم كان يعتكف في الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ من رمضان، حتى توفاه الله عز وجل، ثم اعتكف أزواجه بعده**».
وفي لفظ «**كان رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم يَعتكِفُ في كلِّ رمضـان، فإذا صـلى الغَدَاةَ جاء مكانه الذي اعْتَكَفَ فيه**». [صـحيح] - [الرواية الأولى متفق عليها. الرواية الثانية رواه البخاري]

(٢٠٣) – له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «**پێغەمبەر ﷺ له دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد، هەتا خوای گەورە ڕۆحی کێشا، پاشان خێزانەکانی لە پاش ئەو ئیعتیکافیان دەکرد**».
وله گێڕانەوەیەکی تردا: «**پێغەمبەر ﷺ هەموو ڕەمەزانێک ئیعتیکافی دەکرد، ئەگەر نوێژی بەیانی ئەنجام بدایە؛ دەگەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئیعتیکافی تێیدا دەکرد**». [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە – بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر ﷺ لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا ئیعتیکافی دەکرد، ئەویش بۆ ئەوەی بگەڕێت بە دوای پاداشتی پەرستن لە شەوی قەدردا، لە پاش ئەوەی کە زانی شەوی قەدر لە کۆتا دە شەوی ڕەمەزانە، وهەتا مردن بەم شێوەیە بەردەوام بوو. وعائیشە باسی ئەوە دەکات کە ئەم حوکمە ماوەتەوە وتایبەت نیە بە پێغەمبەر ﷺ، چونکە خێزانەکانی لە پاش خۆی ئیعتیکافیان کرد.

وله گێڕانەوەیەکی تردا: عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر نوێژی بەیانی ئەنجامبدایە ئەوا دەچووە شوێنی ئیعتیکاف کردنی؛ بۆ ئەوەی خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ پەرستنی خوای گەورە وپاڕانەوە، وئیعتیکاف کردنی کامڵ کاتێک دێتە دی کە هەموو پەیوەندیەکان بپچڕێنی لەگەڵ بوونەوەرەوەکان.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئیعتیکاف کردن له مزگەوتدا؛ ڕێگەپێدراوە، تەنانەت بۆ ئافرەتانیش بەپێی ڕێکارە شەرعییەکان، وبە مەرجی دووربوون لە فیتنە.

٢. جەختکراوەتەوە لەسەر ئیعتیکاف کردن بەتایبەت لە کۆتا دە ڕۆژی مانگی ڕەمەزان؛ چونکە بە بەردەوامی ئەمە کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بووە.

٣. ئیعتیکاف کردن سونەتێکی بەردەوامە وحوکمەکە چەسپاوە وهەڵنەوەشێنراوەتەوە (نەسخ نەکراوەتەوە)، چونکە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ لە پاش خۆی ئیعتیکافیان دەکرد.

(٤٤٩٥)

(٢٠٤) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: **«كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يَجْتَهِدُ في رمضان ما لا يَجْتَهِدُ في غيره، وفي العَشْرِ الأَوَاخِرِ منه ما لا يَجْتَهِدُ في غيره»**.

[صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٠٤) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو هەوڵ وکۆششە زۆرەی دەیکرد بۆ پەرستن لە ڕەمەزاندا لە مانگەکانی تردا بەو شێوەیە نەبوو، ولە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا ئەو هەوڵ وکۆششە زۆرەی دەیکرد بۆ پەرستن لە شەوەکانی تر بە شێوەیە نەبوو»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- لەم فەرموودەیەدا باسی پەرستنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەویش ئەوەیە: کە ئەوەندە کۆششی دەکرد بۆ پەرستنی خوای گەورە لە مانگەکانی تر بەو شێوەیە نەبوو؛ چونکە مانگێکی پیرۆزە، خوای گەورە فەزڵی داوە بە سەر مانگەکانی تر، ئەگەر دە شەوی کۆتایی بوایە ئەوا کۆششی بۆ پەرستنی خوای گەورە زیاتر دەکرد؛ چونکە دە شەوی کۆتایی شەوی قەدری تێدایە کە خێری پەرستن لەم شەوەدا

به گوێرەی خێری پەرستنی هەزار مانگە، چونکە کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزانن بۆیە ئەویش کۆتایی پێدەهێنا بە چاکترین کردەوەکان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری کردن بە زۆر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وپەرستنەکان لە مانگی ڕەمەزاندا بەشێوەیەکی گشتی ودە شەوی کۆتایی ئەو مانگە بەتایبەتی.

٢. دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان؛ لە شەوی بیست ویەکەوە دەستپێدەکات هەتاوەکو کۆتایی ئەو مانگە پیرۆزە.

٣. سوننەتە مرۆڤ کاتە ڕێزدار وفەزڵدارەکان بە هەل بزانێت بۆئەوەی کردەوەی چاک وپەرستنیان تێدا ئەنجام بدات.

(٣٧٥٥)

(٢٠٥) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: **«كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا دَخَلَ العَشْرُ أَحْيَا الليلَ، وأَيْقَظَ أَهْلَهُ، وَجَدَّ وَشَدَّ المِئْزَرَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٥) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ ئەگەر دە شەوی کۆتایی بهاتایە؛ شەوەکانی زیندوو دەکردەوە، وخێزانەکانی هەڵدەستاند، وهەوڵ وکۆششی زۆری دەکرد، ولە خێزانەکانی دووردەکەوتەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بهاتایە؛ ئەوا زیندووی دەکردنەوە بە جۆری جیاواز لە پەرستنەکان، وخێزانەکەیانی هەڵدەستاند، وکۆششی دەکرد بۆ ئەوەی پەرستنەکانی بە جوانی وزۆری ئەنجامبدات زیاد لە حاڵەتی ئاسایی، وخۆی بۆ پەرستن یەکلایی دەکردەوە ونەدەچووە لای خێزانەکانی بۆ جیماع کردن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ بەهەلزانینی کاتە پیرۆزەکان بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان تێیاندا.

٢. نەوەوی دەڵێت: هەروەکو لەم فەرموودەیەوە ڕوون دەبێتەوە: سوننەتە لە دەی کۆتایی ڕەمەزاندا پەرستنەکان زیاد بکات، هەروەها سوننەتە شەوەکانیان زیندوو بکرێنەوە بە ئەنجامدانی پەرستنەکان.
٣. پێویستە لەسەر بەندە کە خەمخۆر بێت سەبارەت بە خاوخێزانی وفەرمانی پەرستنیان پێبکات، وئارامگر بێت لەسەریان.
٤. ئەنجامدانی کردەوە خێر وچاکەکان پێویستی بە پێداگیری وئارامگرتن وخۆڕاگری هەیە.
٥. نەوەوی دەڵێت: زانایان ناکۆکن سەبارەت مانای دەستەواژەی (ئیزارەکەی توند دەکرد)، دەووترێت: کۆششکردنە لە پەرستندا زیاتر لەوەی پێغەمبەر ﷺ ئەنجامیدەدا لە کاتەکانی تردا، وماناکەی: خۆ یەکلایی کردنەوە بۆ پەرستنەکان، دەووترێت: (ئیزارەکەم توند کرد بۆ ئەو کاروبارە)؛ واتا: خۆم یەکلایی کردەوە بۆ ئەنجامدانی، هەروەها ووتراوە: دەستەواژەیەکە بەکاردێت وەکو ئاماژەیەك بۆ دوورکەوتنەوە لە ئافرەتان وسەرقاڵبوون بە پەرستنەکان.

(٤٩٤٤)

(٢٠٦) – عن أبي سعيد الخُدْرِي رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «من صام يومًا في سبيل الله بَعَّدَ الله وجهه عن النَّار سَبْعِين خريفا». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٦) – لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی ڕۆژێک لە پێناو خوای گەورە بە ڕۆژوو بێت؛ ئەوا خوای گەورە ڕووی دوور دەخاتەوە لە دۆزەخ بە ئەندازەی حەفتا پایز (حەفتا ساڵ)».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەوە دەدات کە هەر کەسێک لە پێناو خوای گەورە ڕۆژێک بە ڕۆژوو بێت ئەوا خوای گەورە ڕووی ئەو کەسە حەفتا ساڵ دوور دەخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ، ئەمەیش بەهۆی خۆ کۆشش کردن وجیهادی

نەفس وئارام گرتن لەسەر نارەحەتیەکانی ڕۆژووە، ودوور خستنەوەی لە دۆزەخ واتای نزیک کردنەوەیەتی لە بەهەشت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەوەوی دەڵێت: ئاماژەیە بۆ فەزڵی ڕۆژووگرتن لە پێناو خوای گەورە، ئەمیش بەسەر ئەوانەدا جێبەجێ دەبێت کە بەهۆی ڕۆژووگرتنەوە تووشی زیان نابن، وماف پشت گوێ ناخەن، ونابێتە بەربەست لە پێش جەنگ وئەرکی تر لە ئەرکەکانی جیهاد کردن.

٢. ئامۆژگاری وهاندان بۆ ڕۆژووگرتنی سونەت.

٣. واجبێتی دڵسۆز بوون وداوا کردنی ڕەزامەندی الله، ونابێت بۆ ڕیا وناوبانگ ومەبەستی تر ڕۆژوو بگرێت.

٤. سیندی دەڵێت: کاتێك دەفەرموێت: (لە پێناو خوای گەورە)؛ لەوەیە مەبەست تەنها چاککردنی نیەت بێت، ولەوەیە مەبەست ڕۆژووگرتن بێت لەکاتی جەنگ وجیهاددا، ودووەمیان ماناکەی ڕوونترە.

٥. ئیبن حەجەر دەڵێت: کاتێك دەفەرموێت: (سبعين خريفًا:بە ئەندازەی حەفتا پایز -ساڵ-)؛ پایز کاتێکی زانراوە لە ساڵدا، ومەبەست لێی ساڵە، وباسکردنی پایز بەتایبەت بەبێ ناوهێنانی وەرزەکانی تر -هاوین وزستان وبەهار-؛ بەهۆی ئەوەیە چونکە پایز بەرهەمدارترین وەرزەکانی ساڵە وتێیدا جۆرە جیاوازەکانی بەرووبووم دروێنە دەکرێت.

(٤٤٣٦)

(٢٠٧) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: **«أوصاني خليلي صلى الله عليه وسلم بثلاث: صيام ثَلاثَةِ أَيَّامٍ من كل شهر، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى، وأن أُوتِرَ قبل أن أنام»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«خەلیلەکەم ﷺ فەرمانی سێ شتی پێکردم: ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک، ودوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو، ونوێژی ویتر بکەم پێش خەوتن»**. [خەلیل: ئەوپەڕی بەرزی پلەی خۆشەویستیە] [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

ئەم فەرموودە سێ ئامۆژگاری پێغەمبەر ﷺ ی تێدایە:
١/ ئامۆژگاری بە ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک؛ چونكە چاكە بە دە ئەوەندەیە، بۆیە ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ وەكو ڕۆژووگرتنی هەموو مانگەكە وایە، وباشتر وایە سێ ڕۆژەكە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ و ١٥ ی مانگی كۆچی بن هەروەكو لە هەندێک فەرموودەدا هاتووە.
٢/ نوێژی چێشتەنگاو (الضحى) بكات، وكەمترینی دوو ڕكاتە، وبە تایبەت دەرهەق بە ئەوانەی كە شەونوێژ ناكەن، وەكو ئەبو هوریرە كە سەرقاڵی خوێندنی زانست بوو لە سەرەتای شەودا، وباشترین كاتیش بۆ نوێژی چێشتەنگاو ئەو كاتەیە كە خۆری بەیانی لە ئاسمانە وكەش وهەوا گەرم دەبێت؛ وئەمەش لە فەرموودەی تردا هاتووە.
٣/ ئەوەی شەونوێژ ناكات لە كۆتایی شەودا ئەوا با لە سەرەتادا شەونوێژ بكات پێش ئەوی بخەوێت بۆ ئەوەی كاتەكەی لە دەست دەرنەچێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. جیاوازی ئامۆژگارییەكانی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاوەڵانی: بنیات نراوە لەسەر زانستی پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە حاڵی هاوەڵان، وئەوەی گونجاوە بۆ هەریەكێكیان، كەسی بەهێز جیهاد بۆی گونجاوە، وخوا پەرست پەرستن بۆی گونجاوە، وزانا زانست بۆی گونجاوە، وبەو شێوەیە.
٢. ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێت: كاتێك دەفەرموێت: (ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگ)؛ وا دەردەكەوێت كە مەبەست لێیان ڕۆژە سپییەكان بێت، ئەمانیش بریتین لە: سیانزە وچواردە وپانزەی مانگی كۆچی.
٣. ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێت: سونەتە نوێژی ویتر بكرێت پێش خەوتن، ئەمیش دەرهەق بە ئەوانەی متمانەیان نییە لەوەی هەستن بۆ شەونوێژكردن.
٤. گرنگی ئەم سێ كردەوەیە؛ چونكە پێغەمبەر ﷺ وەسیەت وئامۆژگاری هەندێک لە هاوەڵانی كردووە سەبارەتیان.
٥. ئیبن دەقیقی عید دەڵێت: كاتێك دەفەرموێت: (ودوو ڕكاتی چێشتەنگاو)؛ لێرەدا كەمترین ژمارەی ڕكاتی باسكرد چونكە بە ئەنجامدانی كردەوەكە

جێبەجێ دەبێت، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نوێژی چێشتەنگاو سونەتە، وکەمترین ژمارەی ڕکاتەکانی؛ دوو ڕکاتە.
٦. کاتی نوێژی چێشتەنگاو: لە پاش دەرچوونی خۆر بە ماوەی چارەکە کاتژمێرێك، وماوەکەی درێژ دەبێتەوە هەتاوەکو دە خولەك پێش نوێژی نیوەڕۆ، وژمارەی ڕکاتەکانی: کەمترینیان دوو ڕکاتە، وناکۆکی هەیە سەبارەت بە زۆرترین ژمارەی ڕکاتەکانی؛ ووتراوە: هەشت ڕکات، هەروەها ووتراوە: سنوور نییە بۆ زۆرترینی.
٧. کاتی نوێژی ویتر: لەپاش نوێژی عیشا هەتاوەکو دەرچوونی بەرە بەیان، وکەمترینی یەك ڕکاتە، وزۆرترینی یانزە ڕکاتە.

(٤٥٣٨)

(٢٠٨) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«تَسَحَّرُوا؛ فإن في السَّحُورِ بَرَكة»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٨) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرماندەکات بە پارشێو کردن، کە بریتیە لە خواردن وخواردنەوە لە کاتی سەحەر (ماوەیەک پێش نوێژی بەیانی)، ئەمیش بۆ خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕۆژووگرتن، وباسی دانایی دەکات لەم پارشێو کردنە چونکە بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە بۆ سوودی دونیا وقیامەت. لە بەرەکەت وسوودەکانی پارشێو کردن:
- یارمەتیدەرە بۆ پەرستنی خوای گەورە لە ڕۆژدا.
- ڕۆژووگر بێتاقەت نابێت لە ڕۆژووگرتن بە بەردەوامی بە پێچەوانەی ئەو کەسەی پارشێو ناکات؛ چونکە تووشی بێزاری وقورسی دەبێت وناتوانێت لە ڕۆژووگرتن بەردەوام بێت.
- وەرگرتنی پاداشت بە هۆی شوێنکەوتنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ وپێچەوانە کردنی ئەهلی کتێب.

- لەوەیە نوێژ بکات وببەخشێت بە ئەو کەسانەی کە پێویستن، ولەوەیە شتێک لە قورئان بخوێنێت ویادی خوای گەورە بکات.
- پارشێو کردن پەرستنە (عیبادەتە) ئەگەر نیەتی پەرستنی خوای گەورە وشوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ بێت بەم هەستانە، وخوای گەورە لە شەریعەتەکەیدا دانایی ونهێنی زۆر هەیە.
- یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بۆیە فەرمانکراوە بە دواخستنی پارشێو کردن بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پارشێو دەکات نەخەوێتەوە کە لەوەیە نوێژی بەیانی لە دەست بچێت، وئەمەش ڕوویداوە، ئەوانەی ئامادەی نوێژی بەیانی دەبن لە کاتی ڕەمەزاندا ژمارەیان زۆرترە لە پێش ڕەمەزان ئەمیش بە هۆی هەستان بۆ پارشێو کردن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پارشێوکردن سوننەتە، وئەنجامدانی جێبەجێکردنی فەرمانی شەریعەتە.
٢. ئیبن حەجەر لە (فتح الباري)دا دەڵێت: بەرەکەت وپیرۆزی لە پارشێودا دێتە دی لە چەند ڕێگایەکەوە، لەوانەیش: شوێنکەوتنی سوننەتە، وپێچەوانەکردنی خاوەن کتێبەکانە -جولەکە وگاوڕەکان-، وبەهێزکردنی لاشەیە بۆ ئەنجامدانی پەرستن، وزیادکردنی چالاکی لاشەیە، ودوورخستنەوەی ڕەوشت خراپیە کە لەوەیە بەهۆی برسێتیەوە ڕووبدات، هۆکارە بۆ خێر کردن لەسەر ئەو کەسەی داوا دەکات یان لەگەڵی دادەنیشێت بۆ خواردن لەو کاتەدا، هۆکارە بۆ زیکر ونزا کردن لە کاتێکدا کە هیوا هەیە بە وەڵامدانەوەی نزا تێیدا، ونوێکردنەوەی نیەتە بۆ ئەو کەسەی بێ ئاگا بووە لێی لە پێش خەوتن.
٣. جوانی فێرکردنی پێغەمبەر ﷺ چونکە حوکم وحیکمەتی پێکەوە باسکردووە؛ بۆئەوەی دڵ ئاسوودە وفراوان بێتەوە، هەروەها بەرزی ومەزنی شەریعەت دەربکەوێت.
٤. ئیبن حەجەر دەڵێت: پارشێو دەکرێت بە کەمترین بڕ لە خواردن وخواردنەوە کە کەسێك دەیخوات یان دەیخواتەوە.

(٤٤٩٨)

(٢٠٩) – عن أبي عبيد، مولى ابن أزهر، قال: شهدت العيد مع عمر بن الخطاب رضي الله عنه ، فقال: هذان يومان نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم عن صيامهما: يوم فطركم من صيامكم، واليوم الآخر تأكلون فيه من نُسُكِكُم. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٠٩) – له ئەبی عوبەید، خزمەتکاری ئیبن ئەزهەر دەڵێت: ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت-، ووتی: **«ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووەکانتان (مەبەستی: یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە)، وڕۆژەکەی تر: لە قوربانیەکانتان دەخۆن (مەبەستی: ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە)».**
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

خوای گەورە دوو ڕۆژی جەژنی داناوە بۆ مسوڵمانان، وهەریەکێکیان بەستراوەتەوە بە دروشمێکی (ڕێوڕەسمێکی) ئاینی، ڕۆژی یەکەمی جەژنی ڕەمەزان (ڕۆژی ڕۆژووشکاندن) پەیوەندی هەیە بە تەواو بوونی ڕۆژووگرتنەوە، بۆیە واجبە لەسەر مسوڵمان کە ئەم ڕۆژە ڕۆژوو بشکێنێت وەکو سوپاسگوزاریەک بۆ خوای گەورە لەسەر تەواو بوونی نیعمەتی ڕۆژووگرتن، وبۆ دەربڕینی نیعمەتی ڕۆژووشکاندن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لە پاشان تەواو بوونی یەک مانگ لە ڕۆژووگرتن، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ} [البقرة: ١٨٥] واتە: {تا مانگەکە (ڕۆژوو بگرن) بەتەواوی وبە گەورە ناوی خوا بەرن لەسەر ئەو ڕێنموێنیەی کە کردوونی وتا سوپاسی (خوا) بکەن}.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی ڕۆژووگرتنی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان وڕۆژی جەژنی قوربان وڕۆژەکانی تەشریق (١١ و ١٢ و ١٣ ی مانگی -ذي الحجة-)، چونکە ڕۆژەکانی تەشریق پەیوەستن بە ڕۆژی جەژنی قوربان مەگەر بۆ کەسێك لە حەجدا بێت وتوانای سەربڕینی ئاژەڵێکی نەبێت؛ ئەوا بۆی هەیە ڕۆژەکانی تەشریق بەڕۆژوو بێت.

٢. ئبن حەجەر دەڵێت: سوودی وەسفکردنی ئەم ڕۆژانە لەوەدایە ئاماژە کردنە بۆ هۆکاری واجبێتی ڕۆژوو نەگرتن تێیاندا، ئەویش بۆ ئەوەی ڕۆژی چەژنی ڕەمەزان جیا بکرێتەوە لە مانگی ڕۆژووگرتن، وبۆ پیشاندانی تەواو کردنی ڕۆژوو گرتن، وە بەڕۆژوو نەبونی ڕۆژانی جەژنی قوربان: بۆ خواردنە لەو قوربانیەی سەربڕدراوە.
٣. سوننەتە وتاربێژ لە وتارەکەیدا باسی ئەو شتانە بکات کە پەیوەندی بە کاتی وتارەکەوە هەیە لە حوکمەکان ورووداوە گرنگەکانی نێو کۆمەڵگا؛ لە ڕوانگەی شەریعەتەوە.
٤. خواردن لە قوربانی؛ ڕێگەپێدراوە.

(٤٥٢٧)

(٢١٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

**«مَنْ يَقُمْ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١٠) – لە ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی شەونوێژ (نوێژی تەراویح) ئەنجامبدات لە شەوی قەدردا بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی فەزڵی شەونوێژ (نوێژی تەراویح) دەکات لە شەوی قەدردا کە لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندایە، وهەرکەسێک کۆشش بکات تێیدا بە نوێژکردن ونزا وقورئان خوێندن ویادی خوای گەورە، وباوەڕی پێی هەبێت وبەو فەزڵەی سەبارەتی هاتووە، وهیوای بە پاداشتی الله بێت -سبحانه وتعالى-، نەک بۆ ڕیا وناوبانگ بێت، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆشدەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پاداشت وفەزڵی شەوی (قەدر) وئامۆژگاری بە شەونوێژکردن لەو شەوەدا.

٢. کردەوە چاکەکان قبوڵ ناکرێن مەگەر ڕاستگۆیی نیەتی لەگەڵدا بێت.
٣. ئاماژەیە بۆ فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورە، هەرکەسێک شەونوێژ ئەنجامبدات لە شەوی قەدردا بە باوەڕ وئیمانەوە وبە داواکردنی پاداشت لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

(٤٢٠٢)

(٢١١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول: **«مَنْ حَجَّ لِلهِ فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەوەی حەج ئەنجام بدات، وقسەی خراپ ونارەوا نەکات (نزیک نەبێتەوە لە خێزانی بەچێژوەرگرتن)، وتاوان وگوناه ئەنجام نەدات ئەوا دەگەڕێتەوە (لە حەج کردنەکەی) وەکو ئەو ڕۆژەی لە دایك بووە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەکاتەوە ئەوەی حەج بکات بۆ خوای گەورە (بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە بۆ خودا )، وکردەوەی نارەوا نەکات لە کاتی ڕێورەسمی حەجەکەدا -کردەوەی نارەوا وەکو جووتبوون وپێشەکیەکانی لە ماچکردن وبەریەککەوتن-، وهەروەها هیچ قسەیەکی خراپ نەڵێت، وفاسقێتی نەکات ئەمیش هەموو تاوان وگوناهەکان دەگرێتەوە، ونمونەی فاسقێتی بریتیە لە کردنی قەدەغەکراوەکانی ئیحرام، ئەوا لە حەجکردنەکەی دەگەڕێتەوە بە لێخۆشبوونەوە هەروەکو چۆن منداڵ لەدایک دەبێت بە بێ گوناه.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فاسقێتی ولادان وتاوانەکان بە گشتی لە هەموو حاڵەتێکدا نەهی لێکراوە، بەڵام لە کاتی حەج کردندا زیاتر جەخت لە سەر ئەنجام نەدانی کراوەتەوە وەکو بەگەورەدانانێک بۆ مەراسیمی حەج کردن لەماڵی خوای گەورە.

٢. مرۆڤ لە دایک دەبێت بە بێ تاوان وبەریئە لە هەموو تاوانێک وتاوانی کەسانی تر لە ئەستۆ ناگرێت.

(٢٧٥٨)

(٢١٢) – عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما : **«أن تَلْبِيَةَ رسول الله صلى الله عليه وسلم : لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك».**

قال: وكان عبد الله بن عمر يزيد فيها: **«لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، والخير بيديك، وَالرَّغْبَاءُ إليك والعمل».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١٢) – لە عبداللهی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: (تەلبیه)*ی پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە بوو: **«لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك»، واتە: «خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین وهیچ هاوبەش وشەریکێکت نیە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس وموڵکێک تەنها هەر بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە».**

دەڵێت: وعبداللهی کوڕی عومەر ئەمەی زیاد دەکرد: **«لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، والخير بيديك، وَالرَّغْبَاءُ إليك والعمل»، واتە: «خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، ودڵخۆش وئاسوودەمان بکە لەسەر پەرستنی تۆ، وخێر هەمووی لە نێو دەستەکانی تۆدایە، ومەبەستمان تەنها تۆیە لە داواکردنی پاداشت وکردەوەکانمان تەنها هەر بۆ تۆیە».** *[تەلبیە واتا: وەڵامدانەوەی بانگکردن بۆ ئەنجامدانی حەجی ماڵی خودا]. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عبداللهی کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی چۆنیەتی (تەلبیە کردنی) پێغەمبەر ﷺ دەکات لە کاتی حەج وعومرەدا: (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك).

ئەمە دەربڕینی وەڵامدانەوەی خوای گەورەیە کاتێک داوای کرد کە بانگی خەڵکی بکرێت بۆ ئەنجامدانی حەج لە ماڵە پیرۆزەکەی بە دڵسۆزی، ودەربڕینی سوپاس ودانپێدانان بە نیعمەتەکانی و بەوەی خاوەنداری هەموو خوڵقێنراوەکانە؛ لەمانەدا هیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم بەشەی زیاد کرد کە زیاتر دووپاتدەکاتەوە لەسەر ناوەڕۆکی ئەم وەڵامدانەوەیە (ئەم تەلبیە)، ودەیووت: (لبيك وسعديك، والخير بيديك والرغباء إليك والعمل)، بۆیە سەرەنجامی هەموو کردەوەکان دەبێت بە تەنها بۆ خوای گەورە بێت بە مەبەستەوە (نیەتەوە) ودەبێت تەنها داوای پاداشت لە ئەو بکرێت لەسەر ئەنجامدانی کردەوەکان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دروستێتی تەلبیە کردن لە کاتی حەج وعومرە کردندا، وجەختکردنەوە لەسەر ووتنی؛ چونکە دروشمی تایبەتی حەج وعومرەیە، هەروەکو چۆن تەکبیر کردن دروشمی نوێژە.

٢. ئیبن مونیر دەڵێت: ڕێگەپێدان بە ووتنی تەلبیە؛ ئاماژەیە بۆ ڕێزلێنانی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- لە بەندەکانی، چونکە هاتنیان بۆ ماڵەکەی بەهۆی بانگکردنیان بوو لە لایەن الله وە -سبحانە وتعالی-.

٣. باشتر وایە مرۆڤ پابەندی تەلبیە کردنی پێغەمبەر ﷺ بێت، وزیاد کردن بۆی ئاساییە چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی پێداوە، ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەمە ناوەندترین بۆچوونە، سەرەتا ئەو تەلبیە دەڵێت کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە ﷺ، وئەگەر دواتر خۆی تەلبیەیەکی تر هەڵبژێرێت کە لە هاوەڵانەوە هاتووە یان خۆی دایبهێنێت وگونجاو بێت؛ ئەوا بە جیا دەیڵێت بۆئەوەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ ئەوەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە ﷺ، ئەمیش هاوشێوەی نزا کردنە لەکاتی تەحیاتدا، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پاشان

ئەو نزا وستایشە بکات کە دەیەوێت؛ واتا لە پاش تەواو بوون لەو ستایش ونزایەی کە پێغەمبەر ﷺ باسیکردووە.
٤. سوننەتە پیاو دەنگی بەرز بکاتەوە لە کاتی تەلبیەدا، بەڵام ئافرەت دەنگی نزم دەکاتەوە لە ترسی تووشبوون بە فیتنە.

(٤٥٣٥)

(٢١٣) – عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«ما مِنْ أيَّامٍ العمَلُ الصَّالِحُ فيها أحبُّ إلى اللهِ مِن هذه الأيام»** يعني أيامَ العشر، قالوا: يا رسُولَ الله، ولا الجهادُ في سبيلِ الله؟ قال: **«ولا الجهادُ في سبيلِ الله، إلا رجلٌ خَرَجَ بنفسِه ومالِه فلم يَرْجِعْ من ذلك بشيءٍ»**. [صحيح] - [رواه البخاري وأبو داود، واللفظ له]

(٢١٣) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هیچ ڕۆژێک نییە کە ئەنجامدانی کردەوەی چاک خۆشەویست بێت لای خوای گەورە وەکو ئەم ڕۆژانە»**؛ مەبەست دە ڕۆژی یەکەمی (مانگی ذي الحجة) یە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، تەنانەت جیهاد وتێکۆشانیش لە پێناو خوای گەورە؟ فەرمووی: **«بەڵێ، تەنانەت جیهاد وتێکۆشانیش لە پێناو خوای گەورە، جگە لە پیاوێک نەبێت کە بە نەفسی وهەموو ماڵی دەرچوو بێت، وبە هیچ شتێک لە ئەوانە نەگەڕابێتەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری وئەبو داود -گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە ئەنجامدانی کردەوەی چاک لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی -ذي الحجة- باشترە لە ئەنجامدانیان لە هەموو ڕۆژەکانی تری ساڵ.
وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە جیهاد کردن لە ڕۆژەکانی تر جگە لەم دەیە، ئایا باشترە لە ئەنجامدانی کردەوەی چاک لەم دە ڕۆژەدا؟ چونکە جێگیر بوو لەلایان کە جیهاد کردن لەباشترین کردەوەکانە.

پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دایەوە: ئەنجامدانی کردەوەی چاک لەم دە ڕۆژەدا باشترە لە جیهاد کردن لە ڕۆژەکانی تر، مەگەر موجاهیدێک دەربچێت بە نەفسی وهەموو سامانی لەپێناو الله ؛ ڕۆحی دەربچێت وهەموو سامانەکەی لەدەست بدات. ئەم کردەوەیە باشترە لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان لەم دە ڕۆژە پیرۆزە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی (ذي الحجة)، لەسەر مسوڵمانە ئەم ڕۆژانە بەهەل بزانێت بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان: یادی خوای گەورە، وقورئان خوێندن، وتەکبیر وتەهلیل وتەحمید کردن -ووتنی: سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر-، ونوێژکردن، وڕۆژووگرتن، وهەمووکارە خێر وچاکەکان.

(٦٢٥٥)

(٢١٤) – عن أنس رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال:

**«جَاهِدُوا المشركين بأموالكم وأنفسكم وألسنتكم».** [صحيح] - [رواه أبو داود والدارمي والنسائي وأحمد]

(٢١٤) – لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«جیهاد وتێکۆشان بەرپا بکەن بەرامبەر موشریکەکان بە ماڵتان ونەفستان وزمانتان».** [صەحیحە] – [نەسائی وئەبو داود وئەحمەد ودارەمی – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرمان بە ئیمانداران دەکات بەوەی کە جیهاد ئەنجامبدەن لە ژێر دەسەڵاتی پێشەوا (دەسەڵاتدار)، ولە ژێر یەک ئاڵا کە ئاڵای هەموو ئیماندارانە، ومەبەست لە جیهاد کردن بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خودا بێت (بۆ سەرخستنی ئیسلام بێت) نەک بۆ مەبەستی دونیایی، وجیهاد بەم شێوانە دەبێت:

١/ به ماڵ: واتا بەخشینی پارە وسامان بۆ کڕینی چەک، وئامادەکاری بۆ موجاهیدەکان، وبەو شێوەیە.
٢/ بە نەفس: دەستپێکردنی جەنگ وجیهاد بۆ کەسێک کە لە توانایدا هەبێت، وگونجاو وشایستە بێت بۆ ئەم ئەرکە مەزنە، وجیهادکردن بە بەخشینی نەفس بنچینەی سەرەکیە لە جیهادکردندا، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَاهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾ [التوبة: ٤١]، واتە: ﴿جیهاد بکەن وتێبکۆشن بە ماڵ وگیانتان لە پێناو خودا (لە ڕێگەی خوادا)﴾.
٣/ بە زمان: ئەمیش بە بانگخوازی بۆ ئاینی خودا -سبحانه وتعالى- وبڵاوکردنەوەی، وبەرگری کردن لە ئیسلام، و وەڵامدانەوەی گومانەکان سەبارەت بە ئاینی ئیسلام، و وەڵامدانەوەی گفتوگۆی مولحید وبێباوەڕ وموشریکەکان، وبڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلام بەهەموو کەرەستە وئامرازێکی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەردەم، ئەمیش بۆ سەلماندنی بەڵگە بە سەر ئەوانەی سەرکەشن (عینادن)، وبە دەنگ لە کاتی گەیشتندا ونەهی لێکردن وهەڕەشە کردن وبەو شێوەیە وبە هەرشێوەیەک کە پیلاندانانی تێدا بێت بۆ دوژمنان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَنَالُونَ مِنۡ عَدُوّٖ نَّيۡلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٞ صَٰلِحٌ﴾ [التوبة: ١٢٠] واتە: ﴿وهەر زیانێک لە دوژمن بدەن (لە دیل کردنیان وکوشتنیان یان گرتنی ماڵ وسامانیان) بەهۆی ئەمانەوە کردەوەی چاکیان بۆ دەنوسرێت﴾، وبەو وتارانەی کە هاندەدەن بۆ جیهاد کردن، وبە وتنەی شیعر وهۆنراوەکان هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (اهجوا قريشا فإنه أشد عليهم من رشق النبل) [رواه مسلم]، واتە: (هۆنراوە بڵێ دژی قوڕەیش؛ چونکە ئەمە توندتر ونارەحەتترە لەسەریان زیاتر لە وەشاندنی تیرەکان).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ جیهاد کردن دژی موشریکەکان بە نەفس وماڵ وزمان؛ هەرکەسێك بەپێی توانای، وجیهاد کردن تەنها نەبەستراوەتەوە بە جەنگ بەرپاکردن بە نەفس.

٢. فەرمان بە جیهاد کردن مەبەست ئەوەیە واجبە، لەوەیە لەسەر هەموو پیاوێک واجب بێت، یان لەسەر کۆمەڵێک لە پیاوان واجب دەبێت و واجبێتی لەسەر کۆمەڵێکی تر نامێنێت ئەگەر کۆمەڵێک هەستان بە ئەنجامدانی.

٣. خوای گەورە جیهاد کردنی لە شەریعەتدا داناوە بۆ چەند مەبەستێك؛ لەوانەیش:

١- بەرەنگاربوونەوەی شیرك وموشریکەکان؛ چونکە خوای گەورە هەرگیز شیرك قبوڵ ناکات.

٢- لابردنی کۆسپەکانی پێش ڕێگای بانگەوازی کردن بۆ لای الله.

٣- پاراستنی بیروباوەڕی ڕاست لە هەموو ئەو شتانەی دژیەتی.

٤- بەرگری کردن لە مسوڵمانان؛ نیشتمان وکەسایەتی -شەرەف وناوبانگ- وسامانیان.

(٦٤٥٩٧)

(٢١٥) – عن الحسن بن علي بن أبي طالب رضي الله عنهما قال: حفظت من رسول الله -صلى الله عليه وآله وسلم-: **«دَعْ ما يَرِيبك إلى ما لا يَرِيبك»**. [صحيح]

- [رواه الترمذي والنسائي وأحمد والدارمي]

(٢١٥) – لە حسین کوڕی عەلیەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئەمەم لەبەرکرد لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ، کە دەفەرموێت: **«واز لەو شتانە بهێنە کە گومانت لێیان هەیە، بۆ شتانێک کە گومانت لێیان نییە».**

[صەحیحە] - [تیرمذی ونەسائی وئەحمەد ودارەمی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێویستە ئیماندار واز لەو شتانە بهێنێت کە گومانی تێیدا هەیە لە ترسی کەوتنە ناو ئەنجامدانی حەرامەوە بە بێ هەستکردن پێی، بەڵکو پێویستە واز بهێنێت لەو شتەی کە گومانی تێیدا هەیە بۆ ئەو شتەی کە دڵنیایە لە حەڵاڵ بوونی وهیچ گومانێکی تێدا نییە ودڵنیا وئارامە لەسەری، پێویستە بە دوای شتی حەڵاڵی بێگومان وبێ خەوش بگەڕێت، ودوور بکەوێت لە حەرامکراوەکان وشوبهەکان وئەو شتانەی کە لە نەفسدا دێن ودەچن.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پێویستە مسوڵمان بابەت وکاروبارەکانی ژیانی لەسەر یەقین ودڵنیایی دامەزراو بێت، و واز لە شتی گوماناوی بهێنێت، و بەچاوڕۆشنیەوە دینداری بکات.
٢. نەهی کردن لە کردنی شتە گوماناوییەکان -شوبهەکان-.
٣. ئەگەر ئارامی وهێوریت دەوێت ئەوا واز لە شتێک بهێنە کە گومانت لێی هەیە ودووری بخەرەوە لە خۆت.
ڕەحمەتی خوای گەورە بەرامبەر بەندەکانی چونکە فەرمانی پێیانکردووە بە شتانێک کە ئارامی وهێوری نەفسی تێدایە، ونەهی لێیانکردووە لە شتانێک کە تووشی دڵەڕاوکێ ونارەحەتیان دەکات.

(٤٥٦٤)

(٢١٦) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«إن الله تَجَاوَزَ عن أمتي ما حَدَّثَتْ به أَنْفُسَهَا، ما لم تَعْمَلْ أو تتكلم»** قال قتادة: **«إذا طَلَّقَ في نفسه فليس بشيء»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١٦) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە شتێک کە لە نەفسی ودەروونی خۆیاندا دەیڵێنەوە، مەگەر کردەوەی پێبکەن یان بیڵێن (قسەکەی ناو دڵیان بێتە سەر زمانیان ودەری ببڕن)»**، قەتادە دەڵێت: **«ئەگەر لە نەفسی خۆیدا تەڵاق بخوات؛ ئەمە هیچ کاریگەرییەکی نابێت (تەڵاق ناکەوێت)»**.
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەندە بەرپرسیار نییە بەرامبەر ئەو قسە وباس وهەوەس وبیرکردنەوانەی بەسەر دڵیدا تێپەڕ دێت، بە بێ ئەوەی پێداگیر بێت لەسەری یان قسەی پێبکات یان بیڵێت، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەڵاقدان بەهۆی قسەی نەفسەوە ناکەوێت؛ چونکە قسە

نییه، وئەم حوکمانە لەسەر وشە وبیرکردنەوە کاتیەکان دەدرێت نەک لەسەر کردەوەکانی دڵ وئەو بیرکردنەوە بەردەوامانەی کە شاراوەن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خوای گەورە -سبحانە وتعالى- لە مرۆڤ خۆش دەبێت سەبارەت بە ئەو بیر وخەیاڵانەی دێت بەسەر نەفسیدا ولە بیری خۆیدا دەیڵێتەوە یان بەسەر دڵیدا تێپەڕ دەبێت؛ بەمەرجێک نەیڵێت وکردەوەی پێنەکات.

٢. ئەگەر مرۆڤ تەنها بیر لە تەڵاق بکاتەوە وبەسەر دڵیدا بێت، بەڵام نەیڵێت ونەینووسێت، ئەوا ئەمە تەنها قسەی نەفسە وبیرکردنەوەیە وبە تەڵاقدان دانانرێت.

٣. مرۆڤ لێپرسینەوەی لێناکرێت بەهۆی قسە وبیرکردنەوەی نەفسی بەمەرجێك لە دەروونیدا جێگیر نەبێت وقسە وکردەوەی پێنەکات.

٤. گەورەیی ڕێزداری ئوممەتی موحەممەد ﷺ ئاماژە بۆی لێرەدا ئەوەیە کە لێپرسینەوەیان لێناکرێت بەهۆی قسە وبیرکردنەوەی نەفسیان بە پێچەوانەی ئوممەتەکانی پێش ئێمە.

(٥٨١٤٤)

(٢١٧) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«إِنَّ اللهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢١٧) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە سەیری شێوە و سەروەت وسامانتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵ وکردەوەکانتان دەکات»**. [صەحیحە]-[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە الله -سبحانە وتعالى- سەیری شێوە ولاشەی بەندەکانی ناکات، ئایا جوانن یان ناشیرینن؟ ئایا گەورەن یان بچووکن؟ ئایا ساغن یان نەخۆشن؟ وسەیری پارە وسامانیان ناکات، ئایا زۆرە یان کەمە؟ خوای

گەورە -عز وجل- لە بەندەکانیناپرسێتەوە لەسەر ئەم شتانە، بەڵکو سەیری دڵەکانیان دەکات وئەوەی تێیدایە لە تەقواداری ویەقین، وڕاستگۆیی ودڵسۆزی، یان مەبەستی ڕیا وناوبانگ، وسەیری کردەوەکانیان دەکات لەڕوانگەی چاکی ونەشیاوی ؛ و لەسەر ئەمە پاداشتیان دەداتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگیدان بە چاککردنی دڵ، وپاککردنەوەی لە هەموو وەسفێکی خراپ.
٢. چاکبوونی دڵ بەدڵسۆزی -ئیخلاص- دەبێت، وچاککردنەوەی کردەوەکان بەشوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ دەبێت، وهەردوویان جێی تێڕوانین لەلای خوای گەورە و بەهەند وەردەگیرێن لەلای ئەو زاتە مەزنە -سبحانە وتعالی-.
٣. نابێت مرۆڤ تووشی لەخۆبایی بوون وسەرسامی بێت بەنەفسی خۆی بەهۆی سامانەکەی یان جوانیەکەی یان لاشەی یان هەرشتێکی تر لە شتومەکەکانی ژیانی دونیا.
٤. هۆشداریدان سەبارەت بە گرنگیدان بە ڕواڵەت وپشتگوێخستنی ناخ ودڵ.

(٤٥٥٥)

(٢١٨) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قال: قال رَسُولُ الله صلى الله عليه وسلم: **«إِنَّ اللهَ يَغَارُ، وَإِنَّ الْمُؤْمِنَ يَغَارُ، وَغَيْرَةُ اللهِ أَنْ يَأْتِيَ الْمُؤْمِنُ مَا حَرَّمَ عَلَيْهِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١٨) – لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە غیرەت دەکات، وئیماندار غیرەت دەکات، غیرەتی خوای گەورە ئەوەیە کە ئیماندار کردەوەیەك بکات کە خودا حەرامی کردووە لە سەری».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە الله غیرەت دەکات وڕقی دەبێتەوە، هەروەکو چۆن ئیماندار غیرەت دەکات وڕقی دەبێتەوە، وهۆکاری غیرەتی الله ئەوەیە ئیماندار حەرامێك دەکات کە الله قەدەغەی کردووە لەسەری؛ وەکو زینا ونێربازی ودزی وهتد لە تاوانە پیس وقێزەوەنەکان.

## له سوودەکانی فەرمووودەکە:

١. ئاگاداربوون لە تورەیی خوای گەورە وسزادانی ؛ ئەگەر سنوورەکان تێپەڕێندرا.

(٣٣٥٤)

(٢١٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ»**، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: **«الشِّرْكُ بِاللهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إِلَّا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢١٩) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە وێرانکەرەکە^». ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە چین؟ فەرمووی: «شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە، وسیحرکردن، وکوشتنی نەفسێک کە خوای گەورە حەرامی کردووە بکوژرێت مەگەر بە هەق ومافی خۆی نەبێت، وخواردنی ڕیبا (سوو)، خواردنی ماڵی هەتیوان، وڕاکردن لە ڕۆژی جیهاددا (پشتکردنە گۆڕەپانی جەنگ وڕاکردن)، وتۆمەتی زینا هەڵواسین بۆ ئافرەتە داوێن پاکە بێئاگاکان (بێ ئاگا وبەریئن لە زیناکردن)»**. ^(ناونراون بە حەوت تاوانە وێرانکەر ولەناوبەرەکە -الموبقات- چونکە دەبنە هۆی لەناوبردنی بکەرەکانیان لە دونیا وقیامەتدا). [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرمان بە ئومەتەکەی دەکات بە دوورکەوتنەوە لە حەوت تاوان وگوناهی لەناوبەر، وکاتێکیش پرسیاری لێکرا کە ئەو تاوانانە چین؟ ڕوونی کردەوە:

یەکەم: هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە (شیرک)، ئەمیش دانانی هاوتا وهاوشێوەیە بۆ خوای گەورە ئەگەر بە هەر شێوەیەک بێت، وکردنی هەر

پەرستنێک لە پەرستنەکان بۆ جگە لە الله -سبحانه وتعالى-، وسەرەتا لە شیرکەوە دەستی پێکرد چونکە گەورەترین تاوانە.
دووەم: سیحر کردن -ئەمیش بریتیە لە گرێ ونووسینی جادوو وشتی وەک دەرمان ودوکەڵ-، کە کاریگەری هەیە لەسەر لاشەی سیحرلێکراو بە کوشتن یان نەخۆشی، یان جیاکردنەوەی هاوسەرەکان لەیەکتر، ئەمە کردەوەیەکی شەیتانیە، زۆر جار ناتوانێت ئەم کارە بکات هەتاوەکو شیرک وهاوبەش بۆ اللہ بڕیار دەدات ونزیک دەبێتەوە لە ڕۆحە پیسەکان بەو شتانەی خۆشیان دەوێت.
سێیەم: کوشتنی نەفسێک کە خوای گەورە حەرامی کردووە کوشتنی مەگەر بەهۆی پاساوێکی شەرعی کە فەرمانڕەوا جێبەجێی دەکات.
چوارەم: خواردنی ڕیبا بەڕاستەوخۆ یان سوود لێوەرگرتنی بە جۆرەکانی تر.
پێنجەم: خواردنی ماڵ وپارەی ئەو منداڵەی باوکی مردووە وهێشتا باڵغ نەبووە.
شەشەم: ڕاکردن وپشتکردن لە گۆڕەپانی جەنگ بەرامبەر کافرەکان.
حەوتەم: هەڵواسینی تۆمەتی زینا کردن بۆ ئافرەتە ئیمانداره داوێن پاکەکان، هەروەها تۆمەت هەڵواسین بۆ پیاوانی ئیماندار.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. تاوانە گەورەکان تەنها سنووردار نەکراون لەم حەوتە، و بەتایبەتی باسی ئەم حەوتە کراوە چونکە تاوانی گەورە وترسناکن.
٢. دروستێتی کوشتنی نەفسێک ئەگەر بە هەق ومافی خۆی بێت وەکو تۆڵەسەندنەوە -القصاص- وهەڵگەڕانەوە وزیناکردن لەپاش هاوسەرگیری، وئەمە دەبێت فەرمانڕەوای شەرعی جێبەجێی بکات.
(٣٣٣١)

(٢٢٠) – عن أبي بكرة رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم: **«أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟»** ثَلَاثًا، قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: **«الْإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ»** وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئًا، فَقَالَ: **«أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ»**، قَالَ: فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَّى قُلْنَا: لَيْتَهُ سَكَتَ. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٢٠) – لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئایا هەواڵتان پێ بدەم سەبارەت بە تاوانە گەورەکان؟»**. سێ جار وای پێ وتن، ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەر خودا (واتە: بەڵێ پێمان بڵێ)، فەرمووی: **«شیرک وهاوەڵدانان بۆ خوای گەورە وخراپەکاری بەرامبەر دایک وباوک».** وپاڵی دابووە ودانیشت، وفەرمووی: **«وتنی درۆ، وشاهێدیدانی درۆ».** هەر ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە، هەتا وتمان: خۆزگایە بێدەنگ دەبوو. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی تاوانە گەورەکانی بۆ هاوەڵان کرد، و لەنێویاندا ناوی ئەم سێ تاوانەی هێنا کە گەورەتر وترسناکترن:

١. شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە: ئەمیش واتا کردنی پەرستنێك لە پەرستنەکان بۆ جگە لە خوای گەورە، ویەکسان کردنی جگە لە الله بە الله لە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو وسیفەتەکانیدا.

٢. خراپەکاری بەرامبەر دایك وباوك: ئەمیش هەموو ئازاردانێکی دایك وباوك دەگرێتەوە، بە قسە یان کردەوە بێت، وهەروەها چاکەکار نەبوون بەرامبەریان.

٣. قسەی درۆ وشاهێدیدانی درۆیش دەگرێتەوە: هەموو قسەیەکی درۆ وچەوت وناڕاست دەگرێتەوە کە مەبەست لێی زیان لێدانە لە ئەو کەسەی دژی دەووترێت ؛ بۆ بردنی سامانی یان دەستدرێژی کردنە سەر کەسایەتی یان هتد.

وپێغەمبەر ﷺ لەفەرموودەکەدا هەڕەشەی لەسەر قسەی درۆ دووبارە کردەوە؛ ئەمیش بۆ هۆشداری لەسەر ناشیرینی ئەم تاوانە وکاریگەرییە خراپەکانی لەسەر

كۆمەڵگا، هەتاوەکو هاوەڵان ووتیان: خۆزگایە بێدەنگ بووایە؛ وەکو بەزەییەك بەرامبەری، وحەز نەکردن بە ئەوەی بێزاری دەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گەورەترین تاوان هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە چونکە لەپێش تاوانەکانی تر باسی کرد وگەورەترینیانە، وئەم ئایەتە جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ؛ خوای گەورە دەفەرموێت: {إن الله لا يَغْفِرُ أن يشرَكَ به وَيَغْفِرُ مَا دونَ ذلِكَ لِمَنْ يشَاء} واتە: {بەڕاستی خودا خۆش نابێت لەوەی کە هاوەڵی بۆ دادەنێت (ئەگەر کەسێک مردبێت وتەوبەی نەکردبێت لە هاوبەشدانان بۆ الله)، و الله لێبوردەیە لە هەر تاوانێک جگە لە شیرک بۆ هەرکەسێک بیەوێت}.
٢. گەورەیی مافی دایک وباوک، چونکە لەپاش مافی خوای گەورە ؛ مافی ئەوانی باسکرد.
٣. تاوانەکان دابەش دەبن بۆ گەورە وبچووك. تاوانە گەورەکان: هەر تاوانێکە سزایەکی دونیایی لەسەر بێت وەکو نەفرەت کردن و -حەددی- شەرعی، یان هەڕەشەی قیامەت، یان هەڕەشە بەچوونە دۆزەخ، وتاوانە گەورەکان پلەکانیان جیاوازە لە حەرامبووندا ؛ هەندێکیان گەورەترە لە هەندێکی تر. تاوانە بچووکەکان: هەموو تاوانێکی تر دەگرێتەوە جگە لە تاوانە گەورەکان.

(٢٩٤١)

(٢٢١) – عن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«الْكَبَائِرُ: الْإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، وَقَتْلُ النَّفْسِ، وَالْيَمِينُ الْغَمُوسُ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٢٢١) – لە عبداللهی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«تاوانە گەورەکان (الكبائر): شیرک وهاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، خراپەکاری بەرامبەر دایک وباوک، وکوشتنی نەفسێک، سوێندخواردن بە ناهەقی»**. [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەندێك لە تاوانە گەورەکان ڕوون دەکاتەوە، کە بکەرەکانیان هەڕەشەی توندیان لێکراوە لەدونیا وقیامەتدا :
یەکەم: شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە: ئەمیش واتا کردنی پەرستنێك لە پەرستنەکان بۆ جگە لە خوای گەورە، ویەکسان کردنی جگە لە الله بە الله لە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو وسیفەتەکانیدا.
دووەم: خراپەکاری بەرامبەر دایك وباوك: هەموو ئازاردانێکی دایك وباوك دەگرێتەوە، بە قسە یان کردەوە بێت، وهەروەها چاکەکار نەبوون بەرامبەریان.
سێیەم: کوشتنی نەفسێك: ئەمیش کوشتنی بەناهەق دەکرێتەوە ؛ وەکو کوشتن بە ستەم ودەستدرێژی.
چوارەم: سوێندخواردنی نقومکەر: واتا سوێندخواردن بە درۆ ؛ هەرچەندە دەزانێت درۆ دەکات لەم سوێندخواردنە، وبەم ناوە باسکراوە چونکە خاوەنەکەی نقوم دەکات لە تاوان یان لە ئاگری دۆزەخ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سوێندخواردنی نقموکەر ؛ هیچ کەفارەتێکی لەسەر نییە، چونکە تاوانێکی زۆر گەورە وترسناکە، بەڵکو دەبێت تەوبەی لێبکرێت.
٢. ئەم فەرموودەیە تەنها باسی ئەم چوار تاوانە گەورەی کردووە ؛ چونکە زۆر گەورە وترسناکن، نەك تاوانە گەورەکان تەنها ئەمانە بن.
٣. تاوانەکان دابەش دەبن بۆ گەورە وبچووك. تاوانە گەورەکان: هەر تاوانێکە سزایەکی دونیایی لەسەر بێت وەکو نەفرەت کردن و -حەددی- شەرعی، یان هەڕەشەی قیامەت، یان هەڕەشە بەچوونە دۆزەخ، وتاوانە گەورەکان پلەکانیان جیاوازە لە حەرامبووندا ؛ هەندێکیان گەورەترە لە هەندێکی تر. تاوانە بچووکەکان: هەموو تاوانێکی تر دەگرێتەوە جگە لە تاوانە گەورەکان.

(٣٠٤٤)

(٢٢٢) – عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**أَوَّلُ مَا يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي الدِّمَاءِ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٢٢) – له عبداللهى كوڕى مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«یەكەم شت كە دادگایی لەسەری دەكرێت لە نێوان بەندەكان لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ بریتیە لە خوێنەكان».**

[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات لە ڕۆژی قیامەتدا یەكەم شت كە دادگایی لەسەری دەكرێت لەنێوان خەڵكیدا ؛ بریتیە لە ستەمكردن لەیەكتر لە خوێنەكان: وەكو كوشتن وبریندار كردن.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. مەزنی دۆسیەی خوێنەكان، چونكە سەرەتا دەست دەكرێت بە دادگایی لەسەر گرنگترین شتەكان.

٢. گەورەیی تاوانەكان بەپێی گەورەیی سەرەنجامە خراپەكانیانە، ورشتنی خوێنی بێ تاوانەكان لە گەورەترین خراپەكاریەكانە، هیچ تاوانێك لەمە گەورەتر نییە جگە لە شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ الله نەبێت.

(٢٩٦٢)

(٢٢٣) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**مَنْ قَتَلَ مُعَاهَدًا لَمْ يَرَحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ، وَإِنَّ رِيحَهَا تُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ أَرْبَعِينَ عَامًا**». [صحيح] - [رواه البخاري]

(٢٢٣) – له عبداللهى كوڕى عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەركەسێک پەیمانپێدراوێک (موعاهەدێک) بكوژێت ؛ ئەوا**

**بۆنی بەهەشت ناکات، ئەگەرچیش بۆنی بەهەشت دەکرێت لە دووری چل ساڵەوە (بە ڕێکردن)».** [صەحیحە]-[بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەیەکی توند دەکات لەسەر ئەوەی موعاهەدێك دەکوژێت -موعاهەد: ئەو کافرەیە کە پەیمانی لەگەڵدا بەستراوە، ولە وڵاتی خۆیەتی نە دژی مسوڵمانان دەجەنگێت ونە مسوڵمانانیش لەدژی دەجەنگن-، هەڕەشەکە ئەوەیە بۆنی بەهەشت ناکات ؛ ئەگەرچیش بۆنی بەهەشت دەکرێت لەدووری چل ساڵەوە بەڕێکردن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرام بوونی کوشتنی کەسی موعاهەد وزیمی وئەوەی ئەمانی پێدراوە لە کافرەکان، وئەم کوشتنە لەتاوانە گەورەکانە.
٢. موعاهەد (المُعَاهَدً): ئەو کافرەیە کە پەیمانی لەگەڵدا بەستراوە، ولە وڵاتی خۆیەتی نە دژی مسوڵمانان دەجەنگێت ونە مسوڵمانانیش لەدژی دەجەنگن، وزیمی (الذِّمِّي): ئەو کافرەیە کە لەنێو وڵاتی مسوڵمانان دەژی وسەرانە -جزیە- دەدات، وموستەئمەن (المستأمَن): ئەوکافرەیە کە هاتووەتە نێو خاکی مسوڵمانان بەپێی پەیمان وئاسایش وپاراستنی ؛ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
٣. هۆشداریدان سەبارەت بە خیانەت کردن لە پەیمانەکان لەگەڵ نامسوڵمانەکان.

(٦٤٦٣٧)

(٢٢٤) – عن جُبَير بن مُطْعِم رضي الله عنه أنه سمع النبي صلى الله عليه وسلم يقول: **«لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعُ رَحِمٍ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٢٤) – لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەو کەسەی پەیوەندی**

**خزمایەتی بپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک پەیوەندی خزمایەتی بچڕێنێت ومافیان نەدات لەو شتانەی واجبە دەرهەقیان ئەنجامبدرێت، یان ئازاریان بدات وبەرامبەریان خراپەکار بێت، ئەوا شایستەی چوونە بەهەشت نییە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی لە تاوانە گەورەکانە.
٢. گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی بەپێی نەریت وکلتوورەکانە، بۆیە جیاوازە بەپێی جیاوازی شوێن وکات وکەسەکان.
٣. گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی دەکرێت بەچەند شێوازێک بێت وەکوە سەردانیکردن، وخێرکردن، وچاکەکاری، وسەردانیکردنی نەخۆش، وفەرمان بەچاکە ونەهی لە خراپە، وهتد.
٤. هەرچەندە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ خزمێکی نزیکتر بێت ئەوا تاوانەکەی گەورەترە.

(٥٣٦٧)

(٢٢٥) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: «**مَنْ أَحَبَّ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ فِي رِزْقِهِ، وَيُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ، فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٢٥) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**هەرکەسێک حەز دەکات ڕزقی زۆر وفراوان بێت، وتەمەنی درێژتر بێت؛ ئەوا با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاریمان دەکات سەبارەت بە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ئەمیش بەسەردانیکردن وڕێزلێنانی لاشەیی ودارایی وهتد دەبێت، وهۆکارە بۆ فراوانی ڕزق وتەمەن درێژی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خزمەکان بریتین لە کەسە نزیکەکان لە دایک وباوکەوە، هەتاوەکو نزیکتر بن ئەوا لەپێشترن بۆ گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی.
٢. پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە، ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت بە چاکەکاری، ئەوا خوای گەورە تەمەنی درێژ دەکات وڕزقی فراوان دەکات.
٣. گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی هۆکارە بۆ فراوانبوونی ڕزق ودرێژبوونی تەمەن لەڕاستی وهەقیقەتدا، یان ووتراوە: ئەگەر ئەجەل وڕزق دیاریکراو بێت ئەوا تەمەن وڕزقی بەرەکەتی تێدەکەوێت بۆیە لە تەمەنیدا زیاتر وبەسوودتر ئەنجامدەدات لەوەی کەسانی تر دەیکەن، وخودا زاناترە.

(٥٣٧٢)

(٢٢٦) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ، وَلَكِنِ الْوَاصِلُ الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٢٢٦) – لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوە خزم ودۆستی ڕاستەقینە نیە کە چاکە بە چاکە دەداتەوە، بەڵام خزم ودۆستی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاند ئەو هەر پەیوەندیەکە دەگەیەنێت»**. [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات مرۆڤی کامڵ لە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی وچاکەکاری بە خزمەکان ئەو کەسە نیە کە بەرامبەر چاکە ؛ چاکەکار دەبێت، بەڵکو ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی بەکامڵی دەگەیەنێت ئەوەیە ئەگەر خزمەکەی پەیوەندی بپچڕێنێت ئەم دەیگەیەنێت، وئەگەر ئەوان بەرامبەری خراپەکار بن ؛ ئەم لەبەرامبەریان چاکەکار دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەو خزم ودۆستە ڕاستەقینەی کە لە شەرعدا زۆرترین ستایشی کراوە ئەوەیە: پەیوەندی بگەیەنێت بە ئەوەی دەیپچڕێنێت، ولەو کەسە خۆش بێت کە ستەمی لێدەکات، وبە ئەو کەسە ببەخشێت کە پێی نابەخشێت ولێی قەدەغە دەکات، پەیوەندی خزمایەتی تەنها ئەوە نیە چاکە بە چاکە بدرێتەوە بەڵکو ئەمە پێویستە وداواکراوە.
٢. گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی بەم شێوەیە دێتە دی: گەیاندنی ئەوەندەی دەکرێت بۆیان لە خێر لە ماڵ ونزا وفەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە وهتد، وهەروەها دوورخستنەوەی شەڕ وزیان لێیان هێندەی لەتوانایدایە.

(٣٨٥٤)

(٢٢٧) – عن بهز بن حكيم، عن أبيه، عن جده، قال: قلتُ يا رسول الله: مَن أَبَرّ؟ قال: «**أُمَّك، ثم أُمَّك، ثم أُمَّك، ثم أَباك، ثم الأقربَ، فالأقربَ**». [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

(٢٢٧) – لە موعاویەی کوڕی حەیدەی قوشەیریەوە دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا کێ شایستەترە بۆ ئەوەی بەرامبەری چاکەکار بم؟ ﷺ فەرمووی: «**دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، پاشان لە ئەوان خوارتر لە ڕووی نزیکی خزمدارییەوە**». [حەسەنە] - [تیرمذی وئەبو داود وئەحمەد -گێڕاویانەتەوە]

**شیکردنەوە:**

فەرموودەکە ئامۆژگاری کردنی تێدایە بە چاکەکار بوون بەرامبەر خزم وکەسە نزیکەکان، ودایک مافی لە پێشترە، وپاشان باوک، وپاشان خزمە نزیکەکانی تر بە پێی پلەی نزیکیان.

ودایک مافی زیاترە بەهۆی زۆری ماندووبوون وخزمەت وبەزەیی بەرامبەر ڕۆڵەکانی، وهەروەها فەزڵی هەڵگرتنی ڕۆڵەکانی نۆ مانگ لە سکدا وشیرپێدانی وپەروەردەکردنی، ولە کاتی سکپڕبووندا دایک تووشی ماندوو بوونێکی زۆر دەبێت، وپاشان تووشی نارەحەتی منداڵبوون دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا﴾ [الاحقاف: ١٥] واتە: ﴿دایکی بە نارەحەتی وئازارەوە هەڵی گرتووە وبە ئازار ونارەحەتیش بوویەتی﴾، وئەگەر دایک پێش باوک بێت ئەوا دەبێت پێش کەسەکانی تریش بخرێت لەوانەش هاوسەری کوڕ یان کچ، ولە چاکەکاریش بەرامبەر دایک وباوک دابینکردنی پێداویستیەکانیانە.

(٥٨١٨٨)

(٢٢٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ؟»**، قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: **«ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ»**، قِيلَ: أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: **«إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٢٨) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟»**، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: **«ئەوەیە شتێک بڵێیت سەبارەت بە براکەت کە ئەگەر ئەو بیبیستێت حەزی پێنەکات»**، ووترا: ئەی ئەگەر ئەو قسەیەی کە سەبارەت بە ئەو کرا تێیدا بوو؟ ﷺ فەرمووی: **«ئەگەر ئەو قسەی سەبارەت بە ئەو کرا تێیدا بوو؛ ئەوا غەیبەتی ئەوت کردووە، وئەگەر تێیدا نەبوو؛ ئەوا بوهتانت بۆی کردووە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هەقیقەتی غەیبەتکردنی حەرامکراو ڕوونده‌کاتەوە، ئەمیش بریتیە لە: باسکردنی مسوڵمانێک بەشێوەیەک ئەگەر ببیستێت پێی ناخۆش دەبێت، ئەگەر باسکردنی سیفەتە ڕەوشتی یان لاشەییەکانی بێت، وەکو: کوێر وفێڵ ودرۆزن وهتد لە وەسفەکانی سەرزەنشتکردن، ئەگەرچیش ئەو سیفەتەی تێدا هەبێت.
بەڵام ئەگەر ئەو سیفەتەی تێدا نەبێت؛ ئەمە گەورەترە لە تاوانی غەیبەتکردن، کە پێی دەووترێت: بوهتان، واتا: درۆ هەڵواسین بۆ کەسێک لەکاتێکدا ئەو سیفەتەی تێدا نەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. جوانی فێرکاری پێغەمبەر ﷺ، چونکە لەڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە بابەتەکانیان فێر دەکات.
٢. جوانی ئەدەب ورەوشتی هاوەڵان لە بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ، کە ووتیان: خودای گەورە وپێغەمبەرەکەی دەزانن.
٣. کەسی پرسیارلێکراو شتێک نەزانێت دەڵێت: خودا زاناترە.
٤. شەریعەتی ئیسلام کۆمەڵگا دەپارێزێت ئەمیش بەپاراستنی مافەکان وبرایەتی لەنێوانیاندا.
٥. غەیبەت حەرامکراوە مەگەر لەچەند حاڵەتێکی دەگمەندا؛ لەوانەیش:
- لابردنی ستەم؛ کەسی ستەملێکراو باسی ستەمکار دەکات لەلای ئەو کەسەی دەتوانێت مافەکەی بۆ وەربگرێتەوە بۆیە دەڵێت: فڵان کەس ستەمی لێکردووم یان ئاوا وئاوای کردووە.
- ڕاوێژپێکردن لەبابەتی هاوسەرگیری وهاوبەشی(شەریکی) ودراوسێیەتی وهتد.

(٥٣٢٦)

(٢٢٩) – عن ابن عمر، قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : **«كل مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وكل مُسْكِرٍ حرام، ومن شرِب الخمر في الدنيا فمات وهو يُدْمِنُهَا لَمْ يَتُبْ، لَمْ يَشْرَبْهَا في الآخرة».** [صحيح] - [رواه مسلم وأخرج البخاري الجملة الأخيرة منه]

(٢٢٩) – له ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەموو سەرخۆشکەرێک ئارەقە، وهەموو سەرخۆشکەرێک حەرامە، وئەوەی ئارەق بخواتەوە لە دونیادا ولە کاتێکدا بمرێت کە هۆگری بووبێت (مودمینی ئارەق خواردنەوە بووبێت) وتەوبەی لێ نەکردبێت؛ ئەوا لە ڕۆژی دواییدا ( لە بەهەشتدا) نایخواتەوە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

لەم فەرموودەیەدا ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر ﷺ جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەموو شتێک کە بخورێتەوە وببێتە هۆی سەرخۆشبوون ونەمانی بیر وهۆش ئەوا هەمان حوکمی خواردنەوەی ئارەق وئەلکهولی هەیە کە حەرامن وسزایان لەسەرە، وپاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردەوە کە هەرکەسێک سوور بێت لەسەر خواردنەوەی ئارەق وسەرخۆشکەرەکان وتەوبەی لێنەکات ئەوا سزای ئەوەیە کە بێبەش دەکرێت لە خواردنەوەی شەراب لە بەهەشتدا ئەمیش وەکو سزایەک، سەبارەت بەم فەرموودەیە چەند لێکدانەوە وشیکردنەوەیە هەیە، لەوانەیش:

شەراب لە خواردنەوەکانی ئەهلی بەهەشتە بۆیە ئەوەی لە قیامەتدا نەیخوات ناچێتە بەهەشتەوە، یان ووتراوە: دەچێتە بەهەشتەوە بەڵام خواردنەوەی شەرابی لێ قەدەغە دەکرێت چونکە لە خواردنەوە هەرە نایابەکانی ئەهلی بەهەشتە؛ بۆیە ئەو کەسەی دەیخواتەوە لە دونیادا وتەوبەی لێناکات ئەوا خواردنەوەی شەرابی لەسەر حەرام دەکرێت لە بەهەشتدا.

ووتراوە: ئازەووی خواردنەوەی شەراب ناکات چونکە ئەهلی بەهەشت ئارەزووی هەرشتێک بکەن پێیان دەبەخشرێت، ولەوەیە ئەم حەرامکردنە

ببەسترێتەوە بە ماوەی ژیانی ئەو تاوانکارەی کە لەسەر خواردنەوەی ئارەق مردووە وتەوبەی نەکردووە پاش ئەوە ماوەیە ڕێگەی پێدەدرێت کە شەراب بخواتەوە، ووتراوە: لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەرەتا دەچنە بەهەشتەوە نایخواتەوە، یان لەوەیە بە واتای ئەوەیە ئەو بڕ وچێژەی پێنابەخشرێت لە خواردنەوەی شەراب بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە دونیادا هەرگیز نەیان خواردووەتەوە یان لە پاش خواردنەوەی تەوبەیان کردووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هۆکاری حەرامکردنی مەی (ئارەق) ؛ سەرخۆشکردنە، بۆیە هەرشتێك مرۆڤ سەرخۆش بکات ؛ حەرامە.
٢. خوای گەورە مەی (سەرخۆشکەرەکانی) حەرامکرد ؛ چونکە زیان وخراپەی زۆر وگەورەی تێدایە.
٣. خواردنەوەی مەی لە بەهەشتدا ؛ لە کاملێتی چێژ وئەوپەڕی نیعمەتە.
٤. ئەوەی نەفسی خۆی نەگرێتەوە لە خواردنەوەی مەی لە دونیادا ؛ ئەوا خوای گەورە بێبەشی دەکات لە خواردنەوەی مەی لە بەهەشتدا، چونکە پاداشت لە هاوشێوەی کردەوەیە.
٥. هاندان وئامۆژگاری بۆ دەستبەجێ تەوبە کردن لە تاوانەکان پێش مردن.

(٥٨٢٥٩)

(٢٣٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: لَعَنَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِيَ فِي الْحُكْمِ. [صحيح] - [رواه الترمذي وأحمد]

(٢٣٠) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ نەفرەتی کردووە لە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر (کە بەرتیل وەردەگرێت بۆ گۆڕینی) حوکم وبڕیار».** [صەحیحە] - [تیرمزی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نزای کردووە بەدوورخستنەوە لەڕەحمەتی الله لەسەر ئەوەی بەرتیل دەدات و لەسەر ئەوەی بەرتیل وەردەگرێت.

له خراپترین جۆرەکانی بەرتیلدان ئەوەیە کە دەدرێت بە دادوەران بۆئەوەی حوکم وبڕیار بگۆڕن بەناهەق؛ بۆئەوەی بەرتیلدەر بەئامانجی بگات.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەرتیلدان، و وەرگرتنی، وناوەند بوون لە نێوان هەردوو لایەنەکە، ویارمەتیدان لە سەر پێدان و وەرگرتنی ؛ هەموو ئەمانە حەرامن، چونکە هەمووی یارمەتیدانە لەسەر کارێکی پوچەڵ.
٢. بەرتیل لە تاوانە گەورەکانە، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەفرەت کردووە لەو کەسەی وەری دەگرێت و لەو کەسەی دەیدات.
٣. بەرتیل لە بابەتی دادوەری وحوکمدان ؛ تاوانەکەی گەورەترە وترسناکترە، چونکە ستەمە وحوکم کردنە بە جگە لەوەی کە خودا دایبەزاندووە (حوکم کردن بە جگە لە قورئان وسونەت).

(٦٤٦٨٩)

(٢٣١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم :

**«لا تَحَاسَدُوا، ولا تَنَاجَشُوا ولا تَبَاغَضُوا، ولا تَدَابَرُوا، ولا يَبِعْ بَعْضُكم على بَيْعِ بعضٍ، وكُونوا عبادَ الله إخوانًا، المسلمُ أخُو المسلمِ لا يَظْلِمُهُ ولا يَخْذُلُهُ ولا يَكذبه ولا يَحْقِرُه، التقوى ههنا -ويشير إلى صدره ثلاث مرات- بِحَسْبِ امرِئٍ من الشَّرِّ أن يَحْقِرَ أخَاه المسلمَ، كُلُّ المسلمِ على المسلمِ حرامٌ: دَمُهُ ومَالُهُ وعِرْضُهُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٣١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«حەسودی بە یەکتری مەبەن، و(نەجش مەکەن -فێڵ مەکەن لە مەزاد دا-)، ورِقتان لە یەکتری نەبێتەوە، وپشت لە یەکتری مەکەن، ولە سەر فرۆشتنی یەکتر شت مەفرۆشن، وبەندەی خودا بن بە برایەتیەوە، مسوڵمان برای مسوڵمانە؛ ستەمی لێناکات وسەرشۆڕی ناکات وبە درۆی ناخاتەوە وبە چاوی سووک وکەم سەیری ناکات، وتەقواداری لێرەدایە -سێ جار ئاماژەی بۆ سینگی کرد- بەسە بۆ مسوڵمانێک کە ئەوەندە شەڕ وخراپەی لە خۆ گرتبێت کە برای مسوڵمانی بە کەم بزانێت وبە چاوی سووک سەیری بکات، هەموو شتێکی**

**مسوڵمان لەسەر مسوڵمانێکی تر حەرامە: خوێنی وماڵی (پارە وموڵکی) وناموسی (ناوبانگی)».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری ئەوەمان دەکات کە واجبە لەسەرمان وەکو مسوڵمانان: یەکترمان خۆش بوێت ویەکگرتوو بین وبە جوانی مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین بە گوێرەی شەریعەت کە ئەمەش هۆکاری چاندنی ڕەوشتە جوانەکانە لە نێوانماندا، وهۆکاری دووربوونەوەیە لە ڕەوشتە خراپەکان، ورق وکینە سەر دڵەکان لا دەبات، ومامەڵەکردنەکانمان دوور دەبێت لە حەسوودی وزوڵم وستەم وفێڵ وجگە لەمانە کە هۆکارن بۆ ئازار ونانەوەی ناکۆکی، چونکە ئازاردانی مسوڵمان حەرامە جا چ لە ماڵی (پارەی) یان مامەڵەکردن یان بە دەست یان بە زمان بێت، هەموو شتێکی مسوڵمانێک لەسەر مسوڵمانێکی تر حەرامە: خوێنەکەی وماڵەکەی وپارەکەی وناوبانگی (ناموسی)، وشکۆداری وشەرەفمەندی بە تەقوادارییە.

(٤٧٠٦)

(٢٣٢) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ: **«إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ؛ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ، وَلَا تَحَسَّسُوا، وَلَا تَجَسَّسُوا، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٣٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئاگاداری گومانی خراپ بن، چونکە گومانی خراپ درۆترین قسە ولێکدانەوەیە، بەدوای هەڵە وکەموکورتی یەکتر مەگەڕێن، وسیخوڕی بەسەر یەکەوە مەکەن، وحەسووی بەیەکتر مەبەن، وپشت لەیەکتر مەکەن، ورقتان لەیەکتر نەبێتەوە، ئەی بەندەکانی الله؛ بین بە برای یەکتر».**
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی دەكات وهۆشداری دەدات لەهەندێك لەو شتانەی كە دەبنە هۆی ناكۆكی ودوژمنایەتی لەنێو مسوڵمانان، لەوانەیش:
(گومانی خراپ): ئەمیش تۆمەت هەڵواسینە بۆ كەسێك لە دڵدا بەبێ هیچ بەڵگەیەك، وڕوونیكردەوە كە ئەمە درۆترین قسە ولێكدانەوەیە.
(گەڕان بەدوای هەڵە وكەموكورتی خەڵكی) ؛ ئینجا بە چاو یان بە گوێ بێت.
(سیخوڕی كردن): ئەمیش بریتیە لە گەڕان بەدوای ئەو شتانەی شاراوەن و بەئاسانی نادۆزرێنەوە، زۆرجار لەچوارچێوەیەكی خراپدا ئەم دەستەواژەیە بەكاردەهێنرێت.
(حەسوودی): ئەمیش بریتیە لە حەز نەكردن بەوەی خەڵكانێك خودا نیعمەتی پێیان بەخشیووە.
(پشت لەیەكتر كردن): بریتیە لە دووركەوتنەوەی مسوڵمانان لە یەكتر، وسەلام لە یەكتر ناكەن وهەورەها سەردانی یەكتر ناكەن.
(ڕق لێبوونەوە): بریتیە لە كینە ودەربڕینی ڕق لە مسوڵمان بۆ ئازاردانی، وڕووگرژی وخراپ مامەڵە كردن لەگەڵیدا لەكاتی گەیشتن پێی.
پاشان ڕستەیەكی گشتگیری فەرموو كە بەهۆیەوە حاڵ وپەیوەندی نێوان مسوڵمانان چاك دەبێت، فەرمووی:
(ئەی بەندەكانی الله ؛ ببن بە برای یەكتر)، برایەتی پەیوەندی نێوان مسوڵمانان چاك دەكات ویەكگرتوو دەبن، وخۆشەویستی وتەبایی لەنێوانیان زیاد دەكات.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. هیچ شتێکی تێدا نییە ئەگەر مسوڵمان گومانی خراپ ببات بە کەسانێک کە نیشانەکانی خراپەکاریان تێدایە، ودەبێت ئیماندار ژیر وتێگەیشتوو بێت ؛ وهەڵنەخەڵەتێت بە خەڵکی خراپ وفاسق.
٢. مەبەست لێرەدا ئاگادارکردنەوەیە لە تۆمەت وگومانێک کە لە دەروونداجێگیر بێت وبمێنێتەوە، وسووربوون هەبێت لەسەر پشکنین وهێنان وبردنی ئەو گومانە، بەڵام گومانێک تەنها بێتە نێو نەفسەوە وبڕوات بەبێ پشکنین ؛ ئەوا ئەمە مرۆڤ لۆمەی ناکرێت لەسەری.

٣. حەرامێتی هۆکارەکانی لێك دوورکەوتنەوە ودەنگ دابڕان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگای مسوڵمان، وهەروەها حەرامێتی سیخوڕی کردن وحەسوودی وهاوشێوەکانیان.
٤. هاندان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مسوڵمان وەکو برا لە ئامۆژگاری وخۆشەویستی.

(٥٣٣٢)

(٢٣٣) – عن حذيفة رضي الله عنه قال: سمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول: **«لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٣٣) – لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«کەسی دوو زمان (نەمیمەکەر) ناچێتە بەهەشتەوە»**.
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک دووزمانی -نەمیمە- بکات لەنێو خەڵکیدا بەمەبەستی هەڵگیرساندنی ڕق وشەڕ وخراپە لەنێوانیان ؛ شایستەی سزادانە بەوەی نەچێتە بەهەشت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دوو زمانی کردن (نەمیمە کردن) لە تاوانە گەورەکانە.
٢. نەهی کردن لە قسە هێنان وبردن؛ چونکە دەبێتە هۆی نانەوەی خراپە وزیان لەنێوان تاکەکان وکۆمەڵەکان.

(٥٣٦٨)

(٢٣٤) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلَّا المُجَاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ المُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا، ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ، فَيَقُولَ: يَا فُلاَنُ، عَمِلْتُ البَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٣٤) – له ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو كه دەیفەرموو: **«هەموو ئومەتەكەم پارێزراون جگە له ئەوانە نەبێت کە تاوانەکان ئاشکرا دەکەن، وله تاوان ئاشکرا کردن ئەوەیە: کەسێک بە شەو تاوانێك دەكات ؛ پاشان ڕۆژی بەسەردا دێت وخوای گەورە داپیۆشیوە، -بەڵام- دەڵێت: ئەی فڵان، دوێنی شەو ئاوا وئاوام کرد، که شەوی بەسەردا هات خوای گەورە داپیۆشی، بەڵام کە ڕۆژ بووەوە داپۆشین وسیتری خوای گەورەی لەسەر خۆی لابرد».** [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە مسوڵمانی گوناهبار ؛ هیوا هەیە بەوەی خوای گەورە لێی ببورێت ولێی خۆش بێت، جگە لە ئەو کەسە نەبێت کە تاوان ئاشکرا دەکات وشانازی پێوە دەکات بەئەوپەڕی بێ ئابڕوویەوە ؛ ئەمە شایستەی لێخۆشبوون نییە، بە شەو گوناهێك دەكات، پاشان كاتێك بەیانی بەسەردا دێت وخوای گەورە داپیۆشیوە، باسی گوناهەکەی بۆ خەڵکی دەکات ؛ بەوەی دوێنی فڵان گوناهی کردووە، شەوی بەسەردا ڕۆیشت ؛ خوای گەورە داپیۆشی، بەڵام کاتێك بەیانی بەسەردا هات ؛ داپۆشینی خوای گەورەی لەسەر خۆی لابرد !!

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ناشیرینی ئاشکراکردنی تاوان ؛ پاش ئەوەی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- بەندەی داپۆشی وسیتری کرد.

٢. ئاشكراكردنی تاوان هۆكاره بۆ بڵابوونەوەی داوێن پیسی وخراپەكاری لە نێو ئیمانداران.
٣. هەركەسێک خوای گەورە لە دونیادا دایبپۆشێت وسیتری بكات؛ ئەوا لە قیامەتدا دایدەپۆشێت وسیری دەكات، وئەمیش لە فراوانی ڕەحمەت وبەزەیی خوای گەورەیە بەرامبەر بە بەندەكانی.
٤. هەركەسێك تووشی تاوانێك بوو ؛ دەبێت خۆی دابپۆشێت وتەوبە بكات وبگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.
٥. گەورەیی تاوان لەئەستۆی ئەوانەی بە ئاشكرا گوناه دەكەن، وسەلامەتی وپارێزراو بوونیان لەدەست داوە.

(٣٧٥٦)

(٢٣٥) – عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطَبَ النَّاسَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ، فَقَالَ: **«يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّ اللهَ قَدْ أَذْهَبَ عَنْكُمْ عُبِّيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ وَتَعَاظُمَهَا بِآبَائِهَا، فَالنَّاسُ رَجُلَانِ: بَرٌّ تَقِيٌّ كَرِيمٌ عَلَى اللهِ، وَفَاجِرٌ شَقِيٌّ هَيِّنٌ عَلَى اللهِ، وَالنَّاسُ بَنُو آدَمَ، وَخَلَقَ اللهُ آدَمَ مِنْ تُرَابٍ، قَالَ اللهُ: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [الحجرات: ١٣]»**. [صحيح] - [رواه الترمذي وابن حبان]

(٢٣٥) – لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ وتاری بۆ خەڵكی دەدا لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا، فەرمووی: **«ئەی خەڵكینە، خودا خۆگەورەزانینی (نەفامیەكانی) جاهیلیەتی لەسەرتان لابرد و شانازی كردن بە باوباپیرانەوە، خەڵكی دوو چینن: چاكەكارێكی تەقوادار كە ڕێزدارە لای خوای گەورە، وتاوانبارێكی دۆڕاو كە بێڕێزە لای خوای گەورە، وخەڵكی نەوەی ئادەمن وپەروەردگار ئادەمی لە خۆڵ دروستكرد، الله دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [الحجرات:١٣] واتە: {ئەی خەڵكینە بێگومان ئێمە**

**دروستمان کردوون له نێر ومێیەك وکردومانن به چەند گەل وهۆزێکەوە تا یەکتری بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسەیە کە زیاتر لە خودا دەترسێت، بێگومان خودا زانا وئاگادارە}».** [صەحیحە] - [تیرمزی وئیبن حەبان - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا وتاری بۆ خەڵکی دەدا، فەرمووی: ئەی خەڵکینە، بەدڵنیاییەوە خودا ئێوەی دەرباز کرد لە خۆگەورەزانینی (نەفامیەکانی) جاهیلیەت وهەروەها شانازی کردنتان بە باوباپیرانەوە، خەڵکی دوو جۆرن:

یان ئیماندارێکی چاکەکارە وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی اللە یە -عز وجل-، ئەم بەندەیە ڕێزدارە لای خوای گەورە؛ ئەگەرچیش سەر بە ڕەچەڵەك وبنەماڵەیەکی ناسراو نەبێت لەلای خەڵکی.

یان ئەوەتا کافرێکی تاوانبار وسەرسەختە، ئەمە کەسێکی بێڕێزە لەلای اللە، وهیچ نرخێکی نییە؛ ئەگەرچیش سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراو بێت لەلای خەڵکی یان پلەوپایە ودەسەڵاتی هەبێت.

خەڵکی هەموویان نەوەی ئادەمن وپەروەردگار ئادەمی لە خۆڵ دروستکرد، بۆیە شیاو نییە بۆ کەسێك کە بنچینەی خۆڵە ؛ خۆی بەگەورە بزانێت وسەرسامی نەفسی خۆی بێت، وخوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [الحجرات:١٣] واتە: {ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێر ومێیەك وکردومانن بە چەند گەل وهۆزێکەوە تا یەکتری بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسەیە کە زیاتر لە خودا دەترسێت، بێگومان خودا زانا وئاگادارە}».

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی کراوە لە شانازی کردن بە ڕەچەڵەک وباوباپیران وپلەوپایە.

(٦٥٠٧٤)

(٢٣٦) – عن عائشة رضي الله عنها عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«إِنَّ أَبْغَضَ الرِّجَالِ إِلَى اللهِ الْأَلَدُّ الْخَصِمُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٣٦) – له عائیشەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ڕق لێبووترین پیاو لە لای اللە ئەوەیە زۆر وبەتوندی گفتوگۆ دەکات وملکەچ نابێت بۆ هەق».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە اللە -تبارک وتعالی- ڕقی لەو کەسانەیە کە زۆر و بەتوندی مشتومڕ وگفتوگۆ دەکەن، وملکەچ نابن بۆ هەق وڕاستی، وهەوڵدەدات بە مشتومڕەکانی هەق دابپۆشێت، یان لەسەر هەقە بەڵام بەتوندی مشتومڕ دەکات ولە میانڕەوی لادەدات، و بەبێ زانست گفتوگۆ دەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. کەسی ستەملێکراو گفتوگۆ وسکاڵا بکات لەسەر مافێکی خۆی بە بنچینە وڕێگایەکی شەرعی وبەرزکردنەوەی سکاڵا ؛ ئەمە ڕێگە پێدراوە وئاساییە، ناچێتە ژێر بابەتی ئەو گفتوگۆیانەی کە ناشیرینە ونەهی لێکراوە.
٢. مشتومڕ وموجادەلە لە بەڵاکانی زمانە کە دەبێتە هۆی ناکۆکی ودووبەرەکی و لەیەک دووركەوتنەوە لەنێوان مسوڵمانان.
٣. گفتوگۆ ستایشکراوە ئەگەر لەهەقدا بێت و بەشێوەیەکی جوان بێت، وسەرزەنشتکراوە ئەگەر بۆ ڕەتکردنەوەی هەق وجێگیرکردنی پوچەڵێک بێت یان بەبێ بەڵگە بێت.

(٥٤٧٤)

(٢٣٧) – عن أبي بَكرة رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: «**إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّارِ**»، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ هَذَا الْقَاتِلُ، فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ؟ قَالَ: «**إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٣٧) – له ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان ئەوا بکوژ وکوژراو لە دۆزەخدان»**. دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا زانیمان سەبارەت بە بکوژەکە، ئەی بۆچی کوژراوەکە دەچێتە دۆزەخەوە؟ ﷺ فەرمووی: **«چونکە ئەو سوور بوو ومەبەستی کوشتنی هاوەڵەکەی بوو»**. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان، و هەریەکەیان مەبەستی لەناوبردنی بەرامبەر بێت؛ ئەوا بکوژ لە دۆزەخە بەهۆی ئەوەی هەستاوە بە کوشتنی برا مسوڵمانەکەی.

هاوەڵان سەبارەت بە کوژراوەکە بەلایانەوە ڕوون نەبوو: بۆچی ئەویش لەدۆزەخدایە؟ پێغەمبەر ﷺ پێیانی ڕاگەیاند کە ئەویش لە دۆزەخە چونکە پێداگیر بوو ومەبەستی کوشتنی براکەی بوو، وئەوەی ڕێگر بوو لەمە دەستپێشخەری براکەی بوو لە کوشتنی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. شایستەی سزادانە ئەو کەسەی لەدڵیەوە پێداگیر بێت لەسەر کردنی تاوان، وهۆکارەکانی جێبەجێ بکات.

٢. هۆشداریەکی توند سەبارەت بە کوشتار لەنێوان مسوڵمانان وهەڕەشەکردن لە بکەرانی ئەم تاوانە بە چوونە دۆزەخ.

٣. کوشتار لەنێوان مسوڵمانان بەهەق ودادپەروەری ناچێتە ژێر سایەی ئەم هەڕەشەیە، وەکو کوشتار دژی دەستدرێژیکاران وئەوانەی تۆوی خراپە دەچێنن.
٤. بکەری تاوانە گەورەکان ؛ بەکافر دانانرێت -تەکفیر ناکرێت-، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەردوو لایەکەی بەمسوڵمان ناوبرد.
٥. ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر بنەوە بە هەرکەرەستە وئامێرێکی شەڕ، ویەکێکیان کوژرا ؛ بکوژ وکوژراو لەدۆزەخدان، وباسکردنی شمشێر لێرەدا بۆ هێنانەوەی نمونەیە وبەس.

(٤٣٠٤)

(٢٣٨) – عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٣٨) – لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی چەک هەڵبگرێت بەرامبەرمان ئەوا ئەوکەسە لە ئێمە نییە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ هۆشداری دەدات لە چەك هەڵگرتن دژی مسوڵمانان ؛ بۆ ترساندنیان یان دزی کردن لێیان، هەرکەسێك ئەمە بکات بەناهەق؛ تاوانێکی کردووە لە تاوانە گەورەکان، وشایستەیە ئەم هەڕەشە توندەی لێبکرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرموودەکە هەڕەشە وهۆشداریەکی توندی تێدایە لەسەر شەڕ وناکۆکی نێوان مسوڵمانان.
٢. لە گەورەترین خراپەکانی سەر زەوی ئەوەیە کەسێك چەك هەڵبگرێت دژی مسوڵمانان، وخراپە وئاژاوە بنێتەوە بە کوشتن.
٣. ئەم هەڕەشەیە ؛ ڕووبەڕووبونەوەی هەق وڕاست ناگرێتەوە، وەکو جەنگان دژی ستەمکاران وخراپەکاران وهتد.

٤. حەرامێتی ترساندنی مسوڵمانان بە چەک وهاوشێوەکانی، تەنانەت ئەگەر بۆ گاڵتەیش بێت.

(٢٩٩٧)

(٢٣٩) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: قال النبي صلى الله عليه وسلم:
«لَا تَسُبُّوا الْأَمْوَاتَ، فَإِنَّهُمْ قَدْ أَفْضَوْا إِلَى مَا قَدَّمُوا». [صحيح] - [رواه البخاري]
(٢٣٩) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:
**«جوێن بە مردووەکان مەدەن، چونکە ئەوان گەیشتن بە ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیاندا».** [صەحیحە]-[بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە جوێندان بە مردووەکان وتانەدان لە کەسایەتیان؛ حەرامە، وئەمە لە ڕەوشتە بەد وخراپەکانە، چونکە ئەوان گەیشتن بە کردەوەکانیان لە چاکە وخراپە، وئەم جوێندانە ناگات بە مردووەکان بەڵکو ئازاری کەسە زیندووەکان دەدات لە خزم وخۆشەویستەکانیان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرموودەکە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە جوێندان بە مردووەکان حەرامە.
٢. وازهێنان لە جوێندان بە مردوو بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی زیندووەکان، وپاراستنی سەلامەتی کۆمەڵگا لە دووبەرەکی ورق وکینە.
٣. دانایی لە نەهی کردن لە جوێندان بە مردوو ئەوەیە کە ئەوان گەیشتن بە کردەوەکانیان لە خێر وشەڕ بۆیە جوێندان پێیان هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو لەوەیە ببێتە هۆی ئازاردانی کەسە نزیکەکانی مردووەکە.
٤. نابێت مرۆڤ قسەیەک بکات کە هیچ سوودێکی نەبێت.

(٥٣٦٤)

(٢٤٠) – عن أبي أيوب الأنصاري رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«لَا يَحِلُّ لِرَجُلٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ، يَلْتَقِيَانِ، فَيُعْرِضُ هَذَا وَيُعْرِضُ هَذَا، وَخَيْرُهُمَا الَّذِي يَبْدَأُ بِالسَّلَامِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤٠) – له ئەبی ئەیوبی ئەنسارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ڕەوا نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک کە قسە دابڕێت لەگەڵ برای مسوڵمانی لە سەرووی سێ شەو، کاتێک بەیەک دەگەن؛ ئەم ڕوودەکات بەملاوە وئەویش ڕوودەکات بەولاوە، وچاکترینیان ئەوەیانە کە دەستپێشخەری دەکات بە سەلامکردن (لە کەسی بەرامبەری)»** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە دەنگدابڕین لەگەڵ مسوڵمان بۆ زیاتر لە سێ شەو، بەشێوەیەک هەریەکەیان بەئەوی تر دەگات وسەلامی لێناکات وقسەی لەگەڵدا ناکات.
وباشترینیان ئەوەیە کە هەوڵدەدات ئەم دەنگدابڕانە نەهێڵێت، ومەبەست بەدەنگدابڕان لێرەدا ؛ ئەگەر بەهۆی شتی کەسیەوە بێت، بەڵام ئەگەر دەنگدابڕان بێت لەپێناو مافی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- وەکو دەنگدابڕان -هەجرکردنی- تاوانبار وبیدعەچی وهاوڕێ خراپەکان؛ ئەمە هیچ کاتێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی لەم دەنگدابڕانە، وئەگەر ئەم بەرژەوەندیە نەمێنێت ئەویش نامێنێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دەنگ دابڕان کەمتر لە سێ ڕۆژ ؛ ڕێگەپێدراوە، ئەمیش بەڕەچاوکردنی سروشتی نەفسی مرۆڤ؛ بۆئەوەی لەم ماوەیەدا گرفتەکە لەدڵدا نەمێنێت.
٢. فەزڵی سەلام کردن، کە ئەو شتە نارەوایانەی لە نەفسدایە لایدەبات ونیشانەی دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ کەسی بەرامبەر.

٣. بەپەرۆشی ئیسلام لەسەر پتەوکردنی برایەتی وتەبایی ویەکڕیزی لەنێوان مسوڵمانان.

(٥٣٦٥)

(٢٤١) – عن سهل بن سعد رضي الله عنه عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال:

**«مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(٢٤١) – لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«هەرکەسێک پەیمانی مسۆگەریم پێبدات لە پاراستنی ئەوەی لە نێوان هەردوو شەویلگەکەیدایە (زمانی) وئەوەی لە نێوان هەردوو قاچیدایە (دامێنی - عەورەتی)؛ ئەوا من مسۆگەری چوونە بەهەشتی بۆ دەکەم».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی دوو شت دەکات ئەگەر مسوڵمان پێیانەوە پابەند بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە:

یەکەم: پاراستنی زمان لە ووتنی ئەو قسانەی دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-.

دووەم: پاراستنی دامێن -عەورەت- لە تووشبوون بە داوێن پیسی؛ چونکە زۆر تاوان بەم دوو ئەندامە دەکرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پاراستنی زمان ودامێن لە ئەنجامدانی حەرام هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت.

٢. بەتایبەتی باسی زمان ودامێنی کرد چونکە سەرچاوەی زۆربەی فیتنە وکارەساتەکانن لەسەر مرۆڤ لە دونیا وقیامەتدا.

(٣٤٧٥)

(٢٤٢) – عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيَّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ -وَكَانَ غَزَا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ غَزْوَةً- قَالَ: سَمِعْتُ أَرْبَعًا مِنَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَعْجَبْنَنِي، قَالَ: **«لاَ تُسَافِرِ المَرْأَةُ مَسِيرَةَ يَوْمَيْنِ إِلَّا وَمَعَهَا زَوْجُهَا أَوْ ذُو مَحْرَمٍ، وَلاَ صَوْمَ فِي يَوْمَيْنِ: الفِطْرِ وَالأَضْحَى، وَلاَ صَلاَةَ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، وَلاَ بَعْدَ العَصْرِ حَتَّى تَغْرُبَ، وَلاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلَّا إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِ الحَرَامِ، وَمَسْجِدِ الأَقْصَى، وَمَسْجِدِي هَذَا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤٢) – له ئه‌بی سه‌عیدی خودریه‌وه -ڕەزای خوای لێبێت- كه له‌گەڵ پێغه‌مبەر ﷺ به‌شداری دوازده غه‌زای (جەنگی) كردووه، دەڵێت: چوار شتم بیست له پێغه‌مبه‌ره‌وه ﷺ زۆر جوان گرنگ بوون به لامه‌وه، ﷺ فه‌رمووی: **«نابێت ئافره‌ت سه‌فه‌رێک بکات که  ووریه‌که‌ی دوو ڕۆژ بێت مه‌گه‌ر مێرده‌که‌ی یان مه‌حره‌مێکی له‌گه‌ڵدا بێت، نابێت ڕۆژوو بگیرێت له دوو ڕۆژدا: جه‌ژنی ڕۆژوو شکاندن (ڕۆژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان) وڕۆژی قوربانی (ڕۆژه‌کانی جه‌ژنی قوربان)، نابێت هیچ نوێژێک ئه‌نجامبدرێت له پاش نوێژی به‌یانی هه‌تاوه‌کو خۆر ده‌رده‌چێت، ونابێت هیچ نوێژێک ئه‌نجامبدرێت له پاش نوێژی عه‌سر هه‌تاوه‌کو خۆر ئاوا ده‌بێت، ونابێت -سه‌فه‌ری تایبه‌ت-* ئه‌نجامبدرێت مه‌گه‌ر بۆ سێ مزگه‌وت نه‌بێت: مزگه‌وتی حه‌رام**، ومزگه‌وتی ئه‌قسا، وئه‌م مزگه‌وته‌ی من  -مزگه‌وتی نه‌به‌وی-».**
*(سه‌فه‌ری تایبه‌ت: مه‌به‌ست لێی سه‌فه‌ر وگه‌شتێکه بۆ په‌رستن ونزیکبوونه‌وه له خودا ئه‌نجامبدرێت)، **(مزگه‌وتی حه‌رام: مه‌به‌ست ئه‌و مزگه‌وته‌یه که که‌عبه‌ی پیرۆزی تێدایه له شاری مه‌ککه که پێی ده‌ووترێت -مسجد الحرام-) [صه‌حیحه] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

## شیکردنه‌وه:

پێغه‌مبه‌ر ﷺ نه‌هی کردووه له چوار شت:
یه‌که‌م: قه‌ده‌غه‌کردنی ئافره‌ت له سه‌فه‌رکردن بۆ دووریه‌ك ماوه‌که‌ی دوو ڕۆژ بێت مه‌گه‌ر مێرده‌که‌ی یان مه‌حره‌مێکی له‌گه‌ڵدا بێت، مه‌حره‌م ئه‌و که‌سه‌یه که

به هەتاهەتایی حەرامە ئەو ئافرەتە مارە بکات ئەوانیش بریتین لە کەسە نزیکەکانی وەکو باوك وکورِ وبرا، برازا وخوشکەزا، ومام وخاڵ، وهتد.
دووەم: نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن لە ڕۆژی ڕۆژووشکاندن -یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان- و ڕۆژی قوربانیکردن -واتە ڕۆژەکانی جەژنی قوربان کە چوار ڕۆژن ١٠، ١١، ١٢، ١٣ ی مانگی ذي الحجة-، ئینجا ڕۆژووگرتنەکە نەزر یان سونەت یان کەفارەت بێت.
سێیەم: نەهی کردووە لە ئەنجامدانی نوێژی سونەت -لە دوو کاتدا-: لەپاش نوێژی عەسر هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت، ولە پاش نوێژی بەیانی هەتاوەکو خۆر دەردەچێت.
چوارەم: نەهی کردووە لە -سەفەری تایبەت-٨ بۆ شوێنێك کە باوەڕ وابێت فەزڵی هەیە وپاداشت تێیدا چەند جار دەبێت، جگە لە سەفەرکردن نەبێت بۆ ئەم سێ مزگەوتە بۆ نوێژکردن تێیاندا، پاداشتی نوێژکردن تەنها لەم سێ مزگەوتەدا چەند جار دەبێتەوە: مزگەوتی حەرام، ومزگەوتی ئەقسا، وئەم مزگەوتی نەبەوی. ٨(سەفەری تایبەت: مەبەست لێی سەفەر وگەشتێکە بۆ پەرستن ونزیکبوونەوە لە خودا ئەنجامبدرێت)

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سەفەرکردنی ئافرەت بە بێ ئەوەی مەحرەمی لەگەڵدا بێت؛ ڕێگەپێدراو نییە.
٢. ئافرەت نابێتە مەحرەم بۆ ئافرەتێکی تر لە سەفەردا، چونکە فەرمووی: (مێردەکەی یان مەحرەمێك).
٣. نەهی کراوە ئافرەت بەبێ هاوەڵی مێردەکەی یان مەحرەمێك دەربچێت بۆ هەرشتێك پێی بووترێت سەفەرکردن، ئەم فەرموودەیە بەپێی حاڵی پرسیاکار وشوێنەکەیەتی.
٤. مەحرەمەکانی ئافرەت بریتین لە: مێردەکەی، وئەوانەی حەرامە هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکات بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی -ڕەچەڵەك- وەکو باوك وکورِ ومام وخاڵ، یان بەهۆی شیرپێدانەوە وەکو باوك ومامی شیری، یان بەهۆی زاوایەتی وەکو باوکی مێرد، ودەبێت مەحرەمەکە مسوڵمانێکی باڵغ وئاقڵ ومتمانەپێکراو بێت، چونکە مەبەست لە هاوەڵی مەحرەم بۆ پاراستنی ئافرەتەکە وجێبەجێکردنی پێویستیەکانیەتی.
٥. گرنگیدانی شەریعەتی ئیسلامی بە ئافرەت، وپاراستنی.

٦. ئەنجامدانی نوێژی سونەت بەرەهایی لە پاش نوێژی بەیانی وعەسر؛ دروست نییە، بەڵام ڕێگەپێدراوە ئەنجامدانی ئەو نوێژە فەرزەی کە لەدەستی چووە و لەکاتی خۆیدا نەیکردووە، یان ئەو نوێژانەی پەیوەستن بەهۆکارەوە وەکو دوو ڕکاتی -تحية المسجد- وهتد.
٧. ڕاستەوخۆ نوێژکردن لەپاش دەرچوونی خۆر ؛ حەرامە، بەڵکو دەبێت خۆر هێندەی سێبەری ڕمێك بەرز بێتەوە، ئەمیش نزیکەی دە بۆ پانزە خولەك دەکات.
٨. کاتی نوێژی عەسر هەتاوەکو ساتی ئاوابوونی خۆرە.
٩. سەفەرکردنی تایبەت بۆ ئەو سێ مزگەوتە ؛ ڕێگەپێدراوە.
١٠. فەزڵ وتایبەتمەندی ئەو سێ مزگەوتە بەسەر مزگەوتەکانی تر.
١١. دروست نییە تەنها سەفەر بکات بۆئەوەی سەردانی گۆڕێک بکات ئەگەرچیش گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بێت، ڕێگەپێدراوە سەردانی بکرێت بۆ کەسێك لە شاری مەدینە بێت، یان بێت بۆ مەدینە بۆ مەبەستێکی ڕێگەپێدراو.

(١٠٦٠٣)

(٢٤٣) – عن أسامة بن زيد رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ عَلَى الرِّجَالِ مِنَ النِّسَاءِ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤٣) – لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«لە دوای خۆم هیچ فیتنە وتاقیکردنەوەیەکم جێنەهێشتووە کە زیانبەخشتر بێت بۆ سەر پیاوان وەکو ئافرەتان».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات لەپاش خۆی هیچ تاقیکردنەوەیەکی جێنەهێشتووە کە زیانی هەبێت بۆ سەر پیاوان وەکو ئافرەتان ؛ چونکە ئەگەر ئافرەتەکە لە کەسە نزیکەکانی پیاو بێت وپابەندی ئیسلام نەبێت ئەوا پیاوەکەش وردەوردە شوێنی دەکەوێت لەپێچەوانەکردنی شەریعەت، وئەگەر بیانی بێت ئەوا بەتێکەڵبوون و بەتەنها بوون لەگەڵی تووشی فیتنە وخراپە دەبێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبە مسوڵمان ئاگادار بێت لە فیتنەی ئافرەتان، وهەموو ڕێگا ودەرگاکانی فیتنە و وروژاندنی دابخات.
٢. دەبێت ئیماندار تەوەکول وپشتبەستنی تەنها بە خوای گەورە بێت، وهانا بۆ ئەو زاتە ببات بۆئەوەی بیپارێزێت لە فیتنە وتاقیکردنەوەکان.

(٥٨٣٠)

(٢٤٤) – عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه مرفوعاً: **«يا معشر الشباب، من استطاع منكم الباءة فليتزوج؛ فإنه أغض للبصر، وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم؛ فإنه له وِجَاءٌ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤٤) – لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەی گەنجان، هەرکەسێکتان توانی ئەوا با هاوسەرگیری بکات؛ چونکە ئەمە پارێزراوترە بۆ چاو ودامێن، وئەوەی ناتوانێت ئەوا با ڕۆژوو بگرێت؛ چونکە ڕۆژووگرتن قەڵغانە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

داوێن پاکی وخۆپاراستن واجبە، وپێچەوانەکەیان حەرامە کە تووشی بەندە دەبێت بەهۆی زۆری شەهوەت ولاوازی ئیمانەوە، وگەنج شەهوەتی زۆرترە، وپێغەمبەر ﷺ وتار بۆ ئەوان دەدات ورێنیشاندەریانە بۆ داوێن پاکی وخۆپاراستن، وئەوەی دەتوانێت مارەیی وخەرجی وشوێنی نیشتەجێبوون داببن بکات؛ ئەوا پێویستە هاوسەرگیری بکات چونکە هاوسەرگیری هۆکاری پاراستنی چاوە لە نەزەر کردنی حەرام وهۆکاری پاراستنی داوێنە لە زینا وبەدڕەوشتی.
وئەوەی نەتوانێت خەرجیەکانی هاوسەرگیری دابین بکات لە کاتێکدا حەزی لە هاوسەرگیریە؛ پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی کردووە بە ڕۆژووگرتن چونکە ڕۆژووگرتن شەهوەت کەم دەکاتەوە ئەمیش بەهۆی وازهێنان لە خواردن وخواردنەوە، بۆیە نەفس لاواز دەبێت وبۆرییەکانی خوێن باریک دەبێتەوە لەسەر شەیتان کە بەناو ئەو بۆڕیانەدا هاتوچۆ دەکات، بۆیە ڕۆژووگرتن هۆکاری شکاندنی شەهوەتە وەکو

قەڵغان بەندە دەپارێزێت، وله دەق فەرمووده کەدا وشەی (وجاء) هاتووه بە مانای وشکردنەوە وباریکردنەوەی دەمارەکانی گونەکانیش دێت چونکە بەهۆی نەخواردن ونەخواردنەوە دەمارەکان وشک دەبن بۆیە گونەکان ناتوانن مەنی دروستبکەن کە بەهۆی زۆربوونی مەنیەوە شەهوەت زیاد دەبێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەپەرۆشی ئیسلام لەسەر بەدیهێنانی هۆکارەکانی داوێن پاکی وسەلامەتبوون ودووری لە داوێن پیسی وکارە قێزەوەنەکان.
٢. ئەو کەسانەی کە ناتوانن خەرجی هاوسەرگیری دابین بکەن ؛ ئاینی ئیسلام هانی داون بۆ ڕۆژووگرتن چونکە شەهوەت لاواز دەکات.
٣. چواندنی ڕۆژوو بە کردەوەیەك پێی دەووترێت -وجاء:لاوازکردن- ؛ لەو ڕوانگەوەیە کە -وجاء:لاوازکردن- بریتیە لە لاوازکردنی دەمارەکانی گونەکان، بۆیە بە لاوازبوونیان شەهوەتی جووتبوون کەم دەبێتەوە، بەهەمان شێوە ڕۆژووگرتن دەبێتە هۆی لاوازکردنی شەهوەتی جووتبوون.

(٥٨٦٣)

(٢٤٥) – عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْمَلُونَ، فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَاءِ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٤٥) – لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«دونیا خۆش وبەچێژە، وخوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی یەکتر لەسەری بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا وخۆتان بپارێزن لە ئافرەتان، چونکە یەکەم فیتنە وتاقیکردنەوەی نەوەکانی ئیسرائیل لە ئافرەتان بوو».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەو کە دونیا تامێکی بەچێژی هەیە، وسەوز وسەرنجڕاکێشە، بۆیە مرۆڤ پێی هەڵدەخەڵەتێت وڕۆدەچێت لەنێو خۆشیەکانی وگەورەترین هەم وهەوڵدانی بۆ دونیا دەبێت.
خوای گەورە -سبحانە وتعالی- ئێمەی کردووە بەجێنشینی یەکتر لەم دونیایەدا، بۆئەوەی بڕوانێت چۆن کردەوە دەکەین، گوێڕایەڵی دەبین، یان سەرپێچی دەکەین؟ پاشان فەرمووی: وریا بن شتومەکە ڕازێنراوەکانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێت، وببنە هۆی ئەوەی وازبهێنن لە فەرمانەکانی اللە، وتووشی نەهی لێکراوەکان بن. و لەگەورەترین فیتنەکان کە دەبێت پیاوی مسوڵمان وریای بێت بریتیە لە فیتنەی ئافرەتان، ویەکەم فیتنە کە تووشی بەنی ئیسرائیل هات ؛ فیتنەی ئافرەتان بوو.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری بە پابەندبوونی تەقواداری، وخۆ سەرقاڵ نەکردن بە چێژ وخۆشیە ڕازێنراوەکانی دونیا.
٢. هۆشداری لە تووشبوون بە فیتنەی ئافرەتان ؛ لەڕێگای تێڕوانین وگوێ نەدان بەتێکەڵ بوونیان لەگەڵ پیاوی نامەحرەم وهتد.
٣. فیتنەی ئافرەتان لە گەورەترین فیتنەکانی دونیایە.
٤. ئامۆژگاری وپەند وەرگرتن لە ئومەتەکانی پێشوو، ئەوەی ڕوویدا بەسەر بەنی ئیسرائیلدا لەوەیە بەسەر ئومەتەکانی تریشدا ڕووبدات.
٥. فیتنەی ئافرەتان ئەگەر هاوسەر بێت ؛ لەوەیە داوای هەندێك خەرجی لەمێردەکەی بکات کە لەتوانایدا نەبێت، بۆیە ئەمە پیاو دوور دەخاتەوە لە دینداری وکردەوە کردن بۆ قیامەت، و وایلێدەکات خۆی ماندوو بکات بۆ بەدەستهێنانی دونیا، وئەگەر نامەحرەم بن ؛ پیاوان فریو دەدەن و لەهەق لایاندەدن کاتێك دەردەچن لە ماڵ وتێکەڵیان دەبن، بەتایبەت ئەگەر ناپۆشتە (سفور) بن، ولەوەیە ئەم تێکەڵیە تووشی زینایان بکات بەپێی پلەکانی، بۆیە پێویستە ئیماندار پەنا بە خوای گەورە بگرێت وهیوای بە ئەو بێت ڕزگاری بکات لە فیتنەی ئافرەتان.

(٣٠٥٣)

(٢٤٦) – عن حكيم بن معاوية القشيري، عن أبيه، قال: قلت: يا رسول الله، ما حَقُّ زوجة أحَدِنَا عليه؟، قال: **«أن تُطْعِمَهَا إذا طَعِمْتَ، وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ -أو اكْتَسَبْتَ- ولا تضرب الوجه، ولا تُقَبِّحْ، ولا تَهْجُرْ إلا في البيت»**. [حسن] - [رواه أبو داود وابن ماجه وأحمد]

(٢٤٦) – له موعاویەی کوڕی حەیدەی قوشەیری -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا مافی خێزانی یەکێک لە ئێمە چییە لەسەرمان؟ ئەویش فەرمووی: **«خۆراکی پێببەخشیت ئەگەر خۆت خۆراکت خوارد، وجلی پێببەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد -یان پارەی پێببەخشیت ئەگەر پەیدات کرد-، وبە لێدان لە دەموچاوی نەدەیت، وجوێنی پێنەدەیت، وقسەی لەگەڵ دانەبڕیت (هەجری نەکەیت -بەجێی نەهێڵیت-) مەگەر تەنها لە نێو ماڵدا نەبێت»**. [حەسەنە] - [ئیبنو ماجە وئەبو داود وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

موعاویەی قوشەیری -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد سەبارەت بە مافەکانی خێزان (هاوسەر) لەسەر پیاو، ئەویش ڕوونی کردەوە کە واجب ئەوەیە کە خواردنی وپۆشاکی پێببەخشیت بە پێی هەبوون وتوانا، ونەهی کرد لە لێدانی دەموچاوی وجوێندان پێی، وهەروەها نەهی کرد لە قسە دابڕان لەگەڵ خێزاندا (هەجر کردنی) مەگەر تەنها لەسەر جێگا نەبێت، واتا نابێت خانووەکە جێبهێڵێت وبچێت بۆ خانوویەکی تر، یان خێزانەکەی لەماڵ دەربکات وبینێرێت بۆ ماڵێکی تر، بەڵکو بۆ ماوەیەک قسەی لەگەڵدا دادەبڕێت لە ناو ماڵدا لە کاتی بوونی ناکۆکی هەتا ئەم ناکۆکیە نامێنێت؛ چونکە سروشتی مرۆڤ وژیان بەو شێوەیە ناکۆکی وشەڕ هەر ڕوودەدات بۆیە پێغەمبەر ﷺ باسی ئەم شتانەی کردووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەپەرۆشی هاوەڵان بۆئەوەی زانستیان هەبێت سەبارەت بە ئەو مافانەی لەسەریانە بەرامبەر بە خەڵکانی تر جێبەجێی بکەن، وئەو مافانەی کە دەبێت دەرهەقیان جێبەجێ بکرێت.

٢. واجبەکانی سەرشانی مێرد بەرامبەر خێزانەکەی: خەرجکردن لەسەری، وکڕینی جل وپێداویستی، ودابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون.
٣. نەهی کراوە لە شێواندن وتێکدان جا ئاشکرابێت یان ناخی بێت.
٤. لەو شێواندن وتێکدانانەی نەهی لێکراوە؛ ئەوەیە پێی بڵێت: تۆ لە هۆزێکی خراپیت یان لە خێزانێکی خراپیت، وهاوشێوەی ئەم دەستەواژانە.

(٥٨٠٩٣)

(٢٤٧) – عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه ، قال: خرج رسول الله صلى الله عليه وسلم في أَضْحَى أو فِطْر إلى المُصَلَّى، فَمَرَّ على النساء، فقال: **«يا مَعْشَرَ النساء تَصَدَّقْنَ فإني أُرِيتُكُنَّ أكثر أهْل النار»**. فقُلن: وبِمَ يا رسول الله؟ قال: **«تُكْثِرْن اللَّعن، وتَكْفُرْن العَشِير، ما رَأَيْت من ناقِصَات عَقْل ودِين أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُل الحَازم من إحدَاكُن»**. قُلْن: وما نُقصَان دِينِنَا وعَقْلِنَا يا رسول الله؟ قال: **«أَلَيْس شهادة المرأة مثل نِصف شَهادة الرَّجُل»**. قُلْن: بَلَى، قال: **«فذَلِك من نُقصان عقْلِها، أَلَيْس إذا حَاضَت لم تُصَلِّ ولم تَصُم»**. قُلْن: بَلَى، قال: **«فذَلِك من نُقصان دِينِها»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤٧) – لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە کاتی نوێژی جەژنی قوربان یان جەژنی ڕۆژووشکاندن (جەژنی ڕەمەزن) دەرچوو بەرەو خاکی نوێژکردن، وبە لای ئافرەتاندا تێپەڕی، وفەرمووی: **«ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان خێر بکەن چونکە پێم نیشاندرا زۆربەتان ئەهلی دۆزەخن»،** ووتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: **«نەفرەت زۆر دەکەن، وزۆر سپڵەن بەرامبەر مێردەکانتان، وکەم ئەقڵ (ژیر) ودینی (دینداری) وەکو ئێوەم نەبینیوە وهەروەها کەسم نەبینیووە کە دەست بەسەر ئەقڵی پیاوێکی ژیر وهۆشمەند بگرێت وەکو ئێوە»**. ووتیان: کامە کەمی دین وئەقڵمانە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: **«ئایا شاهێدی دانی ئافرەت بە ئەندازەی نیوەی شاهێدی دانی پیاو نییە؟»**. ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: **«ئەوە لەبەر کەمی ئەقڵە، ئەگەر تووشی سووڕی مانگانە بێت؛ واز لە**

**نوێژ ورۆژوو ناهێنێت؟»،** ووتیان بەڵێ. فەرمووی: **«ئەوە کەمی دینە (کەمی دینداریيە)».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵی ئەوە دەدات کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی نوێژی جەژنی قوربان یان جەژنی ڕۆژووشکاندن (جەژنی ڕەمەزن) دەرچوو بەرەو خاکی نوێژکردن، پاش ئەوەی وتارێکی گشتی دا بۆ پیاوان وئافرەتان، بە لای ئافرەتاندا تێپەڕی و وتارێکی تایبەت کرد بۆ ئەوان؛ ئامۆژگاریانی کرد وبیریانی هێنایەوە وهانیانی دا بۆ کردەوەی چاک وخێرکردن، چونکە خێرکردن هۆکارە بۆ لاچوونی تورە بوونی پەروەردگار لەسەر بەندە، وپێیانی فەرموو: (ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان خێر بکەن چونکە پێم نیشاندرا زۆربەتان ئەهلی دۆزەخن): واتا خێر زۆر بکەن بۆ ئەوەی خۆتان لە سزای خودا بپارێزن، چونکە من سەیری دۆزەخم کرد بینیم زۆربەی ئەوانەی تێیدان ئافرەتانن. (ووتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟): واتا بۆچی زۆرینەی ئەهلی دۆزەخ لە ئافرەتانن؟. ﷺ فەرمووی: (نەفرەت زۆر دەکەن): واتا زۆر لەعنەت ونەفرەت لە خەڵکی دەکەن وئەمیش خراپترین جۆری نزایە کە لەسەر کەسێک بکرێت؛ کە بە مانای ئەوە دێت ئەو کەسە دوور بێت لە ڕەحمەتی خودا وبێبەش بێت لە هەموو خێرێکی دونیا وقیامەت.

(وزۆر سپڵەن بەرامبەر مێردەکانتان): واتا چاکەکانی مێردەکانتان لەبەرچاو نییە وئینکاری لێدەکەن، ولە گێڕانەوەیەکی تردا لە ئیبن عەباسەوە: {قيل: أيَكْفُرن بالله؟ قال: يَكْفُرن العَشِير، ويَكْفُرن الإحسان، لو أحسنتَ إلى إحداهن الدهر، ثم رَأَتْ منك شيئا، قالت: ما رأيتُ منك خيراً قَط} [رواه البخاري ومسلم] واتە: {ووترا: ئایا ئافرەتان کوفر دەکەن بە خودا؟ ﷺ فەرمووی: کوفر دەکەن -واتا: سپڵەن- بەرامبەر مێردەکانیان، وسپڵەن بەرامبەر چاکەکاریيان، ئەگەر بە درێژایی ساڵ چاکەکار بیت بەرامبەر یەکێکیان، وپاشان شتێکت لێ ببینێت -کە حەزی پێنەکات-، دەڵێت -بە مێردەکەی-: هەرگیز هیچ خێرێکم لێت نەبینیووە}.

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (وکەم ئەقڵ (ژیر) ودینی (دینداری) وەکو ئێوەم نەبینیوە وهەروەها کەسم نەبینیووە کە دەست بەسەر ئەقڵی پیاوێکی

ژیر وهۆشمەند بگرێت وەکو ئێوە): واتا هیچ کەسێک ناتوانێت دەست بە سەر ئەقڵ وژیری پیاو بگرێت وەکو ئافرەت، ئەگەرچیش لەو پیاوانە بن کە بە پابەند وتوند ناسراو بن؛ ئەمیش بەهۆی کاریگەی سۆزداری ئافرەت وسیحری جوانی وخۆ نازدار کردن وخۆ ناسکردنەوەیەتی، وئەمیش لە ڕوانگەی زیاد وەسفکردنیانە؛ چونکە ئەگەر پیاوی پابەند وژیر بکەوێتە ژێر کاریگەرییان ئەوا ئەوانی تر زیاتر کاریگەر دەبن.
(-ئافرەتان- ووتیان: کامە کەمی دین وئەقڵمانە ئەی پێغەمبەری خودا؟): وا دیارە هۆکاری کەمی دین وئەقڵیان لە لا شاراوە بووە بۆیە پرسیاریان سەبارەت کرد. ﷺ فەرمووی: (ئایا شاهێدی دانی ئافرەت بە ئەندازەی نیوەی شاهێدی دانی پیاو نییە؟): ئەمیش پرسیارکردنی دانپێدانانی پێدەڵێن واتا شاهێدی دانی ئافرەت نیوەی شاهێدی دانی پیاوە، واتە شاهێدی دوو ئافرەت وەکو شاهێدی پیاوێکە.
(-ئافرەتان- ووتیان: بەڵێ): بەو شێوەیە شاهێدی دانەکە. ﷺ فەرمووی: (ئەوە لەبەر کەمی ئەقڵە): ئەمیش بەهۆی کەم ئەقڵی ودرککردنی زۆربەی ئافرەتانە ودەبێتە هۆی ئەوەی شاهێدی دانی بە نیوەی شاهێدی دانی پیاو وەربگیرێت، وئەمیش ئاماژەیە بۆ ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰ}[البقرة: ٢٨٢]، واتە:{دوو شاهێد بگرن لە پیاوانی خۆتان (لە موسوڵمانان) ئینجا ئەگەر دوو پیاو نەبوو ئەوا با پیاوێک ودوو ئافرەت بن لە ئەوانەی کە پەسەندیان دەکەن لە شاهێدەکان بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان لە بیری چوو با ئەوی دیکەیان بیری بخاتەوە}، پشت بەستن بە ئافرەتێکی تریش بۆ شاهێدی دان بەڵگەیە لەسەر کەمی لێکدانەوە ودرککردنی وئەمیش ئاماژەیە بۆ کەمی ئەقڵی وژیری ئافرەت بە بەراورد بە پیاوان.
پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەگەر تووشی سووڕی مانگانە بێت؛ واز لە نوێژ وڕۆژوو ناهێنێت؟): ئەمیش پرسیارکردنیکی دانپێدانانە واتا ئافرەت لە کاتی سووڕی مانگانەدا نوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت. (-ئافرەتان- ووتیان بەڵێ): واتا بەڵێ، بەو شێوەیە. ئەویش ﷺ فەرمووی: (ئەوە کەمی دینە -کەمی دینداریيە-):

ئەگەر ئافرەت واز لە دوو پایەی نوێژ ورِۆژوو بهێنێت بۆ ماوەیەک کە ئەمانە لە گرنگترین پایەکانی ئیسلامن؛ ئەمە بەڵگەیە بۆ کەمبوونەوەی دینداری چونکە لە کاتی سووڕی مانگانەدا نوێژ ناکات ونوێژەکانیش بە قەرز ناداتەوە، ولە ڕۆژووگرتندا پاداشتی ڕۆژووگرتنی لەگەڵ مسوڵمانان لە دەست دەچێت بەڵام دەبێت بە قەرز بیداتەوە لە پاش ڕەمەزان.
بەڵام ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی ئافرەت ڕەخنەیان لێبگیرێت وهیچ تاوانێکیان لەسەر نییە چونکە بنچینەی دروستکردنیان بەو شێوەیە وخودا ئەو شتانەی لەسەریان نووسیووە، پێغەمبەر ﷺ باسی ئەم شتانەی کرد بۆ ئەوەی پیاوان تووشی فیتنە ولادان نەبن بەهۆیانەوە، وبۆیە باسی ئەو سزایەی کرد بۆ ئەوانەی سپڵەن بەرامبەر چاکەکاری مێردەکانیان، وسزا نادرێن بەهۆی ئەو کەمی ژیری ودینداریيەی هەیانە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، وبە شێوەیەکی گشتی پیاوان زیاتر دیندارترن لە ئافرەتان وئەمیش بە بەرچاو بە درێژایی مێژوو دەبیندرێت وسەبارەت بە ئەقڵ ولێکدانەوە وژیریش بە هەمان شێوە پیاوان لە پێشەوەی ئافرەتانن بۆیە زۆربەی زانایانی زانستە شەرعییەکانی ئەم ئومەتە لە پیاوانن ئەگەرچیش ژمارەیەکی باش لە زانایانی ئافرەت هەیە، وهەروەها لە زانستەکانی دونیاش بەهەمان شێوە زۆربەی داهێنەران لە پیاوانن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سوننەتە ئافرەتان دەربچن بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن، و بەتایبەتی ئامۆژگاری بکرێن.
٢. سپڵە بوون بەرامبەر هاوسەر وزۆر نەفرەت کردن لە تاوانە گەورەکانە؛ چونکە هەڕەشەی لێکراوە بە دۆزەخ ئەمیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە تاوانە گەورەکانە.
٣. ڕوونکردنەوەی زیاد بوون وکەم بوونی ئیمانی تێدایە، هەرکەسێک پەرستنەکانی زیاتر بێت ئەوا ئیمان ودینداری زیاد دەکات وهەرکەسێک پەرستنەکانی کەم بێتەوە ئەوا ئیمان ودینداری کەم دەکات.
٤. نەوەوی دەڵێت: ئەقڵ وژیری تووشی کەمبوون وزیاد بوون دەبێت، وئیمان بەهەمان شێوە، مەبەست لە وەسفکردنی ئافرەت بەو شێوەیە لۆمەکردنیان نییە؛ بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەوەی بنچینەی دروستکردنیان ئاوایە، وهۆشداریدانە

سەبارەت بە تووشبوون بە فیتنە بەهۆیانەوە، بۆیە سزادانی بەستەوە بە سپڵە بوون وتاوانی تر نەك بەهۆی لاوازی ئەقڵیان، ولاوازی دینداریان کە باسکراوە هۆکاری تووشبوونیان نیە بە تاوانەوە بەڵکو هۆکارەکان لەوە زیاترە.
٥. فێرخواز پرسیار دەکات وداوای پێداچوونەوە دەکات لە زانا وهەروەها شوێنکەوتە پرسیار لەو کەسە دەکات کە شوێنی کەوتووە؛ ئەگەر لە قسەکانی شتێک باسکرا ماناکەی ڕوون نەبوو.
٦. شاهێدی دانی ئافرەت نیوەی شاهێدی دانی پیاوە ئەمیش بەهۆی لاوازی لەبەرکردنی وتێگەیشتنی.
٧. ئیبن حەجەر دەڵێت: کاتێك دەفەرموێت: (نەمبینیووە کەم ئەقڵی... هتد)؛ وا بۆ من دەردەکەوێت کە ئەمە هۆکارێکە لەو هۆکارانەی کە زۆرینەی خەڵکی دۆزەخن، چونکە ئەگەر ئافرەت هۆکار بێت بۆئەوەی پیاوی ژیر ئەقڵی لەدەست بدات هەتاوەکو شتێکی نادروست دەکات یان دەڵێت؛ ئەوا لێرەدا هاوبەشیەتی لە تاوان وبەشی زۆری تاوانەکە لە ئەستۆیدایە.
٨. حەرامبوونی نوێژکردن وڕۆژووگرتن لەسەر ئەو ئافرەتەی تووشی سووڕی مانگانە یان زەیستانی بووە، پاشان تەنها ڕۆژووەکە دەگرنەوە لەپاش پاکبوونەوەیان.
٩. ڕەوشت جوانی پێغەمبەر ﷺ چونکە وەڵامی پرسیاری ئافرەتانی دایەوە بە بێ توندی وبێ لۆمەکردن.
١٠. ئیبن حەجەر دەڵێت: خێرکردن دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی سزادان، ولەوەیە ببێتە هۆی لێخۆشبوون لەو گوناهانەی لەنێوان بەندەکاندا ڕوودەدات.
١١. نەوەوی دەڵێت: لاوازی ئاینداری لەلای ئافرەتان بەهۆی ئەوەیە واز لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن دەهێنن لەکاتی سوڕی مانگانەدا؛ ئەوەی پەرستنی زیاد بێت ئەوا ئیمان وئاینداریشی زیاد دەبێت، وئەوەی پەرستنی کەم بێت ئەوا ئاینداریشی کەم دەبێت، پاشان لاوازی ئاینداری لەوەیە تاوان بێت وەکو ئەوەی واز لە نوێژکردن یان ڕۆژووگرتن یان هەرپەرستنێکی واجب دەهێنێت بەبێ پۆزش، ولەوەیە لاوازی ئاینداری تاوان نەبێت وەکو وازهێنان لە هەینی یان جیهاد کردن یان هتد؛ لەسەر ئەوانەی واجب نییە لەسەریان وپۆزشیان

نییه، ولەوەیە فەرمان بکرێت بە وازهێنان لە نوێژکردن ورۆژووگرتن وەکو دەرهەق بەو ئافرەتەی تووشی سووڕی مانگانە بووە.

(١٠٠١١)

(٢٤٨) – عن عقبة بن عامر رضي الله عنه مرفوعاً: **«إياكم والدخولَ على النساء»، فقال رجل من الأنصار: يا رسول الله، أرأيتَ الحَمُو؟ قال: «الحَمُو الموتُ».**

ولمسلم: عن أبي الطاهر عن ابن وهب قال: سمعت الليث يقول: الحمو: أخو الزوج وما أشبهه من أقارب الزوج، ابن عم ونحوه. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٤٨) – لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئاگادار بن مەچن بۆ لای ئافرەتان»**، پیاوێک لە ئەنسارِ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر (خزم) بێت؟ فەرمووی: **«خزم بێت وەکو مردن وایە».** (خزم: مەبەست کەسێکی نامەحرەمە وەکو خێزانی برا وئامۆزا وپورزا وهاوشێوەی ئەمانە). [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری دەدات لە چوون بۆ لای ئافرەتە نامەحرەمەکان، وبە تەنها بوون لەگەڵیاندا، چونکە هەرکەسێک بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێک بێت؛ ئەوا شەیتان سێیەمیان دەبێت، ونەفس لاوازە وپاڵنەرەکان بۆ تاوان بەهێزن؛ بۆیە ئەمانە وا دەکەن بەندە تووشی تاوان بێت، بۆیە نەهی کراوە لە بە تەنها بوون لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم ئەمیش بۆ دووربوونە لە شەڕ وخراپە، وهۆکارێکە بۆ ڕێگە وبەربەست دانان لە بڵاوبوونەوەی خراپەکاری وتاوان لە کۆمەڵگادا؛ کە کارەساتی زۆر خراپ وناخۆشی لێدەکەوێتەوە کە لە پێش چاوماندا دەیبینین، ولەوەیە ببێتە هۆی تاوانی گەورەتر وەکو کوشتن ودوژمنایەتی ئەمەش هەمووی بە هۆی کەمتەرخەمی پیاوانەوە بوو لە سەرەتادا.

پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی بە تەنها بوون لە گەڵ (الحمو - خزمی نامەحرەم؛ وەکو خێزانی برا وپورزا وبەو شێوەیە)؛ چونکە لەوەیە لە

هەندێک حاڵەتدا پێویست بکات بچێتە ماڵی خزمەکەی ولەوەیە خێزانی خزمەکەی بە تەنها لە ماڵەوە بێت، ئایا ڕوخسەت هەیە بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە تەنها بوون لە گەڵ خزمی نامەحرەم وەکو مردن وایە، چونکە خەڵکی ڕاهاتوون لە سەر ئەم کەمتەرخەمی وپشتگوێ خستنە بۆیە ئینکاری لێناکەن وبە تەنها دەبن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم، ولەوەیە تووشی داوێن پیسی ببن بە بێ هیچ گومانێک، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی تیاچوونیان لە ڕووی ئاینەوە کە سزای سەختیان بۆ هەیە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ ڕوخسەتی نەدا، بەڵکو ئاگاداری وهەڕەشەی دا سەبارەت بە تەنها بوون لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم، بۆیە داخستنی دەرگای بە تەنها بوون وتێکەڵاو بوون لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم گەورەترین هۆکاری چاکسازیە لە کۆمەڵگادا لە زۆر ڕووەوە کە سوودەکانی گەلێک زۆرن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی کردن لە چوون بۆ لای ئافرەتە نامەحرەمەکان وبە تەنها مانەوە لەگەڵیان، ئەمیش بۆ ڕێگری کردن لە هۆکارەکانی توشبوون بە داوێن پیسی.

٢. ئەم نەهی کردنە لە چوون بۆ لای ئافرەتە نامەحرەمەکان وبە تەنها مانەوە لەگەڵیان؛ گشتیە وهەموو نامەحرەمەکان دەگرێتەوە لە برا وکەسە نزیکەکانی مێرد کە لە مەحرەمەکانی ئافرەتەکە نین، ئەم چوونە ژوورەوە نەهی لێکراوە چونکە زۆرجار دەبێتە هۆی بە تەنها مانەوە.

٣. دووركەوتنەوە لەو شوێن وحاڵەتانەی کە گومان وخراپەی تێدایە بەشێوەیەکی گشتی، بۆ دووربوون لە مەترسی تووشبوون بە شەڕ وخراپە.

٤. نەوەوی دەڵێت: زانایانی زمانەوانی یەکدەگن لەسەر ئەوەی دەستەواژەی (الأَحْمَاءَ) لە زمانی عەرەبیدا کەسە نزیکەکانی مێردی ئافرەتەکە دەگرێتەوە وەکو باوك ومام وبرا وبرازا وئامۆزا وهتد، ودەستەواژەی (الأَخْتَانَ) لە زمانی عەرەبیدا کەسە نزیکەکانی ئافرەتەکە دەگرێتەوە، ودەستەواژەی (الأَصْهارَ) ئاماژەیە بۆ هەردوویان.

٥. (الحَمْوَ: خزم)ی چواند بە مردن، ئیبن حەجەر دەڵێت: عەرەب بە مردن وەسفی شتێکی یێزراو دەکات، لایەنی چواندن: مردنی دیندارییە ئەگەر تووشی تاوانەکە بوون،

ومردنیانە ئەگەر تووشی تاوانەکە بوون ورەجم کردن واجب بوو، وتیاچوونی ئافرەتەکەیە کاتێك مێردەکەی بەهۆی غیرەتەوە لێی جیا دەبێتەوە وتەڵاقی دەدات.

(٥٨٨٨)

(٢٤٩) – عن أبي موسى رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «لا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ». [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٢٤٩) – لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هیچ مارەییەک دروست نییە مەگەر بە بوونی (ئامادەبوون وڕەزامەندی) وەلی ئەمری (سەرپەرشتیاری) ئافرەتەکە نەبێت».** [صەحیحە] - [ئەبو داود وتیرمذی وئیبن ماجە وئەحمد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە ئافرەت هیچ مارەییەکی دروست نییە مەگەر بە بوونی (ئامادەبوون وڕەزامەندی) وەلی ئەمری (سەرپەرشتیاری) ئافرەتەکە نەبێت ؛ کە گرێبەستی هاوسەرگیریەکە بە ئەنجام دەگەیەنێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بوونی (ئامادەبوونی وڕەزامەندی) وەلی ئەمر (سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە) مەرجە بۆ دروستێتی مارەیی، ئەگەر بەبێ وەلی ئەمر یان ئافرەتەکە خۆی بەمارەیی دا ؛ هاوسەرگیریەکەی پوچەڵە ودروست نییە.

٢. وەلی ئەمر نزیکترین پیاوە لە ئافرەتەکە -لەڕووی پەیوەندی خزمایەتی-، بۆیە نابێت کەسوکارێکی دوور مارەی ببڕێت لە کاتێکدا کە کەسوکارێکی نزیکی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر برایەکی پێگەیشتووی ئاقڵی هەبوو ئەوا دروست نییە ئامۆزایەکی یان مامێکی مارەی ببڕێت چونکە براکەی نزیکترە لێی وبەو شێوەیە.

٣. ئەو مەرجانی دەبێت لە سەرپەرشتیار -وەلی ئەمر- هەبێت: شیاو -موکەلەف*- ونێر بێت، وهۆشیار بێت سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی هاوسەرگیری، وهەروەها ئاینی وەلی ئەمر وکچەکە وەکو یەك بێت، هەرکەسێك ئەم سیفەتانەی تێدا نەبێت ؛ گونجاو نییە

ببێته وەلی ئەمر لە گرێبەستی هاوسەرگیری. *(موکەلەف: مەبەست ئەوەیە ئەرکە شەرعییەکانی لەسەر واجب بێت)

(٥٨٠٦٦)

(٢٥٠) – عن عائشة رضي الله عنها مرفوعًا: **«أيُّما امرأةٍ نَكَحَت بغير إذن مَواليها، فنِكاحها باطل»**، ثلاث مرات **«فإن دخلَ بها فالمهرُ لها بما أصاب منها، فإن تَشاجروا فالسلطان وَلِيُّ مَنْ لا وَلِيَّ له»**. [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه والدارمي وأحمد]

(٢٥٠) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرئافرەتێک مارە بکرێت بە بێ مۆڵەتی وەلی ئەمرەکەی (سەرپەرشتیارەکەی)؛ ئەوا مارەییەکەی پوچەڵە (دروست نییە وبەتاڵە)»**، عائیشە دەڵێت: سێ جار ئەمەی فەرموو، پاشان ﷺ فەرمووی: **«ئەگەر مارەبڕی کردنەکە کامڵ وتەواو بوو؛ ئەوا بەخشینی مارەییەکە بۆ ئافرەتەکە دەبێت بەهۆی ئەوەی جووتبوونەوەی لە نێوانیان ئەنجامدرا، ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانیان ئەوا دەسەڵاتدار (دادوەر یان حاکم) دەبێتە سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیاری نییە»**. [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وتیرمذی وئەبو داود وئەحمەد ودارەمی -گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر ﷺ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەت (وەلی ئەمری ئافرەت) مەرجە بۆ دروستی ئەو مارەبڕینە، وئەگەر ئافرەت هاوسەرگیری بکات بە بێ ڕەزامەندی ومۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی (وەلی ئەمرەکەی) بە شێوەیەک ئەگەر خۆی ڕاستەخۆ سەرپەرشتیاری خۆی بێت وپرس بە کەس نەکات؛ ئەوا لێرەدا مارەییەکەی پوچەڵ وبەتاڵە ودروست نییە، وئەگەر جیماع ڕوویدات لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا ئەوا دەبێت لە یەک جیا بکرێنەوە وئافرەتەکە شایەنی ئەو مارەییە بەهۆی جیماع کردنەکەوە، پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردەوە ئەگەر سەرپەرشتیارەکانی ئافرەت (وەلی ئەمرەکانی ئافرەت) ناکۆکی بکەوێتە

نێوانیان ئەوا لێرەدا کاروباری ئەو هاوسەرگیرییە دەگەڕێتەوە بۆ لای دەسەڵاتدار (حاکم یان دادوەر) کە دەبێت بە سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیاری نییە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامادەبوونی وڕازیبوونی وەلی ئەمر -سەرپەرشتیار-؛ مەرجە بۆ دروستێتی ئەو هاوسەرگیریە، ولە ئیبن مونزیر دەگێڕێتەوە کە دەفەرمووێت: نەزانراوە دەربارەی ئەم بابەتە هیچ یەکێک لە هاوەڵان ناکۆکیان هەبوبێت.

٢. لە مارەیی پوچەڵدا؛ ئافرەت شایستە دەبێت بە مارەییەکە بەرامبەر ئەوەی پیاوەکە جووت بووە لەگەڵیدا.

٣. فەرمانڕەوا سەرپەرشتیار و وەلی ئەمری ئەو ئافرەتەیە کە سەرپەرشتیاری نیە، جا بەهۆی ئەوە بێت کە لە بنچینەدا سەرپەرشتیاری نەبێت، یان بەهۆی ئەوە بێت کە وەلی ئەمری ڕێگە نەدات شوو بکات.

٤. فەرمانڕەوا دەبێتە سەرپەرشتیاری -وەلی ئەمری- ئەو ئافرەتەی سەرپەرشتیاری نییە، ئەگەر سەرپەرشتیاری نەبێت یان نەتوانێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، ودادوەر دەبێتە شوێنگرەوەی فەرمانڕەوا؛ چونکە نوێنەریەتی لەم بابەتانەدا.

٥. سەرپەرشتیار لە بەشوودانی ئافرەتدا؛ مانای ئەوە نییە ئافرەتەکە مافی نییە، بەڵکو مافی هەیە ونابێت سەرپەرشتیارەکەی بەشووی بدات مەگەر بە ئیزنی خۆی نەبێت.

٦. مەرجەکانی هاوسەرگیری دروست:

١- دیاریکردنی هاوسەرەکان بە ئاماژە یان بە ناو یان بە وەسف یان هەرشێوازێکی تر.

٢- هەردوولا ڕازی بن لە یەکتر وبەرامبەری قبوڵ بێت.

٣- سەرپەرشتیاری -وەلی ئەمری- ئافرەتەکە گرێبەستەکە بۆ ئافرەتەکە ئەنجامدەدات.

٤- شاهێدی دان لەسەر گرێبەستی هاوسەرگیری.

٧. مەرجە سەرپەرشتیاری -وەلی ئەمری- ئافرەت کە گرێبەستی هاوسەرگیری بە ئەنجام دەگەیەنێت؛ ئەم خاڵانەی تێدا بێت:

١- ئاقڵ وهۆشیار بێت.

٢- نێر بێت.
٣- باڵغ بێت، به تەواوكردنی پانزه ساڵ یان لەشگران بوون.
٤- ئاینی وەكو ئاینی ئافرەتەكە بێت، بۆیە كافر نابێتە سەرپەرشتیار بەسەر مسوڵمانەوە، ومسوڵمان نابێتە سەرپەرشتیار بەسەر كافرەوە.
٥- چاكی ودادپەروەری تێدا بێت و بەپێچەوانەوە فاسق ولادەر نەبێت، ودادپەروەریەكە هێندە بێت كە بتوانێت بەرژەوەندییەكانی بەڕێوەبردنی ئەركی بەشوودان ڕەچاو بكات.
٦- دەبێت سەرپەرشتیارەكە هۆشیار وژیر بێت وكەم ئەقڵ نەبێت، بەشێوەیەك بزانێت كە بەرامبەر هاوتایە ورەچاوی بەرژەوەندییەكانی هاوسەرگیری بكات.
٨. سەرپەرشتیارەكانی -وەلی ئەمرەكانی- ئافرەت لە بەشوودانی ڕیزبەندیان هەیە لەلای زانایان؛ بۆیە نابێت سەرپەرشتیاری نزیكتر پشت گوێ بخرێت مەگەر لەكاتی نەبوونی یان لەكاتی نەبوونی مەرجەكان تێیدا. سەرپەرشتیاری سەرەكی ئافرەت باوكیەتی، پاشان ئەو سەرپەرشتیارەی باوكی دیاری دەكات، پاشان باپیری بەرەو سەرەوە، پاشان كوڕەكانی بەرەو خوارەوە، پاشان براكانی لەدایك وباوكەوە، پاشان براكانی لە باوكەوە، پاشان كوڕەكانی براكانی، پاشان مامەكانی، پاشان مامەكانی باوكی، پاشان كوڕەكانیان، پاشان نزیكتر لەڕوانگەی خزمایەتیەوە هەروەكو میرات، وفەرمانڕەوای مسوڵمان وئەوەی نوێنەریەتی وەكو دادوەر دەبنە سەرپەرشتیاری ئەو ئافرەتەی سەرپەرشتیاری نییە.

(٥٨٠٦٧)

(٢٥١) – عن أبي هريرة، قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : **«ملعون من أتى امرأته في دُبُرِها»**. [حسن] - [رواه أبو داود، والنسائي في السنن الكبرى، وأحمد]

(٢٥١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خوداﷺ دەفەرموێت: **«نەفرەتلێكراوە ئەو كەسەی كە دەچێت بۆ لای خێزانەكەی لە پاشیەوە (لە كۆمیەوە)»**. [حەسەنە] - [نەسائی وئەبو داود وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە لەسەر ئەو کەسانەی لە کۆمەوە دەچن بۆ لای هاوسەرەکانیان، ئەم کارە قێزەوەنە هۆکاری دووربوونە لە ڕەحمەتی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، وبەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم کارە قێزەوەنە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان بۆیە حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمان کە ئەنجامی بدات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامبوونی چوونە لای ئافرەتان لە کۆمیانەوە.
٢. چێژ وەرگرتن لە هاوسەر جگە لە کۆمیەوە نەبێت؛ لە هەر شوێنێکی تری لاشەی بێت ڕێگەپێدراوە.
٣. مسوڵمان دەچێتە لای ئافرەت لە شوێنی زاوزێوە هەروەکو خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، وچوونە لای ئافرەت لە کۆمەوە؛ تێکچوونی فیترەتە، وتیاچوونی وەچەکانە، وپێچەوانەی سروشتی پاکی مرۆڤە، وزیانی گەورەی تێدایە بۆ هەردوولا.

(٥٨٠٩٠)

(٢٥٢) – عن عقبة بن عامر رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«أَحَقُّ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٥٢) – لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەو مەرجانەی مافیان زیاترە وشایستەترن جێبەجێبکرێن ئەوانەن کە بەهۆیانەوە دامێنی (ئافرەتێکی) پێ حەڵاڵ دەبێت بۆتان»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەو مەرجانەی مافیان زیاترە وشایستەترن جێبەجێبکرێن ئەوانەن کە هۆکارن بۆ چێژ وەرگرتن لە ئافرەت، ئەوانیش مەرجە ڕێگەپێدراوەکانن کە ئافرەت داوایان دەکات لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیری.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبێتی جێبەجێکردنی مەرجەکان کە هاوسەرەکان پابەندن پێوەی بەرامبەر ئەوی تر، مەگەر مەرجێک حەرامێک حەڵاڵ بکات یان حەڵاڵێک حەرام بکات.
٢. جێبەجێکردنی مەرجەکانی هاوسەرگیری زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە بەبەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تر ؛ چونکە بەرامبەر حەڵاڵکردنی دامێنە.
٣. مەزنی بابەتی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا، چونکە جەختی کردووەتەوە لەسەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی.

(٦٠٢١)

(٢٥٣) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٥٣) – لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«دونیا (پڕە) لەشتی خۆش و بەکەڵک، وخێرترین خۆشی ئەم دونیایە ئافرەتێکی چاکە»**.[صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دونیا وئەوەی تێیدایە تەنها شتێکە بۆ خۆشی و سوود وچێژ وەرگرتن لەماوەیەکی دیاریکراودا پاشان نامێنێت، وباشترین چێژ وخۆشی دونیا بریتیە لە ئافرەتی چاک، ئەگەر مێردەکەی سەیری بکات؛ ئاسوودە دەبێت، وئەگەر فەرمانی پێبکات؛ گوێڕایەڵی دەکات، وئەگەر لەماڵ نەبێت؛ لە نەفس وسامانەکەی دەیپارێزێت وخیانەتی لێناکات.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چێژ وەرگرتن لەو خۆشیانەی دونیا کە خودا بۆ بەندەکانی حەڵاڵ کردووە دروستە وئاساییە، بەڵام بە مەرجێک زیادەڕەوی وشانازی کردنی تێدا نەبێت.
٢. هاندان بۆ هەڵبژاردنی ئافرەتی دیندار ورەوشت جوان و چاک چونکە یارمەتیدەری هاوسەرەکەی دەبێت لە پەرستنی پەروەردگاری.

٣. باشترین وخێرترین شتومەکی دونیا ئەوەیە کە بۆ پەرستنی خودا بەکاربهێنرێت یان یارمەتیدەر بێت لەمەدا.

(٥٧٩٤)

(٢٥٤) – عن جَرير رضي الله عنه قال: سألت رسول الله صلى الله عليه وسلم عن نظر الفَجْأَةِ فقال: **«اصْرِف بَصَرك»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٥٤) – لە جەریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ سەبارەت بە سەیرکردنی لە ناکاو (بۆ ئافرەت)، فەرمووی: **«چاوت وەربگێڕە (چاوت لابدە لەسەر ئافرەتەکە)»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

جەریری کوڕی عبداللە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد ﷺ سەبارەت بە سەیرکردنی لە ناکاو (بۆ ئافرەت)، وسەیرکردنی لەناکاو بریتیە لەوەی کاتێک لە ناکاو ئافرەتێک بە لای مرۆڤدا تێپەڕ دەبێت؛ وئەویش سەیری دەکات بە نائەنقەست، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (چاوت وەربگێڕە -چاوت لابدە لەسەر ئافرەتەکە-) واتا چاوت بەرەو شوێنێکی تر ببە ولەسەر ئافرەتەکە لای بدە بۆئەوەی بەردەوام نەبیت لە سەیرکردن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان وئامۆژگاری بۆ پاراستنی چاو لە ئاست سەیرکردنی نامەحرەم.
٢. هۆشداریدان لە بەردەوام بوون لە سەیرکردنی ئەو شتەی سەیر کردنی حەرامکراوە ؛ ئەگەر لەناکاو چاوی کەوتە سەری بە نائەنقەست.
٣. حەرامێتی سەیرکردنی ئافرەتی نامەحرەم حوکمێکی جێگیر بوو لەلای هاوەڵان بە بەڵگەی ئەوەی جەریر -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد: ئەگەر کەسێک چاوی بکەوێتە سەر ئافرەتێک بە نائەنقەست -بێ مەبەست-، ئایا حوکمی وەکو حوکمی ئەو کەسە وایە کە بە ئەنقسەت نەزەر دەکات؟
٤. گرنگیدانی شەریعەت بە بەرژەوەندییەکانی بەندەکان، سەیر کردنی ئافرەتی نامەحرەمی حەرامکردووە چونکە دەبێتە هۆی خراپەی زۆر لە دونیا وبۆ قیامەتیش.

٥. گەڕانەوەی هاوەڵان بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وپرسیار لێکردنی سەبارەت بەو شتەی ناڕوونە لەلایان، ودەبێت خەڵکی بەم شێوەیە بن وبگەڕێنەوە بۆ لای زانایان وپرسیاریان لێبکەن سەبارەت بەو بابەت ومەسەلانەی ڕوون نییە لەلایان ولێی تێناگەن.

(٨٩٠٢)

(٢٥٥) – عن أنس بن مالكٍ رضي الله عنه قال: **«ضَحَّى النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ أَقْرَنَيْنِ ذَبَحَهُمَا بِيَدِهِ، وَسَمَّى وَكَبَّرَ وَوَضَعَ رِجْلَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا»**.

[صحيح] - [متفق عليه]

(٢٥٥) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ دوو بەرانی ڕەش وسپی شاخداری کرد بە قوربانی، بەدەستی خۆی سەری بڕین، ناوی خوای لەسەر هێنان (ووتی: بسم الله) وتەکبیرەی لەسەریان کرد ( ووتی: الله أكبر)، پێی خستە سەر گەردنیان (لایەکی ملیان)»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە قوربانیکردن سونەتێکە دووپات لەسەر ئەنجامدانی کراوەتەوە (سونەتێکی موئەکەدە) ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری کردووە بە ئەنجامدانی وخۆیشی ئەنجامیداوە، لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە کراوە کە دوو بەرانی قۆچداری کردە قوربانی کە ڕەنگیان ڕەش وسپی تێدا بوو.
بە دەستەکانی خۆی سەریانی بڕی چونکە ئەمە پەرستنێکی مەزنە، وپێش سەربڕینەکە (یان لە کاتی سەربڕینەکە) ناوی خودای هێنا (ووتی: بسم الله) ئەمیش بۆ ئەوەی داوای یارمەتی وپشیتوانی لە خوای گەورە بکات وئەم پەرستنە خێر وبەرەکەتی تێدا بێت، وپاشان تەکبیرەی کرد (ووتی: الله أكبر) بۆ مەزندانانی خوای گەورە، وبۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە کە ئەم پەرستنە تەنها بۆ خودا ئەنجامدەدرێت، وبۆ دەربڕینی لاوازی بەندە وملکەچ بوونی بەرامبەر خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.

چونكه چاكەكاری لە سەربڕینیشدا داواكراوە -ئەمیش بۆ دەربڕینی ڕەحمەت وبەزەیی بەرامبەر سەربڕاوەكە چونكە ڕۆحی دەردەچێت-؛ بۆیە پێغەمبەر ﷺ پێیەكانی لەسەر گەردنی (لا ملی) بەرانەكان دانا، بۆ ئەوەی ئەملا وئەولا نەكەن لە كاتی سەربڕیندا وبەمەش ماوەی سەربڕینەكە زیاتر دەخایەنێت وئاژەڵەكان زیانیان پێدەگات، وخوای گەورە میهرەبانە وبە بەزەییە بەرامبەر بە بوونەوەرەكان.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. قوربانیكردن ؛ ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا، وزانایان یەكدەنگن لەسەر ئەم بابەتە.

٢. باشتر وایە قوربانیەكە لەم جۆرە بێت كە پێغەمبەر ﷺ كردی بە قوربانی چونكە شێوەی جوانە وبەز وگۆشتەكەی پاكتر وباشترە.

٣. نەوەوی دەڵێت: فەرموودەكە ئاماژەیە بۆئەوەی سوننەتە مرۆڤ خۆی قوربانیەكە سەر ببڕێت، وكەسێكی تر ئەم كارەی بۆ نەكات مەگەر بەهۆی پۆزشێك نەبێت ؛ ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوا سوننەتە ئامادەی سەربڕینەكە بێت، وئەگەر مسوڵمانێك بكات بە بریكاری بۆ سەربڕینی ؛ ئەمیش ڕێگەپێدراوە.

٤. ئیبن حەجەر دەڵێت: سونەتە تەكبیر بكات -بڵێت: الله أكبر- لەگەڵ ووتنی -بسم الله- دا، هەروەها سوننەتە پێی لەسەر لای ڕاستی گەردنی قوربانیەكە دابنێت، وزانایان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی قوربانیەكە لەسەر لای چەپی ڕادەخرێت لەسەر زەوی وسەربڕ -قوربانیكار- پێی لەسەر لای ڕاستی ملی قوربانیەكە دادەنێت ؛ چونكە ئاسانتر دەبێت بۆ سەربڕ بۆیە چەقۆكە بەدەستی ڕاستی دەگرێت وبە دەستی چەپی سەری قوربانیەكە دەگرێت.

٥. قوربانی كردن بە ئاژەڵی قۆچدار ؛ سوننەتە، وقوربانی كردن بەجۆری تر -قۆچدار نەبێت- ؛ ڕێگەپێدراوە.

(٢٩٧١)

(٢٥٦) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«ما أسفل من الكعبين من الإزار ففي النار».**

وعن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : **«إِزْرَة المسلم إلى نصف الساق، ولا حرج -أو لا جُناح- فيما بينه وبين الكعبين، فما كان أسفل من الكعبين فهو في النار، ومن جر إزاره بطَرا لم ينظر الله إليه».**

[صحيحان] - [حديث أبي هريرة -رضي الله عنه-: رواه البخاري. حديث أبي سعيد -رضي الله عنه-: رواه أبو داود وابن ماجه وأحمد]

(٢٥٦) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەو جلەی لە خوار گوێزنگەكانەوە* بێت ئەوا لە دۆزەخدایە».**

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«جلی خوارەوەی مسوڵمان هەتا نیوەی ساقە**، وئاساییە لە نێوان نیوەی ساق وگوێزنكەكان بێت، وئەو جلەی لە خوار گوێزنگەكانەوە بێت ئەوا لە دۆزەخدایە، وئەوەی جلەكەی شۆڕ بكاتەوە بۆ خۆبەگەورەزانینی (فیز زلی) بێت؛ ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا سەیری ناكات».** *(واتە: قاپەڕەقەكان یان قولەپێكان)، **(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەكانە، ئەو پارچە ئێسكە درێژەیە كە ئەژنۆكان بە پێیەكان وگوێزنگەكانەوە دەبەستێت) [هەردوو گێڕانەوەكە صەحیحن] - [ئیبنو ماجە و بوخاری وئەبو داود وئەحمەد -گێڕاویانەتەوە]

## شیكردنەوە:

شێوەی سونەت ئەوەیە كە جلی بەشی خوارەوە وەكو شەرواڵ یان پانتۆڵ یان كراسی درێژ لە نیوەی ساقدا بێت، وئاساییە ئەگەر هەندێک بچێتە خوارەوە بەڵام بە مەرجێک لە نێوان نیوەی ساق وگوێزنگەكاندا بێت، هەر جلێک لە خوار قاپەڕەقەوە بێت ئەوا ئەو شوێنە سزا دەدرێت بە هۆی درێژكردنی جلەكەوە، وئەوەی

جلەکەی شۆڕ بکاتەوە بە هۆی خۆبەگەورەزانینەوە ئەمیش لە ئەنجامی بەردەوامی نیعمەتەکانی خودا لە سەری؛ ئەوا خودا لە ڕۆژی قیامەتدا سەیری ئەو کەسە ناکات.

(٤٩٦٤)

(٢٥٧) – عَن عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى أَنَّهُمْ كَانُوا عِنْدَ حُذَيْفَةَ، فَاسْتَسْقَى فَسَقَاهُ مَجُوسِيٌّ، فَلَمَّا وَضَعَ القَدَحَ فِي يَدِهِ رَمَاهُ بِهِ، وَقَالَ: لَوْلاَ أَنِّي نَهَيْتُهُ غَيْرَ مَرَّةٍ وَلاَ مَرَّتَيْنِ -كَأَنَّهُ يَقُولُ: لَمْ أَفْعَلْ هَذَا-، وَلَكِنِّي سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«لاَ تَلْبَسُوا الحَرِيرَ وَلاَ الدِّيبَاجَ، وَلاَ تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالفِضَّةِ، وَلاَ تَأْكُلُوا فِي صِحَافِهَا، فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَنَا فِي الآخِرَةِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٥٧) – لە عبدالرحمانی کوڕی ئەبی لەیلاوە دەڵێت: ئەوان لەلای حوزەیفە بوون، حوزەیفە داوای ئاوی کرد ومەجوسیەك ئاوی بۆ هێنا، کاتێك (حوزەیفە) پەرداخەکەی گرت؛ دەستبەجێ فڕێی دا، ووتی: ئەگەر جارێك یان دووجاری تر نەهیم لە ئەمە نەکردایە!! -دەیویست بڵێت: ئەمەم ئەنجام نەدەدا-، وگوێم لە پێغەمبەری خودا بووە ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئاوریشم ودیباج مەپۆشن، ولە پەرداخ ودەوری زێڕ وزیودا مەخۆن ومەخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەوانە لە دونیادا، ولە دواڕۆژیشدا بۆ ئێمەیە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە پیاوان ئاوریشم بپۆشن بە هەموو جۆرەکانیەوە. هەروەها نەهی کردووە پیاوان وئافرەتان لە پەرداخ ودەوری ئاڵتون وزیو بخۆن وبخۆنەوە.

فەرمووی ئەوانە بەتایبەتی بۆ ئیماندارانن لە قیامەتدا؛ چونکە ئەوان خۆیان بەدوور گرت لێی لە دونیادا وەکو گوێڕایەڵیەك بۆ خوای گەورە، و کافرەکان بێبەش دەکرێن لە قیامەتدا؛ چونکە چێژیان لە خۆشیە حەرامەکان وەرگرت لە دونیادا، وسەرپێچی فەرمانی خوای گەورەیان کرد.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامی پۆشینی ئاوریشم ودیباج لەسەر پیاوان، وهەڕەشەی توند لەسەر ئەو پیاوانەی دەیپۆشین.
٢. پۆشینی ئاوریشم ودیباج ڕێگەپێدراوە بۆ ئافرەتان.
٣. حەرامێتی خواردن وخواردنەوە لەنێو دەوری وپەرداخی ئاڵتون وزیو لەسەر پیاوان وئافرەتان.
٤. پێداگیری حوزەیفە -ڕەزای خوای لێبێت- لە نکۆڵی کردندا، وهۆکاری ئەمەی باسکرد ئەوەیە کە زیاتر لە جارێك نەهی لێکردووە لە بەکارهێنانی پەرداخی زیو وئاڵتون، بەڵام هەر گوێڕایەڵ نەبووە.

(٢٩٨٥)

(٢٥٨) – عن علي رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: "رُفِعَ الْقَلَمُ عن ثلاثة: عن النائم حتى يَسْتَيْقِظَ، وعن الصبي حتى يَحْتَلِمَ، وعن المجنون حتى يَعْقِلَ". [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٢٥٨) – لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«پێنووسی تاوان نوسین لەسەر سێ کۆمەڵ هەڵگیراوە : خەوتوو هەتا بەخەبەر دەبێتەوە، ومنداڵ هەتا باڵغ دەبێت، وشێت هەتا چاک دەبێتەوە (ئاقڵ دەبێتەوە)».** [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وتیرمذی وئەبو داود وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی منداڵ بوون وخەوتن وشێت بوون هۆکارە بۆ لەدەستدانی (ئەهلیەت - شیاوبوون)؛ کە مەبەست لەم دەستەواژە ئەوەیە ئەو کەسە لە ڕووی شەرعەوە شیاوی ئەوە نییە ئەرکە شەرعییەکانی بۆ یان لەسەر جێگیر وجێبەجی بکرێت وتەکلیف وئەرکەکانی لەسەر لادەچێت لەم حاڵەتاندا، وبۆیە منداڵ وخەوتوو وشێت تەکلیف وئەرکە شەرعییەکانیان لەسەر لادەچێت لە ڕوانگەی فەرمانەکان ونەهی لێکراوەکان، وئەمیش لە ڕەحمەت وفەزڵی خودایە بەرامبەریان، وبیانووی (عوزری) منداڵ نامێنێت؛ کاتێک باڵغ دەبێت،

وبیانووی خەوتوو نامێنێت؛ کاتێک لە خەو هەڵدەستێت، وبیانووی شێت نامێنێت؛ کاتێک چاک دەبێتەوە وهۆشی دەکرێتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. مرۆڤ شیاوبوون -ئەهلیەت-ی لەسەر لادەچێت بەهۆی خەوتن چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵنەستێت بۆ جێبەجێکردنی واجبەکان، یان بەهۆی کەم تەمەنیەوە -باڵغ نەبوونەوە- کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر واجب نەبێت، یان بەهۆی شێت بوونەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی فەرمانە ئەقڵیەکانی تێکبچێت، یان بەهۆی سەرخۆشبوونەوە، هەرکەسێک جیاکاری وبیرکردنەوەی ڕاستی لێ تێکبچێت ئەوا شیاو بوونی لەسەرلادەچێت بەهۆی ئەم سێ هۆکارەوە؛ خوای گەورە بە دادپەروەری وحیکمەت وبەزەیی خۆی لێپرسینەوەی هەڵگرتووە لەسەر ئەمانە ئەگەر سنوورێک تێبپەڕێنن یان واجبێک جێبەجێ نەکەن سەبارەت بە مافی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.

٢. نەنووسینی کردەوەکان لەسەریان، نابێتە هۆی جێبەجێ نەبوونی هەندێك حوکمی دونیایی لەسەریان؛ بۆ نمونە شێت ئەگەر کەسێك بکوژێت، ئەوا ناکوژرێتەوە وکەفارەتی لەسەر نییە، بەڵام کەسە نزیکەکانی دەبێت دیەکەی بدەن.

٣. باڵغ بوون سێ نیشانەی هەیە: دابەزینی مەنی بەهۆی خەوتن وشتی ترەوە، یان دەرچوونی مووی دەوروبەری ئەندامی زاوزێ، یان بە تەواوکردنی پانزە ساڵ، ئافرەت نیشانەیەکی تریشی هەیە ئەویش بریتیە لە: سووڕی مانگانە -حەیز-.

٤. سوبکی دەڵێت: منداڵ واتا غوڵام، وهەندێکی تر دەڵێن: -لە زمانی عەرەبیدا- کوڕ لەنێو سکی دایکیدا پێی دەووترێت -جَنین:کۆرپەلە-، ئەگەر لەدایك بێت پێی دەووترێت -صبيٌّ:کۆرپە-، ئەگەر لە شیرخواردن بڕا پێی دەووترێت -غلامٌ:غوڵام- هەتاوەکو حەوت ساڵی، پاشان پێی دەووترێت -يافِعٌ:یافیع- هەتا دە ساڵی، دواتر پێی دەووترێت -حزور:حەزور- هەتا تەمەنی پانزە ساڵی، وسیوتی دەڵێت: ئەگەر هەموو ئەم قۆناغانەی بڕی ئەوسا پێی ناووترێت منداڵ.

(٥٨١٤٨)

(٢٥٩) – عن ابن عمر رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْقَزَعِ. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٥٩) – لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەری خودا ﷺ نەهی کردووە لە قەزەع^».** ^(قەزەع: واتە تاشینی بەشێکی قژ وهێشتنەوەی بەشێکی تری) [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ نەهی کردووە لە تاشینی بەشێک لە قژ وهێشتنەوەی بەشێکی تری کە پێی دەووترێت: قەزەع.
ونەهی کردنەکە گشتیە بۆ نێرینە ؛ بچوک وگەورە دەگرێتەوە، بەڵام ئافرەت نابێت قژی بتاشێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگیدانی شەریعەتی ئیسلام بە ڕواڵەتی مرۆڤ.

(٨٩١٤)

(٢٦٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول:
**«الحَلِفُ مَنْفَقَةٌ للسلعة، مَمْحَقَةٌ للكسب».** [صحيح] - [متفق عليه، وهذا لفظ أبي داود]

(٢٦٠) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ، کە دەیفەرموو: **«سوێندخواردن لەوەیە ببێتە هۆی فرۆشتنی شتومەک، بەڵام هۆکاری نەمانی (بەرەکەتە) لە داهاتدا».** [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری، وە ئەم بێژەیە هی ئەبو داودە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری دەدات سەبارەت بە ئاسانکاری لە سوێند خواردندا وزۆر بەکارهێنانی، ئەمیش بۆ فرۆشتنی شتومەک وبەدەستهێنانی داهاتی زیاتر، چونکە فرۆشیار ئەگەر بە درۆ سوێند لەسەر شتومەکێک بخوات؛ لەوەیە کڕیارەکە

گومانی وا بێت کە فرۆشیارەکە ڕاستگۆیە بە نرخێکی زیاتر دەیکرێت ئەمیش بەهۆی سوێندخواردنی فرۆشیارەکەوە.
وئەمیش دەبێتە هۆی نەمانەی بەرەکەت لە داهاتی فرۆشیارەکە ولەوەیە سەرمایە ودەستکەوتەکەی تیا بچێت، چونکە ئەوەی لای خوای گەورەیە بە تاوان وسەرپێچی بەدەست ناهێندرێت.
وزۆر سوێند خواردن نیشانەی بە مەزندانانی خوای گەورە نییە لە لایەن ئەو بەندەیەوە، وئەمیش پێچەوانەی تەوحیدە (پێچەوانەی یەک خوا پەرستییە).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەمەزندانانی بابەتی سوێند خواردن بە اللّٰه، ودەبێت تەنها بە پێی پێویست بێت.
٢. داهاتی حەرام ئەگەرچیش بڕەکەی زۆر بێت؛ بەڵام بەرەکەتی تێدا هەڵگیراوە وخێری تێدا نییە.
٣. قازی عیاز دەڵێت: نەمانی بەرەکەی سامانی بەدەستهاتوو؛ یان بەهۆی تیاچوونیەتی کە تووشی دەبێت، یان بە خەرجکردنیەتی لە شتێك کە سوودی نابێت بۆی لە ژیانی ونابێتە پاداشت بۆ قیامەتی، یان لەلای دەمێنێتەوە بەڵام بێبەش دەبێت لە سوودی، یان دەبێتە میرات بۆ کەسێك کە پێی نازانێت.
٤. نەوەوی دەڵێت: فەرموودەکە ئاماژەیە بۆ نەهی کردن لە زۆر سوێند خواردن لە کڕین وفرۆشتندا، چونکە سوێند خواردن بە بێ پێویستی؛ مەکروهە، هەروەها مەکروهە ساخکردنەوەی شتومەك بەم شێوەیە، ولەوەیە کڕیار تووشی هەڵخەڵەتاندن بێت بەهۆی ئەم سوێند خواردنەوە.
٥. زۆر سوێند خواردن ئاماژەیە بۆ لاوازی ئیمان، ولاوازی تەوحید -یەك خوا پەرستی- لە دڵی بەندەدا؛ چونکە زۆر سوێند خواردن دەبێتە هۆی دوو شت:
١- گوێ نەدان بە سوێند خواردن وشلڕەوی تێیدا.
٢- درۆکردن، چونکە هەرکەسێك زۆر سوێند بخوات ئەوا زۆریش درۆ ەکات، بۆیە پێویستە زۆر سوێند نەخوات وکەمی بکاتەوە، وخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاحۡفَظُوا أَيۡمَانَكُمۡ﴾ [المائدة:٨٩] واتە: ﴿وە سوێندەکانتان بپارێزن﴾.

(٥٩٣٦)

(٢٦١) – عن ابن عمر رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«أحْفُوا الشَّوَارِبَ وأَعْفُوا اللِّحَى»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٦١) – له ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«سمێڵ کورت بکەنەوە وڕیش بهێڵنەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرمانیکردووە بەبڕین وکورتکردنەوەی سمێڵ، ونابێت وازی لێبهێنێت هەتاوەکو درێژ دەبێت ولێوەکان دادەپۆشێت، ئەگەر گەیشتە ئاستی بەشی سەرەوەی لێوەکان دەبێت بیبڕێت وکورتی بکاتەوە.
لەبەرامبەردا فەرمانیکردووە بە هێشتنەوەی ڕیش و وازی لێبهێت هەتاوەکو درێژ وچڕ دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. حەرامێتی ڕیش تاشین.

(٣٢٧٩)

(٢٦٢) – عَن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«لَا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إِلَى عَوْرَةِ الرَّجُلِ، وَلَا الْمَرْأَةُ إِلَى عَوْرَةِ الْمَرْأَةِ، وَلَا يُفْضِي الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، وَلَا تُفْضِي الْمَرْأَةُ إِلَى الْمَرْأَةِ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٦٢) – له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«پیاو نابێت سەیری شەرمگەی (عەورەتی) پیاوێکی تر بکات، وئافرەت نابێت سەیری شەرمگەی ئافرەتێکی تر بکات، ونابێت دوو پیاو لاشەیان بەریەک بکەوێت لە ژێر یەک پۆشاکدا، ونابێت دوو ئافرەت لاشەیان بەریەک بکەوێت لە ژێر یەک پۆشاکدا»**. [صەحیحە]- [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە لەوەی پیاو سەیری شەرمگەی (عەورەتی) پیاوێكی تر بكات، ونەهی كردووە ئافرەت سەیری شەرمگەی ئافرەتێكی تر بكات.

شەرمگە (عەورەت): هەموو شتێكە كە شەرم دەكرێت لە دەركەوتنی، وشەرمگەی پیاو لەنێوان ناوك بۆ ئەژنۆكانیەتی، وئافرەت هەموو لاشەی شەرمگەیە بەنیسبەت پیاوی نامەحرەم -بیانی-، و بەلای ئافرەتان ومەحرەمەكانی هەتا دەرخستنی ئەو شوێنانە ڕێگەپێدراوە ؛ كە لە حاڵەتی ئاسایی دەردەكەوێت لەكاتی ئیشكردنی لە ماڵدا.

وپێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە لەوەی دوو پیاو بەڕووتی لاشەیان بەریەك بكەوێت لە ژێر یەك پۆشاك یان یەك بەتانی، ونەهی كردووە لەوەی دوو ئافرەت بەڕووتی لاشەیان بەریەك بكەوێت لە ژێر یەك پۆشاك یان یەك بەتانی ؛ چونكە ئەمە هۆكارە بۆئەوەی یەكێكیان لاشەی بەر شەرمگەی ئەوی تر بكەوێت، وبەركەوتن وەكو سەیركردن نەهی لێكراوە، بەڵكو توندتر نەهی لێدەكرێت؛ چونكە خراپیەكەی گەورەترە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. نەهی كردن لە سەیركردنی شەرمگەكان جگە لەنێوان ژن ومێرد نەبێت.

٢. بەپەرۆشی ئاینی ئیسلام لەسەر پاكبوونی كۆمەڵگا، وداخستنی ئەو دەرگایانەی كە دەبنە هۆی كردنی خراپە وداوێن پیسی.

٣. سەیركردنی شەرمگە ڕێگەپێدراوە ؛ ئەگەر بۆ پێویستیەك بوو وەكو چارەسەری پزیشكی وهتد، ودەبێت بەبێ شەهوەت بێت.

٤. مسوڵمان فەرمانپێكراوە بە داپۆشینی شەرمگەی، وبە سەیر نەكردنی شەرمگەی خەڵكی تر.

٥. بەتایبەت باسی پیاوان لەگەڵ پیاوان، وئافرەتان لەگەڵ ئافرەتان كراوە ؛ چونكە سەیركردن ودەرخستنی شەرمگەكان زۆرجار لەنێوان هەمان ڕەگەزدا ڕوودەدات.

(٨٩٠٤)

(٢٦٣) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما قال: لَمْ يَكُنِ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَاحِشًا وَلَا مُتَفَحِّشًا، وَكَانَ يَقُولُ: **«إِنَّ مِنْ خِيَارِكُمْ أَحْسَنَكُمْ أَخْلَاقًا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٦٣) – له عبداللهی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی جوێندەر و جوێن فرۆش نەبوو، ودەیفەرموو: **«باشترین وخێرترینتان ئەوانەن کە جوانترین ڕەوشتیان هەیە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

قسە وکردەوەی ناپەسەند وناشیرین لە ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ نەبوو نە بە ئەنقەست ونە بە هیچ شێوەیەکی تر، ئەو خاوەن ڕەوشتێکی باڵا بوو، ودەیفەرموو: باشترینتان ئەوانەن جوانترین ڕەوشتیان هەیە، ئەمیش بە چاکەکاری، وڕووخۆشی، وئازار نەدان وئارامگرتن لەسەر ئازاردان، وتێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی بەڕەوشتی جوان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دەبێت ئیماندار دوور بێت لە قسەی خراپ وکردەوەی ناشیرین.
٢. کامڵی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەوشت جوانیدا، چونکە هەردەم کردەوەی چاکی ئەنجامداوە وبەردەوام قسەی جوانی وتووە.
٣. ڕەوشت جوانی گۆڕەپانە بۆ کێبڕکێی ئیمانداران بۆیە ئەوەی لە پێشەوە بێت ئەوا باشترین ئیماندارە وتەواوترین وکامڵترین ئیمانی هەیە.

(٥٨٠٣)

(٢٦٤) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ»**. [صحيح بشواهده] - [رواه أبو داود وأحمد]

(٢٦٤) – له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو: **«ئیماندار بە هۆی ڕەوشت جوانیەوە دەگاتە پلەی ئەو کەسەی کە بە زۆری نوێژ دەکات وڕۆژوو دەگرێت»**. [صەحیحە بە ڕێگاکانی تر] – [ئەبو داود وئەحمد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بۆمان ڕووندەکاتەوە کە ڕەوشت جوانی خاوەنەکەی دەگەیەنێتە پلەی ئەو کەسەی بەردەوام ڕۆژوو دەگرێت وشەو نوێژ دەکات، وپوختەی ڕەوشت جوانی بریتیە لە: چاکەکار بوون، وقسەی جوان، وڕووخۆشی، وئازار نەدان وزیان لێنەدان، وئارامگرتن لەسەر ئازار وزیان گەیاندن بە خەڵکی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاینی ئیسلام گرنگیداوە بە ڕەوشتەکان؛ لەڕوانگەی پاڵاوتن وڕێکخستنیان.
٢. فەزڵی ڕەوشت جوانی، بەندە دەگەیەنێتە پلەی ئەو ڕۆژووگرەی بەردەوامە لە ڕۆژووگرتن، وئەو کەسەی بەردەوام شەو نوێژ دەکات وماندوو نابێت.
٣. ڕۆژووگرتن لە ڕۆژ و شەونوێژ کردن لە شەودا ؛ دوو کردەوەی مەزنن وقورسی ونارەحەتیان تێدایە لەسەر نەفس، بۆیە خاوەن ڕەوشتی جوان دەگات بە پلەی ئەوان ؛ چونکە جیهادی نەفسی کردووە لەسەر جوان مامەڵەکردن

(٥٧٩٩)

(٢٦٥) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا، وَخَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِنِسَائِهِمْ». [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

(٢٦٥) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«چاکترین وکامڵترین باوەڕدار لە ئیماندا ئەوەیانە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، وچاکترینتان ئەوانەن کە باشترینن بۆ ئافرەتەکانیان».** [حەسەنە] - [ئەبو داود وتیرمذی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چاکترین وکامڵترین باوەڕدار لە ئیماندا ئەوەیە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، وچاکترینی نێو ئیمانداران ئەوانەن کە باشترینن بۆ ئافرەتەکانیان، وەکو هاوسەر وکچ وخوشک وکەسە نزیکەکان؛ چونکە ئەوانە شایستەترین کەسن بەڕەوشت جوانی بەرامبەریان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی ڕەوشتە جوانەکان وبەشێکە لە ئیمان.
٢. کردەوە بەشێکە لە ئیمان، وئیمان زیاد وکەم دەکات.
٣. ڕێزلێنانی ئاینی ئیسلام لە ئافرەت، وئامۆژگاری بۆ چاکەکاری بەرانبەریان

(٥٧٩٢)

(٢٦٦) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ أَكْثَرِ مَا يُدْخِلُ النَّاسَ الْجَنَّةَ، فَقَالَ: «تَقْوَى اللهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ»، وَسُئِلَ عَنْ أَكْثَرِ مَا يُدْخِلُ النَّاسَ النَّارَ فَقَالَ: «الْفَمُ وَالْفَرْجُ». [حسن صحيح] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٢٦٦) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ پرسیاری لێکرا سەبارەت بەئەو شتەی بەزۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت، فەرمووی: **«تەقوای خوای گەورە و ڕەوشت جوانی»**، وپرسیاری لێکرا

سەبارەت بەئەو شتەی بەزۆری دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ، فەرمووی: **«دەم ودامێن».** [حەسەن صەحیحە] - [تیرمذي وئیبن ماجە وئەحمد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ بۆمانی ڕوووندەکاتەوە کە لە گەورەترین هۆکارەکانی چوونە بەهەشت، دوو شتن:

تەقوای خوای گەورە ورەوشت جوانی.

تەقوای خوای گەورە: ئەوەیە لەنێوان خۆت وسزای خوای گەورە بەربەستێک دابنێیت، وئەمیش بەئەنجامدانی فەرمانپێکراوەکان ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان دەبێت.

ورەوشت جوانی: بریتیەلە ڕووخۆشی وچاکەکاری وئازار نەدان.

ولە گەورەترین هۆکارەکانی چوونە دۆزەخ، دوو شتن:

زمان ودامێن.

لە تاوانەکانی زمان: درۆکردن وغەیبەت وبوهتان کردن وهتد.

ولە تاوانەکانی دامێن: زینا ونێربازی وهتد.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. لە هۆکارەکانی چوونە بەهەشت ؛ هەندێک هۆکار هەن کە پەیوەندی هەیە بە خوای گەورەوە، لەوانەش: تەقوای خوای گەورە، وهەندێک هۆکار هەیە پەیوەستە بە بەندەکانەوە، لەوانەش: ڕەوشت جوانی.

٢. ترسناکی زمان لەسەر خاوەنەکەی، ولە هۆکارەکانی چوونە دۆزەخە ئەگەر لەتاواندا بەکاریبهێنێت.

٣. ترسناکی شەهوەتە حەرامکراوەکان وداوێن پیسی لەسەر مرۆڤ، ولە هۆکارەکانی چوونە دۆزەخە.

(٥٤٧٦)

(٢٦٧) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَحْسَنَ النَّاسِ خُلُقًا. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٦٧) – له ئەنەسی كوڕی مالیكەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ جوانترین ڕەوشتی هەبوو لە نێو خەڵكیدا».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ جوانترین ڕەوشتی هەبوو، ولە پێش هەموو خەڵكیە لە ڕەوشتە چاك وجوانەكان؛ لە قسەی جوان، وخێركردن، وڕووخۆشی، وئازار نەگەیاندن، زیان لێنەدان، وئارامگرتن لەسەر ئازاردانی خەڵكی.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. كامڵی وتەواوی ڕەوشت جوانی پێغەمبەر ﷺ.
٢. پێغەمبەر ﷺ سەرمەشق وقودوەی كامڵ وتەواوە لە ڕەوشت جوانیدا.
٣. ئامۆژگاری كردن بە ڕەوشت جوانی ئەویش بە وەرگرتنی پێغەمبەر ﷺ وەكو قودوە ونمونە لەمەدا.

(٦١٨٠)

(٢٦٨) – قال سعد بن هشام بن عامر -عندما دخل على عائشة رضي الله عنها-: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، أَنْبِئِينِي عَنْ خُلُقِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَتْ: **«فَإِنَّ خُلُقَ نَبِيِّ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ الْقُرْآنَ».** [صحيح] - [رواه مسلم في جملة حديثٍ طويلٍ]

(٢٦٨) – لە سەعدی كوڕی هیشامی كوڕی عامرەوە دەڵێت: كاتێك چوو بۆ لای عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەی دایكی ئیمانداران هەواڵم پێ بدە سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا ﷺ، ووتی: ئایا قورئان

دەخوێنیتەوە؟ ووتم: بەڵێ، ووتی: **«ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ وەکو قورئان بوو».** [صەحیحە] - [موسلیم - گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا ﷺ، ئەویش بەوشەیەکی گشتگیر وەڵامی دایەوە، وپرسیارکاری ئاراستە کرد بۆ قورئانی پیرۆز کە کۆی هەموو سیفەت ورەوشتە جوان وکامڵەکانی تێدا باسکراوە، ووتی: پێغەمبەر ﷺ ڕەوشتەکانی بەپێی ئەو ڕەوشتە جوانانە بوو کە لە قورئاندا باسکراوە، ئەوەی قورئان فەرمانیپێکردووە؛ جێبەجێیکردووە، وئەوەی قورئان نەهی لێکردووە ؛ لێی دوور کەوتووەتەوە، ڕەوشتی بریتی بوو لە کردەوە کردن بە قورئان وجێبەجێکردنی لەژیانیدا، و وەستان لەسەر سنوور وحەرامکراوەکانی، وهەڵسوکەوت کردن بەپێی ئادابەکانی، وپەند وەرگرتن لە چیرۆک وباسەکانی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری بۆ هەڵسوکەوتکردن بەپێی ڕەوشتەکانی قورئان، ودەبێت پێغەمبەر ﷺ وەکو قدوە ونمونە وەربگیرێت لەم بابەتەدا بۆ ئەوەی مسوڵمانان وەکو ئەو بن.
٢. ستاشیکردنی ڕەوشتی پێغەمبەری خودا ﷺ کە سەرچاوەی لە نور ورۆشنایی وەحیەوە وەرگرتووە.
٣. قورئان سەرچاوەی هەموو ڕەوشتە جوانەکانە.
٤. ڕەوشتەکان لە ئیسلامدا هەموو ئاین دەگرێتەوە : ئەنجامدانی فەرمانپێکراوەکان ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان.

(٨٢٦٥)

(٢٦٩) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: **«كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يعجبه التيمُّن في تَنَعُّلِّه، وترجُّلِه، وطُهُورِه، وفي شَأنه كُلِّه»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٦٩) – له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ بەکارهێنانی ڕاستی پێ خۆش بوو: لە نەعل لە پێکردنی، ولە شانە کردنی، ولە دەستنوێژگرتنی، ولە هەموو کاروبارێکی تری»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵی خوویەک باسدەکات کە پێغەمبەر ﷺ حەزی لێی بووە، ئەویش بریتیە لە پێشخستنی ڕاست لە کاتی نەعل لە پێکردنی، وشانەکردنی، ودەستنوێژگرتنی، وهەموو کردەوەکانی تر وەکو پۆشینی جل وخەوتن وخواردن وخواردنەوە وهتد. هەموو ئەمانە لە نیشانەی ڕێزگرتنە لە ڕاست.
بەڵام بۆ ئەو شتانەی کە پیسن دەبێت دەستی چەپ بەکاربهێنرێت؛ بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە تارات کردن بە دەستی ڕاست، ونەهی کردووە لە دەستدان لە عەورەت (دامێن) بە دەستی ڕاست لە کاتی چوونە سەرئاو، چونکە دەستی ڕاست بۆ کارە چاکەکانە، بەڵام دەستی چەپ بۆ شتە پیسەکانە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەوەوی دەڵێت: ئەمە بنچینەیەکی جێگیرە لە شەریعەتدا، ئەویش ئەوەیە هەرشتێك بۆ ڕێزلێنان بێت وەکو پۆشینی جل وشەرواڵ وگۆرەوی وچوونە مزگەوت وسیواك وکل کردن، ونینۆك کردن وسمێڵ کورتکردنەوە، وشانەکردن ولابردنی مووی بن باڵ وتاشینی سەر، وسەلامدانەوە لە نوێژ، وشۆردنی ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن، ودەرچوون لەسەرئاو، وخواردن وخواردنەوە، وتەوقەکردن، ودەست دان لە بەردە ڕەشەکە، وجگە لەمانە کە هاومانان ؛ ئەوا سوننەتە لای ڕاست پێش بخرێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوەی ڕێزلێنانەوە بێت ؛ وەکو دەرچوون لە مزگەوت وچڵم فڕێدان وتارەت گرتن وداکەندنی جل وشەرواڵ

وگۆڕەوی وهتد، ئەوا لێرەدا سوننەتە لای چەپ پێش بخرێت، ئەمانە هەمووی بەهۆی ڕێز وشەرەفمەندی لای ڕاستە.
٢. (دەستپێکردنی بەڕاست پێ خۆشبوو)؛ ئەمانە دەگرێتەوە: دەستپێکردن بە کردەوەکان بە دەستی ڕاست، وپێی ڕاست، ولای ڕاست، وپێدانی شت بەدەستی ڕاست.
٣. نەوەوی دەڵێت: هەندێك لە ئەندامەكانی دەستنوێژ سوننەت نییە سەرەتا لای ڕاست بشۆردرێت ؛ ئەمانیش بریتین لە:
گوێیەکان ودەستەکان (هەتا مەچەك) وگۆناکان -ڕوو- هەموویان بەیەکەوە دەشۆردرێن یەك جار، ئەگەر نەتوانرا وەکو بۆ نمونە کەسێك دەستێکی نەبوو ؛ ئەوا لای ڕاست پێشدەخات.

(٣٠١٨)

(٢٧٠) – عن شداد بن أوس رضي الله عنه قال: ثِنْتَانِ حَفِظْتُهُمَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «**إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْحَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٧٠) – لە شەدادی کوڕی ئەوسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دووشتم لە پێغەمبەری خوداوە لەبەر کردووە ﷺ دەیفەرموو: «**خوای گەورە چاکەکاری لە سەر هەموو شتێک نووسیوە، ئەگەر کوشتاریەکتان کرد؛ ئەوا بە چاکی ئەنجامی بدەن، وئەگەر سەربڕینێکتان ئەنجامدا؛ ئەوا بە چاکی ئەنجامی بدەن، وبا یەکێک لە ئێوە کەرەستەی سەربڕینەکەی تیژ بکات بۆ ئەوەی نارەحەتی لە سەر سەربڕاوەکە لابدات**». [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە خوای گەورە چاکەکاری دەرهەق بەهەموو شتێک واجب کردووە، وچاکەکاری: بریتیە لە هەستکردن بەچاودێری خوای گەورە بەبەردەوامی، لە پەرستنی وکردنی خێر وچاکە وئازارنەدان ودوورخستنەوەی زیان لە بوونەوەرەکان، وتەنانەت چاکەکاری لەکوشتن وسەربڕینیش دەگرێتەوە.

چاکەکاری لە کوشتن لەکاتی تۆڵەسەندنەوە (القصاص): ئەوەیە ئاسانترین وخێراترین ڕێگا هەڵبژێرێت بۆ دەرچوونی ڕۆحی کوژراوەکە.
وچاکەکاری لە سەربڕیندا: بەوە دەبێت چاکەکاربێت بەرامبەر ئاژەڵ ئەمیش بەتیژکردنی ئامێر وکەرەستەی سەربڕینەکە، ونابێت لەپێش چاوی ئاژەڵەکە تیژی بکات، ونابێت سەری ببڕێت لەکاتێکدا ئاژەڵێکی تر سەیری دەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕەحمەت ومیهرەبانی خوای گەورە -عز وجل- بە خوڵقێنراوەکان.
٢. چاکەکاری لە کوشتن وسەربڕیندا بەوەی کە بە گوێرەی شەرع ئەنجامبدرێن.
٣. کەماڵ وتەواوی ئەم شەریعەتە کە هەموو خێرێکی لە خۆگرتووە، ولەوانەش: بەبەزەیی ونەرم ونیان بوون بەرامبەر ئاژەڵەکان.
٤. نەهی کردن لە شێواندنی لاشەی مرۆڤ لەپاش کوشتنی.
٥. حەرامبوونی هەر کارێک ببێتە هۆی ئازاردانی ئاژەڵ.

(٤٣١٩)

(٢٧١) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«إِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللهِ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَنِ عَزَّ وَجَلَّ، وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ، الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ وَأَهْلِيهِمْ وَمَا وَلُوا»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٧١) – لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«دادپەروەران لەلای خوای گەورە لەسەر مینبەری نور وڕۆشناییدان، لەلای ڕاستی خوای میهرەبان -الرحمان- (عز وجل)، وهەردوو دەستەکانی (پەروەردگار) ڕاستن، ئەوانەی کە دادپەروەرن: لە حوکم وفەرمانڕەواییان، ولە ماڵ وخێزانیان، ولە هەر کار وسەرپەرشتیاریەک کە پێیان بسپێردرێت»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەوانەی بەدادپەروەری حوکم دەکەن وبڕیار دەدەن لەنێو ئەو خەڵکەی لەژێر دەستیاندان وفەرمانڕەواییان دەکەن یان لە ماڵ وخێزانیان، ئەوا ئەم دادپەروەرانە لە شوێنی بەرز دادەنیشن لەڕۆژی قیامەتدا کە لە نور ورۆشنایی دروستکراوە وەکو ڕێزلێنانێک لێیان. وئەم مینبەرانە لەلای ڕاستی پەروەردگاری میهرەبانن -سبحانه وتعالی-، وهەردوو دەستی پەروەردگار ڕاستن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلەوپایەی دادپەروەری (عەدل) وئامۆژگاریکردن بۆ پابەند بوون پێوەی.
٢. دادپەروەری گشتی هەموو فەرمانڕەوایەتی وحوکم کردنەکان دەگرێتەوە لەنێو خەڵکیدا تەنانەت دادپەروەری لەنێوان خێزانەکانیش -ژنەکانیش- دەگرێتەوە (ئەگەر زیاتر لە یەک ژنی هەبوو) وهەروەها منداڵەکان وهتد.
٣. ڕوونکردنەوەی پلەوپایەی دادپەروەران لە ڕۆژی قیامەتدا.
٤. جیاوازی پلە پایەی ئەهلی ئیمان لە ڕۆژی قیامەتدا هەریەکێکیان بە پێی کردەوەکەیەتی.
٥. شێوازی هاندان لە شێوازەکانی بانگەوازییە، کە هانی ئەو کەسە دەدەیت کە بانگەوازی دەکەیت بۆ ئەوەی ئەو پەرستنەی لەلا خۆشەویست بێت وئەنجامی بدات.

(٤٩٣٥)

(٢٧٢) – عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ، مَنْ ضَارَّ ضَرَّهُ اللَّهُ، وَمَنْ شَاقَّ شَقَّ اللَّهُ عَلَيْهِ»**.

[صحيح بشواهده] - [رواه الدارقطني]

(٢٧٢) – لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«نە زیان بەخۆت ونە زیان بەخەڵکی بگەیەنە، ئەوەی زیان بگەیەنێت (بە خەڵکی) ئەوا خوای گەورە زیانی پێدەگەیەنێت، وئەوەی قورس**

**وناڕەحەتی بهێنێت -بۆ سەر خەڵکی- ئەوا خوای گەورە قورسی وناڕەحەتی دەهێنێتە سەری».** [صەحیحە بە ڕێگاکانی ترا - [دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە واجبە زیان دوور بخرێتەوە بەجیاوازی جۆرەکانی لەسەر نەفس وخەڵکی، بۆیە حەڵاڵ نیە بۆ هیچ یەکێک زیان لە خۆی یان لە خەڵکی بدات.
وحەڵاڵ نیە بەرامبەر بە زیان ئەویش زیانی پێبگەیەنێت؛ چونکە زیان بە زیان لاناچێت مەگەر لەبابەتی تۆڵەسەندنەوە -القصاص- بەبێ زیادەڕەوی کردن.
پاشان پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەی کردووە لەو کەسەی زیان بەخەڵکی دەگەیەنێت وبارگرانی وناڕەحەتی دەهێنێتە سەریان ؛ بەوەی ئەویش تووشی زیان وناڕەحەتی دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەهی کردن لە سزادان بەزیاتر لە قەبارەی زیانی کەسی زیانلێدەر.
٢. خوای گەورە فەرمانی بە شتێک نەکردووە بەبەندەکانی کە زیانی ئەوانی تێدا بێت.
٣. حەرامبوونی زیانلێدان بەشێوەیەکی گشتی، نابێت نە بەقسە و نە بەکردەوە و نەبە وازهێنان زیانلێدان هەبێت.
٤. پاداشت بە هاوشێوەی کردەوەیە، هەرکەسێک زیان بە خەڵکی بگەیەنێت؛ ئەوا خوای گەورە تووشی زیانی دەکات، وهەرکەسێک ناڕەحەتی بهێنێت بۆ سەر خەڵکی؛ ئەوا خوای گەورە تووشی ناڕەحەتی دەکات.
٥. لە بنچینەکانی شەریعەت: (زیان دەبێت لا ببرێت)، شەریعەت ڕازی نابێت بە زیان، ونکۆڵی دەکات لە زیانپێگەیاندن.

(٤٧١١)

(٢٧٣) – عَنْ أَبِي مُوسَى رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:
**«إِنَّمَا مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السَّوْءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ، فَحَامِلُ الْمِسْكِ: إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً، وَنَافِخُ الْكِيرِ: إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٧٣) – له ئه‌بی موساوه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت:
**«نموونه‌ی هاوڕێی باش وهاوڕێی خراپ وه‌ك میسك فرۆش وخۆشكاری كوره‌ی ئاسن وایه‌، میسك فرۆش: یان هه‌ندێكت پێده‌دات (وه‌كو دیاری)، یان لێی ده‌كڕیت، ویان بۆنێكی خۆشت به‌سه‌ردا دێت، وخۆشكاری كوره‌ی ئاسن: یان جله‌كانت ده‌سوتێنێت، ویان بۆنێكی ناخۆشت به‌سه‌ردا دێت».**
[صه‌حیحه‌] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

### شیكردنه‌وه‌:

پێغه‌مبه‌ر ﷺ نموونه‌ی دوو جۆر له‌ خه‌ڵكی باسكرد:
جۆری یه‌كه‌م: هاوڕێی چاك ؛ كه‌ ڕێنموێنی ده‌كات بۆ لای خوای گه‌وره‌ وئه‌و شتانه‌ی ڕه‌زامه‌ندی په‌روه‌ردگاری تێدایه‌، ویارمه‌تیده‌ره‌ له‌ گوێڕایه‌ڵیكردنی په‌روه‌ردگار، نموونه‌ی ئه‌م كه‌سه‌ وه‌كو فرۆشیاری میسك وایه‌، یان هه‌ندێكت پێده‌دات، یان ئه‌وه‌تا لێی ده‌كڕیت، یان بۆنی خۆشی به‌سه‌رتا دێت.
جۆری دووه‌م: هاوڕێی خراپ ؛ كه‌ مرۆڤ دوور ده‌خاته‌وه‌ له‌ ڕێبازی الله‌، ویارمه‌تیده‌ره‌ له‌سه‌ر كردنی گوناهه‌كان، وكرده‌وه‌ی خراپ وناشیرینی لێوه‌ ده‌بینیت، وتووشی سه‌رزه‌نشتی ده‌بیت به‌هۆی هاوڕێیه‌تی ودانیشتن له‌گه‌ڵی نموونه‌ی ئه‌م كه‌سه‌ وه‌كو ئه‌و ئاسنگه‌ره‌ وایه‌ كه‌ فوو ده‌كات به‌ كوره‌دا ؛ یان ئه‌وه‌تا جله‌كه‌ت ده‌سوتێنێت به‌هۆی پرژی ئاگره‌كه‌، یان ئه‌وه‌تا به‌هۆی نزیكبوونت لێی بۆنی پیس وناخۆش دێت به‌سه‌رتدا.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هێنانەوەی نمونەکان ڕێگەپێدراوە ؛ بۆ نزیککردنەوەی واتا ومەبەست وتێگەیشتنی بیسەر.
٢. ئامۆژگاری وهاندان بۆ دانیشتن لەگەڵ کەسی خواپەرست وچاك، ودوورکەوتنەوە لە کەسی خراپ وبەد ڕەوشت.

(٣١٢٧)

(٢٧٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه: أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَوْصِنِي، قَالَ: **«لَا تَغْضَبْ»** فَرَدَّدَ مِرَارًا قَالَ: **«لَا تَغْضَبْ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٢٧٤) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک بە پێغەمبەر ﷺ ی ووت: وەسیەت وئامۆژگاریم بکە، ئەویش ﷺ فەرمووی: **«تورە مەبە»»** پیاوەکە چەند جار هەر ئەو قسەی دووبارە کردەوە، پێغەمبەر ﷺ یش هەر دەیفەرموو: **«تورە مەبە»**. [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

یەکێک لە هاوەڵان -ڕەزای خوای لێبێت- داوای کرد لە پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی بکات بۆ شتێک سوودی بۆی هەبێت، ئەویش فەرمانیپێکرد کە تورە نەبێت، وئەمیش مانای ئەوەیە دوور بکەوێتەوە لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تورەبوونی، وپێویستە زاڵ بێت بەسەر نەفسیدا ئەگەر تووشی تورەیی بوو بەشێوەیەک تورەییەکەی کوشتن ولێدان وجوێندان وهتد لە شتە ناڕەواکانی لەگەڵدا نەبێت.
وپیاوەکە چەند جارێ داوای وەسیەت ورێنموێنی کرد، و پێغەمبەر ﷺ لەم ئامۆژگاریە زیاتر هیچی تری پێنەووت: (تورە مەبە).

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. هۆشداری وئاگادار كردنەوە لە تووڕە بوون وهۆكارەكانی چونكە هەموو شەڕێكی لە خۆ گرتووە، وئاگاداربوون ودووركەوتنەوە لێی هەموو خێرێک لە خۆ دەگرێت.
٢. توڕەبوون لەپێناو اللە وەكو توڕەبوون كاتێک حەرامێک دەكرێت ؛ ئەمە لەتووڕەبوونی ستایشكراوە.
٣. دووبارەكردنەوەی قسە لەكاتی پێویستی بۆئەوەی گوێگر لێی تێبگات ودرك بەگرنگی بكات.
٤. فەزڵی داواكردنی وەسیەت وئامۆژگاری لە زانا.

(٤٧٠٩)

(٢٧٥) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٧٥) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«كەسی بەهێز ئەوە نییە كە بەهێزە لە زۆرانبازیدا، بەڵكو كەسی بەهێز ئەوەیە كە نەفسی خۆی دەگرێتەوە لە كاتی توڕە بووندا».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە كە هێزی ڕاستەقینە ؛ هێزی لاشە نیە، یان ئەو كەسە نیە كە لەبەهێزەكانی تر دەباتەوە لەزۆرانبازیدا، بەڵكو بەهێزی ئازا ئەوەیە كە جیهادی نەفسی خۆی دەكات وزاڵ دەبێت بەسەریدا كاتێک خەریكە توڕەییەكەی لەجڵەو دەربچێت؛ چونكە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زاڵە بەسەر نەفسی خۆی وسەركەوتووە بەسەر شەیتان.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. فەزڵی لەسەرخۆبوون وزاڵبوون بەسەر نەفسدا لەكاتی توڕەیی، لەو كردەوە چاكانەیە كە ئیسلام ئامۆژگاری سەبارەتی كردووە.

٢. جیهاد وکۆشش کردنی نەفس لە کاتی توڕەییدا سەختتر وناڕەحەتترە لە جیهاد کردنی دوژمن.
٣. ئاینی ئیسلام تێگەیشتنە جاهیلیەکانی گۆڕی سەبارەت بە هێز ؛ هێزی ڕاستەقینەی وا پێناسە کرد کە دەبێتە هۆی بنیات نانی ڕەوشتی بەرز، بۆیە بەهێزترین کەس ئەوەیە کە خۆی بگرێتەوە ونەفسی پەروەردە بکات.
٤. دوورکەوتنەوە لە توڕەیی؛ چونکە دەبێتە هۆی زیان بۆ سەر تاک وکۆمەڵگا.

(٥٣٥١)

(٢٧٦) – عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما قال: سَمِعَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلًا يَعِظُ أَخَاهُ فِي الْحَيَاءِ، فَقَالَ: **«الْحَيَاءُ مِنَ الْإِيمَانِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٧٦) – لە عبداللهی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ گوێی لەپیاوێک بوو ئامۆژگاری براکەی دەکرد سەبارەت بە شەرمکردن، ئەویش فەرمووی: **«شەرم کردن لە ئیمانەوەیە (لە باوەڕەوەیە)»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ گوێی لەپیاوێک بوو ئامۆژگاری براکەی دەکرد بۆئەوەی ئەوەندە شەرمن نەبێت! بەڵام پەیامبەری خودا ﷺ بۆیانی ڕوونکردەوە کە شەرمکردن بەشێکە لە ئیمان، وشەرمکردن تەنها خێر وچاکە دەهێنێت.
وشەرمکردن ئەو ڕەوشتە جوانەیە کە دەبێتە هۆی کردنی شتی باش وچاک ودوورکەوتنەوە لەشتی خراپ وناڕەوا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەو شتەی وات لێبکات کە خێر ئەنجام نەدەیت ئەوا شەرم کردن نییە، بەڵکو شەرمەزارییە وبێ توانایيە وزەلیلی وترسنۆکیە.
٢. شەرم کردن بەرامبەر خوای گەورە بریتیە لە ئەنجامدانی فەرمانپێکراوەکان و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان.

٣. شەرم کردن بەرامبەر خەڵکی بە ڕێزگرتنیانە بە گوێرەی پلەیان، ودوورکەوتنەوە لەو شتانەی نارەوایە دەرهەقیان بکرێت لە خوو ونەریتدا.

(٥٤٧٨)

(٢٧٧) – عن المِقدام بن معدي كرب رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«إِذَا أَحَبَّ الرَّجُلُ أَخَاهُ فَلْيُخْبِرْهُ أَنَّهُ يُحِبُّهُ»**. [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي والنسائي في السنن الكبرى وأحمد]

(٢٧٧) – لە میقدام کوڕی مەعدی کریبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر پیاوێک براکەی خۆشویست؛ ئەوا با پێی بڵێت کە خۆشی دەوێت»**. [صەحیحە] - [ئەبو داود وتیرمذی ونەسائی (لە -السنن الکبری) وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیە یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی پەیوەندی لەنێوان ئیمانداران باسدەکات کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە ودامەزراندنی خۆشەویستی لەنێوانیان، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاوێک برایەکی مسوڵمانی خۆشویست یان ئافرەتێک خوشکێکی مسوڵمانی خۆشویست ئەوا با پێی بڵێت کە لەپێناو خوای گەورە خۆشی دەوێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلە وپایەی خۆشویستن بەدڵسۆزی لەپێناو خوای گەورە، نەک بەهۆی بەرژەوەندیەکی دونیایی.
٢. سونەتە (موستەحەبە) کە کەسێکت خۆشویست لە پێناو خوای گەورە ئەو خۆشەویستیەی بۆ دەربڕیت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی خۆشەویستی وهۆگری ویەکگرتن.
٣. بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لەنێوان ئیمانداران دەبێتە هۆی بەهێزبوونی برایەتی ئیمانی وکۆمەڵگا دەپارێزێت لە پەرتەوازەبوون وناکۆکی.

(٣٠١٧)

(٢٧٨) – عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**كُلُّ مَعْرُوفٍ صَدَقَةٌ**». [صحيح] - [رواه البخاري من حديث جابر، ورواه مسلم من حديث حذيفة]

(٢٧٨) – له جابری کوڕی عبداللهوه -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەموو چاکە کارییەک خێرە».** [صەحیحە] - [بوخاری وموسلیم - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چاکەکاری وسوود گەیاندن بەخەڵکی لە قسە وکردەوە ؛ هەمووی خێر وچاکەیە، و لەسەر ئەنجامدانی پاداشت هەیە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نووسینی خێر وچاکە تایبەت نییە بە خێرکردن لە ڕێگای بەخشینی پارە وماڵەوە، بەڵکو هەموو کردەوەیەک یان وتەیەکی خێر بەرامبەر خەڵکی بە چاکە بۆ مرۆڤ دەنووسرێت.
٢. هاندان بۆ ئەنجامدانی هەموو چاکەیەک وهەموو شتێک کە سوود بە خەڵکی بگەیەنێت.
٣. بەکەم دانەنانی هیچ چاکەیەک، ئەگەرچیش شتێکی زۆر کەم بێت.

(٥٣٤٦)

(٢٧٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال رسول الله -صلى الله عليه وآله وسلم-: **«كل سُلامى من الناس عليه صدقة كل يوم تطلع فيه الشمس: تَعْدِلُ بين اثنين صدقةٌ، وتُعِينُ الرجلَ في دابتِه فتَحملُهُ عليها أو تَرفعُ له عليها متاعَهُ صَدَقَةٌ، والكلمةُ الطيبةُ صدقةٌ، وبكل خُطْوَةٍ تمشيها إلى الصلاة صدقةٌ، وتُميط الأذى عن الطريق صدقةٌ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٧٩) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«هەموو ڕۆژێک کە خۆری تێدا هەڵبێت؛ هەموو جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە، دادپەروەری بکەیت لە نێوان دوو کەسدا ئەمە خێرێکە، ویارمەتی کەسێک بدەیت بۆ ئەوەی خۆی یان شتومەکەکانی بخاتە سەر ئاژەڵەکەی خێرێکە، وتەی جوان وشیرین خێرێکە، وهەموو هەنگاوێک بۆ نوێژکردن (لە مزگەوت) خێرێکە، ولادانی ئازار لەسەر ڕێگاوبان خێرێکە».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

هەموو ڕۆژێک کە خۆر دەردەچێت هەموو جوومگەکان خێرێکیان لەسەرە کە بریتین لە ٣٦٠ جومگە، پاشان چەند نمونەیەکی هێنایەوە کە بە هۆیانەوە خێر ئەنجامدەدرێت، کە ئەوانیش بە قسە وکردەوە ئەنجامدەدرێن، سوودەکەی بۆ خودی کەسەکەیە یان بۆ خەڵکی ترە، ئەو نمونانەی پێغەمبەر ﷺ باسیکردووە لەم فەرموودەیەدا بۆ سنووردارکردنی خێر نیە تەنها لەمانەدا.

دادپەروەری جێبەجێ دەبێت بە فەرمانڕەوایی کردن وچاککردنەوەی نێوان دوو کەسی ناکۆک بە دادپەروەری، ویارمەتی دانی پیاوێک بۆ ئەوەی سواری پشتی ئاژەڵەکەی بێت یان یارمەتی بدات بۆ ئەوەی شتومەکەکانی بکاتە سەر پشتی ئاژەڵەکەی؛ ئەمانە خێرن یەکەمیان بە قسە ودووەمیان بە کردەوە ئەنجامدەدرێن وسوودەکەیان بۆ خەڵکی ترە.

وتەی جوان وشیرین بریتیە لە زیکر ونزا وخوێندنەوەی قورئان وفەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە وجگە لە ئەمانە؛ ئەم قسەکردنانە سوودەکەی بۆ خودی کەسە وبۆ خەڵکی تریشە.

وهەموو هەنگاوێکی مسوڵمان بەرەو مزگەوت خێرێکە بۆ خودی مسوڵمانەکە؛ ئەمە خێری کرداریە وسوودەکەی بۆ خودی کەسەکەیە، ولابردنی ئازار لە سەر ڕێگاوبان وەکو دار وشوشە وبەرد وشتی تر؛ ئەمەیان خێری کرداریە وسوودەکەی بۆ خەڵکی ترە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پێکهاتەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤ وجومگەکانی لە گەورەترین نیعمەتەکانی خوای گەورەیە لەسەر مرۆڤ، بۆیە بۆ هەرئێسکێک پێویستە ڕۆژانە خێرێک بکرێت بۆ سوپاسگوزاری دەربڕین لەسەر ئەو نیعمەتە.
٢. هاندان بۆ نوێکردنەوەی سوپاسگوزاری لە هەموو ڕۆژێکدا بەهۆی بەردەوامبوونی ئەو نیعمەتانە.
٣. هاندان بۆ بەردەوامبوون لەسەر کردەوە سونەتەکان وخێرکردن لە هەموو ڕۆژێك.
٤. فەزڵ وپلەوپایەی چاککردنەوەی پەیوەندی لە نێوان خەڵکی.
٥. ئامۆژگاری وهاندان بۆ یارمەتیدانی برای مسوڵمان، چونکە یارمەتیدانی مسوڵمان خێر وچاکەیە.
٦. ئامۆژگاری کردن بە ئامادەبوونی نوێژە بەکۆمەڵەکان وچوون بۆ ئەنجامدانیان، وئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان.
٧. واجب بوونی ڕێزگرتن لە ڕێگاوبانی مسوڵمانان ئەمیش بە دوورخستنەوەی ئەوەی ئازاریان پێدەگەیەنێت وزیانیان لێدەدات.

(٤٥٦٨)

(٢٨٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي -صلى الله عليه وآله وسلم- قال: **«مَن نَفَّسَ عن مؤمنٍ كُرْبَةً من كُرَبِ الدُّنيا نَفَّسَ اللهُ عنه كُرْبَةً من كُرَبِ يومِ القِيَامَة، ومن يَسَّرَ على مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللهُ عليه في الدُّنيا والآخرةِ، ومن سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللهُ في الدُّنيا والآخرةِ، واللهُ في عَوْنِ العَبْدِ ما كَانَ العبدُ في عَوْنِ أَخِيهِ، ومن سَلَكَ طَرِيقًا يَلتَمِسُ فِيهِ عِلمًا سَهَّلَ اللهُ له به طريقًا إلى الجنةِ، وما اجْتَمَعَ قَوْمٌ في بيتٍ من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ ويَتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السَّكِينَةُ وغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وحَفَّتْهُمُ الملائِكَةُ، وذَكَرَهُمُ اللهُ فِيمَنْ عِندَهُ، ومَن بَطَّأَ به عمله لم يُسرع به نَسَبُهُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٨٠) – له ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وآله وسلم- دەفەرموێت: **«هەركەسێك یارمەتی موسڵمانێك بدات بۆ ئەوەی نارەحەتیەكی دونیایی لەسەر لابدات؛ ئەوا بێگومان خوای گەورە نارەحەتیەك لە نارەحەتیەكانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر لادەدات، هەركەسێك یارمەتی قەرزدارێک یان هەژارێك بدات وكارەكەی بۆ ئاسان بكات؛ ئەوا خوای گەورە كاریش بۆ ئەو ئاسان دەكات ویارمەتی دەدات، وئەوەی (هەڵە وتاوانی) مسوڵمانێك دابپۆشێت؛ ئەوا خوای گەورەیش (هەڵە وتاوانی) ئەوكەسە دادەپۆشێت لە دونیا وقیامەتدا، خوای گەورە لە یارمەتی وكۆمەكی بەندەی خۆیدایە ئەگەر ئەو بەندەیە لەكۆمەك ویارمەتی براكەیدا بێت، هەركەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی عیلم وزانینێك بەدەست بهێنێت؛ ئەوا خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەكات، هەر كۆمەڵێك كۆببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەكانی خودا وقورئان بخوێنن وپێداچوونەوە بكەن؛ ئەوا بێگومان دڵ ئارامی وسەكینەت دادەبەزێت بەسەریاندا وڕەحمەت وبەزەیی دایاندەپۆشێت، وفریشتەكان چواردەوریان دەگرن وخوای گەورەش باسیان دەكات لای ئەوانەی كە لە ئاسماندان، وهەركەسێك كار وكردەوەی كەموكورتی تێدابێت وپاشی بخات؛ ئەوا بێگومان ڕەچەڵەك وبنەماڵە فریای ناكەون ونابنە هۆی پێشخستنی».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

سوودەکانی فەرموودەکە: ئەوەی نارەحەتیەک لابدات لەسەر مسوڵمانێک، یان کار ئاسانیەکی بۆ بکات بەهۆی کارێک کە لەسەری قورس بوو، یان مسوڵمانێک بپۆشێت بەهۆی هەڵەیەک یان تاوانێک ئەوا خوای گەورە پاداشتی ئەویش دەداتەوە لە رەگەزی ئەو کردەوانەی کە سوودی گەیاند بە برا مسوڵمانەکەی، خوا گەورە بەندە سەرفراز دەکات لە دونیا وقیامەتدا کاتێک یارمەتی برای مسوڵمانی دەدات بەهۆی کارێک کە لەسەری قورس بووە، وئەوەی رێگایەکی هەستپێکراو بگرێتە بەر وەکو ئامادەبوونی ئەڵقەکانی فێربوونی قورئان خوێندن ودانیشتن لە لای زانایان بۆ مەبەستی فێربوون، یان رێگایەکی واتایی بگرێتەبەر کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەم زانستە وەکو پێداچوونەوەی وبیرکردنەوە وهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە زانستە بەسوودەکان وجگە لەمانە.
ئەوەی ئەم رێگایانە بگرێتە بەر بە نیەتێکی چاک وراستگۆیانەوە ئەوا خوای گەورە سەرکەوتووی دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانستی بەسوود کە رێگایەکە بەرەو بەهەشت، وئەوانەی کۆ دەبنەوە لە ماڵێک لە ماڵەکانی خوای گەورە بۆ خوێندنەوە وفێربوونی قورئانی پیرۆز؛ خوای گەورە سەکینەت وئارامی ورەحمەت دادەبەزێنێتە سەریان وفریشتەکان ئامادەی ئەو جۆرە دانیشتنانە دەبن وخوای گەورە لە سەرەوەی ئاسمانەکان باسیان دەکات، وهەموو رێزداری وشەرەفمەندیەک بە کردەوەی چاکە نەک بە رەچەک وبنەماڵە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئیبن دەقیقی عید دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی مەزنە، کۆی هەموو زانست ورێسا وئەدەب ورەوشتەکانی تێدایە، ئاماژەیە بۆ فەزڵی جێبەجێکردنی پێویستیەکانی مسوڵمانان وسوود گەیاندن پێیان هێندەی لە توانادایە؛ بە زانست، یان بە پارە، یان بە یارمەتیدان، یان بە رێنیشاندن بۆ بەرژەوەندیەك، یان بە ئامۆژگاری کردن، یان بە هەر شێوەیەکی تر.
٢. هاندان بۆ ئاسانکاری لەسەر ئەو کەسەی نارەحەتی وبارگرانی لەسەرە.
٣. هاندان بۆ یارمەتیدانی مسوڵمانان، وخوای گەورە یارمەتی بەندە دەدات هێندەی یارمەتیدانی ئەو بۆ براکانی.

٤. له جۆرەكانی داپۆشین وسیتر كردنی مسوڵمان: شوێن نەكەوتنی عەیب وكەموكورتیەكانی، هاتووە لە هەندێك لە زانایانی پێشینانەوە كە دەڵێن: گەیشتم بە خەڵكانێك كە هیچ عەیبێكیان نەبوو، بەڵام باسی عەیبی خەڵكیان دەكرد، بۆیە خەڵكیش باسی عەیبەی ئەوانی دەكرد، وگەیشتم بە خەڵكانێك كە عەیبیان هەبوو، بەڵام خۆیان بە دوور گرت لە باسكردنی عەیبی خەڵكی، بۆیە خەڵكیش عەیبی ئەوانی لەبیركرد.
٥. بۆ پۆشینی عەیبی خەڵكی وا ناخوازێت وداواكراو نییە كە واز بهێنیت لە نەهی كردن لە خراپە ونەیگۆڕیت، بەڵكو دەبێت بیگۆڕیت ودایبپۆشیت، ئەمە دەرهەق بە كەسێك كە ناناسرێت بە خراپەكاری وسنوور تێپەڕاندن لە تاواندا، بەڵام ئەگەر كەسێك بەو جۆرە بناسرێتەوە ئەوا داپۆشینی باش نییە، بەڵكو باسی بەرز دەكرێتەوە بۆ لای فەرمانڕەوا؛ ئەگەر ئەمە سەرنەكێشێت بۆ خراپەیەكی گەورەتر، چونكە ئەگەر ئەم جۆرە كەسە دابپۆشیت ئەوا بوێر دەبێت لەسەر خراپەكاری، وناترسێت لە ئازاردانی بەندەكان، وخەڵكی خراپەكار وسەركەشی تر بوێر دەبن لەسەر خراپەكاری.
٦. هاندان بۆ فێربوونی زانست وخوێندنەوەی كتێبی خوای گەورە (قورئان) وفێربوونی، وهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە واتاكانی.
٧. نەوەوی دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەزڵ وپاداشتی كۆبوونەوە بۆ خوێندنەوەی قورئان لە مزگەوتدا، هەروەها لەگەڵ مزگەوتدا شوێنەكانی تریش ئەم فەزڵ وپاداشتەی تێدا دەستدەكەوێت؛ وەكو قوتابخانە وسەربازگە وهاوشێوەكانیان بە ویستی الله -سبحانه وتعالى-.
٨. پاداشت لای خوای گەورە لەسەر ئەنجامدانی كردەوە چاكەكانە؛ نەك بە پێی ڕەچەڵەك.

(٤٨٠١)

(٢٨١) – عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الأَسْلَمِيِّ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«لَا تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ القِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ، وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ، وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ»**. [صحيح] - [رواه الترمذي]

(٢٨١) – له ئەبی بەرزەی ئەسلەمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«پێی هیچ بەندەیەك ناجوڵێت لە ڕۆژی قیامەتدا هەتا پرسیاری لێدەکرێت: تەمەنی لە چیدا بەسەربرد؟ وئەو زانستەی دەیزانی چی کردەوەیەکی پێ ئەنجامدا؟ ئەو پارە وسامانەی هەیبوو لە کوێوە پەیدای کرد؟ ولە چیدا خەرجی کرد؟ وهێز وتوانای لاشەی لە چیدا بەکارهێنا؟»**. [صەحیحە] – [تیرمذی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە ڕێگا نادات بە تێپەڕبوونی هیچ یەکێك لە شوێنی لێپرسینەوە بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ هەتاوەکو پرسیاری ئەم شتانەی لێدەکات:

یەکەم: ژیانی لە چیدا بەسەربرد؟

دووەم: زانستەکەی ؛ ئایا لەپێناو الله فێری بوو؟ وئایا کردەوەی پێکرد؟ وئایا گەیاندی بە ئەوانەی شایستەن پێیان بگات؟

سێیەم: سامانەکەی لە کوێوە پەیدا کرد لەڕێگای حەڵاڵ یان حەرام؟ ولە چیدا خەرجی کرد؟ لە شتێك کە هۆکاری ڕەزامەندی یان تووڕەیی الله یە؟

چوارەم: لاشە وهێز وگەنجی لە چیدا بەکارهێنا؟

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری کردن بۆ بەهەلزانینی ژیانی دونیا بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوە چاکانەی کە دەبنە هۆی ڕەزامەندی الله -سبحانە وتعالی-.

٢. نیعمەتەکانی الله لەسەر بەندەکان زۆرن، و الله پرسیار لە بەندە دەکات سەبارەت بەو نیعمەتانەی تێیدا بووە لە ژیانیدا، بۆیە دەبێت بەکاریان بهێنێت لە ڕەزامەندی الله.

(٤٩٥٠)

(٢٨٢) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«السَّاعِي عَلَى الأَرْمَلَةِ وَالمِسْكِينِ، كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، أَوِ القَائِمِ اللَّيْلَ الصَّائِمِ النَّهَارَ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٨٢) – لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەو کەسەی پێداویستیەکانی بێوەژن وهەژار جێبەجێدەکات وەکو کەسی موجاهید وتێکۆشەر وایە لە پێناو خوای گەورە، یان وەکو ئەو کەسە وایە لە شەودا (بەردەوام) شەونوێژ دەکات و لە ڕۆژدا (بەردەوام) بەڕۆژوو دەبێت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەوەی پێویستیەکانی ئافرەتی بێوەژن داپین دەکات کە پیاوەکەی مردووە وکەسی نییە کاروبارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، وئەوەی پێویستیەکانی هەژاران داپین دەکات وخەرجیان بۆ دەکات ؛ بەهیوای پاداشتی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ئەوا وەکو موجاهید وایە لەپێناو الله، یان وەکو ئەو کەسە وایە کە بەردەوام شەونوێژ دەکات بەبێ ماندووبوون، وڕۆژوو دەگرێت بەبێ شکاندنی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری کردن بە هاوکاری ویەکگرتوویی وجێبەجێکردنی پێویستی لاوازەکان.
٢. پەرستن هەموو کردەوەیەکی چاک دەگرێتەوە، وداپینکردنی پێویستی بێوەژن وهەژارەکان ؛ پەرستنە.
٣. ئیبن هوبەیرە دەڵێت: مانای ئەوەیە خوای گەورە پاداشتی هەموو ئەمانەی پێکەوە بۆ دەنووسێت ؛ ئەوەی ڕۆژوو دەگرێت بە بەردەوامی وشەو نوێژ دەکات بە

بەردەوامی وجیهاد دەکات بە بەردەوامی، چونکە پێویستیەکانی بێوەژنێکی دابینکردووە ؛ لەجیاتی مێردەکەی، وپێویستی هەژارەکەی دابینکردووە ؛ کە نەیتوانی بۆ خۆی دابینی بکات، بۆیە کاتێك ئەوەی زیاتر بوو لەڕزقی پێویستی بەخشی وماندووبوونەکەی کرد بە خێر ؛ سوودەکەی بۆی ئەوەیە کە پاداشت دەدرێتەوە یەکسان بە پاداشتی ڕۆژووگر وشەونوێژکار وموجاهید.

(٣١٣٥)

(٢٨٣) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٨٣) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت، ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت، ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە بەندەی ئیماندار بە الله وڕۆژی قیامەت کە گەڕانەوەی بۆ ئەوێیە ولەوێ لەسەر کردەوەکانی پاداشت دەدرێتەوە، ئیمانەکەی هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕەوشتە جوانانە:
یەکەم: قسەی جوان: لە تەسبیح وتەهلیل (ووتنی: سبحان الله و لا إله إلا الله)، وفەرمان بەچاکە ونەهی لە خراپە، وبەدیهێنانی ئاشتەوایی لەنێو خەڵکی، وئەگەر ئەمانە نەکات ئەوا با بێدەنگ بێت وزیان وئازاردانی خۆی بەدوور بگرێت لە مسوڵمانان وزمانی بپارێزێت.
دووەم: ڕێز گرتنی دراوسێ: ئەمیش بەچاکەکاربوون بەرامبەری وئازار نەدانی.
سێیەم: ڕێز گرتنی ئەومیوانەی سەردانت دەکات: بە وشەی جوان وپێشکەشکردنی خواردنی چاک وهتد.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. باوەڕبوون بە خوای گەورە ورۆژی دوایی بنچینەی هەموو خێرێکە، و وا لە مرۆڤ دەکات هەموو خێرێک ئەنجامبدات.
٢. هۆشداری وئاگادارکردنەوە لە بەڵا وکارەساتەکانی زمان.
٣. ئاینی ئیسلام ئاینی خۆشەویستی وڕێزلێگرتن وبەخشینە.
٤. ئەم ڕەوشتانە لە بەشەکانی (لقەکانی) ئیمانن ولە ئەدەب وخورەوشتە باڵاکانن.
٥. زۆر قسەکردن لەوەیە مرۆڤ تووشی مەکروه وحەرام بکات، وسەلامەتی ئەوەیە قسە نەکرێت مەگەر لەشتێک خێر وچاکەی تێدا بێت.

(٥٤٣٧)

(٢٨٤) – عن أبي ذر رضي الله عنه قال: قال لي النبي صلى الله عليه وسلم: **«لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٨٤) – لە ئەبی زەری غیفارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ پێمی فەرموو: **«هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانە؛ تەنانەت گەیشتنیشت بە براکەت بەڕوویەکی گەشەوە»**. [صەحیحە]-[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری ئەنجامدانی خێر وچاکەی بۆ کردووین، ونابێت هیچ چاکەیەک بەکەم بزانرێت ئەگەرچیش کەم بێت، وەکو گەیشتنت بە برای مسوڵمان بەڕوویەکی خۆش وزەردەخەنەوە، بۆیە پێویستە مسوڵمان بەپەرۆش بێت لەسەر ئەم بابەتە، چونکە دەبێتە هۆی دڵدانەوەی برای مسوڵمان و ئاسوودەکردنی.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵی خۆشەویستی لەنێوان ئیمانداران، وخەندە وڕووخۆشی لەکاتی بەیەکگەیشتن.
٢. جوانی وکامڵی ئەم شەریعەتە وگشتگیری، هەموو هۆکارێکی هێناوە کە دەبێتە هۆی چاکبوونی مسوڵمانان ویەک ڕیزیان.

٣. ئامۆژگاری وهاندان بۆ کردنی خێر وچاکە ئەگەرچیش شتێکی کەم بێت.
٤. موستەحەبە (سونەتە) کە دڵخۆشی ئاسوودەییبخەیتە نێو دڵی مسوڵمانانەوە چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی یەکڕیزی وخۆشەویستی لە نێوانیان.

(٥٣٤٨)

(٢٨٥) – عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «**عليكم بالصدق، فإن الصدق يهدي إلى البِرِّ، وإن البر يهدي إلى الجنة، وما يزال الرجل يصدق ويَتَحَرَّى الصدق حتى يكتب عند الله صِدِّيقًا، وإياكم والكذب، فإن الكذب يهدي إلى الفجور، وإن الفجور يهدي إلى النار، وما يزال الرجل يكذب ويَتَحَرَّى الكذب حتى يكتب عند الله كَذَّابًا**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٨٥) – لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**دەستبگرن بە ڕاستگۆییەوە، چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بەرەو چاکەکاری، وچاکەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو بەهەشت، وکەسێک ڕاستگۆیە وبەردەوام بە دوای ڕاستگۆییدا دەگەڕێت؛ هەتا لای خوای گەورە بە ڕاستگۆ لە قەڵەم دەدرێت، وئاگاداری درۆ کردن بن، چونکە درۆ کردن ڕێنیشاندەرە بەرەو خراپەکاری، وخراپەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو دۆزەخ، وکەسێک درۆزنە وبەردەوام بەدوای درۆدا دەگەڕێت؛ هەتا لای خوای گەورە بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری کردووە بە ڕاستگۆیی لە هەموو کات وحاڵەتێکدا چونکە بەرهەمی سوودبەخشی هەیە لە دونیا وقیامەتدا، ڕاستگۆیی بناغەی چاکەکارییە کە ئەمیش ڕێگایەکە بەرەو بەهەشت، وئەو کەسەی کە ڕاستگۆیە وبەردەوام بەدوای ڕاستگۆیدا دەگەڕێت لە ڕاستگۆیان دەنووسرێت لای خوای گەورە، وئەمیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم کەسە کۆتا ساتەکانی ژیانی لە سەر چاکە دەمرێت (-حسن الخاتمة-ی بۆ دەبێت) وپارێزراو دەبێت لە سزادان.

وپێغەمبەر ﷺ ئاگاداری داوە لە درۆکردن وزیانی درۆ کردن وسەرەنجامی خراپی ڕوونکردووەتەوە، درۆ کردن بنچینەی خراپەکارییە کە ئەمیش ڕێگایە بەرەو دۆزەخ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕاستگۆیی ڕەوشتێکی جوان وڕێزدارە ئەمیش بە هەوڵدان وتێکۆشان بەدەست دێت، بۆیە کەسێک بەردەوام ڕاستگۆیە وبە دوای ڕاستگۆییدا دەگەڕێت، هەتاوەکو ڕاستگۆیی دەبێتە سروشت وخووی، ولای خوای گەورە بە ڕاستگۆ وچاکەکار دەنووسرێت.
٢. درۆکردن ڕەوشتێکی ناشیرینە بەهۆی زۆری درۆکردنەوە کەسێک دەبێتە درۆزن بە قسە وکردەوە، هەتاوەکو درۆکردن دەبێتە سروشت وخووی، وپاشان لای خوای گەورە بە درۆزن دەنووسرێت.
٣. ڕاستگۆیی ئەم مانایە لەخۆ دەگرێت: ڕاستگۆیی لە قسەکردندا، وئەمیش پێچەوانەی درۆکردنە، وڕاستگۆیی لە نیەتدا بریتیە لە دڵسۆزی، وڕاستگۆیی لە هیمەت وبێداگیری لە ئەنجامدانی خێر وچاکە، وڕاستگۆیی لە کردەوەدا، وڕاستگۆیی لەوەی ناخ وڕووکەشی وەکو یەك بێت، وڕاستگۆیی لە حاڵەتەکاندا ؛ وەکو ڕاستگۆیی لە ترس وهیوا وهتد، هەرکەسێك ئەم سیفەتانە یان هەندێکیانی تێدا بێت ؛ ڕاستگۆیە.

(٥٥٠٤)

(٢٨٦) – عن جرير بن عبد الله رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ لَا يَرْحَمِ النَّاسَ لَا يَرْحَمْهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٨٦) – لە جەریری کوڕی عبداللهوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی ڕەحم وبەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە؛ ئەوا خوای گەورەیش ڕەحم وبەزەیی بەو کەسەدا نایەتەوە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەوەی ڕەحم وبەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە؛ ئەوا خوای گەورەیش -عز وجل- ڕەحم وبەزەیی بەو کەسەدا نایەتەوە، ڕەحم وبەزەیی بەندە بەرامبەر بەخەڵکی لە گەورەترین هۆکارەکانە بۆئەوەی خوای گەورەیش ڕەحمی پێبکات -سبحانە وتعالی-.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەبەزەیی بوون وڕەحمەت داواکراوە بەرامبەر هەموو زیندەوەرەکان، بەڵام بەتایبەت باسی مرۆڤی کرد بۆ زیاتر گرنگیدان پێیان.
٢. خوای گەورە بەڕەحمە وڕەحم دەکات بە بەندە بەڕەحمەکانی، پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە.
٣. بەزەیی وڕەحمەت بەرامبەر خەڵکی، ئەم دوو بابەتە دەگرێتەوە: سوود پێگەیاندنیان ودوورخستنەوەی زیان لێیان، ومامەڵەکردن لە گەڵیان بەشێوەیەکی جوان ؛ هێندەی لەتوانادایە.

(٥٤٣٩)

(٢٨٧) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهمُ الرَّحمنُ، ارحَمُوا أهلَ الأرضِ يَرْحَمْكُم مَن في السّماءِ»**. [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

(٢٨٧) – لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«بە بەزەییەکان خوای میهرەبان ڕەحمیان پێدەکات، بەڕەحم بن لەگەڵ نیشتەجێبووانی سەر زەوی ؛ ئەو زاتەی لە سەرووی ئاسمانەکانە ڕەحمتان پێدەکات»**. [صەحیحە] - [ئەبو داود وتیرمزی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە ئەوانەی ڕەحم وبەزەییان بەرانبەر خەڵکی هەیە؛ خوای میهرەبان ڕەحمیان پێدەکات بەڕەحمەتی خۆی کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە، پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە.
پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمانیکرد بە بەڕەحم وبەزەیی بوون بەرامبەر بەهەموو ئەوانەی لەسەر زەوین لە مرۆڤ وئاژەڵ وباڵندە وجۆرەکانی تری زیندەوەر، و لەپاداشتی ئەم کردەوەیە خوای میهرەبان لەسەرووی ئاسمانەکانەوە ؛ ڕەحمیان پێدەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەحمەت ومیهرەبانیە، و بەگشتی بنیات نراوە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی الله وچاکەکاری بەرامبەر خوڵقێنراوەکان.
٢. خوای گەورە -عز وجل- سیفەتی ڕەحمەت ومیهرەبانی هەیە، و لەناوەکانی (الرحمان، والرحیم) واتا: (بەڕەحم ومیهرەبان)، و بەڕەحمەتە لەگەڵ بەندەکانی.
٣. پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە، بەڕەحم و بەبەزەییەکان ؛ خوای گەورە ڕەحمیان پێدەکات.

(٨٢٨٩)

(٢٨٨) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«المُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ المُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ، وَالمُهَاجِرُ مَنْ هَجَرَ مَا نَهَى اللَّهُ عَنْهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٨٨) – لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوە مسوڵمانە کە مسوڵمانان لە زمان ودەستی پارێزراو بن، وکۆچکار (موهاجیر) ئەو کەسەیە کە کۆچ بکات (دوور بکەوێتەوە) لەو شتانەی کە خودا نەهی لێکردووە»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە مسوڵمانی کامڵ لە ئیسلامەتیدا ئەوەیە کە مسوڵمانان (لە زمانی پارێزراون): جوێنیان پێنادات، ونەفرەتیان لێناکات، وغەیبەتیان ناکات، و بەزمانی ئاژاوە وئازار نانێتەوە لەنێوانیان.

(ولە دەستی پارێزراون): دەستدرێژی ناکاتە سەریان، وماڵ وسامانایان بە ناهەق نابات، وهتد.

وکۆچکار (موهاجیر) ئەو کەسەیە کە کۆچ بکات ودوور بکەوێتەوە لەو شتانەی کە اللە حەرامی کردووە -سبحانه وتعالى-.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەو کاتە مرۆڤ بە کامڵی ئاینی ئیسلامی جێبەجیکردووە ؛ کە هەرگیز زیان نەدات لە خەڵکی، جا زیانلێدانی هەستپێکراو یان واتایی بێت.

٢. بەتایبەت باسی زمان ودەست کراوە ؛ چونکە زۆر هەڵە دەکەن وزۆر زیان دەگەیەنن، وزۆرینەی شەڕ وخراپەکان بەهۆیانەوە ڕوودەدات.

٣. ئامۆژگاری کردن بە وازهێنان لە تاوان وگوناهەکان، وخۆ پابەندکردن بەوەی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- فەرمانی پێکردووە.

٤. باشترین مسوڵمان ئەوەیە کە مافەکانی خوای گەورە جێبەجێ دەکات -سبحانه وتعالى- ومافەکانی مسوڵمانانیش جێبەجێ دەکات.

٥. دەستدرێژی کردن وسنوور تێپەڕاندن لەوەیە بە قسە یان کردەوە بێت.

٦. کۆچی کامڵ وتەواو بریتیە لە دوورکەوتنەوە و بەجێهێشتنی ئەو شتانەی خوای گەورە حەرامی کردووە -سبحانه وتعالى-.

(١٠١٠١)

(٢٨٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: «حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلَامِ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ». [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٨٩) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ كه دەیفەرموو: **«مافی مسوڵمان له سەر مسوڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی سەلامکردن، وشوێنکەوتنی جەنازە، و وەڵامدانەوەی بانگهێشت کردنی بۆ خوان (دەعوەتکردن)، و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە دەپژمێت و(دەڵێت: الحمد لله، پێی بڵێیت: یرحمک الله)».** [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی هەندێک مافەکانی مسوڵمان دەکات لەسەر برای مسوڵمانی.

مافی یەکەم: وەڵامدانەوەی سەلامکردنی هەرکەسێک کە سەلامت لێ دەکات.

مافی دووەم: سەردانیکردنی نەخۆش ودڵدانەوەی.

مافی سێیەم: شوێنکەوتنی جەنازە لەماڵەوە بۆ شوێنی نوێژکردن لەسەری وپاشان هەتاوەکو دەخرێتە گۆڕەوە.

مافی چوارەم: وەڵامدانەوەی بانگهێشت کردنت بۆ خواردنی نانی هاوسەرگیری وهەر خواردنێکی تربێت.

مافی پێنجەم: وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە دەپژمێت ودەڵێت: (الحمد لله) واتە: (حەمد وستایش بۆ الله)، پێی بڵێیت: (یرحمک الله) واتە: (خوای گەورە ڕەحمت پێبکات)، پاشان ئەوەی پژمی دەڵێت: (یهدیکم الله ویصلح بالکم) واتە: (خودا هیدایەتتان بدات وکاروبارتان باش بکات).

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاماژەیە بۆ مەزنی ئاینی ئیسلام کاتێك جەخت دەکاتەوە لەسەر مافەکان لەنێوان مسوڵمانان، و پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی وخۆشەویستی له نێوانیان.

(٣٧٠٦)

(٢٩٠) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٩٠) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو ئیمان دەهێنن، وئیمان ناهێنن هەتاوەکو یەکترتان خۆش دەوێت، ئایا شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن (بەهۆیەوە) یەکتریتان خۆش دەوێت؟ سەلام کردن له نێوانتان بڵاو بکەنەوە»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە تەنها ئیماندار دەچێتە بەهەشتەوە، وئیمان کامڵ نابێت وحاڵی کۆمەڵگا باش نابێت هەتاوەکو مسوڵمانان یەکتریان خۆشدەوێت. پاشان ﷺ ڕێنموێنی کردووە بۆ باشترین شت کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی ئەویش بریتیە لە سەلامکردنی مسوڵمانان لەیەکتر، کە خوای گەورە سەلام کردنی بۆ ڕێز گرتن داناوە لەنێو بەندەکانی.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. چوونە بەهەشت تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە ئیمانیان -باوەڕیان- هەیە.
٢. لە کامڵی ئیمانە کاتێک مسوڵمان هەرچیەک بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت.
٣. بڵاوکردنەوەی سەلامکردن لەنێوان مسوڵمانان ؛ سونەتە، وهۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی وئاسایش لەنێوانیاندا.
٤. سەلام تەنها لە مسوڵمان دەکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (بینکم) واتە: (لە نێوانتان).

٥. سەلامکردن دەبێتە هۆی نەهێشتنی: دەنگ دابڕان وپشت لێکردن -هەجرکردن- ورق وکینە.
٦. گرنگی خۆشەویستی لەنێوان مسوڵمانان، وهۆکارێکە بۆ کامڵبوونی ئیمان.
٧. لە فەرموودەیەکی تردا شێوازی تەواوی سەلامکردن هاتووە کە بەم شێوەیە: (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)، وتەنها ووتنی: (السلام عليكم) دروستە.

(٣٣٦١)

(٢٩١) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَيُّ الإِسْلاَمِ خَيْرٌ؟ قَالَ: **«تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وَتَقْرَأُ السَّلاَمَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٩١) – لە عبداللهی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد: چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ ﷺ فەرمووی: **«خواردن ببەخشیت، وسەلام بکەیت لە هەرکەسێک بیناسیت یان نەیناسیت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرا: چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ ئەویش دوو کردەوەی باسکرد:

یەکەم: خواردن بەخشین بە هەژارەکان، ئەمیش خێرکردن ودیاری ومیوانداری و وەلیمە دەگرێتەوە، وفەزڵی زیاتر دەبێت لە ڕۆژی برسێتی وگرانی.

دووەم: سەلامکردن لە هەموو مسوڵمانێك، ئەگەر بیناسیت یان نەیناسیت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەپەرۆشی هاوەڵان بۆ فێربوونی ئەو تایبەتمەندی وکردەوانە لە ئایندا کە سوودی دەبێت بۆ دونیا وقیامەت.

٢. سەلام كردن وخواردن بەخشین لە چاكترینی نێو كردەوەكانن لە ئیسلامدا ؛ چونكە فەزڵ وپلەیان بەرزە لەبەر پێویستی خەڵكی پێیان لە هەموو كاتێكدا.

٣. بەم دوو خەسڵەتە چاكەكاری دێتە دی بە قسە وكردەوە، وئەمەش باشترین شێوازی چاكەكارییە.

٤. ئەم تایبەتمەندی وكردەوانە پەیوەستن بە مامەڵەكردنی نێوان مسوڵمانان، وتایبەتمەندی وكردەوەی تر هەیە سەبارەت بە مامەڵەكردنی بەندە لەگەڵ پەروەردگاری.

٥. دەستپێكردن بە سەلامكردن تایبەتە بە مسوڵمانان، مسوڵمان دەست پێشخەری ناكات بەسەلام كردن لە كافرەكان.

(٥٨٠٨)

(٢٩٢) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللهُ بِهِ الْخَطَايَا، وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ؟»** قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: **«إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ، وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ، وَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ، فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٩٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ هەندێك (كردەوە) كە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەكان خۆشدەبێت وپلەتان بەهۆیانەوە بەرز دەكاتەوە؟»**، ووتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: **«دەستنوێژگرتن (بە شۆردنی ئەندامەكان) بە كامڵی وڕێكی سەرەڕای بوونی ناڕەحەتیش، وزۆر هەنگاو نان بەرەو مزگەوت، وچاوەڕێكردنی نوێژێک پاش تەواو بوونی نوێژێكی تر ؛ چونكە بەڕاستی ئەمەیە پاسەوانی و سەنگەرگرتن بەرامبەر دوژمن (ئەمەیە جیهاد)»**. [صەحیحە]–[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە هاوەڵانی کرد: ئایا دەتانەوێت کردەوەیەکتان پێ بڵێم کە هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکانتان، وبۆ سڕینەوەی لە کتێبی فریشتەکان، وبۆ بەرزبوونەوەی پلەکان لە بەهەشتدا؟

هاوەڵان ووتیان: بەڵێ، دەمانەوێت پێمان بڵێیت. فەرمووی:

یەکەم: دەستنوێژگرتن بە ڕێکی وکاملی لەکاتی نارەحەتی ؛ وەکو سەرما، وکەم ئاوی، وئازاری لاشە، وئاوی گەرم.

دووەم: زۆر هەنگاونان لەماڵەوە یان لە هەرشوێنێکی ترەوە بەرەو مزگەوت، ودووبارە کردنەوەی ئەم کردەوەیە.

سێیەم: چاوەڕێ کردنی کاتی نوێژکردن، وبەستنەوەی دڵ بەم چاوەڕوانیە، وخۆئامادەکردن بۆی، ودانیشتن لە مزگەوت بۆ چاوەڕوانیکردنی نوێژی بەکۆمەڵ، ئەگەر لە مزگەوتدا چاوەڕوانی نوێژ بکات ؛ ئەمیش هەر بە نوێژکردن بۆی دەنووسرێت.

پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە ئەم کردەوانە خۆئامادەکردنی ڕاستەقینەن بۆ جیهاد کردن؛ چونکە ڕێگا ودەرگاکانی شەیتان دادەخات بەرەو نەفس، وزاڵبوونە بەسەر هەوا وئارەزوو، ورێگر دەبێت لە وەسوەسەکانی شەیتان، بەم شێوەیە کۆمەڵی خودا سەردەکەون بەسەر سەربازەکانی شەیتان ؛ ئەمیش گەورەترین جیهادە، بۆیە لە پلەی خۆئامادەکردنە بۆ جیهاد لە سەنگەری دوژمنان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگی بەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوت، وگرنگیدان بە نوێژەکان وبێ ئاگا نەبوون لێیان.

٢. جوانی خستنەڕووی بابەتەکە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ ؛ سەرەتا باسی پاداشتێکی مەزنی کرد بۆ هاوەڵان لەڕێگەی پرسیارەوە، وئەمیش شێوازێکە لە شێوازەکانی فێرکردن.

٣. سوودی خستنەڕووی بابەت بە پرسیار و وەڵام: قسەکان زیاتر جێگیر دەبن لە نەفسدا چونکە گوێگر وەڵامی لا ڕوون نییە وحەز دەکات بۆی ڕوون بێتەوە.

٤. نەوەوی دەڵێت: ئەمە خۆئامادەکردنی ڕاستەقینەیە بۆ جیهاد ؛ کە ئامۆژگاری کراوە بۆ ئەنجامدانی، وشەکە لە زمانی عەرەبیدا (رباط)ە کە بە

مانای بەستنەوە دێت، وەکو ئەوە وایە خۆی بەستبێتەوە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە، ووتراوە: لە باشترین جۆرەکانی خۆئامادەکردنە بۆ جیهاد، هەروەها ووتراوە: جیهادی ڕاستەقینە بریتیە لە جیهادکردنی نەفس، لەوەیە مانای ئەو خۆئامادەکردنە بێت بۆ جیهاد کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت ؛ واتا: ئەمیش جۆرێکە لە جۆرەکانی جیهاد کردن.

٥. لە فەرموودەکەدا وشەی (رباط) دووبارە کراوەتەوە کە بە مانای (خۆئامادەکردن بۆ جیهاد) دێت، ولە پێشیدا ناسێنراوە بە (ال) ی ناساندن؛ ئەمیش بۆ بەگەورەدانانی ئەم کردەوانەیە.

(٣٥٧٤)

(٢٩٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ، خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ، وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ، احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللهِ وَلَا تَعْجَزْ، وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ، فَلَا تَقُلْ لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا، وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ، فَإِنَّ (لَوْ) تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٩٣) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئیمانداری بەهێز خێرترە وخۆشەویستترە لای خوای گەورە لە ئیمانداری لاواز، وهەموویان خێریان تێدایە، پێداگیر بە لەسەر ئەوەی سوودی بۆت هەیە، وداوای یارمەتی لە خوای گەورە بکە وتەمەڵ مەبە، ئەگەر ناخۆشیەکت تووش بوو، مەڵێ ئەگەر ئاوا وئاوام بکردایە، بەڵکو بڵێ: (قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ،)^٨، چونکە ووتنی (ئەگەر) دەرگا بۆ شەیتان دەکاتەوە بۆئەوەی کاری خۆی بکات»**. ^٨(واتە: ئەوەی قەدەری خوای گەورە بوو ڕوویدا، وئەوەی ویستی جێبەجێ بوو). [صەحیحە] – [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیکردەوە کە هەموو ئیماندارێك خێری تێدایە، بەڵام ئیمانداری بەهێز لە ئیمان وهیمەت وسامان بەخشینی وهتد ؛ خێرترە

وخۆشەویستترە لای خوای گەورە -عز وجل- لە ئیمانداری لاواز. پاشان پێغەمبەر ﷺ وەسیەتی ئیمانداری کرد بۆ جێبەجێکردنی هۆکارەکان لەو شتانەی سوودی بۆی دەبێت لە بابەتەکانی دونیا وقیامەت، لەگەڵ متمانە بە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وداوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن لێی، وپشت بەستن وتەوەکول پێی.
دواتر ﷺ نەهی کرد لە تەمەڵی وکەمتەرخەمی وخاوی لە ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی سوودیان هەیە بۆ دونیا وقیامەت. ئەگەر بەندە کۆشش بکات لە کردەوەدا، وهۆکارەکان جێبەجێ بکات، وداوای یارمەتی وبەخشین لە خوای گەورە بکات، لەپاش ئەمە هیچ شتێکی لەسەر نییە جگە لە سپاردنی هەموو شتێك بە الله، ودەبێت بزانێت کە بژاردەی خوای گەورە -عز وجل- ؛ خێرترە، ئەگەر تووشی کارەساتێك بێت، ناڵێت: (ئەگەر ئاوا وئاوام بکردایە) ، (چونکە ووتنی -ئەگەر- دەرگا بۆ شەیتان دەکاتەوە بۆئەوەی کاری خۆی بکات) ؛ لە نارەزایی دەربڕین بەرامبەر قەدەر، وخەفەت خواردن بۆ ئەوەی لەدەستی چووە، بەڵکو بە ملکەچی ورەزامەندییەوە دەڵێت: (قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ) واتە: (ئەوەی قەدەری خوای گەورە بوو ڕوویدا، وئەوەی ویستی جێبەجێ بوو)، ئەوەی ڕوویدا بەپێی ویست وخواستی -ئیرادەی- الله بوو، ئەو زاتە مەزنە چی بیەوێت ؛ جێبەجێی دەکات، وهیچ یەکێك ناتوانێت بڕیاری ئەو ڕەت بکاتەوە، وکەس ناتوانێت بڕیاری ئەو هەڵبوەشێنێتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خەڵکی لە ئیماندا (باوەڕدا) پلەوپایەیان جیاوازە.
٢. بەهێزبوون لە کردەوەکردندا؛ سونەتە، چونکە بەهۆیەوە مرۆڤ هێندە سوودی دەستدەکەوێت کە بەهۆی لاوازبوونەوە هێندەی دەست ناکەوێت.
٣. پێویستە مرۆڤ سوور بێت وهەوڵبدات بۆ ئەو شتانەی کە سوودی بۆی دەبێت، ودوور بکەوێتەوە لەو شتانەی کە سوودی بۆی نییە.
٤. واجبە ئیماندار داوای یارمەتی بکات لە خوای گەورە لە هەموو کاروبارێکیدا، ونابێت تەنها متمانە بە خۆی بکات.

٥. فەرموودەکە جەختکردنەوەی تێدایە سەبارەت بە بوونی(قەزا وقەدەر)، وباوەڕ بە قەزا وقەدەر پێچەوانەی هەوڵدان وجێبەجێکردنی هۆکارەکان نییە.
٦. نەهی کردن لە ووتنی (ئەگەر) لەڕوانگەی ناڕەزایی وتوڕەیی وبێزاری دەربڕین؛ لەکاتی دابەزینی کارەسات وناڕەحەتیەکان، وحەرامێتی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە قەزا وقەدەری خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.

(٥٤٩٣)

(٢٩٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«قَارِبُوا وسَدِّدُوا، واعلَمُوا أَنَّه لَن يَنجُو أَحَد مِنكُم بِعَمَلِهِ»** قالوا: ولا أنت يا رسول الله؟ قال: **«ولاَ أَنَا إِلاَّ أَن يَتَغَمَدَنِي الله بِرَحمَة مِنْه وَفَضل»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٩٤) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: **«بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت»**، ووتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: **«تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئیستیقامەت (پابەندبوون بە ڕێگای ڕاستی هیدایەت) بە گوێرەی توانایە، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە)، واتا: کۆشش بکەن بۆ ئەوەی کردەوەکانتان هەق بپێکێت بە گوێرەی تواناتان، چونکە مرۆڤ هەرچەندە تەقوادار وپارێزکار بێت هەر هەڵە دەکات، بۆیە مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بە گوێرەی توانای کردەوەکە بکات.
پاشان -صلى الله علیه وسلم- فەرمووی: (وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت)، واتا: هیچ کەسێک بەهۆی کردەوەکانیەوە لە دۆزەخ ڕزگاری

نابێت، چونکە کردەوە هەرچەندێک زۆر بێت ناگاتە پلەی کاملی سوپاسگوزاری بۆ خوای گەورە، وناگاتە پلەی کاملی جێبەجێکردنی مافەکانی الله لەسەر بەندەکانی ؛ بەڵام خوای گەورە بەندە دادەپۆشێت بە ڕەحمەتی خۆی بۆ ئەوەی لێی خۆشبێت.
کاتێک فەرمووی: (وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت)، ووتیان پێی: تەنانەت تۆیش؟! فەرمووی: (تەنانەت منیش)، واتا: بە هەمان شێوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یش بە هۆی کردەوەکانیەوە ڕزگاری نابێت، وئەمەی ئاشکرا کرد کاتێک فەرمووی: (مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت)، بۆیە مرۆڤ هەرچەندێک پلەی بەرز بێت؛ بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت تەنانەت پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر ڕەحمەت ولێخۆشبوونی خوای گەورە نەبوایە لە هەموو کردەوەکانی پێشوو وپاشتری؛ ئەوا بە هۆی کردەوەکانی خۆی ڕزگاری نەدەبوو.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نەوەوی دەڵێت: کاتێك دەفەرموێت: (بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن ولێی نزیک بنەوە)؛ واتا: بەدوای ڕێگا ڕێك وتەواوەکە بگەڕێن، وکردەوەی پێبکەن، ئەگەر نەتانتوانی ئەمە بکەن، ئەوا (لێی نزیك بنەوە)؛ هێندەی دەتوانن، (ڕێبازی ڕاست -السداد-)؛ واتا چاکترین ڕێگا، ئەمیش لەنێوان زیادەڕەوی وکورتڕەویدایە، بۆیە زێدەڕۆ وکەمتەرخەم مەبن.
٢. ئبن باز دەڵێت: کردەوە چاکەکان هۆکاری چوونە بەهەشتن، هەروەکو چۆن کردەوە پیسەکان هۆکاری چوونە دۆزەخن، فەرموودەکە ڕوونیدەکاتەوە کە چوونە بەهەشتیان تەنها بە هۆی کردەوە نییە، بەڵکو دەبێت لێبووردەیی ورەحمەتی الله ی لەگەڵدابێت، ئەوان چوونە بەهەشتەوە بەهۆی کردەوەکانیان، بەڵام ڕەحمەت ولێبووردەیی ولێخۆشبوونی پەروەدگار چوونە بەهەشتی بۆیان مسۆگەر کرد.
٣. بەندە هەرگیز تووشی خۆبەگەورەزانین وسەرسامبوون نابێت بە نەفسی خۆی هەرچەندە کردەوەکەیشی گەورە بێت؛ چونکە مافی پەروەرگار گەورەترە لە کردەوەکەی، بۆیە بەندە دەبێت بترسێت وهیوای بە ڕەحمەتی خوای گەورە هەبێت لە هەمان کاتدا.

٤. فەزڵی خوای گەورە ورەحمەتی بەرامبەر بە بەندەکانی فراوانتر وزۆرترە لە کردەوەکانی بەندەکان.
٥. کردەوە چاکەکان تەنها هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، وبردنەوە وچوونە بەهەشت لە ڕاستیدا بە فەزڵ ورەحمەتی خوای گەورەیە.
٦. کیرمانی دەڵێت: هەموو خەڵکی ناچنە بەهەشتەوە مەگەر بە ڕەحمەتی الله نەبێت، وباسکردنی پێغەمبەر ﷺ بەتایبەتی لەم فەرموودەیەدا؛ لەو ڕوانگەوەیە کە ئەگەر ئەو بۆی مسۆگەر کراوە کە دەچێتەوە بەهەشتەوە، وناچێتە نێویەوە مەگەر بە ڕەحمەتی الله نەبێت؛ ئەوا جگە لە ئەو ئەم مانایەی زیاتر بەسەردا جێبەجێ دەبێت.
٧. نەوەوی دەڵێت: سەبارەت بە مانای ئەم ئایەتانەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: ﴿بچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەوەی کە دەتانکرد (لە دونیادا)﴾ [النحل: ٣٢]، ﴿وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: ﴿وئەوە ئەو بەهەشتەیە کە بۆ ئێوە ماوەتەوە (پێتان دراوە) بەهۆی ئەو کردەوانەی کە دەتانکرد﴾ [الزخرف: ٧٢]، وهاوشێوەی ئەم ئایەتانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کردەوەکان هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، وپێچەوانەی ئەم فەرموودانە نین، بەڵکو مانای ئایەتەکان ئەوەیە کردەوەکان هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، پاشان ڕێنموێنی کردن بۆ ئەنجامدانی کردەوەکان ودڵسۆزبوون تێیدا وقبوڵکردنی هەموو ئەمانە بەڕەحمەت وفەزڵی الله یە -سبحانە وتعالى-، بۆیە ڕاستە کە تەنها بەهۆی کردەوەی نەچووە بەهەشت، ئەمە مەبەستە لە فەرموودەکان، هەروەها ڕاستیشە کە کردەوەکان هۆکارێکن بۆ چوونە بەهەشت؛ ئەمیش لە ڕەحمەتی خوداوەیە.
٨. ئیبن جەوزی دەڵێت: ئەمە ئاماژە بۆ چوار سەرەنجام دەکات:
یەکەم: ڕێنموێنی کردن بۆ کردەوە لە ڕەحمەتی خوداوەیە، ئەگەر ڕەحمەتی الله نەبێت لەپێشدا ئەوا باوەڕی نەدەبوو وپەرستنی ئەنجام نەئەدا کە بەهۆیانەوە ڕزگاری دەبێت.

دووەم: ئەو شتانەی بەندە سوودی لێوەردەگرێت گەورەکەی خاوەنێتی؛ بۆیە کردەوەکانی شایستەیە بۆ گەورەکەی -بۆ پەروەردگاری- بێت، بۆیە پەروەردگاری هەرچەندە پاداشتی پێببەخشێت لە فەزڵی خۆیەتی.
سێیەم: لە هەندێك فەرموودەدا هاتووە کە خودی چوونە بەهەشت بە ڕەحمەتی الله یە، دابەشکردنی پلەکان بەپێی کردەوەکانە.
چوارەم: ئەنجامدانی پەرستنەکان لە ماوەیەکی دیاریکراوە، وپاداشت نەبڕاوەیە بۆیە بەخشینی نیعمەت کە نەبڕاوەیە وەکو پاداشتێك بەرامبەر ئەوەی دیاریکراوە؛ ئەمە فەزڵ وبەخشندەییە نەك بەرامبەر بە کردەوەکان بێت.
٩. رافیعی دەڵێت: ئەوەی کردەوە ئەنجامدەدات نابێت تەنها پشت بە کردەوەکەی ببەستێت بۆ ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی پلە بەرزەکان؛ چونکە ئەو بەهۆی ڕێنموێنی الله کردەوەی ئەنجامدا و وازی لە سەرپێچی هێنا بەهۆی پاراستنی الله وە، بۆیە هەموو ئەمانە لە فەزڵ وڕەحمەتی خوداوەیە.

(٣٤٦٩)

(٢٩٥) – عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:
**«مَا زَالَ يُوصِينِي جِبْرِيلُ بِالْجَارِ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٩٥) – لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«جبریل -علیه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەکردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو کە دەیکات بە میراتگریش»**. [صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە جبریل -علیه السلام- بەردەوام دووبارەی دەکردەوە وفەرمانی پێدەکرد کە گرنگی بەدراوسێ بدات، مسوڵمان یان کافر ، خزم یان بیانی بێت، ئەم گرنگیدانە بە پاراستنی مافەکانی وئازار نەدانی دێتە دی، وهەروەها چاکەکار بوون بەرامبەری وئارامگرتن لەسەر ئازاردانی، تەنانەت بەهۆی زۆری دووبارە وفەرمانکردن لەلایەن جبریلەوە سەبارەت بە ئەم بابەتە؛

پێغەمبەر ﷺ پێی وابوو وەحی دادەبەزێت کە فەرماندەکات بە بەخشینی بەشێک لە میرات بەدراوسێ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گەورەیی مافی دراوسێ و واجبە گرنگی بە ئەم مافە بدرێت.
٢. زۆر جەختکردنەوە لەسەر مافی دراوسێ بە وەسیەت وئامۆژگاریکردن لەجبریلەوە ؛ مانای ئەوەیە کە گرنگە ڕێزی لێبگیرێت وخۆشەویستی بۆی هەبێت وچاکەکاری بەرامبەر بکرێت، وزیانی لە سەر لابدرێت، وسەردانی نەخۆشی بکرێت، وپیرۆزبایی لێبکرێت لە کاتی خۆشیدا، ودڵدانەوە هەبێت بۆی لە کاتی ناخۆشیدا.
٣. هەرچەندە دەرگای دراوسێ نزیکتر بێت ئەوا مافی زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە.
٤. تەواوی وکەماڵی شەریعەت لەوەی پێی هاتووە کە دەبێتە هۆکاری چاککردنی کۆمەڵگا ؛ لەوانەش چاکەکاری بەرامبەر دراوسێ ولابردنی زیان لەسەری.

(٤٩٦٥)

(٢٩٦) – عن أبي الدرداء رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ رَدَّ اللهُ عَنْ وَجْهِهِ النَّارَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»**. [صحيح] - [رواه الترمذي وأحمد]

(٢٩٦) – لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک بەرگری لە کەسایەتی برا ئامادەنەبووەکەی بکات؛ ئەوا خوای گەورە دەموچاوی دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەتدا»**. [صەحیحە] - [تیرمزی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک بەرگری لە ناموس وناوبانگی برا ئامادەنەبووەکەی بکات، بەوەی ڕێگر بێت لە سەرزەنشتکردنی وتانەلێدانی، ئەوا خوای گەورە لە سزا وئازارەکانی ڕۆژی قیامەت دەیپارێزێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. قسەکردن سەبارەت بە ناوبانگی (ناموس وشەرەفی) مسوڵمانان ؛ نەهی لێکراوە.

٢. پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە، ئەوەی بەرگری لە کەسایەتی براکەی بکات ئەوا خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ دەیپارێزێت.
٣. ئیسلام ئاینی برایەتی وسەرخستنە لەنێوان مسوڵماناندا.

(٥٥١٤)

(٢٩٧) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«لا يؤمنُ أحدُكم حتى يحبَّ لأخيه ما يحبُّ لنفسِه»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٢٩٧) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت هەتاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

ئیمانداڕێک کە باوەڕی کامڵ بێت دەبێت ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت، واتای ئەم خۆشەویستیە ئەوەیە کە دڵی براکەی بداتەوە لە هەموو شتێکدا کە سوودی بۆی هەیە؛ لە ئاین ودونیادا، لە ئامۆژگاری کردن وڕێنمونی کردن بۆ خێر وچاکە ونەهی کردن لە خراپە، وهەر شتێک زیان وکەموکورتی تێدا بێت پێویستە ئامۆژگاری بکات بۆ ئەوەی لێی بە دوور بێت، وجگە لەم هەڵسوکەوت وڕەوشتانە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوانیان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبە مرۆڤ چی بۆ خۆی پێی خۆشە ؛ بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت، چونکە نەفی کردن ونەبوونی ئیمان لە ئەو کەسەی کە ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەی پێی خۆش نیيە؛ مانای ئەوەیە ئەمە واجبە.
٢. برایەتی لە پێناو الله لەسەرووی برای ڕەچەڵەکە ؛ بۆیە مافەکانی واجبترە.
٣. حەرامبوونی هەموو شتێک کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەم خۆشەویستیە لە قسە وکردەوەکان وەکو فێڵکردن وغەیبەت کردن وحەسوودی بردن ودەستدرێژی کردنە سەر مسوڵمان یان ماڵ وسامانی یان کەسایەتی وشەرەفی.

٤. بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەی هاندەر لەسەر ئەم کردەوەیە وەکو: (بۆ براکەیشی).
٥. کیرمانی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: هەروەها ئەوەی بۆ خۆی پێی ناخۆشە بۆ براکەیشی پێی ناخۆش بێت ؛ ئەمیش لە ئیمانەوەیە، لە فەرموودەکەدا باسی نەکرد چونکە خۆشویستنی شتێك ئاماژەیە بۆ ڕق لێبوون لە دژەکەی، بۆیە باس نەکردنی بەهۆی ئەم ئاماژەیە بووە.

(٤٧١٧)

(٢٩٨) – عن عائشة رضي الله عنها زوج النبي صلى الله عليه وسلم عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٢٩٨) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«نەرم ونیانی لە هەرشتێکدا هەبێت؛ ئەوا دەیڕازێنێتەوە، وئەگەر لە هەر شتێکیش دەربکرێت؛ ئەوا ناشیرینی دەکات»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە نەرمونیانی و لەسەرخۆیی لە قسە وکردەوە شتەکان جوانتر وکامڵتر دەکات، و بەهۆیەوە پێویستیەکان جێبەجێ دەبێت. ونەرمونیان نەبوون شتەکان ناشیرین وعەیبدار دەکات، وڕێگر دەبێت لەوەی پێویستە جێبەجێ ببێت، ئەگەرچیش بۆی جێبەجێ ببێت ئەوا بەقورسی وناڕەحەتیەوە بەدەست دێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری بۆ خۆڕازاندنەوە بە نەرم ونیانی.
٢. نەرم ونیانی مرۆڤ دەڕازێنێتەوە، وهۆکارە بۆ هەموو خێرێک لە بابەتەکانی ئاین ودونیا.

(٥٧٩٦)

(٢٩٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم :
**«إن الدين يسر، ولن يشاد الدين إلا غلبه، فسددوا وقاربوا وأبشروا، واستعينوا بالغدوة والروحة وشيء من الدلجة».**

وفي رواية: **«سددوا وقاربوا، واغدوا وروحوا، وشيء من الدلجة، القصد القصد تبلغوا».** [صحيح] - [رواه البخاري]

(٢٩٩) – له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:
**«دینداری ئاسانە، هەركەسێک دینداری (ئاینداری) لەسەر خۆی گران بكات وبە زیادەڕەوی وزۆر بە توندی بیگرێت؛ ئەوا ئاینەكە كۆڵی پێدەدات؛ جا بۆیە ڕێگای ڕاست بگرن وئەوەندەی بۆتان دەكرێت لە ئەنجامدانی چاكەكاری درێغی مەكەن وموژدەتان لێبێت، وتێبكۆشن بۆ خودا پەرستی لەم سێ كاتەدا بەیانیان وپاش نیوەڕوان وشەوان».**
وله ریوایەتێكدا: **«ڕێگای ڕاست بگرن وئەوەندەی بۆتان دەكرێت لە ئەنجامدانی چاكەكاری درێغی مەكەن وموژدەتان لێبێت، وتێبكۆشن بۆ خودا پەرستی لە بەیانیان وپاش نیوەڕوان وكاتێک لە شەواندا، میانڕەو بن، میانڕەو بن؛ بۆ ئەوەی بگەن بە مەبەست (بگەن بە بەهەشت)».** [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

هەركەسێک زیادەڕەوی بكات وزۆر لە خۆی بكات لە كردەوە وپەرستنەكان ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لاواز بوونی وپچڕانی لە ئەنجامدانی هەموو كردەوەكە یان هەندێكی، بۆیە مامناوەندی داوا كراوە بە بێ زیادەڕەوی، وئەگەر نەتانتوانی كردەوەكە بە كاملی ئەنجامبدەن ئەوا بە پێی تواناتان ئەنجامی بدەن، ومژدە بێت بۆتان لە سەر كردەوەی بەردەوام ئەگەر كەمیش بێت، وكاتەكانی سەرقاڵ نەبوون وچالاک بوونتان بەهەل بزانن بۆ ئەنجامدانی پەرستنەكان وكردەوە چاكەكان. كاتێک ﷺ دەفەرموێت: (هەركەسێک دینداری (ئاینداری) لەسەر خۆی گران بكات وبە زیادەڕەوی وزۆر توندی بیگرێت؛ ئەوا ئاینەكە كۆڵی

پێدەدات)؛ چونكە شێوازەكانی پەرستن وزیاد كردنی دینداری زۆرن بۆیە زۆر لە خۆكردن دەبێتە هۆی لاواز بوون وبێ توانایی.
فەرمانی كردووە بە چوون بۆ مزگەوت بە بەیانیان (بۆ نوێژی بەیانی) ولە كاتی ناوەڕاستی ڕۆژ (بۆ نوێژی نیوەڕۆ) ولە كاتی نزیک دەمەو ئێوارە (بۆ نوێژی عەسر) ولە كاتی تاریكاییدا (بۆ نوێژی مەغریب وعیشا)، مسوڵمانی پابەند بە ڕێگای ڕاست چواندی بە مرۆڤێک لە كاروباری دونیایدا، كاتێک ماوەیەک كاردەكات وپاشان ماوەیەک دەحەسێتەوە، وبەهەمان شێوە لە شەودا سەفەر دەكات ئەگەر هیلاک بوو دادەبەزێت وبۆ ماوەیەک دەحەسێتەوە، بەهەمان شێوە لە ڕێگای نزیک بوونەوە لە پەروەردگار پێویستە مرۆڤ بە هەمان شێوە بێت وزۆر لە خۆی نەكات، وئەوەی لە توانایدایە جێبەجێی بكات بە بێ زیادەڕەوی وبە بێ كورتڕەوی.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. ئاسانكاری ولێبووردەیی شەریعەتی ئیسلامی، ومامناوەند بوونی لەنێوان زیادەڕەوی وكورتڕەویدا.
٢. دەبێت بەندە فەرمانەكان جێبەجێی بكات هێندەی دەتوانێت، بەبێ شلڕەوی وبە بێ توندڕەوی.
٣. دەبێت بەندە ئەو كاتانە هەڵبژێرێت كە تێیدا چالاكە لە پەرستندا، وئەم سێ كاتە بەتایبەتی لە ئاسانترین كاتەكانن لەسەر لاشە بۆ ئەنجامدانی پەرستن.
٤. ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێت: وەكو ئەوە وایە پێغەمبەر ﷺ وتارەكەی بۆ ڕێبوارێك بێت بۆ مەبەستێك ئەم ڕێنموێنیانەی دەكات، وئەم سێ كاتە باشترینن بۆ سەفەر كردن، بۆیە ڕێنموێنی كرد بۆ ئەو كاتانەی تێیدا چالاكە؛ چونكە ئەگەر بە شەو وڕۆژ سەفەر بكات ئەوا ماندوو دەبێت وبەردەوام نابێت، بەڵام ئەگەر لەم كاتانەدا سەفەر بكات كە تێیدا چالاكە ئەوا بەردەوام دەبێت بەبێ نارەحەتی.
٥. ئیبن حەجەر دەڵێت: لەم فەرموودەیەدا ئاماژە كراوە بۆ جێبەجێكردنی ڕوخسەتە شەرعییەكان، چونكە پێداگیری لەسەر شتێك لەكاتی بوونی ڕوخسەتدا ؛ ئەمە زیادەڕەوییە، وەكو كەسێك وایە كە واز لە تەیەموم كردن دەهێنێت لەكاتێكدا ناتوانێت ئاو بەكاربهێنێت بۆیە كاتێك ئاو بەكاردەهێنێت زیانی پێدەگات.

٦. ئیبن مونیر دەڵێت: ئەم فەرموودەیە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی، ئێمە وئەوانەی پێش ئێمەیش بینیمان ؛ هەرکەسێك زیادەڕەوی بکات لە ئایندا ئەوا بەردەوام نابێت، مەبەست ڕێگرتن لە بەدەستهێنانی کامڵترین نییە لە پەرستنەکاندا چونکە ئەمە شتێکی چاکە، بەڵکو ڕێگرتنە لە زیادەڕەوی کە سەرەنجامەکەی بێزاریە، یان زیادەڕەوی لە سونەتەکاندا کە ببێتە هۆی وازهێنان لە باشتر، وەکو کەسێك بەدرێژایی شەو نوێژ دەکات ودواتر دەخەوێت؛ وئەمە دەبێتە هۆی ئەنجام نەدانی نوێژی فەرز -نوێژی بەیانی- لەگەڵ جەماعەتدا یان لەکاتی خۆیدا پاش ئەوەی خۆر دەردەچێت.

(٥٧٩٥)

(٣٠٠) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**يَسِّرُوا وَلَا تُعَسِّرُوا، وَبَشِّرُوا وَلَا تُنَفِّرُوا**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٠٠) – لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**ئاسانکاری بکەن وکارەکان قورس مەکەن، موژدە بدەن وخەڵک مەڕەتێنن**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرماندەکات بە ئاسانکاری لەسەر خەڵکی وگران وقورس نەکردنی ئەرکەکان لەسەریان لەبابەتەکانی ئاین ودونیا، ئەمیش لەسنووری ئەوەی خودا ڕێگەی پێ دابێت ولەشەریعەتی فەرمانی پێ کردبێت.
وئامۆژگاریان دەکات لەسەر موژدەدان بە خێر، ونەڕەتاندنی خەڵکی لە شەریعەتەکەی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبە لە سەر ئیماندار کە وا لە خەڵکی بکات خوای گەورەیان خۆش بوێت، وهانیان بدات بۆ کرەوەی چاك وخێر.
٢. پێویستە کەسی بانگخواز بۆ لای خوای گەورە بە داناییەوە بڕوانێتە مەسەلەی بانگەواز کردنی خەڵکی بۆ ئاینی ئیسلام.
٣. موژدەدان هۆکاری ئاسوودەیی وبەرەو پیرچوون ودڵنیاییە بۆ بانگخواز، وهەروەها هۆکارە بۆ قبوڵکردنی ئەو شتەی کە بانگخواز بۆ خەڵکی یدەخاتە ڕوو.

٤. كار قورسكردن له سەر خەڵكی هۆكارە بۆ ڕەتاندان وپشت هەڵكردن و گومانكردن له قسەكانی بانگخواز.
٥. فراوانی ڕەحمەتی خوای گەورە بە بەندەكانی كە ئاینێكی لێبوردە وشەریعەتێكی ئاسانی بۆیان داناوە.
٦. ئەو ئاسانكاریەی فەرمانپێكراوە ئەوەیە كە شەریعەت پێی هاتووە.

(٥٨٦٦)

(٣٠١) – عن أنس رضي الله عنه قال: كُنَّا عِنْدَ عُمَرَ فَقَالَ: **«نُهِينَا عَنِ التَّكَلُّفِ»**.

[صحيح] - [رواه البخاري]

(٣٠١) – له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەلای عومەر بووین، ووتی: **«نەهیمان لێكراوە ئەركی نارِەحەت بخەینە ئەستۆی خۆمان»**.

[صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە لێیان ئەركی نارِەحەت بخەنە ئەستۆی خۆیان چونكە بارگرانی سەختی تێدایە بۆ سەر نەفس ؛ مەگەر پێویست وناچار بن، ئینجا ئەگەر ئەركە نارِەحەتەكە -تەكەلوفەكە- ؛ قسە یان كردەوە بێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. لەو تەكەلوفانەی نەهی لێكراوە: زۆر پرسیاركردن، یان تەكەلوف كردن لەشتێك كە زانست سەبارەتی نەبێت، یان توند بێت لە بابەتێكدا كە خوای گەورە ئاسان وفراوانی كردووە.
٢. دەبێت مسوڵمان خۆی ڕابهێنێت لەسەر لێبووردەیی وتەكەلوف نەكردن لە وتە وكردەوە: لە خواردن وخواردنەوە وقسە وهەموو حاڵەتەكانیدا.
٣. ئیسلام ئاینی ئاسانكارییە.

(٨٩٤٥)

(٣٠٢) – عن ابن عمر رضي الله عنهما أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: «**إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَأْكُلْ بِيَمِينِهِ، وَإِذَا شَرِبَ فَلْيَشْرَبْ بِيَمِينِهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ، وَيَشْرَبُ بِشِمَالِهِ**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٠٢) – له عبداللّٰهی كوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**ئەگەر یەكێكتان خواردن خوارد ئەوا با بەدەستی ڕاستی بیخوات، وئەگەر خواردنەوەی خواردەوە ئەوا با بەدەستی ڕاستی بیخواتەوە، چونكە شەیتان بە دەستی چەپی دەخوات، و بەدەستی چەپی دەخواتەوە**». [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرمان دەكات بە مسوڵمان بەوەی بەدەستی ڕاست خواردن وخواردنەوە بخوات، ونەهی كردووە لەخواردن وخواردنەوە بەدەستی چەپ؛ چونكە ئەمە كاری شەیتانە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. نەهی كردن لە خۆچواندن بە شەیتان ؛ ئەمیش بە خواردن یان خواردنەوە بەدەستی چەپ.

(٥٨١٢٢)

(٣٠٣) – عن عُمر بن أبي سلمة رضي الله عنه قال: كُنْتُ غُلَامًا فِي حَجْرِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَكَانَتْ يَدِي تَطِيشُ فِي الصَّحْفَةِ، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**يَا غُلَامُ، سَمِّ اللهَ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ**» فَمَا زَالَتْ تِلْكَ طِعْمَتِي بَعْدُ. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٠٣) – له عومەری كوڕی ئەبی سەلەمەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: غوڵامێك بووم (غوڵام: واتا كوڕی منداڵ لەنزیک تەمەنی هەرزەكاری) ؛ پێغەمبەر ﷺ گرنگی بە بەخێوكردنم دەدا، ودەستم دەبرد بۆ هەموو لایەكانی

سینی خواردن، پێغەمبەر ﷺ پێمی فەرموو: **«ئەی غوڵام، ناوی خودا بهێنە (بڵێ: بسم الله)، و بەدەستی ڕاستت بخۆ، ولە پێشی خۆتەوە بخۆ».** لەو کاتەوە من بەو شێوەیە خواردن دەخۆم. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە -ڕەزای خوایان لێبێت- کوڕی خێزانی پێغەمبەر ﷺ بوو؛ ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە لەژێر سەرپەرشتیاری وپەروەردەکردنی پێغەمبەر ﷺ بوو، لەکاتی خواردن دەستی دەبرد بۆ هەموو لایەکانی سینی خواردنەکە بۆئەوەی خواردن بۆ خۆی بهێنێت وبیخوات، پێغەمبەر ﷺ فێری کرد کە ئەدەبەکانی خواردن سێ شتە:

یەکەم: ووتنی (بسم الله) لەسەرەتای خواردن.

دووەم: خواردن بەدەستی ڕاست.

سێیەم: خواردن لەلای خۆتەوە ودەست نەبردن بۆ لایەکانی تر.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. لە ئادابەکانی خواردن وخواردنەوە: ووتنی: (بسم الله) لە سەرەتادا.

٢. منداڵان فێری ئاداب وهەڵسوکەوتە جوانەکان دەکرێن، بەتایبەت ئەگەر لەژێر سەرپەرشیاریدا بن.

٣. نەرمونیانی پێغەمبەر ﷺ، وسینگ فراوانی لەفێرکردنی منداڵان وپەروەردەکردنیان.

٤. لە ئادابەکانی خواردن ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێشی خۆیەوە خواردن بخوات، ودەست نەبات بۆ خواردنی پێش کەسێکی تر کە تایبەتە بە ئەو کەسە، بەڵام ئەگەر خوانەکە خواردنی جۆراوجۆری بوو ؛ ئاساییە بەشی خۆی بهێنێت.

٥. پابەند بوونی هاوەڵان بەو ئادابانەی کە پێغەمبەر ﷺ فێریانی کردبوو، وئەمەش وەرگیراوە لە وتەی عومەر کە دەڵێت: لەو کاتەوە من بەو شێوەیە نان دەخۆم.

(٥٨١٢٠)

(٣٠٤) – عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «**إِنَّ اللهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الْأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٠٤) – له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: «**خوای گەورە لە بەندە ڕازی دەبێت بەهۆی ئەوەی کاتێک بەندە خواردنێک دەخوات ؛ حەمد وسوپاسی خودا دەکات، وخواردنەوەیەک دەخواتەوە ؛ حەمد وسوپاسی خودا دەکات**».
[صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر بەندە حەمد وسوپاسی پەروەردگاری بکات لەسەر ئەو فەزڵ ونیعمەتانەی بەخشیوویەتی پێی ؛ ئەمە لەو شتانەیە کە دەبێتە هۆی ڕازیبوونی الله لە بەندەکەی. کاتێک خواردن دەخوات؛ دەڵێت: الحمد لله، وکاتێک خواردنەوە دەخواتەوە؛ دەڵێت: الحمد لله.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەخشندەیی وڕێزلێنانی خوای گەورە لە نەوەکانی ئادەم، ئەو زاتە ڕزق وڕۆزی دەبەخشێت و لەبەرامبەردا تەنها داوای حەمد وستایش دەکات -سبحانه وتعالى-.
٢. ڕازی بوونی خوای گەورە لەوەیە بە هۆی کەمترین شتەوە جێبەجێ ببێت وەکو حەمد وسوپاسکردنی خوای گەورە لە پاش خواردن وخواردنەوەکان.
٣. لە ئادابەکانی خواردن وخواردنەوە: حەمد وستایشکردنی خوای گەورە لەپاش هەموو خواردن وخواردنەوەیەک.

(٥٧٩٨)

(٣٠٥) – عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ رضي الله عنه: أَنَّ رَجُلًا أَكَلَ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشِمَالِهِ، فَقَالَ: **«كُلْ بِيَمِينِكَ»**، قَالَ: لَا أَسْتَطِيعُ، قَالَ: **«لَا اسْتَطَعْتَ»**، مَا مَنَعَهُ إِلَّا الْكِبْرُ، قَالَ: فَمَا رَفَعَهَا إِلَى فِيهِ. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٠٥) – لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: **«بە دەستی ڕاستت بخۆ»**، ئەویش ووتی: ناتوانم، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: **«هەر نەتوانیت»**، هیچ شتێک ڕێگری لێنەکرد جگە لە خۆبەگەورەزانین نەبێت، بۆیە چیتر نەی دەتوانی دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە بۆ دەمی. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

### شیکردنەوە:

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پیاوێکی بینی بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، فەرمانی پێکرد بەوەی بەدەستی ڕاستی خواردن بخوات، پیاوەکە بە لوت بەزی ودرۆوە وەڵامی دایەوە بەوەی ناتوانێت! پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نزای لێکرد بەوەی بێبەش بکرێت لە خواردن بەدەستی ڕاست، خوای گەورە وەڵامی پێغەمبەری دایەوە ودەستی ڕاستی گۆج بوو، لەپاش ئەمە نەیدەتوانی دەستی ڕاستی بە خواردن وخواردنەوە بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.

### لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبێتی خواردن وخواردنەوە بە دەستی ڕاست، وحەرامبوونی خواردن وخواردنەوە بە دەستی چەپ.
٢. کەسێک خۆی بەگەورە دابنێت لە جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان؛ شایستەی سزادانە.
٣. ڕێزلێنانی الله بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ؛ ئەمیش بە وەڵامدانەوەی نزاکەی.
٤. فەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە لەهەموو حاڵەتێکدا تەنانەت لەکاتی خواردنیش ؛ ڕێگەپێدراوە وشەرعیە

(٣٣٧٢)

(٣٠٦) – عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال: **«من أكل ثومًا أو بصلًا؛ فَلْيَعْتَزِلْنَا -أَوْ لِيَعْتَزِلْ مسجدنا-، وليقعد في بيته»**.

وأُتي بِقِدْرٍ فيه خَضِرَاتٌ من بُقُولٍ، فوجد لها ريحًا، فسأل فأخبر بما فيها من البقول، فقال: قَرِّبُوهَا إلى بعض أصحابي، فلما رآه كره أكلها، قال: **«كل؛ فإني أُنَاجِي من لا تُنَاجِي»**.

عن جابر أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«من أكل الثوم والبصل والْكُرَّاثَ فلا يقربن مسجدنا؛ فإن الملائكة تَتَأَذَّى مما يَتَأَذَّى منه بنو آدم»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٠٦) – له جابری كوڕی عبداللّٰهوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی سیر یان پیاز بخوات؛ ئەوا با لێمان دوور بكەوێتەوە -یان با دوور بكەوێتەوە لە مزگەوتەكانمان-، وبا لە ماڵەكەی دابنیشێت»**، ومەنجەڵێک هێنرا كە چەند دەنكە پاقلەیەكی تێدا بوو، وبۆنێكی لێوە دەهات، بۆیە پێی ووترا كە هەندێک پاقلەی تێدایە، فەرمووی: **«نزیكی بكەنەوە بۆ هاوڕێكانم»**، كاتێک بینی حەزی نەكرد بیخوات، فەرمووی: **«ئەوەی من پەیڤین وموناجاتی لەگەڵدا دەكەم؛ ئێوە قسەی لەگەڵدا ناكەن»**.

وله جابری كوڕی عبداللّٰهوە -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی سیر یان پیاز یان تەرەپیاز بخوات؛ ئەوا با لە مزگەوتەكانمان نزیک نەبێتەوە؛ چونكە فریشتەكان تووشی ئازار دەبن بە هۆی ئەو شتانەی كە نەوەكانی ئادەم تووشی ئازار دەكات»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ڕیوایەتەكەی]

## شیكردنەوە:

داواكراوە كە نوێژخوێن بۆنی خۆش لە خۆی بدات، بەتایبەت ئەگەر بیەوێت نوێژ ئەنجامبدات لە مزگەوتەكان؛ بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمانیكردووە بەو كەسانەی كە سیر وپیاز دەخۆن نەیەن بۆ مزگەوت بە هۆی ئەو بۆنە ناخۆشانەی لێیانەوە دەردەچێت، ودەبێت ئەو كەسە نوێژەكەی لە ماڵەوە

ئەنجامبدات، هەتا بۆنەکەی نامێنێت، چونکە ئەم بۆنە دەبێتە هۆی بێزارکردنی مسوڵمانان و فریشتەکان.
وکاتێک پێغەمبەر ﷺ مەنجەڵێکی بۆ هێنرا کە پاقلەمەنی وسەوزەی تێدابوو، هەستی بە بۆنێکی ناخۆش کرد، بۆیە فەرمانی کرد کە مەنجەڵەکە نزیک بکرێتەوە لە هاوەڵەکانی، ئەو کەسانەی ئامادەبوون وایان زانی ئەم خواردنانە حەرامە چونکە پێغەمبەر ﷺ حەزی نەکرد بیانخوات، گومانیان هەبوو لەوەی بیخۆن بەڵام پێغەمبەر ﷺ پێیانی فەرموو کە حەرام نییە، وحەزی نەکرد بیانخوات بە هۆی بۆنەکەیانەوە نەک بەهۆی ئەوەی کە حەرامن، فەرمانی پێیانکرد کە بیخۆن، وهەواڵی ئەوەی دا کە ڕێگر لە خواردنیان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەردەوام نوێژ ونزا دەکات وپەیوەندی ئەو لەگەڵ پەروەرگار وەکو پەیوەندی خەڵکی تر نییە، بۆیە پێویستە ئەو لەسەر باشترین شێوە وبۆن بێت لە کاتی نزیکبوونی لە پەروەردگاری، پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بە دوورخستنەوەی ئازار لە مسوڵمانان لە پێشترە وەکو هێنانی بەرژەوەندی تاکە کەسی کە ئامادەبوونی نوێژی جەماعەتە، وئەمیش بووە هۆی ئەوەی کە عوزر بێت بۆ ئامادە نەبوون.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. کەسێک سیر یان پیاز یان کەوەری خواردبێت نەهی لێکراوە بێت بۆ مزگەوت.
٢. لە پاڵ ئەم شتانەش، نەهی کردنەکە هەموو شتێک دەگرێتەوە کە بۆنی ناخۆش بێت ونوێژخوێنەکان ئازار بدات، وەکو بۆنی دوکەڵ وتوتن وهتد.
٣. هۆکاری قەدەغە کردن بەهۆی بۆنەکەیەتی، ئەگەر بۆنە ناخۆشەکەی لاچوو بەهۆی زۆر لێنان یان شتی تر؛ ئەوا مەکروهیەتیش نامێنێت.
٤. مەکروهێتی خواردنی ئەم شتانە بۆ ئەو کەسەی ئامادەی نوێژ دەبێت لە مزگەوتدا؛ بۆئەوەی نوێژی بەکۆمەڵی لەدەست نەچێت لە مزگەوت، بەڵام ئەگەر بیخوات وەکو فێڵێک بۆئەوەی ئامادەی نوێژی بەکۆمەڵ نەبێت ئەوا لێرەدا حەرام دەبێت.
٥. پێغەمبەر ﷺ سیر وهاوشێوەکانی نەدەخوارد، وئەمیش بەهۆی ئەوە نییە کە حەرامە، بەڵکو هۆکارەکەی بریتیە لەوەی ئەو گفتوگۆ لەگەڵ جبریل دەکات -عليه السلام-.

٦. جوانی شێوازی فێرکردنی پێغەمبەر ﷺ کە باسی حوکم دەکات وهۆکارەکەی ڕووندەکاتەوە؛ بۆئەوەی گوێگر دڵنیا بێت لە زانینی مەبەست ودانایی لەم حوکمە.

٧. قازی دەڵێت: زانایان ئەم فەرموودەیە دەکەن بە پێوەر لەسەر هەموو شوێنێکی تر کە نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ئەنجام دەدرێت جگە لە مزگەوت؛ وەکو موسەڵای جەژن وشوێنی نوێژکردن لەسەر جەنازە وهتد لەو شوێنانەی خەڵکی کۆ دەبنەوە بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان، هەروەها شوێنی دانیشتنی فێربوونی زانست وزیکر وهتد، بەڵام بازاڕ وشوێنەکانی تری هاوشێوەی ناگرێتەوە.

٨. زانایان دەڵێن: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك سیر وهاوشێوەکانی بخوات ؛ ئەوا حەرامە بێتە نێو مزگەوتەوە ئەگەرچیش مزگەوتەکە چۆڵ بێت، چونکە مزگەوت شوێنی کۆبوونەوەی فریشتەکانیشە، وفەرموودەکە بەشێوەیەکی گشتی نەهی کردنەکە باسدەکات.

(٤٨٥٠)

(٣٠٧) – عن معاذ بن أنس رضي الله عنه مرفوعًا: **«مَنْ أَكَلَ طَعَامًا، فقال: الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ، غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»**. [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٣٠٧) – لە موعازی کوڕی ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی خواردنێک بخوات، وبڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ )*؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت»**. *(واتە: حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەم خواردن ورزقەی پێبەخشیم بە بێ هیچ هێز وتوانایەک لە منەوە). [حەسەنە] – [ئیبنو ماجە وتیرمذی وئەبو داود وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێویستە مرۆڤ هەر خواردنێکی خوارد حەمد وسوپاسی خودا بکات، وبڵێت: ( الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ ). پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی

بەوە كردووە كە خواردن لە دوو ڕێگاوە بەدەست دەهێنرێت، بەهێز بەهۆی توانای خۆیەوە، ولاواز ڕێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی قوتێک، لەم زیکردەدا ئاماژەی بەوە كردووە كە بەدەست هێنانی خواردن بەهۆی بەخشینی خوای گەورەوەیە نەک بە هۆی دەستێوەردانی مرۆڤەکانەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە مرۆڤ حەمد وسوپاسی خوای گەورە بکات لە پاش تەواوبوونی خواردن.
٢. ڕوونکردنەوەی گەورەیی فەزڵ وبەخشینی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیەوە چونکە ڕزق پێ داون وهۆکاری بەدەستهێنانی ئەو ڕزقەی بۆیان ئاسان کردووە، وکردوویەتی بە هۆکار بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکانیان.
٣. هەموو کاروبارەکانی بەندەکان بە دەستی خوای گەورەیە -عز وجل-، وبە توانا وهێزی خۆیان نییە، وبەندە فەرمانپێکراوە بە گرتنەبەری هۆکارەکان وڕێکارەکان.

(٥٤٣١)

(٣٠٨) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: كان رسولُ الله صلى الله عليه وسلم إذا عَطَس وضَعَ يَدَه -أو ثوبَهُ- على فيهِ، وخَفَضَ -أو غضَّ- بها صوتَهُ.
[صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

(٣٠٨) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بپژمیایە؛ دەستی -یان جلەکەی- لە سەر دەمی دادەنا، وبە هۆیەوە دەنگی نزم دەکردەوە».** [صەحیحە] - [ئەبو داود وتیرمزی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر بپژمیایە:
یەکەم: دەستی یان جلەکانی لەسەر دەمی دادەنا ؛ بۆئەوەی لە دەمی یان لە لوتیەوە شتێك دەرنەچێت کە ئازاری کەسی دانیشتوو بدات.
دووەم: دەنگی نزم دەکردەوە وبەرزی نەدەکردەوە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە کاتی پژمیندا وشوێنکەوتنی ئەو لەم بابەتەدا.
٢. سونەتە -موستەحەبە- پارچە قوماشێک یان هەرشتێکی پاک لەسەر دەم ولووتی دابنێت لە کاتی پژمیندا ؛ بۆئەوەی شتێکی لێوە دەرنەچێت کە ئازاری ئەو کەسانە بدات کە لە نزیکی دانیشتوون.
٣. نزمکردنەوەی دەنگ لە کاتی پژمیندا داواکراوە، وئەمیش ئەوپەڕی ئەدەبە وله ڕەوشتە جوانەکانە.

(٣٣١٧)

(٣٠٩) – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ، كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ»**. [صحيح] - [رواه ابن حبان]

(٣٠٩) – لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خوای گەورە پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی وەربگیرێت هەروەکو چۆن پێی خۆشە واجبەکانی جێبەجێ بکرێت»**. [صەحیحە] - [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە الله پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی وەربگیرێت کە لە شەرعدا دایناوە، لە لادانی بارگرانی لە پەرستنەکان وحوکمەکان، وهەروەها ئاسانکاری لەسەر مرۆڤی موکەلەف -ئەو کەسەی ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر واجبە- لەکاتێکدا عوزری هەیە، وئەم ڕوخسەتانەیش وەکو کورتکردنەوە وکۆکردنەوەی (قەسر وجەمع)ی نوێژەکان لەکاتی سەفەر، وهەروەها خوای گەورە پێی خۆشە ئەو شتانەی واجبی کردووە جێبەجێ بکرێت؛ چونکە فەرمانی الله سەبارەت بە ڕوخسەتەکان و واجبەکان یەک شتە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاماژەیە بۆ ڕەحمەتی الله بە بەندەکانی، وئەو -سبحانه وتعالى- پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی لە شەرعدا دایناون ؛ وەربگیرێن وکردەوەیان پێبکرێت.
٢. کامڵی ئەم شەریعەتە، ولابردنی نارەحەتی وبارگرانی لەسەر مسوڵمان.

(٦٥٠١٧)

(٣١٠) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُصِبْ مِنْهُ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٣١٠) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تووشی تاقیکردنەوە وناخۆشی دەکات»**. [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەگەر خوای گەورە خێری بوێت بۆ یەکێک لە بەندە ئیماندارەکانی ئەوا تووشی تاقیکردنەوەی دەکات لە نەفس وماڵ وخێزانیدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەندە هانا وپەنا ببات بۆ الله بە نزاکردن، وهۆکارە بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکان، وبەرزبوونەوەی پلەکان.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئیماندار لەوەدایە تووشی بەڵا وتاقیکردنەوەی جۆراوجۆر بێت.
٢. تاقیکردنەوە وبەڵا لەوەیە نیشانەی خۆشەویستی خوای گەورە بێت بۆ بەندەکەی، بۆ ئەوەی پلە وپایەی بەرزبکاتەوە ولە گوناهەکانی خۆش بێت.
٣. هاندان وئامۆژگاری بۆ ئارامگرتن لەکاتی ناخۆشی وکارەساتەکان، ودەرنەبڕینی نارەزایی وبێزاربوون.

(٤٢٠٤)

(٣١١) – عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنهما عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ: «**مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ مِنْ نَصَبٍ وَلَا وَصَبٍ وَلَا هَمٍّ وَلَا حُزْنٍ وَلَا أَذًى وَلَا غَمٍّ حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا إِلَّا كَفَّرَ اللهُ بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ**». [صحيح] - [متفق عليه]

(٣١١) – له ئەبی سەعیدی خودری وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**هیچ مسوڵمانێک نییە کە تووشی: شەکەتیەك یان نەخۆشیەک یان خەفەت ودڵتەنگیەک یان ئازار ونارەحەتیەک بێت یان هەتا تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش بچێت بە پێیدا ؛ ئەوا بەهۆی ئەوانەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت**». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە ئەوەی تووشی مسوڵمان دەبێت لە نەخۆشی وغەم وخەفەت ونارەحەتی وکارەسات وترس وبرسێتی -تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش بچێت بەپێیدا وتووشی ئازاری بکات-، ئەمانە دەبنە هۆی کەفارەت بۆ گوناهەکانی ودەیسڕنەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی فەزڵ وڕەحمەتی الله بە بەندەکانی ؛ ئاماژە بۆی لێرەدا بەوەیە لێیان خۆشدەبێت بەکەمترین زیان کە تووشیان دەبێت.
٢. دەبێت مسوڵمان بەهیوای پاداشتی الله بێت؛ کاتێك تووشی نارەحەتی وکارەسات دەبێت، وهەروەها ئارام بگرێت لەسەر هەموو دژواریەکی بچووك وگەورە ؛ بۆئەوەی پلەی بەرز بێتەوە والله لە گوناهەکانی خۆش بێت.

(٣٧٠١)

(٣١٢) – عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعًا: **«ما يزَال البَلاء بِالمُؤمن والمُؤمِنة في نفسه وولده وماله حتَّى يَلقَى الله تعالى وما عليه خَطِيئَة»**. [حسن صحيح] - [رواه الترمذي وأحمد]

(٣١٢) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«هێشتا بەڵا وتاقیکردنەوە لە نەفس وماڵ ومنداڵی ئیماندارە؛ هەتا دەگاتە لای خوای گەورە وهیچ تاوانێکی لە سەر نەماوە»**. [حەسەن صەحیحە] - [تیرمزی وئەحمەد -گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

مرۆڤ لە دونیای پێسپاردن وئەزموونە بۆیە لەوەیە تووشی تاقیکردنەوە بێت بە نارەحەتی وخۆشی، وهەر مرۆڤێک تووشی نارەحەتی ببێت لە نەفسی یان منداڵی یان ماڵ وپارەکەی، پاشان ئەگەر سەبر وئارام بگرێت لەگەڵ بەردەوامبوونی تاقیکردنەوەکەیش؛ ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی، بەڵام ئەوەی نارازی بێت لەم تاقیکردنەوەیە وتورە بێت وڕەخنە لە قەدەر بگرێت؛ ئەوا خوای گەورەیش لەو کەسە تورە دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. لە ڕەحمەتی خوای گەورە بەرامبەر بەندە ئیماندارەکانی ئەوەیە لە تاوان وگوناهەکانیان خۆش دەبێت لە دونیادا ؛ بەهۆی توشبوونیان بە کارەسات وناخۆشیەکانی دونیا.

٢. نارەحەتی وتاقیکردنەوە هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکان بەمەرجی بوونی ئیمان، بۆیە ئەگەر بەندە ئارامی گرت ونارازی نەبوو ؛ پاداشت دەدرێتەوە.

٣. هاندان بۆ ئارامگرتن لە هەمووکات وحاڵەتێکدا، لەو شتانەی پێی خۆشە ولە ئەوانەیشی پێی ناخۆشە، ئارام دەگرێت بۆئەوەی ئەو شتانەی خوای گەورە لەسەری واجبی کردووە ؛ جێبەجێی بکات، وئارام دەگرێت بۆئەوەی دوور بکەوێتەوە لەو شتانەی خوای گەورە حەرامی کردووە، وبە هیوای پاداشتی الله یە ولە سزای دەترسێت.

٤. كاتێك دەفەرموێت: (پیاو وئافرەت لە ئیمانداران)؛ زیاد كردنی دەستەواژەی -مؤمنة- لە فەرموودەكە بەڵگەیە بۆ زیاتر جەختكردنەوە لەسەر ئەم پاداشتە بۆ ئافرەتان، ئەگەرنا تەنها وشەی -مؤمن- بەس بوو وئافرەتیشی دەگرتەوە؛ چونكە وشەی -مؤمن- تایبەت نییە بۆ پیاوان، بۆیە ئەگەر ئافرەتیش تووشی ناخۆشی وتاقیكردنەوە بێت وئارام بگرێت ؛ ئەویش بەهەمان شێوە پەیمانی پێدراوە كە پاداشت بدرێتەوە بە لێخۆشبوون لە گوناهـ وتاوانەكان.
٥. ئەو شتەی ئازاری یەك لەدوای یەك لەسەر بەندە كەم دەكاتەوە بریتیە لە بەهیوا بوون بە فەزڵ وپلەی بەرز بەهۆی ئەو نارەحەتی وتاقیكردنەوانەوە.

(٣١٥٩)

(٣١٣) – عَنْ صُهَيْبٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣١٣) – لە سوهەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: **«حاڵ وكاروباری ئیماندار جێی سەرسوڕمانە، هەموو حاڵێكی هەر مایەی خێرە بۆی؛ وئەمە بۆ هیچ كەسێک نابێت جگە لە ئیماندار، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی بێت؛ سوپاسی خودا دەكات وئەمە دەبێتە مایەی خێر بۆی، وئەگەر تووشی زیان بێت؛ ئارام دەگرێت وئەمەش هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی».** [صەحیحە]-[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ حاڵ وكاروباری ئیمانداری بەلاوە سەیرە؛ ئەمیش لەڕوانگەی بە باش وبە چاكدانان، بەهۆی ئەوەی هەموو حاڵەتەكانی هەر خێرە بۆی، ئەمیش تەنها بۆ ئیماندارە، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی بێت؛ سوپاسی خودا دەكات وئەم سوپاسگوزاریە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پاداشت، وئەگەر تووشی زیان بێت ؛ بەهیوای پاداشتی الله یە، ئەمیش هەر هۆكارە بۆ بەدەستهێنانی پاداشت بەهۆی ئارامگرتنەوە، بۆیە ئەو پاداشت بەدەست دەهێنێت لەهەموو حاڵەتێكدا.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلە وپایەی سوپاسگوزاری لە کاتی خۆشی وئارامگرتن لە کاتی ناخۆشیدا، هەرکەسێک بەم شێوەیە بێت ئەوا پاداشتی ئەم دونیا ودوارۆژی دەستکەوتووە، وئەوەی سوپاسگوزار نەبێت لەسەر نیعمەتەکان، وئارامگر نەبێت لەسەر ناخۆشی وکارەساتەکان، ئەوا پاداشت وەرناگرێت ولە دەستی دەچێت، وتووشی گوناه دەبێت.
٢. فەزڵ وپلە وپایەی ئیمان -باوەڕ-، پاداشت لە هەموو حاڵەتێکدا تەنها بۆ ئیماندارانە.
٣. سوپاسگوزاری لە کاتی خۆشی وئارامگرتن لە کاتی ناخۆشیدا ؛ لە سیفەتی ئیماندارانە.
٤. باوەڕبوون بە قەزا وقەدەری خوای گەورە ؛ وا لە ئیماندار دەکات ڕازی بێت لە هەموو حاڵەتێکدا، بە پێچەوانەی بێباوەڕ ؛ کە بەردەوام ناڕازیە ئەگەر تووشی زیانێك بێت، وکاتێك خوای گەورە -عز وجل- نیعمەتێکی پێدەبەخشێت سەرقاڵی دەبێت و بەهۆیەوە پشت دەکات لە گوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار، ولە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خودا بەکاریدەهێنێت.

(٣٢٩٨)

(٣١٤) – عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«إِذَا مَرِضَ الْعَبْدُ أَوْ سَافَرَ كُتِبَ لَهُ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ مُقِيمًا صَحِيحًا»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٣١٤) – لە ئەبی موسای ئەشعەرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«بەندە ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان سەفەر بکات؛ ئەوا پاداشتی ئەو کارە چاکانەی بۆ دەنووسرێت کە ئەنجامی داوە لە کاتێکدا کە نیشتەجێ ولەش ساغ بووە»**. [صەحیحە] – [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی فەزڵ وڕەحمەتی الله دەکات، ومسوڵمان ئەگەر خووی بەو شێوەیە بوو کە کردەوەیەکی چاک ئەنجامبدات لە کاتی لەش ساغ بوون

ونیشتەجێبوونی، پاشان بەهۆی عوزرێکەوە وەکو نەخۆشی نەیتوانی ئەو کردەوەیە ئەنجامبدات، یان سەفەری کرد، یان هەر بیانوویەکی تر؛ ئەوا پاداشتی ئەو کردەوەیەی بەکامڵی بۆ دەنووسرێت، وەکو ئەوە وایە کردەوەکەی ئەنجامدابێت لەکاتی لەشساغی ونیشتەجێبوونی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فراوانی ڕەحمەت ومیهرەبانی خوای گەورە.
٢. ئامۆژگاری بۆ کۆششکردن لە ئەنجامدانی پەرستنەکان و بەهەلزانینی کاتەکان لەحاڵەتی لەشساغی وبێ سەرقاڵی.

(٣٥٥٣)

(٣١٥) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«بَادِرُوا بِالْأَعْمَالِ فِتَنًا كَقِطَعِ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ، يُصْبِحُ الرَّجُلُ مُؤْمِنًا وَيُمْسِي كَافِرًا، أَوْ يُمْسِي مُؤْمِنًا وَيُصْبِحُ كَافِرًا، يَبِيعُ دِينَهُ بِعَرَضٍ مِنَ الدُّنْيَا».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣١٥) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«پەلە بکەن لە کردەوە کردن پێش ئەوەی هەندێک فیتنە زاڵ بێت بەسەرتاندا کە وەکو شەو تاریکن، بەیانی مرۆڤ ئیمانداره ئێوارەکەی کافر دەبێت، وئێوارە ئیماندارە بەیانیەکەی کافر دەبێت، ئاینەکەی دەفرۆشێت بە شتێکی کەم لە شتومەکی دونیا».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری ئیماندار دەکات بۆ پەلە کردن وزۆر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان پێش ئەوەی ڕێگر وسەرقاڵی بێتە پێشی؛ وەکو هاتنی گومان وشەهوەتەکان کە ڕێگر دەبن لە ئەنجامدانیان، وەکو شەو تاریکن، هەق تێکەڵ بە پوچەڵ دەبێت، خەڵکی ناتوانن بە ئاسانی جیاکاری بکەن لەنێوانیان، بەهۆی سەختی ئەم فیتنە وشوبهانە مرۆڤ تووشی سەرلێشێوان دەبێت ؛ تەنانەت وایلێدێت بەیانی ئیماندارە وئێوارە کافرە، وئێوارە ئیماندارە وبەیانی کافرە، واز لە ئاینەکەی دەهێنێت بەرامبەر شتێکی کەم لە شتومەکی دونیای تیاچوو.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. واجبێتی دەستگرتن بە ئاین ودینداریەوە، و پەلەکردن لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان پێش ئەوەی ڕێگریەکان بێنە پێشەوە ونەهڵێن کردەوەی چاک ئەنجام بدرێت.
٢. ئاماژە کردن بۆ یەک لە دوای یەکی فیتنە وتاقیکردنەوەکان لە کۆتایی دونیادا، و هەرکاتێک فیتنەیەک دەڕوات؛ فیتنەیەکی تر لە پاشیەوە دێت.
٣. ئەگەر مرۆڤ دینداری لاواز بوو، ودەستی لێهەڵگرت بەرامبەر شتومەکی دونیایی وەکو پارە وهتد ؛ ئەمە هۆکارە بۆئەوەی تووشی لادان بێت و واز لە ئاینەکەی بهێنێت وشوێنی فیتنەکان بکەوێت.
٤. فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کردەوە چاکەکان هۆکارن بۆ ڕزگاربوون لە فیتنەکان.
٥.فیتنەکان -تاقیکردنەوەکان- دوو بەشن: فیتنەی گومانەکان -شوبهەکان- وچارەسەری بە زانست دەبێت، وفیتنەی ئارەزووەکان -شەهوەتەکان- وچارەسەری بە ئیمان وئارامگرتن دەبێت.
٦. فەرموودەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەرکەسێك کردەوەی کەمتر بێت ئەوا فیتنەکان خێراتر بەرەو لای دێن، وهەرکەسێك کردەوەی زیاتر بێت ؛ نابێت لەخۆبایی بێت بەوەی کردوویەتی بەڵکو دەبێت زیاتر ئەنجام بدات.

(٣١٣٨)

(٣١٦) – عن معاوية رضي الله عنه قال: سمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول: **«مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ، وَإِنَّمَا أَنَا قَاسِمٌ، وَاللَّهُ يُعْطِي، وَلَنْ تَزَالَ هَذِهِ الْأُمَّةُ قَائِمَةً عَلَى أَمْرِ اللَّهِ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٣١٦) – لە موعاویەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تێگەیشتووی دەکات لە دیندا، ومن تەنها دابەشکارم، وخوای گەورە دەبەخشێت، وبەردەوام ئەم ئومەتە (پەیڕەوانی هەق) دامەزراون لەسەر فەرمانی خوای گەورە، وئەوەی پێچەوانەیان دەبێتەوە ؛ زیانیان**

**پێناگەیەنێت، هەتاوەکو فەرمانی خوای گەورە (بۆ لێپرسینەوە) دێت».**
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک خوای گەورە خواستی خێری بۆی بوێت ؛ ئەوا تێگەیشتن لە ئاینی پێدەبەخشێت، وﷺ تەنها دابەشکارە وئەوەی خودا بەخشیوویەتی لە ڕزق وزانست وهتد ئەو تەنها دابەشی دەکات، وئەوەی دەبەخشێت لەڕاستیدا تەنها اللە یە، بەڵام شتەکانی تر تەنها هۆکارن ؛ سوودیان دەبێت بە ئیزنی اللە، وپەیڕەوانی هەق لەم ئومەتە بەردەوام دامەزراون لەسەر فەرمانی خوای گەورە، وئەوەی پێچەوانەیان دەبێتەوە ؛ زیانی بۆیان نابێت، هەتاوەکو قیامەت دێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ ومەزنێتی زانستی شەرعی وفێربوونی وفێرکردنی وئامۆژگاریکردن بۆ پابەند بوون پێوەی.
٢. پابەندبوون بە هەق وبانگەوازیکردن بۆی ؛ دەبێت بوونی هەبێت لەم ئومەتەدا، ئەگەر کۆمەڵانێک پشتگوێی بخەن ئەوا کۆمەڵی تر هەیە ئەم ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی.
٣. تێگەیشتن لە ئاین ئاماژەیە بۆئەوەی خودا خواستی خێری بۆ بەندەکەی دەوێت -سبحانە وتعالی-.
٤. پێغەمبەر ﷺ بە ویست وفەرمانی اللە دەبەخشێت، وهیچ شتێک موڵکی ئەو نییە ﷺ.

(٥٥١٨)

(٣١٧) – عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«نَضَّرَ اللهُ امْرَأً سَمِع مِنَّا شيئا، فَبَلَّغَهُ كما سَمِعَهُ، فَرُبَّ مُبَلَّغٍ أوْعَى مِن سَامِعٍ»**. [صحيح] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٣١٧) – له ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«خوای گەورە ڕەوشتی جوان ببەخشێت بە کەسێک کە شتێکی لێمان بیست وەکو خۆی بیگەیەنێت (وەکو خۆی باسی بکات)، لەوەیە ئەو کەسەی دەیبستێت باشتر لێی تێبگات لەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە»**. [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وتیرمذی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا نزا بۆ مرۆڤێک دەکات کە فەرموودەیەک لە پێغەمبەرەوە دەبیستێت ﷺ و وەکو خۆی دەیگەیەنێت بە بێ زیاد وکەم؛ بەوەی خوای گەورە ڕەوشتی جوان بکات ورووی ڕۆشنا بکات لە ڕۆژی قیامەتدا، پاشان ڕوونی کردەوە: (لەوەیە ئەو کەسەی دەیبستێت باشتر لێی تێبگات لەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە)؛ چونکە لەوەیە مرۆڤ فەرموودەیەک بگرێتەوە وبیگەیەنێت بەڵام ئەو کەسەی کە دەیبستێت باشتر لێی تێبگات وکردەوەی پێدەکات زیاتر لەو کەسەی کە فەرموودەکەی گەیاندووە، زۆرجار هەروەکو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی دەبینیت هەندێک لە زانایان فەرموودەکە لەبەر دەکەن ودەیگێڕنەوە بەڵام لەوەیە وەکو پێویست لە ماناکەی تێنەگەن، کاتێک دەیگێڕنەوە بۆ زانایەکی تر ئەم زانایە باشتر لێی تێدەگات، ولە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ زۆر ئەحکام وسوود دەردەهێنێت کە سوودی بۆ خەڵکی دەبێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ لەبەرکردنی سونەتی نەبەوی، وگەیاندنی بە خەڵکی.
٢. ڕوونکردنەوەی فەزڵ وپلە وپایەی فەرموودە، وڕێزداری بەدەستهێنانی.

٣. ئاماژەیە بۆ فەزڵ وبەرزی پلەی ئەو زانایانەی خەریکی دەرهێنانی حوکمەکانن لە دەقە شەرعییەکان ولێیان تێدەگەن.
٤. ئاماژەیە بۆ فەزڵ وپلە وپایەی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت-، ئەوان گوێیان لە فەرموودەی پێغەمبەر بووە ﷺ وبە ئێمەیان گەیاندووە.
٥. مەناوی دەڵێت: ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە گێڕەوەی فەرموودە مەرج نییە فەقیهـ وتێگەیشتوو بێت لە دەقە شەرعییەکان، بەڵکو مەرجە لەبەرکردنی باش بێت، وتێگەیشتن وشیکردنەوەی دەقەکان ئەرکی فەقیهە.
٦. ئیبن عویەینە دەڵێت: هەرکەسێك سەرقاڵی فەرموودە بێت؛ ڕۆشنایی لە ڕوویدا بەدی دەکرێت بە ئاماژەی ئەم فەرموودەیە.
٧. لەبەرکردن لەلای زانایانی فەرموودەناس دوو جۆرە: لەبەرکردنی دڵ ومێشك، و لەبەرکردن لە ڕێگای نووسینەوە لە کتێبدا، هەردووکیان نزای فەرموودەکە دەیانگرێتەوە.
٨. تێگەیشتنی خەڵکی جیاوازە، لەوەیە ئەو کەسەی زانستەکەی پێدەگات؛ باشتر تێ بگات لەوەی باسیکردووە وگوێی لێبووە لە سەرەتادا، ولەوەیە کەسێک فیقهـ وزانستی زۆری لەبەر بێت بەڵام لە ڕاستیدا فەقیهـ وتێگەیشتوو نییە.

(٦٨٢٠)

(٣١٨) – عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنهما أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: **«لَا تَعَلَّمُوا الْعِلْمَ لِتُبَاهُوا بِهِ الْعُلَمَاءَ، وَلَا لِتُمَارُوا بِهِ السُّفَهَاءَ، وَلَا تَخَيَّرُوا بِهِ الْمَجَالِسَ، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ، فَالنَّارُ النَّارُ»**. [صحيح] - [رواه ابن ماجه]

(٣١٨) – لە جابری کوڕی عبداللهەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«فێری زانست مەبن بۆئەوەی شانازی پێوە بکەن لە لای زانایان، ونە بۆئەوەی مشتومڕی پێوە بکەن لەگەڵ نەفامەکان، ونە بۆئەوەی باشترین شوێن هەڵبژێرن لەنێو دانیشتنەکان، هەرکەسێک وابکات، ئەوا ئاگر ئاگر (دۆزەخ چاوەڕێی دەکات)»**. [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ هۆشداری داوە لەفێربوونی زانست بۆ شانازی کردن وخۆنواندن لەپێش زانایان، بۆئەوەی دەریبخات ئەو زانایە وەکو ئەوان، یان بۆئەوەی مشتومڕی پێبکات لەگەڵ نەفامەکان وکەم ئەقڵەکان، یان فێری زانست بێت بۆئەوەی لە دانیشتنەکان شوێنی باش وبەرزی هەبێت، ولەسەرو خەڵکی بێت.

هەرکەسێک نیەتی بەم شێوەیە بێت؛ ئەوا شایستەی چوونە دۆزەخە بەهۆی ڕیا ودڵسۆز نەبوون بۆ خوای گەورە لە فێربوونی زانستی شەرعی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هەڕەشەکردن بە چوونە دۆزەخ لەوانەی زانست فێر دەبن بۆئەوەی شانازی یان دەمەدەمێ پێوە بکەن یان شوێنی باشیان هەبێت لەنێو کۆڕ وکۆمەڵەکان، وهاوشێوەی ئەمانە.

٢. گرنگی دڵسۆزی لە نیەتدا بۆ کەسێک فێری زانست ببێت وخەڵکیش فێر بکات.

٣. نیەت بنچینەی کردەوەیە وپاداشتدانەوە بەپێی نیەتە.

(٦٥٠٤٧)

(٣١٩) – عن عثمان رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٣١٩) – لە عوسمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«خێرترینتان وباشترینتان ئەوانەن کە قورئان فێر دەبن وخەڵکی فێری قورئان دەکەن»**. [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە باشترین مسوڵمان وبەرزترینیان لەپلەوپایەدا ئەوەیانە: کە قورئان فێر دەبێت ؛ لە خوێندنەوەی -تەرتیلی- وتەفسیری و لەبەرکردنی وتێگەیشتنی، وهەروەها ئەو زانستەی هەیەتی کردەوەی پێدەکات وفێری خەڵکی تری دەکات.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی پلەوپایە ومەزنی قورئان، وباشترین قسەیە ؛ چونکە قسەی خوای گەورەیە.
٢. خێرترین وباشترین فێرخوازەکان ئەوانەن کە خەڵکی تریش فێر دەکەن ؛ نەک ئەوانەی تەنها سوودیان بۆ خۆیان هەیە.
٣. فێربوون وفێرکردنی قورئان؛ خوێندنەوە -تیلاوە- ومانا وحوکمەکانیش دەگرێتەوە.

(٥٩١٣)

(٣٢٠) – عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِي رحمه الله قَالَ: حَدَّثَنَا مَنْ كَانَ يُقْرِئُنَا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُمْ كَانُوا يَقْتَرِئُونَ مِنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَشْرَ آيَاتٍ، فَلَا يَأْخُذُونَ فِي الْعَشْرِ الْأُخْرَى حَتَّى يَعْلَمُوا مَا فِي هَذِهِ مِنَ الْعِلْمِ وَالْعَمَلِ، قَالُوا: فَعَلِمْنَا الْعِلْمَ وَالْعَمَلَ. [حسن] - [رواه أحمد]

(٣٢٠) – لە ئەبی عبدالرحمان ئەلسولەمیەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: **«ئەوانەی فێری قورئانیان دەکردین لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ؛ بۆمانیان گێڕایەوە: دە ئایەت لە قورئان فێردەبوون لە پێغەمبەرەوە ﷺ، فێری دە ئایەتی تر نەدەبوون هەتاوەکو دەیانزانی چ لەم دە ئایەتە هەیە لە زانست وکردەوە کردن، ووتیان: بۆیە فێری زانست وکردەوە بووین».** [حەسەنە] – [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- دە ئایەت فێردەبوون لە قورئانی پیرۆز لە پێغەمبەرەوە ﷺ، ونەدەچوون فێری ئایەتی تر ببن هەتاوەکو بەتەواوی فێری ئەم دە ئایەتە دەبوون لە زانست وکردەوە، بۆیە فێری زانست وکردەوە کردن دەبوون پێکەوە.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. فەزڵ وپلەوپایەی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- و بەپەرۆشیان لەسەر فێربوونی قورئان.
٢. فێربوونی قورئان دەبێت بەزانستەوە بێت وکردەوە کردنی لەگەڵدا بێت، نەک تەنها بە خوێندنی و لەبەرکردنی.
٣. زانست لەپێش قسە وکردەوە کردنە.

(٦٥٠٥٨)

(٣٢١) – عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: «**مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، لَا أَقُولُ {الم} حَرْفٌ، وَلَكِنْ {أَلِفٌ} حَرْفٌ، وَ{لَامٌ} حَرْفٌ، وَ{مِيمٌ} حَرْفٌ**». [حسن] - [رواه الترمذي]

(٣٢١) – لە عبداللّٰهی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: «**ئەوەی پیتێک لە کتێبەکەی خوای گەورە (قورئان) بخوێنێت؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت وچاکەیش بە دە ئەوەندەیە، ناڵێم (ألم) پیتێکە، بەڵکو: ئەلیف (أ) پیتێکە، و لام (ل) پیتێکە، و میم (م) پیتێکە**». [-واتا بە خوێندنی (ألم) سی چاکەی بۆ دەنووسرێت]. [حەسەنە] – [تیرمزی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرمسوڵمانێک پیتێک لە قورئان بخوێنێت ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، وپاداشتەکەی بۆ چەندەها جار دەکرێتەوە؛ هەتاوەکو دە جار وزیاتریش.
پاشان ئەمەی ڕوونکردەوە کاتێک فەرمووی: (ناڵێم (ألم) پیتێکە، بەڵکو: ئەلیف (أ) پیتێکە، و لام (ل) پیتێکە، و میم (م) پیتێکە)؛ واتا بە خوێندنی (ألم) سی چاکەی بۆ دەنووسرێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری کردن بە زۆر خوێندنەوە وتیلاوەی قورئان.
٢. ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێت بە خوێندنی یەک پیت لە هەر وشەیەکدا پاداشت وچاکەی چەند جاری بۆ هەیە.
٣. فراوانی ڕەحمەتی خوای گەورە ورێزلێنانی لە بەندەکانی کە پاداشتیان بۆیان چەندجار کردووە وەکو فەزڵ وبەخشینێک لە لایەن ئەوەوە.
٤. فەزڵ وپلەوپایەی قورئان بەسەر قسەکانی ترەوە، و خوێندنەوەی پەرستنە ؛ چونکە قسەی خوای گەورەیە.

(٦٢٧٥)

(٣٢٢) – عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«يقالُ لصاحبِ القرآن: اقرَأْ وارتَقِ، ورتِّل كما كُنْتَ ترتِّل في الدُنيا، فإن منزِلَكَ عندَ آخرِ آية تقرؤها»**. [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي والنسائي في الكبرى وأحمد]

(٣٢٢) – لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«بە ئەو کەسەی کە پابەندی قورئان بووە دەووترێت: بخوێنە وبەرز ببەرەوە (لە پلەکاندا)، و(قورئان) بخوێنە هەروەکو چۆن دەتخوێند لە دونیادا، پلەی تۆ لە کۆتا ئایەتە کە دەیخوێنیت»**. [حەسەنە] - [ئەبو داود وتیرمزی ونەسائی (لە -الكبرى-) وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات قورئان خوێن کە کردەوەی بە قورئان کردووە، وپابەندی بووە، و لەبەری کردووە، کاتێک دەچێتە بەهەشتەوە پێی دەووترێت: قورئان بخوێنە، وبەرز ببەرەوە لە پلەکانی بەهەشتدا، وبیخوێنەوە هەروەکو چۆن لە دونیادا دەتخوێندەوە بە جوانی ولەسەرخۆیی ؛ پلەی تۆ لە کۆتا ئایەتدایە کە دەیخوێنیت.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. پاداشتدانەوە بەپێی كردەوەكانە لە چەندێتی وچۆنیەتیدا.
٢. هاندان بۆ خوێندنی قورئان و شارەزابوون تێیدا، و لەبەركردنی و بیركردنەوە لە واتاكانی و كردەوەپێكردنی.
٣. بەهەشت چەند پلەیەكی زۆرە، ئەوانەی هاوەڵی قورئانن دەگەن بە پلەبەرزەكان.

(٦٥٠٥٤)

(٣٢٣) – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ أَنْ يَجِدَ فِيهِ ثَلَاثَ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ؟»** قُلْنَا: نَعَمْ. قَالَ: **«فَثَلَاثُ آيَاتٍ يَقْرَأُ بِهِنَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِهِ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثِ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٢٣) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئایا یەكێكتان حەز دەكات ئەگەر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە سێ وشتری قەڵەوی ئاوسی دەست بكەوێت؟»**، ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: **«سێ ئایەت یەكێكتان بیخوێنێت لە نوێژەكەیدا خێرترە بۆی لە سێ وشتری گەورە وقەڵەوی ئاوس».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەكاتەوە كە پاداشتی خوێندنی سێ ئایەت لەنوێژدا خێرترە لەوەی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە سێ وشتری قەڵەوی گەورەی ئاوسی دەستبكەوێت.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. ڕوونكردنەوەی فەزڵ وپاداشتی خوێندنی قورئان لەناو نوێژدا.
٢. كردەوە چاكەكان خێرترن وزیاتر دەمێننەوە بەبەراورد لەگەڵ شتومەكی دونیایی فەوتاو.

٣. ئەم فەزڵ وپاداشتە تایبەت نیە بە خوێندنی سێ ئایەت؛ هەرچەندە نوێژخوێن زیاتر بخوێنێت لەنوێژدا ئەوا پاداشتەکەی خێرترە لە ژمارەی وشترە قەڵەو وئاوسەکان.

(٦٥٠٥٣)

(٣٢٤) – عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«تَعَاهَدُوا هَذَا الْقُرْآنَ، فَوَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَهُوَ أَشَدُّ تَفَلُّتًا مِنَ الْإِبِلِ فِي عُقُلِهَا»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٢٤) – لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن، سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەممەدی بەدەستە خێراییی دەرچوونی قورئان (لە سینگ) خێراترە لە خۆ دەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە».**
[صەحیحە] – [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرمانیکردووە بەپێداچوونەوەی قورئان وخوێندنی بەبەردەوامی بۆئەوەی مسوڵمان ئەوەی لەبەریکردووە لەبیری نەچێت، وﷺ جەختی لەسەر ئەمە کردەوە بەوەی قورئان دەرچوونی لە سینگ خێراترە لە خۆدەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە لەنێوە ڕاستی قاچیدا، ئەگەر مرۆڤ بەردەوام پێداچوونەوە بۆ قورئان بکات ئەوا دەیگرێت و لەبیری ناچێت بەڵام ئەگەر پێداچوونەوە نەکات ئەوا دەڕوات و لەبیری دەچێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەو کەسەی قورئانی لەبەرە ئەگەر بەردەوام بێت لە سەر پێداچوونەوەی قورئان ئەوا دەیپارێزێت لەدڵیدا و لەبیری ناچێت بەویستی الله، ئەگەرنا ئەوا دەڕوات و لەبیری دەچێت.
٢. لە سوودەکانی پێداچوونەوەی قورئان: بەدەستهێنانی پاداشت، وبەرزبوونەوەی پلەکانە لە قیامەتدا.

(٥٩٠٧)

(٣٢٥) – عن أبي هريرة رضي الله عنه: أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ، إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنَ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٢٥) – له ئەبی هورەیرەوە كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان، شەیتان ڕادەكات لەو ماڵەی كە (سورەتی البقرة)ی تێدا دەخوێندرێت»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ نەهی دەكاتەوە لەوەی ماڵ نوێژی تێدا نەكرێت هەتاوەكو وەكو گۆڕستانی لێدێت كە نوێژی تێدا ناكرێت.
پاشان پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە شەیتان ڕادەكات لەو ماڵەی كە سورەتی -البقرة-ی تێدا دەخوێندرێت.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. موستەحەبە (سونەتە) كە پەرستنەكان ونوێژی نافیلە (نوێژی سونەت) بە زۆری لە ماڵدا ئەنجامبدرێت.
٢. نوێژكردن لەنێو گۆڕستاندا ؛ ڕێگەپێدراو نییە، چونكە هۆكارە بۆ شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ الله وهەروەها دەبێتە هۆی زیادەڕەوی كردن لە مردووەكان، جگە لەنوێژی جەنازە نەبێت كە ڕێگەپێدراوە لەنێو گۆڕستان بكرێت.
٣. نەهی كردن لە نوێژكردن لە گۆڕستان و لەلای گۆڕەكان ؛ شتێكی جێگیر بوو لەلای هاوەڵان، بۆیە كاتێك پێغەمبەر ﷺ نەهی كرد لەوەی ماڵ وەكو گۆڕستانی لێبكرێت ؛ هاوەڵان پرسیاریان سەبارەت بە ئەمە نەكرد چونكە دەیانزانی ئەوە گۆڕستانە كە نوێژی تێدا ناكرێت.

(٦٢٠٨)

(٣٢٦) – عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«يَا أَبَا الْمُنْذِرِ، أَتَدْرِي أَيُّ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللهِ مَعَكَ أَعْظَمُ؟»** قَالَ: قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: «يَا أَبَا الْمُنْذِرِ، أَتَدْرِي أَيُّ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللهِ مَعَكَ أَعْظَمُ؟» قَالَ: قُلْتُ: {اللهُ لا إِلَهَ إِلا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ} [البقرة: ٢٥٥]. قَالَ: فَضَرَبَ فِي صَدْرِي، وَقَالَ: **«وَاللهِ لِيَهْنِكَ الْعِلْمُ، أَبَا الْمُنْذِرِ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٢٦) – لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەی ئەبو مونزیر ئایا دەزانی چی ئایەتێک لە کتێبی خوای گەورە کە لەگەڵ تۆیە -لەبەرتە- مەزنترینە؟»**، -ئوبەی- دەڵێت: ووتم: اللّٰه وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن. فەرمووی: **«ئەی ئەبو مونزیر ئایا دەزانی چی ئایەتێک لە کتێبی خوای گەورە کە لەگەڵ تۆیە -لەبەرتە- مەزنترینە؟»**، دەڵێت: ووتم: {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ} [البقرة: ٢٥٥] واتە: {اللّٰه ئەو خودایەیە کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، هەمیشە زیندووە وتەدبیرکار وڕاگری (بوونەوەرەکانە)}، دەڵێت: لەسەر سینگمی دا، وفەرمووی: **«واللّٰه پیرۆزبێت لێت زانست وزانیاری ئەی ئەبا مونزیر»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری کرد لە ئوبەی کوڕی کەعب سەبارەت بە مەزنترین ئایەت لە قورئاندا، ئەویش دوودڵ بوو لەوەڵامداندانەوە، پاشان ووتی: ئایەتی کورسی: {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ} [البقرة: ٢٥٥] واتە: {اللّٰه ئەو خودایەیە کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، هەمیشە زیندووە وتەدبیرکار وڕاگری (بوونەوەرەکانە)}، پێغەمبەر ﷺ پاڵپشتی لەوەڵامەکەی کرد و لەسەر سینگی دا، وەکو ئاماژەیەک بۆئەوەی کە پڕە لە زانست وحیکمەت، ونزای بۆ کرد بەوەی بەختەوەر بێت بەهۆی ئەم زانستە وخوای گەورە کارئاسانی بۆ بکات وئەو زانستەی پێی بەخشراوە موبارەک وپیرۆز بێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. شانازیەکی گەورەیە بۆ ئوبەی کوڕی کەعب -ڕەزای خوای لێبێت-.
٢. ئایەتی کورسی گەورەترین ئایەتە لە قورئاندا، بۆیە پێویستە لەبەر بکرێت وله ماناکانی تێبگەین وکردەوەی پێبکەین.

(٦٥٠٥٩)

(٣٢٧) – عن أبي مسعود رضي الله عنه قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم:

**«مَنْ قَرَأَ بِالْآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٢٧) – له ئەبی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەرکەسێک دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة- بخوێنێت لە شەودا ئەوا ئەو شەوە پارێزراوە وئەوکارە بەسە بۆی».**
[صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة- بخوێنێت ئەمە بەسە بۆئەوەی خوای گەورە بیپارێزێت لە هەموو شەڕ ونارەحەتیەک، سەبارەت بەدەستەواژەی (یکفیه:بەسە بۆی) چەند ڕایەک هاتووە، ووتراوە: واتا شوێنی شەونوێژکردن دەگرێتەوە، ووتراوە: واتا شوێنی هەموو زیکرەکانی تر دەگرێتەوە، ووتراوە: واتا کەمترین بڕە بخوێندرێت لە قورئانی پیرۆز لەکاتی شەونوێژدا، وڕای تر ووتراوە، لەوەیە هەموو ئەمانە ڕاست بێت چونکە دەستەواژەکە ئاماژەیان بۆ دەکات.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی فەزڵی دوو ئایەتی کۆتایی (سورەتی البقرة).
٢. ئەگەر کەسێک لەکۆتایی ڕۆژدا دوو ئایەتی کۆتایی (سورەتی البقرة) بخوێنێت ؛ ئەوا ئەمە هۆکارە بۆ دوورخستنەوەی شەڕ وزیان وشەیتان لەو شەوەدا.

٣. شەو بە ئاوابوونی خۆر دەستپێدەکات، وبە دەرکەوتنی بەیان – دەرکەوتنی خۆر- شەو تەواو دەبێت.

(٦٢٧٤)

(٣٢٨) – عن أبي الدرداء –رضي الله عنه- عن النبي صلى الله عليه وسلم : «**مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الكَهْفِ، عُصِمَ مِنَ الدَّجَّالِ**». وفي رواية: «**مِنْ آخِرِ سُورَةِ الكَهْفِ**». [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٢٨) – لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**هەرکەسێک دە ئایەتی سەرەتای (سورەتی الکهف) بخوێنێت؛ ئەوا پارێزراو دەبێت لە دەججال**».
ولە گێڕانەوەیەکدا: «**-دە ئایەت- لە کۆتایی (سورەتی الکهف)**». [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

ئەوەی دە ئایەتی سەرەتا یان دە ئایەتی کۆتایی (سورەتی الکهف)ی لەبەر بێت، ئەوا خوای گەورە دەیپارێزێت لە شەڕ وخراپەی دەججال، ولە فیتنەکەی، ولە زاڵبوونی بەسەریدا، بۆیە بە ئیزنی خوای گەورە ناتوانێت زیانی پێبگەیەنێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ڕوونکردنەوەی فەزڵی سورەتی -الکهف-، و لەبەرکردنی دە ئایەتی سەرەتای یان کۆتایی ئەم سورەتە هۆکاری پاراستنی بەندەن لە فیتنە وتاقیکردنەوەی مەسیحی دەجال.
٢. هەواڵدان سەبارەت بە بابەتی دەجال، وڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی دەبنە هۆی پاراستن لە فیتنەی دەجال.
٣. هاندان بۆ لەبەرکردنی سورەتی -الکهف- بە کامڵی، ئەگەر نەیتوانی؛ ئەوا با دە ئایەتی سەرەتا وکۆتا لەبەر بکات.

٤. قورتوبی سەبارەت بە هۆکاری (لەبەرکردنی ئایەتەکانی ئەم سورەتە بەتایبەتی بۆ پاراستن لە فیتنەی دەجال)؛ دەڵێت: چونکە چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت ئایەت وبەڵگە وموعجیزەی تێدایە، هەرکەسێك تێڕامان بکات لە باسیان؛ ئەوا بابەتی دەجالی بەلاوە سەیر نابێت وگومڕا نابێت بۆیە تووشی فیتنەیش نابێت، ووتراوە: کاتێك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ﴾ واتە: ﴿(کتێبێکی) ڕاست و پایەدارە بۆ ئەوەی بە سزایەکی زۆر بەتین بترسێنێت (ئەوانەی کە باوەڕی پێ ناهێنن) لە لایەن خۆیەوە﴾؛ لێرەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی سزاکە سەختە ولە ئاسمانەوەیە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بابەتی دەجالی بە گەورە داناوە وهۆشداری سەبارەت داوە وپەنای بە خودا گرتووە لە فیتنەکەی، سەرەنجام ئەمە مانای فەرموودەکەیە: هەرکەسێك ئەم ئایەتانە بخوێنێت وتێڕامانیان بۆ بکات و لەسەر ماناکانیان بوەستێت؛ ئەوا هۆشدار و وریا دەبێت سەبارەت بە فیتنەی دەجال بۆیە پارێزراو دەبێت لێی.

(٦٢٦٥)

(٣٢٩) – عن النعمان بن بَشِير رضي الله عنه قال: سمعت النبيَّ صلى الله عليه وسلم يقول: **«الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ»**، ثُمَّ قَرَأَ: **«{وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} [غافر: ٦٠]»**.

[صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٣٢٩) – لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«نزا کردن (دوعاکردن وپاڕانەوە) عیبادەت وپەرستنە»**، پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: **«{وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} [غافر: ٦٠] واتە:{ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن؛ ئەوە من دوعا و نزاتان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن ولووت بەرزی دەکەن لەئاستی پەرستنی مندا، لەئایندەدا بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتی یەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە}»**. [صەحیحە]

– [ئەبو داود وتیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە نزاکردن پەرستنە، واجبە هەمووی بەدڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت، ئەگەر نزای داواکردن بێت، بەوەی داوای شتێک لە خوای گەورە بکات کە سوودی بۆی دەبێت، یان داوای دوورخستنەوەی زیانی لێبکات لەدونیا وقیامەتدا، یان نزای پەرستن بێت، وپەرستن هەموو شتێک دەگرێتەوە کە خوای گەورە پێی خۆشە ولێی ڕازیە لە وتە وکردەوە ئاشکرا ونهێنیەکان؛ لە پەرستنی دڵی یان لاشەیی یان دارایی.

پاشان پێغەمبەر ﷺ بەڵگەی هێنایەوە لەسەر ئەم باسە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} [غافر: ٦٠] واتە:{ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن؛ ئەوە من دوعا و نزاتان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن ولووت بەرزی دەکەن لەئاستی پەرستنی مندا، لەئایندەدا بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتی یەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە}.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نزا کردن بنچینەی پەرستنە، هەروەکو هەموو پەرستنەکانی تر دەبێت تەنها بۆ الله ئەنجام بدرێت، ونابێت هیچ یەکێکی تر بکرێتە هاوبەشی الله لەم پەرستنەدا -سبحانە وتعالی-.

٢. نزاکردن بریتیە لە هەقیقەت وناوەڕۆکی بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە، ودانانە بە دەوڵەمەندی پەروەردگار وتوانا ودەسەڵاتی ئەو زاتە مەزنە، وهەروەها داننانە بە هەژاری حاڵی بەندە وپێویست بوونی بە پەروەردگاری.

٣. هەڕەشەی توند پاداشتی خۆبەگەورەزانینە لەئاست پەرستنی الله و وازهێنان لە پاڕانەوە لێی، وئەوانەی خۆیان بەگەورەدەزانن لەئاست پاڕانەوە لە الله ؛ دەچنە دۆزەخەوە بە زەلیلی وبچووکی.

(٥٤٩٦)

(٣٣٠) – عن عائشة رضي الله عنها قالت: كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَذْكُرُ اللهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٣٠) – له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: **«پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کات وحاڵەتێکیدا یادی خوای گەورەی دەکرد».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر ﷺ زۆر بەپەرۆش بوو لەسەر یادی خوای گەورە، وئەو یادی الله ی دەکرد لە هەموو کات وشوێن وحاڵەتێکیدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. دەستنوێژگرتن مەرج نیە بۆ زیکر کردنی خوای گەورە.
٢. بەردەوام بوونی پێغەمبەر ﷺ لە یاد کردنی خوای گەورە.
٣. ئامۆژگاری بۆ زۆر یادکردنی خوای گەورە لەهەموو حاڵەتێکدا ولەمەدا پێغەمبەر ﷺ سەرمەشق وقدوە بێت، جگە لەهەندێک حاڵەت وشوێن نەبێت کە ڕێگەپێنەدراوە یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت وەکو لەکاتی سەرئاوکردن وشوێنە پیسەکان.

(٨٤٠٢)

(٣٣١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«لَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَمَ عَلَى اللهِ تَعَالَى مِنَ الدُّعَاءِ».** [حسن] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٣٣١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هیچ شتێک لای خوای گەورە بەڕێز نییە وەکو نزا کردن».**
[حەسەنە] - [تیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

**شیکردنەوە:**

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە هیچ پەرستنێک لەلای خوای گەورە -سبحانه وتعالى- باشتر نیە لە نزا وپاڕانەوە؛ چونکە دانپێدانانە بە دەوڵەمەندی پەروەردگار -سبحانه وتعالى-، وهەروەها دانپێدانانە بە لاوازی وبێ توانایی بەندە کە بەردەوام هەژارە وپێویستی بە پەروەردگارێتی.

**لە سوودەکانی فەرموودەکە:**

١. فەزڵ وپلەوپایەی نزاکردن وئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێتەوە ؛ ئەو زاتەی بەمەزن داناوە، ودانی بەوەدا ناوە: کە دەوڵەمەندە -سبحانه وتعالى- چونکە هەژار داوای لێناکرێت، وبیسەرە چونکە کەڕ داوای لێناکرێت، وبەخشندەیە چونکە ڕەزیل داوای لێناکرێت، و بەدەسەڵاتە چونکە بێ توانا داوای لێناکرێت، ونزیکە چونکە دوور نابیستێت، وجگە لەمانە لە سیفەتە جوان وشکۆدارەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-.

(٥٥٠٩)

(٣٣٢) – عن عبادة بن الصامت رضي الله عنه و أبي سعيد الخدري رضي الله عنه مرفوعاً: **«ما على الأرض مسلم يدعو الله تعالى بدعوة إلا آتاه الله إياها، أو صرف عنه من السوء مثلها، ما لم يَدْعُ بإثم، أو قطيعة رحم»**، فقال رجل من القوم: إذا نُكثِر قال: **«اللهُ أكثر»**. وفي رواية أبي سعيد زيادة: **«أو يَدَّخر له من الأجر مثلها»**. [صحيح] - [رواه الترمذي، وبالزيادة رواه أحمد]

(٣٣٢) – لە عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- وئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«هەر مسوڵمانێک لە سەر زەوی نزا بکات وداوا لە خودا بکات؛ ئەوا خوای گەورە بە گوێرەی نزاکەی پێی دەبەخشێت، یان ئەوەتا شەڕ وخراپەیەکی لێ دووردەخاتەوە، ئەگەر نزاکەی تاوان وپچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت»**. پیاوێک ووتی: کەواتە نزا زۆر دەکەین، ئەویش فەرمووی: **«خودا زیاتر**

**دەبەخشێت»**، ولە گێڕانەوەکەی (ئەبی سەعید)دا هاتووە کە دەفەرموێت: **«یان ئەوەتا خودا بە گوێرەی نزاکەی پاداشتی بۆ هەڵدەگرێت (بۆ قیامەت)».**

[صەحیحە] - [تیرمزی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

فەرموودەکە هانی هەموو مسوڵمانێک دەدات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەوی هەبێت لەگەڵ پەروەردگاردا؛ بە قسە وکردەوە، ونزا لە دڵێکی ڕاستگۆوە دەردەچێت کە پەیوەستە بە خۆشەویستی خوای گەورەی بەرز وشکۆدار، ودەرگای ئاسمانەکان بۆ ئەم نزایە دەکرێتەوە، وخوای گەورە وەڵامی نزاکان دەداتەوە چونکە تەنها هەر ئەوە کە وەڵامی کەسانی خاوەن پێویستی دەداتەوە ئەگەر داوای لێبکەن، وناخۆشییەکان لادەبات، ونزا نافەوێت، یان ئەوەتا وەڵام دەدرێتەوە وداواکراو دێتە دی، یان ئەوەتا بە هۆی ئەو نزایەوە خوای گەورە خراپە وشەڕێک لەسەر ئەو کەسە دوور دەخاتەوە، یان ئەوەتا بە گوێرەی نزاکەی پاداشتی بۆ هەڵدەگرێت وئەوەی لای خودایە خێرتر وزۆرترە لەوەی کە خەڵکی داوای دەکەن.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. نزای مسوڵمان وەڵامدەدرێتەوە ورەت ناکرێتەوە بەڵام بە مەرج وئادابەکانیەوە؛ بۆیە پێویستە بەندە زۆر نزا بکات وپەلە نەکات لە وەڵامدانەوەی نزاکانی.

٢. وەڵامدانەوەی نزا نەبەستراوەتەوە بە جێبەجێبوونی داواکراو؛ لەوەیە بەهۆی نزاکەی خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش بێت، یان بۆی هەڵبگرێت بۆ قیامەت.

٣. ئیبن باز دەڵێت: زۆر داواکردن، وگومان باشی بە الله، وبێ هیوا نەبوون، ئەمانە لە گەورەترین هۆکارەکانن بۆ وەڵامدانەوەی نزا، بۆیە پێویستە بەندە زۆر داوا بکات، وگومانی باشی هەبێت بە الله -عز وجل-، وبزانێت کە الله دانا وزانایە، بۆیە دەگونجێت الله وەڵامی نزاکەی بداتەوە بەهۆی حیکمەتێک، ولەوەیە دواى بخات بەهۆی حیکمەتێک، ولەوەیە خێرتر ببەخشێت بە داواکار لەوەی کە داوای کردووە.

(٥١٠٠)

(٣٣٣) – عن شهر بن حوشب قال: قلت لأم سلمة رضي الله عنها، يا أم المؤمنين، ما كان أكثر دعاء رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا كان عندك؟ قالت: كان أكثر دعائه: «**يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك**». [صحيح لغيره] - [رواه الترمذي]

(٣٣٣) – له شەهری کوڕی حەوشەبەوە دەڵێت: ووتم: بە دایکی سەلەمە (ئوم سەلەمە) -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەی دایکی ئیمانداران، ئایا زۆرترین نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چی بوو ئەگەر لای تۆ بووایە؟ ئەویش ووتی: زۆرترین نزای بریتی بوو لە: **«یا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك»، واتە: «ئەی ئەو زاتەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە دڵم جێگیر بکە لە سەر ئاینەکەت».** [صەحیحە بە ئیسنادێکی تر] – [تیرمذی گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

زۆرترین نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمە بوو، کە دەیفەرموو: «یا مقلب القلوب»، واتە: «ئەی ئەو زاتەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە»، واتا: جارێک هەڵی دەگێڕیتەوە و وا لەو دڵە دەکەیت کە پەرستن ئەنجام بدات ونزیک بێتەوە لێت، وجارێکی تر وای لێدەکەیت کە تووشی تاوان وبێئاگایی (غەفڵەت) بێت، «ثبت قلبي على دينك»، واتە: «دڵم جێگیر بکە لە سەر ئاینەکەت»، واتا: دڵم جێگیر بکە لە سەر ئاینەکەت کە ئاینی ئیسلامە، و وای لێمەکە کە لا بدات لە سەر ئەم ئاینە بەهێز وپتەو وڕێبازە ڕاستە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ملکەچی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەروەردگاری وپاڕانەوە وتکاکردنی لە ئەو زاتە مەزنە؛ وڕێنموێنی کردنی ئومەت بۆ شوێنکەوتنی ئەم ڕێبازە.

٢. گرنگی دامەزراوی وجێگیربوون لەسەر ئاین، وپەند بە کۆتا ساتی ژیانە.

٣. بەندە ناتوانێت دەست هەڵبگرێت لە داوا کردن لە پەروەردگاری بۆئەوەی لەسەر ئیسلام جێگیری بکات؛ تەنانەت هێندەی چاو تروکانێکیش.

٤. هاندان بۆ زۆر ووتنی ئەم نزایە، وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ.

٥. جێگیری وپابەندبوون بە ئاینی ئیسلامەوە؛ گەورەترین نیعمەتە کە پێویستە بەندە هەوڵی بۆ بدات، وسوپاسی پەروەردگاری بکات لەسەر ئەم نیعمەتە.

(٣١٤٢)

(٣٣٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«اللَّهُمَّ أصلح لي ديني الذي هو عِصْمَةُ أمري و اصلح لي دنياي التي فيها معاشي ، و أصلح لي آخرتي التي إليها مَعَادِي و اجعل الحياة زيادة لي من كل خير و اجعل الموت راحة لي من كل شر»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٣٤) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەیفەرموو: **«اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي، وَاجْعَلْ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلْ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ»**، واتە: **«خودایە ئاینداریەکی (دینداریەکی) چاکم پێ ببەخشە کە کار وکردەوەم لە هەڵە بپارێزێت، ودونیاشم بۆ چاک بکە کە ژیانمی تێدایە، وقیامەتیشم بۆ چاک بکە چونکە گەڕانەوەم بۆ ئەوێیە، وژیانم بۆ بکە بە هۆکاری زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەک، ومردنم بۆ بکە بە هۆکاری حەسانەوە لە هەموو شەڕ وخراپەیەک»**. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

ئەمە یەکێکە لە نزاکانی پێغەمبەر ﷺ کە داواکردنی خێری دونیا و دوا ڕۆژی تێدایە، نزاکەی ئەمەی تێدایە: بڕیار وقەزا دان لە سەر مردنی هۆکار بێت بۆ حەسانەوە ودوورکەوتنەوەی لە هەموو شەڕ وخراپەیەکی دونیا، وهەروەها لە شەڕ وناخۆشیەکانی ناو گۆڕ وپاش گۆڕیش، ولەم نزایەدا پێغەمبەر ﷺ داوا دەکات کە ژیانی بۆ جێبەجێکردن و وتنی ئەو کردارانە تەرخان بکات کە خودا

خۆشی دەوێت وپێی ڕازیە، ودووری بخاتەوە لەو وتە وکردارانەی کە خودا پێی ناخۆشە لێی ناڕازیە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاین ودینداری گرنگترین شتە؛ بۆیە پێغەمبەر ﷺ سەرەتا باسیکرد لە نزاکەیدا.
٢. ئاین ودینداری مرۆڤ دەپارێزێت لە کردنی هەموو خراپە وشەڕێک.
٣. نزا کردن بۆ جێبەجێبوونی کاروبارە دونیاییەکان بۆئەوەی ئاینداری وقیامەتی چاك بێت.
٤. مەکروهیەتی تێدا نییە ئەگەر مرۆڤ هیوا بە مردن بخوازێت لە ترسی تووشبوون بە فیتنە لە ئایندا، یان ئەگەر داوای شەهید بوون بکات لە خوای گەورە.

(٥٤٨٢)

(٣٣٥) – عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: لم يكنْ رسول الله صلى الله عليه وسلم يَدَعُ هؤلاء الكلماتِ حين يُمْسي وحين يُصْبحُ: **«اللَّهُمَّ إنِّي أسْأَلُكَ العافيَةَ في ديني ودُنْيَايَ وأَهْلي ومَالي، اللَّهُمَّ اسْتُر عَوْراتي وآمِنْ رَوْعاتي، واحفَظْني مِنْ بين يديَّ ومِن خَلْفِي وعن يميني وعن شِمَالي ومِنْ فَوْقِي، وأَعُوذُ بِعَظمَتِك أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحتي».**

[صحيح] - [رواه أبو داود والنسائي في الكبرى وابن ماجه وأحمد والحاكم. ملحوظة: لفظ الحديث في مصادر التخريج: اللهم إني أسألك العافية في الدنيا والآخرة، اللهم إني أسألك العفو والعافية في ديني...، واللفظ المذكور من بلوغ المرام]

(٣٣٥) – لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ وازی لەم وشانە نەدەهێنا لە کاتی هاتنی بەیانی وهاتنی ئێوارەدا: **«اللَّهُمَّ إنِّي أسْأَلُكَ العافيَةَ في ديني ودُنْيَايَ وأَهْلي ومَالي، اللَّهُمَّ اسْتُر عَوْراتي وآمِنْ رَوْعاتي، واحفَظْني مِنْ بينِ يديَّ ومِن خَلْفِي وعن يميني وعن شِمَالي ومِنْ فَوْقِي، وأَعُوذُ بِعَظمَتِك أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحتي»، واتە: «خودایە داوای سەلامەت بوون وعافیەتت لێدەکەم لە ئاینەکەم ولە دونیام، ولە خێزان وماڵەکەم، خودایە هەڵە وکەموکورتیەکانم بپۆشە وترسەکانم**

**بڕەوێنەوە، ولە پێشەوە وپشتەوە وڕاست وچەپ وسەرەوە بمپارێزە، وپەنا بە گەورەیی تۆ دەگرم لەوەی کە ڕۆ بچم بە ناخی زەویدا».**

[صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وحاکم و نەسائی وئەبو داود وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەموو بەیان وئێوارەیەکدا پابەندی ئەم نزایە بوو وهەرگیز وازی لێنەدەهێنا، چونکە گەلێک واتای مەزنی لە خۆگرتووە.

(خودایە داوای سەلامەت بوون وعافیەتت لێدەکەم لە ئاینەکەم)؛ مەبەست لە سەلامەت بوون لێرەدا ئەوەیە دینداریەکەم پارێزراو بێت لە تاوان وهەڵە وبیدعە وخراپەکاری وکوموکورتی، (ولە دونیام، ولە خێزان)؛ واتە: خودایە داوات لێدەکەم لە دونیادا دوور بم لە شەڕ وبەڵا وکارەساتەکان، وداوای سەلامەت بوونی خێزان ومنداڵەکان وبنەماڵەکەم دەکەم لە خراپی مامەڵەیان ونەخۆش بوونیان وسەرقاڵبوونی زیاد لە پێویست وئیسرافیان لە شتومەکی دونیا، (وماڵەکەم -وسامانەکەم-)؛ واتە: خودایە داوات لێدەکەم دوور وسەلامەت بم لە بەدەستهێنانی ماڵ وسامان بە کار وپیشەی حەرام وگوماناوی وتێوەگلان لە مامەڵە گوماناوی وحەرامکراوەکان.

(خودایە هەڵە وکەموکورتیەکانم بپۆشە وترسەکانم بڕەوێنەوە)؛ واتە: خودایە بپۆشە لە هەر هەڵە وتاوانێک کە ببێتە مایەی شەرمەزاری وئابڕووچوونم، وبمپارێزە وئاسایش وئەمانەتم پێببەخشە لە هەر شتێک کە ببێتە هۆی ترس وبیم بۆم، (ولە پێشەوە وپشتەوە وڕاست وچەپ وسەرەوە بمپارێزە)؛ واتە: لە هەر شەش ئاراستەکەوە بمپارێزە بۆ ئەوەی شەڕ وناخۆشی تووشم نەبێت لە هیچ شوێنێکەوە، (وپەنا بە گەورەیی تۆ دەگرم لەوەی کە ڕۆ بچم بە ناخی زەویدا)؛ واتا: پەنا بە مەزنی تۆ دەگرم وداوات لێدەکەم بمپارێزیت لەوەی کە ڕۆبچم بە ناخی زەویدا وتیا بچم لەناکاو ولە کاتی بێئاگا بوونمدا.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەردەوامبوون لەسەر ووتنی ئەم وشانە وەکو شوێنکەوتنێک بۆ پێغەمبەر ﷺ.

٢. هەروەکو چۆن مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بەوەی داوای عافیەت وسەلامەت بکات لە خوای گەورە لە ئاین ودینداریدا، بەهەمان شێوە فەرمانی پێکراوە کە داوای عافیەت وسەلامەت بوون بکات لە خوای گەورە لە دونیایدا.
٣. تەیی دەڵێت: باسی هەر شەش ئاراستەکەی کرد؛ چونکە بەڵا وکارەساتەکان لەو ئاراستانەوە دێن، وزیاتر جەختی کردەوە لەسەر ئاراستەی خوارەوە -ژێرەوە- بەهۆی ترسناکی ئەو بەڵا وکارەساتەی لەوێوە تووشی دەبێت.
٤. باشترین کات بۆ خوێندنی زیکرەکان، لە بەیانیدا: لە کاتی دەرچوونی بەیانە هەتاوەکو دەرچوونی خۆر لە سەرەتای ڕۆژدا، ولە پاش عەسر هەتاوەکو پێش خۆرئاوا بوون، ئەگەر پاش ئەم کاتانە بیڵێت؛ واتا لە بەیانیدا پاش بەرزبوونەوەی خۆر بەرەو ئاسمان ئەوا ئاساییە، وئەگەر لە پاش نیوەڕۆ بیڵێت؛ هەر ڕێگەپێدراوە، وئەگەر لە پاش مەغریب بیڵێت؛ دروستە، هەموو ئەمانە کاتی زیکر کردنن.
٥. ئەوەی لە بەڵگەکاندا هاتووە هەندێك لە زیکرەکان کاتێکی دیاریکراویان هەیە کە تێیدا دەخوێندرێن وەکو خوێندنی دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة-؛ تەنها لە شەودا دەخوێندرێت لەپاش ئاوابوونی خۆر.

(٥٤٨٥)

(٣٣٦) – عن عائشة رضي الله عنها أن رسول الله صلى الله عليه وسلم علمها هذا الدعاء: اللَّهُمَّ إني أسألك من الخير كله عَاجِلِهِ وآجِلِهِ، ما علمتُ منه وما لم أعلم، وأعوذ بك من الشر كله عَاجِلِهِ وآجِلِهِ، ما علمتُ منه وما لم أعلم، اللَّهُمَّ إني أسألك من خير ما سألك عبدُك ونبيُّك، وأعوذ بك من شر ما عَاذَ منه عبدُك ونبيُّك اللَّهُمَّ إني أسألك الجنة، وما قرب إليها من قول أو عمل، وأعوذ بك من النار، وما قرَّبَ إليها من قول أو عمل، وأسألك أن تجعل كل قضاء قَضَيْتَه لي خيرًا. [صحيح] - [رواه ابن ماجه وأحمد]

(٣٣٦) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ فێری ئەم نزایەی کرد: **«اللَّهُمَّ إني أسألك من الخير كله عَاجِلِهِ وآجِلِهِ، ما علمتُ منه وما لم أعلم، وأعوذ بك من الشر كله عَاجِلِهِ وآجِلِهِ، ما علمتُ منه وما لم أعلم، اللَّهُمَّ إني أسألك من خير ما سألك عبدُك ونبيُّك، وأعوذ بك من شر ما عَاذَ منه**

**عبدُك ونبيُّك اللَّهُمَّ إنِي أسألك الجنة، وما قرب إليها من قول أو عمل، وأعوذ بك من النار، وما قرَّبَ إليها من قول أو عمل، وأسألك أن تجعل كل قضاء قَضَيْتَه لي خيرًا»، واته: «خودایه من داوای هەموو خێرێكت لێدەكەم نزیک ودووری، ئەوەی دەیزانم وئەوەی نایزانم، وپەنا بە تۆ دەگرم لە هەموو شەڕێک، نزیک ودووری، ئەوەی دەیزانم وئەوەی نایزانم، خودایە داوای هەموو خێرێكت لێدەكەم كە بەندە وپەیامبەرەكەت داوای لێكردوویت، خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە هەموو شەڕێک كە بەندە وپەیامبەرەكەت پەنای بە تۆ گرتووە لێیان، خودایە داوای چوونە بەهەشت لێدەكەم وهەر كردەوە وقسەیەک ببێتە هۆی چوونە بەهەشت، وداوای ڕزگاربوون لە دۆزەخت لێدەكەم وهەر وتە وكردەوەیەک ببێتە هۆی دووربوون وڕزگار بوون لە دۆزەخ، خودایە داوات لێدەكەم هەموو قەزا وبڕیارێک لەسەر منت داوە خێر بێت».** [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە و ئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ عائیشەی فێری ئەم نزایە كرد -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەم نزایە كۆی وشە بەسوود وخێرەكانی دونیا و دواڕۆژی (ئاخیرەتی) تێدایە، وپەنا گرتنی تێدایە لە هەموو شەڕێكی دونیا و دواڕۆژ، وداواكردنی چوونە بەهەشت وئەنجامدانی ئەو قسە وكردەوانەی تێدایە كە دەبنە هۆی چوونە بەهەشت، وپەناگرتنی تێدایە بە خودا لە چوونە دۆزەخ و دووربوون لە ئەنجامدانی ئەو قسە وكردەوانەی تێدایە كە دەبنە هۆی چوونە دۆزەخ، داواكردنی لە خودای تێدایە بەوەی هەموو قەزا وبڕیارێک لەسەر ئەو دراوە خێر بێت، وداواكردنی هەموو خێرێكی تێدایە لە خودا؛ لەو خێرانەی كە پێغەمبەر ﷺ داوای كردووە، ، وپەناگرتنی بە خودای تێدایە لە هەموو شەڕێک؛ لەو شەڕانەی كە پێغەمبەر ﷺ پەنای بە خودا گرتووە لێیان.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. پیاو خێزانەكەی فێری ئەو شتانە دەكات كە سوودی دەبێت بۆ دینداری ودونیایان هەروەكو چۆن پێغەمبەر ﷺ عائیشەی فێر دەكرد.

٢. باشتر وایە مسوڵمان ئەو نزایانە لەبەر بکات کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە ﷺ؛ چونکە لە نزا گشتگیرەکانن.
٣. زانایان سەبارەت بەم فەرموودەیە دەڵێن: گشتگیرترین فەرموودەیە لە داواکردنی خێر وپەناگرتن بە پەروەدگار لە شەڕ وخراپە، ئەمە لە قسە پوختەکانە (جوامع الكَلِمِ) کە بە پێغەمبەر ﷺ بەخشراوە.
٤. لە هۆکارەکانی چوونە بەهەشت لەپاش ڕەحمەت ومیهرەبانی الله: کردەوە وقسە چاکەکان.

(٥٤٨٧)

(٣٣٧) – عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«إِنَّ الْإِيمَانَ لَيَخْلَقُ فِي جَوْفِ أَحَدِكُمْ كَمَا يَخْلَقُ الثَّوْبُ الْخَلِقُ، فَاسْأَلُوا اللَّهَ أَنْ يُجَدِّدَ الْإِيمَانَ فِي قُلُوبِكُمْ»**. [صحيح] - [رواه الحاكم والطبراني]

(٣٣٧) – لە عبداللە کوڕی عەمرو کوڕی ئەلعاس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئیمان -باوەڕ- کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی هەریەکێکتان هەروەکو چۆن جلی کۆن دەدڕێت ولاواز دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئیمان لە دڵەکانتان نوێ بکاتەوە».**
[صەحیحە] - [حاکم وتەبەرانی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە ئیمان کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی مسوڵمان وەکو جلی نوێ کە لەپاش زۆر بەکارهێنان وماوەیەکی زۆر کۆن دەبێت؛ وئەمیش بەهۆی کەمتەرخەمی لە پەرستنەکان، یان کردنی تاوانەکان وڕۆچوون لە شەهوەتەکان.
بۆیە پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی کردووە بۆئەوەی داوا لە خوای گەورە بکەین کە ئیمان لەدڵماندا نوێ بکاتەوە، ئەمیش بە جێبەجێکردنی فەرزەکان وزۆر یادی خوای گەورە وداوای لێخۆشبوون -ئیستیغفار کردن- دەبێت.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ داواکردن له خوای گەورە بۆئەوەی جێگیر بێت لەسەر ڕێگای ڕاست وئیمان له دڵدا نوێ بکاتەوە.
٢. ئیمان -باوەڕ- بە وشە وکردەوە وبیروباوەڕە -عەقیدەیە-، بە پەرستن وگوێڕایەڵی الله زیاد دەکات، وبە گوناھ وسەرپێچی کەم دەکات.

(٦٥٠٢٠)

(٣٣٨) – عن معاذ بن جبل رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «**يَا مُعَاذ، واللَّهِ، إِنِّي لَأُحِبُّكَ، ثُمَّ أُوصِيكَ يَا مُعَاذُ، لاَ تَدَعَنَّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَة تَقُول: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ**». [صحيح] - [رواه أبو داود والنسائي ومالك وأحمد]

(٣٣٨) – له موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: «**ئەی موعاز، واللە، من تۆم خۆش دەوێت، پاشان ئامۆژگاریت دەکەم ئەی موعاز، واز مەهێنە لەوەی کە لە دوای هەموو نوێژێک بڵێیت: ( اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ )، واتە: (ئەی خودایە؛ یارمەتیم بدە لە سەر زیکر ویاد کردنت، وسوپاس کردنت، وپەرستنت بە شێوەیەکی ڕێک وجوان)**». [صەحیحە] - [نەسائی وئەبو داود ومالیك وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە تایبەتمەندیەکی تری خۆشەویستی ئیسلامیانە ڕووندەکاتەوە، ولە بەرهەمەکانی بریتیە لە ئامۆژگاری وڕێنموێنی بۆ کردەوەی خێر، پێغەمبەر ﷺ بە موعازی فەرموو: (من تۆم خۆش دەوێت)، وسوێندی خوارد، فەرمووی: (واللە من تۆم خۆش دەوێت)، وئەمەیش پلەیەکی مەزنە بۆ موعازی کوڕی جەبەل -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ خۆشی دەوێت، وهەرکەسێک یەکێکی تری خۆش بوێت تەنها خێر وسوودی بۆی دەوێت، وئەمەی پێی ووت بۆ ئەوەی موعاز ئامادە بێت وجوان گوێگر بێت بۆ ئەوەی پێی دەووترێت، چونکە لە لایەن کەسێکەوەیە کە خۆشی دەوێت.

پاشان پێی فەرموو: (واز مەهێنە لەوەی کە لە دوای هەموو نوێژێک بڵێیت)؛ مەبەستی نوێژە فەرزەکانە، (اللهم أعني على ذكرك، وشكرك، وحسن عبادتك) واتە: (ئەی خودایە؛ یارمەتیم بدە لە سەر زیکر ویاد کردنت، وسوپاس کردنت، وپەرستنت بە شێوەیەکی ڕێک وجوان)، مەبەستی خوێندنیەتی پاش تەواو بوو لە خوێندنی (تەشەهود - تەحیات) وپێش سەلامدانەوەیە، بەم شێوەیە لە هەندێک ڕیوایەت هاتووە، وئەگەر زیکر کردن بێت ئەوا لە پاش سەلامدانەوەیە، وبەڵگەیش بۆ ئەم بنچینەیە ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرمووده‌کەی ئیبن مەسعود دا سەبارەت بە تەشەهود کاتێک باسی ئەمەی کرد، فەرمووی: (پاش ئەوە چی نزایەکی بیەوێت یان حەزی پێبکات ئەوا با بیخوێنێت)، بەڵام سەبارەت بە زیکر کردن خوای گەورە دەفەرموێت: {فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِكُمْ}[النساء: ١٠٣]، واتە:{وئەگەر هاتوو لە نوێژ کردن تەواو بوون؛ ئەوا ئێوە زیکری خوای گەورە بکەن لە هەموو حاڵەتێکتاندا کە بە پێوە بوون یان دانیشتبوون یاخود ڕاکشا بوون لە سەر لایەکانتان}.

کاتێک دەفەرموێت: (اللهم أعني على ذكرك)، واتە: (ئەی خودایە، یارمەتیم بدە لە سەر زیکر کردنت)؛ واتا: مەبەست هەموو وتەیەکە کە لە خوای گەورە نزیکی بکاتەوە وهەر وتەیەک لە خوای گەورە نزیکت بکاتەوە ئەوا لە یاد وسوپاسکردنی خودایە، (وشكرك)؛ واتە: (سوپاس کردنت)، واتە: سوپاسی تۆ دەکەم لە سەر هەموو نیعمەتەکان ودووربوونی هەموو نیقمەت وناخۆشیەکان، نیعمەتەکانی خودا لە بژاردن نایەن وئەو ناخۆشیانەیشی لە سەر بەندەی لابردووە بە هەمان شێوەیە بۆیە لە سەر ئەمە دەبێت سوپاسی خودا بکرێت.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. مسوڵمان بە برایەکی بڵێت کە خۆشی دەوێت لە پێناو خوای گەورە؛ ڕێگە پێدراوە.
٢. سوننەتە مرۆڤ پابەندی ئەم نزایە بێت لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز.
٣. هاندان بۆ نزا کردن بەم چەند وشە کەمە؛ چونکە شتە داواکراوەکانی دونیا وقیامەتی تێدایە.

٤. له سوودەكانی خۆشەویستی لەپێناو خوای گەورە: هاندان بۆ هەق وئامۆژگاری وهاوكاری كردن لەسەر خێر وچاكە وتەقواداری.
٥. تەیبی دەڵێت: یاد كردنی خوای گەورە سەرەتای سینگ فراوانیە، وسوپاسكردنی هۆكاری بەدەستهێنانی نیعمەتە داواكراوەكانە، وچاك پەرستنی كە لێی داواكراوە هۆكارە بۆ سەرقاڵ نەبوون بە هەرشتێك كە لە خوای گەورە دووری دەخاتەوە.

(٣٥١٨)

(٣٣٩) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال:
**«أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ، فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٣٩) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«نزیكترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە كاتی سوجدە بردندایە؛ بۆیە زۆر نزا وپاڕانەوەی تێدا بكەن».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەكاتەوە كە نزیكترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە كاتی سوجدە بردندایە، چونكە نوێژخوێن لەسوجدەدا بەرزترین وڕێزدارترین ئەندامی لاشەی لەسەر زەوی دادەنێت وەكو گوێڕایەڵی وملكەچی وزەلیلی دەربڕین بۆ الله -عز وجل-. و پێغەمبەر ﷺ فەرمانیكردووە بە زۆر نزاكردن لەكاتی سوژدەبردن، بۆیە سوژدەبردن ملكەچبوون وزەلیلی بەندەی تێدا كۆدەبێتەوە بۆ الله -سبحانە وتعالی- بە قسە وكردەوە.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. پەرستنەكان دەبنە هۆی نزیكبوونەوەی بەندە لە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.
٢. سونەتە مرۆڤ لە سوجدەدا زۆر نزا بكات، چونكە شوێنێكە نزاكان تێیدا وەڵام دەدرێتەوە.

(٥٣٨٢)

(٣٤٠) – عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ أَكْثَرُ دُعَاءِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«اللَّهُمَّ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٤٠) – له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: زۆرترین نزای پێغەمبەر ﷺ بریتی بوو لە: **«رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ» واتە: «خودایە چاکەمان پێ ببەخشە لە دونیا ولە قیامەتدا، وبمانپارێزە لە سزای دۆزەخ»**. [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ زۆر جار نزای گشتگیری دەکرد، لەوانەش: «رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ» واتە: «خودایە چاکەمان پێ ببەخشە لە دونیا ولە قیامەتدا، وبمانپارێزە لە سزای دۆزەخ».
ئەم نزایە هەموو چاکەیەکی دونیا لەخۆ دەگرێت لە ڕزقی پاك وفراوان وحەڵاڵ، وهاوسەرێکی چاك، وئەو منداڵانەی چاوەکان پێیان ئۆقرە دەگرێت، وئارامی وهێمنی، وزانستی بەسوود، وکردەوەی چاك، وهاوشێوەی ئەمانە لە شتە داواکراوە خۆشەویستەکان لەلای مرۆڤ کە ڕێگەپێدراون، وچاکەی قیامەت بریتیە لە سەلامەت بوون لە سزای گۆڕ وڕۆژی لێپرسینەوە ودۆزەخ، وبردنەوەی نیعمەتی بەردەوام لە بەهەشت، ونزیکی لە پەروەردگاری میهرەبان.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە نزا گشتگیرەکان بووترێت؛ وەکو شوێنکەوتنێک بۆ پێغەمبەر ﷺ.
٢. کامڵترین لە دوعادا ئەوەیە مرۆڤ لە نزاکردندا داوای خێری دونیا وقیامەتی بکات.

(٥٥٠٢)

(٣٤١) – عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«أَلاَ أُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ، وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ، وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ إِنْفَاقِ الذَّهَبِ وَالوَرِقِ، وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ؟»** قَالُوا: بَلَى. قَالَ: **«ذِكْرُ اللهِ تَعَالَى»**.
[صحيح] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٣٤١) – له ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: **«ئایا خێرترین وباشترین كردەوەتان پێ بڵێم، كە پاكترین وبە بەرەكەتترینیانە لای پەروەردگارتان، هۆكاری بەرزبوونەوەی پلەكانتانە، وخێرترە بۆ ئێوە لە بەخشینی ئاڵتون وزیو، وخێرترە بۆتان لەوەی كە بگەنە دوژمنەكانتان و لە گەردنیان بدەن وئەوان لە گەردنی ئێوە بدەن؟»**، ووتیان: بەڵێ (پێمان بڵێ)، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: **«زیكر ویادی خوای گەورە»**. [صەحیحە] – [تیرمزی وئیبن ماجە وئەحمەد – گێڕاویانەتەوە]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە هاوەڵانی كرد: ئایا دەتانەوێت پێتان بڵێم وبزانن كامەیە چاكترین وڕێزدارترین وپیرۆزترین وپاكترین كردەوەتان لەلای الله (المالك:ئەلمالیك:خاوەنداری هەموو شتێك) -عز وجل-؟ وزیاتر لە هەموو كردەوەكانی تر پلەتان بەرز دەكاتەوە لە بەهەشتدا؟ وباشترە بۆتان لەوەی خێر بكەن بە ئاڵتون وزیو؟ وخێرترە بۆتان لەوەی بگەن بە كافرەكان لەكاتی جەنگدا، ئێوە لە گەردنیان بدەن، وئەوانیش لە گەردنی ئێوە بدەن؟ هاوەڵان ووتیان: بەڵێ، دەمانەوێت پێمان بڵێی. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: یاد كردنی خوای گەورە لە هەموو كات وحاڵەتێكدا.

## له سوودەكانی فەرموودەكە:

١. بەردەوام بوون لەسەر یادی خوای گەورە بە ڕووكەش ولە ناخەوە لە گەورەترین هۆكارەكانی نزیكبوونەوەیە لە پەروەردگار، ولە بەسوودترینیانە لە لای خوای گەورە -سبحانه وتعالی-.

٢. هەموو كردەوەكان لە شەریعەتدا دانراون بۆ یادكردنی الله، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ واتە: ﴿ونوێژەكانت ئەنجام بدە بۆ یادكردنی من﴾. وپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «تەواف كردن بە دەوری -كەعبە- وهاتن وچوون لەنێوان سەفا ومەروە ڕەجم كردنی جەمەڕات ؛ دانراوە بۆئەوەی یادی خوای گەورە بكرێت». [رواه أبو داود والترمذي]

٣. عزی كوڕی عبدالسلام -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە (قواعد الأحكام) دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پاداشت پەیوەست نییە بە ماندووبوون لە پەرستنەكاندا ؛ بەڵكو لەوەیە خوای گەورە پاداشت بداتەوە لەسەر كردەوەیەكی كەم زیاتر لەسەر كردەوەیەكی زۆر، بۆیە پاداشت دەگۆڕێت بەپێی پلە وڕێزداری كردەوەكە.

٤. مەناوی لە (فیض القدیر)دا دەڵێت: ئەم فەرموودەیە دەبێت وا لێی تێ بگەین زیكر كردن باشترینە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری دەكرێت، بەڵام ئەگەر ئامۆژگاری كەسی ئازا وقارەمان بكرێت كە سوودی هەیە بۆ ئیسلام لە جەنگدا ؛ ئەوا ڕێنموێنی دەكرێت بە جیهاد كردن، یان دەوڵەمەند كە سوود بە هەژارەكان دەگەیەنێت بە سامانەكەی؛ ئەوا ڕێنموێنی دەكرێت بە خێركردن، وئەوەی توانای حەجكردنی هەیە؛ ڕێنموێنی دەكرێت بە ئەنجامدانی حەج، یان ئەوەی دایك وباوكی هەیە؛ ڕێنموێنی دەكرێت بە چاكەكار بوون لەگەڵیان، بەم شێوەیە گێڕانەوەكان دەگونجێن وبە شێوەیەكی دروست لێیان تێدەگەین.

٥. باشترین زیكر ئەوەیە كە بە دڵ بووترێت ودڵیش بیری لێبكاتەوە، پاشان ئەوەی تەنها بە دڵ دەكرێت ؛ وەكو بیركردنەوە، پاشان ئەو زیكرەی تەنها بە زمان دەكرێت، وهەمووی پاداشتی تێدایە بە ویستی خوای گەورە -سبحانه وتعالی-.

٦. پابەندبوونی مسوڵمان بە زیكری حاڵەتەكان وەكو زیكری بەیانیان وئێواران، وزیكری چوونە مزگەوت وماڵ، وچوونە سەرئاو ودەرچوون لێی.. وهتد ؛ ئەمە

دەبێتە هۆی ئەوەی مسوڵمان لەو کەسانە بێت کە زۆر یادی خوای گەورە دەکەن، ولە قورئانی پیرۆزدا باسکراون وپاداشتی گەورەیان بۆ دانراوە.

(٣٥٧٥)

(٣٤٢) – عن معاذ بن جبل رضي الله عنه قال: قلت: يا رسول الله أخبرني بعمل يُدخِلُني الجنة ويُبَاعِدُني عن النار، قال: **«لقد سألت عن عظيم وإنه ليَسير على من يَسَّره الله تعالى عليه: تعبدُ الله لا تشركُ به شيئًا، وتُقيمُ الصلاةَ، وتُؤتِي الزكاةَ، وتَصومُ رمضانَ، وتَحجُّ البيتَ».**

ثم قال: **«ألا أدلُّك على أبواب الخير؟ الصومُ جُنة، والصدقة تُطفئ الخطيئةَ كما يطفئ الماءُ النارَ، وصلاة الرجل في جَوف الليل ثم تلا: {تتجافى جنوبهم عن المضاجع}... حتى إذا بلغ {يعملون}».**

ثم قال: **«ألا أُخبرك برأس الأمر وعموده وذِروة سَنامه؟»** قلت: بلى يا رسول الله.

قال: **«رأس الأمر الإسلام، وعموده الصلاة، وذُروة سَنامه الجهاد».**

ثم قال: **«ألا أُخبرك بمِلاك ذلك كله؟»**، قلت: بلى يا رسول الله.

فأخذ بلسانه وقال كُفَّ عليك هذا.

قلت: يا نبي الله، وإنا لمؤاخذون بما نتكلم به؟

فقال: **«ثَكِلَتْكَ أُمُّك، وهل يكُبُّ الناسَ في النارِ على وجوههم (أو قال على مَنَاخِرِهم) إلا حَصائدُ ألسنتِهم؟».** [صحيح] - [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

(٣٤٢) – لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، کردەوەیەکم پێ بڵێ کە ببێتە هۆی چوونە بەهەشت ورزگار بوونم لە دۆزەخ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **«دەربارەی شتێکی مەزن پرسیارت کرد وئاسانە لەسەر ئەو کەسەی کە خوای گەورە بۆی ئاسان کردووە، خوای گەورە دەپەرستیت وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەیت،**

ونوێژەکان ئەنجام دەدەیت، وزەکات دەدەیت، ورەمەزان بە ڕۆژوو دەبیت، وحەجی ماڵی خودا دەکەیت»،
پاشان فەرمووی: «ئایا دەرگاکانی ئەنجامدانی خێرت پێ نیشان بدەم؟ ڕۆژووگرتن پارێزەرە (قەڵغانە)، وخێر کردن تاوانەکان دەکوژێنێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، وشەو نوێژکردن لە تاریکایی شەودا، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندنەوە: {تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (١٦)فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(١٧)} [سورة السجدة]واته: {تەنیشتیان دوور دەکەوێتەوە لە جێگای خەوتنیان (واتە: لە خەو هەڵدەستن بۆ شەو نوێژ کردن) هاوار ونزا لە پەروەردگاریان دەکەن بە ترس و هیواوە و لەو ڕۆزی و سامانەی پێمان داون دەبەخشن (١٦) ئەمجا هیچ کەس نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشت دا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە(١٧)}،
پاشان فەرمووی: «ئایا هەواڵت پێبدەم بە ناوەڕۆک وگەوهەری ئەم ئاینە وپایەکانی ولوتکەکەی؟»، ووتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا (واتە: بەڵی، پێم بڵێ). فەرمووی: «ناوەڕۆک وگەوهەری ئەم ئاینە ئیسلامە، وپایەکانی نوێژ کردنە، ولوتکەکەی جیهادە». پاشان فەرمووی: «ئایا هەواڵت پێبدەم بە جڵەوگیری هەموو ئەوانە؟»، ووتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا. زمانی گرت وفەرمووی: «ئەمەت بگرەوە»،
ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا لێپرسینەوەمان لێدەکرێت وسزا دەدرێین لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین؟»، فەرمووی:
«دایکت تۆی لە بار ببردایە، ئایا خەڵکی ڕادەکێشرێن لەسەر ڕوومەتیان یان لەسەر لوتیان وفڕێ دەدرێنەوە ناو دۆزەخەوە مەگەر بە هۆی دروێنەی تاوانەکانی زمانیانەوە نەبێت؟ (واتە: بە هۆی تاوانەکانی زمانیانەوە بەو شێوەیە فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە)». [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە و تیرمذی وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە ئامۆژگاری ئەوەمان دەکات کە ئەو کردەوەیەی هۆکاری ڕزگاربوونە لە دۆزەخ وچوونە بەهەشتە بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە بە بێ بڕیاردانی هیچ هاوبەش وشەریکێک، لەگەڵ بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوای گەورە لەسەر بەندەکان لە نوێژ وزەکات وڕۆژوو وحەج کردن، کۆی گشتی چاکە لە خێرکردن وڕۆژووگرتنی سونەت وشەونوێژکردنە، وناوەڕۆک وگەوهەری ئەم ئاینە ئیسلامە، وپایەکانی نوێژە، ولوتکەکەی جیهادە بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خوای گەورە (سەرخستنی ئیسلام)، وجڵەوگیری هەموو ئەمانە ئەوەیە کە مرۆڤ زمانی بگرێتەوە لە قسەکردن بە شتێک کە کردەوەکانی پوچەڵ دەکاتەوە.
بۆیە دەبێت هەموو مسوڵمانێک ئاگادار بێت ئەگەر کردەوەیەکی چاکی ئەنجامدا ئەوا نابێت زمانی بەرەڵا بکات؛ چونکە لەوەیە کردەوەکانی پوچەڵ ببێتەوە ویەکێک بێت لەوانەی کە دەچنە دۆزەخەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. بەپەرۆشی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەسەر فێربوونی زانست، بۆیە زۆر پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد سەبارەت بە زانست.
٢. بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتوویی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- چونکە دەیانزانی کردەوەکان هۆکاری چوونە بەهەشتن.
٣. ئەو پرسیارەی موعاز کردی -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیارێکی مەزن بوو، چونکە لە ڕاستی وهەقیقەتدا ئەو پرسیارە نهێنی ژیان وبوونە، هەرشتێک بوونی هەیە لەم ژیانەدا لە مرۆڤ وجنۆکەکان سەرەنجامی یان بۆ بەهەشتە یان بۆ دۆزەخ، بۆیە پرسیارێکی زۆر مەزن وگرنگ بوو.
٤. ڕیزبەندی کردەوەکان بۆ چوونە بەهەشت بە پێی جێبەجێکردنی پایەکانی ئیسلامە، ئەوانیش بریتین لە: تەوحید -یەک خوا پەرستی-، نوێژکردن، زەکاتدان، ڕۆژووگرتن، حەجکردن.
٥. لوتکەی ئاین وبەهادارترین ئەرك و واجبەکان بریتیە لە یەك خوا پەرستی -تەوحید-، ئەمیش واتا بەتەنها پەرستنی الله وهاوبەش بڕیار نەدان بۆی بەهیچ شێوەیەك.

٦. ئاماژەیە بۆ ڕەحمەتی خوای گەورە بەرامبەر بەندەکانی؛ چونکە دەرگای خێری بەسەریاندا کردووەتەوە بۆئەوەی زیاتر هۆکارەکانی پاداشت ولێخۆشبوون بەدەست بهێنن.
٧. فەزڵ وپلە وپایەی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە بە ئەنجامدانی سونەتەکان لە پاش جێبەجێکردنی فەرزەکان.
٨. نوێژکردن لە ئیسلامدا وەک پایەی خێمە وایە کە خێمە بەهۆیەوە دەوەستێت، ئیسلام نامێنێت بە ئەنجام نەدانی نوێژ، هەروەکو چۆن خێمەکە دەڕووخێت ئەگەر پایەکانی لابدرێت.
٩. واجبێتی پاراستنی زمان لەو شتانەی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت لە ئاینەکەیدا.
١٠. پاراستنی زمان وڕێکخستنی وگرتنەوەی بنچینەی هەموو خێرێکە.

(٤٣٠٣)

(٣٤٣) – عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها: «**أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ جَمَعَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ نَفَثَ فِيهِمَا فَقَرَأَ فِيهِمَا: {قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ}، وَ{قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ}، وَ{قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ}، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ، يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ، يَفْعَلُ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ**». [صحيح] - [رواه البخاري]

(٣٤٣) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «**پێغەمبەر ﷺ ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی فووی٨ دەکردە نێو دەستەکانی، وموعەویزاتی٨٨ دەخوێند، وپاشان دەستەکانی مەسح دەکرد بەسەر لاشەیدا**».

ولە گێڕانەوەیەکدا: «**پێغەمبەر ﷺ ئەگەر هەر شەوێک بچووایەتە سەر جێگاکەی، هەردوو دەستەکانی پێکەوە دەلکاند وفووی دەکردە نێویان، وپاشان ئەم سورەتانەی دەخوێند: «قل هو الله أحد - ورەتی الإخلاص-، وقل أعوذ برب الفلق -سورەتی الفلق-، وقل أعوذ برب الناس -سورەتی الناس-»، پاشان بە هەردوو دەستی لاشەی مەسح دەکرد بە هەرشوێنێک بیتوانیایە دەستی پێبگات، سەرەتا لە سەری ودەموچاوی وپێشەوەی لاشەی دەستیپێدەکرد، وئەمەی سێ جار ئەنجامدەدا**». ٨(مەبەست لێرەدا فووکردنە

به دەركردنی سەری زمان كە هەندێك تەڕی ئاوی ناو دەمی لەگەڵ دەردەچێت، وەكو تفكردن نیە، لە زمانی عەرەبی پێی دەووترێت -نَفث:نەفث-). [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیكردنەوە:

سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وابوو كاتێك بچووایەتە سەر جێگاكەی بۆ خەوتن هەردوو دەستی كۆدەكردەوە وبەرزیانی دەكردەوە -هەروەكو چۆن یەكێك نزا دەكات- ونەفثی^ پیا دەكرد وسورەتەكانی (الإخلاص والفلق والناس)ی دەخوێند، پاشان بەهەردوو دەستەكەی لاشەی مەسح دەكرد هێندەی بتوانێت، سەرەتا بە سەر ورِوو وبەشی پێشەوەی لاشەی دەستپێدەكرد، ئەمەی سێ جار دووبارە دەكردەوە. ^(مەبەست لە -نفث- لێرەدا فووكردنە بە دەركردنی سەری زمان كە هەندێك تەڕی ئاوی ناو دەمی لەگەڵ دەردەچێت، وەكو تفكردن نیە، لە زمانی عەرەبی پێی دەووترێت -نَفث:نەفث-)

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. خوێندنی سورەتی -الإخلاص- و -الفلق- و -الناس- لەپێش خەوتن؛ سوننەتە، وهەروەها لەكاتی خوێندنیان -نەفث:فوو- بكات بەنێو دەستیدا، وهێندەی دەتوانێت لاشەی مەسح بكات بەدەستەكانی.

(٦٥٠٦٠)

(٣٤٤) – عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«سَيِّدُ الِاسْتِغْفَارِ أَنْ تَقُولَ: اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ»** قَالَ: **«وَمَنْ قَالَهَا مِنَ النَّهَارِ مُوقِنًا بِهَا، فَمَاتَ مِنْ يَوْمِهِ قَبْلَ أَنْ يُمْسِيَ، فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَمَنْ قَالَهَا مِنَ اللَّيْلِ وَهُوَ مُوقِنٌ بِهَا، فَمَاتَ قَبْلَ أَنْ يُصْبِحَ، فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ»**. [صحيح] - [رواه البخاري]

(٣٤٤) – له شەدادی کوڕی ئەوسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«چاکترین (گەورەترین) شێوازی ئیستیغفار کردن (سيد الإستغفار) ئەوەیە کە بڵێیت: (اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ)[٨]»**، وفەرمووی: **«ئەوەی لە بەیانیدا بیڵێت بەدڵنیاییەوە، ولەو ڕۆژەدا بمرێت پێش ئێوارە، ئەوا لە ئەهلی بەهەشتە، وئەوەی لە ئێوارەدا بیڵێت بەدڵنیاییەوە، وبمرێت پێش ئەوەی بەیانی بەسەردا بێت، ئەوا لە ئەهلی بەهەشتە»**. [٨](واتە: خودایە، تۆ پەروەردگاری منی وهیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە تۆ، تۆ منت خوڵقاندووە ومن بەندەی تۆم، هەتا بتوانم پەیمان وبەڵێنی تۆ ناشکێنم؛ ئەگەر نەمتوانی پەیمانەکە ببەمە سەر ئەوە لە دەسەوسانیمە، پەنا بۆ تۆ دەگرم لە شەڕی کردەوەکانی خۆم، بە سوپاسگوزارییەوە دان دەنێم بە هەموو نیعمەت وبەخشینێک لە لایەن تۆوە بۆ من، ودان دەنێم بە تاوان وهەڵەکانم؛ لە تاوان وهەڵەکانم خۆش بە چونکە تەنها تۆ لە تاوان وهەڵەکان خۆش دەبیت). [صەحیحە] - [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە (ئیستیغفار کردن) شێوازی ووتنی جیاوازی هەیە، بەڵام باشترین وچاکترینیان ئەوەیە

بەندە بڵێت: (اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ) واته: (خودایە، تۆ پەروەردگاری منی وهیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە تۆ، تۆ منت خوڵقاندووە ومن بەندەی تۆم، هەتا بتوانم پەیمان وبەڵێنی تۆ ناشکێنم؛ ئەگەر نەمتوانی پەیمانەکە ببەمە سەر ئەوە لە دەسەوسانیمە، پەنا بۆ تۆ دەگرم لە شەڕی کردەوەکانی خۆم، بە سوپاسگوزارییەوە دان دەنێم بە هەموو نیعمەت وبەخشینێک لە لایەن تۆوە بۆ من، ودان دەنێم بە تاوان وهەڵەکانم؛ لە تاوان وهەڵەکانم خۆش بە چونکە تەنها تۆ لە تاوان وهەڵەکان خۆش دەبیت).

سەرەتا بەندە دان دەنێت بە تەوحید -یەك خوا پەرستی-، وبەوەی الله خوڵقێنەرێتی وبە تەنها ئەو پەرستراوێتی کە تاکە وبێ هاوتا وبێ هاوبەشە، وبەندە لەسەر ئەو پەیمانەیە کە بە الله ی داوە -سبحانە وتعالی- لە ئیمان هێنان پێی وگوێڕایەڵیکردنی ؛ هێندەی دەتوانێت، چونکە بەندە هەرچەندە پەرستش ئەنجامبدات ؛ ناتوانێت هەموو فەرمانەکانی الله جێبەجێ بکات وناتوانێت وەکو پێویست سوپاسگوزار بێت بەرامبەر نیعمەتەکانی پەروەردگاری، تەنها داوای پەناگرتن و بەهاناوە هاتن ویارمەتی لە الله دەکات، وتەنها پەناگرتن بە ئەو سوودی هەیە ؛ لە شەڕ وخراپەی ئەو کردەوانەی بەندە ئەنجامیداوە، ودان بە نیعمەتەکانی دەنێت بە ناچاری، ودان لەسەر نەفسی خۆی دەنێت بە تاوان وسەرپێچیکردنی، پاش ئەم تەوەسولە بۆ نزیکبوونە لە الله ؛ نزا دەکات بەوەی گوناهەکانی بپۆشێت وبیپارێزێت لە سەرەنجامەکانی بە لێخۆشبوون وفەزڵ وڕەحمەتی، چونکە ئەوەی کە لە گوناهەکان خۆشدەبێت تەنها الله یە -عز وجل-.

پاشان پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە ئەم زیکرە لە ویردەکانی بەیانی وئێوارانە، لەسەرەتای ڕۆژدا؛ لەنێوان خۆر دەرچوون هەتاوەکو خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لادەدات، کە ئەمە کاتی ڕۆژە، ئەو کەسەی ئەم زیکرە بڵێت بە دڵنیاییەوە وئاگای لە ماناکەی بێت وباوەڕی پێی هەبێت، وبمرێت؛ دەچێتە بەهەشتەوە،

وئەوەی بیڵێت لە کاتی خۆرئاوابوون هەتاوەکو دەرکەوتنی بەیان، وبمرێت پێش ئەوەی بەیانی بەسەردا بێت؛ دەچێتە بەهەشتەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. شێوازەکانی داوای لێخۆشبوون (ئیستیغفار کردن) جیاوازن ؛ وهەندێکیان باشترن لە ئەوانی تر.
٢. پێویستە بەندە سوور بێت لەسەر ئەوەی ئەم نزایە بکات ؛ چونکە چاکترین شێوازی ئیستیغفار کردنە.

(٥٥٠٣)

(٣٤٥) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا أصبح يقول: **«اللَّهُمَّ بك أصبحنا، وبك أمسينا، وبك نحيا، وبك نموت، وإليك النُّشُورُ»** وإذا أمسى قال: **«اللَّهُمَّ بك أمسينا، وبك نحيا، وبك نموت. وإليك المصير»**. [حسن] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه]

(٣٤٥) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە کاتی هاتنی بەیانیدا دەیفەرموو: **«اللهم بك أصبحنا، وبك أمسينا، وبك نحيا، وبك نموت، وإليك النُّشُورُ»***، ولە کاتی هاتنی ئێوارەدا دەیفەرموو: **«اللهم بك أمسينا، وبك نحيا، وبك نموت. وإليك المصير»****. *(واتە: خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات، بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین، وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە). **(واتە: بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین، وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە). [حەسەنە] – [ئیبنو ماجە وتیرمذی وئەبو داود – گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

بەندە پشت وپەنا دەگرێت بە خوای گەورە وبە هێز وتوانای ئەو زاتە لە سەرەتا وکۆتایی ڕۆژدا، ودان بەوە دەنێت کە خوای گەورە بە توانا ودەسەڵاتی خۆی ئێمەی هێنایە بوون وبەیانی وئێوارەی هێنایە بوون، ومردن وژیانی هێنایە بوون، وهەمووومان بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە لە پاش زیندووبوونەوە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ووتنی ئەم نزایە سوننەتە لە بەیانی وئێوارەدا؛ وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەر ﷺ.
٢. هەژاری بەندە بۆ پەروەردگاری لە هەموو حاڵەت وکاتێکدا.
٣. باشترین کات بۆ خوێندنی زیکرەکان، لە بەیانیدا: لە کاتی دەرچوونی بەیانە هەتاوەکو دەرچوونی خۆر لە سەرەتای ڕۆژدا، ولە پاش عەسر هەتاوەکو پێش خۆرئاوا بوون، ئەگەر پاش ئەم کاتانە بیڵێت؛ واتا لە بەیانیدا پاش بەرزبوونەوەی خۆر بەرەو ئاسمان ئەوا ئاساییە، وئەگەر لە پاش نیوەڕۆ بیڵێت؛ هەر ڕێگەپێدراوە، وئەگەر لە پاش مەغریب بیڵێت؛ دروستە، هەموو ئەمانە کاتی زیکر کردنن.
٤. کاتێك دەفەرمووێت: (وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە) لە بەیانیدا؛ ئەمە بەبیرهێنانەوەی زیندووکردنەوەی مەزنە پاش ئەوەی خەڵکی دەمرن وزیندوو دەکرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمە زیندووکردنەوەیەکی نوێیە، ورۆژێکی نوێیە کە تێیدا ڕۆحەکان دەگەڕێنەوە بۆ نێو لاشەکانیان، وهەموو خەڵکی بڵاو دەبنەوە، وئەم بەیانیە نوێیە هەناسە دەدات کە پەروەردگار خوڵقاندوویەتی بۆئەوەی شاهێد بێت لەسەر نەوەی ئادەم، وکردەوە کردن لە کاتەکانیدا دەپارێزرێت وتۆمار دەکرێت.
٥. کاتێك دەفەرموێت: (وچارەنووس وگەڕانەوە بۆ لای تۆیە) گونجاوە بۆ ووتنی لە ئێوارەدا؛ چونکە لەو کاتەدا خەڵکی دەگەڕێنەوە لە کارەکانیان پاش بڵاوبوونەوەیان بۆ بەرژەوەندی وبژێویان، دەگەڕێنەوە بەرەو ماڵەکانیان، وپشوو وەردەگرن پاش بڵاوبوونەوەیان، ئەمە بە بیرهێنانەوەی ئەوەیە کە چارەنووس وسەرەنجام گەڕانەوەیە بۆ لای الله -تبارك وتعالى-.

(٥٤٩٠)

(٣٤٦) – عن عثمان بن عفان رضي الله عنه مرفوعاً: «ما من عبد يقول في صباح كل يوم ومساء كل ليلة: بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم، ثلاث مرات، إلا لم يَضُرَّهُ شيء». [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه والنسائي في الكبرى وأحمد]

(٣٤٦) – له عوسمانی کوڕی عەففانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «هەربەندەیەک لە هەموو بەیانیەک وهەموو ئێوارەیەکدا بڵێت: (بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم)*، سێ جار؛ ئەوا هیچ شتێک زیانی پێناگەیەنێت». *(واتە: بەناوی خودا [پەنا دەگرم بە ناوی پیرۆزی خودا کە (الله) )یە] کە بە پەناگرتن بەم ناوە پیرۆزە هیچ شتێک ناتوانێت زیان بگەیەنێت نە لە ئاسمان ونە لە زەویدا، خودا بیسەرە (السمیع)ە و زانایە (العلیم)ە). [صەحیحە] - [ئیبنو ماجە وتیرمذی ونەسائی -لە (الکبری)- وئەبو وداود وئەحمەد - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

هەربەندەیەک هەموو بەیانیەک (پاش نوێژی بەیانی یان پاش خۆر دەرچوون) وهەموو ئێوارەیەک (پاش نوێژی عەسر یان پاش خۆرئاوا بوون)، لە گێڕانەوەکەی (أحمد)دا: (قال في أول يومه أو في أول ليلته)، واتە: (لە کاتی سەرەتای ڕۆژ یان کاتی سەرەتای شەودا، بڵێت): (بسم الله، واتە: بە ناوی خودا)؛ واتا: ناوی خودا دەهێنم بۆ بە مەزندانانی وداوای کردنی پیرۆزی وبەرەکەت بەهۆی ئەم ناوەی خوداوە.
(الذي لا يضر مع اسمه، واتە: کە بە پەناگرتن بەم ناوە پیرۆزە هیچ شتێک ناتوانێت زیان بگەیەنێت)؛ واتا: بە زیکر کردن وخوێندنی ئەم ناوە بە بیروباوەڕێکی چاک ودروست ونیەتێکی دڵسۆزەوە. (شيء)؛ واتا: هیچ شتێک یان بوونەوەرێک. (في الأرض ولا في السماء)؛ واتە: نە لە زەوی ونە لە ئاسمان، مەبەست لە زەویدا شەڕ وزیانی بوونەوەر وکارەساتەکانە، لە ئاسمان مەبەست بەڵا وسزا دابەزیوەکانە.(وهو السميع العليم )؛ واتە: خودا (السمیع)ە بیسەرە؛ قسەکانمان دەبیستێت وتەنانەت قسەکانی نێو دڵ ونەفسیشمان دەبیستێت کە هیچ

مرۆڤێک نایبیستێت وپێی نازانێت، وزانایە (العلیم)ە؛ زانایە وشارەزایە سەبارەت بە حاڵ وکردەوەکانمان وئەوەی بە نیازین ئەنجامی بدەین.
ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەم وشانە هۆکارن بۆ دوورخستنەوەی هەر شەڕ وزیانێک لەسەر ئەو کەسەی دەیڵێت. ئەم فەرموودەیە گێڕدراوەتەوە لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە لە لایەن (ئابان)ەوە کە لە متمانەپێکراوەکانی تابیعیە وکوڕی عوسمانیشە، ئابان تووشی (شەلەل) بوو، ئەو پیاوەی فەرموودەکەی لە ئابانەوە گێڕایەوە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکرد، ئابان پێی ووت: بۆچی وا سەیرم دەکەیت؟ واللە درۆم نەکردە بەناوی عوسمانەوە (بە ناوی باوکیەوە) وعوسمانیش درۆی نەکردە بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ، بەڵام ئەو ڕۆژەی تووشی (شەلەل) بووم؛ تووڕە بووم ولە بیرم چوو ئەم زیکرە بخوێنم. چەند سوودێک لەم باسە:
١/ تورەیی وەکو دەرد ونەخۆشی وایە؛ مرۆڤ بێبەشدەکات لە ئەقڵ وژیری ولێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان.
٢/ ئەگەر خوای گەورە بیەوێت قەدەری جێبەجێ بکات، ئەوا بەندە دووردەخاتەوە وبێبەشی دەکات لە هەر هۆکارێک کە ئەگەر بیکات یان بیڵێت؛ قەدەرەکە جێبەجێ نابێت.
٣/ نزا کردن هۆکارە بۆ ڕەتدانەوە وجێبەجێ نەبوونی قەزا وقەدەر (بڕیار لەسەر چارەنووسی وقەدەری مرۆڤ).
٤/ بەهێزی باوەڕ ویەقینی پێشینی یەکەمی ئەم ئومەتە بە خوای گەورە، وبە ڕاستدانان وباوەڕیان بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ باسیکردووە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. خوێندنی ئەم نزایە سوننەتە لە بەیانی وئێوارەدا؛ بۆئەوەی بە ئیزنی اللە -سبحانە وتعالی- مرۆڤ پارێزراو بێت لە تووشبوون بە بەڵای لەناکاو وزیان وکارەسات وهتد.
٢. بەهێزی باوەڕ ویەقینی پێشینی یەکەم بە اللە و باوەڕبوونیان بەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی.
٣. لە سوودەکانی خوێندنی زیکرەکانی بەیانیان وئێواران: مسوڵمان تووشی بێئاگایی نابێت، وبەردەوام هەستدەکات بەندەی خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی-.

٤. بەپێی باوەڕی ئەو کەسەی یادی خودا دەکات وخشوعی -ترسی لە الله- وئامادەیی دڵی ودڵسۆزی ودڵنیایی -یەقینی-؛ شوێنەواری یاد کردنەکە دێتە دی.

(٦٠٩٣)

(٣٤٧) – عَن عبدِ اللهِ بن خُبَيب رضي الله عنه أنه قال: خَرَجْنَا فِي لَيْلَةٍ مَطِيرَةٍ وَظُلْمَةٍ شَدِيدَةٍ، نَطْلُبُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ يُصَلِّي لَنَا، قَالَ: فَأَدْرَكْتُهُ، فَقَالَ: **«قُلْ»**، فَلَمْ أَقُلْ شَيْئًا، ثُمَّ قَالَ: **«قُلْ»**، فَلَمْ أَقُلْ شَيْئًا، قَالَ: **«قُلْ»**، فَقُلْتُ: مَا أَقُولُ؟ قَالَ: **«{قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ} وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ حِينَ تُمْسِي وَتُصْبِحُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، تَكْفِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ»**. [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي والنسائي]

(٣٤٧) – لە عبداللەی کوڕی خوبەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە شەوێکی باراناوی وزۆر تاریکدا دەرچووین، بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ؛ بۆئەوەی پێشنوێژیمان بۆ بکات، کاتێك گەیشتینە لای، فەرمووی: **«بڵێ (قُلْ)»**، من هیچم نەووت، پاشان فەرمووی: **«بڵێ (قُلْ)»**، من هیچم نەووت، فەرمووی: **«بڵێ (قُلْ)»**، ووتم: چی بڵێتم؟ فەرمووی: **«{قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ} (سورەتی الإخلاص) وموعەویزەکان (سورەتەکانی الفلق والناس) سێ جار بخوێنە؛ کاتێک ئێوارە وبەیانیت بەسەردا دێت، بەسن بۆت وهۆکارن بۆ پاراستنت لە هەموو شتێک»**. [صەحیحە] - [ئەبو داود وتیرمزی ونەسائی - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

عبداللەی کوڕی خوبەیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە  ەوێکی زۆر باراناوی وتاریك ؛ دەرچوون بۆ گەڕان بە دوای پێغەمبەر ﷺ بۆئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات، گەیشتن پێی، پێغەمبەر ﷺ بە عبدالله ی فەرموو: «بڵێ (قُلْ)»؛ واتا بخوێنە، بەڵام ئەو هیچی نەخوێند، پێغەمبەر ﷺ قسەکەی دووبارە کردەوە، عبدالله ووتی: چی بخوێنم ئەی پێغەمبەری خودا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «سورەتی -الإخلاص- {قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ..} وموعەویزەکان (سورەتەکانی الفلق والناس) هەریەکێکیان سێ جار لە بەیانی وئێوارەدا بخوێنە ؛ هۆکارن بۆ پاراستنت لە هەموو شەڕ وزیانێك».

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە -موستەحەبە- سورەتەکانی (الإخلاص والفلق والناس) بخوێندرێت لە بەیانی وئێوارەدا، وهۆکارن بۆ پاراستنی بەندە لە هەموو شەڕ وزیانێك.
٢. فەزڵ وپاداشتی خوێندنی سورەتی (الإخلاص)، وموعەویزەکان؛ سورەتەکانی: (الفلق والناس).

(٦٠٨٢)

(٣٤٨) – عن عائشة رضي الله عنها، قالت: افْتَقَدْتُ النبي صلى الله عليه وسلم ذات ليلة، فَتَحَسَّسْتُ، فإذا هو راكع -أو ساجد- يقول: **«سُبْحَانَك وبِحَمْدِكَ، لا إلٰه إلا أنت»** وفي رواية: فَوَقَعَتْ يَدِي على بَطن قدميه، وهو في المسجد وهما مَنْصُوبَتَانِ، وهو يقول: **«اللَّهُمَّ إني أَعُوذ بِرِضَاك من سَخَطِك، وبِمُعَافَاتِكَ من عُقُوبَتِكَ، وأعُوذ بِك مِنْك، لا أُحْصِي ثَنَاءً عليك أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٤٨) – لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: شەوێکیان پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- دیار نەبوو، بە دوایدا گەڕام، ئەو لە ڕکوعدا بوو -یان لە سوجدەدا بوو- دەیفەرموو: **«سُبْحَانَك وبِحَمْدِكَ، لا إله إلا أنت»، واتە: «ئەی پەروەردگار بێ کەموکوڕی وبێ گەردی هەر بۆ تۆیە، وسوپاس وحەمد هەر بۆ تۆیە، وهیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە تۆ».** ولە ڕیوایەتێکدا: عائیشە دەڵێت: دەستم دا لە بنی پێیەکانی لە کاتی سوجدە بردنیدا، ودەیفەرموو: **«اللَّهُمَّ إِني أَعُوذ بِرِضَاك من سَخَطِك، وبِمُعَافَاتِكَ من عُقُوبَتِكَ، وأعُوذ بِك مِنْك، لا أُحْصِي ثَنَاءً عليك أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك»، واتە: «ئەی خودایە؛ من پەنا بە ڕازی بوونی تۆ دەگرم لە توڕە بوونت، وپەنا بە لێخۆشبوونی تۆ دەگرم لە سزات، پەنا دەگرم بە تۆ لە خۆت، وهەرگیز ناتوانم وەسف وستایشت بکەم بەو شێوەیەی کە تۆ وەسف وستایشی خۆتت کردووە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

لەم فەرموودەیەدا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە شەوێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەر جێگاکەی نەمابوو، وچوو بۆ ئەوەی بە دوایدا بگەڕێت وا گومانی برد کە چووە بۆ لای خێزانەکانی تری، پاشان دۆزیەوە کە لە ڕکوع یان سوجدەدا بوو ودەیفەرموو: (سُبْحَانَك وبِحَمْدِكَ، لا إله إلا أنت)، واتە: (پاک وبێگەری بۆ تۆ ئەی پەروەردگار، وهەموو حەمد وسوپاسێک بۆ تۆ، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە جگە لە تۆ)؛ واتا: تۆ هەموو کەموکوڕی وعەیبێک لە تۆوە دوورە، وسوپاس وحەمدت دەکەم لە سەر هەموو کردەوەیەکت، تەنها تۆ شایەنی ئەوەیت وەسف وستایش بکرێیت بە بێ سنوور، تەنها تۆ پەرستراوی هەق وڕاستی.
لە ریوایەتێکدا: کاتێک بە دوایدا گەڕا دەستی بەر بنی پێی کەوت وڕۆشنایی نەبوو کە ببینێت، ولە سوجدەدا بوو ودەیفەرموو: (اللَّهُمَّ إني أَعُوذ بِرِضَاك من سَخَطِك)؛ واتە: پەنا بەمەیان بە -ڕازی بوونت- دەگرم بەوی تریان کە -توڕە بوونتە-، چونکە هەموو شتێک بە پێچەوانەکەی چارەسەر دەکرێت، تووڕ بوون دژەکەی ڕازی بوونە، بۆیە پەنا بە ڕازی بوونی خودا دەگرێت لە توڕە بوونی. (وبِمُعَافَاتِكَ من عُقُوبَتِكَ)؛ واتە: پەنا بە لێخۆشبوونت دەگرم لە سزا دانت. ( وأعُوذ بِك مِنْك)؛ واتا: پەنا بە خودا دەگرم لە خودای بەرز وشکۆدار؛ چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت ڕزگارت بکات وپەنات بدات لە سزای خوای گەورە جگە لە خودا خۆی نەبێت.
(لا أُحْصِي ثَنَاءً عليك أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك)؛ ناتوانم بە گوێرەی پێویست وەسفت بکەم هەرچەندێک وەسف وستایشەکەم زۆر بێت، وهەرگیز ناتوانم بگەمە ئەو پلەی وەسفکردنەی کە تۆ شایەنیت. (أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك)؛ واتا: ناتوانم وەسفت بکەم وەکو وەسفکردنی خۆت، چونکە هیچ کەس ناتوانێت وەسفی خودا بکات وبیژرێت وەکو وەسف وستایشی خودا سەبارەت بە نەفسی خۆی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سوننەتە ئەم جۆرە نزایانە بخوێندرێت لەکاتی سوجدە بردندا.
٢. میرەك دەڵێت: لە یەکێك لە گێڕانەوەکانی (النسائي) هاتووە: ئەم نزایەی دەخوێند لەپاش تەواوبوونی نوێژ وچوونە سەرجێگا بۆ خەوتن.

٣. سوننەتە ستایشی خوای گەورە بکرێت بە سیفەتەکانی وداوای لێبکرێت بە ناوە جوانەکانی کە لە قورئان وسونەتدا هاتوون.
٤. بەمەزندانانی پەروەردگار لە ڕکوع وسوجدە بردندا.
٥. دروستێتی پەناگرتن بە سیفەتەکانی خوای گەورە، هەروەها دروستە پەناگرتن بە زاتی مەزن وپیرۆزی پەروەردگار -سبحانە وتعالی-.
٦. خەتابی دەڵێت: ئەم فەرموودەیە مانایەکی سەرنجڕاکێش لەخۆدەگرێت، ئەمیش بریتیە لە: پەنای بە الله گرت کە بە ڕازیبوونی لێی بیپارێزێت لە تووڕەبوونی، وبە لێبووردنی لێی بیپارێزێت لە سزادانی، وڕازیبوون وتوڕەیی دژی یەکن وبەرامبەرن، هەروەها لێخۆشبوون ولێپرسینەوە بە سزادانیش، کاتێك باسی ئەوەی کرد کە بەرامبەر ورکابەری نییە ئەویش الله یە -سبحانە وتعالی- ؛ پەنای بە الله گرت لە خودی الله نەك لە کەسێکی تر، مانای گشتگیری ئەم فەرموودەیە: داوای لێخۆشبوونە لە الله بەهۆی کەمتەرخەمبوونی لە ئاست جێبەجێکردنی پەرستنە واجبەکان بەشێوەیەکی تەواو، وکەمتەرخەمبوونی لە ستایشکردنی، وکاتێك دەفەرموێت: (هەرگیز ناتوانم وەسف وستایش کردنت بژمێرم)؛ واتا ناتوانم ئەمە ئەنجام بدەم وبگەم پێی.

(٣٥٦٦)

(٣٤٩) – عن سَمُرَة بن جندبٍ رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«أَحَبُّ الْكَلَامِ إِلَى اللهِ أَرْبَعٌ: سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ لِلهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، لَا يَضُرُّكَ بِأَيِّهِنَّ بَدَأْتَ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٤٩) – لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«خۆشەویستترین وتە لای خوای گەورە چوارن، ئاساییە بەهەر کامیان دەستپێبکەیت: (سُبْحَانَ الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر)».** [(سبحان الله) واتا: الله پاک وبێ گەردە و هەموو کەموری وعەیبێک لە ئەو دوورە، (الحمد لله) واتا: وسوپاس وحەمد بۆ الله، (لا اله الا الله) واتا: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، (الله أكبر) واتا: الله لە هەموو شتێک گەورەترە] [صەحیحە]-[موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕوونیدەکاتەوە کە خۆشەویستترین قسە لای وای گەورە، چوارن:
سبحان الله: واتا بەپاکدانانی خوای گەورە -سبحانه وتعالی- لە هەموو کەموکورتیەک.
والحمد لله: ئەمیش بریتیە لە وەسفکردنی خوای گەورە بەتەواوی کامڵبوون لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزنداناني.
ولا إله إلا الله: واتا هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی جگە لە الله.
والله أکبر: واتا الله لە هەموو شتێک مەزنتر وشکۆدارتر وبڵندترە.
و بەدەستهێنانی فەزڵ و پاداشت لەسەر وتنیان نەبەستراوەتەوە بە وتنیان بەپێی ڕیزبەندی.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئاسانکاری شەریعەت بۆ خەڵکی، ئاسایيە بە هەرکامیان دەست پێ بکرێت.

(٥٤٧٥)

(٣٥٠) – عن أبي أيوب رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، عَشْرَ مِرَارٍ كَانَ كَمَنْ أَعْتَقَ أَرْبَعَةَ أَنْفُسٍ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ».** [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٥٠) – لە ئەبی ئەیوبەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)[٨]؛ دە جار، وەکو ئەوەیە وایە چوار نەفسی ڕزگار کردبێت لە نەوەکانی ئیسماعیل».**
[٨](واتە: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره). [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە «ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) واتا: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێكی نییە، وهەموو شتێک بەتایبەت وتەواو موڵكی ئەوە، وتەنها ئەو شایستەی ستایش و وەسفكردنە لەگەڵ خۆشەویستی و بەمەزندانان، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو كارێک تواناداره).

ئەوەی ئەم زیكرە دە جار بڵێت لەڕۆژێكدا؛ ئەوا پاداشتی وەكو پاداشتی ئەو كەسە ایە كە دە كۆیلە ئازاد دەكات لەنەوەكانی ئیسماعیلی كوڕی ئیبراهیم -عليهما الصلاة والسلام-، و بەتایبەت باسی نەوەكانی ئیسماعیلی كرد -عليه السلام- چونكە ڕێزدارترینن.

## لە سوودەكانی فەرموودەكە:

١. فەزڵ ومەزنی ئەم زیكرە كە بەتاكدانانی الله ی تێدایە: لە ئولوهیەتیدا -خودایەتی وپەرستراوێتیدا-، ولە موڵک وخاوەندارێتی، ولە حەمد وستایشكردن، ولە توانا ودەسەڵاتی ڕەهای.

٢. هەركەسێک ئەم زیكرە بڵێت بەم بڕە جا بەدوای یەک بێت یان بە جیا ؛ ئەوا پاداشتەكەی دەستدەكەوێت.

(٥٥١٧)

(٣٥١) – عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: **«كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي الْمِيزَانِ، حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ: سُبْحَانَ اللهِ الْعَظِيمِ، سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ»**. [صحيح] - [متفق عليه]

(٣٥١) – لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«دوو وشە هەیە خۆشەویسن لای الله وئاسانن لە سەر زمان وقورسن لە سەر تەرازوی چاكەكاری: (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ، سُبْحَانَ اللَّهِ**

وَبِحَمْدِهِ) واتە: (وپاک وبێگەری بۆ خودای مەزن، پاک وبێگەری بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو)». [صەحیحە] - [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی دوو وشەمان بۆ دەکات کە مرۆڤ بەبێ هیچ نارەحەتیەک دەیلێت لەهەموو حاڵەتێکدا، وپاداشتیان گەلێک مەزنە لە تەرازوودا، وپەروەردگاری میهرەبان -تبارک وتعالى- ئەم دوو وشەی زۆر خۆشدەوێت:
(سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ، سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) واتە: (وپاک وبێگەری بۆ خودای مەزن، پاک وبێگەری بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو)، ئەم زیکرە وەسفکردنی خوای گەورەی تێدایە بەکامڵبوون ومەزنی، وهەروەها بەپاکدانانی لەهەموو کەموکورتیەک -سبحانە وتعالى-.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. مەزنترین زیکر ئەوەیە بەپاکدانانی خودا وستایشکردنی ئەو زاتەی تێدا بێت.
٢. ڕوونکردنەوەی فراوانی ڕەحمەتی خوای گەورە بە بەندەکانی، پاداشتێکی زۆر دەداتەوە لەسەر کردەوەیەکی کەم.

(٥٥٠٧)

(٣٥٢) – عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: **«مَنْ قَالَ: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ، حُطَّتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ».**

[صحيح] - [متفق عليه]

(٣٥٢) – لە ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەوەی بڵێت: (سبحان الله وبحمده)^ سەد جار لە ڕۆژێکدا؛ ئەوا گوناهەکانی دەوەرێت (دەسڕدرێتەوە) ئەگەر وەکو کەفی سەر دەریاش بن (لە زۆریدا)».** ^(واتە: پاک وبێگەری بۆ خودا وحەمد وسوپاس بۆ ئەو). [صەحیحە]

- [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک لەڕۆژێکدا سەد جار بڵێت: (سبحان الله وبحمده)[٨] ؛ ئەوا گوناهەکانی دەوەرێت (دەسڕدرێتەوە)، ئەگەرچیش زۆر بن وەکو ئەو کەفە زۆرەی کە لەکاتی شەپۆل وهاژەی دەریا ؛ سەر دەریا دەکەوێت.

[٨](واتە: پاک وبێگەری بۆ خودا وحەمد وسوپاس بۆ ئەو).

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئەم پاداشتە بۆ کەسێکە لە ڕۆژێکدا ئەم زیکرە بکات بەئەم بڕە؛ ئەگەر لە دوای یەک یان بەجیاجیا بێت.

٢. تەسبیح کردن -ووتنی: سبحان الله- : داننانە بە پاک وبێگەردی خوای گەورە وهەموو کەموکورتی وعەیبێک دوورە لە ئەو زاتە، وحەمد کردن -ووتنی: الحمد لله- : ستایشکردنی الله یە بە کامڵبوون لەگەڵ خۆشەویستنی و بەمەزندانانی.

٣. لێخۆشبوونی گوناهەکان لەفەرموودەکەدا ؛ مەبەست لێی لێخۆشبوونە لە گوناهە بچووکەکان، بەڵام گوناهە گەورەکان دەبێت تەوبەکردنی لەگەڵدا بێت بەمەرجەکانیەوە.

(٥٥١٦)

(٣٥٣) – عن أبي مالكٍ الأشعريِّ رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ لِلهِ تَمْلَآنِ -أَوْ تَمْلَأُ- مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو، فَبَايِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٥٣) – لە ئەبی مالیکی ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«دەستنوێژگرتن نیوەی ئیمانە، و (ووتنی) -الحمد لله- تەرازووەکان پڕ دەکات، و (ووتنی) -سبحان الله- نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکات، ونوێژکردن نور ورۆشناییە، وخێرکردن بەڵگەیە، وئارامگرتن ڕووناکیە، وقورئان بەڵگەیە بۆت یان لە دژت، هەموو خەڵکی بەیانی بەسەردا دێت:**

**نەفسی خۆی دەفرۆشێت؛ یان ڕزگاری دەکات (لە دۆزەخ) یان تیا دەچێت (بەهۆی چوونە دۆزەخ)».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پاکبوونەوەی دەرەکی -ئاشکرا- بریتیە لە دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن وئەمیش مەرجە بۆ قبوڵبوونی نوێژ.
کاتێک دەفەرموێت: (-الحمد لله- تەرازووی چاکەکان پڕ دەکات)؛ ئەم زیکرە ستایشکردنی خوای گەورەیە بە سیفاتەکانی کامڵبوونی لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشویستنی و بەمەزندانانی، ووتنی -سبحان الله- دانپێدانانە بەوەی خوای گەورە بەریئە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وپاک وپیرۆزە، ئەم زیکرە لە ڕۆژی قیامەتدا دەکێشرێت بۆیە تەرازووی کردەوەکان پڕ دەکات.
وکاتێک دەفەرموێت: (-سبحان الله والحمد لله-)؛ ئەمە بەپاکدانانی خوای گەورەیە لە هەموو کەموکورتیەک و وەسفکردنیەتی بە کەماڵ وتەواوی بەو شێوەیەی شیاوی شکۆداریەتی؛ لەگەڵ خۆشویستنی و بەگەورەدانانی کە هێندەی نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکاتەوە.
و(نوێژ ڕۆشنایيە) بۆ بەندە لە دڵی، وڕووی، ولە گۆڕەکەیدا ولە ڕۆژی قیامەت.
و(خێرکردن بەڵگەیە)؛ بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی باوەڕی ئیماندار، وجیای دەکاتەوە لە مونافیق کە خێر ناکات چونکە باوەڕی بە پەیمان پێدان نیە لەسەری.
و(ئارامگرتن ڕۆشناییە)؛ بریتیە لە بەندکردنی نەفس لە تورەیی ونارەزایی دەربڕین وهەروەها گەرمی لەگەڵدایە، وەکو ڕۆشنایی خۆر ؛ چونکە سەختە بۆیە پێویستی بە جیهادکرنی نەفس هەیە وهەروەها بەندکردنی نەفس لەوەی حەزی پێی هەیە، بۆیە ئیماندار بەردەوام ڕۆشندار وهیدایەتدراوە ولەسەر ڕێگای ڕاست بەردەوامە.
وئەمە ئارامگرتنە لەسەر گوێڕایەڵی الله، ودوورکەوتنەوە لە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی، وهەروەها ئارامگرتنە لەسەر نارەحەتیەکان وجۆرەکانی ناخۆشی لە دونیادا. و(قورئان بەڵگەیە بۆت)؛ ئەمیش بە خوێندنی وکردەوە پێکردنی، یان (بەڵگەیە لە دژت)؛ ئەمیش بە دوورکەوتنەوە لە خوێندنی یان کردەوەپێکردنی.
پاشان پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوە دەکات کە هەموو خەڵکی هەوڵدەدەن وبڵاو دەبنەوە وهەڵدەستن لە خەوەکانیان ودەردەچن لە ماڵەکانیان بۆ کردنی کاری

جیاواز، تێیاندایە گوێڕایەڵی خوای گەورەیە بۆیە نەفسی خۆی دەرباز دەکات لە چوونە دۆزەخ، وتێیاندایە لادەدات لەمە وتووشی گوناھ وتاوانەکان دەبێت بۆیە خۆی تووشی تیاچوون دەکات بەچوونە دۆزەخ.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. گرنگی پاکبوونەوە ؛ ودوو جۆرە:

١/ دەرەکی (بە ئاشکرا -لە ئەندامەکان-) ئەمیش وەکو دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن.

٢/ ناوەکی وناخی (بە نهێنی -لە دڵ وبیرکردنەوە ومەبەست-) ئەمیش وەکو تەوحید -یەک خوا پەرستی- وئیمان وکردەوەی چاک.

٢. گرنگی پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی نوێژەکان چونکە نوێژ کردن نور ورۆشناییە بۆ بەندە لە دونیا وقیامەتدا.

٣. خێرکردن بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی ئیمان.

٤. گرنگی کردەوە کردن بە ڕێنماییەکانی قورئان و بەڕاستدانانی بۆئەوەی قورئان بەڵگە بێت بۆت نەک بەڵگە بێت لە دژت.

٥. نەفس ئەگەر سەرقاڵی نەکەیت بە پەرستن وگوێڕایەڵی خوای گەورە ئەوا سەرقاڵت دەکات بە تاوان وگوناھکردن.

٦. هەموو مرۆڤێک دەبێت کردەوە بکات؛ یان ئەوەتا خۆی دەرباز دەکات بە گوێڕایەڵی خوای گەورە، یان خۆی دەفەوتێنێت بە سەرپێچیەکان.

٧. ئارامگرتن پێویستی بە دان بەخۆدا گرتن وداواکردنی پاداشت هەیە وهەروەها نارەحەتی تێدایە.

(٦٥٠٠٤)

(٣٥٤) – عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **«لَأَنْ أَقُولَ: سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ لِلهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٥٤) – لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر بڵێم: (سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر)[٨]؛ ئەوا خۆشەویستترە لە لام**

**لە ئەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە (مەبەستی دونیایە)». **^[ (سبحان الله) واتا: الله پاک وبێ گەردە وهەموو کەموکورتی وعەیبێک لە ئەو زاتە دوورە، (الحمد لله) واتا: وسوپاس وحەمد بۆ الله، (لا اله الا الله) واتا: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە الله، (الله أکبر) واتا: الله لە هەموو شتێک گەورەترە]. [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە یادی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- بەم وشە مەزنانە خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە، ئەم وشانەیش:
(سبحان الله) واتا: الله پاک وبێ گەردە وهەموو عەیب وکەموکورتیەک لە ئەو زاتە دوورە.
(الحمد لله) واتا: سوپاس وستایشکردنی الله بە سیفەتەکانی کامڵبوون لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزنداناتی.
(لا اله الا الله) واتا: هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله.
(الله أکبر) واتا: الله لە هەموو شتێک گەورەترە وشکۆدارترە.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ئامۆژگاری بۆ یادکردنی خوای گەورە، وخۆشەویسترە لەلای پێغەمبەری خودا ﷺ لەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە (مەبەست دونیایە).
٢. ئامۆژگاری بۆ زۆر یادکردنی خوای گەورە، چونکە فەزڵ وپاداشتی زۆری لەسەرە.
٣. شتومەک ومالّی دونیا شتێکی کەمە، وشەهوەت وئارەزووەکانی ناوی تیادەچێت ونامێنێت.

(٦٢١١)

(٣٥٥) – عن جابر رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: **«أَفْضَلُ الذِّكْرِ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَفْضَلُ الدُّعَاءِ: الْحَمْدُ لِلهِ»**. [حسن] - [رواه الترمذي والنسائي في الكبرى وابن ماجه]

(٣٥٥) – له جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو: **«باشترین زیکر ویادکردن بریتیه له (لا اله الا الله)^، وباشترین نزا بریتیه له (الحمد لله)^^»**، ^(-لا اله الا الله- واته: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییه به هەق وڕاست جگە له الله)، ^^(-الحمد لله- واتا: حەمد وسوپاس بۆ خوای گەورە).
[حەسەنە] - [تیرمزی ونەسائی (له -الكبرى) وئیبن ماجه - گێڕاویانەتەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات که باشترین زیکر بریتیه له (لا إله إلا الله)، وماناکەی: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییه به هەق وڕاست جگە له الله، وباشترین نزا بریتیه له (الحمد لله)؛ ئەمیش دانپێدانانه لەسەر ئەوەی بەخشەری نیعمەتەکان خوای گەورەیه -سبحانه وتعالى-، وتەنها ئەو شایستەی وەسف وستایشی تەواو وجوانه.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. هاندان بۆ زۆر یادی خوای گەورە به وشەی تەوحید، ونزا کردن به حەمد وستایشکردن.

(٣٥٦٧)

(٣٥٦) – عن خَوْلَةَ بِنْتَ حَكِيمٍ السُّلَمِيَّةَ قَالتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«مَنْ نَزَلَ مَنْزِلًا ثُمَّ قَالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٥٦) – له خەولەی کچی حەکیمی سولەمیەوە دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ که دەیفەرموو: **«هەرکەسێک چووە شوێنێک،**

**وبڵێت: (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ)[٨]؛ ئەوا هیچ شتێک زیانی پێناگەیەنێت هەتا لەو شوێنە دەردەچێت».** [٨](واتە: پەنا بە وشە کامڵەکانی خوای گەورە دەگرم [قورئان] لە شەڕ وزیانی ئەوەی دروستیکردووە). [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی ئومەتەکەی دەکات بۆ پشت بەستن وپەنا وهانا بردن تەنها بۆ ئەو زاتەی کە هەموو سوودێک بەدەستی ئەوە، وهەموو نارەحەتی وترسێک تەنها ئەو دەتوانێت دووری بخاتەوە لە مرۆڤ ئەگەر بچێت بۆ شوێنێک، ئینجا لەکاتی گەشتکردن یان سەیران یان شتی تر بێت؛ ئەمیش بەوەی داوای پەناگرتن لە الله بکات بە وشەکانی الله -قورئان- لە فەزڵ وبەرەکەت وسوودیان، کە سەلامەتە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک، لە شەڕی هەموو خوڵقێنراوێک کە شەڕ وزیانی هەیە، بۆیە بەردەوام لەو شوێنە بێ ترس وئارام دەبێت لەهەموو شتێکی زیانلێدەر.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. پەناگرتن بە خوای گەورە پەرستنە، ودەبێت بە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی بێت.
٢. پەناگرتن (إستعاذة) بە قسەی خوای گەورە -قورئان- ؛ ڕێگەپێدراوە، چونکە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی الله -سبحانه وتعالى-، بەپێچەوانەوە پەناگرتن بە هەر خوڵقێنراوێک شیرکە.
٣. فەزڵ وبەرەکەتی ئەم نزایە.
٤. خۆپاراستن بە زیکرەکان هۆکارە بۆ پاراستنی بەندە لە شەڕ وزیانەکان.
٥. پەناگرتن بە جگە لە خوای گەورە لە جنۆکە وساحیر ودەجالەکان ؛ هەمووی پوچەڵە وشیرکە.
٦. هەرکەسێک بچێت بۆ شوێنێک یان تێیدا بمێنێتەوە لەسەفەردا ؛ ڕێگەپێدراوە ئەم نزایە بخوێنێت.

(٥٩٣٢)

(٣٥٧) – عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ أَوْ عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، وَإِذَا خَرَجَ فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ»**. [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٥٧) – له ئەبی حومەید وله ئەبی ئوسەیدەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: **«ئەگەر یەکێکتان چووە نێو مزگەوتەوە، با بڵێت: (اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ)^، وئەگەر دەرچوو -لە مزگەوت- با بڵێت: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ)^^»**. ^(واتە: خوایە دەرگای ڕەحمەتت لەسەرم بکەیتەوە)، ^^(خوایە داوای فەزڵی خۆتت لێدەکەم). [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ ڕێنموێنی ئومەتەکەی کردووە بۆ ووتنی ئەو نزایانەی کە پێویستە بووترێن لەکاتی ویستی چوونە نێو مزگەوت ودەرچوون لێی، نزای چوونە نێو مزگەوت ؛ بەم شێوەیە: (اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ) واتە: (خوایە دەرگای ڕەحمەتت لەسەرم بکەرەوە)؛ داوا لە خوای گەورە دەکات ئەنجامدانی ئەو شتانەی بۆ ئاسان بکات؛ کە دەبنە هۆی ئەوەی پەروەردگاری ڕەحمی پێبکات.
ئەگەر بیەوێت لە مزگەوت دەربچێت پێویستە ئەم نزایە بڵێت: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ) واتە: (خوایە داوای فەزڵی خۆتت لێدەکەم)؛ داوای فەزڵ وچاکەی زیاتر ورزقی حەڵاڵ لە پەروەردگاری دەکات.

## لە سوودەکانی فەرموودەکە:

١. ووتنی ئەم نزایە لەکاتی چوونە نێو مزگەوت ودەرچوون لێی ؛ سونەتە.
٢. ڕەحمەتی باسکرد لەکاتی چوونە ژوورەوە؛ چونکە ئەوەی دەچێتە ژوورەوە سەرقاڵە بەو کردەوانەی لە خوای گەورە وبەهەشت نزیکی دەکەنەوە، بۆیە گونجاوە باسی ڕەحمەت بکرێت. وفەزڵی باسکرد لە کاتی دەرچوون ؛ چونکە دەرەوەی مزگەوت شوێنی داواکردنی فەزڵی خودایە لە ڕزق وبژێوی، بۆیە گونجاوە باسی فەزڵ بکرێت.

٣. ئەم زیکرانە دەڵێت کاتێك دەیەوێت بچێتە نێو مزگەوت، وکاتێك دەیەوێت لێی دەربچێت.

(٦٥٠٩٢)

(٣٥٨) – عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رضي الله عنهما أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **«إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ، فَذَكَرَ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: لَا مَبِيتَ لَكُمْ، وَلَا عَشَاءَ، وَإِذَا دَخَلَ، فَلَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ، وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ».** [صحيح] - [رواه مسلم]

(٣٥٨) – لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بوو ﷺ کە دەیفەرموو: **«ئەگەر پیاو بچێتە ماڵەوە، وناوی خودا بهێنێت لە کاتی چوونە ژوورەوەی ولەکاتی خواردنی، ئەوا شەیتان دەڵێت (بە هاوڕێکانی): ئیمڕۆ هیچ شوێنێکی خەوتن وهیچ خواردنێکتان بۆ نییە، وئەگەر بچێتە ژوورەوە وناوی خودا نەهێنێت، شەیتان (پێیان) دەڵێت: شوێنی خەوتن وخواردنتان بۆ هەیە».** [صەحیحە] - [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

## شیکردنەوە:

پێغەمبەر ﷺ فەرمانیکردووە بە یادکردنی خوای گەورە لەکاتی ویستی چوونە نێو ماڵ، وپێش خواردن، ئەگەر یادی خوای گەورە بکات بە ووتنی: (بسم الله) ؛ لەکاتی چوونە نێو ماڵ و لەکاتی دەستپێکردنی خواردن، شەیتان بە هاوڕێکانی دەڵێت: ئیمڕۆ هیچ شوێنێکی خەوتن وهیچ خواردنێکتان بۆ نییە لەم ماڵەدا، چونکە خاوەنەکەی خۆی پاراستووە لە شەیتان بە یادی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.

بەڵام ئەگەر پیاو یادی خوای گەورە نەکات لەکاتی چوونە نێو ماڵ و لەکاتی خواردن، شەیتان بە هاوڕێکانی دەڵێت: شوێنی خەوتن وخواردنتان بۆ هەیە لەم ماڵەدا.

## له سوودەکانی فەرموودەکە:

١. سونەتە -موستەحەبە- مرۆڤ زیکر ویادی خوای گەورە بکات لەکاتی هاتنەوە بۆ ماڵ و لەکاتی دەستکردن بە خواردن، چونکە شەیتان لە ماڵەکاندا دەمێنێتەوە، وخواردنی خێزانەکە دەخوات ؛ ئەگەر ناوی خودا نەهێنن.

٢. شەیتان چاودێری نەوەی ئادەم دەکات لە کردەوە وهەڵسوکەوت وهەموو شتێکیدا، ئەگەر مرۆڤ بێ ئاگا بێت ئەوا ئەمە بە هەل دەزانێت ومەبەستەکەی جێبەجێ دەکات.

٣. یادکردنی خوای گەورە شەیتان دوور دەخاتەوە.

٤. هەموو شەیتانێک شوێنکەوتە ودۆستی هەیە؛ موژدە وەردەگرن بە قسەکانی وشوێنی فەرمانەکانی دەکەون.

(٣٠٣٧)

**تێبینی:**

**بۆ کۆپی کردنی (لەبەرگرتنەوەی) دەقە نووسراوەکان لە فەرموودەکان و شیکردنەوەکان و سوودەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، دەتوانیت سەردانی ناونیشانی فەرموودەکە بکەیت لە ماڵپەڕی (موسوعة الأحاديث النبوية)، بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:**

**١. ماڵپەڕەکە بکەرەوە بە زمانی کوردی:**
**https://hadeethenc.com/ku/home**

**٢. ژمارەی (کۆدی) ئەو فەرموودەیە بنووسە لە کتێبەکەدا کە دەتەوێت دەقەکانی کۆپی بکەیت، هەر فەرموودەیەك و شیکردنەوە و سوودەکانی؛ کۆدێك لە خوارەوەیان نووسراوە؛ بەم شێوەیە:**



١. ئامۆژگاری بۆ یادکردنی خوای گەورە، وخۆشەویستترە لەلای پێغەمبەری خودا ﷺ لەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە (مەبەست دونیایە).
٢. ئامۆژگاری بۆ زۆر یادکردنی خوای گەورە، چونکە فەزڵ وپاداشتی زۆری لەسەرە.
٣. شتومەک وماڵی دونیا شتێکی کەمە، وشەهوەت وئارەزووەکانی ناوی تیادەچێت ونامێنێت.

(٦٢١١)

**بۆ نمونە دەتەوێت ؛ دەقەکانی ئەم فەرموودەیە کۆپی بکەیت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە لینکەکە (بەستەرەکە) بنووسە، و بۆ هەر فەرموودەیەکی تر تەنها ژمارەی کۆدی فەرموودەکە بگۆڕە.**

**https://hadeethenc.com/ku/browse/hadith/٦٢١١**

# پێڕست

پێشەکی ........................................................................ ٣
کردەوەکان بەپێی نیەتەکان ومەبەستەکانە، وهەرکەسێک بەپێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە.......................................................... ٥
ئەوەی کردەوەیەک دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە ڕەت دەکرێتەوە............................................................. ٦
ئیسلام بریتیە لەوەی شاهێدی بدەیت بە (لا إله إلا الله ومحمداً رسول الله)، ونوێژ ئەنجام بدەیت وزەکات بدەیت وڕۆژووی ڕەمەزان بگریت وحەج بکەیت بۆ ماڵی خودا ئەگەر توانیت ........................................................... ٨
ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە ............................................ ١٢
مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن و بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، ومافی بەندەکان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نادات... ١٤
هەر بەندەیەک شاهێدی بدات بە (لا إلهَ إلا اللهُ) و بە (مُحَمَّدًا عَبْدُهُ ورسولُهُ) بە ڕاستگۆییەوە لە دڵیەوە؛ ئەوا خوای گەورە دۆزەخ لەسەر ئەو کەسە حەرام دەکات ......................................................................... ١٥
هەرکەسێک بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وهەرکەسێک هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت ؛ دەچێتە دۆزەخەوە.................................................................................. ١٩
هەر کەسێک بمرێت لە سەر پاڕانەوە لە جگە لەخوای گەورە ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە.................................................................................. ٢٠
تۆدەچیت بۆ لای کەسانێک لە ئەهلی کتێب (گاورەکان) با یەکەم شت کە بانگەوازی بۆ دەکەیت بریتی بێت لە شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)............................................................................ ٢١
بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەیە کە بڵێت (لا إله إلا الله) بەئەوپەڕی دڵسۆزی وئیخلاصی لە دڵ ونەفسیەوە............... ٢٣
ئایا چی تاوانێک گەورەترینە لەلای خوای گەورە؟ فەرمووی: هاوبەش وهاوتا بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت لەکاتێکدا ئەو تۆی دروستکردووە .................... ٢٦
من لە هەموو هاوبەش دانانێک بێ پێویستم ........................................ ٢٧

هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە جگە لەو کەسەی سەرپێچی بکات ونەیەوێت........................................................................ ٢٨
زیادەڕەوی مەکەن لە وەسفکردنی من هەروەکو چۆن گاورەکان زیادەڕەوییان کرد لە وەسفکردنی کوڕی مەریەم (عیسا) ........................................ ٢٩
هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی تەواو وکامڵ نابێت؛ هەتا ئەو کاتەی من خۆشەویستتر دەبم لە لای لە منداڵەکەی وباوکی وهەموو خەڵکی ........... ٣١
واز لە پرسیارکردن بهێنن سەبارەت بە ئەو شتانەی کە فەرمانم پێنەکردوون یان نەهیم لێ نەکردوون، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە زۆر پرسیار کردن وناکۆکیان بوو بەرامبەر پێغەمبەرانیان، ئەگەر نەهیم لێکردن لەسەر شتێک ئەوا خۆتانی لێ بە دوور بگرن، وئەگەر فەرمانم پێکردن بە کردەوەیەک ئەوا ئەنجامی بدەن بە گوێرەی تواناتان........................ ٣٢
لە منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێکیش بێت، ولە بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت بکەن وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بکات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا ................................................................ ٣٤
سەیرە، نزیکە لەوەی پیاوێک فەرموودەیەکی منی پێبگات لە کاتێکدا لەسەر ڕاخەرەکەی پاڵی داوەتەوە ودەڵێت :لە نێوان ئێمە وئێوە کتێبی خودایە ..... ٣٥
نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت ................................................... ٣٧
خودایە گۆڕەکەم نەکرێت بە بتێک................................................... ٣٨
من بەڕائەتی خۆم دەکەم لای خوای باڵادەست کە کەسێک بکەم بە خەلیلی خۆم........................................................................................ ٤٢
ئایا ڕەوانەت بکەم لە سەر ئەو ڕێنماییانەی کە پێغەمبەرﷺ منی لەسەر ڕەوانە کرد؟ هەر پەیکەرێک یان وێنەیەکت بینی بیشکێنە وتێکی بدە ................ ٤٤
لە ئێمە نییە :ئەو کەسەی باوەڕی هەبێت بە شومیەتی لە شتێکدا یان داوا بکات بە پشکنینی شومیەتی لە شتێکدا، وئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان داوا بکات فاڵی بۆ بگیرێتەوە ................................................................ ٤٦
نەخۆشی بە ویستی خۆی ناگوازرێتەوە، وشومیەتی نییە ........................ ٤٨
پەروەردگار- فەرموویەتی:بەیانی هات بەسەر بەندەکانمدا؛» هەندێکیان ئیمانیان بە من هێنا، وهەندێکیان بێباوەڕ بوون بە من........................ ٤٩

ئەوەی تەمیمەیەک^هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە ............................................................................ ٥١
ڕوقیەکان و تەمیمەکان و تیوەلەکان شیرکن.......................... ٥٣
هەرکەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێکی لێبکات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناکرێت.......................................................... ٥٥
ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە ... ٥٦
ئەوەی سوێند بە سپاردە بخوات؛ ئەوا لە ئێمە نییە ........................ ٥٧
من واللە بە ویستی خوای گەورە، سوێند بخۆم لە سەر شتێک، کە ببینم جگە لەوە باشترە؛ ئەوا ئەوەیان کە باشترە جێبەجێی دەکەم، وکەفارەتی سوێندەکەم دەدەم ............................................................................ ٥٨
مەڵێن :خوای گەورە بیەوێت وفلان کەس بیەوێت، بەڵکو بڵێن :خوای گەورە بیەوێت پاشان فلان کەس بیەوێت........................................... ٥٩
ئەو شتەی (تاوانەی) کەزۆر لەسەرتان دەترسم بیکە ن؛ شیرکی بچووکە، ووتیان: شیرکی بچووك چییە، ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ڕیا......... ٦١
ئەگەر هەرکەسێک تۆمەتی تاوان (فاسقێتی) یان کوفر بۆ هەرکەسێکی تر هەڵبواسێت، ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا تۆمەتەکە بۆ دژی خۆی دەگەڕێتەوە ............................................................ ٦٢
دوو شت هەیە نیشانەی کوفرن لە هەرکەسێکدا ئەگەر ئەنجامیان بدات تانەدان لە ڕەچەڵەک، هاوار وشیوەن کردن لەسەر مردوو......................... ٦٣
فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە ماڵێکەوە ئەگەر سەگ یان وێنەی تێدا بێت... ٦٥
فریشتەکان هاوەڵی کۆمەڵێک نابن ئەگەر سەگ یان زەنگیان تێدا بێت..... ٦٨
شەیتان دێت بۆ لای یەکێکتان دەڵێت :کێ ئەو شتەی دروستکردووە، کێ ئەو شتەی دروستکردووە، هەتاوەکو دەڵێت :کێ پەروەردگارتی دروستکردووە؟ ئەگەر گەیشت بەمە با پەنا بە خوای گەورە بکرێت و واز بهێنێت .......... ٦٩
،ئەوەی دژایەتی دۆستێکی من بکات؛ ئەوا من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم وبەندەکەم بە هیچ شتێک لە من نزیک نابێتەوە کە خۆشەویست بێت لە لام ؛ هێندەی نزیکبوونەوەی لێم بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەری فەرزم کردووە ............................................................................ ٧٠
تەقوای خوای گەورە بکەن، وگوێڕایەڵی کاربەدەستی موسوڵمانان بن وفەرمانەکان جێبەجێ بکەن، وئەگەرچیش بەندەیەکی حەبەشی بێت ........ ٧٣

هەرکەسێک لە گوێڕایەڵی دەربچێت، وخۆی جیابکاتەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان وبمرێت، ئەوا مردنەکەی مردنێکی جاهیلیەتە........................................ ٧٥
،هەر بەندەیەک کە خوای گەورە بیکاتە دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵێکەوە وبمرێت لە ڕۆژێکدا کە فێڵی کردبێت لە ژێر دەستەکانی؛ ئەوا خوای گەورە بەهەشت لەسەر ئەو کەسە حەرام دەکات........................................ ٧٧
کاربەدەستانێك (دێن) ؛ ڕازی دەبن لە هەندێک لە کردەوەکانیان وهەندێک لەکردەوەکانیان ڕەت دەکەنەوە........................................ ٧٨
لە دووای وەفاتم کۆمەڵێک ڕوداو دێتە پێش و ونارەحەتی وستەم بڵاو دەبێتەوە وشتانێک ڕوودەدات کە لاتان خراپە وپەسەند کراو نیە............ ٧٩
هەمووتان سەرپەرشتیار وبەرپرسیارن ، وهەریەکێکتان بەرپرسیارە بەرامبەر ژێردەستەکەی........................................ ٨١
ئەی خودایە، هەر کەسێک کرایە کاربەدەست و فەرمانڕەوا لە سەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وکاری لەسەریان قورس کرد؛ ئەوا تۆیش کاری لەسەر قورس بکە........................................ ٨٢
ئاین ئامۆژگارییە........................................ ٨٣
ئەگەر ئەوانەت بینی کە شوێنی -ئەو ئایەتانە دەکەون- کە ڕوون نین -لە قورئاندا-، ئەوانەن کە خوای گەورە ناویانی هێناوە (کە لایانداوە لە هەق وڕاستی)؛ بۆیە ئاگادار بن لێیان........................................ ٨٦
،هەرکەسێک لە ئێوە هەر خراپەیەکی بینی؛ ئەوا با بە دەستی بیگۆڕێت...... ٨٩
نمونەی ئەو کەسەی کە سنوورەکانی خوای گەورە تێپەڕ ناکات، وئەو کەسەی کە تاوانەکان دەکات، وەکو کەسانێک وان کە تیروپشک دەکەن لە سەر کەشتیەک........................................ ٩١
ئەوەی بانگەشە بکات بۆ هیدایەت وچاکەکاریەک، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوانە وایە کە شوێنی دەکەون -کردەوەی پێ دەکەن-، وئەمەیش هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ناکاتەوە........................................ ٩٣
پاداشتی کەسی ڕێنیشاندەر بۆ کاری خێر وەکو پاداشتی کەسی ئەنجامدەری کارە خێرەکە وایە........................................ ٩٤
واللە ئەگەر خوای گەورە بە هۆی تۆوە هیدایەتی یەک کەس بدات باشترە بۆ تۆ لە وشترە سوورەکان........................................ ٩٦

هەرکەسێك  خۆی بە خەڵکانێک و گەلانێك بچوێنێت؛ ئەوا بە یەکێک لە ئەوان دادەنرێت........................................................................ ٩٨
مرۆڤ لە سەر ئاینی هاوڕێکەیەتی؛ بۆیە با هەریەکێکتان سەیر بکات وبزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات ........................................................................ ٩٩
ئەم ئاینە دەگاتە هەرشوێنێک کە شەو ورۆژی پێبگات، وخوای گەورە ئەم ئاینە دەگەیەنێت بە هەموو شوێنێکی نیشتەجێبوو وهەموو شوێنێکی چۆڵ وبیابان، هۆکاری شکۆداربوونی شکۆدارانە یان هۆکاری سەرشۆڕبوونی سەرشۆڕانە، شکۆدارییەک کە خوای گەورە بەهۆی دەستگرتن بە ئیسلامەوە دەیبەخشێت، وسەرشۆڕییەک کە خوای گەورە بەهۆی کوفر وڕەتدانەوەی ئیسلامەوە دەیسەپێنێت ................ ١٠١
سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەممەدی بە دەستە، هیچ کەسێک نییە لەم ئومەتە لە جولەکەیەک یان نەسڕانیەک سەبارەت بە من ببیسێت، پاشان بمرێت لە سەر باوەڕ نەهێنان بەو پەیامەی کە من پێی نێردراوم؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە........... ١٠٢
ئەی خەڵکینە، وریا وئاگاداری زیادەڕەوی وسنوور تێپەڕاندن بن لە ئایندا هۆکاری تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە ؛ زیادەڕەوی کردن بوو لە ئایندا ..... ١٠٤
توندڕەوەکان تیاچوون ........................................................................ ١٠٥
جولەکەکان ؛ خوای گەورە توڕەیە لێیان، وگاوڕەکان گومڕان ................. ١٠٦
خوای گەورە قەدەری دروستکراوەکانی نووسیووە پێش ئەوەی ئاسمانەکان وزەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ ...................................... ١٠٧
پێغەمبەری خودا ﷺ بۆمانی گێڕایەوە لەکاتێکدا ئەو ڕاستگۆیە و بەڕاستگۆ دانراوە -لەگەیاندنی وەحیدا-، فەرمووی: هەر یەکێکتان لەکاتی دروستکردنی کۆدەکرێتەوە لە سکی دایکیدا  چل ڕۆژ وشەو...................................... ١٠٨
بەهەشت نزیکترە لە یەکێک لە ئێوە زیاتر لە بەستەی نەعلەکانی ودۆزەخیش بە هەمان شێوە ........................................................................ ١١٠
دۆزەخ دەوردراوە بە شەهوەت وئارەزووەکان، وبەهەشت دەوردراوە بە نارەحەتی وتاقیکردنەوەکان ........................................................................ ١١١
کاتێک خوای گەورە بەهەشت ودۆزەخی دروستکرد جبریلی نارد............. ١١٢
ئەو ئاگرەی بەکاری دێنن بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ ............ ١١٤
خوای گەورە زەوی دەگرێت، وئاسمانەکان دەپێچێتەوە بە -دەستی- ڕاستی پاشان دەفەرموێت: من پادشام، کوان پادشاکانی زەوی ........................ ١١٥

توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە الله لە خوڵقاندندا ........................................................... ١١٦
سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، نزیکە دابەزینی کوڕی مەریەم لە نێوانتان فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر، خاچ دەشکێنێت.......................................... ١١٧
بڵێ :لا إله إلا الله، بەهۆیەوە شاهێدیت بۆ دەدەم لە ڕۆژی قیامەتدا....... ١١٨
کانیەکەم دووری مانگێکە لەڕۆشتن، ئاوەکەی سپیترە لە شیروبۆنەکەی خۆشترە لە میسک ........................................................................ ١٢٠
مردن دەهێنرێت لەسەر شێوەی بەرانێک ........................................ ١٢١
ئەگەر ئێوە تەوەکولتان بە خوای گەورە وەکو پێویست بێت، ئەوا ڕزقتان دەدات هەروەکو چۆن ڕزقی باڵندەکان دەدات .................................. ١٢٣
دوو نیعمەت خەڵکی تێیاندا دۆڕاون: لەش ساغی، وکاتی سەرقاڵ نەبوون .. ١٢٤
ئەو کەسەی بە سواری دەڕوات سەلام لە پیادە دەکات، وئەوەی پیادەیە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وکەم سەلام لە زۆر دەکات....................... ١٢٦
ئەی بەندەکانم، من ستەمم لە سەر نەفسی خۆم حەرامکردووە، ولەنێوان ئێوەشدا بەحەڕامم داناوە، بۆیە ستەم لە یەکتری مەکەن....................... ١٢٨
خۆتان لە ستەمکردن بپارێزن، چونکە ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا وخۆتان لە ڕەزیلی بپارێزن........................................................... ١٣١
خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی زاڵم وستەمکار؛ بەڵام کە گرتی ئەوا بەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە................................................... ١٣٢
خوای گەورە چاکەکان وخراپەکانی نووسی پاشان ڕوونی کردەوە ............ ١٣٤
هەرکەسێک پاش ئیسلامەتی (پاش مسوڵمان بوونی) چاکەکاری ئەنجامبدات؛ ئەوا بەرپرسیار نابێت لەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا کردوویەتی، و هەرکەسێک خراپەکاری بکات لە پاش ئیسلامەتی؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی پێشووتر ودواتر.......................... ١٣٥
ئەوەی دەیڵێیت وبانگەوازی بۆ دەکەیت باش وچاکە، ئەگەر پێمان بڵێیت ئەوەی کردوومانە لێخۆشبوونی بۆ هەیە .......................................... ١٣٧
مسوڵمان بوویت لەگەڵ هەموو ئەو کردەوە چاکانەی کە پێشووتر ئەنجامتداوە........................................................................ ١٣٨
خوای گەورە دەفەرموێت :ئەی نەوەی ئادەم، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوە وڕەجا وتکام لێبکەیت من لێت خۆش دەبم وسەیری زۆری تاوانەکانت ناکەم.... ١٤٠

بەندەیەک تاوانێکی کرد، ووتی :ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە ... ١٤٢
هەرکەسێک گوناهێک بکات، پاشان هەستێت ودەستنوێژ بگرێت، دواتر نوێژ بکات، پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت ........................................................................ ١٤٤
خوای گەورە دەستی ڕادەخات بە شەوان بۆ ئەوەی گوناهکارانی ڕۆژ تەوبە بکەن ودەستی ڕا دەخات بە ڕۆژ بۆ ئەوەی گوناهکارانی شەو تەوبە بکەن؛ هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت ................................................................ ١٤٦
پەروەردگاری بەرز وپیرۆزمان هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا ........................................................................ ١٤٧
حەڵاڵ ئاشکرایە وحەرام ئاشکرایە................................................. ١٤٨
جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، ئەگەر یەکێکتان بە هێندەی ئوحود ئاڵتون ببەخشێت؛ ئەوا هێشتا ناگات بە هێندەی خێر بەخشینی چنگێک یان نیو چنگی ئەوان........................................................................ ١٥٠
ئەی کوڕ، هەندێک وشەت فێر دەکەم، سنوورەکانی شەریعەتی خودا بپارێزە؛ ئەوا خودا دەتپارێزێت ........................................................... ١٥١
بڵێ :ئیمانم بە الله هێنا پاشان پابەندی ڕێگای ڕاست بە........................ ١٥٣
نمونەی ئیمانداران لە پەیوەندی وبەزەیی وسۆزیان بەرامبەر یەکتر ؛ وەکو نمونەی لاشەیەک وان................................................................ ١٥٤
ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت؛ ئەوا هەموو گوناهەکان لە لاشەیدا دەردەچن هەتاوەکو لە ژێر نینۆکەکانەوە دەردەچن ............................ ١٥٥
ئاوی دەریا ئاوێکی پاکە وپاککەرەوەیە ............................................ ١٥٦
ئەگەر ئاو بە ئەندازەی دوو قولە بوو؛ ئەوا پیسی هەڵناگرێت ............... ١٥٧
ئەگەر چوونە سەرئاو کردن ؛ ڕوو لە قیبلە مەکەن وپشتی تێمەکەن، بەڵکو ڕوو لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا بکەن.............................................. ١٥٩
با هیچ یەکێکتان شەرمگەی نەگرێت بە دەستی ڕاستی لەکاتی میزکردندا، وبا خۆی پاک نەکاتەوە بە دەستی ڕاستی لە کاتی سەرئاوکردندا، وبا هەناسە نەدات لە ناو پەرداخی ئاوخواردنەوەیدا ............................................ ١٦٠
هەرکەسێکتان لە خەو هەستا ودەستنوێژی گرت ئەوا با سێ جار ئاو ڕاداتە نێو لووتی و پاشان دەری بکات، چونکە شەیتان بە درێژایی شەو لەسەر لووتی دەبێت........................................................................... ١٦١

پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی دەشۆرد بە ئاوێک کە بە ئەندازەی صاعێک بێت هەتا لەوەیە بە ئەندازەی پێنج مود بووایە، هەروەها بە یەک مود دەستنوێژی دەگرت........................................................................ ١٦٢
خودا نوێژی یەکێک لە ئێوە قبوڵ ناکات ئەگەر دەستنوێژی شکا............ ١٦٤
پیاوێک دەستنوێژی گرت وبە هێندەی شوێنی نینۆکێک لە پێیەکانی نەشۆردبوو، پێغەمبەرﷺ ئەم پیاوەی بینی، وپێی فەرموو» :بگەڕێوە بە ڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرە............................................................ ١٦٥
پێغەمبەرﷺ لەکاتی هەموو نوێژێکدا دەستنوێژی دەگرت.................. ١٦٦
پێغەمبەری خودا ﷺ دەستنوێژی گرتو(ئەندامەکانی دەستنوێژگرتنی) یەك جار شۆرد........................................................................ ١٦٧
پێغەمبەری خودا ﷺ دەستنوێژی گرت و(ئەندامەکانی دەستنوێژگرتنی) دوو جار شۆرد........................................................................ ١٦٨
هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت بەم شێوەیەی کە من دەستنوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت ............................................. ١٦٩
ئەگەر یەکێک لە ئێوە دەستنوێژی گرت؛ ئەوا با ئاو بکاتە (هەڵبمژێتە) نێو لوتیەوە وپاشان دەری بکات، وئەگەر بەردی بەکارهێنا بۆ خۆ پاککردنەوە؛ ئەوا با (ژمارەی بەردەکان) تاک بێت ............................................. ١٧٢
هەردووکیان ئازار دەدرێن، و لەسەر تاوانی گەورە ئازار نادرێن................ ١٧٣
پێغەمبەرﷺ کاتێک بچوایە بۆ دەست بە ئاو گەیاندن دە یووت: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبُثِ وَالخَبَائِثِ ............................................................ ١٧٤
پێغەمبەرﷺئەگەر لە سەرئاوکردن دەربچووایە، دەیفەرموو :غفرانك ... ١٧٥
سیواک پاککەرەوەیە بۆ دەم وهۆکاری ڕازی بوونی خوای گەورەیە ........... ١٧٧
پێغەمبەرﷺ ئەگەر شەو هەڵبستایە؛ ئەوا سیواکی دەکرد .................. ١٧٨
ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو نوێژێکدا............................... ١٧٩
مافە لەسەر هەموو مسوڵمانێک جارێک خۆی بشوات لە هەموو حەوت ڕۆژێکدا ؛ کە سەر ولاشەی تێدا دەشوات.......................................... ١٨٠
پێنج شت لە فیترەتەوەیە ........................................................ ١٨١
تەنها چووکی -ئەندامی زاوزێ- دەشۆرێت، ودەستنوێژ دەگرێت ............. ١٨٢

پێغەمبەری خودا ﷺ ، ئەگەر بشۆردایە بەهۆی لەشگران بوونیەوە، سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکو شێوازی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ، دواتر خۆی دەشۆرد ........................................................ ١٨٤
بەس بوو بۆت کە بە دەستەکانت تەنها ئەمە ئەنجام بدەیت، پاشان یەك جار دەستەکانی دا بە سەر زەویدا، دواتر ناو لەپی چەپی مەسحکرد بەسەر پشتی دەستی ڕاستی، هەروەها دیوی سەرەوەی هەردوو دەستەکانی وڕووی پێ مەسح کرد................................................................................................. ١٨٥
وازیان لێبێنە؛ چونکە من بە دەستنوێژەوە لە پێم کردوون ..................١٨٧
واز لە نوێژکردن بهێنە بەپێی -ماوەی- ئەو ڕۆژانەی تووشی سوڕی مانگانە دەبوویت تێیاندا، پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە..................................١٨٨
ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات ........................................................ ١٩٠
ئەگەر سەگ لە پەرداخی یەکێک لە ئێوە ئاوی خواردەوە، ئەوا با حەوت جار بیشۆرێت.................................................................................... ١٩١
کە بانگبێژ بڵێت: الله أكبر الله أكبر، ویەکێکتان بڵێت: أكبر الله أكبر ....١٩٣
هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا)، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت.................................................................................... ١٩٧
هەرکەسێك کاتێک گوێی لە بانگ دەبێت وبڵێت: (اللهم رب هذه الدعوة التامة، والصلاة القائمة، آت محمدا الوسيلة والفضيلة، وابعثه مقاما محمودا الذي وعدته)؛ ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا ........................................................................................ ١٩٨
ئایا گوێت لە بانگ دەبێت؟ ئەویش ووتی:بەڵێ .................................. ٢٠٤
ئەگەر ڕووبارێک لە پێش دەرگای یەکێک لە ئێوە بێت، ورۆژانە پێنج جار خۆی تێدا بشوات، ئایا هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی دەمێنێت ...................... ٢٠٥
چی کردەوەیەک خۆشەویسترینە لە لای الله؟ فەرمووی: نوێژ کردن لەکاتی خۆی.................................................................................................. ٢٠٦

هەر مسوڵمانێک کاتێک ساتی نوێژی فەرز دێت، بە جوانی وڕێکی :دەستنوێژ بگرێت وخشوعی هەبێت ورکوع ببات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی ........................................................................ ٢٠٧
پێنج نوێژەکە، و هەینی بۆ هەینی، و ڕەمەزان بۆ رەمەزان، هەموویان دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکانی نێوانیان، ئەگەر هاتوو مرۆڤی موسڵمان خۆی بەدوور گرت لە تاوانە گەورەکان ........................................... ٢٠٨
فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، ولێیان بدەن لەسەر نوێژنەکردن لە تەمەنی دە ساڵیدا، وجێگاکانیان جیا بکەنەوە ٢٠٩
پەروەردگاری مەزن دەفەرموێت :نوێژم لە نێوان خۆم وبەندەکەم دابەشکردووە بۆ دۆ دووبەش ........................................................................... ٢١٠
ئەو پەیمانەی (جیاکارەوەی) لە نێوان ئێمەی (مسوڵمان) و (کافردا) هەیە ؛ نوێژ کردنە ............................................................................................ ٢١٣
بێگومان (ئەو سنوورەی وەستاوە) لەنێوان مرۆڤ -و- کوفر وشيرك ؛ وازهێنانە لە نوێژکردن........................................................................................ ٢١٤
ئەی بیلال، هەستە قامەت بکە بۆ نوێژ، خەمڕەوێنمان بکە بەهۆیەوە .... ٢١٤
اللَّهُمَّ باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب ............ ٢١٦
پێغەمبەر ﷺ هەردوو دەستەکانی هەتاوەکو ئاستی شانەکانی بەرز دەکردەوە ئەگەر نوێژی داببەستایە ........................................................... ٢١٨
هەرکەسێک لە نوێژدا (لە هەموو ڕکاتێکدا) سورەتی -الفاتحة- نەخوێنێت؛ ئەوا نوێژەکەی دروست نییە ........................................................... ٢١٩
پێغەمبەرﷺ هاتە نێو مزگەوتەوە، ولە پاشان پیاوێک هاتە نێو مزگەوتەوە ونوێژی کرد، وپاشان هات وسەلامی لە پێغەمبەرﷺ :کرد، پێی فەرموو بگەڕێوە نوێژەکە ئەنجام بدەرەوە، چونکە تۆ نوێژت ئەنجام نەدا............ ٢٢٠
لەنێوتان من نزیکترینم -لە شێوازی- ئەنجامدانی نوێژی پێغەمبەری خودا ﷺ ؛ ئەمە چۆنیەتی نوێژکردنی بوو هەتا دونیای بەجێهێشت.......................... ٢٢٢
فەرمانم پێکراوە کە لە سەر حەوت ئێسک سوجدە بەرم......................... ٢٢٤
چ نزایەک هیوا وڕەجا وایە کە وەڵام بدرێتەوە؟ فەرمووی: نزاکردن لە ناوەڕاستی کۆتایی شەو، ولە پاش نوێژە فەرزەکان ................................ ٢٢٥
ئێوە پەروەردگارتان دەبینن هەروەکو چۆن ئەم مانگە دەبینن ............. ٢٢٦

پێغەمبەری خودا ﷺ لە دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانیدا :﴿قل یا أیها الکافرون -سورەتی الکافرون-﴾ و﴿قل هو الله أحد -سورەتی الإخلاص-﴾ی دەخوێند........................................................................... ٢٢٨
ئەوەی پارێزگاری لە ئەنجامدانی (نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر -بەردەین-) بکات؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ................................................................ ٢٢٩
هەرکەسێک نوێژی بەیانی بکات؛ ئەوا لە ژێر -پەیمان و- پاراستنی خوای گەورەدایە ........................................................................................ ٢٣٠
ئەوەی واز لە نوێژی عەسر بهێنێت؛ ئەوا کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە ... ٢٣١
هەرکەسێک نوێژێکی لەبیرچوو ؛ ئەوا با نوێژەکە ئەنجامبدات ئەگەر بیری کەوتەوە، وهیچ کەفارەتێکی نیە مەگەر ئەوە نەبێت........................... ٢٣٢
قورسترین نوێژ لەسەر دووڕووەکان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیە، جا ئەگەر بیانزانیایە ئەو دوو نوێژە چەندێک خێر وفەزڵی گەورەیان تێدایە ؛ هەر بە گاگۆڵکێ بۆی دەهاتن.................................................................. ٢٣٣
ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، دەیووت: «(سمع الله لمن حمده، اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد) ......................................................................... ٢٣٤
پێغەمبەری خودا ﷺ لە بەینی دوو سوجدەکەدا دەیووت: (رب اغفر لي، رب اغفر لي ) ............................................................................................ ٢٣٥
پێغەمبەر ﷺ لە نێوان دوو سوژدەکەدا دەیووت: اللهم اغفر لي، وارحمني وعافني، واهدني، وارزقني.............................................................. ٢٣٦
ئەگەر نوێژتان کرد ؛ ڕیزەکانتان ڕێک بکەن پاشان با یەکێکتان پێشنوێژیتان بۆ بکات...................................................................................... ٢٣٨
پێغەمبەر ﷺ فێری تەشەهود (تەحیات)ی کردم هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردم ......................................................... ٢٤٣
اللَّهُمَّ إني أعوذ بك من عذاب القبر، وعذاب النار، ومن فتنة الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ ومن فتنة الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ.................................................................. ٢٤٦
سوور بە لەسەر زۆر سوجدە بردن بۆ خوای گەورە؛ چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات.................................................................................. ٢٤٧

نوێژ دروست نیه ؛ کاتێک خواردن ئامادەبێت، یان کاتێک تەنگەتاو بێت بە یەکێک لە پیسیەکان.......................................................................... ٢٤٩
ئەوە شەیتانێکە پێی دەووترێت خینزەب، ئەگەر هەستت پێ کرد پەنا بە خوای گەورە بگرە لێی، وسێ جار تف بکە بە لای چەپتدا ............................ ٢٤٩
ئەو کەسەی خراپترین دزی دەکات ئەوەیە کە لە نوێژەکەی دەدزێت....... ٢٥١
ئایا ئەوەی لەپێش ئیمام سەری بەرز دەکاتەوە ؛ ناترسێت لەوەی کە خوای گەورە سەری وەکو سەری گوێ درێژ لێبکات، یان شێوەی وەکو شێوەی گوێدرێژ لێبکات ....................................................................... ٢٥٢
ئەگەر یەکێکتان گومانی لە نوێژەکەی هەبوو، نەزانێت چەند ڕکاتی ئەنجامداوە سێ یان چوار؟ با گومانەکەی دووربخاتەوە وبنچینەی نوێژەکەی لەسەر ئەوە دابمەزرێنێت کە لێی دڵنیایە، پاشان با دوو سوجدە ببات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە، ئەگەر پێنج ڕکاتی ئەنجامبدا بێت؛ ئەوا نوێژەکەی بە ڕکاتی جووت دەبێت، وئەگەر هەر چوار ڕکاتەکەی ئەنجامدابێت؛ ئەوا ئەمە سەرشۆڕکردنە بۆ شەیتان ........................................................................... ٢٥٣
پێغەمبەری خودا ﷺ ،پیاوێکی بینی لە پشت ڕیزێکەوە بە تەنها نوێژ دەکات فەرمانی پێکرد کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە......................................... ٢٥٥
ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی.......................... ٢٥٦
خێرترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینیە .......................... ٢٥٧
ئەوەی ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وەکو خۆشۆردن بۆ پاکبوونەوە لە لەشگرانی، پاشان لە ماوەی یەکەم بچێت وەکو ئەوە وایە وشترێکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی دووەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە مانگایەکی کردبێتە قوربانی ............................................................................... ٢٥٩
اللهُمَّ أنت السَّلام ومِنك السَّلام، تَبَارَكْتَ يا ذا الجَلال والإِكْرَام ............. ٢٦١
پێغەمبەر ﷺ لەپاش هەموو نوێژێک ئەم تەهلیلەی دەووت ................. ٢٦٢
پێغەمبەر ﷺ لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت ............................ ٢٦٥
هەرکەسێك (ئایەتی)کورسی بخوێنێت لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز؛ ئەوا هیچ شتێک ڕێگر نابێت لەوەی بچێتە بەهەشتەوە جگە لە مردن نەبێت....... ٢٦٩
دە ڕکاتم لەبەرکرد لە پێغەمبەرەوە ﷺ(لە نوێژە سونەتەکان) ................. ٢٧٠
پێغەمبەر ﷺ هەرگیز وازی نەدەهێنا لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ودوو ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی بەیانی ...................... ٢٧١

ئەگەر یەکێکتان چووە نێو مزگەوتەوە ؛ با دوو ڕکات ئەنجامبدات پێش ئەوەی دابنیشێت ........................................................................ ٢٧٢
ئەگەر بە هاوڕێکەت بڵێیت :بێدەنگ بە لە ڕۆژی هەینی لە کاتێکدا وتار خوێن وتار دەدات؛ ئەوا تۆ قسەیەکی پوچ وبەتاڵت وتووە .............................. ٢٧٣
بە پێوە نوێژ بکە، ئەگەر ناتوانیت ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدە، خۆ ئەگەر هەر ناتوانیت ئەوا بە پاڵکەوتنەوە نوێژ بکە .......................... ٢٧٤
نوێژکردن لەم مزگەوتەی من خێری زیاترە لە هەزار نوێژکردن لەمزگەوتەکانی تر جگە لەمزگەوتی حەرام نەبێت ................................................... ٢٧٥
هەرکەسێک مزگەوتێک لە پێناو خوای گەورە دروست بکات؛ ئەوا خوای گەورە (خانوویەکی) بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا وەکو ئەوە ........... ٢٧٦
خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، وبەندە بە لێخۆشبوون لە خەڵکی پەروەردگار ،شکۆدارتری دەکات، وئەوەی لەبەر الله سادە بێت ئەوا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە ...................................................................................... ٢٨٥
خودا دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم ببەخشە؛ پێت دەبەخشم ........... ٢٨٦
ئەگەر پیاو خەرجی بکات لەسەر خێزانەکەی و لەسەر ئەمە چاوەڕێی پاداشت بێت ؛ ئەوا ئەمە چاکەیە بۆی.......................................................... ٢٨٧
گۆڕینەوەی ئاڵتون بە ئاڵتون ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا، گۆڕینەوەی زیو بە زیو ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا، گۆڕینەوەی گەنم بە گەنم ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا، گۆڕینەوەی جۆ بە جۆ ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت لەو شوێنەدا............................................................................................ ٢٨٧
پێغەمبەری خودا ﷺ (زەکاتی سەرفیترە) ی فەرز کرد لەسەر نێر ومێ وئازاد وکۆیلە ............................................................................................ ٢٩٠
ئەی خەڵکینە، سەلام لە یەکتر بکەن، وپەیوەندی خزمایەتی بگەیەنن وخواردن ببەخشن، وشەونوێژ بکەن لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون؛ ئەم کردەوانە بکەن ئەوا بە سەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە.......................... ٢٩٢
خوای گەورەی پاک وپیرۆز (دوورە لە کەموکورتی) وهیچ شتێک قبوڵ ناکات مەگەر پاک نەبێت، وفەرمانی کردووە بە ئیمانداران هەروەکو چۆن فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرانیش، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا........................................................... ٢٩٣

ئەوەی دەرفەت بدات بەکەسێک کە نارەحەتی لەسەرە (بەهۆی قەرزەوە) یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەم بکاتەوە؛ ئەوا الله دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی........................................................................ ٢٩٥
رەحمەتی خودا لە پیاوێک لێبوردە -ئاسان- وبەخشندە بێت کاتێک دەفرۆشێت وکاتێک دەکرێت وکاتێک داوای قەرزەکەی دەکات ............................ ٢٩٦
ئەگەر رۆیشتیت بۆ لای کەسێک کە حاڵی نالەبار وقورس بوو (لە رووی دارایییەوە)؛ ئەوا چاوپۆشی لێبکە، بەڵکو خودا لە ئێمەش خۆش بێت ....٢٩٧
پیاوانێک موڵکی خوای گەورە بە ناهەق بەکاردەهێنن ؛ ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوانەیە لە رۆژی قیامەتدا ........................................................................ ٢٩٨
خوای گەورەی بەرز وشکۆدار فەرمووی :هەموو کردەوەکانی نەوەی ئادەم بۆ خۆیەتی؛ جگە لە رۆژووگرتن نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ منە ومن پاداشتی لە سەر دەدەمەوە........................................................................... ٣٠٠
ئەوەی مانگی رەمەزان بە رۆژوو بێت بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.......................................................................... ٣٠٥
لە بەهەشتدا دەرگایەک هەیە، پێی دەووترێت :رەیان، رۆژووگرەکان لەێوە دەچنە ژوورەوە لە رۆژی قیامەتدا، جگە لە ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە، دەووترێت :لە کوێن رۆژووگرەکان؟ هەڵدەستن وبەرەو ،دەرگاکە پێش دەکەون، جگە لە ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە ئەگەر هەموویان چوونە ژوورەوە دەرگاکە دادەخرێت وکەسی تر ناچێتە ژوورەوە......................................................................................... ٣٠٥
ئەگەر رەمەزان هات؛ دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، وشەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن ................................. ٣٠٦
هەرکەسێک بە رۆژوو بێت وبە هۆی لە بیرچوونەوە بخوات یان بخواتەوە؛ ئەوا با رۆژووەکەی تەواو بکات، چونکە ئەوە خوای گەورە رزقی خواردن وخواردنەوەی پێ بەخشیووە ........................................................... ٣٠٧
پێغەمبەرﷺ لە دە شەوی کۆتایی رەمەزان ئیعتیکافی دەکرد، هەتا خوای گەورە رۆحی کێشا، پاشان خێزانەکانی لە پاش ئەو ئیعتیکافیان دەکرد ............. ٣٠٩

پێغەمبەرﷺ ئەو هەوڵ وکۆششە زۆرەی دەیکرد بۆ پەرستن لە ڕەمەزاندا لە مانگەکانی تردا بەو شێوەیە نەبوو، ولە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا ئەو هەوڵ وکۆششە زۆرەی دەیکرد بۆ پەرستن لە شەوەکانی تر بە شێوەیە نەبوو .... ٣١٠
پێغەمبەرﷺ ،ئەگەر دە شەوی کۆتایی بهاتایە؛ شەوەکانی زیندوو دەکردەوە وخێزانەکانی هەڵدەستاند، وهەوڵ وکۆششی زۆری دەکرد، ولە خێزانەکانی دووردەکەوتەوە ........................................................ ٣١١
ئەوەی ڕۆژێک لە پێناو خوای گەورە بە ڕۆژوو بێت؛ ئەوا خوای گەورە ڕووی دوور دەخاتەوە لە دۆزەخ بە ئەندازەی حەفتا ساڵ .............................٣١٢
خەلیلەکەمﷺ فەرمانی سێ شتی پێکردم :ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک، ودوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو، ونوێژی ویتر بکەم پێش خەوتن.٣١٣
پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە .................٣١٥
ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووەکانتان (مەبەستی: یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە)، وڕۆژەکەی تر: لە قوربانیەکانتان دەخۆن (مەبەستی: ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە) .................٣١٧
ئەوەی نوێژی تەراویح ئەنجامبدات لە شەوی قەدردا بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت ........................................٣١٨
ئەوەی حەج ئەنجام بدات، وقسەی خراپ ونارەوا نەکات، وتاوان وگوناه ئەنجام نەدات ئەوا دەگەڕێتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی لە دایك بووە ............٣١٩
(تەلبیە)ی پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە بوو: ( لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك )....................... ٣٢٠
هیچ ڕۆژێک نییە کە ئەنجامدانی کردەوەی چاک خۆشەویست بێت لای خودا وەکو ئەم ڕۆژانە مەبەست دە ڕۆژی یەکەمی (مانگی ذي الحجة) یە .......٣٢٢
جیهاد وتێکۆشان بەرپا بکەن بەرامبەر موشریکەکان بە ماڵتان ونەفستان وزمانتان ........................................................................٣٢٣
واز لەو شتانە بهێنە کە گومانت لێیان هەیە، بۆ شتانێک کە گومانت لێیان نییە ........................................................................٣٢٥
خوای گەورە بەهۆی منەوە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە شتێک کە لە نەفسی ودەروونی خۆیاندا دەیلێنەوە، مەگەر کردەوەی پێبکەن یان بیلێن..........٣٢٦

خوای گەورە سەیری شێوە و سەروەت وسامانتان ناكات، بەڵكو سەیری دڵ وكردەوەكانتان دەكات ........................................................................ ٣٢٧
خوای گەورە غیرەت دەكات، وئیماندار غیرەت دەكات، غیرەتی خوای گەورە ئەوەیە كە ئیماندار كردەوەیەك بكات كە خودا حەرامی كردووە لە سەری٣٢٨
خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە وێرانكەرەكە ............................ ٣٢٩
ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە تاوانە گەورەكان؟ ............................ ٣٣١
تاوانە گەورەكان: شیرک وهاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، خراپەكاری بەرامبەر دایک وباوک، وكوشتنی نەفسێک، سوێندخواردن بە ناهەق.................. ٣٣٢
یەكەم شت كە دادگایی لەسەری دەكرێت لە نێوان بەندەكان لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ بریتیە لە خوێنەكان ............................................................ ٣٣٤
هەركەسێک پەیمانپێدراوێک بکوژێت ؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناكات ......... ٣٣٤
ئەو كەسەی پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە............ ٣٣٥
هەركەسێک حەز دەكات ڕزقی زۆر وفراوان بێت، وتەمەنی درێژتر بێت؛ ئەوا با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت............................................ ٣٣٦
ئەوە خزم ودۆستی ڕاستەقینە نیە كە چاكە بە چاكە دەداتەوە، بەڵام خزم ودۆستی ڕاستەقینە ئەو كەسەیە كە ئەگەر بەرامبەرەكەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاند ئەو هەر پەیوەندیەكە دەگەیەنێت............................ ٣٣٧
ووتم :ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا كێ شایستەترە بۆ ئەوەی بەرامبەری چاكەكار بم؟ فەرمووی :دایكت، پاشان دایكت، پاشان دایكت، پاشان باوكت، پاشان لە ئەوان خوارتر لە ڕووی نزیكی خزمدارییەوە..................................... ٣٣٨
پێغەمبەر ﷺ نەفرەتی كردووە لە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر ...................... ٣٤٢
حەسودی بە یەكتری مەبەن، وفێڵ مەكەن لە مەزاددا، وڕقتان لە یەكتری نەبێتەوە، وپشت لە یەكتری مەكەن، ولە سەر فرۆشتنی یەكتر شت مەفرۆشن، وبەندەی خودا بن بە برایەتیەوە ........................................ ٣٤٣
ئاگادار و وریایی گومانی خراپ بن، چونكە گومانی خراپ درۆترین قسە ولێكدانەوەیە...................................................................... ٣٤٤
كەسی دوو زمان ناچێتە بەهەشتەوە ............................................ ٣٤٦
هەموو ئومەتەكەم پارێزراون جگە لە ئەوانە نەبێت كە تاوانەكان ئاشكرا دەكەن ....................................................................... ٣٤٧

ئەی خەڵکینە، خودا خۆگەورەزانینی جاهیلیەتی لەسەرتان لابرد و شانازی کردن بە باوباپیرانەوە ............................................................ ٣٤٨
ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان ئەوا بکوژ وکوژراو لە دۆزەخدان ............................................................ ٣٥١
ئەوەی چەک هەڵبگرێت بەرامبەرمان ئەوا ئەو کەسە لە ئێمە نییە......... ٣٥٢
جوێن بە مردووەکان مەدەن، چونکە ئەوان گەیشتن بە ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیاندا ............................................................ ٣٥٣
ڕەوا نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک کە قسە دابڕێت لە گەڵ برای مسوڵمانی لە سەرووی سێ شەو ............................................................ ٣٥٤
هەرکەسێک پەیمانی مسۆگەریم پێبدات لە پاراستنی ئەوەی لە نێوان هەردوو شەویلکەیدایە وئەوەی لە نێوان هەردوو قاچیدایە ؛ ئەوا من مسۆگەری چوونە بەهەشتی بۆ دەکەم............................................................ ٣٥٥
نابێت ئافرەت سەفەرێک بکات کە دووریەکەی دوو ڕۆژ بێت مەگەر مێردەکەی یان مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت ............................................ ٣٥٦
لە دوای خۆم هیچ فیتنە وتاقیکردنەوەیەکم جێنەهێشتووە کە زیانبەخشتر بێت بۆ سەر پیاوان وەکو ئافرەتان............................................................ ٣٥٨
ەی گەنجان، هەرکەسێکتان توانی ئەوا با هاوسەرگیری بکات؛ چونکە ئەمە پارێزراوترە بۆ چاو ودامێن، وئەوەی ناتوانێت ئەوا با ڕۆژوو بگرێت؛ چونکە ڕۆژووگرتن قەڵغانە ............................................................ ٣٥٩
دونیا خۆش وبەچێژە، وخوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی یەکتر لەسەری بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا وخۆتان بپارێزن لە ئافرەتان ............................................................ ٣٦٠
خۆراکی پێببەخشیت ئەگەر خۆت خۆراکت خوارد، وجلی پێببەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد -یان پارەی پێببەخشیت ئەگەر پەیدات کرد-، وبە لێدان لە دەموچاوی نەدەیت، وجوێنی پێنەدەیت، وقسەی لەگەڵ دانەبڕیت مەگەر تەنها لە نێو ماڵدا نەبێت ............................................................ ٣٦٢
ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان خێر بکەن چونکە پێم نیشاندرا زۆربەتان ئەهلی دۆزەخن............................................................ ٣٦٣
ئاگادار بن مەچن بۆ لای ئافرەتان، پیاویک لە ئەنسارِ ووتی :ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر(خزم) بێت؟ فەرمووی :خزم بێت وەکو مردن وایە .... ٣٦٨

هیچ مارەییەک دروست نییە مەگەر بە بوونی (ئامادەبوون ورەزامەندی) وەلی ئەمری (سەرپەرشتیاری) ئافرەتەکە نەبێت........................................ ٣٧٠
هەرئافرەتێک مارە بکرێت بە بێ مۆڵەتی وەلی ئەمرەکەی ؛ ئەوا مارەییەکەی پوچەڵە........................................................................ ٣٧١
نەفرەتلێکراوە ئەو کەسەی کە دەچێت بۆ لای خێزانەکەی لە پاشیەوە (کۆمیەوە) ........................................................................ ٣٧٣
ئەو مەرجانەی مافیان زیاترە وشایستەترن جێبەجێبکرێن ئەوانەن کە بەهۆیانەوە دامێنی(ئافرەتێکی)پێ حەڵاڵ دەبێت بۆتان .................... ٣٧٤
دونیا (پڕە) لە شتی خۆش و بەکەڵک، وخێرترین خۆشی ئەم دونیایە ئافرەتێکی چاکە........................................................................ ٣٧٥
پرسیارم لە پێغەمبەری خودا کرد ﷺ سەبارەت بە سەیرکردنی لە ناکاو (بۆ ئافرەت)، فەرمووی: چاوت وەربگێڕە (چاوت لابدە لەسەر ئافرەتەکە)..... ٣٧٦
جلی خوارەوەی مسوڵمان هەتا نیوەی ساقە، وئاساییە لە نێوان نیوەی ساق وگوێزنکەکان بێت، وئەو جلەی لە خوار گوێزنگەکانەوە -قاپەڕەقەکانەوە- بێت ئەوا لە دۆزەخدایە، وئەوەی جلەکەی شۆڕ بکاتەوە بۆ خۆبەگەورەزانین بێت؛ ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا سەیری ناکات............................ ٣٧٩
،ئاوریشم ودیباج مەپۆشن، ولە پەرداخ ودەوری زێڕ وزیودا مەخۆن ومەخۆنەوە ئەوانە بۆ ئەوانە لە دونیادا، ولە دوارۆژیشدا بۆ ئێمەیە ........................ ٣٨٠
پێنووسی تاوان نوسین لەسەر سێ کۆمەڵ هەڵگیراوە :خەوتوو هەتا بەخەبەر دەبێتەوە، ومنداڵ هەتا باڵغ دەبێت، وشێت هەتا چاک دەبێتەوە .......... ٣٨١
پێغەمبەری خودا ﷺ نەهی کردووە لە قەزەع.................................... ٣٨٣
سوێندخواردن لەوەیە ببێتە هۆی فرۆشتنی شتومەک، بەڵام هۆکاری نەمانی (بەرەکەتە) لە داهاتدا........................................................ ٣٨٣
سمێڵ کورتبکەنەوە وڕیش بهێڵنەوە .................................................. ٣٨٥
پیاو نابێت سەیری شەرمگەی پیاوێکی تر بکات، وئافرەت نابێت سەیری شەرمگەی ئافرەتێکی تر بکات ....................................................... ٣٨٥
ئیماندار بە هۆی ڕەوشت جوانیەوە دەگاتە پلەی ئەو کەسەی کە بە زۆری نوێژ دەکات ورۆژوو دەگرێت ....................................................... ٣٨٨
،چاکترین وکامڵترین باوەڕدار لە ئیماندا ئەوەیانە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە وچاکترینتان ئەوانەن کە باشترینن بۆ خێزانەکانیان............................ ٣٨٩

پێغەمبەری خودا ﷺ پرسیاری لێکرا سەبارەت بەئەو شتەی بەزۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت، فەرمووی: تەقوای خودا و ڕەوشت جوانی........٣٨٩
ڕەوشتی پێغەمبەرﷺوەکو قورئان بوو ..........................................٣٩١
پێغەمبەرﷺ بەکارهێنانی ڕاستی پێ خۆش بوو :لە نەعل لە پێکردنی، ولە شانە کردنی، ولە دەستنوێژگرتنی، ولە هەموو کاروبارێکی تری............................٣٩٣
خوای گەورە چاکەکاری لە سەر هەموو شتێک نووسیوە..........................٣٩٤
نە زیان بەخۆت ونە زیان بەخەڵکی بگەیەنە ....................................٣٩٦
نمونەی هاوڕێی باش وهاوڕێی خراپ وەك میسك فرۆش وخۆشکاری کورەی ئاسن وایە ..........................................................................٣٩٨
تورە مەبە.......................................................................٣٩٩
کەسی بەهێز ئەوە نییە کە بەهێزە لە زۆرانبازیدا، بەڵکو کەسی بەهێز ئەوەیە کە نەفسی خۆی دەگرێتەوە لە کاتی تورە بووندا ...............................٤٠٠
ئەگەر پیاوێک براکەی خۆشویست؛ ئەوا با پێی بڵێت کە خۆشی دەوێت.٤٠٢
هەموو چاکە کارییەک خێرە....................................................٤٠٣
هەموو ڕۆژێک کە خۆری تێدا هەڵبێت؛ هەموو جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە، دادپەروەری بکەیت لە نێوان دوو کەسدا ئەمە خێرێکە، ویارمەتی کەسێک بدەیت بۆ ئەوەی خۆی یان شتومەکەکانی بخاتە سەر ئاژەڵەکەی خێرێکە، وتەی جوان وشیرین خێرێکە........................٤٠٤
پێی هیچ بەندەیەك ناجوڵێت لە ڕۆژی قیامەتدا هەتا پرسیاری لێدەکرێت............٤٠٩
ئەو کەسەی پێداویستیەکانی بێوەژن وهەژار جێبەجێدەکات وەکو کەسی موجاهید وتێکۆشەر وایە لە پێناو خوای گەورە ..............................................٤١٠
ئەوەی باوەڕی بە خوای گەورە وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت ...............................................................................٤١١
هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانە؛ تەنانەت گەیشتنیشت بە براکەت بەڕویەکی گەشەوە ....................................................................................٤١٢
دەستبگرن بە ڕاستگۆییەوە، چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بەرەو چاکەکاری وچاکەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو بەهەشت ............................................٤١٣
ئەوەی ڕەحم وبەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە؛ ئەوا خوای گەورەش ڕەحم وبەزەیی بەو کەسەدا نایەتەوە..........................................................٤١٤
بە بەزەییەکان خوای میهرەبان ڕەحمیان پێدەکات ................................٤١٥

ئەوە مسوڵمانە کە مسوڵمانان لە زمان ودەستی پارێزراو بن.................. ٤١٦
مافی مسوڵمان لە سەر مسوڵمان پێنجە ........................................... ٤١٨
ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو ئیمان دەهێنن، وئیمان ناهێنن هەتاوەکو یەکترتان خۆش دەوێت ........................................................................ ٤١٩
چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ﷺ فەرمووی: خواردن ببەخشیت، وسەلام بکەیت لە هەرکەسێک بیناسیت یان نەیناسیت...... ٤٢٠
ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ هەندێك (کردەوە) کە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەکان خۆشدەبێت وپلەتان بەهۆیانەوە بەرز دەکاتەوە؟................. ٤٢١
بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت، ووتیان :تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی :تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت........................................................ ٤٢٥
جبريل -عليه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەکردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو کە دەیکات بە میراتگریش........................ ٤٢٨
هەرکەسێک بەرگری لە کەسایەتی برا ئامادەنەبووەکەی بکات؛ ئەوا خوای گەورە دەموچاوی دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەتدا ........... ٤٢٩
هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت هەتاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت ........................................................ ٤٣٠
نەرم ونیانی لە هەرشتێکدا هەبێت؛ ئەوا دەیڕازێنێتەوە، وئەگەر لە هەر شتێکیش دەربکرێت؛ ئەوا ناشیرینی دەکات ......................................... ٤٣١
نەهیمان لێکراوە ئەرکی نارەحەت بخەینە ئەستۆی خۆمان ....................... ٤٣٥
ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد ئەوا با بەدەستی ڕاستی بیخوات، وئەگەر خواردنەوەی خواردەوە ئەوا با بەدەستی ڕاستی بیخواتەوە....................... ٤٣٦
ئەی غوڵام، ناوی خودا بهێنە (بڵێ :بسم الله) و بەدەستی ڕاستت بخۆ، ولە پێشی خۆتەوە بخۆ ............................................................................ ٤٣٦
خوای گەورە لە بەندە ڕازی دەبێت بەهۆی ئەوەی کاتێک بەندە خواردنێک دەخوات ؛ حەمد وسوپاستی خودا دەکات، وخواردنەوەیەک دەخواتەوە ؛ حەمد وسوپاستی خودا دەکات......................................................... ٤٣٨
پیاوێک لای پێغەمبەرﷺ بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووو: بە دەستی ڕاستت بخۆ................................................. ٤٣٩

ئەوەی سیر یان پیاز بخوات؛ ئەوا با دوور بکەوێتەوە لێمان -یان با دوور بکەوێتەوە لە مزگەوتەکانمان-، وبا لە ماڵەکەی دابنیشێت ..................... ٤٤٠
ئەوەی خواردنێک بخوات، وبڵێت: ( الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ ) ؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت........................................................... ٤٤٢
پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بپژمیایە؛ دەستی -یان جلەکەی- لە سەر دەمی دادەنا، وبە هۆیەوە دەنگی نزم دەکردەوە.............................. ٤٤٣
بەهۆی ئەوانەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت .................... ٤٤٦
هێشتا بەڵا وتاقیکردنەوە لە نەفس وماڵ ومنداڵی ئیمانداره؛ هەتا دەگاتە لای خوای گەورە وهیچ تاوانێکی لە سەر نەماوە ....................................... ٤٤٧
حاڵ وکاروباری ئیماندار جێی سەرسوڕمانە، هەموو حاڵێکی هەر مایەی خێرە بۆی؛ وئەمە بۆ هیچ کەسێک نابێت جگە لە ئیماندار .......................... ٤٤٨
بەندە ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان سەفەر بکات؛ ئەوا پاداشتی ئەو کارە چاکانەی بۆ دەنووسرێت کە ئەنجامی داوە لە کاتێکدا کە نیشتەجێ ولەش ساغ بووە........................................................................ ٤٤٩
پەلە بکەن لە کردەوە کردن پێش ئەوەی هەندێک فیتنە زاڵ بێت بەسەرتاندا کە وەکو شەو تاریکن ............................................................ ٤٥٠
خوای گەورە ڕەوشتی جوان ببەخشێت بە کەسێک کە شتێکی لێمان بیست وەکو خۆی بیگەیەنێت ........................................................... ٤٥٣
فێری زانست مەبن بۆئەوەی شانازی پێوە بکەن لە لای زانایان، ونە بۆئەوەی مشتومڕی پێوە بکەن لەگەڵ نەفامەکان......................................... ٤٥٤
خێرترینتان وباشترینتان ئەوانەن کە قورئان فێر دەبن وخەڵکی فێری قورئان دەکەن ........................................................................ ٤٥٥
دە ئایەت لە قورئان فێردەبوون لە پێغەمبەرەوە ﷺ فێری دە ئایەتی تر نەدەبوون هەتاوەکو دەیانزانی چ لەم دە ئایەتە هەیە لە زانست وکردەوە کردن ....... ٤٥٦
ئەوەی پیتێک لە کتێبەکەی خوای گەورە بخوێنێت؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت وچاکەیش بە دە ئەوەندەیە.......................................... ٤٥٧
بە ئەو کەسەی کە پابەندی قورئان بووە دەووترێت :بخوێنە وبەرز ببەرەوە (لە پلەکاندا)................................................................... ٤٥٨

ئایا یەکێکتان حەز دەکات ئەگەر گەڕایەوە بۆماڵەوە سێ وشتری قەڵەوی ئاوسی دەست بکەوێت؟ ........................................................ ٤٥٩
پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن.................................................. ٤٦٠
ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، شەیتان ڕادەکات لەو ماڵەی کە (سورەتی البقرة)ی تێدا دەخوێندرێت.................................................. ٤٦١
ئەی ئەبو مونزیر ئایا دەزانی چی ئایەتێک لە کتێبی خوای گەورە کە لەگەڵ تۆیە -لەبەرتە- مەزنترینە؟ .................................................. ٤٦٢
هەرکەسێک دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی -البقرة- بخوێنێت لە شەودا ئەوا ئەو شەوە پارێزراوە وئەوکارە بەسە بۆی .................................................. ٤٦٣
هەرکەسێک دە ئایەتی سەرەتای (سورەتی الکهف) بخوێنێت؛ ئەوا پارێزراو دەبێت لە دەججال.................................................. ٤٦٤
پێغەمبەرﷺ لە هەموو کات وحاڵەتێکیدا یادی خودای دەکرد ............ ٤٦٧
هیچ شتێک لای خوای گەورە بەرێز نییە وەکو نزا کردن ...................... ٤٦٧
هەر مسوڵمانێک لە سەر زەوی نزا بکات وداوا لە خودا بکات؛ ئەوا خودای بە ،گوێرەی نزاکەی پێی دەبەخشێت .................................................. ٤٦٨
ئەی ئەو زاتەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە دڵم جێگیر و دامەزراو بکە لە سەر ئاینەکەت .................................................. ٤٧٠
نزای: ( اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي، وَاجْعَلْ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلْ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ ).................................................. ٤٧١
نزای: ( اللَّهُمَّ إِنِّي أسْأَلُكَ العافيَةَ في ديني ودُنْيَايَ وأَهْلي ومَالي، اللَّهُمَّ اسْتُر عَوْراتي وآمِنْ رَوْعاتِي، واحفَظْني مِنْ بين يديَّ ومِن خَلْفِي وعن يميني وعن شِمَالي ومِنْ فَوْقِي، وأَعُوذُ بِعَظمَتِك أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحتي ) .................................................. ٤٧٢
نزای: ( اللَّهُمَ إِنِّي أَسْأَلُك مِنْ الْخَيْرِ كُلِّهِ عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْت مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَعُوذُ بِك مِنْ الشَّرِّ كُلِّهِ عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْت مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ ) ......... ٤٧٤
ئیمان -باوەڕ- کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی هەریەکێکتان هەروەکو چۆن جلی کۆن دەدڕێت ولاواز دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئیمان لە دڵەکانتان نوێ بکاتەوە .................................................. ٤٧٦

ئەی موعاز، والله، من تۆم خۆش دەوێت، پاشان ئامۆژگاریت دەکەم ئەی موعاز، واز مەهێنە لەوەی کە لە دوای هەموو نوێژێک بڵێیت: ( اللهم أعني على ذكرك، وشكرك، وحسن عبادتك ) ........................................................ ٤٧٧
نزیکترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە کاتی سوجدە بردندایە؛ بۆیە زۆر نزا وپاڕانەوەی تێدا بکەن.................................................................................... ٤٧٩
زۆرترین نزای پێغەمبەرﷺ بریتی بوو لە: رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ........................................................................................ ٤٨٠
ئایا خێرترین وباشترین کردەوەتان پێ بڵێم، کە پاکترین وبە بەرەکەترینیانە لای پەروەردگارتان، هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەکانتانە ............................... ٤٨١
ئەی پێغەمبەری خودا، کردەوەیەکم پێ بڵێ کە ببێتە هۆی چوونە بەهەشت ورزگار بوونم لە دۆزەخ، فەرمووی :دەربارەی شتێکی مەزن پرسیارت کرد وئاسانە لەسەر ئەو کەسەی کە خوای گەورە بۆی ئاسان کردووە ......... ٤٨٣
پێغەمبەر ﷺ ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی فووی دەکردە نێو دەستەکانی وموعەویزاتی دەخوێند...................................................................................... ٤٨٦
چاکترین شێوازی ئیستیغفار کردن ........................................................ ٤٨٨
پێغەمبەر ﷺ لە کاتی هاتنی بەیانیدا دەیفەرموو: ( اللَّهُمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا وَبِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ النُّشُورُ ) ............................... ٤٩٠
هەربەندەیەک لە هەموو بەیانیەک وهەموو ئێوارەیەکدا بڵێت: ( بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم )، سێ جار؛ ئەوا هیچ شتێک زیانی پێناگەیەنێت............................................................ ٤٩٢
سورەتی (الإخلاص) و سورەتەکانی (الفلق والناس) سێ جار بخوێنە ......... ٤٩٤
نزای: ( اللَّهُمَّ إني أَعُوذ بِرِضَاك من سَخَطِك، وبِمُعَافَاتِكَ من عُقُوبَتِكَ، وأعُوذ بِكَ مِنْك، لا أُحْصِي ثَنَاءً عليك أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك )................... ٤٩٥
دوو وشە هەیە خۆشەویسن لای الله وئاسانن لە سەر زمان وقورسن لە سەر تەرازوی چاکە کاری........................................................................................... ٤٩٩
ئەوەی بڵێت: (سبحان الله وبحمده) سەد جار لە ڕۆژێکدا؛ ئەوا گوناهەکانی دەوەرێت ئەگەر وەکو کەفی سەر دەریاش بن .................................. ٥٠٠
دەستنوێژگرتن نیوەی ئیمانە ............................................................... ٥٠١
ئەگەر بڵێم: (سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر ) ؛ ئەوا خۆشەویستترە لە لام لە ئەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە ........................ ٥٠٣

باشترین زیکر ویادکردن بریتیه له  (لا اله الا اللّٰه) .................................. ٥٠٥
هەرکەسێک چووە شوێنێک، وبڵێت: (أعوذ بكلمات الله التَّامَّات من شرِّ ما خلَق)؛ هیچ شتێک زیانی پێناگەیەنێت هەتا لەو شوێنە دەردەچێت ......... ٥٠٥
ئەگەر یەکێکتان چووە نێو مزگەوتەوە، با بڵێت: (اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ) ، وئەگەر دەرچوو -لە مزگەوت- با بڵێت: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ) ... ٥٠٧
ئەگەر پیاو بچێتە ماڵەوە، وناوی خودا بهێنێت لە کاتی چوونە ژوورەوەی ولەکاتی خواردنی، ئەوا شەیتان دەڵێت (بە هاوڕێکانی): ئیمڕۆ هیچ شوێنێکی خەوتن وهیچ خواردنێکتان بۆ نییە ..................................................... ٥٠٨
تێبینی ..................................................................................... ٥٠٨١٠



فەرمووده نەبەوییەکان؛ سەرچاوەی دووەمن لە سەرچاوەکانی یاسادانان لە ئیسلامدا، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * وە لە هەوا وهەوس و ئارەزوی خۆیەوە قسە ناکات (3) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ * هەرچی دەیڵێت وەحی و نیگا دەکرێت بۆی (4)) [النجم: 3-4].

ئەم بژاردەیە لە فەرهەنگی فەرموودەکان؛ کۆمەڵێك فەرموودەی گشتگیری لەخۆگرتووە، لەو فەرموودانەی کە مسوڵمان پێویستی پێیانە لە بابەتەکانی ئاین ودونیاییدا لەگەڵ شیکردنەوەیەکی پوخت بۆیان، وڕوونکردنەوەی مانا وئاماژەکانیان وهەندێك لە سوودەکانیان، و وەرگێڕدراون بۆ هەندێك لە زمانە زیندووەکانی جیهان بۆئەوەی هەموو کەسێك سوودمەند بێت لە ناوەڕۆکیان سوننەتی پێغەمبەری خودایان پێبگەیەنین - ﷺ - بە زمانی خۆیان.

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

9 786038 474518